# ١٧ی شوبات

## لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەیی – بەراوردکاریە

محەمەد رەئوف

لڤین
لەبڵاوکراوەکانی کۆمپانیای لڤین

ناوی کتێب: ١٧ی شوبات
نوسینی: محەمەد رەئوف
بابەت: لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەیی – بەراوردکاریە
دیزاینو ڕێکخستن: ئەژی کەمال
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپ: یەکەم ساڵی ٢٠١٤
کوردستان – سلێمانی
چاپخانە: کـــارۆ
نرخ: ٦٠٠٠ دینار

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١١٢٠)ی ساڵی (٢٠١٤)ی پێدراوە.

پێشکەشە بە:

ئامەد کاوە گەرمیانی

# پێرست

بەندی یەکەم.......................................١٤

بەشی یەکەم/ هۆکارە ناوخۆییەکان................. ١٤

یەکەم/ هۆکارە بنەڕەتیەکان........................... ١٥

دووەم/ خۆپیشاندانو نارەزاییەکان................... ٢١

سێیەم/ بەیاننامە ٧ خاڵیەکەی

بزووتنەوەی گۆڕان........................... ٢٦

بەشی دووەم/ هۆکارە دەرەکیەکان.............. ٣١

یەکەم/ بەهاری عەرەبی................................ ٣٢

دووەم/ شۆرشی تونس ٢٠١١........................ ٣٥

سێیەم/ شۆڕشی میسر (٢٥ی یەنایەر)............ ٤٥

چوارەم/ سیما هاوبەشەکانی هەرێمی

کوردستانو وڵاتانی بەهاری عەرەبی.......... ٥٣

بەشی سێیەم/ ڕووداوەکانی ١٧ی شوبات.......... ٥٥
یەکەم/ ڕێگە خۆشکردن بۆ ١٧ی شوبات......... ٥٦
دووەم/ ئامادەکاری بۆ خۆپیشاندانەکە............ ٦١
سێیەم/ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە............ ٦٣
چوارەم/ تەقەکردن لەخۆپیشاندەران.............. ٦٤
پێنجەم/ کاردانەوەکانی ١٧ی شوبات............. ٦٩

بەشی چوارەم/ لەنێوان ١٧ی شوباتو
٦ی ئەیلولی ١٩٣٠دا.............. ٨٥
یەکەم/ ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠.......................... ٨٦
دووەم/ لێکچونەکانی ١٧ی شوباتو
٦ی ئەیلول........................................ ١٠٦

بەشی پێنجەم/ بەردەوامی خۆپیشاندانەکان..... ١٠٨
یەکەم/ خۆپیشاندانی ١٩ی شوبات................ ١٠٩
دووەم/ خۆپیشاندانەکانی ٢٠ی‌و ٢١ی شوبات........ ١١٤
سێیەم/ ڕەوشی میدیا لە ٤ ڕۆژی خۆپیشاندانەکاندا.. ١١٦
چوارەم/ ڕۆڵی هەڵوێستی میدیا
لەخۆپیشاندانەکاندا......................... ١٢٩

بەندی دووەم/ کاردانەوەی خۆپیشاندانەکان...... ١٣١

بەشی شەشەم/

دروستکردنی فشار لەسەر دەسەڵات................ ١٣٢

یەکەم/ گروپی سپی بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران. ١٣٣

دووەم/ هاتنەدەنگی زانکۆ ............................ ١٣٦

سێیەم/ کاردانەوەی نێودەوڵەتی...................... ١٤١

چوارەم/ کاردانەوەی خۆپیشاندانەکان

لەمیدیا جیهانیەکان........................... ١٤٧

پێنجەم / خۆپیشاندانی خوێناوی..................... ١٤٩

بەشی حەوتەم/

بەرنامەدارێژی بۆ خۆپیشاندانەکان.................. ١٥٣

یەکەم / مەیدانی ئازادی.............................. ١٥٤

دووەم/ سەکۆی مەیدانی ئازادی...................... ١٥٥

سێیەم/ هونەرمەندانو شاعیران...................... ١٥٧

چوارەم/ رۆڵی مامۆستایانی ئایینی.................. ١٧٤

پێنجەم/ دەستگیرکردنی مامۆستایانی ئایینی... ١٧٨

بەندی سێیەم/ کاردانەوەی حکومەتو پەرلەمان. ١٨١

بەشی هەشتەم/

بڕیارەکان لەنێوان حکومەتو خۆپیشاندەراندا.... ١٨١

یەکەم/ بڕیاری ژمارە یەکی پەرلەمان............. ١٨٢

دووەم/ داوکاریەکانی خۆپیشاندەران................ ١٨٥

سێیەم/ لەنێوان حکومەتو خۆپیشاندەراندا...... ١٨٩

چوارەم / بڕیاری ژمارە ٢ ی پارلەمان............... ١٩٤

پێنجەم/ تێکدانی ئاراستەی خۆپیشاندەران....... ٢٠٠

شەشەم/ بەردەوامی خۆپیشاندانەکانو

هەڵوێستی لایەنەکان...................... ٢٠٤

حەوتەم/ نەخشە ریگای چارەسەری قەیرانەکان. ٢٠٨

بەندی چوارەم/ کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندانەکان. ٢١٦

بەشی هەشتەم/ ١٩ی نیسان........................ ٢١٦

یەکەم/ کۆتایی شۆڕشی نێرگز...................... ٢١٧

دووەم/ کاردانەوەکانی

سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان.......... ٢٢٦

سێیەم/ شەهیدانی ١٧ی شوباتو رۆژانی دوایی. ٢٣٠

چوارەم/ هەنگاوەکانی دوای خۆپیشاندان.......... ٢٥٣

بەشی نۆیەم / کۆبەندی رووداوەکان................ ٢٥٦

یەکەم/ پێشێلکاری بە رۆژنامەنووسان

١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسان............... ٢٥٧

دووەم/ رۆژمێری خۆپیشاندانەکانی

١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسان................ ٢٧٤

بەشی دەیەم/ خوێندنەوەو ئەنجامو راسپاردەکان.. ٢٩١

یەکەم/ خوێندنەوەی نوسەران بۆ خۆپیشاندەران.. ٢٩٢

دووەم/ ئەنجام................................................. ٣٣١

سێیەم/ پێشنیازو راسپارەدان.......................... ٣٣٢

چوارەم/سەرچاوەکان........................................ ٣٣٣

پێنجەم/ پاشکۆکان........................................ ٣٤١

# لەبری پێشەکی

خۆپیشـــاندانو نارەزاییەتیەکانی ١٧ی شوباتو رۆژانی دوایی، قۆناغێکی نوێی لە مێژووی سیاســیو کۆمەلایەتی هەرێمی کوردستاندا هێنایە ئاراوە، بەو پێیەی ئەگەر خۆپیشاندانو راپەرینی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ ی بەردەرکی ســەرای سلێمانی، خاڵی وەرچەرخانی مێژووی جولانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان بێت، بەوەی بۆ یەکەم جار بوو، قورسایی شۆڕشو خەبات لەلادێوە بگوازرێتەوە بۆ شــارو خەڵکی رووناکبیرو رۆشنبیرانو شاعیران پێشڕەوی شۆڕشو راپەڕین بکەن، ئەوا خۆپیشاندانی ١٧ی شوبات توانی فشاری سیاسی لە گوتاری راگەیاندنو رەخنەوە بگوازێتەوە بۆ شــەقام،و خۆپیشـــاندان دژ بە گەندەڵیو ناعەدالەتی بکاتە نەریتی رووبەڕووبوونەوەی دەسەلاتی.

هەربۆیە ئەو رووداوە پێویستی بە خوێندنەوەی جدیو دۆکیۆمێنتکردنی رووداوەکەیە، ئەم کتێبەش هەوڵێکە بۆ بەدیکۆمێنتکردنی خۆپیشـــاندانەکانو خستنە بەردەستی خوێنەری کورد تا ئەو رۆژانە وەك خۆیان بخوێننەوە.

(کتێبــی ١٧ی شــوبات، لێکۆڵینەوەیەکــی بەڵگەنامەیــی – بەراوردکاری)یە لەســەر خۆپیشـــاندانو نارەزایەتیەکانی ١٧ی شــوباتو رۆژانی دوایی، گرنگیەکــەی لەوەدایە کە ئەم کتێبە دەبێتە یەکەمین کتێب کە لەســەر خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات نوسرابێتو مێژووی ١٧ی شوباتو رووداوەکانی رۆژانی خۆپیشاندانەکانو شەهیدان وبریندارەکانی بە دۆکیۆمێنــت بکات، کە نزیکەی (١٠٠) بەیاننامەو بەڵگە نامەی ئەو رۆژانەی لە خۆگرتووە، لەگەڵ خستنە رووی هەڵوێســتی حکومەتو پەرلەمانو لایەنە سیاسیەکان، سەبارەت بەو رووداوانە.

کێشەو گرفتی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە کە کتێبو نوسینی زانستی لەسەر ئەو رووداوە نیەو سایتو ماڵپەرە ئەلکترۆنیەکانیش کە بەتەواوی پشتیان پێبەسراوە بۆ ئەواڵو روماڵکردنی رۆژانەی خۆپیشـــاندانەکان، زۆر لاوازن لە سیســـتمی ئارشـــیفکردنی هەواڵو راپۆرتەکان، کەمترینیان پەیوەستن بە بنەماکانی ئەرشیفکردنی هەواڵو راپۆرتو چالاکیەکانیانەوە، بەو هۆیەشەوە کۆکردنەوەی رووداوی سەرجەم شارەکان لەماوەی ٦٢ رۆژدا زۆر ماندووکەرە.

کتێبی ١٧ی شوبات، لە چوار بەندو دە بەش پێکهاتووە، بەندی یەکەم کە لە پێنج بەش پێکهاتووەو، لە بەشـــی یەکەمدا، ئەو هۆکارە بنەرەتیانە خراوەنەتە روو کە رۆڵیان هەبووە لە درووســـتبوونی خۆپیشـــاندانەکان، بەتایبەتیش لە رووی بوونی گەندەڵی وناعەدالەتیو کۆنترۆڵی حوکرانی لەلایەن پارتە دەســـەڵاتدارەکانەوە، هاوکات، خستنە رووی بەیاننامە ٧ خاڵیەکەی بزووتنەوەی گۆڕانو کاریگەری لەسەر جوڵەی شەقامو نارەزاییەتیەکان.

لەبەشی دووەمی کتێبەکەدا ئاماژە بە هۆکارە دەرەکیەکان کراوە بەتایبەتیش کاریگەری شۆڕشـــەکانی بەهاری عەرەبی لەســـەر هاولاتیانی هەرێمی کوردستانو بە وردی هۆکارە ســـەرەکیەکانی شۆرشـــی تونسو میسر خراوەتە روو، لەگەڵ ســـیما هاوبەشەکانی دۆخی سیاسیو ئابوری هەرێمی کوردستانو ئەو ولاتانەی کە بەهاری عەرەبی گرتونیەتیەوە.

لە بەشـــی ســـێیەمی کتێبەکەدا بە وردی رووداوەکانی رۆژی ١٧ی شـــوباتی خســـتۆتە روو، بەتایبەتیـــش، ئامادەکاریەکان بۆ ١٧ی شـــوباتو دەســـتپێکردنی خۆپیشـــاندانەکەو کاردانەوەکانی هێزوو لایەنە سیاسیەکان لەسەر خۆپیشاندانەکان، هەر لە بەشی سێیەمدا بە وردی باس لە هاتنی زێرەڤانی بۆ سلێمانیو هەوڵی پەلاماری گردی زەرگەتە کراوە.

بەڵام لە بەشی چوارەمدا بەراوردێکی ورد کراوە لە نێوان خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتو ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ سەرای سلێمانی، بەو پێیەی چەندین خاڵی هاوبەش لە نێوان ئەو دوو رووداوەدا هەیەو هەریەکەیان قۆناغێکی نوێی لە مێژووی سیاسیو کۆمەڵایەتی هێناوەتە ئاراوە، لەگەڵ خاڵە لێکچووەکانی نێوان هەردوو خۆپیشاندانەکە.

لـــە بەشـــی پێنجەمی کیتێبی ١٧ی شـــوباتدا هەڵوێســـتە کـــراوە لەســـەر بەردەوامی خۆپیشاندانەکان، بەتایبەتیش، دەســـتپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکان لە رۆژی ١٩ی شوبات لەگەڵ خســـتنە رووی راپۆرتی ورد لەســـەر رەوشـــی میدیاو رۆژنامەنووســـان لە رۆژانی خۆپیشـــاندانەکاندا، بەتایبەتیش ســـوتانی کەناڵـــی (NRT)و تالانکردنـــی رادیۆی دەنگو راگەیاندنەکانی گۆڕان لە هەولێر.

لە بەندی دووەمی کتێبەکەدا باس لە کاردانەوەکانی خۆپیشاندانەکان کراوە بەتایبەتیش کاردانەوە نێودەوڵەتیەکانو رەنگدانەوەی خۆپیشـــاندانەکان لە مێدیا جیهانیەکاندا، لەگەڵ هاتنە دەنگو هەڵوێست وەرگرتنی زانکۆو خوێندکارانو مامۆستایانی زانکۆکان.

لە بەشـــی حەوتەمدا، باس لە درووسکردنی سەکۆی مەیدانی ئازادیو بەرنامە رێژی بۆ خۆپیشاندانی رۆژانەی سەراو سرودی هونەرمەندانو شیعری شاعیرانو رۆڵی مامۆستایانی ئایینی خراوەتە روو، بەڵام لە بەشی هەشتەمیدا باس لە هەڵوێستو بڕیارەکانی پەرلەمانو حکومەت کراوە ســـەبارەت بە خۆپیشـــاندانەکانو نەخشـــە رێگاو پەیمانـــی کۆمەڵایەتی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی کە سەرجەمیان وەك بەڵگە نامە خراونەتەروو، بەتایبەتیش بڕیاری ژمارە یەكو دووی پەرلەمانو بڕیارەکانی حکومەت سەبارەت بە خۆپیشاندەران.

بەڵام لە بەندی چوارەمدا شـــێوازی کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندانەکان خراوەتە روو لەگەڵ توندووتیژیەکانی هێزە ئەمنیەکانو بلاوکردنەوەی هێزی سەربازی لە شاروشارۆچکەکانی

کوردســـتان، لە بەشی هەشتەمدا، باس لە شەهیدانی ١٧ی شوباتو رۆژانی دوایی کراوەو ژیاننامەکەیان خراوەتە روو، لەگەڵ ئاماری شەهیدانو بریندارەکانی ١٧ی شوبات.

لە بەشـــی نۆیەمیشـــدا باس لە تەواوی پێشـــێلکاریەکانی بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان کراوەلەماوەی دوو مانگی خۆپیشاندانەکان، لەگەڵ خستنە رووی رۆژمێری خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شـــوباتو رۆژانـــی دوایی کە بـــەوردیو رۆژ بـــەرۆژی رووداوەکانی ١٧ی شـــوباتو رۆژانـــی دوایـــی خراوەتە روو، لەگەڵ ژمارەیەك بابەتی نوســـەران کەلەو ســـەردەمەدا بۆ خۆپیشاندانەکانیان نوسیوە، بە خستنە رووی ئەنجامو پێشنیازەکانو پاشکۆکان، کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکە هاتووە.

دیارە رووداوێکی گەورەی وەك ١٧ی شوباتو رۆژانی دوایی بە ئاسانیو بە تەنها کەسێك ناتوانرێت خوێندنەوە بۆ ســـەرجەم رەهەندەکانی بکرێتو تـــەواوی چالاکیو رووداوەکانی بخرێتە روو، بەڵام ئەوەی لەم کتێبەدا خراوەتە روو هەوڵدراوە سەرجەم رەهەندە گرنگەکانی خۆپیشاندانەکان بخرێتە روو، دیارە هیچ شتێکیش بێ کەمو کوڕی نابێت.

**محەمەد رەئوف**

**سلێمانی**

**٢٠١٤**

# بەندی یەکەم

## بەشی یەکەم
## هۆکارە ناوخۆییەکان

- یەکەم/ هۆکارە بنەڕەتیەکان
- دووەم/ خۆپیشاندانو نارەزاییەکان
- سێیەم/ بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان

## - یەکەم/ هۆکارە بنەڕەتیەکان

دۆخی سیاسـیو ئابـوریو کۆمەلایەتی هەرێمی کوردسـتان، لەدوای بەهـاری ١٩٩١و رزگاربوونی بەشێکی باشوری کوردستان، بە زنجیرەیەك قۆناغی دژوارو سەختدا تێپەڕیوە بەتایبەتیش بۆ هاولاَتیان، ئەگەر لە قۆناغێکدا هاولاَتیانی کوردستان هەموو جۆرە فشارێکی نێودەوڵەتیو هەرێمایەتـیو رژێمی بەغدادیان قبوڵ بووبێت، ئـەوا لەدوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمو پارلەمانو جۆرێك لەسـەربەخۆیی سیاسـیو ئابوری، ئیدی هاولاَتیانی کوردسـتان، رقو توڕەیـیو نارەزایەتیەکانیـان لەبەرامبەر رژێمی بەعـسو داگیرکاریدا گواسـتەوە بۆ نیگەرانیو تۆرەبوونیان لە حکومەتی هەرێمو حیزبە بالاَدەستەکان، بەوەی هاولاَتیانی کوردسـتان بە ئاشـکرا درکیان بـە ناعەدالەتیو گەندەڵـیو خراپی ئیداریو خزمخزمێنە دەکردو پێشیان وابوو، شۆڕشگێرانی دوێنی لە ئامانجەکانی ئازادیو عەدالەتی کۆمەلاَیەتیدا پاشـگەز بوونەتەوەو لەگەڵ گرتنە دەستی دەسەلاَتدا، سەرجەم دامو دەزگاو فەرماگەکانی حکومەتیان کردە قوربانی بەرژەوەندیە شەخسیەکانی خۆیان.

لەدوای کارەساتەکانی شەری ناوخۆو دوو ئیدارەییو ناعەدالەتی لە دابەشکردنی بودجەدا، بەتایبەتیش لە دوای پرۆسـەی ئازادی عێراق لە ٢٠٠٣، ئیدی نارەزایەتیەکان لە شـێوازی بەڕێوەبردنی حوکمرانی کوردسـتان، رۆژ لەدوای رۆژ لـە زیاد بووندا بوو، بەتایبەتیش لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا هاولاَتیان لە رێی سـندوقەکانی دەنگدانـەوە، نارەزاییەتیەکانیان گەیاندە دەسەلاَتی کوردی، بەوەی ئەگەر دەسەلاَت (یەکێتیو پارتی) لە هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ دا (٨٩٪) دەنگی هەرێمی کوردستانیان هێنابێت، ئەوا لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ دا ئاستی دەنگەکانیـان بۆ (٥٧٪) دابەزی، ئەمەش دەرخەری ئەو راسـتیە بوو کە دۆخی سیاسـیو ئابوریو کۆمەلاَیەتی هەرێمی کوردستانو سیستمی حوکمرانی تەندرووست نیەو پێویستی بە گۆرانکاری هەیە.

هەربۆیە لە سەروبەندی بەهاری عەرەبیو جۆشدانی شەقامی ولاتانی ناوچەکە، هاولاَتیانی هەرێمی کوردسـتانیش کەوتنە خۆ بـۆ نارەزاییەتیو رووبەرووبونەوەی دەسـەلاَتدارانی هەرێمی کوردستانو داوکاری چاکسازی ریشەیی، هەموو ئەو دۆخە ناهەموارەی کوردستان وای کرد کە خۆپیشـاندانو نارەزاییـەکان بەوپەری رقو تورەییـەوە دەرببڕن، بەو پێیەی ناعەدالەتـی کۆمەلاَیەتیو سیاسـیو گەندەڵیو بەفیرۆدانی سـەروەتو سـامانو کەمی خزمەتگوزاری دەیان ساڵەی حەکمرانی لە هەرێمی کوردستان، رقێکی پەنگ خواردووی لای تاکی کورد درووسـتکرد، لێرەوە دەکرێت هۆکارە ناوخۆییەکان دابەشبکرێت بەسەر چەند بوارێکدا لەوانە:

## ١- فاكتەری سیاسی

دۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ١٩٩٢و یەکەم هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو درووستکردنی حکومەتی هەرێم، بە دۆخێکی ناجێگیرو پڕ لە کێشەو قەیرانی یەك لەدوای یەکدا هاتووە. بەجۆرێك ئەگەر لەو ولاتانەی بەهاری عەرەبی گرتونیەتیەوە تاکە سەرۆكو تاکە حیزبێك حوکمی ولاتیان کردبێت، ئەوا لە هەرێمی کوردستان شێوازەکە هەمان فۆرمو شێوازی ئەو ولاتانەیە بەڵام بە سیستمی جوت حیزبی.

### أ- کۆنترۆڵی حوکمرانی

لەدوای یەکەم هەڵبژاردنی ١٩٩٢/٥/١٩ ی هەرێمی کوردستانەوەو بەدەستهێنانی زۆربەی کورسیو دەنگەکان لەلایەن یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بەدەستهات ئەم دوو هێزە کە ڕێژەی دەنگەکانیان نزیك بوو لەیەکەوە بەجۆرێك، پارتی (٤٥،٠٥٪)و یەکێتی (٤٣،٦٪) ی دەنگەکانی بەدەستهێناو بەهەردوکیشیان (٨٩،١٪) ی دەنگەکانیان بەدەستیهێنا، دواترو لە ڕێکەوتنێکدا کە لە ١٩٩٢/٥/٢٢ لە نێوان مەکتەبی سیاسی هەردوولادا واژووکرا، ڕێکەوتن لەسەر دابەشکردنی تەواوی پۆستەکانی پارلەمانو حکومەت، لێرەوە قۆناغی (پەنجا بە پەنجا) هاتەکایەوە، لەهەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتاوە پرۆسەی سیاسی بەبێ ئۆپۆزسیۆن دەستی پێکرد، ئەم ڕێکەوتنە سەرەتای کۆنترۆلکردنی حوکمرانی کوردستان بوو لەبری تاك حیزبی بووە جوت حیزبی.

ئەگەرچی سیستمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بەهۆی نەبوونی دەستورەوە بە روونی دیاری نیە شەری ناوخۆو دوو ئیدارەییو ئەو دۆخە دژوارەی لە هەرێمی کوردستان هاتە ئاراوەو هەڵبژاردنی ٢٠٠٥، کە جارێکی تر یەکێتیو پارتی پێکەوە توانیان (٨٥،٢٪) ی دەنگەکان بهێنن، بەڵام ڕێکەوتنننامەی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتی لە تەمووزی ٢٠٠٧ بەتەواوی حوکمرانی لە هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو دۆهێزە تاپۆکرد، بە جۆرێك ئەگەر قۆناغی یەکەمی کۆنترۆڵکردنی حوکمرانی جوت حیزبی لە ساڵی ١٩٩٢ رەگی داکوتابێت ئەوا لە ٢٠٠٧و لە ڕێکەوتننامەی ستراتیژیدا ئەو سیستمی جوت حیزبیە بەتەواوی رەگی داکوتا، ئەمەش بەتەواوی توێژی نوسەرانو رۆشنبیرانی نائومێد کرد بەوەی هیچ ئۆمێدێکی بۆ ئاڵوگۆری دەسەڵاتو گۆرانی سیستمی حوکمرانی نەهێشتەوە.

بەلام هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥، کە بووە هۆی دەرکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆنی کارا لە هەرێمی کوردستان، نەخشەی سیاسی هێزەکانی لە هەرێم گۆڕی بەو پێیەی ڕێژەی دەنگی یەکێتیو پارتی لە (٨٩،١٪) وە دابەزاند بۆ (٥٧،٣٧٪) هەرچەندە ئەم هەڵبژاردنە نەخشەی سیاسی هێزەکانی لە هەرێم گۆڕی، بەڵام نەیتوانی سیستمی حوکمرانی هەرێم بگۆڕێت، سیستمی جوت حیزبی وەك خۆی مایەوە، ئەمەش نارەزاییو تۆرەیی لای بەشێك لە هاوڵاتیان زیاتر کرد .

**ب- کۆنترۆڵکردنی دامو دەزگاکان**

لەدوای ساڵی ١٩٩٢ وە سەرجەم پۆستو دامو دەزگاکانی حکومەت لەلایەن یەکێتیو پارتیەوە قۆرخ کران بە جۆرێك ئەم دابەشکاریە تا ئاستی بەڕێوەبەرو فەرمانبەرێکی ئاساییش هاتە خوارەوە. تەنانەت دامەزراندنی فەرمانبەران لەدامو دەزگاکانی حکومەتدا بەبێ تەزکیەی حیزبی نەدەکرا، ئەمەش وای کرد سەرجەم دامو دەزگاکانی حکومەت بە حیزبی بکرێو رێگەی خۆش کرد بۆ دانانی کەسی نەشیاو لە شوێنی شیاودا، ئەم شێوازە لە حوکمرانیە دامو دەزگاکانی حکومەتی روبەرووی گەندەڵیو رۆتین کردەوە. تا ئەمرۆش ئەو شێوازە کاریگەری لەسەر سیستمی حوکمرانی هەیەو سەرجەمی بەڕێوەبەرو بەرپرسە باڵاکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی، پارتینو ئەوانەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیش یەکێتین .

ئەمە سەرەرای ئەوەی زۆربەی پۆستە هەستیارو کاریگەرەکانی هەرێمی کوردستان، وەك زۆرێك لە ولاتانی عەرەبی، لەسەر خزمو کەسە نزیکەکان تاپۆکرانو خزم خزمێنە رۆڵی هەبووە لە دیاریکردنو دانانی کەسەکان بۆ پۆستەکان، ئەمەش رێگە خۆشکەرە بۆ بە بنەماڵەیی کردنی سیستمی حوکمرانی لە هەرێم.

**ج- پێشلکاری مافەکانی مرۆڤ**

سەرەرای هەموو ئەو پێشێلکاریانەی کە لە دوای حوکمرانی کوردیەوە لە ١٩٩٢ وە لە هەرێمی کوردستان کراوە بەتایبەتیش لە شەری ناوخۆو دوو ئیدارەیی، بەڵام لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ وەو بەپێی راپۆرتی رێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان پێیشێلکاری گەورە بەرامبەر بە مافی مرۆڤ کراوە بەتایبەتیش لە شێوازی دەستگیرکردنو ئەشکەنجەدانی زیندایانو پێشێلکاری بەرامبەر بە رۆژنامەنووسان.

کۆشتنو تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسان نارەزایی گەورەی درووستکرد بەتایبەتیش (سۆرانی مامە حەمەو سەردەشت عوسمان) کە هاولاتیان بە پلانی حیزبە باڵادەستەکانیان دەزانیو خۆپیشاندانو نارەزایی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا.

## ٢- فاكتەرە ئابوریەکان

فاکتەری ئابوریو ناشـــەفافی لە دابەشــکردنی بودجەداو بردنی بەشێکی زۆری بودجە لــە لایەن حزیبەکانەوە، هــۆکاری گەریکەری نارەزایی هاولاتیانو خۆپیشــاندانەکان بوو، بەتایبەتیش:

### ا- بەفیرۆدانی بودجە

گەر بەوردی لە دابەشــکردنی بودجە وردبینەوە، زۆر بەئاســانی بۆماندەردەکەوێت، کە پشــکی گەورەی بودجەی هەرێمی کوردســـتان، بۆ حیزب بووە نەك فەرمانبەران، لە ساڵی ٢٠٠٤وە تا ســەرەتای ســاڵی ٢٠١٠، یەکێتی نیشتیمانی کوردســـتانو پارتی دیموکراتی کوردستان مانگانە هەریەکەی ٣٥ ملیۆن دۆلاریان بۆخۆیان بردووە،(دیارە بە تەی ئەندامێکی مەکتەبی سیاســی یەکێتیو دواتریش سەرۆکی پێشووی پارلەمانی کوردستان پشتراستی کردەوە) واتا بە هەردوو پارتەکە مانگانە ٧٠ ملیۆن دۆلاریان بۆخۆیان بردووە، بەو پێیەش ساڵی ٨٤٠ ملیۆن دۆلاریان بۆخۆیان بردوە، هەروەها، لەساڵی ٢٠٠٤، کەبودجەی هەرێمی کوردســـتان ٢ ملیارو ٣٣٠ ملیۆن دۆلار بووە، یەکێتیو پارتی لە کۆی بودجەی ئەوســاڵە، لە٣٦٪ی بودجەکەیان بۆخۆیان بردووە، ئەگەر کۆی ئەو شــەش ساڵە بخەینەڕوو، واتە لە ســاڵی ٢٠٠٤ تا ٢٠١٠، یەکێتیو پارتی ٥ ملیارو ٤٠ ملیۆن دۆلاریان بۆخۆیان بردووە، کە نزیکــە لە بودجەی هەندێك لەو لاتانی دەوروبەر، ســەرەڕای ئەوەی کۆی بودجەی ســاڵی ٢٠٠٤و ٢٠٠٥ی هەرێمی کوردستان ٥ ملیارو ٤٥٤ ملیۆن دۆلار بووە.

### ب- کۆنترۆڵکردنی بازار

بازارەکانی کوردستان لەلایەن کۆمپانیاکانی سەربە یەکێتیو پارتیەوە کۆنترۆڵکرابوون، لە ناو حیزبەکانیشــدا بەرپرسەکان دەستیان خستبوە کاروباری بازارەوەو زۆربەی کۆمپانیاو کارگەکان یان موڵکی بەرپرسانن یاخود پشکی بەرپرسانیان تێدا هەیە، ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری لەســەر جموجۆڵــی بازرگانیو پــرۆژە خزمەتگوزاریەکان کــردووە بەو پێیەی کۆمپانیایەك پرۆژەکەی بە کوالیتی خراپو لە کاتی خۆیدا تەواو ناکات، بەلام لەبەر ئەوەی بەرپرسێکی حیزبی لە پشتەوەبووە، لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکراوە.

### ج- گەندەڵی

گەندەڵیو بە فیرۆدانی ســامانی ولات لە هەرێمی کوردســتان لە ئاســتێکی بەرزدایەو تەنانەت بەرپرسانیش جەخت لە بوونی گەندەڵی دەکەنەوە لە داموو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردســتاندا، کە حکومەتی هەرێم نەك هەر پلانــی بۆی نەبووە بەڵکو بەهۆی لێپنەپرســینەوەو هەوڵنەدان بۆ رووبەرووبونەوەی بــەردەوام رووی لە زیادبوونکردووە، بە جۆرێك لە ســاڵی ٢٠١١ بە پێی ئامــاری رێکخراوی ســەفافیەتی نێودەوڵەتی، عێراق بە

هەرێمی کوردستانیشەوە لەکۆی ۱۸۲ دەوڵەت لە پلەی ۱۷٥ مین دەوڵەتی جێهاندابووە بۆ گەندەڵی، بەو پێیەش دۆخی گەندەڵی لە هەرێمی کوردســتان لە پارێزگاکانی تری عێراق باشتر نەبووە.

د- بێکاریو هەژاری

لەگــەڵ ئەو بودجە زەبەلاحەی کە ســاڵانە دێتە هەرێمی کوردســتانەوە لە بەغدو ئەو هەموو گومرگـو داهاتە زۆرەی لەبەردەســتدایە، بەڵام لە هەرێمی کوردســتان ڕێژەیەکی زۆری هاوڵاتیان بێکارن، بەتایبەتیش گەنجانو ئەوانەی کە لە زانکۆو پەیمانگاکان دەردەچن. هەرچەنــدە بەرپرســانی هەرێم هاماژە بە ڕێــژەی (٧٪) دەکەن بۆ بێــکاری لە هەرێمی کوردستان بەڵام ئاسۆس نەجیب وەزیری کاروباری کۆمەلایەتی لە ۲۰۱۱ ڕایگەیاند، ڕێژەی بێکاری (۱٥٪) یەو بەپێی وتەی ســەرۆکی مونتەدای ئابوری کوردستانیش، ڕێژەی بێکاری (۱۸٪) یــە، هاوکات ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردســتان دەگاتــە (۱۰٪ بۆ ۱۲٪)و لە هەندێك پارێزگای عێراقیش زیاتر لە (٥۰٪)ە. بەپێی ناوەندی داهاتی مانگانەی تاکە کەس لە هەرێمی کوردستاندا، ڕێژەی ۱۰٪ زیاتری خەڵکی کوردستان لە ژێر هێلی هەژارییەوەن، کــە تێیدا (۹،۸٪) داهاتی مانگانەیان لە (٦۰ هەزار) دینار کەمترە. ڕێژەی (۸،٤٪) ناوەندی داهاتی مانگانەی لە (٦۰تاکو ۸۰) هەزار دینارە.

ئەمە لە کاتێکدایە ژمارەی کرێنشینان تەنها لە سنوری پارێزگای هەولێر بە پێی ئاماری (کۆمەڵەی داکۆکیکەران لە مافی کرێنشــینان) گەیشــتۆتە (۲۰ هــەزار) ئەندام ئەوانەی وەکــو کرێچی خۆیان ناونوس کردوەو ئەندامن، لەو کۆمەڵەیەداو لە ســلێمانیش نزیکەی (۲۲ هــەزار)ە، هاوکات ژمارەی ئەو خێزانانــەی کە دوان بەیەکەوە لە خانویەکدا دەژین لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەیان (۱۰۸ هەزارو ۸۱۰) خێزانە. ئەوانەی سێ بەیەکەوە دەژین لە خانویەکدا (۲۳۷٤۲) خێزانەو ئەوانەی چوار بەیەکەوە لە خانویەکدا دەژین ژمارەیان (٥ هەزارو ٥٥۰) خێزانە.

## ۳- نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی

أ- بەهۆی باڵا دەستی حیزبەوەو لە ناو حیزبیشدا کۆمەڵە کەسانێك، هەرێمی کوردستانی دابەشکردووە بەسەر دوو توێژی کۆمەلایەتی، کەمینەیەکی دەوڵەمەند کە دەستیان بەسەر دەسەڵاتو ساماندا گرتووە لەگەل زۆرینەیەکی هەژار کە بەردەوام لەلایەن کەمینە دەست ڕۆیشتووەکەوە دەچەوسێنرانەوە.

ب- بەرزبوونــەوەی ڕێژەی بێــکاری بەتایبەت لەناو توێژی گەنجــانو دەرچوانی زانکۆو پەیمانــگاکان، وە بڵاوبوونــەوەی هەژاری، ئەمەش کاریگەری لەســەر دۆخی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان درووستکردووە.

ج- نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە دابەشــکردنی ســامان‌و پۆســـتو هەوڵنەدان بۆ چاکسازی لە بواری ئابوریدا.

## ٤- فاکتەری مێدیاو تەکنەلۆجی

لە دوای ســاڵی ٢٠٠٣و روخانی رژێمی بەعسەوە، هەرێمی کوردستان بەتەواوی بەرووی مێدیاو تەکنەلۆجیادا کرایەوەو رووداوەکانی جیهان کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر هاوڵاتیانی کوردستان جێدەهێشت، بەتایبەتیش لە بواری ئینتەرنێتو کەنالە ئاسمانیەکان، بە تایبەتی تریش تۆرە کۆمەلایەتیەکان بەو پێیەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکان هیچ سانسـۆرێکیان لەسەر نەبوو بۆیە هاوڵاتیان رەخنەو گلەیی‌و گازەندەکانیان لەوێوە بڵاودەکردووەو تا نارەزاییەکی گشتی درووستکرد .

## دووەم/ خۆپیشاندانو نارەزاییەکان

لەسەروبەندی شۆڕشی ولاتانی عەرەبیو ئەو نارەزایانەی کە هاولاتیانی ناوچەکە هەیان بوو لە دەسەلاتی سیاسـیان، بەتەواوی کاریگەری لەسەر هەریمی کوردستان جێهێشتبوو، رۆژانە هاولاتیانی کوردستان نارەزاییو خۆپیشاندانیان دەکرد بۆ کەمی خزمەتگوزاریو ئاوو کارەبـاو چەندین بواری دیکە خۆ ئەگەر تەنها مانگی ١ی ٢٠١١ وەرگرین یەك واتا مانگی پێش ١٧ی شوبات زیاتر لە ٤٠ خۆپیشاندانو نارەزایی لە شارەکانی کوردستاندا کراوە.

## خۆپیشاندانەکانی مانگی کانوونی دووەم:
## ٢٠١١/١/١

**خورماڵ:** دژی ئیمزاکردنی یاسای خۆپیشاندان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، خۆپیشاندانێکی بێ مۆڵەت رێکخرا لە ناحیەی خۆرماڵ رێکخرا، یاسـای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١٠ی یاسای رێکخسـتنی خۆپیشاندان کە لە (١٧) مادە پێکهاتووەو لە رۆژی ٢٠١٠/١١/٣ لە پەرلەمانی کوردستان پەسەندکراو لە ٢٠١٠/١٢/١٢ لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەووە واژووی لەسەر کرا، ئەم یاسایە زۆرترین نارەزایی شەقامی لێکەوتەوە بەتایبەتیش لەسەر مۆڵەت وەرگرتن بۆ خۆپیشاندان، مادەی سێەم کە لە برگەی دووەمیدا هاتووە: نابێت خۆپیشاندان بکرێت، هەتا داوایەك پێشکەش بە وەزیر یان سەرۆکی یەکەی کارگێری نەکرێو رەزامەندی نوسراو بەدەست نەهێندرێت.

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ١)**




**وێنەی ژمارە ١**

٢٠١١/١/٤

**عەربەت:** لەدژی ئیمزاکردنی یاسای خۆپیشاندان لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، خۆپیشاندانێکی بێ مۆڵەت بەڕێوەچو

**هەولێر:** هاوڵاتیانی شاری هەولێر لە خۆپیشاندانێکی جەماوەریدا، ئیدانەی ئیمزاکردنی یاسای خۆپیشاندانیان کرد

٢٠١١/١/٥

**هەولێر:** دژی سوکایەتیکردن بە ژمارەیەك چالاکوانی بواری ژنان، ئەمڕۆ لەهەولێر خۆپیشاندانێك دەکرێت.

**دهۆك:** گەنجێن دهۆكێ ل دژی وەزارەتا رۆشەنبیری یا حكومەتا هەرێمێ خۆنیشاندانەكێ ساز دكەن.

**دەربەندیخان:** خۆپیشـــاندانێك بۆ پشتگیری كردن لەنوســەرانو روناكبیران رێكخرا، كە سكاڵایان لەسەر تۆمار كرابو.

٢٠١١/١/٦

**پێنجوێن:** بەبەشداری سەرجەم چینو توێژەكان، خۆپیشاندان لەدژی یاسای خۆپیشاندان ئەنجامدرا.

**سلێمانی:** تەقە لە قوتابیانی بەشـــەناوخۆییەكانی قلیاسان كرا، كە بۆ داواكارییەكانیان شەقامی سلێمانی – دوكانیان داخستبو.

٢٠١١/١/٧

**تەقتەق:** دژی ئیمزاكردنی یاســای رێكخستنی خۆپیشاندان، بەبەشداری سەدان هاوڵاتی خۆپیشاندانێكی جەماوەری لە تەق تەق بەڕێوەچو.

٢٠١١/١/٨

**هەولێـــر:** كەســوكاری شـــەهیدانی چەمچەمـــاڵ خۆپیشـــاندانیان كرد، بـــۆ داواكردنی مافەكانیان.

**دهۆك:** ژ لایێ لاوێن دهوكێ خرڤەبونەك هاتە ئەنجام دانو خۆنیشـــاندان هاتە سازكرن دژا وەزارەتا رەوشەنبیری.

٢٠١١/١/١٠

**چۆمان:** دژی یاسای خۆپیشاندان، خەڵكی باڵەكایەتی خۆپیشاندانیانكرد.

٢٠١١/١/١٣

**كەلار:** خوێندكارانی ئامادەیی گەرمیان دژ بە سیســـتەمی نوێی خوێندن خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.

٢٠١١/١/١٥

**ســـلێمانی:** خوێندكارانـــی ئامادەییەكانی ســـلێمانی خۆپیشـــاندانێكیان دژی بڕیارێكی وەزارەتی پـــەروەردە ئەنجامدا، بڕیارەكەی وەزارەتی پـــەروەردە، كە بڕیاریدابو ٢٥ نمرەی قۆناغی (١٢)ی ئامادەیی لەســـەر پۆلەكانی (١٠و ١١) ئەژمـــار بكرێت، ئەمەش ناڕەزایی بەرفروانی خوێندكارانـــی لێكەوتەوەو وەك لە خۆپیشـــاندانەكانیش ئاماژەیان پێكرد، ئەو بڕیارە رەتدەكەنەوە كە بەناوی سیستەمی سویدیەوە بەسەریاندا سەپێنراوەو یەكێكیش لە دروشمەكانیان (سیستەممان سویدیە، ژیانمان ئەفریقیە).٢٠١١/١/١٧

**ســـلێمانی:** دژی بڕیارێكی وەزارەتی پەروەردە، جارێكی تر خوێندكارانی ئامادەیی شاری سلێمانی خۆپیشاندانیان سازكرد.

**هەڵەبجـــە:** خوێندكارانی خوێندنـــگا ئامادەییەكانی شـــاری هەڵەبجە خۆپیشـــاندانیان ئەنجامدا.

**پردێ:** بەهۆی کەمی کارەبا، دانیشتوانی ناحیەکە خۆپیشاندانیان ڕێکخست.

٢٠١١/١/١٨

**سلێمانی:** خۆپیشاندانی خوێندکارانی (١٠)ی ئامادەیی لە سلێمانی بەردەوامی هەیە.

٢٠١١/١/٢٠

**کۆیە:** دژی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە خوێندکارانی ناحیەی ئاشـــتی خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.

**کەلار:** لەخۆپیشـــاندانی خوێندکاراندا، دژی بریارێکی پەروەردە، پێکدادانو توندوتیژی لە نێوان خۆپیشاندەران هێزەکانی پۆلیس رویدا.

**دەربەندیخـــان:** قوتابیانی ئامادەییەکانی دەربەندیخان خۆپیشـــاندانێکیان دژی یاســـای تاقیکرنەوەکانو کەموکورتییەکانی قوتابخانەکان سازدا.

٢٠١١/١/٢٢

**چۆمان:** خوێندکارانی ئامادەیی بە دروشمی «سیستەممان سویدیە، توانای گۆڕانیان نیە« دژی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە وەستانەوە

٢٠١١/١/٢٣

**سلێمانی:** خۆپیشـــاندانی خوێندکارانی ئامادەییەکانی سلێمانی دژی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە، بەردەوامی هەیە

**سلێمانی:** وەك نارەزاییەك لەبەرامبەر نەبونی کارەبا، خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی گەڕەکی مەجیدبەگ خۆپیشاندانیان ساز کرد

**ســـۆران:** لەبەرامبەر بێسەروشوێنبونی مامۆســـتایەك لە قوتابخانەکەیان، مامۆستایانی قوتابخانەی گۆڤەندی بنەڕەتی خۆپیشاندانێکیان سازکرد

٢٠١١/١/٢٤

**هەولێر:** بەهۆی دابین نەکردنی بەشە ناوخۆیی، خوێندکارانی کەمپی مەخمور لە زانکۆی سەلاحەدین خۆپێشاندانێکیان ئەنجامدا

**سۆران:** خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکانی کچانو کوڕان خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا

**ســـلێمانی:** بەهۆی نەبونی خزمەتگوزاریی، ئاوارەکانی کەمپی ٢ی مەعەسەکەر سەلام خۆپیشاندانیان کرد.

٢٠١١/١/٢٥

**ســـلێمانی:** خوێندکارانی ئامادەییەکانی ســـلێمانی بەردەوامن لەخۆپیشاندانو ئیدانەی بڕیارەکەی وەزارەتی پەروەردە دەکەن

**سلێمانی:** گروپی (٤٠٠) خۆپیشـــاندانیان سازکرد، دژی تەواونەکردنی نەخۆشخانە ٤٠٠ قەرەوێلەییەکە.

٢٠١١/١/٢٦

**قــەڵادزێ:** دژی بڕیارەکەی وەزارەتی پــەروەردە، خوێندکارانــی ئامادەییەکانی دەڤەری پشدەر خۆپیشاندانیان ئەنجامدا

**ئاغجەلــەر:** لەخۆپیشــاندانێکدا دانیشــتوانی ژمارەیەك گوندی ئاغجەلــەر ماوەی چەند سەعاتێك ڕێگای سەرەکی ئاغجەلەر - تەقتەقیان داخست.

٢٠١١/١/٢٧

**هەولێر:** قوتابیانی ئامادەییەکانی شاری هەولێر خۆپیشاندان ئەنجامدەدەن

٢٠١١/١/٢٩

**سلێمانی:** خوێندکارانی پۆلی (١٢)ی ئامادەیی خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا

**چواقوڕنە:** دژی بڕیارێکی وەزارەتی پەروەردە خوێندکارانی ئامادەییەکان خۆپیشاندانێکیان سازکرد

٢٠١١/١/٣٠

**سەیدسادق:** دژی بڕیارەکەی وەزارەتی پەروەردە، خوێندکارانی ئامادەیی خۆپیشاندانێکیان سازکرد

**تەقتــەق:** لــە کاتی خۆپیشــاندانی خوێنــدکاران، هێزەکانی ئاســایش ٣ خوێندکاریان دەستگیرکرد

**هەولێــر:** لەخۆپیشــاندانێکدا خوێندکارە یەکەمــەکان داوای ســودمەندبون لە پڕۆژەی تواناسازی دەکەن

٢٠١١/١/٣٠

**ڕانیە:** خوێندکارانی ئامادەییەکانی ڕانیە دژی بڕیارەکەی پەروەردە خۆپیشاندانیان کرد.[١]

[١] دەشتی سالار، هەرێم مانگێك لەخۆپیشاندانو ناڕەزایی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٩/
http://www.sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=542&cat=1&title=1

## سێیەم/ بەیاننامە ٧ خاڵیەکەی بزووتنەوەی گۆڕان

سەرەرای ئەو کێشـەو قەیرانە ناوخۆییانەی هەرێمی کوردستان، نارەزایی‌و تورەی زۆری هاوڵاتیان لە ناعەدالەتـی کۆمەڵایەتی‌و گەندەڵی‌و کەمـی خزمەتگوزاری، دۆخێکی چەق بەسـتووی سیاسیش لە هەرێمی کوردستاندا هەبوو بەوەی سیستمی سیاسی‌و حەکمرانی لەلایـەن هەردوو حیزبی باڵادەسـتی (یەکێتی‌و پارتی) یەوە بەڕێوەدەبـرا، هەرچەندە لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بەجۆرێك لە جۆرەکان هێزی دیکەو ئۆپۆزسیۆنی کارا لەدایك بوو هاوکات نەخشەی سیاسی هێزەکان گۆڕا، بەڵام هیچ گۆڕانکاریەك لە سیستمی حوکمرانی هەرێمی کوردستاندا رووی نەدا.

لەگەڵ هەموو ئەو دۆخە پڕ لە کێشەو قەیرانانەی ناوخۆدا، هاوڵاتیانی تونس‌و میسر بە خۆپیشاندان‌و نارەزایی توانیان رژێمەکانیان بروخێنن‌و شۆڕشەکانیش وردە وردە دەگەیشتە وڵاتانی دیکە، ئەم هۆکارانە رێگە خۆشکەر بوون بۆ دەرکردنی بەیاننامەیەکی توند لەلایەن بزووتنـەوەی گۆڕانەوە لە ٢٩ی کانونی دووەمـی ٢٠١١، لە بەیاننامەکەدا بەروونی داوای گۆرینی دەسـەڵاتی سیاسی‌و هەڵوەشـاندنەوەی حکومەت‌و پەرلەمان دەکات، لە بەشێکی بەیاننامەکەدا هاتووە (ئێمە لە بزوتنەوەی گۆڕان چەندین جار بە گوتاری نوسراوو زارەکی، چەندین جار لە رێگەی فراکسیۆنەکانمانەوە لە کوردستان‌و بەغدا، دەسەڵاتدارانی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوامان لە مەترسـی‌و پەرەسەندنی ئەم دۆخە ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام جار لـە دوای جار رووبەڕوی خەمسـاردیی زیاترو بێباکیی زیاتر بوینەتەوە. بۆیە ئێسـتا کاتی ئەوە هاتووە بزوتنەکەمان بە راشـکاوی‌و بە ئاگاداری ئێوە ئەم داواکاریانە پێشـکەش بە دەسەڵاتداران‌و هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان بکات وەك رێگەچارەیەکی راستەقینە بۆ کۆتاییهێنان بەم سیسـتەمە حیزبسالاریەو دامەزراندنی سەرەتایەکی تازەی حوکمڕانی کە جێی رەزامەندی ئێوەو شانازی هەموان بێت:

١- مەنعی سـەرکردایەتی پارتی‌و یەکێتی لە هەمو جۆرە دەسـتێوەردانێ لە کاروباری: حکومەت‌و دائیرەکانی، پارلەمان، دادگا، ئاسایش، پێشمەرگە.

٢- مەنعی دامەزراوەکانی ئاسـایش، زانیاری‌و پاراسـتن‌و پێشـمەرگە لـە هەمو جۆرە دەستێوەردانێ لە کاری سیاسـی خەڵك‌و چالاکیە جەماوەریەکان، گۆڕینی بەڕێوەبەرەکانی ئەم دەزگایانە بە کەسانی بێلایەنی پیشەیی.

٣- هەڵوەشـاندنەوەی حکومەتـە حیزبیەکـەی ئێسـتای یەکێتی‌و پارتـی‌و پێکهێنانی حکومەتێکی ئینتیقالی تەکنۆکراتی بێلایەن.

٤- هەڵوەشاندنەوەی ئەم پارلەمانەی ئێستا.

٥- ئامادەکردنی زەمینەی هەڵبژاردنێکی نەزیهی بێ تەزویر بۆ پارلەمانی کوردستان کە لە٣ مانگ تێ نەپەڕێ.

٦- گێڕانـــەوەی موڵـــكو ماڵـــی داگیرکـــراوی حکومەتو خەڵـــك لە لایـــەن حیزبەکانو کاربەدەستەکانیەوە.

٧- کێشـــانەوەی رەشنوسی دەستوری هەرێمو هەمو ئەو یاســـایانەی پەیوەندیدارن بە سیستەمی حوکمڕانی ولاتەوەو حەواڵەکردنیان بۆ پارلەمانی داهاتو.

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١ بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان)**

ئەم بەیاننامەیە لەســـەر ئاســـتی ســـەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتانو حیزبو لایەنە سیاســـیەکانەوە رووبەرووی وەڵامی توند بۆوە، بەلام لەلایەن بەشـــێکی زۆری شـــەقامی کوردیەوە پێشوازی کراو گفتوگۆو راگوڕینەوەی زۆری درووستکرد.

لەیەکەم کاردانەوەدا ســـەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان وەڵامێکی هەرەشـــە ئامێزی بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕانی دایەوەو رایگەیاند: لە هیچ لایەکی قبوڵناکەین رەوشی هەرێمو ژیانـــی خەڵکەکەی تێکبدات، هاوکات بەیاننامەکەی بە پیلانێك بۆ لەدەســـتدانی دەســـتکەوتەکان هەرێمی کوردســـتان دایەقەڵەم، لە رونکردەوەکەدا کە راســـتەوخۆ دوای بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆران بڵاویکردەوە لە شەوی ٢٠١١/١/٢٩ بڵاویکردووەو دەقی روونکردنەوەکە بەم جۆرەیە:

**رونکردنەوەیەك لەسەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە**

گۆڕان لە رێگەی (knn) ەوە بە شێوەیەکی نایاسایی داوای گۆڕانی پەرلەمانو حکومەتی کوردستانو هەموو وەزعەکە دەکات. هەر گۆڕانکارییەکیش لەوەزعی هەرێمی کوردستاندا بکرێت، دەبێت لە رێگای سندوقی دەنگدانەوە بێت، نەك بە شێوەی نا دەستوریو نا قانونی. ئەم وەزعـــەی هەرێم ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازاد بووەو هـــەر گۆڕانکاریەکیش بێت لە رێگای سندوقی دەنگدانەوە دەبێت.

لەهیچ لاییەنێکیش قبوڵ ناکرێت رەوشـــی هەرێـــمو ژیانی خەڵکەکەی تێکبدات. داوا لە هەموو جەماوەری کوردســـتانو لایەنگرانو ئەندامانی هەموو حزبو لایەنە سیاســـیەکانی کوردســـتان دەکەین کە وریاو ئاگاداری ئەم پیلانە بن کە بەمەبەســـتی لە دەســـتچوونی هەموو ئەو دەســـکەوتانەیە کە بە خوێنی شـــەهیدان بەدەستهاتوون. بە زووترین کاتیش وەڵامی ئەو بانگەوازە تێکدەرانەیە دەدرێتەوە)

لەلایەن خۆشیانەوە یەکێتی نیشـــتیمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان وەك دوو هێزی حوکمران لە هەرێمی کوردســـتان کە تەواوی پۆستە گرنگەکان لە سەرۆکایەتی حکومەتو پارلەمانو کومرانی کوردســـتانیان لەدەستدابوو، لەبەیاننامەیەکدا کە بەتوندی بەیاننامەکـــەی بزووتنـــەوەی گۆڕانیـــان رەتکردەوەو بـــە بەیاننامەیەکی نا بەرپرســـانەو ئاژاوەگێری ناویانبردوو راشـــیانگەیاند: هەر رووداوێکی گـــەورەو بچوك رووبدات یەکێتیو پارتی راستەوخۆ سەرانی گۆڕان بە بەرپرسیار دەزانن‌و رووبەڕووی سزای یاسایی ئاشکرایان دەکەنەوە، لە ناوەرۆکی بەیاننامەکەدا کە لە شـــەوی ٢٠١١/١/٢٩ بڵاویانکردۆتەوە هاتووە

(هەردوو مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، رایدەگەیەنین کەوا:

یەکەم: سەرانی گۆڕان، بە تاقی تەنها، ئۆباڵی ئەم بەیاننامەیەو ئەم هەڵوێستە سیاسییەی دژایەتی شەرعیەتی پەرلەمانو حکومەتی کوردستان، تەحەمول دەکەن، هیچ لایەنێکی تر، لە هێزە کوردستانیەکان، لەگەڵیاندا نین.

دووەم: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان، رایدەگەیەنین کەوا، بەتەواوی توانامان، توانای فراکسیۆنەکەمان لە پەرلەمان، تواناکان لە حکومەتی کوردستان، توانای حزبی، جەماوەری، سیاسیو پەیوەندی نێونەتەوەییمان، دژی هەموو پیلانێکی ئاژاوەگێڕی دەوەستینو رێگە نادەین هێزێکی کودەتاچی، دۆخی ئارامی بازاڕو کاسبی خەڵك، گوزەرانی خەڵك، ئاسودەیی خەڵك، خۆشبەختی خەڵك.. لەسایەی ئەزمونی دیموکراسیو ئازادیو ئاسایشی کوردستان تێکبدەن.

سێهەم: بەرپرسیارێتی هەموو رووداوێکی گەورەو بچوکی کوردستان، لەناو خەڵك، لەناو دامودەزگاکان، بارەگاکان، بانکەکان، میوانو دۆستانی کوردستان، هەر رووداوێك، راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، رووبدات، یەکێتیو پارتی، راستەوخۆ، سەرانی گۆڕان بە بەرپرسیار دەزانینو رووبەڕووی سزای یاسایی ئاشکرایان دەکەین).

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢ بەیاننامەکەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان)**

هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان سێ هێزی ئۆپۆزسیۆن بوونیان هەبوو بەڵام بەیاننامەکەی بزووتنەوەی گۆڕان تەنها تەعبیر بوو لە روانینی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ دۆخەکەو هەرزوو یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانو کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان، بێ ئاگایی خۆیان لە بەیاننامەکە دەربڕی، هاوکات رۆژی دواتر واتا ٢٠١١/١/٣٠ جگە لە بزووتنەوەی گۆڕان ١٩ حیزبی کوردستانی دوای کۆبوونەوەیان راگەیەنراوێکیان دەرکردو لە راگەیاندنێکدا تەئکید لەوە دەکەنەوە کێشەو گەندەڵیو کەموکورتی لە هەرێمی کوردستاندا واقیعەو خوازیارن سەرجەم لایەنەکان هەوڵی چارەسەرکردنی بدەن، بەڵام هەموو شێوازێك لە هەر لایەکەوە بێت رەتی دەکەینەوە کە ببێتە هۆی تێکدانی باری ئاسایشو هێمنیو بەیەکەوە ژیانی ئاشتی خوازانەی نێوان هێزو لایەنو سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان .

**لە بەیاننامەی ١٩ حیزبەکەدا هاتووە:**

١- ئێمە وەك حزبو لایەنەکان دووبارەی دەکەینەوە کە هەر هەوڵێك بۆ چاکسازیو گۆڕانکاری دەبێت لە چوارچێوەی پرۆسەو شەرعیەتی سیاسیو یاسایی بێت،و پارێزگاری لەو دامو دەزگایانەش بێت کە دەرئەنجامی هەڵبژاردنو ئیرادەی دەنگدەرانی کوردستانە. وە هەموو شێوازێك لە هەر لایەکەوە بێت رەتی دەکەینەوە کە ببێتە هۆی تێکدانی

باری ئاسایشو هێمنیو بەیەکەوە ژیانی ئاشتی خوازانەی نێوان هێزو لایەنو سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان .

٢- جەخت دەکەینەوە لەسەر بایەخی نەتەوەییو سیاسیو نیشتمانیو کارو تێکۆشانی هاوبەش لە پێناو پاراستنی دەستکەوتە نەتەوەیەکانو مەسەلە چارەنووس سازەکانو بە دی هێنانی ئەرکو ئامانجە نیشتمانیە بەدیهێنراوەکان.

٣- جەخت دەکینەوە لەسەر بایەخی سیاسیو نەتەوەیی بوونی موعارزەی یاساییو ئاشتی خوازو پەرلەمانی لە هەرێمداو دانانی بەیەکێ لە دیاردە پۆزەتیڤەکانی ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان .

٤- .بوونی کەمو کورتیو کێشەو گەندەلیو ناتەواوی لە بارو دۆخی هەرێمدا واقیعەو خوازیاری ئەوەین کە حکومەتو معارزەو کۆمەلگای مەدەنیو سەرجەم هێزەکان هەریەکەو لە پێگەی خۆیەوە بەشدار بێت لە بەرەو پێش بردنی رەوتی چاکسازیو کەم کردنەوەی کەمو کورتیەکانو باشتر کردنی ئاستی ژیانی هاولاتیانی هەرێمو پەرەپێدان بە ئەزموونە حکومرانیو دیموکراسیەکەی.

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٣ راگەیەنراوی ١٩ حیزبی کوردستانی)**

بەدەر لەوەی لەچوارچێوەی (١٩) حیزبو لایەندا، بەشداریان لە کۆبونەوەیەکدا کردو هەڵوێستی جەمعیان راگەیاند، هەردو لایەنەکەی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی هەرێمی کوردستانیش هەر یەکەو بە راگەیەندراوێکی تایبەت هەڵوێستی خۆیان لەسەر بەیاننامەکەی بزوتنەوەی گۆڕان راگەیاند.

کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا رۆژی (٢٠١١/١/٣٠) رایانگەیاند کە بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی راماڵینی ئەو رژێمە دیکتاتۆرانە دەکەن لەناوچەکەداو ئاماژەیان بەوەدابو، کە هەر چەندە روداوەکانی جیهان پێکەوە بەستراونو لەسەر یەکتری کاریگەرییان هەیە، بەلام سەبارەت بە بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بێگومان ئێمە چەندین جارو لەبۆنە جیاجیاکاندا رەخنەمان لەو نا عەدالەتیو گەندەڵیە گرتوە کە بونەتە دیاردەو جەماوەری گەلەکەمانی بێزار کردوە.

لەبەشێکی دیکەی بەیاننامەکەیدا کۆمەڵی ئیسلامی رایگەیاندبو کە: «سەبارەت بەو داواکارییەی بزوتنەوەی گۆڕان، کەهەڵوێستو پشتیوانی لایەنە سیاسیەکان داوا دەکات، لەسەر ئەو خالانەی کە بلاویان کردوەتەوە، بێگومان هەڵوێستێکی وەها پێش بلاوکردنەوەی پێویستی بەراگۆڕینەوەو گفتوگۆو قسە لەسەر کردنی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکرد».

هەرچی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستانە، لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: کە یەکگرتو لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتی سیاسی خۆیدا هەوڵیداوە بە رەخنەگرتن لە کەموکورتیو کێشەکانی هەرێمو دواتریش هەڵبژاردنی ریزی موعارەزە رۆڵی چاکسازیو راستکردنەوەی خۆی بگێڕێتو پەنجە بخاتە سەر ئەو کێشەو کەمو کورتیانەی کە ئەگەر بێتو چارەسەر نەکرێت گیرو گرفت بۆ کۆی ژیانی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستان

دروست دەکەن.

یەکگرتو تەئکیدی لەسەر ڕێبازی ڕەخنە گرتنو موعارەزەبونو بەهێزکردنی ڕەوتی ئیسلاحخوازیو باوەڕبونمان بەوەی هەرێم پێویستی بە چاکسازیەکی هەمەلایەنە هەیە: «بەڵام لەهەمان کاتدا باوەڕی خۆمان بە بەشێ لەنەگۆڕە سیاسیو نەتەوەییەکانی خۆمان دوپاتدەکەینەوە، لەوانەش پارێزگاریکردنو گەشەدان بە ئەزمونی هەرێمی کوردستانو کارکردن لە چوارچێوەی یاساو شەرعیەتی سیاسیو یاسایی هەرێمو بەهێزکردنی پێگەی خەباتی نیشتیمانی گەلی کوردستان».

(١٢) ڕێکخراوی ناحکومی لە سلێمانی، دوا بەدوای بەیاننامەکەو کاردانەوەی حیزبو لایەنە سیاسیو فەرمیەکان بەیاننامەیەکیان بلاوکردەوەو دەستپێشخەری دروستکردنی گروپێکیانکرد بۆ هێنانەدی کەشێکی ئارامو دور لە توندوتیژی، بۆ ئەم مەبەستەش بڕیاریاندا سەردانی هەمو پارتە سیاسیەکان بکەن.

ڕێکخراوەکان لە بەیاننامەیەکدا بەپێویستیانزانی چاکسازی ڕاستەقینە لە سیستمی سیاسیدا بکرێتە ئەولەویاتی دەسەلاتی سیاسی هەرێمی کوردستان و... دەبێت دەستێوەردانی حیزبی لە کاروباری پەرلەمانیو حکومی نەهێڵرێت، هاوکات ئاماژەیان بەوەدا: کاتی ئەوە هاتوە کە گفتوگۆ جدی لە نێوان هەمو هێزە سیاسیەکاندا بکرێت لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە رای یەکتر نەك پەراوێزخستن.

لەبەرامبەردا (١٠) ڕێکخراوی سنوری هەولێر کەمپینێکیان ڕاگەیاندو لە بەیاننامەیەکدا ئاماژەیان بەوە کردبو کە «ئێمە پێمانوایە ئەو هەولانەی گۆڕان مەرامو مەبەستی شاراوەی لە پاڵەو دەیانەوێ لەو ڕێگایەوە خەونی چەندین ساڵەی دوژمنان بکەنە واقیع. بۆیە ئێمە وەك ڕێکخراوەکان لاوانو کۆمەڵگای مەدەنی هەمیشە هەڵوێستی نەگۆڕمان دەبێ سەبارەت بە داخوازییەکانی خەڵك، بەتایبەتی توێژی لاوان، بۆیە پێمانوایە تەنیا لە ڕێگا دیالۆگو زمانی لە یەکتر گەیشتن لەسایەی ئارامیو ئاسایشدا خواستەکانمان بەدی بهێنین». [٢]

[٢] بەیاننامەکەی (١/٢٩) ی گۆران چی بەدوای خۆیدا هێنا، سایتی سبەی/ ٢٠١٢/١/٢٨/
http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=3297&LinkID=14

# بەشی دووەم
# هۆکارە دەرەکیەکان

- یەکەم/ بەهاری عەرەبی
- دووەم/ شۆرشی تونس ٢٠١١
- سێیەم/ شۆڕشی میسر (٢٥ی یەنایەر)
- چوارەم/ سیما هاوبەشەکانی هەرێمی کوردستانو وڵاتانی بەهاری عەرەبیدا

## یەکەم/ بەهاری عەرەبی

شــۆرشو خۆپیشــاندانەکانی ولاَتانی عەرەبی کە بە (بەهاری عەرەبــی) نابراو زۆرێك لە ولاتانی عەرەبی گرتەوە، کاریگەری زۆری لەســەر ئەو ولاَتانە هەبوو کە شــێوازو فۆرمی سیســتمی بەڕێوەبردنیان هاوشــێوەی ولاَتانی عەرەبی بوو، هەرێمی کوردســتانیش کە لەســەروبەندی بەهاری عەرەبیدا لەلایەن دوو هێزی بالادەســتەوە حوکمدەکراو سەرجەم جومگەکانی حوکمرانیان کۆنترۆڵکردبوو، بۆیە لێرەدا هەوڵ دەدەین هۆکارو ئەنجامەکانی سەرهەڵدانی شۆرشو خۆپیشاندانەکانی ولاتانی عەرەبی بخەینە روو لەگەڵ بەراوردکردنی بە دۆخی سیاسیو ئابوری وکۆمەلاَیەتی هەرێمی کوردستان.

سیســتمی سیاســی لە ولاَتانی عەرەبیدا بەگشــتی مۆدێلێکی چەقبەستووی دواکەوتوو بووە، کەمترین بواری بۆ کرانەوەی دیموکراســیو ئازادییەکان نەهێشتبووەوە کە مەرجی بنەڕەتین بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی مەدەنی دیموکراســی بەشێوەیەك زامنی گەشەپێدانی ئابووریو کۆمەلاَیەتی بێت، سەرەڕای جەورو ستەمی دیکتاتۆریو دەسەلاَتی رەگەزپەرستی رژێمەکان، گەلانی ناوچەکە بەدەســت چەندین کێشــەو قەیرانی قووڵــەوە گیرۆدەبوون، لەســەرووی هەموویانەوە پێشــێلکاری بەردەوامی مافەکانی مرۆڤو بەرزبوونەوەی رێژەی هەژاریو نەخوێندەواریو کێشە کۆمەلاَیەتییەکان).

دەرەنجامــی کەڵەکەبوونی قەیرانەکان لەناو فــەزای فراوانی ناعەدالەتی کۆمەلاَیەتیو گەندەڵییەکانــی دەســەلاَتدا نارەزایەتی چینــە فراوانەکانی گەل تادەهــات زیاتر دەبوو. ئەگەرچی لە زۆربەی سیستمە سیاسییە عەرەبییەکاندا هێزی ئۆپۆزیسیۆن وەك دیاردەیەکی سرووشتی زادەی ناکۆکیو ململانێ کۆمەلاَیەتیو سیاسییەکان شوێنی نەدەبووەوە، بەلاَم ئەمە هەرگیز بەمانای ئەوە نەدەهات کە ئەو سیستمە سیاسییانەو رژێمە دەسەلاَتدارەکانیان لــە دڵنیاییو ســەقامگیریدا دەژیان. بێئومێدی خەڵك لە گەمــەی هەڵبژاردنەکانو بەڵێنە بەردەوامەکانی دەســەلاَتداران بۆ چاکسازی سیاسیو باشــترکردنی گوزەرانی خەڵك، رۆژ لەدوای رۆژ حاڵەتی پەنگخواردنــەوەی نارەزایەتییەکانی چڕتردەکردەوە، وەك گڕکانێك کە لەدیمەندا ساردو بێجووڵە بێتە پێش چاو بەلاَم بەهۆی زیادبوونی پاڵەپەستۆی ناوەکییەوە مەســەلەی هەڵچوونی تەنیا پەیوەندی بە کاتەوە دەبێت کە لە ئەگەری دەســتەبەربوونی فاکتەرە دەرەکییە یارمەتیدەرەکاندا سەعاتی سفری تەقینەوە بێ گومان دەستپێدەکات.

## ١- بەهاری عەرەبی‌و سیستمی کۆماری

پۆلێنکردنێکی گشتی دوڵەتە عەرەبییەکان لەرووی سیستمی حوکمڕانی‌و شێوازی دەسەڵاتەوە، رەنگە بەرچاوڕوونی زیاترمان بداتێ بۆ تێگەیشتن لە فاکتەرە کاریگەرەکان (وەك باری ئابووری‌و ئاستی قەیرانە ناوخۆییەکان) لە پرۆسەی گۆڕان لەو کۆمەڵگەیانەدا، سیستمە سیاسییەکان لە ناوچەی عەرەبیدا بەشێوەیەکی گشتی دابەش دەبەن بەسەر کۆماری‌و پاشایەتیدا (یاخود میرنشین). لەناو هەشت دەوڵەتی پادشایی‌و میرنشینیدا، (ئوردن‌و مەغریب) بەدەست چەندین کێشەی ئابووری‌و قووڵبوونەوەی جیاوازییە چینایەتییەکانەوە گیرۆدەن کە رەنگدانەوەو کاردانەوەیان لەسەر واقیعی سیاسی‌و نارەزایەتییەکانی شەقام بەئاشکرا دەرکەوتووە بێجگە لە کێشەی سیاسی پەیوەست بە سیستمی دەسەڵات‌و داواکارییەکان بۆ هەموارکردن‌و داڕشتنەوەی دەستوور.

شەش دەوڵەتە شانشینەکەی تر(سەعودیە، ئیمارات، قەتەر، بەحرەین، عومان‌و کوەیت) کە پێکهێنەری "ئەنجومەنی هاریکاری کەنداون" لەڕووی ئابوورییەوە دەوڵەمەندن بەوەی خاوەنی زۆرترین یەدەگی نەوتن لە جیهاندا، بۆیە ئاستی گوزەران‌و ژیان بەگشتی لەم وڵاتانەدا باشە، بەڵام بەدەر نین لە کێشەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی بەتایبەتی لەرووی مافەکانی ژنان‌و ئازادییەکانی تاك‌و مافی پێکهاتە مەزهەبییەکانی تر.

سیستمە کۆمارییەکانی ناوچەی عەرەبی کە لەرووی ژمارەی دانیشتوان‌و رووبەرەوە نزیکەی لە سەدا حەفتای ناوچەکە پێکدەهێنن، لەڕووی کێشەی سیاسی‌و قەیرانی ئابوورییەوە (بێجگە لە لیبیا) بە پلەی جیاجیا لە ناو نیگەرانی‌و ناسەقامگیرییدا دەژین.

خاڵی جیاکەرەوەی ئەم سیستمانە لەگەڵ وڵاتانی کەنداو لەوەدایە کە تا رادەیەك کۆمەڵگەی مەدەنی کراوەترن‌و بە جۆرێك لە ئازادی کاری رێکخراوەیی‌و میدیایی‌و سەربەخۆیی لە بڕیاری سیاسیدا دەناسرێنەوە (مەبەست لە پەیوەندییە دیپلۆماسییە دەرەکییەکانە). لەناو کۆی ئەو سیستمانەدا وڵاتی میسر لەڕووی بەرزی ئاستی هەژاری‌و بێکاری‌و پەنگخواردنی کێشە سیاسی‌و کۆمەڵایەتییەکاندا لەپێشەوەدابوو، بەڵام باهۆزی راپەڕین‌و گۆڕان لە تونسەوە دەستیپێکرد، ئەمەش بۆخۆی پرسیارێکی گرنگە کە پێویستی بە وەڵامدانەوەیە.

## ٢- ئامرازەکانی شۆڕش‌و گۆڕان

لە ساڵی ٢٠١٠ ماڵپەڕی ویکیلیکس کە لەلایەن هاوڵاتییەکی بە رەگەز سویدی بەناوی "جولیان ئاسانج" ەوە سەرپەرشتی دەکرا، شوڕشێکی لە بواری راگەیاندن ودەستەبەرکردنی زانیاریدا بەرپاکرد بەوەی دەیان هەزار بەڵگەنامەی نهێنی‌و تایبەتی دەزگا سیاسییە باڵاکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای بڵاوکردەوە. لەناو بڵاوکراوەکاندا چەندین بەڵگەنامەیان تیادابوو سەبارەت بە ژیانی تایبەتی‌و نهێنی پڕ لە گەندەڵی دارایی‌و رەوشتیی سەرکردە عەرەبەکان، بەتایبەتی سەرۆکەکانی تونس‌و میسرو لیبیاو هەندێکیش تایبەت بوون بە پاشاو میرەکانی کەنداو. ئەو هەواڵانە شەقامی عەرەبییان هەژاندو

بەدوای خۆیاندا چەندین پرسیارو بەدواداچوونیان لە نێوەندەکانی راگەیاندندا هێناو قسەی زیاتریان وروژاند لەبارەی ئاستی گەندەڵیو ئەندازەی ناعەدالەتی لە کۆمەڵگەدا کاتێ چینی دەسەلاتدار لەوپەڕی خۆشگوزەرانیدانو زۆرینەی رەهای خەڵك بەدەست هەژاریو بێکارییەوە گیرۆدەن.

نێوەندێکی تر کە پاشان شۆڕشەکانی عەرەبی بەناووەکرا بریتی بوو لە تۆڕە کۆمەلایەتییەکانی ئینتەرنێت، بەتایبەتی فەیسبوكو یوتیوب، کە ئێستاشی لەگەڵدا بێت کاریگەری ئەم نێوەندە بەرادەیەکە کە بەراستی دەکرێت بە یەکێك لە ئامرازەکانی شۆڕشو راپەڕین ناوببرێت. لەتەك ئەمانەدا کەناڵەکانی راگەیاندنی جیهانی، بەتایبەتی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی ئەلجەزیرەو ئەلعەرەبیەو بی بی سی، وەك زمانحاڵی شۆڕشەکانو ئامرازی خێراکەر لە پرۆسەی رووخانی رژێمەکان رۆڵی زۆر گرنگ دەبینن.

## ٣- سیما هاوبەشەکانی راپەڕینەکانی بەهاری عەرەبی

لەڕووماڵکردنو خوێندنەوەیەکی ورد بۆ کۆی ئەو رووداوانەی لە ساتی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانو شۆڕشەکانی ناوچەی عەرەبیدا هاتنەپێشو هێشتا بەردەوامن، چەندین خەسڵەت وسیمای هاوبەش بەدیدەکەین کە جێی رامانو لێکدانەوەنو پرسیاری جیدی دەوروژێنن لەبارەیانەوە کە دیارترینیان بریتین لە:

- هەموو شۆڕشەکان بەناوی لاوانەوە لە فەیسبوکەوە رادەگەیەنرێن.

- هەموو شۆڕشەکان ناوی رۆژ هەڵدەگرن نموونەی ١٤ی یەنایەری تونس، ٢٥ی یەنایەری میسر، ١٧ شوباتی لیبیا. کە هێمایە بۆ نەبوونی خەسڵەتی نەتەوەییو مەزهەبیو نیشتمانی بۆ ناوەکان.

- سەرەتای خۆپیشاندان بە داواکاری دیاریکراو دەستپێدەکات وەك چاکسازیو هەڵبژاردنو هەموارکردنی دەستوورو نەهێشتنی گەندەڵی، بەلام لەگەڵ بەردەوام بووندا هیچ بوارێك بۆ گفتوگۆو رێککەوتن نامێنێتەوەو درووشمو داواکاری سەرەکیو تەنیا بریتی دەبێت لە (ارحل) واتە رووخانی رژێمو دادگاییکردنی.

- هەموویان یەك درووشم، بە یەك ریتم، وشە بە وشە دەڵێنەوە "الشعب یرید اسقاط النظام".

- توندکردنەوەی چالاکییەکانی راپەڕین لە رۆژانی جومعەدا لە ژێر ناوی جیاجیادا.

- بەجیاوازی کەیسەکان، نەتەوە یەکگرتووەکان یەك میکانیزم پیادە دەکات بۆ مامەڵەکردن لەتەکیاندا کە لە چوار قوناغ پێك دێت، نیگەرانی لەئاست بارودۆخەکە، ئیدانەکردنی رەفتارەکانی دەسەلات، سەپاندنی سزا، دەستوەردانی راستەوخۆ تا رووخانی رژێم.[٣]

[٣] ئاوات محەمەد ئەمین، بەهاری عەرەبی، زریانێك لە هەڵکردندا، گۆڤاری کەوانە، ژمارە (٧)، شوباتی ٢٠١٢، لا ٢٨ – ٤٥ .

## دووەم/ شۆڕشی تونس ٢٠١١

إذا الشعب يوما أراد الحياه ...... فلا بد أن يستجيب القدر
ولا بـــد لليل أن ينجلي ........... ولابد للقيد أن ينكسر

ئەگەر گەل رۆژێك لە رۆژان ویستی بژی
ئەبی قبوڵی هەموو ئەو شتانە بەکات کە قەدەر دەیهێنێت
ئەبی تاریکی شەو لابەریتو
بەربەستەکانیش تێکبشکێنێت

**ئەبوقاسم شابی،، شاعیری گەورەی تونس ١٩٠٩ - ١٩٣٤**

ســەرهەڵدانو دەستپێکردنی شۆڕشی بەهاری عەرەبی لە وڵاتی تونسەوە سەری هەڵدا، کە بۆ زۆرێك لە چاودێران ئەو سەرهەڵدانو شۆڕشە جێگای پرسیاری گەورەبوو بەو پێیەی ئەگەر لە زۆرێك لە وڵاتانی تری عەرەبی خۆپیشاندانو نارەزاییو رووبەرووبوونەوە هەبوبێت ئەوا ئەو جۆرە دەنگهەڵبڕینو خۆپیشـــاندانو تۆرەبوونە کەمتر لەشەقامی تونسدا بینراوە، بـــەڵام دواتر دەرکەوت کە لە ماوەی حوکمرانی بن عەلیدا زۆرترین گەندەڵی، ناعەدالەتیو بەرتەسك کردنەوەی ئازادیو دیموکراتی هەبووە.

تونس دەکەوێتە باکوری قارەی ئەفریقاوەو لە باکورو رۆژهەڵاتیەوە دەریای ناوەراســتەو لە باشــوری رۆژهەڵاتیەوە لیبیایەو لە رۆژئاوایەوە جەزائیرە، ژمارەی دانیشـــتوانی لە ساڵی ٢٠١١ دا (١٠ ملیۆنو ٤٣٢ هەزارو ٥٠٠) کەس بووەو رووبەری خاکەکەشی (١٦٣ هەزارو ٦١٠ کیلۆمەتر دووجا) یە، لە رووی مێژووی سیاســیەوە تونس لە ساڵی ١٨٨١ وە تا ساڵی ١٩٥٦ لەژێر داگیرکاری فەرەنســادابووەو لە ســاڵی ١٩٥٦ دا رژێمی پاشایەتی لەو وڵاتە روخاو لە ١٩٥٧ سیســتمی حوکمرانی لەپاشـــایەتیەوە گۆڕا بۆ سیستمی کۆماری، زەعیم حەبیب بورقێبە بووە یەکەم ســەرۆکی کۆماری تونسو تا ســاڵی ١٩٨٧ بەردەوام بوو لە سەرۆکایەتی، بەڵام بەهۆی نەخۆشیەوەو لە کودەتایەکی سپیدا زەین ئەلعابدین بن عەلی بووە بە سەرۆکی وڵات.

### ١- دەسەڵاتەكانی سەرۆك

زەینلعابدین بن عەلی لە مانگی ٣ ی ئەیلولی ١٩٣٦ لە شاری حەمام سوسەی تونس لە دایك بوە. خاوەنی كۆمەڵێك بڕوانامەی سەربازیەو چەندین پۆستی سەربازیشی وەرگرتوە. ســەرۆكی دەزگای هەواڵگری ســەربازی بوە لە ســاڵەكانی ١٩٦٤ بۆ ١٩٧٤ پاشان بو بە ســەرۆكی ئاسایشی نەتەوەیی، لەماوەی ١٩٧٧ بۆ ١٩٨٠ لە ساڵی ١٩٨٠ بوە بە باڵیۆزی تونس لە پۆڵەنداو پاشان لە ساڵی ١٩٨٧ دەبێتە سەرۆك وەزیران. بن عەلی هەر لەساڵی ١٩٨٧ دا ســوێندی یاســایی خوارد وەك سەرۆكی وڵات دوای ئەوەی حەوت پزیشك بڕیاری ئەوەیاندا كە ســەرۆكی وڵات «ئەلحبیب بورقێبە» توشــی خەڵەفان بــوەو چیتر ناتوانێت سەرۆكایەتی وڵات بكات.

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ٢)**



**وێنەی ژمارە ٢**

دوای گرتنە دەســتی دەســەڵات تەواوی بوارەكانی خستە ژێر ركێفی خۆیەوەو بەتەواوی دەســەڵاتی چەســپاند، هەربۆیە لە یەكەم هەڵبژاردنی پەرلەمانیو سەرۆكایەتی تونسدا لە ســاڵی ١٩٨٩ دا بن عەلی ڕێژەی (٩٩،٢٪) دەنگەكانی بەدەســتهێنا هاوكات لە دووەم هەڵبژاردنی سەرۆكایەتیدا لە ساڵی ١٩٩٤ بن عەلی (٩٩،٩١٪) ی دەنگەكانی بەدەستهێنا، كە جگە لە سەدام حسین لە عێراقو كیم ئایل سۆنگ لە كۆریای باكور هیچ سەركردەیەكی تر نەیتوانیوە بەو شــێوەیە دەســەڵات قۆرخ بكاتو گەل ناچار بــكات بە بەڵی دەنگی بۆ بدەن.

لە سـێیەم خولی هەڵبژاردندا بۆ سـەرۆکی تونس کە لە ساڵی ١٩٩٩دا بەڕێوەچوو بن عەلی (٪٩٩،٤٤) ی دەنگەکانی بەدەستهێنا. هەرچەندە دەبوو بن عەلی لەساڵی ٢٠٠٤ دا خانەنشـین ببێت بەڵام لە ئایاری ٢٠٠٢ دا لە ڕێگەی ڕاپرسـیەوە توانی دەستوور هەموار بکات بەوەی ئەتوانێت سەرۆك چەند دەورە بیەوێت خۆی بۆ سەرۆکایەتی کاندید بکاتەوە. هەربۆیە لە سـاڵی ٢٠٠٤ لە هەڵبژاردنی سـەرۆکایەتیدا جارێکی تر بن عەلی (٪٩٤،٤٩) ی دەنگەکانی بەدەسـتهێناو لە دواین هەڵبژاردنیشـدا کە لە ٢٠٠٩ بەڕێوەچوو بن عەلی (٪٨٩،٦٢) ی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

**(بروانە خشتەی ژمارە ١)**

| هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تونس 2004 | | | |
|---|---|---|---|
| حزب | کاندید | دەنگەکان | ڕێژە |
| التجمع الدستوري الديمقراطي | زين العابدين بن علي | **4,202,292** | **94.49%** |
| حزب الوحدة الشعبية | محمد بوشيحة | 167,986 | 3.78% |
| حركة التجديد/المبادرة الديمقراطية | محمد علي الحلواني | 42,213 | 0.95% |
| الحزب الاجتماعي التحرري | منير الباجي | 35,067 | 0.79% |
| العدد الإجمالي للأصوات | | 4,449,558 | 91.2% |
| الأوراق البيضاء | | 14,779 | 3.3% |
| عدد المصوتين | | 4,464,337 | |
| نسبة المشاركة | | 91.52% | |

| هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی تونس 2009 | | | |
|---|---|---|---|
| حزب | کاندید | دەنگەکان | ڕێژە |
| التجمع الدستوري الديمقراطي | زين العابدين بن علي | **4,238,711** | **89.62%** |
| حزب الوحدة الشعبية | محمد بوشيحة | 236,955 | 5.01% |
| الاتحاد الديمقراطي الوحدوي | أحمد الإينوبلي | 179,726 | 3.80% |
| حركة التجديد/المبادرة | أحمد إبراهيم | 74,257 | 1.57% |
| العدد الإجمالي للأصوات | | 4,440,187 | 99.83% |
| الأوراق البيضاء | | 7,201 | 0.16% |
| عدد المصوتين | | 4,447,388 | 100.00% |
| نسبة المشاركة | | 89.45% | |

**خشتەی ژمارە ١**

هەمیشــە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤو ئۆپۆزســیۆنی تونس سیســتمی حوکمڕانی بن عەلیان بە دیکتاتۆر وەســفکردووەو ڕایانگەیاندوە کە بن عەلی بەرهەڵستکارەکانی دەخاتە زیندانەوەو ئازادیەکانیش بەرتەسك دەکاتەوە. قۆرخ کردنی بازارو بازرگانیو کۆنترۆلکردنی ســەرمایەداری لەدەســتی خزمە نزیکەکانی بن عەلیو بەرزبوونەوەی رئاســتی گەندەڵی بەجۆرێك بەپێی ڕاپرســی (سەنتەری شــەفافیەتی نێودەوڵەتی) ڕێژەی گەندەڵی لە ساڵی ٢٠١١ لە تونس لە (٨٠٪) بووە.[٤]

## ٢- بێکاریو هەژاری

بەرزبوونــەوەی ڕێژەی بێکاریو هەژاری بەتایبەتیش لەنــاو توێژی گەنجانو دەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکاندا بەجۆرێك بووە. بەپێی خستنە رووی ئاماری پەیمانگای نیشتیمانی بۆ ئامار ڕێژەی بێکاری لە تونس لە ساڵی ٢٠١٠ دا (١٨,٣٪) بەڵام بەڵام لە ویلایەتی سەیدی بوزەید شوێنی نیشــتەجێووبنی (بوعەزیز) بەرزترین ڕێژەی بیکاری هەبووە کە ڕێژەکەی (٢٤,٤٪) بــووە. هــاوکات لەناو ئەوانەی هەڵگــری بروانامەن ڕێژەی بێکاری گەیشــتۆتە (٣٤,٢٪)و لەناو توێژی گەنجاندا ڕێژەی بێکاری گەیشتۆتە لە (٣٧,٨٪). سەبارەت بە ڕێژەی هەژاریش لە تونس لە ســاڵی ٢٠١٠ دا گەیشــتۆتە (٢٤,٧٪) لەکۆی وڵاتی تونس بەڵام لە هەندێك ویلایەتدا گەیشــتۆتە نزیکەی (٥٠٪) بەپێی ئاماری پەیمانگای نیشتیمانی بۆ ئامار ڕێژەی هەژاری لە ویلایەتی قەفسە (٤٦٪) بووە لە ویلایەتی سەیدی بوزەید شوێنی نیشتەجێبوونی (محەمەد بوعەزیزی) دا لە (٤٠٪) بووە.

خراپی دۆخی کۆمەلایەتیو سیاســیو ئابوری گەیشــتە ئاســتی تەقینەوەو ســەرەتای نارەزایەتیەکانیش بە خۆســووتاندنی محەمەد بوعزیــزی (دەرچوویەکی زانکۆ کە بژێوی لەسەر عەرەبانەیەکی دەستی بوو) لە ١٧ی دێسەمبەری ٢٠١٠دا نارەزایەتییەکان گەیشتنە ئاســتی تەقینەوەی کۆمەڵایەتیو قەیرانی سیاســی، کە هەرچەندە داواکارییەکانی خەڵك بۆ باشــترکردنی باری گوزەرانو چارەســەرکردنی بێکاریو وەســتانەوەی لەدژی گەندەڵی بوو بەڵام دواتر گۆڕا بۆ (ئیرحەل)و گۆڕینی ریشــەیی لە سیستمی سیاسیو کۆمەلایەتی وڵات.

[٤] زەینەلعابدین بن عەلی، ماڵپەری ویکیپیدیا
http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B2%D98%A%D986%_%D8%A7%D984%%D8%B9%D8%A7%D8%A8%D8%AF%D98%A%D986%_%D8%A8%D986%_%D8%B9%D984%%D98%A

خۆسوتانی (محەمەد بوعەزیزی) بووە سەرەتای شۆڕشێکی گەورە کە دەکرێت بە سەرەتای درووستبوونی قۆناغێکی نوێ لە مێژووی ولاتانی عەرەبی سەیر بکرێت، محەمەد بوعەزیزی کە ناوی (تارق تەیب محەمەد بوعەزیزیە) لە ساڵی (١٩٨٤) لە ویلایەتی (سەیدی بوزەید) ی تونس لە دایك بووەو لە خانەوادەیەکی هەژاردا ژیاوە کە (٩) سەر خێزان بوونەو لە تەمەنی ٣ساڵیدا باوکی مردووەو دایکی شوی بە مامی کردۆتەوە، دوای ئەوەی خوێندنی زانکۆ تەواو دەکاتو دانامەزرێت، هاوکات بۆ هاوکاریکردنی براو خوشکەکانی بۆ ئەوەی خوێندن تەواو بکەن، رۆژانە سەوزەواتی لەسەر عەرەبانە فرۆشتووە لە بەیانی رۆژی هەینی ١٧ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٠ دوای ئەوەی هێزەکانی پۆلیس رێگری لێدەکەن لە کارکردنی، بۆیە لەبەردەم شارەوانی ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەداتو بەهۆی زۆری سوتاویەکەیەوە دوای ١٨ رۆژو لە ٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١١ گیانی لەدەستدا. تورەییو بێزاری هاولاتیان هیچ ئاسۆیەکی بۆ لێکتێگەیشتنو دانوستان لەگەڵ حکومەتو حزبی دەسەلاتداردا نەهێشتنەوە سەرەڕای بەڵێنەکانی سەرۆکی ولات بۆ چاکسازیو پێکهێنانی حکومەتی نوێو هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی پێشوەخت . داواکاریو دروشمی تەنیاو سەرەکی خۆپیشاندەران لە یەك وشەدا کۆکرابووەوە (ارحل) واتە لە وازهێنانی (زین العابدین بن علی) لە دەسەلات کە لەگەڵ توندبوونەوەو فراوانبوونی خۆپیشاندانەکان، پشتگیری بۆ شۆڕشو فشاری کۆمەڵی نێودەوڵەتیو ناوچەیی لەسەر دەسەلات زیاتر دەبوو تا گەیشت بە ناچارکردنی بن عەلی بە بەجێهێشتنی کورسی دەسەلاتو هەلاتن لە ولات لە رۆژی ١٤ی یەنایەر (کانونی دووەم)ی ٢٠١١دا. پاش چەندین سەعات بە ئاسمانەوە، کاتێ دۆستەکانی دوێنێی (بەتایبەتی فەرەنسا) تەنانەت رێگەی نیشتنەوەی فرۆکەکەشیان پێنەدا سەرەنجام لە میوانداری شای سەعودیەدا گیرسایەوە. سەرکەوتنی راپەڕینی خەڵکی تونس ئەزموونێکی پڕ واتاو وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە مێژووی هاوچەرخی ئەو ولاتەدا، لە هەمان کاتدا بوو بە سەرمەشقی راپەڕینو شۆڕش لە ناوچەکەدا.

**(بڕوانە وێنەی ٣)**




**وێنەی ژمارە ٣**

## ٣- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕش

دەکرێت فاکتەرو سـەرهەڵدانی شۆڕشـی گەلی تونس لە چەند خاڵێکـدا کورتکەینەوە لەوانە:

١- زوڵمو ستەمو سەرکوتکردنی دەسەڵات بەرامبەر بە هاولاتیان .

٢- بەرزبوونەوەی رێژەی بێکاریو هەژاری لە وڵاتدا .

٣- بڵاوبوونەوەی گەندەڵی بەشێوەیەکی بەرچاو .

٤- بەرتەسکرکدنەوەی ئازادیە مەدەنیو دینیەکان.

٥- بەکارهێنانی دەسەڵاتو دەستکاریکردنی دەستورو یاسا بۆبەرژەوەندی ناشەرعی.

٦- گوێنەگرتن لە داواکاری گەل.
٧- درووستبوونی روحی تۆڵەکردنەوە لای میللەت .
٨- لەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندیەکانی میللەت لەلایەن کاربەدەستانەوە
بەڵام هۆکارەکانی شۆڕشـــی تونس دابەش دەبن بەســـەر چەندیـــن رەهەندا بەتایبەتی رەهەندی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری بوو.

## أ- فاکتەرە سیاسیەکان

سیستمی سیاسی لە زۆربەی وڵاتە عەرەبیەکاندا پاشایەتی یاخود کۆماریە، کە تایبەتمەندی سیاسی ئەو سیستمە حوکمرانانە، ژینگەیەکی لەبارن بۆ درووست بوونی شۆڕشو راپەرینو خۆپیشاندانی نارەزایی، لە گرنگترین فاکتەرە سیاسیەکانیشی نەبوونی بەشداری سیاسی، گەندەڵی توێژی کاربەدەستان، چاکسازی نەکرکردن، لەناوبردنی هیواکانی گۆران، پاڵپشتی دەرەکی بۆ سەرکوتکردن .

### ١- نەبوونی بەشداری سیاسی

بەشـــداری سیاســـی کارای هاوڵاتیان ســـەرچاوەی شـــەرعیەتدانە بە سیستمی سیاسی، شـــەرعیەتدانیش بە سیســـتمی سیاســـی لە رازی بوونی هاوڵاتیاندایە بەو سیســـتمانە، مەبەستیش لە بەشـــداری هاوڵاتیان بەشـــداریکردنێکە کە هاوڵاتیان کاریگەریان هەبێت لە دیاریکردنی ســـەرکردە سیاسیەکانیانو کاریگەری لە درووســـتکردنی بریاری سیاسیدا، بەڵام سیستمی سیاسی تونس هەموو دامەزراوە سیاسیەکانی دەخستە خزمەتی ژمارەیەك کەســـەوە هاوکات پرۆســـەی هەڵبژاردنی وەك میکانیزمێك بۆ خزمەتی بەرپرســـان بەکار دەهێنا نەك بەشداریەکی کارای هاوڵاتیان لە پرۆسەی سیاسیدا.

### ٢- گەندەڵی بنەماڵەی فەرمانرەوا

گشـــەکردنی سیســـتمی کۆماری ســـەرکوتکەر لە وڵاتانـــی عەرەبیدا، پەیوەســـت بوو بەکەمینەیەکی فەرمانبەروا لە هەموو هەوڵو هەنگاوێکیان پاراســـتنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بوو، بەدوور لە بەرژەوەندی گشـــتی ئەو جۆرە رژیمە کۆماریانە لەســـەر پەیوەندی خزمایەتیو نزیکایەتی درووستبوونو سەرجەم بوارە ئابوریو بازرگانیو پۆستە سیاسیەکانیان بۆخۆیان مۆنۆپۆل دەکردوو هاوڵاتیانیش دەبوونی قوربانی سیاسیەتەکانیان.

### ٣- پێشلکاری مافەکانی مرۆڤ

١- شێوازی سیستمی فەرمانرەوای تونس، رێگەی بە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی نەداو بەشێکی زۆری کارەکتەرە ئۆپۆزسیۆنەکان وڵاتیان جێهێشتبوو لە مەنفا کاری سیاسیان دەکرد.

٢- ڕێگریکردنو بەرتەســکرکردنەوەی ئــازادیو دەربرینی بیروڕای جیــاواز، ڕژێمەکەی بن عەلی هەوڵی ســەرکوتکردنی هــەر دەنگێکی نارازیان دەدا کە دژیان بوەســتێتەوەو زیندانەکان پڕ بوون لە کەسانی ئازادی خوازو ئۆپۆزسیۆن. ئەشکەنجەدانو دەستگیرکردن لەسەر بیروڕای ئازاد، هەرەشکردنو ترســاندنی پارێزەرانو مافناسان بەرتەسککردنەوەی چالاکیەکانیان .

٣- سەرکوتکردنو بەرتەسکردنەوەیەکی زۆری میدیا هەبوو، چاودێریکردنی پەیوەندیەکان لەڕێگەی وەزارەتی پەیوەندیەکانەوە گوێگرتن لە لێدوانو قسەکردنیان، تەرکیزی ڕاگەیاندن لەســەر وەرزشو هەندی بەرنامەی کۆمەلایەتی تۆمارکــراو بووە هیچی تر ڕێگە بە هیچ بەرنامەو پرۆگرامێك نەدراوە کە باس لە بیروڕای ئازادو ژیانی سیاسی بکات.

## ب- فاکتەرە ئابوریەکان

فاکتەری ئابوری بە گەورەترینو کاریگەرترین شۆرشــەکانی بەهاری عەرەبی دادەنرێت، بەتایبەتیش لــە تونسو میصر، لەبەر ئەوەی بارودۆخی گــوزەرانو بەرزبوونەوەی نرخی شــتومەك هۆکاری ســەرەکی شورشــەکان بوو، بەوهۆیــەی پرکردنەوەی پێداویســتیە سەرەکیەکانی ژیان سەرچاوەی دووەمی شەرعیەتی سیستمی سیاسیە، شکست هێنانیش لە پرکردنەوەی ئەو پێداویستیانە شکستهێنانی سیستمی حەکمرانیە، هاوکات کۆنترۆڵکردنی کاروباری بازرگانیو بازارو ســەرمایەداری لەلایەن بەرپرسانەوەو بەکارهێنانی دەسەڵاتی خۆیان بــۆ کۆنترۆلکردنی بــواری بازرگانی بازار، هۆکاری زیادبوونــی تورەیی ونارەزایی هاولاتیان بوو دژ بەو سیســتمانە، بەتایبەتیش زیادبوونــی ڕێژەی بێکاری بەجۆرێك اەناو توێــژی خاوەن بروانامەو گەنجاندا (٣٧،٨٪) بــووەو هەژاریش لە هەندی ویلایەتی تونس گەشتبووە نزیکەی (٥٠٪) .

لە دیارترین تایبەتمەندیەکانی گەندەڵی ئیداریو سیاسیو ئابوری دەسەڵاتی تونس:

### ١- بەرتیلو خزمخزمێنە

بەهۆی خزمخزمێنەو بوار نەرەخساندن بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە وەك یەكو دانانی کەســی نەگونجاو لە شوێنێك کە شیاوی نیە، ئەمە ڕێگەی بۆ بەرتیل وەرگرتن خۆشکردو بەوەش ڕێژەی گەندەڵی لە دامو دەزگاکاندا زیادی کرد بەجۆرێك بەپێی ڕاپرسی (سەنتەری شــەفافیەتی نێودەولەتی) ڕێژەی گەندەڵی لە تونس لە (٨٠٪) بووە. بەوەش زۆربەی دامو دەزگاکانی دەوڵەت متمانەیان لەدەســت دابوو بەتایبەتیش، لە بواری ئەمنو ئاســاییشو دادوەریو کارگێری.

**٢- درووستبوونی باندی مافیا لە نزیکانی بن عەلی**

مافیاکانـــی نزیك لە خانەوادەی بن عەلی بەتایبەتیش لە نزیکانی هاوســەری بن عەلی کە یاساکانی دەوڵەتیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێناو بەتایبەتیش لە دەستخستنی قەرزی گەورەو، گۆرینی دامو دەزگاو کارگەو کۆمپانیای گشـــتی بۆ شەخسیو تاپۆکردنیان لەســەر خۆیان، بەجۆرێك خانەوادەی بن عەلی کۆنترۆڵی تەواوی بواری سیاســیو ئابوری تونسیان کردبوو.

**٣- دورخستنەوەی بازرگانەکان**

درووســـت کردنی کێشەو لەمپەر لەبەردەم بازارو بازرگاناندا بەوەی سەرجەم پرۆژەکانی دەوڵەت لەلایەن حۆیانەوە جێبەجێدەکراو هەر کۆمپانیاو بازرگانێکی دەرەوەی خۆیان ئەگەر پرۆژەو بازرگانیشـــی بکردایە قازانجی نەدەکرد، ئەمە ســەرەرای درووســـتکردنی کێشەو دووبەرەکی لە نێوان بازرگانانی ناوخۆ دورخستنەوەی دەستی کاری ناوخۆ لە پرۆژەکاندا.

**٤- گەشەکردنی ناهاوسەنگ لە نێوان ناوچەکاندا**

حکومەت جیاوازیەکی زۆری دەکرد لە جێبەجیکردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکاندا، بەجۆرێك بایەخێکـــی زۆری دەدا بە ناوچە گەشـــتیارەکانو ناوچەکانی دیکەشـــی پەراوێز خســـتبوو، ئەمـــەش وای دەکرد کە رێژەی بێکاریو هەژاری لەو ناوچانە زیادبکاتو پشـــت بە ئابوری خۆیان ببەســـتنب ەتایبەتیش لەناوچەکانی ســـنوری لیبیاو جەزائیر، بۆ نمونە لە ویلایەتی سەیدی بوزەید شـــوێنی نیشـــتەجێووبنی (بوعەزیز) بەرزترین رێژەی بیکاری هەبووە کە رێژەکەی (٤,٢٤٪) بووە، هاوکات رێژەی هەژاری لەو ویلایەتەدا لە (٤٠٪) بووە.

**٥- نەبوونی چارەسەری ئابوریەکی باش**

تا ئێستاش تونسیەکان ئابوریان لەسەر هەمان بەرنامەی بورقیبە کە پشتی بە گەشتیاریو کارگەی رستنو چنین ورۆنی زەیتوون، هەندی پیشەسازی دیکە دەبەست، حکومەت بەهۆی ســـەرقاڵ بوون بە پرۆژەو کاری شەخســـیەوە بیری لە سەرچاوەی تری داهات بۆ هاوڵاتیان نەکردۆتەوەو هەوڵی نەداوە بەهۆی درووستکردنی کارگەو پیشەسازی زۆرەوە فرسەی کار بۆ هاوڵاتیان برەخسێنێت.

**چ- فاكتەری كۆمەلایەتی**

١- دابەشبوونی كۆمەلایەتی بۆ كەمینەیەكی دەوڵەمەند كە دەستیان بەسەر دەسەڵاتو ساماندا گرتبوو، لەگەل زۆرینەیەكی هەژار كە بەردەوام لەلایەن كەمینە دەست رۆیشتووەكەوە دەچەوسێنرانەوە.

٢- بەرزبوونەوەی رێژەی بێكاری بەتایبەت لەناو توێژی گەنجانو دەرچوانی زانكۆو پەیمانگاكان، بڵاوبوونەوەی هەژاری.

٣- نەبوونی عەدالەتی كۆمەڵایەتی لە دابەشكردنی سامانو هەوڵنەدان بۆ چاكسازی لە وباری ئابوریدا.

د- فاكتەری تەكنەلۆجی

گەورەترین شۆرش لە سەدساڵی رابردوودا كە مێژووی مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینی بێت لە بواری تەكنەلۆجیای پەوەندیو زانیاریدا بوو، بەتایبەتیش لە بواری ئینتەرنێتو كەنالە ئاسمانیەكان، بە تایبەتی تریش تۆرە كۆمەلایەتیەكان كە هاوڵاتیان چالاكیەكانی خۆیان نمایش دەكرد، لە زولمو ستەمو لەوێوە بیروڕای خۆیان دەخستە روو هەربۆیە زۆربەی شۆڕشەكان بە (شۆرشی فەیس بووك) ناسرا.

## سێیەم/ شۆڕشی میسر (٢٥ی یەنایەر)

دوای سەرکەوتنی شۆرشی گەلی تونس‌و هەڵهاتنی بن عەلی، ژمارەیەك هاولاتی میسریش هاوشێوەی (محەمەد بوعەزیزی) ئاگریان لەجەستەی خۆیان بەردا، بەو پێوەدانگەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆرشی تونس، هەمان ئەو هۆکارانەبوون کە گەلانی میسریش بەدەستیەوە دەیان نالان، لە رووی بەرتەسکردنەوەی ئازادی‌و بیرای ئازادو بەشداری سیاسی ئۆپۆزسیۆن‌و گەندەڵی‌و بێکاری‌و هەژاری، هەربۆیە هەمان ئەو هۆکارانەی کە لە تونس شۆرشیان لە پێناودا کرا لە میسریش هاوشێوەن بۆیە نامانەوێت لێرەدا بەو شێوە وردیە هۆکارەکانی شۆرشی میسری بخیەنە روو بەڵام ئەوەی شۆرشی میسر لە شورشی وڵاتانی تری بەهاری عەرەبی جیادەکاتەوە ئەوەیە:

١- میسر گەورەترین وڵاتی عەرەبیە لەڕوی دانیشتوانەوە، کۆمەڵگاکەش بەرەو گەنج بونەوە دەچوو رێژەیەکی زۆر لە لاوانی کورو کچی هەبوو کە ژێرخانی ئابوریی‌و سیاسی نەیتوانی لەخۆی بگرێت.

٢- میسر لە کودەتاکەی (جەمال عەبدولناسرەوە) تا کۆتایی دەسەڵاتی موبارەك ئەگەر سەرۆکییش چاکەت‌و پانتۆڵ لەبەر بکات هەر لەلایەن سوپاوە هاتۆتە سەرکار، دوای عەبدولناسر میسر ٢ سەرۆك کۆماری بەخۆوە بینیوە، ساداتو حوسنی موبارەکی ئێستا، هەردوکیان پێشینەی سەربازیان هەبوەو لەلایەن سوپاوە پشتگیری کراون، بۆیە دواجار سوپا رۆلی هەبوو لە دیاریکردنی چارەنوسی رژێمەکەدا.

٣- میسر، خاوەنی گەورەترین رێکخراوی ئیسلامیە لە جیهاندا کە بریتیە لە ئیخوان ئەلموسلمین، ئەم رێکخراوە چەندین لقی لە زۆر وڵات‌و هەرێمی جیهاندا هەیە.

٤- لە رێکەوتنی (کامپ دیڤید)ەوە لەنێوان (ئەنوەر سادات‌و مەناحیم بیگن)دا، میسر پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیەو بۆتە یەکێك لە میانەڕەوترین وڵاتی عەرەبی لە هاوکێشەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا، رۆڵێکی گرنگی بینیوە لە گفتوگۆکانی نێوان فەلەستینی‌و ئیسرائیلیەکاندا.

٥- وەك یەکێك لە گەورەترین وڵاتی سوننەو بونی (ئەلئەزهەر) لەم وڵاتەدا، زۆرجار میسر لەبری وینەی ئیسلام بوە لەگفتوگۆی نێوان ئاینەکان‌و تەنانەت شارستانیەکانیشدا.[5]

[5] میسر، لە لێواری ئاڵوگۆڕدا، خالیدی حاجی ئەحمەد، سایتی سبەی٢٠١١/١/٢٩ /
http://www.sbeiy.com/(S(3ws4ui3ayhbbwbgt0rjon5d5))/ku/inter_report_detail.aspx?id=536&cat=1&title=

میسر بەهۆی پێگە سیاسی‌و جۆگرافیەکەیەوە هاوکات بەهۆی مێژووی شارستانیەوە بە یەکێك لە وڵاتە گرنگ‌و جێبایەخەکانی عەرەبی دادەنرێت، لە مێژووی نوێدا لە میسر چەندین شۆڕش هەڵگیرساوە، کە هاوشانی ئەو شۆرشانەی جیهان بووە کە گۆرانکاری گەورەیان درووستکردووە، تا دوایین شۆڕش کە شۆرشی ٢٥ ی یەنایەری ٢٠١١یە کە بە کۆتایی هێنانی حوکمی ٣٠ ساڵەی موبارەك کۆتایی هات لە گرنگرتین شۆڕشەکانی میسر:.

١- (شۆڕشی گەل) بە سەرکردایەتی ئەنجومەنی شەرع کە پێکهاتبوو لە زانایانی ئەزهەر لە ساڵی ١٨٠٥ زاینی دژی والی تورکی (خورشید پاشا)و لەسەر تەخت هێنایانە خوارەوە.

٢- شۆڕشێکی تری بەسەرکردایەتی ئەحمەد عەرڕابی هەڵگیرساند لە ساڵی (١٨٨١ز)دژ بە خدێوی تۆفیق بە رێبەری سوپاو جەماوەر.

٣- شۆڕشێکی تری میصرییەکان لە ساڵی ١٩١٩ز بە سەرکردایەتی سەعد زەغلول پاشا بوو، ئەم شۆڕشەیان دژی ئینگلیزی بوو کە زیاتر لە ٢ ساڵی خایاند.

٤- چوارەمین شۆڕشی میصر لە سەردەمی نوێدا لە ساڵی ١٩٥٢ز بوو بە سەرکردایەتی (ئەفسەررانی ئازاد)و سوپای میصری کە لە پشتیشیانەوە گەل پشتگیری لێکردن دژی گەندەڵی‌و ئەو ستەمە کۆمەڵایەتییەی کە دەکرا.

٥- شۆڕشی پێنجەم لە ٢٥/ ٢/ ٢٠١١ شۆڕشی گەنجان بوو، ئەم شۆڕشە شۆرشێکی جەماوەری بوو، بەشێوەیەکی ئاشتییانە لە رۆژی سێشەممە لە ٢٥ی یەنایەری ٢٠١١ بەرامبەر بە دەستی پێکرد، ئەو رۆژە لەلایەن هەموو لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان‌و هێزەسەربەخۆکانەوە دیاری کرابوو، لە نێوانیاندا بزووتنەوەی کفایەو گەنجانی ئیخوان موسلیمین‌و بزوتنەوەی گەنجانی ٦ ئیبریل‌و هەموو ئەو گروپە ئەلیکترۆنیانەی کە لە رێگەی فەیسبووکەوە گروپیان دروست کردبوو .

شۆڕشی ٢٥ی یەنایەر چەندین ناوی لێنراوە بەتایبەتیش خەڵکی میصرو چاودێران لە وڵاتانی عەرەبیدا چەندین ناویان ناوە لەم شۆڕش‌و خۆپیشاندانانە، دیارترین ناوەکانی ئەم شۆڕشە کە پێی ناسرابوو (شۆڕشی ٢٥ی یەنایەر)،(شۆڕشی تووڕەیی) هەندێکجار ناودەبرا بە(شۆڕشی گەنجان)، یان (شۆڕشی سپی) هەندێك لە رۆژنامەو راگەیاندنەکان ناویان نابوو (شۆڕشی ١٨ رۆژە)

## ١- هۆکارە ناڕاستەوخۆکانی شۆڕشی ٢٥ی یەنایەر

### أ- یاسای باری نائاسایی (قانون تەواری)

سیستەمی حوکم لە میصردا کۆمارییەو لە ژێر بەندی یاسای باری نائاساییدابوو، یاسای ژمارە (١٦٢ی ساڵی ١٩٥٧) بە هەموارکراوی لە ساڵی ١٩٦٧دا، بە گوێرەی ئەم یاسایە هەموو دەسەڵاتەکانی پۆلیس فراوان کراون بەشێوەیەك هەموو مافە دەستورییەکانی تری

هەڵواسیوە، بەوهۆیەوە چاودێریکردنی توندی سەپاندووە بەسەر هەموو شتێکدا، ئەم یاسایە هەموو چالاکیەکی سیاسی بە تەواوی مانا کورتکردووەتەوە کە هەموو چالاکیو خۆپیشاندانێك پێویستە لە ڕێگەی حکومەتەوە بێتو ئەو ڕێگە بداتو سنوورەکەی دیاری بکات! بۆ نمونە: ڕێکخستنی خۆپیشاندان، ڕێکخستنێکی سیاسی ،کۆکردنەوەی هەر تەبەروعاتێکی ماددی، کە پێویستە لەلایەن حکومەتەوە تۆمار کرابێت، بەهۆی ئەم یاسایەوە زیاتر لە (١٧ هەزار) کەس زیندانی کرابوون، هەروەها ژمارەی زیندانیە سیاسییەکان گەیشتبووە زیاتر لە (٣٠ هەزار) کەس هەر بە گوێرەی ئەم یاسایە حکومەت بۆی هەبوو هەموو کەسێك دەستگیر بکات بۆ هەرماوەیەك کە خۆی بیەوێت لە زیندانەدا بیهێڵێتەوە تەنانەت بەبێ هیچ هۆکارێکی ڕۆشن لە هەمانکاتتدا بانگەشەی دیموکراتیان دەکردو حزبەکەشیان بەناوی دیموکراتیەوە ناو نابوو، بانگەشەی ئەوەیاند ئەکرد کە هەمووکەسێك بۆی هەیە خۆی کاندید بکات بۆ هەر پۆستێك کە بیەوێت ئەمەش هەمووی لە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە دەبێت بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بتوانێت خزمەت بە نیشتمانەکەی بکات، بەڵام چ جۆرە هەڵبژاردنێك؟ هەڵبژاردنێك لە ژێر بەندەکانی ئەم یاسایەدا بەڕێوە بچێت!!.

**ب- گەندەڵیو خراپی دۆخی ئابوری**

گەندەڵیو خراپی دۆخی ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسی ئەمەش مانشێتێك بوو بەدەست خۆپیشاندەرانەوە، کە بەپێی ئاماری ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ڕێژەی گەندەڵی لە میسر لە ساڵی ٢٠١١ دا (٦٤٪) بووە، هاوکات میسر لە پلەی (٩٨) مین وڵاتی جیهان بووە لە کۆی (١٧٨) وڵات بۆ پلەی گەندەڵی، ئەم گەندەڵیانەش هۆکارەکانی روون بوون ئەویش بریتی بوون لە هەژاریو دەستکورتی.. چونکە بەپی ڕاپۆرتی سەلمێندراوی ساڵی ٢٠١٠ لە ٤٠٪ خەڵکی میصر لە ژێر هێڵی هەژارییەوە بوون! کە ڕۆژانەیان نزیکی ٢ دۆلار ئەکات بۆ هەر تاکێکی میصری، هاوکات ڕێژەی هەژاری لە هەندێك پارێزگای نزیکەی لە (٧٠٪) بووە بۆنمونە لە پارێزگای ئاسیوت ڕێژەی هەژاری (٦٩٪) بووەو لە پارێزگای سوهاج (٥٩٪) بووە، هەربۆیە لە ساڵی ٢٠٠٨وە کە نارەزایەکان بەرانبەر بە بەرزبونەوەی نرخو بەرزی باجو کەمی موچە سەریهەڵدا.

**ج- زیاد بوونی ژمارەی دانیشتووانو زۆربوونی هەژاری**

میسر دووەم وڵاتی گەورەیە لە رووی دانیشتوانەوە لە ئەفریقادا پاش نێجیریا، گەورەترین دەوڵەتیشە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ،بەپێی ڕاپۆرتی دەزگای ئاماری میسر لە ساڵی ٢٠١١ دا دانیشتوانی میسر (٨٠ ملیۆنو ٩٦٣ هەزارو ٤٢٤) کەس بووە، لەگەڵ ئەوەی ساڵانە بە هەزاران گەنج لە زانکۆو پەیمانکاکان دەردەچوون بەڵام بێکار دەبوون ساڵانە ڕێژەی بیکاری رووی لە زیادبوون دەکرد، ئەمە سەرەرای ئەوەی کە ڕێژەی هەژاری بەرز بۆیەوە بۆ نزیکەی (٨٠٪) لەناو خەڵکدا کە لە ٤٠٪ یان تەواو لە ژێر هێڵی هەژارییەوە دەژیان

بۆیە لە ناویاندا چینی مامناوەند بوونی نەبوو هەر ئەو دوو چینە هەبوو یەكێكیان هەژاران بوون كە لە(٨٠٪) بوو لە (٢٠٪)ی تر دەســتی بەســەر هەموو شتێكی ئەو وڵاتەدا گرتبوو كە بە هۆی ئەو ســەروەتو سامانەشیانەوە دەســتیان بەسەر هەموو شتێكی ئەو لە ٨٠٪ یەشدا گرتبوو.

**د- ناردنی گازی سروشتی میسر بۆ ئیسرائیل:**

لە ساڵی ٢٠٠٤ وە میصر چوار بەڵێننامەی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئیمزا كرد بۆ ناردنی گازی سروشــتی بۆ ئیسرائیل بە نرخێك كە زۆر لە نرخی بازاڕ هەرزانتر بوو، ئەو بەڵێننامانەش تا ســاڵی ٢٠٣٠ بەردەوام دەبێت، ئەم گرێبەســتانەش بوونە هۆی زیاتر گرژبوونی باری سیاســی لە میسردا، چونكە ئەو كەســانەی لەم بوارەدا كاریان كردووە ئەوە را دەگەیەنن دەبێت شتێك كاتێك بنێردرێتە دەرەوە كە ئەو شتە لە خۆیان زیاد بێت نەك وەك میسر خۆی پێویســتی بەو گازە هەیە، جگە لەوەی كە هیچ شــەفافیەتێكیش نەبوو لەو گرێبەستانەدا وەك داهاتو وەك خەرجیش! هەموو ئەم كارانەش تەنها لە ڕێگەی بنەماڵەو دارودەســتەی حوســنی موبارەكەوە بەڕێوە دەبرا كە چەندەها كۆمپانیای زەبەلاحیان دروست كردبوو بۆ لوشــدانی سەروەتو سامانی ئەو وڵاتە، لەو ســەرو بەندەدا دادگای میصری داوای كرد كە چاو بخشێندرێتەوە بەنرخی ئەو گازەدا كە رەوانە دەكرێت بۆ ئیسرائیل كە بۆ هەرمەترێك (٢٫٥٪) دۆلار بوو لە جیاتی ئەوەی كە(١٠ دۆلار) بێت كە ئەوە نرخی جیهانییەتی، ئەمەش هەمووی لە دوتوێی ئەو ئاشتینامەیەدا دێت كە لە ساڵی ١٩٧٩ لە نێوان میسرو ئیسرائیلدا روویدا، ئەنوەر ساداتو ئیسرائیل لەسەری پێكهاتبوون، بەڵام حكومەت وەڵامی بڕیارەكەی دادگای نەدایەوە، ئەمەش یەكێكە لەو هۆكارە سەرەكیانەی كە زیاتر هەژاری گەلی میصری لێدەكەوتەوە.

## ٢- هۆكارە راستەوخۆكان

**أ- هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی گەل**

هەڵبژاردنەكانــی ئەنجومەنی گــەل پێش دوومانگ لە خۆپیشــاندانەكان كرا كە حزبی دەســەڵاتدار لە ٩٧٪ كورســییەكانی ئەنجومەنەكەی بەدەستهێنا، ســەرجەم لایەنەكانی پۆزســیۆن تەنها (٣٪)ی كورســیەكانیان هەبوو، ،ئەمەش بووە هۆی ئەوەی كە خەڵكێكی زۆر تووشــی پیشــخواردنەوە بــوونو بەتەواوەتی ئــەو هەڵبژاردنە بە ســاختە لە لایەن هەموولایەكەوە وەصف دەكرا لەگــەڵ ئەوەی ئەمە كارێكی تەواو پێچەوانەی واقعی حاڵی شــەقامی میصریو لە دەســتدانی متمانەی قەزاو دادگاكان بوو، كە حیزبی دەســەڵاتدار چووبوە نێو هەموو جومگەكانیەوە .

**ب- کوژارنی خالد محمد سعید**

خالد محمد ســعید کە هاوڵاتییەکی میســریە، پاش ئەوەی لە رۆژی ٦ی یونیوی ٢٠١٠ لە ئەســکەندرەیەدا لە سەردەستی دووان لە هەواڵگرەکانی پۆلیسدا ئەشکەنجەیەکی زۆر ئەکرێتو گیانی لەدەســت ئەدات، بــەلام دوای لێکۆڵینەوەش لە دۆســیەکەی دادگا هیچ حوکمێکی دەرنەکرد بۆ بکوژانی ئەو گەنجە، ئەمە بوویە هۆی نانەوەی هەڵایەکی گەورە لە ناو خەڵکدا کە پێشەکییەك بوو بۆ هەڵگیرساندنی ئەم شۆڕشە .

**ج-سەرکەوتنی شۆڕشی گەلی تونسی**

شۆڕشــی تونس کە لە ١٧ی دیسەمبەری ساڵی ٢٠١٠ هەڵگیرسا واتە پێش ٣٨ رۆژ لە هەڵگیرســانی شۆڕشی تورەیی میسری، کاریگەری راســتەوخۆی لەسەر هاوڵاتیانی میسر هەبوو، کە میســریش وەك نارەزاییەك لــەو دۆخە نالەبارەی کە لــە رووی کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابورییەوە تووشی هاتووبوونو وەك پشتگیریکردنێکیش بۆ (محەمەد بوعەزیزی) کــە ئاگری لە خۆی بەردا، چەندین هاولاتیش لە میســر گڕیان لەجەســتەی خۆیان بەردا، هەریەك لە (محەمەد فاروق، ســەید عەلی، محەمەد عاشــور) لەقاهیرە خۆیان ســوتاندو لەئەسکەندەریەش (ئەحمەد هاشم) خۆی سوتاند.

**د-سایتو تۆرە ئەلکترۆنیە کۆمەڵایەتیەکان**

دووگەنجی میسری هەستان بە دروستکردنی ژوورێك لە فەیسبوك بە ناوی «هەموومان خالد ســعیدین» ئەوانیش: وائیل غەنیمو عەبدولرەحمان مەنســور) بوون کە هەستان بە دیاریکردنــی ٢/٢٥ بــە رۆژی تورەیی میســر ئەمەش ژمارەیەکــی زۆری هاولاتی بەدەم داواکەیەوە چوون، سەرەتا ئەو رۆژی ٢٥ ی مانگە تەنها ئەو کەسانە هاتن بەدەمیانەوە کە لە رێگەی فەیسبووکەوە بەڵێنیان بە یەکدابوو کە بێن بۆ خۆپیشاندانەکان ،پاشان سەرجەم چینو توێژەکانی تری میصر لەگەڵیان تێکەڵ بون ئەوە بووە سەرەتای دەستپێکی شۆرشی گەورەی میسر.

**هـ- سەرۆکی وڵات حوسنی موبارەك**

یەکێــك لــە هۆکارەکانی هەڵگیرســانی شۆرشــی میســر، خراپــی ئەداو سیاســەتە ســەرکوتکەریەکانی محەمەد حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر بوو، حوسنی موبارەك کە ماوەی ٣٠ ســاڵ حوکمرانی میسری کردو لە ١٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٨١ لەدوای تیرۆرکردنی ئەنوەر ساداتەوە ســەرۆکایەتی میســری وەرگرتو لە ٢٦ی یەنایەری ١٩٨٢ هەڵبژێردرا بەسەرۆکی (حیزبی نیشتیمانی دیموکراتی)، موبارەك کە لە ساڵی ١٩٤٩ کۆلیجی زانستی ســەربازی تەواوکردووە هاوکات بەکالۆریۆسی لە زانســتی فرۆکەوانی بەدەستهێناوە، لە ساڵی ١٩٧٢ دا بووە فەرماندەی هێزە ئاسمانیەکان. **(بڕوانە وێنەی ژمارە ٤)**



**وێنەی ژمارە ٤**

لەسەرجەم هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا زۆرینەی رەهای دەنگەکانی بەدەستهێناوە بەجۆرێك لە دوا هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا لە ساڵی ٢٠٠٥ دا رێژەی (٨٨،٥٧٪) ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە . سەرەرای شێوازی ئیستبدادی موبارەك لەبەرتەسکردنەوەی بەشداری سیاسیو رێگریو ئاستەنگ دروستکردن بۆ ئۆپۆزسیۆن، کەسەنزیکەکانی موبارەك رۆڵی گەورەیان هەبوو لە گەندەڵی ئیداریو سیاسی، لەم ساڵانەی دواییدا کە نەخۆشی تەنگی پێهەڵچنیبو، موبارەك لە هەوڵدا بو، هاوشێوەی بەشار ئەلئەسەدی سوریا، رێگا بۆ (جەمال) ی کوڕی بکاتەوە تا لە رێگەی حیزبی دەسەڵاتدارەوە بەرەو سەرۆکایەتی هەنگاوی پێبنێت، هەریەك لە (جەمالو عەلای موبارەك) بەتەواوی دەستیان خستبووە کاروباری بازرگانی وئابوریەوە بەجۆرێك لە (٢٥٪ بۆ ٥٠٪) سویان لە سەرمایەدارو کارگەو کۆمپانیا بازرگانیو پیشەسازیەکان وەردەگرت. هاوکات حوسنی موبارەك خۆی بە پێی بریارێکی ئەنجومەنی گەلی میسری خۆی سەرپشك بوو لە هەر گرێبەستێکی کرینی چەكو کەرەستەی سەربازی بۆ میسر، هەربۆیە گرێبەستی لەگەڵ گەورەترین کۆمپانیا نایاسایەکانی سەربازی دەکرد لە جیهاندا. بەجۆرێك لە دوایین ئاماری نارەسمیدا دەردەکەوێت کە موبارەك خاوەنی (٧٠ ملیار دۆلار) ە.

**(بروانە خشتەی ژمارە ٢)**

هه‌ڵبژاردنی سه‌رۆكایه‌تی میسر 2005

| كاندید | حزب | دەنگەكان | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| محمد حسنى السيد مبارك | الوطني الديمقراطي | 6316784 | % 88.571 |
| أيمن عبد العزيز نور | الغد | 540405 | % 7.577 |
| نعمان محمد خليل جمعه | الوفد الجديد | 208891 | % 2.929 |
| أسامة محمد عبد الشافي شلتوت | التكافل الاجتماعي | 29857 | % 0.419 |
| وحيد فخري الأقصري | مصر العربي الاشتراكي | 11881 | % 0.167 |
| إبراهيم محمد عبد المنعم ترك | الإتحاد الديمقراطي | 5831 | % 0.082 |
| ممدوح محمد أحمد قناوي | الدستوري الاجتماعي الحر | 5481 | % 0.077 |
| أحمد الصباحى عوض الله خليل | الأمة | 4393 | % 0.062 |
| فوزي خليل محمد غزال | مصر 2000 | 4222 | % 0.059 |
| السيد رفعت محمد العجرودى | الوفاق القومي | 4106 | % 0.058 |
| كۆی گشتی | - | 7131851 | % 100 |

**خشته‌ی ژماره ٢**

## ٣- ڕووداوه‌كانی ناو شۆڕشه‌كه

ئاماره‌كان ئه‌وه ده‌خه‌نه ڕوو، كه سه‌رجه‌می ئه‌وانه‌ی كوژران ٣٦٥ كه‌س بوون به‌ڵام باسی كوژرانی چه‌نده‌ها كه‌سی تر ده‌كرێت كه هێزه ئه‌منیه‌كان فڕأندوویانه‌و كوژراون یاخود دیار نه‌ماوون به‌پێی هه‌ندێك سه‌رچاوه‌ی ناوخۆیی كوژراوه‌كان خۆیان ئه‌ده‌ن له نزیكه‌ی ٥٠٠ كه‌س به‌جۆرێك له‌قاهیره (٢٣٢) كه‌س‌و له پارێزگای ئه‌سكه‌نده‌ریه (٥٢) كه‌س‌و له سوه‌یس (١٨) كه‌س كوژران‌و به‌هه‌زارانیش بریندار بوون. به‌ڵام سوپا له شۆڕشی ٢٥ی یه‌نایه‌ردا بێلایه‌نی خۆی پاراست. هه‌روه‌ك محه‌مه‌د حسین هه‌یكه‌ل، سیاسه‌تمه‌دارو ئه‌دیبی گه‌وره‌ی میسر له چاوپێكه‌وتنێكدا رایگه‌یاند. له موشیر ته‌نتاوی وه‌زیری به‌رگری میسرم پرسی بۆچی، ڕێگه‌ت نه‌دا سوپا ڕووبه‌ڕووی خۆپیشانده‌ران ببێته‌وه ڕێگریان لێبكات. وتی له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ئه‌و سوپایه بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی هێزی ده‌ره‌كی‌و به‌رگری دوژمنی

دەرەکی ئامادەکراوە، هیچ لە شـێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپیشـاندانی مەدەنی ناوخۆ نازانێـت، خۆ ئەگەر ڕێگەمان بدایە سـوپا ڕووبەڕوویان ببوایەتـەوە ئەزانی چی لافاوێکی خوێن درووست دەبوو.

لە کاتژمێر شەشـی ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٢٠١١/٣/١١ جێگری سـەرۆك کۆمار عومەر سـولەیمان لە بەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیان کە: موبارەك وازی لە سەرۆکایەتی وڵات هێناوە دەقی بەیانەکەش بەم شێوەیە بوو :

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

(ئەی هاوڵاتیانی خۆشەویست! لە چوارچێوەی ئەو دۆخەی وڵاتەکەمانی پێدا تێدەپەڕێت، سـەرۆك حوسنی موبارەك بڕیاریدا وەك سەرۆك کۆمار واز لە دەسەڵاتەکەی بێنێتو هێزی عەسکەری راسـپێردرا بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، خوای پەروەردگار پشت وپەنای هەمووولایەك بێت) .

لەگـەڵ بڵاوکردنـەوەی ئەو هەواڵەدا، بە ملیۆنەها خەڵك ڕژانە سـەر شـەقامەکان لە هەموو شـارو شـارۆچکەکانی میسردا دەسـتکرا بە ئاهەنگگێران بەو بۆنەیەوە کەسی وا هەبوو لە خۆشـی هەواڵەکە لە هـۆش خۆی دەچوو هەر ئەوەندەی نەبرد ئەم خۆشـیو ئاهەنگانـە هەموو وڵاتانی عەرەبیشـی گرتەوە، هەر لەگەڵ ئەو واز هێنانانە دەسـتکرا بە زنجیرە دەستلەکارکێشـانەوەی وەزیرەکانی حکومەت بـە تایبەت وەزیری ناوخۆ حبیب العدلیو وەزیری گەشـتوگوزارو دانیشـتوانو زۆربەی وەزیرو داروەدستەکانیان لە هەمان کاتدا ڕێگری سـەفەرکردنیان لێکرا تا بهێڵرێنەوە بۆ دادگایکردن لەسەر ئەو هەمووە زوڵم وبەهەدەردانەیان کە لە سەروەتو سامانی گشتیدا ئەنجامیان داوە.

ئەوەی گرنگ بوو لەم شۆڕشـەدا ئەوەبوو کاردانەوەی زۆربـەی زۆری چینو توێژەکانی گەل بوو هەرچەندە حکومەت سـەرەتا ویسـتی خۆپیشـاندانێکی دەستکرد دروست بکات بۆ هێنانەوەی بارەکە بەلای خۆیدا، کەچی ئەو شـانۆگەرییە زیاتر ڕسـوای کردنو زاراوەی «بەڵتەجی» هێنایە ناو ڕاگەیاندنەکان، زۆرێك لەو بەڵتەجییانە هێزەکانی ئاسایش بوون جلو بەرگی مەدەنیان لە بەرکردبوو، بـەڵام ئەوەندەی پێنەچوو پێکدادان لە نێوانیاندا ڕوویداو خەڵکێکـی زۆر لەوێدا کوژرانو بریندار بوون، ئـەوەی جێگەی تێڕامان بوو ئەوەبوو تاوەکو ئەو پێکدادانە ڕووی نەدا خەڵکەکە ئەوەندە سـورنەبوون لە سەر ڕووخانی دەسەڵات بەڵام کە دەسـەڵات ئەوەی ئەنجامدا بە دەستی خۆی گۆڕی بۆخۆی هەڵکەند چونکە ئەو خەڵکە بەجارێك تەقیەوە بە ڕووی دەسـەڵاتدا، هەربەو هۆیەشەوە هەموو بۆچوونی نێودەوڵەتـیو ئیقلیمی گۆڕا لە قازانجی شۆڕشگێران. [٦]

[٦] حەکیـم ئەبوبەکر، ڕاپۆرتێکی مەیدانی لە مەیدانی تەحریری میصرەوە چۆنیەتی سـەرکەوتنی ئەو شۆڕشە دەگێڕێتەوە، سایتی ناوەندی ئەیوبی
http://aubyc.com/mezhunasi/155_mezhuy_hawcharkhy_islamy/321_maedani_tahrer

## چوارەم/ سیما هاوبەشەکانی

## هەرێمی کوردستانو وڵاتانی بەهاری عەرەبی

لەگەڵ ئەوەی دۆخو ژینگەی سیاسیو کۆمەڵایەتی هەرێمیو کوردستان جیاوازە لە بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی ولاتانی عەرەبی، بەڵام لە نێوان بارودۆخی ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیستمی حوکمرانی هەرێمی کوردستانو رەفتاری کارەکتەرە سیاسیەکانی، دەیان خاڵی لێکچوون هەیە لەگەڵ بارودۆخی ئەو وڵاتانەی بەهاری عەرەبی گرتونیەتیەوە لە رووی ژیانی سیاسیو سیستمی حوکمرانیو کارەکتەرە سیاسیەکانی لەوانەش :.

١- سیستمی حوکمرانی لە ولاتە عەرەبیەکاندا سیستمێکی ئیستبدادی تاکرەوی تاك حزبیە، کە حیزبی حوکمران لە هەڵبژاردنەکاندا زۆرینەی رەهای دەنگەکانی بەدەست دەهێنا، بەهۆی بەرتەسکردنەوەی ئازادیو دیموکراسیەوە، لە هەرێمی کوردستانیش لە سەروبەندی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتدا هەرێمی کوردستان لەلایەن دوو حیزبی باڵادەستەوە بەڕێوەدەبراو تەواو جومگە گرنگەکانی حوکمرانیان لە نێوان خۆیاندا بەشکردبوو.

٢- لە هەڵبژاردنەکاندا بەهۆی رەخساندنی بارودۆخێکی تایبەت لەبەرژەوەندی حیزبی فەرمانرەوادا سەرۆك زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست دەهێنا، بەجۆرێك لە دواین هەڵبژاردندا کە لە ٢٠٠٩ بەڕێوەچوو بن عەلی (٨٩،٦٢٪) ی دەنگەکانی بەدەست هێنا وحوسنی موبارەکی سەرۆکی میسریش لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ساڵی ٢٠٠٥ دا رێژەی (٨٨،٥٧٪) ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، هاوکات لە هەرێمی کوردستانیش لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا لە ٢٠٠٩/٧/٢٥ مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نزیکەی (٧٠٪) دەنگەکانی بەدەستهێنا.

٣- لە وڵاتانی بەهاری عەرەبیدا خزمو کەسە نزیکەکانی سەرۆك تەواوی پۆستە باڵاکانیان کۆنترۆڵکردووەو دەستیان گرتووە بەسەر سامانو بازرگانی وڵاتدا، بە نمونەی تونس لەیلا تەرابلوسی هاوسەری بن عەلیو براو کەسە نزیکەکانی خاوەنی سەرمایەیکی گەورەبوونو دەستیان گرتبوو بەسەر تەواوی بازرگانی وئابوریو سەربازی ولاتدا، لە هەرێمی کوردستانیش کورو براو برازای سەرۆكو بەرپرسە باڵاکان تەواوی پۆستەکانیان لەدەست خۆیاندا کۆکردۆتەوەو کۆنترۆڵی بازارو کۆمپانیاو بازرگانیان کردووە.

٤- بڵاوبوونەوەی گەندەڵی بە رێژەیەکی بەرز لە ولاتانی تونسو میسرو وڵاتانی تری بەهاری عەرەبی بەهۆی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەوە لەلایەن بنەماڵەو کەسەکانەوە، بەجۆرێك بەپێی راپرسی رێکخراوی(شەفافیەتی نێودەوڵەتی) رێژەی گەندەڵی لە ساڵی ٢٠١١ لە تونس لە (٨٠٪) بووە، لە میسریش رێژەی لە ساڵی ٢٠١١ دا (٦٤٪) بووە، هاوکات میسر لە پلەی (٩٨) مین وڵاتی جیهان بووە لە کۆی (١٧٨) وڵات بۆ پلەی گەندەڵی،

لە هەرێمی کوردستانیش گەندەڵی گەیشتبوە ئاستێك کە تەواوی دامو دەزگاکانی گرتبووە بە جۆرێك لە ساڵی ٢٠١١ بە پێی ئاماری رێکخراوی سەفافیەتی نێودەوڵەتی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە لەکۆی ١٨٢ دەوڵەت لە پلەی ١٧٥ مین دەوڵەتی جێهاندایە، بەو پێیەش دۆخی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی تری عێراق باشتر نیە.

٥- سەبارەت بە رێژەی بێکاریش کە بەشێك لە هۆکارەکانی شۆرشی ولاتانی عەرەبی بەهۆی بێکاریەوە بووە، بە جۆرێك بەپێی خستنە رووی ئاماری پەیمانگای نیشتیمانی بۆ ئاماری تونس، رێژەی بێکاری لە تونس لە ساڵی ٢٠١٠ دا (١٨,٣٪) بووە، بەڵام لەناو توێژی گەنجاندا رێژەی بێکاری گەیشتۆتە لە (٣٧,٨٪)، لە میسریش رێژەی بیکاری لە (٣٤٪) بووە، لە هەرێمی کوردستایش بەپێی وتەی سەرۆکی مونتەدای ئابوری کوردستان، رێژەی بێکاری (١٨٪) یە.

٦- لەو ولاتانەی کە شۆرشی عەرەبی گرتونیەوە رێژەی هەژاری لە ئاستێکی بەرزدا بووە، بە جۆرێك لە تونس رێژەی هەژاری لە ساڵی ٢٠١٠ دا گەیشتۆتە (٢٤,٧٪)و بەڵام رێژەی هەژاری لە ویلایەتی سەیدی بوزەید شوێنی نیشتەجێبوونی (محەمەد بوعەزیزی) لە (٤٠٪) بووە، هاوکات لە میسر لە ساڵی ٢٠١٠ لە ٤٠٪ خەڵکی میسر لە ژێر هێڵی هەژارییەوە بوون! هاوکات رێژەی هەژاری لە هەندێك پارێزگا نزیکەی لە (٧٠٪) بووە، لە هەرێمی کوردستانیش رێژەی هەژاری لە (١٠٪ بۆ ١٢٪) بووەوو لە هەندێك پارێزگای عێراق زیاتر لە (٥٠٪)یە.

٧- تەواوی ئەو حزبە حوکمرانو سەرکردانەی کە دەسەڵاتیان کۆنترۆڵکردووە، لە ولاتانی عەرەبی کە بەهاری عەرەبی گرتونیەتیەوە، لە رێی شۆرشو خەباتەوە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەستو وەكو شۆرشگێری سەردەمی خۆیان بوونو بەناوی شۆرشەوە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، لە هەرێمی کوردستانیش هەردوو حیزبی باڵادەست بەناوی شۆرشگیریو خەباتەوە دەسەڵاتیانگرتۆتە دەستو هەمیشە شۆرشو خەبات بە خەڵك دەبەخشتنەوە.

٨- توندووتیژیو رووبەرووبونەوەی شەقامو خۆپیشاندانەکان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە بە گوللەو کوشتنی خۆپیشاندەران بە جۆرێك لەشۆرشی تونسدا زیاتر لە ٣٠٠ کەس کوژرانو بە سەدانیش بریندار بوونو لە میسریش بەپێی ئاماری رەسمی ٣٦٠ کەس کوژرانو زیاتر لە ٢ هەزار کەسیش بریندار بوون، لە هەرێمی کوردستانیش لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتدا ١٠ کەس کوژرانو زیاتر لە هەزار کەسیش بریندار بوون.

٩- سایتو ماڵپەرە ئەلکترۆنیو تۆرە کۆمەڵایەتیەکان سەرمەشقو رێنیشاندەری شۆرشەکانی بەهاری عەرەبی کە زۆرجار بە شۆرشی فەیس بووك یاخود شۆرشی گەنجان دەناسران، لە هەرێمی کوردستایش ئەوەی خۆپیشاندانی کردوو سەرمەشقی خۆپیشاندەران بوو گەنجان بوونو چالاکیەکانیان لە ماڵپەرە کۆمەلایەتیەکانەوە دەخستە روو .

# بەشی سێیەم
# ڕووداوەکانی ١٧ی شوبات

- یەکەم/ ڕێگە خۆشکردن بۆ ١٧ی شوبات
- دووەم/ ئامادەکاری بۆ خۆپیشاندانەکە
- سێیەم/ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکە
- چوارەم/ تەقەکردن لە خۆپیشاندەران
- پێنجەم/ کاردانەوەکانی ١٧ی شوبات

## یەکەم/ ڕێگە خۆشکردن بۆ ١٧ی شوبات

دوای ئـــەوەی لـــە ١١ی ئازاری ٢٠١١ حوســـنی موبارەکی ســـەرۆکی میســـر دەســـتی لەکارکێشـــایەوە، ئەم ڕووداوە کاریگەری گەورەی لەســـەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان درووســـتکردو جموجوڵی نارەزایی شـــەقامی هەرێمی کوردســـتانی گرتەوە، بەو هۆیەوە لەچەند شـــوێنێکی گشتی لافیتەی پیرۆزبایی هەڵدەواســـراو لە یەکێك لە لافیتەکاندا کە لە ســـلێمانی هەڵواســـرابوو هاتبوو (پیرۆزبێت روخانی دیکتاتۆرێکی تر، نوخشـــە بێت لە دیکتاتۆرەکانی تر).

هاوکات لە تۆرە کۆمەڵایەتیەکانیش بەتایبەت فەیس بووك، چەندین گرووپ درووســـت بـــون کە هانی گەنجانیان دەدا بۆ خۆپیشـــاندانو نارەزایی وەك(گرووپـــی راپەرینی نێرگز، تورەبوونی کورد، خۆپیشاندانی سەرتاسەری)

لە پەیامەکانیاندا گروپو پەڕەکانی فەیسبوك لە هەرێمی کوردستان کە بۆ ئەو مەبەستە دروســـتکراون، نارەزایی‌و بێزاری خۆیان دەربڕیوە لە بەرامبەر بەرتەسککردنەوەی مەودای ئازادی رادەربڕینو گەندەڵی‌و نایەکسانی‌و نەبونی خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکان لە هەرێمی کوردستانو هاوکات دو حیزبە دەسەڵاتدارەکەی هەرێمی کوردستان بە بەرپرسیاری یەکەم دەزانن لە ئاست سەرجەم ئەو حاڵەتو دیاردە دزێوانەی هاتونەتە ئاراوە.

یەکێك لە دەســـتەی دامەزرێنەرانی ئەو گروپانە لەســـەر ماڵپەڕی فەیسبوك، کە بۆ ئەو مەبەســـتە دامەزراوەو نەیویست ناوی ئاشـــکرابکرێت، راگەیاندووە: لەگەڵ دروستکردنی گروپەکەیـــان، لەلایـــەن هەزارەها کەســـەوە پشـــتیوانی لـــە داواکەیان کـــراوەو بەدەم بانگهێشتەیانەوە هاتون بۆ خۆپیشاندان.[٧]

لەنێـــو ئەو نارەزایی‌و نیگەرانیەی هاوڵاتیاندا، لە بەرواری ٢٠١١/٢/١٤ تۆری بەرگری لە مافو ئازادییەکانی خەڵك (کە لە ساڵی ٢٠٠٤ لەلایەن ژماریەك چالاك وانو رۆژنامەنوس‌و یاساناسەوە دامەزراوە) لە راگەیەنراوێکدا پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی هەردو گەلی تونس‌و میسر دەکەن‌و رایدەگەیەنن کە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠١١/٢/١٧ کۆبونەوەیەکی جەماوەری لە بەردەرکی سەرای سلێمانی سازدەکرێت.

لەپەیامەکەدا هاتوە: پاش چەند رۆژێکی کەم لە نارەزایەتی جەماوەری‌و هاتنەسەرشەقامی گەلی تونس‌و میســـر دژ بە دیکتاتورەکانیان، ســـەرەنجام دەسەڵاتی ســـتەمکارو پڕچەك لەبەرامبەر تورەبون‌و فشاری مەدەنیانەی خەڵك چۆکی داداو سەرۆکەکانیان شاربەدەرکران‌و خۆری دەسەڵاتی ستەمکاریان ئاوابو، بۆیە ئێمە وێڕای پیرۆزبایی گەرممان لەو سەرکەوتنە،

[٧] شۆڕشی فەیس بووك، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/١٤ /
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=33869&cat=1

پشتیوانی لە ئیرادەو داخوازیەکانی ئەو گەلە ئەکەین، چونکە ئێمەی خەڵکی کوردستانیش دوچاری هەمان قەیرانی سیاســیو ئابوریو کۆمەلایەتی هاوشێوەی میسریو تونسیەکان بوینەتەوە».

هاوکات هۆشداریش دەدەنە دەسەڵات، کە «هەرچی زوترە بکەونە خۆتان بۆ ئەنجامدانی چاکســازی ریشەیی لە تەواوی کایە سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیەکانداو لەماوەیەکی زۆر کورتدا بەعەمەلی وەڵامی داخوازیو پرسیارە چارەنوسسازەکانی خەڵك بدەنەوە، کە رۆژانە ئاراستەی دەسەڵاتی حاکمو حکومەتەکەی ئێوەی ئەکەن».

بەیاننامەکە ئەوەشی خستۆتە رووکە هەر لەوچوارچێوەیەدا بەهۆی سەرکەوتنی ئیرادەی تونسو میســریەکان بەســەر دیکتاتورەکانیاندا، بۆ هۆشــداری دانو بەخەبەرهێنانەوەی دەســەڵاتداران لە هەڵکردنی رەشەبای تورەی خەڵك لەســەر هەمان قەیران کە بەرۆکی خەڵکی کوردســتانی گرتوە، بۆ نەفرەت کردن لەجەنگو ئەگەری دوبارە دەستپێکردنەوەی شــەڕی ناوخۆ لە ئەنجامــی ململانێی حیزبە سیاســیەکانی کوردســتان، وا بڕیارە رۆژی (پێنجشــەممە) ٢٠١١/٢/١٧ سەعات ٢ی پاشــنیوەڕۆ لەبەردەرکی سەرای شاری سلێمانی کۆبونەوەیەکی جەماوەری مەدەنی بۆ راگۆڕینەوەو فشارخســتنە سەر دەسەڵات وسەرجەم پارتە سیاسیەکان سازدەکرێت.

**(بروانە پاشکۆی ژمارە ٤ دەقی راگەیەنراوی تۆڕی بەرگری لەمافو ئازادییەکانی خەڵك)**

ئاکــۆ خەلیزاد، ئەندامی تۆڕی بەرگری لەمافو ئازادییەکانی خەڵك بە ســایتی خەندانی رایگەیاند: ئێمە مەبەستمان خۆپیشاندان نییە، بەڵکو تەنها مەبەستمان گردبوونەوەیەکی مەدەنیانەی جەماوەرییە، دوور لەهەموو توندوتیژییەك.

هەروەها وتیشــی: «ئێمە سێ ئامانجمان هەیە لە گردبوونەوەکە، یەکەم پیرۆزباییکردن لەگەلانی تونسو میسر، کە لەرێگەی مایکێکی ئازادەوە هەموو کەسێك دەتوانێت بۆچوونی خۆی بڵێت، لەگەڵ ئاگادارکردنەوەی بەرپرســانی هەرێمی کوردسان بەوەی کە چاکسازی بنەڕەتی ئەنجامبدەن، پێشئەوەی کێشەکان گەورەتر بن، ئامانجی سێیەمیشمان داواکردنە لەهەموو هێزە سیاســییەکان کە بەشــێوەیەکی مەدەنــیو دوور لەتوندوتیژی، ململانێی سیاسیی بکەنو جارێکی تر پەنا بۆ شەڕی ناوخۆ نەبەنو بەئاشتییانە بژین».

ئەو ئەندامەی تــۆڕی بەرگری لەمافو ئازادییەکانی خەڵك، داواش لەســەرجەم لایەنو کەسو ریکخراوەکان دەکات، کەس خۆی نەکات بەخاوەنی چالاکییە مەدەنییەکەو هەرکەس خۆی بەخاوەنی بکات، ســەرکۆنەی دەکەینو سکالای یاسایی لەسەر تۆمار دەکەین، داواش لەهەموو لایەنو رێکخراوەکان دەکەین کە بەشدارییەکی مەدەنیانە لەچالاکییەکەدا بکەن، دوور لەهەر توندوتیژییەك. [٨]

[٨] بەیاننامەی تۆڕی بەرگری لە مافو ئازادیەکانی خەڵك، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/١٦/
http.//xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=21710&Jor=1

لەو سەروبەندەدا وەك نارەزاییەك بەرامبەر بە دۆخی هەرێمی کوردستانو چاولێکردنی شۆرشەکانی تونسو میسر کە بە خۆسوتانی هاولاتیان دەستی پێکرد، لە شاری سلێمانیش پێشمەرگەیەکی دیرین بریاریدا لە رۆژی ١٦ی شوبات لە سەرای سلێمانیو لەبەرچاوی کامێرادا خۆی بسوتێنێ، بەلام دوای ئەوەی نەوشیروان مستەفا بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ دەکات کە خۆی نەسووتێنێ، ئەویش داواکەی قوبوڵدەکاتو دەست لە بریارەکە هەڵگرت.

حەکیم مەحمود، ناسراو بە حەکیم ژەنگژی تەمەن (٤٣)ساڵ کە لە ساڵی ١٩٨١-١٩٨٩ پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی بووەو وازی لەو حیزبە هێناوەو خاوەنی ٦ منداڵەو دانیشتوی شارۆچکەی بازیانە، دو برای لە پێشمەرگایەتیدا شەهیدبونو برایەکیشی بەهەمان شێوە لەکاتی پێشمەرگایەتیدا کەم ئەندام بوە، راگەیاند: ئێمە پێشمەرگایەتیمان کرد بۆ دیموکراسیو ئازادیو دادپەروەری لە کوردستان، بەلام بەهۆی ئەو زوڵمو زۆرو نا دادپەروەریو گەندەڵیەی لە هەرێمداو لە ئێستادا دەیبینینو دەسەلاتدارانی هەرێم لێی بەرپرسیارن، گەشتمە ئەو بڕوایەی خۆم بسوتێنمو ببمە مەشخەڵی ئازادی لە هەرێمو نارەزایەتیەکانی جەماوەری کوردستان.[٩]

هاوکات لەبەرامبەر هەوڵی خۆسوتاندنی ئەو هاولاتیە لە رۆژی ١٦ی شوبات کۆمەڵێك رۆژنامەنووس بەیاننامەیەك بلاودەکەنەوەو داوادەکەن لایەنەکانی دەسەلاتو ئۆپۆسیۆن واز لە هێرشکردنی سەر یەکتری بهێننو بەرپرسیارێتی ئەو رووداوانەش دەخەنە ئەستۆی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم.

لە بەیاننامەکەدا کە بەناوی خۆ سوتاندن رێگە چارە نیە، تکایە سەرۆکی هەرێم وەلام، هاتووە:

١. هەرچی زووترە رێگە لە هەرجۆرە کارێکی وەها بگیرێتو بە شێوەیەکی دور لەتوندوتیژیو گوێ لە هاولاتیانی کوردستانو خواستەکانیان بگیرێتو بە دەم کێشە هەنوکەییەکانی هاولاتیانی کوردستانەوە بێن.

٢. پێویستە هەردوو لایەنی دەسەلاتو ئۆپۆزسیۆن رێگە نەدەن هێرشی راگەیاندن بۆ سەر یەکتری بەو رادەیە چڕ بکەنەوە کە دانیشتوانی هەرێم بیر لە دووبارە کردنەوەی سیناریۆکانی میسرو تونس بکەنەوە.

٣. هەرێمی کوردستان موڵکی هەموو دانیشتوانەکەیەتیو پارتی ویەکێتی کارێکیان کردووە کە خەڵکانێك لەم ولاتەدا لە دەرەوەی ئەو دوو دەسەلاتەوەن خۆیان بە ناوەمۆ دەزاننو بێ بەش کراون لە هەموو داهاتو سەرچاوەیەکی ئەم هەرێمە، دەبێت ئەو دوو هێزە رێگەچارەیەك بگرنە بەر کە هەموو هاولاتیان خۆیان بە هاونیشتیمانی ئەم هەرێمە بزانن.

٩ ئەو پێشمەرگە دێرینەی بریاری خۆسوتانیدا، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/١٦/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=33924&cat=1

٤. دەبێت لێکۆڵینەوە بکرێت بۆ کێشـــەکانی ئەو هاولاتیەو هەموو هاوشێوەکانی‌و ڕێگە نەدرێت بە هۆی جیاوازی حیزبایەتی‌و بیرکردنەوەی سیاســـیەوە قوتو بژێوی هیچ کەسێك ببڕێت.

٥. لێپرســـراوی یەکەم لەبەرامبەر هەر ڕوداوێکدا کە لەکوردســـتاندا بکەوێتەوە هەر سێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێم‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و پەڕلەمان ولایەنەکانی ئۆپۆزسیۆنەو دەبێت بە زوترین کات ئەو بارە گرژەی کوردستان کۆتایی پێ بێت‌و کار نەکاتە سەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵك‌و پەککستنی پرۆسەی سیاسی لەکوردستان‌و ڕێگەی توندو چەك نەگیرێتە بەر.

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٥ دەقی بەیاننامەکەی ڕۆژنامەنووسان)**

لە سەرلە ئێوارەی ڕۆژی ١٦ی شوبات ژمارەیەکی زۆری گەنج لەبەردەرکی سەرای سلێمانی کۆدەبنەوەو هۆتاف دژی دەســـەڵاتی کـــوردی دەڵێنەوە. بەپێی هەواڵێکـــی ماڵپەری لڤین سەرلەئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، بە هەزاران کەس لە دانیشتوانی سلێمانی لە بەردەرکی سەرای شـــار کۆبوونەوەو بە هوتافکێشان داوای دەستلەکارکێشـــانەوەی بەرپرسانیانکردو بەردەرکی سەراشـــیان ناو ناوە مەیدانی تەحریر، بـــەوەی دەڵێن «ئێرە مەیدانی تەحریرە.. موبارەکتان لە بیرە..؟» وەکو ئاماژەیەك بۆ مەیدانی تەحریری قاهیرە کە خۆپیشـــاندەرانی میسری تێدا کۆدەبوونەوە.

شایەتحاڵێك لە ناو خۆپیشـــاندەرانەوە ڕاگەیاند «خۆپیشاندەران بە زۆری گەنجن‌و دەڵێن چۆڵی کەن ئەو کورســـییە میللەت هەموو برسییە». هەروەها ئەوەی ڕوونکردەوە هۆکاری ئەو ناڕەزایەتییە بۆ دەگەڕێتەوە کە بڕیاربووە ئەمڕۆ سەعات چوار هاولاتییەك لە بەردەرکی ســـەرای سلێمانی خۆی بستووتێنێت، وتیشی «خۆپیشاندەران بەردەوامن لە هوتاف کێشان‌و خۆپیشاندانەکە بەرەو گەرمبوون دەچێت».

هەروەها ئاسایشی سلێمانی لەناو ئاپۆڕای خۆپیشاندەراندا دەستیکردووە بە دەستگیرکردنی ژمارەیەك خۆپیشـــاندەر، بە پێ زانیاریەکان لڤین پرێس ژمارەیەك گەنج دەســـتگیرکراوان‌و ئێستا لای ئاسایشن. [١٠]

بـــەڵام بە وتەی نزار محەمەد، ئەندامـــی تۆڕی بەرگری لە مافو ئازادیەکانی خەڵك، ئەو گردبوونەوەیە دوای هەڵواســـینی لافیتەیەك هات لە ســـەرای سلێمانی لەلایەن (کۆمەڵێك لاوی نەتەوەیـــی) کە لەناو تۆڕی بەرگـــری لە مافو ئازادیەکانی خەڵـــك بوون، کە تیایدا نوســـرابوو، پیرۆزبایی لە ڕاپەڕینەکەی میســـرو تونس‌و ئازادیخوازانی جیهان دەکەین، لە ناوەڕاســـتی لافیتەکەشدا نوســـرابوو، با دوای سەربەخۆیی باشـــوری سودان، سەربەخۆیی باشوری کوردستان دەوڵەتی ژمارە ١٩٤ی جیهان‌و تێکشاندنێکی پەیمانی سایکس – بیکۆ بێت. **(بڕوانە وێنەی ژمارە ٥)**

---

[١٠] لەسلێمانی جوڵەی شەقام پەرەدەستێنێ، سایتی لڤین، ٢٠١١/٢/١٦ /
http://www.lvinpress.com/newdesign/Dreje.aspx?Jimare=2609




**وێنەی ژمارە ٥**

هەڵواسینی ئەو لافیتەیە گردبوونەوەیەکی خۆرسکی درووستکرد، سەرلە ئێوارەی ١٦ی شوبات، کە بە وتەی نزار محەمەد، گردبوونەوەکە چەندین درووشمی توندیان وتۆتەوەو ئەوانیش خەڵکەکەیان ئاگادار کردۆتەوە کە خۆپیشاندانەکە سبەی ١٧ی شوبات خۆپیشاندانەکەیە.

بەڵام ئەوەی بەتەواوی گردبوونەوەو نارەزاییەکانی درووست کرد، مانشێتی رۆژنامەی هاولاتی بوو کە نوسرابوو (پێنج شەممە لە سلێمانی خۆپیشاندانە)، رۆژنامەی هاولاتی لە ژمارە (٧٠٦) چوارشەممە ٢٠١١/٢/١٦ دا لە مانشێتی سەرەکی‌و لە هەواڵی سەرەکیدا گرنگی بە خۆپیشاندانەکە دابوو، سەرەرای مانشێتەکەی کە رایگەیاندبوو پێنج شەممە خۆپیشاندانە، لە ناوەڕۆکی هەواڵەکەیدا پەیامێکی تۆری بەرگری لە مافو ئازادیەکانی خەڵکی خستبووە روو کە لە پەیامەکەدا ئاماژە بەوە کرابوو؛ بۆ هۆشداریدان‌و بەخەبەرهێنانەوەی دەسەڵاتداران لە هەڵکردنی رەشەبا لەسەر هەمان قەیرانی میسرو تونس کە بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتووە، کۆبوونەوەیەکی جەماوەری مەدەنی بۆراگۆڕینەوەو فشارخستنە سەر دەسەڵات سازدەکەین.

ئەو هەواڵەی رۆژنامەی هاولاتی کاردانەوەیەکی گەورەی درووست کردوو بەتایبەتیش گەنجان زۆر بە پەرۆشەوەبوون بۆ خۆپیشاندان. **(بڕوانە وێنەی ژمارە ٦)**



Haier هایر

DAEWOO ELECTRONICS

MADE IN KOREA

# هاوڵاتی

www.hawlati.info

دانیشتنەکانی بارزانی ل ٥

وانەی یەکەمی شارلی شاپلین بۆ دەسەڵاتدارانی کورد ل ١٣

ڕۆیشتن بۆ خوێندن و کەوتنە کونجی زیندانەوە ل ١٦

## پێنجشەممە لەسلێمانی خۆپیشاندانە

**وێنەی ژمارە ٦**

## دووەم/ ئامادەکاری بۆ خۆپیشاندانەکە

دوای ئەوەی تۆڕی بەرگری لە مافو ئازادیەکانی خەڵك، نوسراوێکی ئاگادارکردنەوەیان دایە پارێزگاری سلێمانیو بڕیاریاندا گردبوونەوەیەك بۆ پشتگیری لە سەرکەوتنی شۆڕشەکانی تونسو میسر بکەن، بەرپرسانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئەندامانی تۆڕەکە ئاگاداردەکەنەوە کە نابێت خۆپیشاندان بکەن، بە بیانووی ئەوەی دۆخی هەرێمی کوردستان لەبار نیەو لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەیقۆزنەوە. دواتر ئێوارەی ڕۆژی ١٦ی شوبات مەکتەبی سیاسی یەکێتی، ئەندامانی تۆری بەرگری ئاگادار دەکەنەوە کە سەردانیان بکەن، بڕیاربوو لەلایەن کۆسرەت ڕەسوڵ جێگری سکرتێری گشتیو حاکم قادر کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتیەوە پێشوازیان لێبکرێتو گفتوگۆبکەن، بەڵام دوای ئەوەی لە مەکتەبی ڕێکخستنی یەکێتی لە سەهۆڵەکە کۆدەبنەوە بە بیانووی ئیشو کار کۆسرەت ڕەسول ئامادە نابێت، تەنها حاکم قادر لەگەڵیان دادەنیشێت، بەڵام لە ڕێی تەلەفۆنەوە کۆسرەت ڕەسوڵ لەسەر خەت دەبێت، بە وتەی نزار محەمەد ئەندامی تۆری بەرگری لە مافو ئازادیەکانی خەڵك، حاکم قادر پێیان دەڵێت کە نابێت خۆپیشاندان بکەن چونکە کاتەکەی لە بار نیەو دۆخەکە هەستیارە وبزووتنەوەی گۆران دۆخەکە دەقوازێتەوە، بەڵام ئەو ئەندامانەی تۆڕەکە سورن لەسەر ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکە، دواتر حاکم قادر پێیان دەڵێت: ئێمە هێزی پۆلیسو ئاسایش نانێرین بۆ پارێزگاریتان، بەڵام کە دەزانێت هەرسوورن لەسەرکردنی

خۆپیشاندانەکە، پێیان دەڵێت: ئێوە هەر دەیکەن دەیکەن، ئەوانیش دەڵێن بەڵێ، حاکم قادر بـــۆ ماوەیەك دەچێتە دەرەوەو تەلەفۆن دەکات دواتر دەگەڕێتەوە بۆلای ئەندامانی تۆڕەکەو مۆبایلەکەی بە گوێوە دەبێتو بەدەم گەڕانەوەوە تەلەفۆن دەکاتو دەڵێت: نە ئاساییش، نە دژە تیرۆر، نە پێشمەرگە، نە پۆلیس ......هتد، بەو مانایەی هیچ یەك لەو هێزانە هاوکاریان نەکاتو نەیان پارێزێت (هەرواش بوو رۆژی خۆپیشـــاندانەکە هیچ یەك لەو هێزانە ئامادە نەبوون لای خۆپیشـــاندانەکە)، دواتر حاکم قادر داویان لێدەکات بچنە پارێزگای ســـلێمانی مۆڵەت وەرگرن پێشـــیانی وتووە ئەوەی ئێوە کردووتانە ئاگادر کردنەوەیە، هەربۆیە دواتر ئەوانیـــش رازی دەبنو بەیانی ١٧ی شـــوبات دەچنە پارێزگای ســـلێمانیو داوا لە پارێزگار دەکەن مۆڵەتیان پێ بدەن، هەرچەند ئەمان داوای مۆڵەتیان نەکردووە بەو پێیەی پێشـــتر دەیان خۆپیشـــاندان کرا دژ بە یاسای خۆپیشـــاندان بەتایبەتیش ئەو بڕگەیەی تایبەتە بە مۆڵـــەت وەرگرتن، بە وتەی نزار محەمـــەد ئەندامی تۆڕەکە لەوێ هیچیـــان ئامادە نابێت نوســـینێك بەناوی مۆڵەتەوە بنوسێت، هەربۆیە فەرمانبەرەکەی پارێزگار خۆی دەینوسێتو پارێزگاریش رەزامەندی لەسەر دەدات بەڵام مۆڵەتەکە لە سەعات ٢ بۆ ٤ دەبێت.

کاتژمێر ١٠ی ســـەرلەبەیانی رۆژی ١٧ی شـــوبات پارێزگاری سلێمانی رونکردنەوەیەکی سەبارەت بە خۆپیشـــاندانەکەی کاتژمێر ٢ ی ١٧ی شوبات بڵاوکردەوە کە بڕیارە لە سەرا ئەنجامبدرێت، لە رونکردنەوەکەی پارێزگاری سلێمانیدا هاتووە: ئێمە لە پارێزگای سلێمانی بە هاوڵاتییانی خۆمانی رادەگەیەنین کە لەگەڵ خۆپیشـــاندانو مانگرتنو هەر چالاکییەکی تردا ین، کە بەپێی یاســـا دەبێت مۆڵەت وەربگرن تاوەکو ئێمەش هاوکاربین بۆ بەدیهێنانی ئامانجـــی خۆپیشـــاندانەکانو بتوانین کاری پێویســـت بکەین بۆ پاراســـتی ســـەلامەتیی خۆپیشاندەران، بەڵام پێویستە خۆپیشاندانەکان هێمنانەو لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا بن، هەروەها پێکەوە ئارامیو ئاسایشی شارەکەمان بپارێزینو بەهەمموو لایەکمان رێگە نەدەین هیچ کەسێك ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بەرەو کاری ئاژاوەگێڕیو مەبەستی تر بەرن، کە زیانی هەموومانی تێدایە.

**(بروانە پاشکۆی ژمارە ٦ رونکردنەوەیەك لە پارێزگاری سلێمانیەوە)**

## سێیەم/ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان

لەسەرای سلێمانی کاتژمێر ٢ خۆپیشاندانەکە دەستی پێکردو جەماوەرێکی زۆر کۆبوونەوە، سـەرتا ئاکۆی خەلیل زاد، کە مایکەکەی لە دەســتدابوو بەخێرهاتنــی هاولاتیانی کردوو، پیرۆزبایی لە گەلانی میسرو تونس کرد، دواتر وتاری تۆری بەرگری لە مافو ئازادییەکانی خەڵکی لەلایەن مامۆستا ئارامەوە خوێندەوەو لە وتارەکەیدا رایگەیاند: ئێمە وەك بەشێکی زۆری خەڵکــی کوردســتان ،جگە لە پیرۆزبای گەرممان لەو ســەرکەوتنە گەورەیەی گەلی راپەریوی تونس‌و میســر ،پشــتیوانی لە ئیرادەو داخوازیەکانــی ئەوگەلەئەکەین .چونکە ئێمەی خەڵکی کوردســتانیش دوچاری هەمان قەیرانی سیاســی‌و ئابــوری‌و کۆمەڵایەتی هاوشێوەی میسری‌و تونســیەکان بوینەتەووە، گەر تەواو لێکچونێکیش نەبێت ئەوا بێشك خاڵی هاوبەشــی پر لە مەینەتی‌و نەخۆشی سیاســی بەرۆکی ئەم دەسەڵات‌و حکومەتەی گرتوەتەوە.

لە وتارەکەیدا کە بەیاننامــەی تۆری بەرگری لە مافو ئازادیەکانی خەڵك بوو وتی: ئەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، لەسەروبەندی ئەم گۆرانکاییە گەورانەی کە رۆژهەڵاتی ناوەراســتی گرتوەتەوە، ئێمە وەك چالاکوانانی مەدەنــی‌و خەڵکانی ئازادیخوازو خەمخۆری ئەم وڵاتە هۆشــداری بەپەلە ئەدەینە ئێوەی دەســەڵاتدارو حکومرانــی ئەم هەرێمە، کە هەرچی زوترە بکەونە خۆتان بۆ ئەنجامدانی چاکســازی ریشەیی لە تەواوی کایە سیاسی‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتیەکاندا.

دواتــر نزار محەممەد ئەندامی تۆری بەرگری وتارێکی خوێندەوەو لە وتارەکەیدا ئاماژەی بەوەدا : باهۆزێك ناوچەکەی گرتۆتەوەو کوردستانیش بەدەر نیە لەو باهۆزەو چاکسازیش داواکاری ســەرەکی خەڵکی کوردستانە، پاشان چەند دروشمێکی وتەوەو خۆپیشاندەرانیش لەدوایەوە بە حەماســەوە دەیان وتەوە، وەك (بودجە بۆ خەلکی کوردستان..... نەك بۆ چەن کەسیکی مەکتەب سیاسیەکان)....(ئیرە کوردستانە مەرگی گەندەلکاران)

دواتــر چەندین وتاری تر خوێندرانــەوەو گەرم‌و گوریەکی زۆر بە خۆپیشــاندەران دیار بوو، دوای تەوابوونی خۆپیشــاندانەکەو کۆتایــی پێهێنانی لەلایەن تۆڕی بەرگری لە مافو ئازادیەکانی خەڵك.

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ٧)**



وێنەی ژمارە ٧

# چوارەم/ تەقەكردن لەخۆپیشاندەران

دوای كۆتایی هێنانی خۆپیشـــاندانەكەی ســـەراو كۆتایی هێنانی خۆپیشاندانەكە لەلایەن تـــۆڕی بەرگریەوە راگەیەنـــراو بەو وتەی نزار محەمەد ئەندامی تۆڕەكە ئەوان ســـەرقاڵی كۆكردنەوەی كەرەستەكانی گردبوونەوەكە بوون لە سەرای سلێمانی.

بـــەڵام ژمارەیەكـــی زۆری گەنجان بەرەو شـــەقامی ســـالم بەڕێكەوتن بـــەدەم رێگەوە درووشـــم دەڵێنەوە، دوای ئەوەی گەنجەكان بارەگای لقی ٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان جێدەهێڵـــنو دەگەنە بەردەم مەكتەبی رێكخراوە دیموكراتیەكانی یەكێتی، وەك ئەوەی لە وێنە ڤیدیۆیەكاندا دەردەكەوێت گەنجێك دەگەڕێتەوە بەســـەر شـــكاویو قسە بەو كەسانە دەڵێت كە لەسەر بینای لقی چوار وەستاون، كە هەندێكیان مەدەنینو هەندێكیشیان چەك بەدەستن، گەنجەكە رایدەگەیەنێت: لەوێوە لەناو ئەو بینایەوە بەردیان هاویشتو سەریان شكاندم، بەدەم گەڕانەوەوە دەڵێت: ئەوە ئەخلاقتانە... ئەوە ئەخلاقتانە.

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ٨)**



**وێنەی ژمارە ٨**

دواتر گەنجەکان کە بەردەم لقی ٤ی پارتیان جێهێشتبوو دەگەڕێنەوەو بەرد دەگرنە لقی چوارو جامەکانی دەشکێنن‌و دوای زیاتر لە ٢٠ خولەك لەسەر بینای لقی چوارەوە دەستریژی گوللە لە خۆپیشاندەران دەکرێت، بەتایبەتیش تەقەکان بە بیکەیسی‌و کلاشینکۆف راستەوخۆ ئاراستەی خۆپیشاندەران دەکرێت.

دیارە سەربانی لقی چوار ژمارەیەکی زۆری هێزی لێبووەو کە دیارە خۆیان ئامادە کردبوو، چونکە جۆرەها چەکی سوك‌و قورسیان پێبووە، بەهۆیەوە ٥٤ کەس دەبنە قوربانی، دواتر رووبەرووبونەوەی نێوان هێزەکەی ناو بینانی لقی چوارو خۆپیشاندەران تا کاتێکی درەنگ بەردەوام دەبێت.

بە وتەی د. ڕێکەوت حەمەڕەشید، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی لە ئەنجامی توندوتیژییەکانی ١٧ی شوباتی شاری سلێمانی ٥٤ کەس برینداربوون، د. ڕێکەوت وتیشی: لەو ڕێژەیە یەکێکیان کوژراوە بەناوی ڕێژوان عەلی‌و ٥٣کەسی تر بریندارن، لە نێوبریندارەکاندا رۆژنامەنوسێك‌و کارمەندێکی ئاسایش هەیەو دووانیشیان پۆلیسی چالاکیە مەدەنییەکانن. ئەمە سەرەرای دەستگیرکردنی نزیکەی ٦٠ کەسی دیکە بەتۆمەتی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکەدا.[١١]

[١١] هەواڵی خۆپیشاندانەکان، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/١٧/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=21745&Jor=1

گێڕانەوەکان سەبارەت بە بڕیاردانی تەقەکردن لە خۆپیشاندەران، دوو جۆرە، هەندێکیان ئامــاژە بەوە دەکەن لەو کاتەدا چەنــد جارێك هیوا ئەحمەد مســتەفا پەیوەندی بە فازل میرانی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی کردووە (دواتر لە ٢٠١١/٢/٢٣ کرا بە سکرتێری مەکتەبی سیاســی پارتی واتا تەنها دوای ٦ ڕۆژ لە ١٧ی شوبات) هەواڵی خۆپیشاندەرانی پێداوە، کە هیوا ئەحمەد پێی ڕاگەیاندووە هاتنە ســەرمان، ئەویش فەرمانی پێکردووە کە تەقە لە خۆپیشاندەران بکرێت.

لێکدانــەوەی دووەم ئەوەیە لەو کاتەدا هیوا ئەحمەد تەلەفۆنی بە گوێوە بووەو قســەی لەگــەڵ فازل میرانی کردووە، بەڵام بەرپرســێکی دەزگای پاراســتن لە لقی چواری پارتی فەرمانی تەقەکردنی کردووەو تەقەکراوە لەو کاتەدا هیوا ئەحمەد تەلەفۆنەکەی لەدەست دەکەوێتە خوارەوە.

بەڵام لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ بەرنامەی نەرینی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆز هیوا ئەحمەد ڕایگەیاند، یەکەم دەستڕێژی گوللە لای خۆپیشاندەرانەوە ئاراستەی لقی چوار کراوە، بەڵام کاتێــك بێژەرەکە لێی دەپرســێت، بەڵگەتان لایە، هیوا ئەحمەد دەڵێــت، نەخێر بەڵگەمان لانیە.

سەبارەت بەو کەسانەی کە لەلقی چواردا بوون بە وتەی هیوا ئەحمەد، زیاتر لە (٦٠٠) کەس بوون، چونکە پێشــتر شەوەکەی ئاسایيشی سلێمانی ئاگاداریان کردین کە سبەینێ خۆپیشــاندانەو وەك باس دەکرێــت هێرش تان بۆ دەکرێت، بەڵام ئاســاییش پێیان وتین خەمــی هیچتان نەبێت دەتان پارێزین، ئێمــەش جەماوەری خۆمان ئاگادار کردەوە کە بێنە لقی چوارو پشتێنەی ئەمنی درووست بکەن، ئەو ڕۆژە زیاتر لە (٤٠٠) کەسو هەمبرگرمان کڕی بۆ ئەو کەسانەی هاتبوونە لق .

ســەبارەت بە هاتنی خۆپیشاندەران بۆســەر لقی چواری پارتیو تێپەڕینیان لە لقی چوار هیوا ئەحمەد دان بە ڕاستیەکدا دەنێتو دەڵێت: بەشێکی زۆری خۆپیشاندەران لە لقی چوار ڕەت بووبوون دواتر گەڕانەوە.

هیوا ئەحمەد، ڕاشــیگەیاند: بەردبارانەکە ٢٧ دەقەی خایاندووە، لەو ماوەیەدا بەردەوام پەیوەندیمــان دەکرد بە هەموو دامو دەزگاکانەوە،هەندێکیان داخرابوونو هەندێکیشــیان وتیان هێزتان بۆ دەنێرین، ســەبارەت بە هەڵوێســتی ئەوانەی لەناو لقی چواردابوون هیوا ئەحمەد دەڵێت: بەشێك لەوانەی لە ناو لقی چوار بوون ترسان هەندێك ژنمان لەگەل بوون خۆیان کردبووە ژێر مێزەکانەوەو دەگریان چەندین هونەرمەندو تەنانەت ســێ مامۆستای ئایینیمان لەگەڵ بوو.

هیوا ئەحمەد ئاماژە بەوەش دەکات کە، پاســەوانێکی لقی چوار ترســاوەو توشی ئەعساب بووەو تا ئێستاش زمانی نیەو کەسو کارەکەی نایانەوێت باسی بکرێت، سەبارەت بەوەی بۆچی لقتان چۆڵنەکرد، هیوا ئەحمەد بە وتەی خۆی کە ٨ مانگو ١٧ ڕۆژ بەرپرسی لقی چوار بووە، ئاماژە بەوە دەکات، ئەگەر حیزبیش پێی بوتمایە لق چۆڵ بکە چۆڵم نەدەکرد لەو کاتەدا.

له وەڵامی پرسیاری بێژەرەكەی زاگرۆس كە بۆ ناچنە بەردەم دادگا، هیوا ئەحمەد دەڵێت ئەوە فەرمانی دەستگیركردنەكە هەیەو ئەمرۆنا سبەی هەردەچینە بەردەم دادگا.
بەڵام ئەوە سێ ساڵە خۆپیشاندانەكان كراوەو هاولاتی كوژراوە بەڵام تا ئێستا هیوا ئەحمەد بەرپرسی لقی چواری پارتی وەك بەرپرسی یەكەمی ئەو شوێنەی كە تەقەكانی لێكراوەو هاولاتی كوژراونو برینداربوون، نەچۆتە بەردەم دادگاو دادگاش نەیتوانیوە لێپرسینەوەی لەگەڵ بكات. [١٢]
**(بروانە وێنەی ژمارە ٩)**



**وێنەی ژمارە ٩**

١٢ ماڵپەری یوتیوب
http://www.youtube.com/watch?feature=player_embedded&v=RmQFc0X9uNo

هاوکات لەبەرامبەر درووستبوونی ئەو بارگرژیو ئاڵۆزییانەی لەکۆبوونەوە جەماوەرییەکەی شـــاری سلێمانی کەوتەوە، پارێزگای سلێمانی لیژنەی لێکۆڵینەوەی پێکهێناو لە سەعات ٧ی ئێوارەوە تا ســـەعات ٧ی بەیانی هاتوچۆشـــی قەدەغەکرد، لـــە بەیاننامەیەکدا پارێزگاری ســـلێمانی رایگەیاندووە: بەهۆی ئەو بارگرژیو ئاڵۆزییانەی لەکۆبوونەوە جەماوەرییەکەی ئەمڕۆی شـــاری ســـلێمانی روویاندا، پارێـــزگای ســـلێمانی لیژنەی لێکۆڵینـــەوەی پێکهێنا بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لەچۆنیەتی دروستبوونی ئەو بارگرژییانەو دۆزینەوەی هەموو ئەو کەســـانەی کەبوونەتە هۆی ئاژەوەگێڕیو کاری تێکدەرانەو تێکدانی باری ئاسایشی شاری سلێمانی.

ئەوەش خراوەتەڕوو کە: لەپێناو ئارامبوونەوەی بارودۆخەکەو گێڕانەوەی ســـەقامگیریی، بڕیارماندا لەســـەعات (٧)ی ئێوارەی ئەمـــڕۆ (٢٠١١/٢/١٧) تاوەکو (٧)ی ســـەرلەبەیانی رۆژی هەینی (٢٠١١/٢/١٨) هاتوچۆ لەناو شـــاری ســـلێمانی قەدەغە بکرێتو تەنیا رێگە بەئۆتۆمبێلی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشی ناوخۆو ئەمبولانسەکانی فریاکەوتنو هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی حکومی دەدرێت، داوا لەهاووڵاتیانی خۆشەویســـتو لایەنـــە پەیوەندیدارەکان دەکەین پابەندبن بەم بڕیارەوەو داواش لەسەرجەم هێزە ئەمنییەکان دەکەین ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.[١٣]

[١٣] هاتوچۆ لە سلێمانی قەدەغەکرا، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/١٧
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=21752&Jor=1

# پێنجەم/ کاردانەوەکانی ١٧ی شوبات

لەکاردانــەوەی ئــەو خۆپیشــاندان‌و توندوتیژیانەی ١٧ی شــوبات‌و قوربانیانی دەســتی پاسەوانەکانی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان، چەندین بەیاننامەی جیاجیا لەلایەن حیزب‌و لایەنە سیاسیەکانەوە بڵاوکرایەوەو هەڵویستی خۆیان سەبارەت بە رووداوەکە خستە روو.

### ١- پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردســتان وەك ئەوەی کارەســاتو کوشتن‌و خوێنڕشتنەکان لەلایەن لقی ٤ی ئەو حیزبەوە کراوە، بۆیە لەســەرەتای رووداوەکەدا بە نەغمەیەکی توندوو هێرش بەر قســەی دەکرد، لە بەیاننامەیەکدا هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان خراوەتەوە کە لە ١٧ی شــوباتو دوای رووداوەکە بڵاوکراوەتەوە لە بەشــێکی بەیاننامەکەدا هاتووە : ئاڕاســتەی خۆپیشــاندەران بە رێنوێنی هەندێك ئاژاوە گێڕ لە دژی بارەگای لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردســتان گۆڕدراو لەناو خۆپیشــاندەرانەوە چەکــدار هەبوون‌و دوای بەردبارانکردنی بارەگاکەو پەلاماری بارەگای لقی چواریان داوە.

بەیاننامەکە ئەوەشی خستۆتە روو، لەبەر ئەوەی دامودەزگا ئەمنییەکانی بەرپرس رۆڵی خۆیان وەك پێویســت نەگێڕاوە، ئەو هێزە پاساوانە ئاسایشە بچوکەی کە بۆ پارێزگاری لق دانراوە ناچار بوون بەرگری لە بارەگاکە بکەن.

لەنــاو ئاژاوەگێڕەکاندا لایەنگرانی حزب‌و رێکخراوی ناســراو هەن‌و ئەوەی جێگای داخە. هێزەکانی ئاســایش‌و پۆلیسی ناو شــاری ســلێمانی هیچ بەرگرییان لە بارەگای لقی٤ی پارتیمان نەکردو لێگەڕان ئاڕاستەی خۆپیشاندانەکە بە حەزی ئاژاوەگێڕان بڕواتو کۆنترۆڵی رێڕەوی خۆپیشاندانەکەیان نەکرد.

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٧ بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان)**

ئەم بەیاننامەیە کە چەند سەعاتێك دوای تەقەکردنەکەی بەردەم لقی ٤ هات، بەجۆرێك لە جۆرەکان گلەیی وگازەندەیە لە یەکێتی نیشــتیمانی کوردســتان بەوەی دەســەڵاتداری ناوچەکەیــەو نەیتوانیوە بەرگری لە بارەگاکانی پارتی بکاتو دیوێکی تری بەیاننامەکەش ســەرەرای بریندارکردن‌و کوشــتنی ئەو ژمارە گەنجە، پارتی خۆی بــە مەغدوورو بێتاوان دەداتە قەڵەم بەوەی هیچ کەســێك نەکوژرابێت، کە رەنگە ئەمە تەکتیکی جەنگی پارتی بوبێت بەوەی هێرش بکاتو کەس بیری بەلای ئەوەدا نەچێت کە زیانی پارتی تەنها (٤٨) جامی شوشە بووە، بەڵام پارتی خەڵکی کوشتووەو خوێنی رشتووە لە سلێمانی.

لەلایەن خۆشیەوە فازل میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان لـــە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریـــدا رایگەیاند: فێرنەبووینە تەعـــدا لەکەس بکەین‌و تەعدا لەکەســـیش قبوڵ بکەین، بۆیە ئەوانـــەی پەلاماری بارەگاکانمان بـــدەن تا بۆمان بکرێت دەستەکانیان دەبڕینەوە.

میرانـــی ئاماژە بەوە دەکات، بەداخەوە ئێمە ئیدارەی ســـلێمانیمان ئاگادارکردەوە لەوەی بەنیازن بێ ڕێزییەك لەشـــارەکەدا بەرامبەر بارەگای لقی ٤ یان بارەگایەکی دیکەی پارتی دیموکراتی کوردســـتان بکرێت. بەڵام پۆلیس‌و ئاسایشی ســـلێمانی پاراستنی بارەگاکانی ئێمەیان بەئەســـتۆی خۆیان گرت کە کۆنترۆڵی خۆپیشـــاندەرەکان دەکەن، هەر لەشوێنی دەســـتپێکردن تاوەکو شـــوێنی کۆتایی، هەروەها ئاماژەیدا کـــە پەلاماردانی بارەگای لقی چواری پارتی پیلانێکی پێشـــوەختە داڕێـــژراوەو روونیکردەوە، کـــە بەردبارانی لقیان کرد، لەگەڵ بەرپرســـی لقی چوار قســـەم کردو وتم تەحەمولی میللەتی خۆمان بکەین ئەگەر منداڵێك یا گێرەشـــوێنێك، بە بەردێك رای خۆیان دەردەبڕن ئەوا کێشـــەیەك نابێت، دواتر وتی ئەوا دەیانەوێت لەســـەر دیوار ئاودیوی ناو بارگای لق بن‌و لەوکاتە دەستڕێژی گولـلە دەستی پێکرد.

ئـــەم وتانەی میرانی ئـــەوە دەخاتە روو کە میرانی ئاگاداری تـــەواوی رووداوەکە بووەو لەســـەر خەت بووە لەگەڵ بەرپرسی لق، یەکێتیش بە بەرپرسیارو کەمتەرخەم دادەنێت لە رووداوەکە.[١٤]

لەلایەن خۆشیەوە هیوا ئەحمەد مستەفا، بەرپرسی لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دوای کاتژمێرێك لـــە رووداوەکەی بەردەم لقی چوار، بەردبارانکردنی لقی ٤ بە پیلانگێڕی ناودەبات‌و پێشی وایە ئەو خەڵکەی بەردبارانی لقی چواری پارتیان کرد لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە هاندراون.

هیوا ئەحمەد مســـتەفا، بە ئاژانســـی پەیامنێـــری راگەیاندووە: گـــۆڕان خەڵکێکی زۆری بۆ پەلاماردانی لقی ٤ هانداوەو هەر لەشـــوێنی دەســـتپێکردنی خۆپیشـــاندانەکەی ئەمڕۆ لەبەردەم دەرکی ســـەرا لەناوجەرگەی ســـلێمانییەوە بەو خەڵکەیان وتبوو هێرش بۆ سەر لقی چواری پارتی‌و بەگەیشـــتنیان بۆ بەردەم دەرگای لق دەســـتیان بەهوتاف کێشان کرد، ئێمە وتمان زۆر ئاساییەو ئەمە شـــتێکی مەدەنییانەیە، دواتر دەستیان بەبەرد بارانکردنی لق کرد، هیوا ئەحمەد وتیشـــی: لەراستیدا ئەم جۆرە کارانە خزمەت بە بەرژەوەندی شاری ســـلێمانی ناکات‌و جگە لەمەش پارتی دیموکراتی کوردســـتان پارویێکی هێندە بچووك نییە بۆیان قوت بدرێت.

---

[١٤] فازل میرانی، ئاژانسی پەیامنێر، ٢٠١١/٢/١٨ / 
**http://www.peyamner.com/PNAnews.aspx?ID=224045**

بەڵام دوای ساڵێكو لە چاوپێكەوتنەكەی كەناڵی زاگرۆسدا هیوا ئەحمەد دەڵێت، ناتوانم كەس تۆمەتبار بكەم بە پاڵپشتی ئەو رووداوە، بەو پێیەی رەنگە تۆمەتباركردنی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ ئەوە بگەڕێتەوە، كە گۆڕان لە بەرگریدا بێت نەك هێرش، چونكە پارتی دەزانێت چ كارەساتێكی خوڵقاندووە.[١٥]

ئەم لێدوانەی هێوا ئەحمەد كە كاتژمێر (٥:٤٧ خولەكی) ئێوارە واتا نزیكەی یەك كاتژمێر دوای كارەساتەكەی بەردەم لقی ٤، لە سایتی پەیامنێری سەربە پارتیەوە دابەزی، هاندانێكی گەورەبوو بۆ لایەنگرانی پارتی لە سـنوری هەولێرو دهۆك كە پەلاماری بارەگاكانی گۆڕان بدەن، هەربۆیە لە دوای ئەو لێدوانەوە بارەگاكانی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەولێرو سـۆران لەلایەن لایەنگرانی پارتیەوە سوتێنران.

لە لایەن خۆشـیەوە لە كۆنگرەیەكی رۆژنامەوانیدا لە شـاری هەولێر نێچیرڤان بارزانی، جێگری سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان رایگەیاند: پێشتر دەزگا ئەمنییەكانی پارتی لەوە ئاگادار بوونە، كە خۆپیشاندانەكەی بەردەركی سەرا نیازی خراپی هەبووە، بۆ هێرش كردنە سەربارەگاكانی پارتی لە شاری سلێمانیو ئیدارەی ئەو شارەیان لەوە ئاگاداركردووتەوە، بەڵام ئیدارەی سلێمانی كەمتەرخەمبووە، لەپاراستنی لقی چواری پارتی.

نێچیرڤان بارزانی ئاماژەی بەوەشـكرد، پێمانوایە ئەوانەی ئەم كارەیان كردووە، سەر بە لایەنی سیاسـی نین، بەڵكو گروپنو ویسـتوویانە كاری تێكدری بكەنو تەسەورمان نییە حزبە سیاسییەكان ئەو كارە بكەن، وتیشی ئیتیهامی كەس ناكەینو داوا دەكەین حكومەت لێكۆڵینەوە بكات، ئاماژەی بەوەشكرد، گۆڕان بەرپرس نییەو پەنجەی تۆمەت بۆ كەس درێژ ناكەینو لەگەڵ هەموویان حەز بە پەیوەندییەكی باش دەكەینو هەوڵیشی بۆ دەدەین.

بەڵام ئـەو وتەیەی نێچیرڤان بارزانـی لە كاتێكدا بوو كە فەرمانـی جولانی زێرەڤانی كردبوو لە هەولێرەوە بۆ سـلێمانیو پەلاماردانی بارەگای سەرەكی بزووتنەوەی گۆڕان لە گردی زەرگەتە.[١٦]

[١٥] بەرپرسی لقی چوار، ئاژانسی پەیامنێر، ٢٠١١/٢/١٧/
http://www.peyamner.com/PNAnews.aspx?ID=223957

[١٦] نێچیرڤان بارزانی، ئاژانسی پەیامنێر، ٢٠١١/٢/١٨ /
http://www.peyamner.com/PNAnews.aspx?ID=224083

## ٢- بزووتنەوەی گۆڕان

بـــەو پێوە دانگەی بەیاننامە ٧ خاڵیەکەی بزووتنـــەوەی گۆڕان کە ٢٠١١/١/٢٩ دەرچووو، کاریگەری گەورەی هەبوو لەســـەر شەقامی کوردیو دروستکردنی ئەو دەنگە نارەزاییەی کە لە شـــەقامی کوردیدا هەبوو، بۆیە هەرجوڵەو گردبوونەوەیـــەك بە کاری بزووتنەوەی گۆڕان دەدرایە قەڵـــەم لەلایەن (یەکێتیو پارتیەوە)، بەڵام بـــەردەوام بزووتنەوەی گۆڕان جەختی لەســـەر ئەوە دەکردەوە کە ئەو پەیامەکەی خۆی لەڕێگەی بەیاننامە ٧ خاڵیەکەوە خســـتۆتە روو، بۆیە بەتەمای هیچ جوڵەیەکی شەقام نیە، تەنانەت زۆرێك لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نەوشیروان مستەفا رایگەیاندووە، ئەو هەرگیز پلانی خۆپیشاندانی نەبووە لە ســـلێمانی بەڵکو دەیویست لە رێگەی خۆپیشـــاندانی نارەزاییەوە لەسەر کەمی خزمەتگوزاری، بازنەی خۆپیشـــاندانەکان لە هەولێرو سنوری دەسەڵاتی پارتی فراون بکات نەك سلێمانی.

### أ- گۆڕانو خۆپیشاندانی ١٧ی شوبات

لە زاری زۆرێك لە ســـەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە ئەوە خراوەتە روو کە ئەوان نە بەشداری خۆپیشاندانەکەی رۆژی ١٧ی شوباتیان کردوەو نە پشتیوانی، چونکە لە بەیاننامە ٧ خاڵیەکەدا بە روونی هەڵوێستی خۆیان خستۆتە روو بەرامبەر بە دۆخی سیاسی هەرێم، بەپێی ســـەرچاوەکان رۆژی ١٦ی شـــوبات مەســـعود بارزانیو نیچیرڤان بارزانی لە رێگەی ســـەلام عەبدولا بەرپرســـی پێشـــوی لقی چواری پارتیەوە، پەیام بۆ نەوشـــیروان مستەفا دەنێرن بەوەی ئایا نیەتی هێرشـــکردنە سەر لقی چوارو خۆپیشاندانیان هەیە، نەوشیروان مستەفاش پێی رادەگەیەنێت ئەوان هەرگیز نیەتی وایان نیەو بەشداری ئەو خۆپیشاندانەی ١٧ی شوباتیش ناکەن.

لەیەکـــەم کاردانەوەی بزووتنەوەی گۆڕان ســـەبارەت بە رووداوەکەی ١٧ی شـــوبات، لە لێدوانێکـــدا بۆ **KNN**، محەمـــەد تۆفیق رەحیم، وتەبێـــژی بزوتنەوەی گـــۆڕان رایگەیاند: بزوتنەوەی گۆڕان لە خۆپیشـــاندانەکەی ئەمڕۆی سلێمانیدا بەشداری نەکردو جەماوەریشی هان نەداوە بۆ بەشداریکردن تێیدا.

ســـەبارەت بەو کەســـانەش ئاڵاو دروشـــمی بزوتنەوەی گۆڕانیان لە ناو خۆپیشاندانەکە بەرزکردبوەوە، وتەبێژی گۆڕان وتی: ئەو کەســـانەی ئاڵاو دروشـــمی بزوتنەوەی گۆڕانیان بەرزکردوەتەوە لە ناو خۆپیشاندانەکەدا، پێدەچێت سەر بە حیزبەکانی دەسەڵات بوبن.[١٧]

[١٧] محەمەد تۆفیق رەحیم، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/١٧ /
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=33954&cat=1

دوابەدوای ئەو کاردانەوەیەش لە بەیاننامەیەکدا نەوشـــیروان مستەفا رێکخەری گشتی بزووتنـــەوەی گـــۆڕان، وێڕای ئیدانەکردنـــی رووداوەکە ئامادەیی بزووتنـــەوەی گۆڕانی بۆ هاوکاریکردنی دەزگا فەرمیەکان دەربڕیوەو لە دەقی روونکردنەوەکەیدا هاتووە:

ئاماژەی بەوەشکردووە: ئێمە بزووتنەوەیەکی سیاسی مەدەنین‌و بەهیچ شێوەیەك بڕوامان بە توندوتیژی‌و هێرشکردنەســـەر هیچ بارەگاو شوێنێکی فەرمی نییەو پاراستنی ئاسایش‌و ئارامـــی وڵات بە یەکێك لـــە ئەولەویاتی خۆمان دەزانین، لەمـــڕووەوە بزووتنەوەی گۆڕان ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری دەزگا فەرمییەکان رادەگەیەنێت، داوا لە هاوڵاتییانی کوردستان دەکەین بە گیانێکی بەرپرســـیارانەوە کاربکەن‌و رێگەنەدەن هەندێك کەسی گێرەشێوێن ئاسایش‌و ئارامی وڵات بخەنە مەترسییەوە.

**(بڕوانە پاشکری ژمارە ٨ رونکردنەوەیەك لەنەوشیروان مستەفاوە)**

بەکارهێنانی وشـــەی گێرە شـــێوێن کاردانـــەوەو نیگەرانی زۆری لێکەوتـــەوە، لەلایەن شـــەقامەوە، بەڵام دواتر رێبین هەردی نوسەرو روناکبیری نزیك لە نەوشیروان مستەفا لە دیدارێکی کەناڵی ئێن ئارتیدا رایگەیاند: ئەو بەیاننامەیەو بەکار هێنانی وشـــەی ئاژاوەگێر تیادا لەلایەن ئەوەوە پێشنیاز کراوەو نوسراوە، نەك خودی نەوشیروان مستەفا.

لەگەڵ ئەو رونکردنەوەیەی نەوشـــیروان مستەفاو وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان، کە تەنها نیـــو کاتژمێر دوای تەقەکردنەکـــەی لقی چوار دەریانکرد، جەختیان لەســـەر ئەوە کردەوە کە ئەوان بەشـــداری خۆپیشـــاندانەکەیان نەکردووەو ئیدانەی توندووتیژیەکانیش دەکەن، (هەرچەندە دوو رۆژ دواترو لە ١٩ شـــوبات بزووتنەوەی گۆران بەفەرمی پشـــتیوانی خۆی بۆ داوای خۆپیشـــاندەران راگەیاندو داوای دادگاییکردنی ئەو کەســـانە دەکات کە دەستیان لـــە تەقەکردن لە هاوڵاتیان هەبووە) بەلام لەدوای لێدوانەکەی بەرپرســـی لقی ٤ی پارتی کە بزووتنەوەی گۆرانی تۆمەتبارکرد بە هاندانی خۆپیشـــاندەران‌و پەلاماردانی لقی چوار، لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردســـتان لە شاری هەولێرو سۆران‌و بنەسلاوە بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆرانیان سوتاند.

لە بەیاننامەیەکـــدا بزووتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای هەولێـــر رایگەیاندووە: بە پلانێکی پێشـــوەختو نەخشە بۆ کێشراو، گوشارخرایە ســـەر بارەگای ناوەندی بزوتنەوەی گۆڕان لە شـــاری هەولێر، لە کاتژمێر ٢ی پاشـــنیوەڕۆ وە هێزەکانی ئاســـایش بە بیانوی پاراســـتن‌و پارێزگاریکردنەوە، بـــارەگای بزوتنەوەی گۆڕان ئابلوقە دەدەن‌و دواتریش لە کاتژمێر ٥ بە دواوە، لە بەرچاوی هێزەکانی ئاسایشـــەوە، لە لایـــەن ژمارەیەك ئۆتۆمۆبیلی مۆنیکای جام رەش‌و بە پشـــتیوانی هەوادارانی پارتی دیموکراتی کوردســـتانەوە، هێرش دەبەنە ســـەر بـــارەگای هەولێرو کەناڵی تەلەفزیۆنی گۆران، ئاگر لە ماتۆری کارەبا بەردەدەن‌و کەلوپەلو ئامێرەکانی بارەگاکە تێکدەشـــکێنن، لە ئاست گشت ئەو روداوانە بزوتنەوەی گۆڕان داوای لە ئەندامو لایەنگرانی خۆی کرد ئارامی بپارێزن‌و بە شـــێوازێکی مەدەنی‌و دایەلۆگ کردن هەڵســـوکەوت لەگەڵ ئـــەو روداوە بکەن، بەڵام جێگای نیگەرانییە، کە ئەو ســـیناریۆیە لە

شارۆچکەی سۆرانو کۆمەڵگەی بنەسلاوەش دوبارە بۆوە، هەروەك لە زنجیرەی ئەو روداوانە بارەگای گۆڕان لە شاری دهۆکیش تالانکرا.

(بروانە پاشکۆی ژمارە ٩ دەقی راگەیاندنی بزوتنەوەی گۆڕان لە پاریزگای هەولێر)

دوو رۆژ دواترو لە ١٩ی شوبات، بە وتەی بەرپرسانی گۆڕان لە شەقلاوە سەعات ٧:٢٠ دەقیقە کادرانو لایەنگرانی پارتی هێرشیانکردۆتە سەر مەکۆی بزوتنەوەی گۆڕان لە شەقلاوەو بارەگاکەیان سوتاندوە.

هەرچەندە بزووتنەوەی گۆڕان لە راگەیەنراوەکانیەوە بایەخێکی ئەو تۆی بە سوتانی بارەگاکانی نەدا، بەڵام نێچیرڤان بارزانی لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکەیدا رایگەیاند: ئێمە پشتگیری لەوە ناکەین بارەگاکانی گۆڕان لە هەولێر یاخود لە سۆران بسوتێنرێ ئەمە بە کارێکی ناڕوا دەزانین، وتیشی دوا لە هەموو هەوادارانی پارتی دەکەم پەنا نەبەنە بەر ئەم کارە چونکە زەرەر مەندی یەکەم پارتی دەبێت.

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ١٠)**



**وێنەی ژمارە ١٠**

**ب- پیلانی پەلاماری گردی زەرگەتە**

سـەرەرای ئەوەی بەهۆی تەقەی پاسـەوانەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەیان کـەس بوونە قوربانیو بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆران لە هەولێرو سـۆرانو بنەسـلاوەو دهۆك سـوتێنرانو تالانکران، پارتی هێز رەوانەی سـلێمانی دەکات بـۆ لێدان لە بارەگای سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان.

بیرۆکەی لێـدانو کپکردنی دەنگی بزووتنەوەی گۆرانو مەکۆی سـەرەکی بزووتنەوەی گۆران لە گردی زەرگەتەی شـاری سـلێمانی، پێش ١٧ی شـوبات بووە، لەدوای بەیاننامە ٧ خاڵیەکـەی بزووتنەوەی گۆڕان لە ٢٠١١/١/٢٩ واتا ١٨ رۆژ پێش ١٧ی شـوبات، کاتێك هەواڵـی بەیاننامەکە دەدەن بە جەلال تاڵەبانی، سـکرتێری گشـتی یەکێتی لە بەغدادو هەواڵی ئەوەی پێـدەدەن کە گۆران لە بەیاننامەیەکدا، داوای هەڵوەشـانەوەی پارلەمانو حکومەت دەکات، ئەویش راسـتەوخۆ پەیوەندی بە مەسـعود بارزانی سەرۆکی هەرێمەوە دەکات، پێی دەڵێت ئەمەی گۆران داوای دەکات کودەتایەو قبوڵ ناکرێت، نابێت بە ئاسانی بهێڵین ئەمەیان بەسەردا بروات، چونکە یەك هەنگاو سازش بۆ گۆران بکرێت، دەبێت ئەو هەنگاوە بکرێتە دەیان هەنگاو، بۆیە دەبێت سـنورێك بۆ هەنگاوو هەڵوێستەکانی گۆڕان دابنرێت، بارزانیش هاورا دەبێت لەگەڵ تاڵەبانی، پێی دەڵێت هەر هەنگاوێك دەنێن لەگەڵ نێچیرڤـان بارزانیدا بینێن، دوای پەیوەندی تاڵەبانی بە نیچیرڤان بارزانیەوە، ئەویش رازی دەبێـتو لە دوای هەلو بیانوویـەك دەگەڕێن بۆ گۆران، بۆیە دەکرێـت ئەو هەنگاوە بە هەنگاوی یەکەمی هەوڵـی لێدانی بزووتنەوەی گۆڕان بدرێتە قەڵەم، کە زیاتر لە ١٨ رۆژ پێش ١٧ی شوبات ئەو بیرۆکەیە لە ئارادا بووە.

دواتر هێزەکەی زێرەڤانی پارتی، لە هەولێرەوە بە فەرمانی نێچرڤان بارزانیو رەزامەندی مەسعود بارزانی جوڵێندراوە، هەرچەندە سەبارەت بە هاتنی ئەو هێزە بۆ سلێمانی، نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی رۆژی ١٨ی شوبات لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند : پارتی هیچ هێزێکی رەوانەی سـلێمانی نەکردووە، بەڵکو هێزێکی پێشمەرگەی زێرەڤانی بە رێنمایی دکتۆربەرهەم سـاڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کورستانو کەریم شنگاڵی، وەزیری ناوخۆ، چۆنەتە سلێمانی ئەویش بۆ پاراستنی بارەگای گشت حزبە کورستانییەکانو گێڕانەوەی سەروەری بۆ دەزگا ئەمنییەکانی ئەوشارە. [١٨]

بەلام دووای زیاتر لە دوو سـاڵ د.بەرهەم سـاڵح، لە رونکردنەوەیەکدا رایگەیاند: نەك هەر داوای هێزی زێرەفانی نەکردووە بێنە سلێمانی، بەڵکو ئاگاداری جوڵەشیان نەبووە. لە رونکردنەوەکەدا ئاماژەی بەوەشکردووە کە: سەرەتای رووداوەکانی ١٧ ی شوبات د.بەرهەم

[١٨] نێچیرڤان بارزانی، ئاژانسی پەیامنێر، ٢٠١١/٢/١٨ /
http://www.peyamner.com/PNAnews.aspx?ID=224083

سالّح له هەولێر بوو، بەپەله گەڕایەوه بۆ سلێمانی کاتێك لەڕێگا بوو هەواڵی جولاندنی هێزی زێرەڤانی بۆ سلێمانی پێگەیشت هەر ئەوکات دەستبەجێ د.بەرهەم به تەلەفۆن پەیوەندی کرد به بەرێزان کاك نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانو کاك کەریم سنجاری وەزیری ناوخۆ بۆ دڵنیابوون لەراستی جولاندنەکه پاشان راستەوخۆ پەیوەندی کرد بە جەنابی مام جەلال که ئەوکات له بەغدا بوو له هەرسێ پەیوەندییەکەدا د.بەرهەم نارەزایی خۆی لەم بریاره دەربڕیوەو داوای راگرتنی کردووە.

ئەوەش هاتووه که د.بەرهەم دژایەتی خۆی بۆ ناردنی هێز بۆ سلێمانیو ئاڵۆزبونی دۆخی شارەکەو گەورەتربوونی گرفتەکه دەربریوە.[١٩]

هەرچۆنێك بێت له کاتژمێر ٧ بۆ ٨ هێزی زێرەڤانی لەو هەولێرەوه بۆ سلێمانی دەجوڵێنرێت، بەشێك له هێزەکه له رێی دوکانەوەو بەشێکیشی له رێی چەمچەماڵەوه دێن بۆ سلێمانی، به نزیکەی (٥ هەزار) کەس مەزەندەدەکرێنو چەکی قورسیشیان پێدەبێت، هاتنی هێزی زێرەڤانی بۆ شاری سلێمانی به بڕوای هەندێك له سەرکردەکانی یەکێتی شکاندنی شکۆو هەیبەتی یەکێتیو هێزەکانی یەکێتیه، بۆیه دوای نارەزایی هەندێك له سەرکردەکانی یەکێتی بۆ هاتنی هێزی زێرەڤانی بۆناو شاری سلێمانی، هێزەکه دێنه نوسینگەی مەکتەبی سیاسی پارتی له راپەرینو لەوێ جێگیر دەکرێن.

لەو کاتەدا مەکتەبی سیاسی یەکێتی له بینای پاریزگار کۆدەبنەوەو هەندێکیان لەگەڵ ئەوەن له گردەکه بدرێتو هەندێکیشیان به توندی دژایەتی دەکەن، زۆرێك له کەسایەتیه سەربازیەکانی یەکێتی پەیوەندی به سەرکردەکانی گۆرانەوه دەکەن که که ئامادەن بەرگری له گردەکه بکەن، تەنانەت له کۆبوونەوەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیدا کۆسرەت رەسوڵ پێی باش نابێت له گردەکه بدرێت، هەندێك ئاماژه بەوه دەکەن که ئامادەیی دەربڕیوه چەكو هێزیش بنێرێت بۆ گردی زەرگەده بۆ پشتیوانی گۆڕان، هەندێکیش بۆ ئەوەی دەگەرێننەوه که فەرماندەی هەردوو فەوجەکەی کۆسرەت رەسوڵ پێی رادەگەیەنن که ئەوان ئامادەنین له گردی زەرگەته بدەن، تەنانەت یەکێك له ئامر فەوجەکانی کۆسرەت رەسوڵ هەڕەشەی ئەوه دەکات ئەگەر زێرەڤانی له گردی زەرگەته بدەن ئەویش له هێزی زێرەڤانی دەدات، تەنانەت ئامادەیی ئەوەشی دەربڕیوه که له رێی دووکان له هێزەکەی پارتی بدات یان له نزیك گردی زەرگەته.

بەڵام بەپێی سەرچاوەکان له کۆبوونەوەکەدا وەزیری پێشمەرگه که زۆر سوربووه لەسەر لێدانی گردەکه، له کۆبوونەوەکەدا زوو زوو هەستاوەو به حەماسەوه تەلەفۆنی بۆ فەرماندەی هێزەکەی زێرەڤانی کردووه که هێزەکان گەیشتوون یان نا، بەوەی زۆر پەلەی بووه هێزەکان بگەنو کارەکه جێبەجێ بکەن.

[١٩] روونکردنەوەکەی د. بەرهەم سالّح، سایتی خەندان، ٢٠١٣/٧/٣١ /
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=64133&Jor=1

بەڵام ئەوەی لەو ساتەدا بێدەنگ دەبێت تاڵەبانیە، کە هەم سکرتێری یەکێتیە هەم سەرۆك کۆماری عێراقە، کە بەپێی لێکدانەوەکان هیچ بڕیارێك بەبێ ئەو لە سنوری سلێمانیدا نادرێ، ئایا تاڵەبانی دەکرێت لە ڕووداوێکی وا گەورەدا ئاگادار نەبێت، دەکرێت پارتی بریاری لێدانی گردی زەرگەتە بداتو هێز بۆ سلێمانی بجوڵێنێت، تاڵەبانی ئاگادرنەبووبێت؟

بەڵام بەپێی سەرچاوەکان لە کۆبوونەوەکەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەپارێزگای سلێمانیدا جۆرێك لە شڵەژاوی درووست دەبێت، ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەیانەوێت پەیوەندی بە تاڵەبانیەوە بکەنو کەسیان جورئەت ناکەن پەیوەندی پێوە بکەن، دواتر داوا لە د. بەرهەم ساڵح، دەکەن پەیوەندی پێوە بکات، هەم وەك جێگری سکرتێرو هەم وەك سەرۆکی حکومەت، هەر لە کۆبوونەوەکەی بینای پارێزگادا د. بەرهەم پەیوەندی بە تاڵەبانیەوە دەکات، بەپێی سەرچاوەکان د. بەرهەم بە تاڵەبانی دەڵێت لێدانی گردی زەرگەتە دۆخەکە زۆر دەئاڵۆزێنێت، بەڵام تاڵەبانی زۆر تووڕە دەبێت، بە د. بەرهەم دەڵێت، تۆ ئەوەت لەسەرە وەك سەرۆکی حکومەت کارەکانت جێبەجێ بکەیت. وەك ئاماژەیەك بۆ بێدەنگ بوون لەسەر لێدانی مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەی گۆڕان.

لەو نێوەندەدا هەر یەك لە (ملازم عومەر عەبدوڵا، دلێری سەید مەجید، نەوزادی نوری بەگ) نێوەندگێری نێوان گۆڕانو یەکێتیان دەکردو لە هەوڵی ئارامکردنەوەی ڕەوشەکە بوون، چوبوونە کۆبوونەوەکەی مەکتەبی سیاسیو سەرکردە سەربازیەکانی یەکێتی لە پارێزگاو لەوێوە پەیوەندیان بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە دەکردو هەڵوێستی هەردوولایان دەگەیاند.

دواترو لەکۆبوونەوەکەدا عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی پەیوەندی بە سەرکردەکانی گۆرانەوە دەکاتو دەڵێت: بریاری کۆتایی ئەوەیە کە لێتان دەدرێتو کەی ئێن ئێنیش دەسوتێنرێت، سەعاتی سفریش ١٢ی شەوە، ئەو سەرکردەیەی گۆرانیش دەڵێت مەگەر بەسەر لاشەی ئێمەدا بچنە گردەکەوە، بفەرموون وەرن، ئەو هەڕەشەیەی سەرکردەکەی گۆڕان عیماد ئەحمەد توشی شۆك دەکات، بەوەی گۆڕان ئامادەی بەرگریەو دەشیزانێت کە بەشێکی سەرکردەکانی گۆڕان کەسانی سەربازیو ئەمنیو جەماوەرین هێزی زۆریان لەگەڵدایە.

هەرەشەکانی گۆڕان بە جۆرێك بووە، کە پەیامیان بۆ یەکێتیو پارتی ناردووە کە دڵنیابن نایەڵین یەك زێرەڤانی بە سەلامەتی بگەڕێتەوە، ئەم هەرەشانەی بەرپرسانی گۆران تەواو سەرکردەکانی یەکێتی دوچاری شڵەژان دەکاتو پێیان وایە لەگەڵ لێدانی گۆراندا، یەکێتیش زیانی پێدەگاتو دۆخی دەڤەری سلێمانی بەتەواوی تێك دەچێت، بۆیە هەموو هەوڵێك دەخەنە گەر، بۆ رازی کردنی پارتی بە پاشەکشەی هێزەکانیو لێنەدانی گردی زەرگەتە.

ئەمە سەرەرای ئەوەی ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەی دێرینی یەکێتی ئامادەیی دەردەبڕن کە بێنە گردی زەرگەتەوەو بەرگری بکەن، لە هەرهێرشێك کە بکرێتە سەر گۆڕان.

دواتر سەرکردەکانی گۆران تەواوی باڵیۆزو قونسوڵیەو سەرکردەکانی عێراقو حکومەتی عێراقــی ئــاگادار دەکەنەوە، بەڵام ئەمریکیــەکان وتویانە ئێمە چاودێــری دەکەین، نەك ڕێگریکردن، بەڵام ئەوەی هەڵوێســتی توندوو بووە ڕەوتی ســەدر بــووە کە بە نێچیرڤان بارزانیــان ڕاگەیاندووە ئەگەر لە گۆڕان بدەن، بەرژەوەندیەکانتان دەخەینە مەترســیەوەو تەنانەت هەڕەشەی بڕینی بودجەشەیان کردووە لە بەغداد.

تەنانــەت بەپێی هەندێك ســەرچاوە، کاتژمێر ١١:٥٠ خولەکی شــەو ١٠ خولەك پێش ســەعاتی ســفری لێدانی گردی زەرگەتە، بەها ئەعرەجی سەرکردەی دیاری ڕەوتی سەدر لە بەغداوە تەلەفۆن بۆ موقتەدا ســەدری ســەرۆکی ڕەوتەکەی دەکات، لە شــاری قومی ئێران، کاتێك پاسەوانەکانی لەوخەو هەڵی ئەستێنن ئەعرەجی ڕووداوەکەی پێرادەگەیەنێت ئەویش لەو شــەوەدا تەلەفۆن بۆ نێچیرڤان بارزانــی دەکاتو پێی دەڵێت ئێمە رازی نابین پەلاماری بزووتنەوەی گۆڕان بدرێت، دواتریش ســەرکردەکانی ڕەوتی سەدر لە بەغداد بە نوێنەرانی پارتیو یەکێتی دەڵێــن، ئەگەر لە بزووتنەوەی گۆڕان بدەن بەرژەوەندیەکانتان لە بەغداد دەخەینە مەترســیەوەو تەنانەت هەڕەشەی بڕینی بودجەشیان کردووە، هاوکات ئەیاد عەلاویو زۆرێکی تر لە ســەرکردەکانی دیکەی عێراق بەهەمان شێوە لە پەیوەندیدا دەبن.

کات لە ١٢ ی شەو نزیك دەبێتەوە سەرکردەکانی گۆڕان دەچنە گردی زەرگەتە بۆ بەرگری کردن، پارتیو بەشێك لە سەرکردەکانی یەکێتی بە تاڵەبانیەوە سورن لەسەر لێدانی گردەکە، گۆڕانیش لە ڕێی کەی ئێن ئێنەوە زوو زوو بەپەلە دەینوسێت، پاش کەمێکی تر بزووتنەوەی گــۆڕان بەیاننامەیەکی گرنگ بڵاو دەکاتەوە، کــە هەرچەندە بەیانەکە بڵاو نەکرایەوە، بەڵکو زیاتر بۆ هەڕەشــە بوو، بەڵام بەپێی زانیاریەکان لە ناوەڕۆکەکەیــدا بانگەواز بوو بۆخەڵکی بۆ پشــتیوانی لــە گردی زەرگەتە بەجۆرێك لــە جۆرەکانیش تەحریزی تیابــوو بۆ ئامادەیی ڕووبەڕووبونەوەو پشتیوانی لە بزووتنەوەی گۆڕان، بەردەوامیش لەڕێی ملازم عومەرو دلێری سەید مەجیدو نەوزادی نوری بەگەوە، بەردەوام لەگفتوگۆو پەیوەندیدا بوون، لەنێوان گۆڕانو یەکێتی، تەنانەت لەکۆبونەوەکەدا مەلا بەختیار بەرپرسی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتی ڕایگەیاندبوو، ئامادەم بۆ گفتوگۆ بچمە گردی زەرگەتە. لەکاتی نزیك بوونەوە لەلێدانی گردی زەرگەتە کە کاتژمێر ١٢ی شــەوە، دلێری ســەید مەجید پەیوەندی بەســەرکردەکانی گۆرانەوە دەکات کە بۆ ماوەی تەنها ٢ کاتژمێر پەخشی کەی ئێن ئێن ڕاگرن، بۆ ئەوەی دڵی پارتی پێ ڕازی بکەن، بەڵام سەرکردەکانی گۆران ڕایانگەیاندووە بۆ یەك دەقەش ڕایناگرین، بەپێی ســەرچاوەکان پارتی ســوربووە لەســەر لێدانی گــردی زەرگەتە، بــەڵام هەندێك لە ســەرکردەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ڕازی نەبوونو دژایەتیان کردووە، کە بەشێکی زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سەرکردەکانی یەکێتی دەیانزانی کە سەرکردەکانی گۆڕان خەڵکی جدیو چاونەترســنو ئامادەی گیان بەخشــینن، بۆیە دوای گفتوگۆو تەلەفۆنێکی زۆر لەگەڵ سەرکردەکانی گۆڕاندا، کاتی لێدانی گردی زەرگەتە بۆ سبەی کاتژمێر ١٠ دوادەخرێت.

بەڵام ئەوەی پارتی ناچارکرد لە بریارەکەی بکشـێتەوە، ملنەدانی سـەرانی بزووتنەوەی گۆڕان بوو بۆ داواکانی پارتیو هەڕەشە جدیەکانی سەرکردەکانی گۆران بوو بەوەی پێیان وتبوون فەرموون وەرن دڵنیابن تەنها بە خەڵکی مەدەنی نایەڵین یەك کەستان بگەرێتەوە بۆ هەولێر، پارتی بە ناچاری لە بریارەکەی پەشیمان دەبێتەوە، دواتر لە لەبەرامبەر ترس لە بزوتنەوەی گۆران کە خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری گەورەو تەنانەت لەناو هێزی ئاساییشو پێشمەرگەش کەسیان هەیە، هاوکات نارەزایی چەند سەرکردەیەکی یەکێتی لە بریارەکەو فشـاری دەرەکی پارتی ناچار بە پاشەکشـە دەکات، هەرچەندە هێزەکانی زێرەڤانی دێنە سلێمانیو لە مەکتەبی سیاسی پارتی لە راپەرین جێگیر دەکرێن.*

بەڵام پرسـی لێدانی گردی زەرگەتە بە کراوەیـی دەمێنێتەوە، کە رەنگە جولانی هێزی پێشـمەرگەو دانانی دەبابە بەرامبەر بە گردی زەرگەتە لە رۆژانی دواتری خۆپیشاندانەکان (وەك وەزیری پێشـمەرگە رایگەیاند ئەوانە دەبابە نەبوون بەڵکو ناقیلەی ئەشخاس بوون) بەشێك بوبێت، لەو پیلانە بۆ لێدانی گردی زەرگەتە.

هاوکات بۆ رۆژی دواتریش ١٨ ی شوبات سەرلەبەیانیەکەی لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا نێچیرڤان بارزانی جێگری سـەرۆکی پارتی رایگەیاند: گـۆڕان بەرپرس نییە لەو رووداوەو پەنجـەی تۆمەت بۆ کەس درێژ ناکەینو لەگەڵ هەموویـان حەز بە پەیوەندییەکی باش دەکەینو هەوڵیشی بۆ دەدەین.

بەڵام لەگەڵ ئەوەی شەو بڕیاردرا کاتی لێدانی گردی زەرگەتە دوابخرێت بۆ کاتژمێر ١٠ ی بەیانی، بۆیە بزوتنەوەی گۆڕان هەوڵەکانی خۆی بەردەوام دەبێت بۆ بەرگریو پاراسـتنی گـردی زەرگەتە، هەربۆیە لە بەیاننامەیەکدا وتەبێژی بزوتنەوەی گۆڕان رۆژی دواتر ١٨ ی شـوبات داوای لەلایەنگرانی گۆرانکرد لەبەردەم گردی زەرگەتە کۆببنەوەو رایگەیاند: کە هێزێکی زۆری پارتی دیموکراتی کوردستان لەزۆر شوێنەوە کۆکراونەتەوەو ئامادەکراون تا بەرەو شاری سلێمانی بهێنرێن.

محەمە تۆفیق رەحیم،. لەڕوونکردنەوەیەکدا، دەڵێ «پاش روداوەکانی دوێنێو دروستبونی باری نائارامیو گرژی لە سەرئەنجامی هەڵەشەییو وەڵامدانەوەی خەڵکی سیڤیل بەچەكو لێکەوتنـەوەی کـوژرانو بریندارێکی زۆر، هەر دوێنـێ هێزێکی چەکـداری زۆری پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەمو لاکانەوە بەرەو شاری سلێمانی هاتون».

وتەبێـژی بزوتنەوەی گـۆڕان داوا لەلایەنگرانو ئەندامانی گـۆڕان دەکات کە لەبەردەم بارەگای سەرەکی بزوتنەوەکە بەشێوەیەکی هێمنانە کۆببنەوە، هاتن تان بۆ بەردەم گردی زەرگەتە، کارێکی شەرەفمەندانەیەو مافی رەوای هەمو تاکێکی ئەم وڵاتەیەوە، کە بەرێگای ئاشتیو هێمنانەو سیڤیل داوای چاکسازیو ئازادیو بژێوی ژیان بکات.

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٠ رونکردنەوەیەك لە وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕانەوە)**

* تەواوی ئەم زانیارییانە لەسەرچاوەی تایبەتەوە وەرگیراوە، نەیانویستووە ناویان بڵاوبکرێتەوە

## ٣- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

رووداوەکــە بۆ یەکێتی نیشــتیمانی کوردســـتان ئیحراجیەکی گەورەبوو، بــەوەی تەواوی مەلەفی ئەمنیو ئاساییش لە ســلێمانی لەدەستی ئەودابووەو دەبوو بەتەواوی پارێزگاری لە بارەگای حیزبە سیاســیەکان بکردایە، هەرچەندە لەو ســەرو بەندەدا پارتی دیموکراتی کوردســـتان جموجوڵێکی چالاکی بەرفراوانی لە رێگەی رێکخراوو ســەنتەرەکانیەوە دەست پێکردبوو لە ســلێمانی، ئــەوەش بەتەواوی یەکێتی نیگەران کردبــوو، بەجۆرێك لە کاتی بەردبارانکردنی لقی ٤ی پارتیدا نەك هەر هێزی ئەمنی پارێزگاری نەکردن بەڵکو ژمارەیەك هێزی چالاکیەمەدەنیەکان هەبوون لەوێ ئەوانیش ســەرقاڵی گواســتنەوەی بریندارەکان بــوون وەك لەوێنە ڤیدیۆییەکاندا دەردەکەوێت، (هــەروەك حاکم قادر ئەندامی مەکتەبی سیاســی یەکێتی لەبەردەم نوێنەرانی تۆڕی بەرگری لە مافو ئازادیەکانی خەڵك، وتی نە ئاســاییش، نە پۆلیس، نە دژە تیرۆر، نا بێ بچن بۆ پارێزگاری خۆپیشــاندەران) هاوکات لە لێدوانی بەرپرسانی پارتیشدا نیگەرانی خۆیان لە هێزە ئەمنیەکانی سلێمانی دەردەبریبوو، بەتایبەتیش دوای ئەوەی پێیان راگەیاندوون کە ترسمان لە پەلاماردان هەیەو بەرپرسانی یەکێتیش دڵنیاییان پێداون، هەروەك هیوا ئەحمەد رایگەیاندووە کە شەوی پێشتر بەرپرسانی یەکێتی دڵنیایان کردوونەتەوە لەوەی دەیان پارێزن.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەلایەك پەلاماری حیزبە هاوپەیمانەکەی دراوەو لەلایەکیش هێزەکانی پارتی هاولاتیانی سڤیلی ژێر دەسەلاتی ئەویان گوللە باران کردووە، رووبەرووی ئیحراجیەکــی زۆر بــوون بەلام هەرزوو لــە نزیکەی کاتژمێر ٥ی ئێوارەی ١٧ی شــوبات بەیاننامەیەکیان راگەیاندوو تیایدا هاتووە: سەرئەنجام لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا ئاراستەو ئامانجی کۆبوونەوەکە لەشوێنی رێگە پێدراوی خۆی گۆڕدراو بەرەو گێرەشێوێنیو ئاژاوەگێڕی بــراو چوونە بەردەمی لقی ٤ ی پارتی دیموکراتی کوردســتانو بینای مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتیەکانی یەکێتیی نیشــتمانیی کوردستان، رەفتاری نامەدەنیانەو گێرەشێوێنانەیان نواند بەتایبەت بەرامبەر بارەگای لقی پارتی هاوپەیمانمانو هەروا ئەیانویست هەڵبکوتنە نــاو بارەگاکەو ئازاری کادرانو پاســەوانانی بدەن، پاســەوانانی لقیش ناچاربوون بەرگری لەخۆیان بکەنو بەداخەوە لە ئەنجامی پەرەســەندنی رووداوەکەدا ژمارەیەك لەهێرشبەران بۆسەر لقی چوار بریندار بوونو خۆپیشاندەرێکیش گیانی لەدەستدا.

لەبەشــێکی تری بەیاننامەکەدا هاتووە: داوا لە هەمووولایەك ئەکەین، کە هۆشــیارانەو کوردســتان ویستانە، مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە هەســتیارە بکەینو هەمووومان پێکەوە هەوڵ بدەینو بە گیانی پاراستنی یەکڕیزی گەلەکەمانو ئەزموونەکەی هاوکار بینو رێگە نەدەین بارودۆخەکە ئاڵۆزتربێتو کارەساتو قوربانی تری لێبکەوێتەوە.

**(بروانە پاشکۆی ژمارە ١١ بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)**

هاوكات بۆ رۆژی دواتر ١٨ی شـــوبات هەردوو مەكتەبی سیاســی یەكێتی نیشـــتیمانی كوردستانو پارتی دیموكراتی كوردستان كۆبوونەوەو لە دوای كۆبوونەوەكە راگەیەنراوێكیان بڵاوكـــردەوەو تیایدا خۆپیشـــاندەرانیان بە ئاژاوەگێرو شـــێواندنی كـــەشو هەوای هێمنی كوردســـتان ناوبرد، لە راگەیەنراوەكەدا هاتـــووە: رۆژی ٢٠١١/٢/١٧ ژمارەیەك ئاژاوەگێڕ لە شـــاری ســـلێمانی بۆ شـــێواندنو لە بار بردنی ئەو كەشو هەوایە هێمنەی كوردستانو دروست كردنی بارودۆخێكی نالەبار كە كاریگەری هەبێ لەسەر بواری كۆمەڵایەتیو ئاشتی كۆمەڵایەتی بخەنە مەترســـیەوە، هەروەها بواری ئابوریو بازاری كوردستان بە شێوەیەك نیشـــان بدرێ كە ترسو دڵەراوكێ لە نێو بازرگانو وەبەهێنەران دروســـت بكات لە رووی سیاســـیەوە ناســـەقامگیری نیشـــانی ناوخۆو ولاتانی بیانی بدەن، بە پیلانێكی پێشوەختە پەلاماری بارەگای لقی ٤ی پارتی دیموكراتی كوردســـتانیان دا بە نیازی بێ حورمەتی پێ كردنو ســـووتاندنی كە بە داخەوە لە ئاكامی ئەم پەلامارەی ئاژاوەگێڕان ژمارەیەك خەڵك لە ناو بارەگای لقی ٤و سەر جادە كوژرانو برینداربوون.

لە كۆتاییشـــدا ئامـــاژە بەوەكراوە : جەمـــاوەرو یەكێتی نیشـــتیمانیو پارتی دیموكراتی كوردستانو گشت لایەنی سیاسیو رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی رێگا نەدەن ناحەزانو پلانگێڕان درز بخەنە نێو یەك رێزیو تەبایی نێو ماڵی كوردســـتان. دەبێ پیلانگێڕان ئەوە بزانن بۆ پاراســـتنی ئەزمونو دەســـكەوتەكانی گەلی كوردســـتان رێگەو شوێنی پێویست لەبەر چاو دەگیرێ.

**(بڕوانە پاشكۆی ژمارە ١٢ راگەیەنراوی كۆبوونەوەی مەكتەبی سیاسی یەكێتیو پارتی)**

لـــەم بەیاننامەیەدا بە روونـــی دەردەكەوێت یەكێتـــی بەتەواوی كەوتۆتە ژێر فشـــارو تووڕەیی پارتیەوەو كە رەنگە فشـــارەكانی پارتی تەكتیكی بوون بە تایبەتیش تۆڕەبوونو هەڕەشەكردنیان، چونكە گەر لە رووداوەكان وردببیتەوە ئەوەی قوربانیە خەڵكی سلێمانیو هاوڵاتیانە نەك پارتی، كە پارتی خۆی بە قوربانی دەزانی كە رەنگە هۆكارەكەشـــی ئەوە بوویێت بۆ ئەوەی ئەو كارەساتەی خوڵقاندوویەتی بشارێتەوە.

## ٤- یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

هەریەك لە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانو کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان کە دوو حیزبی ئیسلامینو لەدوای هەڵبژاردنی ٢٠٠٩/٧/٢٥ لەپاڵ بزووتنەوەی گۆراندا وەك دوو هێزی ئۆپۆزسیۆن مانەوە، بەو پێیەی ژمارەیەکی دیار لە لایەنگرانیان بە لافیتەو درووشمەوە بەشداری خۆپیشاندانەکەی ١٧ی شوباتی بەردەرکی سەرایان کردبوو، بۆیە رووبەرووی رەخنەی پارتی ببونەوە بۆیە هەرزوو بە بەیاننامە هەڵوێستی خۆیان راگەیاند، لە رونکردنەوەیەکدا مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، بە توندی ئەو رووداوە ئیدانە دەکەنو دژی بەکارهێنانی هەر جۆرە توندوتیژییەکین کە ئارامیو ئاسایشی هەرێمی کوردستان تێك بداتو ببێتە هۆی شێوانی باری سەقامگیریو بێ حورمەتی بە دامودەزگا فەرمیەکانی هەرێم.

لە روونکردنەوەکەدا هاتووە: بەداخەوە گردبونەوە جەماوەریەکەی ئەمڕۆی بەردەرکی سەرای سلێمانی پاش سەعاتێك لە کۆتایی هاتنی گردبونەوەکە ژمارەیەك کەسی گێرە شێوێن بونە هۆی کەوتنەوەی توندوتیژیو هێرش کردنە سەر بارەگای لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستانو کوژرانو بریندابونی ژمارەیەك هاولاتی لێ کەوتەوە.

لەلایەن خۆشیەوە کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا رایانگەیاندووە: وێڕای دەربڕینی نیگەرانی لەو رووداوانە لەوبارەیەوە، ئێمە هەموو لایەك ئاگادار دەکەینەوە کە وەکو پێشتر رێنمایمان دابویە تەواوی ئۆرگانەکانمان کەهیچ جۆرە بەشداریەکیان لەخۆپیشاندانەکەدا نەبێ .

لە بەشێکی بەیاننامەکەدا هاتووە: لەگەڵ ئەوەی بڕوامانوایە خۆپیشاندانی مەدەنییانە مافی هەر هاولاتییەکی ئەم هەرێمەیە، بەلام هەرگیز لەگەڵ کاری تیکدەرانەو هەڵکوتانە سەر بنکەو بارەگا حکومیو حزبییەکاندا نینو سەرکۆنەی ئەو جۆرە کارانەش دەکەین کە داواکاری هاولاتیان بە ئاقارێکی ناتەندروستدا دەبەن، هەروەك داواکاریشین حیزبو لایەنە سیاسییەکان بەرپرسانە مامەڵە لە گەڵ رووداوەکاندا بکەنو بە تەنگ پاراستنی گیانی هاوولاتیانەوە بن.

## ٥- سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت

هەریەك لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانو حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لەلایەن سەرۆکی پارتیو جێگری سکرتێری گشتی یەکێتیەوە سەرۆکایەتی دەکرێن، لە دوو بەیاننامەی جیاوازدا ئیدانەی رووداوەکەیان کردوو داوای بەسزاگەیاندنی تۆمەتبارانیانکرد.

لەبەیاننامەکـــەی مەســعود بارزانی ســـەرۆکی هەرێمی کوردســـتاندا داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دەکات بۆ بەدواداچوونی رووداوەکەو دۆزینەوەی ئەو تاوانبارانەی لە پشت نانەوەی ئەو فیتنەیە بوون

لە بەیاننامەکەدا هاتووە : داوا لە هەموو لایەك دەکەین هێمنانە مامەڵە لەگەڵ رووداوەکە بکـــەنو ئارامیی کوردســـتان بپارێزنو داوا لە حکوومەتی هەرێمیـــش دەکەم بە زووترین کات لیژنەیەکـــی لێکۆڵینەوە پێکبێنی بۆ بەدواداچوونی رووداوەکەو دۆزینەوەی تاوانبارانو ئەوانەی لە پشت نانەوەی ئەم فیتنەیە بوون، بۆ ئەوەی بە زووترین کات تاوانباران بدرێنە دادگاو بە سزای عادیلانەی خۆیان بگەن.

هاوکات داوا لە حکومەت دەکات بە ئەرکی سەرشـــانی خۆی هەڵســـێت لە بەیاننامەکەدا هاتووە: داوا لە گەلی کوردســـتانو حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان دەکەم کە بە ئەرکی ســـەر شانی خۆیان هەڵبستنو هێزە ئەمنییەکانیش کۆنترۆڵی تەواوی بارودۆخەکە بکەنو بارەگای سەرجەم حزبـو هێزو لایەنەکانو دامودەزگاکانی حکوومەت بپارێزن، لە بەر ئەوەی بەهیچ شـــێوەیەك رێگا نادەین فەوزاو فیتنەو ئاژاوەگێڕیی لە کوردســـتان ســـەرهەڵ بداو ئەمن وئاسایشی هەرێمو ژیانو گوزەرانی هاولاتیانی کوردستان بکەوێتە مەترسییەوە.

**(پاشکۆی ژمارە ١٤ دەقی بەیاننامەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان)**

لەلایەن خۆشـــیەوە لە بەیاننامەیەکدا حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، داوا دەکات رێگە نەدرێـــت خەڵکی گێرە شـــێوێن گیانو ئاســـایشو ئارامی هاووڵاتییان بخەنە مەترســـیو ناوبانگی کوردو کوردستانیش لەکەدار بکەن.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە : ئەگەرچی شـــوێنی دیارکراوی پێشـــوەخت بۆ خۆپیشاندانەکە بەگوێرەی ئەو مۆڵەتە رەســـمییەی لەپارێزگای سلێمانی وەریان گرتبوو، بەردەرکی سەرای شـــاری سلێمانی بوو، بۆیەشـــە لایەنە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم رێوشوێنی ئەمنیی پێویستیان لەشوێنی راگەیانراوی ئەو خۆپیشاندانە گرتە بەر، بەڵام بەشێك لەخۆپیشاندەرە گێرە شـــێوێنەکان هێرشـــیان کردە ســـەر بارەگای لقی٤ ی پارتی دیموکراتی کوردستانو لەئاکامدا کوژراوو چەندین بریندار لێ کەوتەوە.

هاوکات بەیاننامەکە ئەوەشی خستۆتە روو کە پشتیوانی هەموو خۆپیشاندانێکی مەدەنی یاسایی دەکات بەڵام رێگە بە هیچ کەسێك نادات ئاساییشو ئارامی تێکبدات .

**(پاشکۆی ژمارە ١٥ دەقی بەیاننامەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان)**

جیـــاواز لە وڵاتانـــی دوونیا، لە کاتی هـــەر رووداو گۆڕانکاریو خۆپیشـــاندانێکدا، لەبری بەدەمەوە چوونی داواکاری هاوڵاتیان هەمیشە سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت، بەیاننامەی نارەزایـــی دەردەکەنو ئیدانەی دەکەن، کە دەبوو ســـەرۆکایەتی هەرێمو حکومەت بۆ ئەو کارەســـاتو رژانی خوێنی زیاتر لە ٥٠ کەس، لە داواکاری خۆپیشاندەرانیان بکۆڵیایەتەوەو بەدەم داوای هاوڵاتیانەوە بچونایە نەك هەڕەشەکردنو پەنا بردن بۆ هێز، کە ئەمە بۆخۆی دۆخەکە هێندەی تر دەئاڵۆزێنێت.

# بەشی چوارەم
# لەنێوان ١٧ی شوباتو ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠دا

- یەکەم/ ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠
- دووەم/ لێکچونەکانی ١٧ی شوباتو ٦ی ئەیلول

# یەکەم/ ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠

بەردەرکی سـەرای سـلێمانی کە لە مێژووی کوردا بۆتە جێگەی دوو رووداوی گەورەو کە هەریەکەیان رۆڵی گەرەیان لە گواستنەوەی قۆناغی پێش خۆیان هەبووەو دۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتیان گۆریوە. بەو پێیەی ئەگەر ١٧ی شوبات توانیبێتی فشاری سیاسی لە گوتاری راگەیاندنـەکانو ئۆپۆزسـیۆنەوە بگوازێتەوە بۆ شـەقامو خۆپیشـاندان دژ بە گەندەڵیو ناعەدالەتی بکاتە نەریتی رووبەرووبوونەوەی دەسەڵاتی کوردی، ئەوا خۆپیشاندانو راپەرینی ٦ی ئەیلولی بەردەرکی سـەرا، بەخاڵـی وەرچەرخان دەژمێردرێـت لەمێژووی جولاَنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستاندا، چونکە بۆ یەکەم جار بوو، قورسایی شۆڕشو خەبات لەلادێ وە بگوازرێتەوە بۆ شـارو خەڵکی رووناکبیرو بازرگانو گەورەپیاوانی شـارەکان، پێشڕەوی شـۆڕشو راپەڕین بکەن. ئەمەش بۆ خـۆی گۆڕانکارییەکی قووڵی جولاَنەوەی کوردایەتی پێك دەهێنا. لەو کاتەوەدەستەی خوێندکارو رووناکبیری کورد هاتنەنێو ریزەکانی پێشەوەی جولاَنەوەی کوردایەتی، جگەلەوش لەم راپەڕینەدا، یەکەم جار بوو لەسلێمانیداو لەمێژووی بزاڤی کوردایەتیدا، لەکوردسـتانی باشور، خۆپیشاندان لەناو شـارەکاندا ئەنجام بدرێتو خەڵك داواکاریەکانو دروشمەکانیان، لەسەر قوماش بنوسنو بەرزی بکەنەوە.

هەربۆیە جەمال بابان کە خاوەنی چەند بەرگێکی کتێبی سـلێمانی شارە گەشاوەکەمە، رۆژی ٦ ی ئەیلول بە رۆژی گەشی شەشی ئەیلول ناودەباتو لەبەرامبەر ئەو خاڵە ئیجابیو دەسـتکەوتە دوورو نزیکانەی لە مێژووی سلێمانیو لە پاشـەرۆژی گەلی کوردا هێناوەتە ئاراوە.[٢٠]

بەڵام زۆرێك لە مێژوو نوسانو رۆشنبیران ٦ی ئەیلول بە رۆژی رەش ناو دەبەن، هەروەك عەلادین سـجادی لە کتێبەکەیدا (شۆرشـەکانی کـورد، کوردو کۆماری عێـراق) ئاماژەی بەوەکردووە: بەهۆی ئەوەی لەو خۆپیشاندانەدا (٤٥) کەس کوژرانو ١٩٥ کەسی دیکەش برینداربوون، بۆیە ئەو رۆژە لە سولەیمانیدا ناونرا بە رۆژی رەشی ٦ ی ئەیلول.[٢١]

رووداوی ٦ ی ئەیلولو ١٧ی شـوبات هەردووکیان لە سەرای سلێمانی هەڵگیرسا، سەرای سـلێمانی مەیدانێکی فراوانی شـاری سـلێمانییەو دەکەوێتە ناوەڕاسـتی شارەوە. شەش شەقامی سـەرەکیی دێتەوە سەر. ئەوانیش شـەقامەکانی (مەولەوی، کاوە، سابونکەران، گۆران، بێکەسو پیرەمێرد)ن.

[٢٠] جەمال بابان، رۆژی گەشی شەشی ئەیلول (شەری بەردەرکی سەرا) رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٣٧٥) دووشەمە ٢٠١٠/٩/٦ .

[٢١] عەلادین سجادی، شۆرشەکانی کورد، کوردو کۆماری عێراق،چاپخانەی مەعالایف، چاپی یەکەم، ١٩٥٩، لا٨٤ .

لەبەر ئەوەی لێکچوونێکی زۆر لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتو ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ی سەرادا بەدیدەکرێت، کە تەنها جیاوازیەك ئەوەیە کە ٦ی ئەیلول دژ بە حکومەتی عێراقو ١٧ی شوبات دژ بە حکومەتی هەرێم بووە، بۆیە ئەو دوو رووداوە پێویستی بە بەراودکردنی خاڵە لێکچووەکان هەیە.

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ١١)**



**وێنەی ژمارە ١١**

**ا- هۆکارەکانی خۆپیشاندانی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠**

رەنگە خۆپیشـــاندانو نارەزایی هاولاتیـــان لە ٦ی ئەیلولدا تەنها یـــەك هۆکارو تایبەت نەبووبێت بە پرسێکی دیاری کراوەوە، بەڵکو دەیان هۆکار رۆڵیان هەبووە لە خولقاندنی ئەو رووداوەدا، بەوەی ئەگەر هۆکاری راستەوخۆی خۆپیشاندانەکە پشتگوێخستنی داواکانی کورد بووبێت لە پەیمانی عێراق – بەریتانی، بەلام ناعەدالەتیو خراپی گوزەرانو سەرکوتکردنی شۆرشەکانی کوردو دەیان هۆکاری دیکە رۆڵیان هەبوو لە خولقاندنی ئەو رووداوەدا.

حکومەتی عێراق تا دەهات زیاتر پشـــتی لەبەڵێنەکانی خۆی دەکرد، ســـەبارەت بەکورد، کەدەبوایە بەپێی راسپاردەکانی لیژنەکەی (کۆمەڵەی گەلان) بۆی دەستەبەر بکرادایە. بەم شـــێوەیەجارێکی دیکە هەلو مەرجێکی وا هاتەکایەوە کە گەلی کورد بەگشـــتیو خەڵکی سلێمانی بەتایبەتی بێدەنگ نەبن لەئاستیداو بکەونەگەڕ. هەرچەندە لەئەنجامی راوەدونانو چاودێـــری بەردەوام یەك لەدوای یەك کۆمەڵەو رێکخراوە کوردیەکانی ســـلێمانی ئاشـــکرا دەبوونو هەڵدەوەشـــێنرانەوە، لـــەو رۆژانەدا، (ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ) موتەســـەریفی ســـلێمانی بوو، بارودۆخی شـــارەکەباش نەبوو. وا پێدەچێت کەناوبراو نەیاری زۆر بووبێت، چونکەخەڵکـــی لەکۆڕو کۆبونەوەکانی خۆیاندا بەخراپەباســـیان دەکردو ئیدارەکەیان بەدڵ

نەبوو، سەبارەت بەبێ بەڵێنی حکومەتی عێراقیش، ئەوا لەکاتێکدا دەبووایەفەمانبەرانو موچەخۆرانی نێوچەکوردیەکان، لەکوردەکان خۆیان بێت، کەچی لەکۆی (٧٣١) فەرمانبەر تەنها (٣٢٤)یان کورد بوون، ئەوانی دی کەعەرەبو تورکمانو ئاسوری بوون. [٢٢]

هەر ئەمەش وایکرد پەرلەمانتارە کوردەکان چەند جارێك یاداشت پێشکەش بەسەرۆك وەزیرانی عێراقو نوێنەری باڵای بەریتانیا لەعێراق بکەنو تیایدا داوای جێ بەجێ کردنی راسپاردەکانی (کۆمەڵەی گەلان) بکەن، بەڵام داواکەیان پشت گوێ داخرا.بۆ نمونەلەرێکەوتی ٤ی نیسانی ١٩٢٩ دا شەش پەرلەمانتاری کورد، لەئەنجومەنی عێراقدا یاداشتێکی گرنگیان دا بەسەرەك وەزیرانی عێراق، دەربارەی مافەکانی کورد.

جارێکی دیکەلەساڵی ١٩٣٠ دا دووبارەنوێنەرانی کورد، راپۆرتێکیان پێشکەشی نوێنەری باڵا کرد، بەڵام دووبارە ئاوڕیان لێنەدرایەوە. بۆ جاری سێیەم لەمانگی ئازاری ١٩٣٠دا هەمان دەستە راپۆرتێکی دیکەیان پێشکەش بەسەرك وەزیرانی عێراق کردو داوای جێ بەجێ کردنی بڕیارەکانی کۆمەڵەی گەلانیان دەکرد. ناوەڕۆکی راپۆرتەکە چەند داواکارییەکی تێدا بوو کەبریتی بوو لە:

١- دروستکردنی لیوایەکی نوێ، کەدهۆك مەڵبەندەکەی بێت.
٢- دامەزراندنی بەڕێوبەرایەتی مەعاریفی کوردستان، کەبەڕێوبەرەکەی کورد بێت.
٣- یەکخستنی ئیدارەی هەر چوار لیواکە(سلێمانی، کەرکوك، هەولێر، دهۆك).
٤- تەرخانکردنی بودجەی تایبەت بۆ کوردستان. ٢٣

جەمال بابان، رۆژی گەشی شەشی ئەیلو (شەری بەردەرکی سەرا) رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٣٧٦) دووشەمە ٢٠١٠/٩/٧ .

لەو سەروبەندەدا گفتوگۆ لەنێوان حکومەتی عێراقو بەریتانیادا دەستپێکرد بەمەبەستی مۆرکردنی پەیماننامەیەکی نوێ، کەدەبێت بەپێی ئەو پەیماننامە نوێیە ئینتیدابی ئینگلیز لەعێراقدا کۆتایی پێبێتو عێراق ببێت بەئەندام لە(کۆمەڵی گەلان) دا،

بۆیە لە رۆژی ١٩٣٠/٤/١ دەستکرا بە گفتوگۆ بۆ پەیمانی ١٩٣٠/٦/٣٠ کە بەپێی ئەم پەیمانە ئەبو عێراق سەربەخۆ بێت، نوری سەعید رایگەیاند رۆژ بە رۆژ خەڵکی لە رەوتی وتوویژ ئاگادار دەکات، نوری سەعید ئەو ماوەیە لە لەندەن خەریکی گفتوگۆ بوو، جەعفەر عەسکەری وەکیلی سەرۆك وەزیران بوو، لە رۆژی ١٩٣٠/٧/٨ بەندەکانی پەیماننامەکە بەرەسمی لەلایەن (ملاحضیه المطبوعات)ەوە درا بە رۆژنامەکان کە بەبێ لێدوان بلاوکرایبکەنەوە، لە دوورو نزیکەوە باسی مافەکانی کورد لەم پەیمانەدا نەبوو، لە زۆر شوێنی عێراق لە خوارو ناوەراستو سەرو دژی بەندەکانی ئەم پەیمانە راوەستان، بەڵام

[٢٢] لە ١٩٣٠/٩/٦ لە بەردەرکی سەرا چی رویدا؟، پەیجی سلێمانی شارە حەیاتەکە، ٢٠١١/٩/٦/
https://www.facebook.com/slemani1/posts/276871622418661

بارودۆخی سلێمانی لە هەموو شوێنەکان ئاڵۆزتر بوو هۆی دژایەتیکردنی ئەم پەیمانمەیە لەلایـەن کـوردەوە جیاواز بوو، لە هـی دژایەتی عەرەب، عەرەب پێیـان وابوو ئەمە نەك سـەرەبخۆی بۆ عێراق دابین ناکات بەڵکو جۆرێکە لـە بەندایەتی، هەرچی کوردیش بوو، پێیان وابوو ئـەم پەیمانە چونکە ناوی کوردی نەهێناوە، لەنـاو عێراقی عەرەبی دوارۆژدا مافەکانی کورد پایەماڵ ئەبێ هەربۆیە بریاری گشـتی لە سلێمانی ئەوەبوو کە بەشداری هەڵبژاردن نەکەن. [٢٤]

دوای بڵاوبوونەوەی ناوەڕۆکی پەیمانامەکەو دەرکەوت کەبەهیچ شێوەیەك باس لەکوردو مافەکانی ناکات، دەسـتکرا بە مەبزبەتەو بروسکە لێدان بۆ (کۆمەڵەی گەلان) واتا (عصبە الامم) هەروەها برووسـکە لێدا بۆ (مەندووبی سـامی ئینگلیز) لـە بەغداد، بەڵام روویان ئەکردە هەر لایەك لە نائومێدی زیاتر وەلام نەبوو. [٢٥]

جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، بەرگی دووەم، دەزگای رۆشنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، ساڵی ١٩٩٨، لاپەرە ١٢٩ .

جگەلەمانەش چەندین بروسـکەو یاداشـتی دیکەلەلایەن گەورە پیـاوانو رووناکبیرانی کوردی خەڵکی سـلێمانیەوە ئاراسـتەی (کۆمەڵەی گەلان) کراو، تیایدا داوای دەسـتەبەر کردنی مافەکانی گەلی کوردیان دەکرد. لەم هەڵمەتەشـدا (حەپسـەخانی نەقیب) رۆڵی بەرچاوی هەبووەو لە سـاڵی ١٩٣٠دا نامەیەکی رامیاری مێژووی بۆ رێکخراوی «کۆمەڵەی گەلان» لە «جنێف» نووسیو بە راشکاوی داوای مافی چارەنووسی کوردی کرد لەسەر خاکی کوردستانو ئەو داوا کارییەی دەنگێکی باشی دایەوە.

لـەو کاتەدا جموجۆلـی سیاسـی روناکبیرانی کورد دەسـتی پێکـردو بەروونی داوای بەدەسـتهێنانی مافەکانـی گەلی کوردیـان دەکرد، (لەم ماوەیەدا جولاّنـەوەی کورد، لەو شکستەی کە بەهۆی شکانی جەنگی شێخ مەحمودەوە توشی هات بوو هەستابووەوە، گیانی نەتەوەیی سەرلەنوێ بوژابوەوە سەرانی کورد کەوتبوونە جموجوڵ ...... پیاوە ناسراوەکانی سلێمانی لەناو خۆیاندا جۆرە کۆمیتەیەك بەناوی (هەیئەی وەتەنیە) مەوە پێك ئەهێنن، ئەم هەیئەتە باوەری بـە بەکارهێنانی توندووتیژی نەبوو، وەکو عیزەت بەگی جاف وتوویەتی (ئەمجارە سـیلاحو تفەنگمان، قەڵەمو موراجەعاتە) ئەمانە پەیوەندیەکی فراونیان لەگەڵ کەسایەتیە ناسراوەکانی کوردو سەرانی عەشیرەتەکاندا دروستکرد). [٢٦]

[٢٥] نەوشیروان مستەفا ئەمین، کوردستانی عێراق، سەردەمی قەڵەمو موراجەعات، ١٩٢٨- ١٩٣١، چاپو بڵاوکردنەوەی، مەڵبەندنی ئاوەدانی کوردستان بەرلین – ئەڵمانیا، ساڵی ٢٠٠٠، لاپەرە، ٥٧-٥٨.

[٢٦] نەوشیروان مستەفا ئەمین، هەمان سەرچاوە، لاپەرە، ٥٧-٥٨.

لەدیارترین کەسـایەتیەکانی ناو ئەو دەستەیە(سـەرۆکی هەیئـە عەزمی بەگی بابان، ئەندامەکانی : حەمە ئاغای ئەورەحمان ئاغا، شێخ قادری حەفید، میرزا تۆفیق قەزاز، رەمزی فەتاح، شـێخ محەمەدی گولانی، محەمەد ئەفەندی کانیسکانی، حەمە صالح بەگ، محەمەد عەلی بەگ، عیزەت بەگی وەسمان پاشا). [٢٧]

ئـەم روداوە گۆرانێکی چۆنایەتـی بوو لە جولانەوەی نەتەوەیی کـوردا ئەوە یەکەمین جاربوو:

١- لەباتی ئاریسـتۆکراتی لادێ (شـێخی تەریقەتو سەرۆکی عەشـیرەت) هەڵبژاردەی شاری (ئەشراف، تیجار، رۆشنبیر) سەرکردایەتی بگرنە دەست.

٢- لەباتی ئەوەی پەنا بۆ شۆرشـی چەکداری ببەن، رێگەی کاری سیاسی (خۆپیشاندان، مانگرتن، نوسینی بەیانو مەزبەتە، گفتوگۆ) بگرن.

٣- لەباتی ئەوەی ناوچەی شـاخاوی عاسی بکەن بە مەڵبەندی جموجوڵ، شار(قوتابخانە، بازار، دائیرەکان) بکەن بە مەیدانی چالاکی . [٢٨]

هەروەك (هەیئەی وەتەنییە) بەهیچ شێوەیەك پەیوەندیان بە(شێخ مەحمود)ەو نەکردووە، کـە ئەو کات لە پیران دانیشـتبوو، هۆکاری پەیوەندی نەکردن بە(شـێخ مەحمود)ەوە، بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە ئەندامانی (هەیئەی وەتەنییە)، نەیان ویستووە ئەم مەسەلەیە تەشەنە بکات بۆ شۆڕشی چەکداریو خۆشیان بڕوایان بەتوندوتیژی نەبووە. بۆیە دەتوانرێت بوترێت کە ئەو قۆناغە قۆناغێکی نوێ بووە لە خەباتی رزگاری نیشتیمانی لە خەباتی چەکداریەوە گواستراوەتەوە بۆ خەباتی مەدەنی .

ڕۆژگاری پێش ٦ ی ئەیلول، بارودۆخی سلێمانی زۆر نائارام بووەو خەڵکی زۆر نیگەرانیو پەسـت بوون لەو دۆخە سیاسیەی کە درووست بووەو نە حکومەتی عێراقو نە بەریتانیا لە پەیمانی ١٩٣٠ دانیان بە مافەکانی کوردا نەناوەو مافی کوردیان فەرامۆش کردبوو.

جگەلەوەش فاکتەرێکی دیکەی ناهەمواری بارودۆخی سـلێمانی بۆ ئەو قەیرانە ئابووریە گەڕاوەتەوە کە کوردسـتانو عێراقیشـی گرتبۆوە. لەئاکامی کێشـە ئابووریەکانی جیهان کەلەسـاڵی ١٩٢٩ بەدواوەجیهان گیرۆدەی ببوو. بێگومـان لەهەمووان زیاتر چینی هەژار رووبـەڕوی نەهامەتیەکانی ببۆوە، بازاڕی کوردسـتان کزببوو، نرخی توتن لەکوردسـتان شـەش هێندەی جاران دابەزیبوو. ئەم حاڵەتەش زۆر بەخراپی بەسـەر گوزەرانی خەڵکیدا شکابووەوە.

[٢٧] جەمال بابان، رۆژی گەشـی شەشی ئەیلول (شـەری بەردەرکی سەرا) رۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٣٧٦) دووشەمە ٢٠١٠/٩/٧ .

[٢٨] نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٦٠.

لەو رۆژگارەدژوارەدا، حکومەتی عێراق لەرێکەوتی ١١ی مایسی ١٩٣٠ دا (تۆفیق وەهبی) کرد بەموتەسەریفی سلێمانی لەشوێنی (ئەحمەد عوسمان هەولێری)، خەڵکی سلێمانی هاتنی (تۆفیق وەهبی) یان زۆر لا خۆشبوو، خەڵکانێکی زۆریش چوون بۆ پێشوازی کردنی، ئەو ماوەیەش کەسلێمانی بوو رۆلێکی بەرچاوی بینی لەبرەوپێدانی چالاکی رۆشنبیریو سیاسی بۆ داواکردنی مافەکانی کورد.

بۆیە ئینگلیزەکانو حکومەتی عێراقیش پێیان وابوو، ناوبراو رۆڵێکی سەرەکی هەیە لەهاندانی خەڵکی سلێمانی بۆ بەشداری نەکردن لەو هەڵبژاردنەی بەنیازبوون بۆ پێکهێنانی پەرلەمانی نوێ لەعێراقدا ئەنجامی بدەن، ئەو کاتەش حکومەتی عێراق ئەو هەڵبژارنەی زۆر لا مەبەست بوو، چونکەبەپێی فەرمانێکی (فەیسەڵ) لە١٩٣٠/٧/١ دا . پەرلەمان هەڵوەشێندرا بۆوە. دەبوایە لەماوەی دوو مانگدا پەرلەمانی نوێ هەڵبژێردرێتو پەیماننامەی نوێ مۆر بکات. هەر بۆیەلە١٩٣٠/٨/٢١ دا لەسەر کار لایان بردوو بانگیان کردەوەبۆ بەغداو لەشوێنی ئەو (گاون) ی موفەتیشی ئینگلیز کرایە وەکیلی موتەسەریف.

لەمانگی تەموزی ١٩٣٠دا، ئەمیر (غازی)سەردانی سلێمانی کرد، بەمەبەستی هێورکردنەوەی خەڵکەکەی. بەڵام بەر لەوەی بگاتەسلێمانی (هەیئەتی وەتەنییە) بەم بۆنەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکردو تیایدا مافەکانی گەلی کوردی خستبووەپێش چاو وداوای خۆ ئامادەکردنی کرد بۆ خۆپیشاندانێکی هێمنانە. کاتێك ئەمیر (غازی)گەیشتەناو شارو پێشوازی لێکرا لەلایەن حکومەتەوە، جەماوەر بەرپێپێوانێکی هێمنانەو لەسەرخۆو ئارام لەبەردەرکی سەرادا کۆبونەوەو داوای مافی کوردیان دەکرد.

لەم کاتەدا حکومەت پەلەی بوو، دەبوایە لە١٠ی ئەیلولی ١٩٣٠، پرۆسەی هەڵبژاردن کۆتایی پێ بێنێت، تاوەکو پەیماننامەکەمۆر بکات. هەر ئەم بارودۆخە نالەبارەلەبەرژەوەندی حکومەتدا نەبوو. هەر هەربۆیە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەی ٥ ی ئابی ١٩٣٠ بڕیاریدا وەفدێکی وەزاری هاوری لەگەڵ وەکیلی مەندوبی سامی، کاپتن هۆڵت، رەوانەی کوردستان بکات بەو هیوایەی ئەو ئاڵۆزیەی کە بەهۆی بەستنی پەیمانی بریتانی – عیراقیو فەرامۆشکردنی مافەکانی کوردەوە درووست بوبو برەوێنێتەوەو زەمینەی هەڵبژاردنی داهاتوو خۆش بکات، وەفدە وەزاریەکە پێکهاتبوو لە : وەکیلی سەرەك وەزیران (جەعفەر عەسکەری) وەزی عەدل جەمال بابان وەزیری کاروباری ناوخۆ جەمیل مەدفەعی، وەکیلی مەندوبی سامی، لەوکاتەدا هێشا نوری سەعید سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، لە بەریتانیا نەگەرابووەوە. [٢٩]

[٢٩] نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە، ٦١.

بەیاوەری (میجەر یانگ) ی وەکیلی نوێنەری باڵای ئینگلیز لەعێراقدا، گەیشتنەکوردستانو سەرەتا چونەکەرکوك. دوای بیستنی بیروباوەڕی خەڵکەکەی، ئینجا روویان کردەهەولێر، لەوێش بەهەمان شێوە، دیدەنی خەڵکی شارەکەیان کردو گوێیان لەبیروبۆچونیان گرت. لەدوا وێستگەدا گەیشتەسلێمانی لەڕێکەوتی ١٠ ی ئابی ١٩٣٠ خەڵکێکی لەپێشوازیاندا راوەستابوون، داوای سەربەخۆییان دەکرد لەژێر سایەی بەریتانیادا. (هەیئەتی وەتەنییە) ئامادەبوونو (ڕەمزی فەتاح)یان دەستنیشان کرد کەلەبری ئەوان لەگەڵ وەفدەکەدا بدوێت. یەکەم جار سەرەك وەزیرانی عێراق قسەی کردو دوای ئەویش (مێجەر یانگ)، بەهەمان شێوە وتەیەکی خوێندەوە، دواتریش بۆ جاری دووەم جەعفەر عەسکەری قسەی کردوو، بەڵێنی دا کەحکومەتی عێراق گفتەکانی خۆی لەپێش چاو دەگرێت، بەڵام ئەوەشی بەئامادەبووەکان راگەیاند کەدژی هەموو ویستو داخوازیەکیشن، کەمەترسی هەبێت بۆ سەر یەکێتی خاکی عێراق.

بەڵام لەناو خەڵکەکەدا دەنگی رەمزی فەتاح بەرزبووەوەو وتی (پاشا ئەم قسانە بخەرەوە تورەکەکەی خۆتو بیان بەرەوە بۆ بەغداد جاریکی کە ئێمە بەم قسانە هەڵناخەڵەتێینو ئەو جۆرە فرمێسکانە دڵمان فێنك ناکاتەوە). [٣٠]

سەبارەت بە هاتنی وەفدی حکومەتی عێراق بۆ شارەکانی کوردستان رۆژنامەی ژیان لە ژمارە (٢٥٧) ی رۆژی ١٤و ٢٨ی ئوگستوسی ١٩٣٠ دا بلاویکردۆتەوە بەناونیشانی (تشریف هێنانی فخامتی وکیلی مەندوبی سامیو وکیلی رئیس الوزرای عیراق بۆ کەرکوكو هەولێرو سلێمانیو مجادلەی کوردان)

رۆژنامەی ژیان کە لە سلێمانی دەردەچوو نوسیویەتی (رۆژی ١٩٣٠/٨/١٠ فخامتی مندوبو رەئیس الوزراو هەئیەتەکە هاتنە سلێمانیو زۆر بەگەرمی لەلایەن اشرافو اهالیو قوتابیو مەکتەبەوە پێشوازیو گوڵ باران کران، دوکان هەموو داخرا خەڵك لەبەر دەرگای سەرا کۆبونەوە، ئەو شەوە مانەوەو بۆ سبحەینێ کۆبوونەوە لەدیوانی متصرفیەت لەگەڵ رؤساء عشائر واشراف کرا)

لە سەرەتادا جەعفەر عەسکەری وتارێکی خوێندەوەو تیایدا هاتبوو (من بۆتان تەسریح دەکەم کە حکومەتی عێراق بە صورەتێکی ئەکیدە قەراریداوە کە بەنەزەری اعتبار تەماشای ئەو وەعدانە بکات کە بۆ کە بۆ تەئمینی ئارەزووی براکوردەکانمانی دابوو)

پاشان وەکیلی مەندووبی سامی بەریتانیا وتارێکی خویچندەوەو وتی (تازە ئەوا موعاهەدەیەك ئیمزاکراوە کە ئەم دوو مەملەکەتە بۆ ٢٥ ساڵی تر لەگەڵ یەکتری بە تەحالوفێکی صەمیمی رەبت دەکات...... غایەی یەکەمینیان ئەوەیە کە تەئمینی تەئسیسی

---

[٣٠] جەمال بابان، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ١٢٩ .

دەوڵەتێکی عێراق بکات کە ئازادوو سـەربەخۆ بێـت..... هەرچی حەرەکەتێك لەگەڵ ئەم سیاسەتە تەوافوق نەکات حکومەت بەباشی سەیری ناکات، وەکو جیابوونەوە کوردان)

لەدوای وتاری مەندوبی حکومەتی عێراقو بەریتانیا لە دانیشتنەکەدا رەمزی فتاح، بەناوی هەموانەوە داوکاریەکانی خستەڕوو کە خۆی لەچەند خاڵێکدا دەبینێتەوە:

١- اعتـاء حقوقی مقدسـە واسـتقلالی کوردان بێ بەسـببی اتحـادی عنصری کوردو عەرەب.

٢- مـادام عصبە الامم انتدابی عیراقی داوە بەانگلیزو لەو قرارەدا وتویەتی هەروەختێك عیـراق صالح بوو اسـتقلالی بدرێتێ، لەعەینـی وەختا لازمە حکومەتیـش بۆ کوردەکان تەشکیل بکرێ.

٣-حکومەتی عیراق کوردەکانی بەقوتی توبو تفەنگ استیلا نەکردوە لە اعقابی متارەکەدا کورد بەو شرتە خۆیان خسـتە حلقەی رابتەی انگلیز کەحکومەتێکی کوردی مستقلمان بۆ تەشکیل بکرێ.

لە هەر سێ شارەکەدا گفتوگۆی گەرم لە نێوان نوێنەرانی کوردو وەفدی حکومەتدا کرا نوێنەرانی کورد بە راشکاوانە دەیان وت لەگەڵ عەرەبدا ناژینو داوای حکومەتی سەربەخۆ دەکەن لە ژێر ئینتیدابی دەوڵەتێکدا کە کۆمەڵەی گەلان دیاری بکات.

بۆ زیاتر بەرچاوروونی هاولاتیانی کوردستان هەیئەی وتەنی بەیاننامەیەکی سەبارەت بە داواکاریەکانی هاولاتیان بلاوکردەوە، دەقی بەیاننامەکە:

ئەی میلەتی کورد!

بە دیقەتەوە گوێبگرن، ویجدانی میللی، رووحی پێشـینانو پاشـینان خیگابتان ئەکاتی، داوای تێکۆشینو تێهەڵچونتان لێدەکات.

ئەی کورد!

لـەم عەصری میللەتو ئازادیەدا، لـەم عەصری نرو سەربەسـتیەدا تەنها هەر کوردی بێچارە زەلیلو بێ بەش ماوەتەوە، وەتەنی کورد وەك ماڵی مناڵیمی ناباڵق بەسەر بێگانەدا دابەشکراوە.

مەعلەمـی هاوخوێنە خۆشەویسـتەکانمانە لـەم چەندانەدا موعاهەدەیـەك لە بیەنی حکومەتـی بەریتانیاو عێراقدا بەسـتراوە هەنرچەندە مەوفیقـی موقەرەراتی عیصبەتول ئومەمو سائیری وعودی بەینەلدەولی ئەبوایە مەسئەلەی کوردستان بخرایە ئەوەل بەندی ئەم موعاهەدەیە، فەقەت بە کەماڵی تەئەسـوفو عەجوبەوە ئەبینین کە ئەمە هاتووە کە لەو حاڵەدا لازمە عیصبەتول ئومەم لە خصوصی کوردەکانەوە حەرفیەن تەتبیق بکرێ .

بینائەن عەلەیهی ئێمە بە پشـتیوانی ئێوە هەتا ئێسـتا بە وەسـائیلی موختەلیفە، بۆ موحافەزەی حقوقی کورد لە جەهدو موراجەعەت غافڵ نەبوینو هەتا ئاغر نەفەس دەوام ئەکەین، هەدەفو غایەی تەشکیلی حکومەتێکی کوردیە لە ژێر نەزارەتی عیصبەتول ئومەمدا، بۆ مەشروعیەتی ئەم تەلەبەیە دوو دەلیلی غەیرە قابیلی رەدمان بەدەستەوەیە.

١- قـــەراری عیصبەتول ئومەم صەراحەتەن ئەڵـــێ: وەقتێ کە ئینتیداب نیهایەتی هات ئەبێ بۆ کوردەکان موافیقی رەغائیبی خۆیان حکومەتێکیان بۆ تەشکیل بکرێ.
٢- بەیانێکی رەســـمی موشتەرەك کە لە رۆژی ٢٤ی کانونی ئەوەڵی ١٩٢٢ دا لە تەرەف حکومەتی بەریتانیاو عێراقەوە نەشرکراوە، ئەم بەیانە بەر وەجهی ئاتیە:
حکومەتی صاحێب جەلالەتی بەریتانیاو عێراق ئیعتارف ئەکەن بە حقوقی ئەو کوردانەی لە داخلی حدودی عێراقا ساکنن، بۆ تەشکیلی حکومەتێکی کوردیە لە داخلی ئەو حدودەداو حکومەتـــی بەریتانیاو عێراق ئومێدیان هەیە کە عەناصـــری موختەلیفەی کورد لە بەینی خۆیاندا رێ ئەکەون بۆ خصوصی حدودو شکڵی ئەو حکومەتە کوردیەو بۆ ناردنی موفاوزینی مەســـئول بۆ بەغداد کە موزاکەرە بکەن لە بابەت موناسەباتی ئیقتیصادیەو سیاسیانەوە لەگەڵ حکومەتی ئینگلتەرەو عێراقدا.
ئەی میللەتی نەجیب
پاش ئەم تەفصیلاتە ئیخباریان ئەکەین کە رۆژی یەکشەممە ١٠ی ئاغوستوسی ١٩٣٠ مەندوبی سامیو رەئیسەل وزرای عێراق بۆ موزاکەرەکردنی ئەم مەسەلەیە دێن بۆ سلێمانی، قەناعەتـــی تامەمان هەیە کە هەموو کوردەواری یەك دڵو یەك زبان لەتەلەبکردنی ئەم حەقە مەشروعەدا پشتیوانمانن.
ئەی کورد!
تاریخ لاپەرەکانی کردۆتەوە حەرەکاتمان تەسجیل ئەکات، موحافەزەی شەرەفی رابوردوو ناموسی ئایندەمان بەدەست نەسلی حازرەیە ئێوەش خۆتانو غیرەتتان.
عەزمی بابان، عەبدولقادر حەفیدزادە، حەمە ئاغا عەبدولرەحمان ئاغا، عیزەت عوســـمان پاشا، حەمە صاڵح محەمە عەلی بەگ، شێخ محەمەد گولانی، عەبدولرەحمان ئەحمەد پاشا، فائیق بابان، تۆفیق قەزاز، رەمزی حاجی فەتاح.[٣١]

**ب- رۆژی ٦ی ئەیلول**

حکومەتەکەی نوری ســـەعید گوێی نەدایـــە هیچ جۆرە نارەزاییەکـــی کوردوو عەرەبو ســـور بوو لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنو ئیمزاکردنی رێکەوتننامەی بەریتانی – عێراقی، هەربۆیە وەزارەتی ناوخۆ ســـەرجەم لیواکانی ئاگادارکردەوە دەســـت بکەن بە هەڵبژاردنی هەیئەتی تەفتیش بۆ هەڵبژاردنی نائیبەکان.

[٣١] نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ١١٢.

لەو سەروبەندەدا هەیئەتی وەتەنیە لە شەوی ٤ی ئەیلول لە ماڵی عەزمی بەگی بابان دانیشتنو بریاریاندا لە هەڵبژاردندا بەشداری نەکەن، ڕۆژی ٥ی ئەیلول فایەق بێکەس قوتابیەکانی زانستی لە گەرەکی صابوونکەران هێنایە خوارەوەو بەدەوری سەرادا دانیشتن، سرودی نیشتیمانیان ئەخوێندو هوتافیان ئەکێشا لە پڕ سەیارەکەی موفەتیشی ئیداری دەرکەوت دایانە بەر بەرد. [٣٢]

ئیبراهیم ئەحمەد لەزاری رەشۆڵی گۆرانیبێژەوە دەیگێڕێتەوەو دەڵێت: «رەشۆڵ ئێوارەی ٥ی ئەیلول هات بۆ ماڵمانو پرسیاری (فایەق بێکەس)ی لێکردم، منیش وتم بۆچیتە؟ وتی ئەم ئێوارەیە لای سەراوە هاتمەخوارەوە، (بابا شێخ)ی باشچاوشی پۆلیس بانگی کردم، وتی: رەشۆڵ، هەر دەڵێن هەڵبژاردنمان ناوێو ئێمەکوردین کوردمان ئەوێ، ئەوا ئێمەبەیانی هەڵبژاردن دەکەین، ئەگەر پیاون بەیانی وەرن وابکەن بزانن چیتان لێدەکەین، منیش دەمەوێ لەگەڵ فایەق دا بەیانی خۆپیشاندانێك بکەینو نەهێڵین هەڵبژاردن بکرێت». بەم شێوەیەبۆ سبەینێ بەیانی ٦ ی ئەیلول، رەشۆڵو فایەق بێکەس کەوتنەخۆ بۆ کۆکردنەوەی خەڵكو خۆپیشان، ئەوانەش کەدەستەڕاستی فایەق بێکەس بوون لەم کارەدا، سێ کەس بوون بەناوی (حەمەسەعیدی دارتاش، محێدینی سالەسور، مەجیدی حەمامچی).

بەڵام لەسەرەتادا خەڵکێکی کەمیان لێ کۆبۆوەکەژمارەیان هەر پەنجا کەسێك دەبوون، بەڵام دواتر کاتێك دوکاندارەکانی بازاڕ هاتنەپاڵیان ئینجا ژمارەیان زیادیکردو گەیشتە(٤٠٠) کەسێك، (بەڵام خۆپێشاندان دژی هەڵبژاردن لە سەرەتادا ژمارەیان زۆر نەبو، تاگەیشتە «١٠٠٠ تا ٢٣٠٠» کەس، هوتافیان ئەکێشا «بروخێ هەڵبژاردن» لەناوخۆیاندا ئەیانوت: هەڵبژاردنەکە ئازاد نیە. کۆمەڵانی خرۆشاو سەعات ١١ی بەیانی دەستیان کرد بە بەردبارانی پۆلیس وسەرا. زۆر لە خۆنیشاندەرەکان دەمانچەو خەنجەرو تێلایان پێ بو، لە بەردەرکی سەرادا) . [٣٣]

کاتێك خۆپیشاندەران گەیشتنەبەردەرکی سەراو کەوتنەهوتاف کێشان دژی هەڵبژاردنو پەیمانی ١٩٣٠، خەڵکی ناو بازاڕ وروژابوونو چایخانەکان پڕیبوون لەخەڵكو بە(گرامافۆن) سروودی نیشتمانی لێئەدرا، خوێنکارانی قوتابخانەی زانستی شەوان خەڵکیان کۆکردەوەو زیاتر جۆشیان دەدان. بەڵام لەم خۆپیشاندانەدا ئەندامانی (هەئیەی وەتەنییە) هیچ کەسێکیان بەدی نەدەکران، لەبەرئەوەی لەگەڵ توندوتیژیدا نەبوون.

[٣٢] نەوشیروان مستەفا ئەمین، چەند راستیو بەڵگە نامەیەك، لەبڵاوکراوەکانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ، شارەوانی سلێمانی، ٢٠٠٢، لاپەرە ٩.

[٣٣] محەمەد مێرگەسۆری، یاخیبوونی مەدەنی (٦)ی ئەیلولو راگەیاندن، بەشێك لە توێژینەوەی ئەکادیمی، سایتی پوك هۆشیاری، ٢٠١١/٩/٢٠

http://www.pukhoshiari.com/(A(KLVOkiR_zgEkAAAANTBiODVmMDUtODg5Yy00MDY4LTljOWEtMjdmMzg2NGMyNDdjwjRvf9dDovxaUAo7mVOKREphWgc1))/Detail.aspx?id=1398&LinkID=3

سەبارەت بەو هوتافانەش کەلەخۆپیشاندانەکەدا دەوترایەوە، زیاتر گوزارشت کردن بوون لەمافەکانی کوردو رەت کردنەوەی پەیماننامەکە، بەڵام کەسانێکیش لەو ناوەدا هوتافیان دژ بەعەرەب دەکێشا بەڵام زوو بێدەنگ کران. ئەو جەماوەرەی لەبەر دەرکی سەرادا ئاپوڕەیان بەستوو، مەبەستی هەرەسەرەکیان رگەنەدان بوو، بەوانەی کەدەیان ویست بچنەسەرا بۆ دەنگان‌و بۆ ئەم مەبەستەبانگهێشت کرابوون.

ئەوانەی کەدەیان ویست بچن بۆ دەنگدان (٣٠)کەسێك دەبوون، لەکاتی خۆپیشاندانەکەدا هەندێك کەس بەنیاز بوون هەڵکەوتنەسەر زیندانەکەی سەراو زیندانیەکان بەرەڵا بکەن، بەڵام رابەرانی ناو خەڵکە، رێگایان نەدان‌و سنورێکیان بۆ دانابوون.

بەڵام هێندەی پێنەچوو جەماوەرەکەکەوتنەبەردباران کردنی پۆلیسەکان‌و سەرایان دابووەبەر بەردو پۆلیسەکانیش خۆیان کوتایەوەناو حەوشەی سەرا لەترسی خەڵك، چونکەپێشتر پۆلیسەکان کەوتبوونەپاڵنان بەخەڵکەکەوەو چەند جارێك (بێکەس)یان رفاندو ویستیان، بیگرن‌و بیبەن بۆ سەرا، بەڵام لەلایەن خەڵکەکەوە رزگار دەکرا.

هەرچەندەبەگشتی خەڵکەکەدارو تێلایان پێ بوو، بەڵام هەندێکیان تفەنگو دەمانچەشیان لەگەڵ خۆیان بردبوو. حکومەت کەزانی لەتوانایدا نیە بارودۆخەکە هێور بکاتەوەو ناتوانێت ئەو جەماوەرە کۆنترۆڵ بکات، داوای تیپێك سەربازیان کرد بۆ پارێزگاری کردن لەخۆیان. بەڵام سەربازەکان لەگەڵ گەیشتنیاندا لەسەربانی سەراو ناو باخەکەدا خۆیان دامەزراندو دەستیان کرد بەتەقەکردن لەخەڵکەکەو ژمارەیەکیان پێکا، لەو کاتەدا سەبازەکان بەفەرمانی ئەفسەرێکی عەرەبی توندڕەوی دژ بەکورد بە(مەترالیۆز) دەستڕێژیان لەلەخەڵك کرد.

بەم شێوەیەدەستڕێژی حکومەت بڵاوەی بەخەڵکەکەکردو ئەو رۆژەلەپۆلیس‌و سەرباز بترازێت کەس لەسەر شەقامەکان نەدەبینرا، لاشەی کوژراوەکان لەحەوشەی سەرادا کەڵەکەکرابوو، کەلەبارەی ژمارەی ئەوانەوەقسەو بۆچوونی زۆر هەیە، هەندێك سەرچاوەژمارەیەکی خەیاڵی دادەنێن. **(بڕوانە وێنەی ژمارە ١٢)**



**وێنەی ژمارە ١٢**

**چ- شەهیدانی ٦ی ئەیلول**

ســەبارەت بە ژمارەی کوژراوانو بریندارانی خۆپیشاندانەکەی بەردەرکی سەرا لە رۆژی ٦ی ئەیلولــی ١٩٣٠ دا کرا، ژمارەی جۆراوجۆر خراوەتەوە روو نوســەرانی کورد ژمارەیەك دەخەنە روو هاوکات بەرپرسانو بڵاوکراوەکانی حکومەتی عێراقیش ژمارەی جیاواز دەخەنە روو.

عەلادین ســجادی لەکتێبەکەیدا (شۆرشەکانی کورد، کوردو کۆماری عێراق) ئاماژە بەوە دەکات بەهــۆی ئــەوەی لەو خۆپیشــاندانەدا (٤٥) کەس کوژرانو ١٩٥ کەســی دیکەش بریندار‌بوون، بۆیە ئەو رۆژە لە سولەیمانیدا ناونرا بە رۆژی رەشی ٦ ی ئەیلول .

هاوکات جەمال بابان لە کتێبەیدا (ســلێمانی شــارە گەشــاوەکەم)، ئاماژە بەوەدەکات، سەربازانی سەرا بێرەحمانەو بێ دەست پاراستن لە خەڵکەکەیان داو دەستریژیان لێدەکرد، لــە ئەنجامدا ٢٥ کەس کوژرانو ٣٥ کەســیش بریندار کــرانو نزیکەی ٣٠٠ کەس زیاتر گیران. کوژراوانی رۆژی ٦ ی ئەیلولی ١٩٣٠ بریتی بوون لە: حەمە چاوشین، حەمەی قالە ئاغا، محەمەدی خولە، عەزیزی کورتان دروو، عەول محەمەدی چایچی (عەولە سیس)، عەلی ســیوجگەر فرۆش (عەلە گون سووتاو)، ئەحە رەشی حەسەنی دەروێشی شیرگەر، عەزیزی پینەچی، مستەفای فەتاحی، حاجی ئەحمەدی کەریم ئاغای روقێ، [٣٤]

لە هەندێك ســەرچاوەی تردا تردا ناوی محەی خولە درێژ، حەســەنی دەروێش، سەعید حەمەی ئامێ، عەزیزی مامە حەمە، عەلی سیوجگەر، هەلۆ بەگ.

هەروەها رۆژنامەی (بغداد تایمز)یش، یەکێکی ترە، لەو رۆژنامانەی باسی لە خۆپێشاندانو رووداوەکەی شەشــی ئەیلولی کردووە.کە لە یەکێك لە ژمارەکانی بەمشــێوەی خوارەوەی بڵاویکردۆتەوە.

وا دەرئەکەوێ بارودۆخی ناوشــاری ســلێمانی ولیواکەش هێمن بێ وحکومەت کاروباری گرتۆتەوە دەســت.ئەو هەواڵانەی بە شــێوەیەکی تایبەتی بۆمان هاتون ئەلێن: ئاژاوەکە تەواو بو، بە کوشتنی «١٣» کەس، کە یەکێکیان سەربازێکی عیراقیەو «٣٥»بریندار، کە ٤ یان سەرباز و٩ یان پۆلیسن. [٣٥]

[٣٤] جەمال بابان، سلێمانی شارە گەشاوەکەم، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ١٢٩ - ١٣٠.

[٣٥] محەمەد مێرگەسۆری، سەرچاوەی پێشوو
http://www.pukhoshiari.com/(A(KLVOkiR_zgEkAAAANTBiODVmMDUtODg5Yy00MDY4LTIjOWEtMjdmMzg2NGMyNDdjwjRvf9dDovxaUAo7mVOKREphWgc1))/Detail.aspx?id=1398&LinkID=3

بەڵام بەپێی راگەیەنراوی رەســمی حکومەتی عێراق کە لە رۆژی ١٩٣٠/٩/٢١ لە ژمارە (٢٦١)ی رۆژنامەی زەمان کە یەکێك بووە لە رۆژنامەکانی ئەو سەردەمەی عیراق‌و هەفتەی چەند ژمارەیەکی لێدەرچووە هاتووە:

**رووداوەکـــەی ســلێمانی:** لەبەر بلاوبوونـــەوەی زۆر واتەواتی درۆ دەربـــارەی ئەو رووداوە ناخۆشـــەی کە لە ٦ی ئەم مانگەدا لە سلێمانی قەوما لەلایەن کەسانێکەوە کە ئەیانەوێت ترس‌و نائومێدی بخەنە دڵەوە.............. دوای ئەوەی هەواڵ گەیشت کە نزیکەی ٥٠ کەس لـــە قوتابی‌و هەرچی‌و پەرچی لە بازار کۆبونەتەوەو خەریکن بەزۆر دووکانیان پێدائەخەن‌و خەڵك کۆئەکەنەوە، ئینجا رویانکردە سەرای حکومەت.... فەرمان بە سەربازەکانی سەراکرا کە بڵاوەیان پێ بکەن بەڵام ئاژاوەچیەکان بەو بەردانەی بۆ بەرد رێژی جادەکان دانرابوون، بە کورســـی وشـــتی تر تێیان بەربوون، لەم کاتەدا گوللەیەك تەقی‌و سەربازێکی عێراقی کوژرا، بەدوای ئەوەدا چەند گوللەی دەمانچەیەك تەقی‌و دوو سەربازیش بریندار‌بوون....... لە پۆلیس‌و ســـەرباز ١٠ پۆلیس برینداربوون‌و ٩ یان بەبەردوو تێڵاو یەکێکیان بەخەنجەر، ١٥٣ پەنجەرەی ســـەراو ١٨ گڵۆپی جادە شکاوە، لە جەیشی عێراقی یەك سەرباز کوژراوەو دوو سەربازیش برینداربووە، یەکێکیان بەبەرد.

**لە ئەهالی:** ٣ کوژراوو ٢٣ بریندار


**گیـــراوەکان:** ئەم کەســـانەی ناویان لەخوارەوە هاتووە دوای ئاژاوەکە گیراون: ١- شـــێخ قادری برای شـــێخ مەحمود ٢- میرزا تۆفیق ٣-رەمزی ئەفەندی ٤- حەمە ئاغا ٥- عەزمی بەگی بابان ٦- عیزەت بەگی عوسمان پاشا ٧- ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا ٨- محەمەد صاڵح بەگ ٩- مەجید ئەفەندی کانێســـکان ١٠- فایەق بەگی بابان ١١- شـــێخ محەمەدی گولانی .[٣٦]

دواتر حکومەت دەســـتبەجێ ژمارەیەك لەگیراوەکانی رەوانەی کەرکوك کرد، بەتایبەتی پێشەنگەکانی رووداوەکەئەندامانی (هەیئەی وەتەنییە) بوون، بەڵام دوای رەوانە کردنی ئەوانـــەش حکومەت هەر ســـەرقاڵی راونان‌و گرتنـــی خەڵك بوون. لەنێو بەندیخانەشـــدا بارودۆخیان زۆر خراپ بوو، لەکاتی لێپرسینەوەدا فشاریان دەخستەسەریان، تەنانەت کاپتن (گاون) دەمانچەی لەفایەق بێکەس راکێشـــابوو، بەزۆر قسەی پێکردبوو، ماوەیەکی زۆریش لەزینداندا هێشـــتبوویاننەوە، هەندێکیان دوای (٣) مانگ بەربوون، وەك دەوترێت بێکەســـ شـــاعیر شیعری (ئەی وەتەن)ی لەبەندیخانەدا وتووە دوای دەستگیرکردنی لە ٦ی ئەیلولی سەرا.

[٣٦] نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ١٤.

لەنێو شاریشدا بارودۆخەکەیەکجار گرژ ببوو، حکومەتی عێراق هێزێکی رەوانەی سلێمانی کرد، بەفەرمانی (بەکر صدقی)، کەهەندێکیان لەچەند شوێنێکی ناوشارو دەوروبەری بنکەو رەبایەیان دروستکردبوو، وەك (گۆڕەجولەکەکان،و کارێزی دایکی پاشا)، بارەگای فەوجەکەش لەکانێسـکان بوو. تەنانەت حکومەت لەترسی جەماوەر، سەربانی مزگەوتو تەکیەکانیشی کردبوو بەمۆڵگەی سـەربازەکانی، وەك مزگەوتی(تەکیەڕووتە) لەگۆیژەو نزیك مزگەوتی گاوران. سـەربازەکانی حکومەت داوای ناسـنامەیان لەخەڵکی دەرکردو سوکایەتیشـیان پێدەکردن، ئەگەر پێیان نەبووایە.

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ١٣)**



**وێنەی ژمارە ١٣**

**د- خۆپیشاندانی ٦ی ئەیلول لە رۆژنامەکانی بریتانیا ودەرەوە**

خۆپیشاندانی جەماوەری شاری سلێمانی ولێکەوتنەوەی رووداوێکی خوێناوی وەك شەشی ئەیلول، کاریگەریەکی راستەوخۆی هەبووە، بەســەر بارودۆخی گشتی کوردستانو عێراق بە گشتیو شــاری سلێمانیو دەوروبەری، کە ماوەیەك بوو، کوردستانو شاری سلێمانی بە تایبەت لە دۆخێکی ئارام وجێگیر دەژیا.بۆیە لەگەڵ ئەو رووداوو ئەو کوشتارەی لێیکەوتەوە، زۆر لە رۆژنامە وکەناڵەکانی ئەو سەردەمە لە رێی چەند پەیامنێر وسەرچاوەیەکی جوداوە، باسیان لە خۆپیشاندانی شەشی ئەیلول کردووە وبلاویانکردۆتەوە، کە هەندێ لەو رۆژنامانەو گۆڤار وسەرچاوانەی دەرەوە، جێگەی متمانەی بەشێکی زۆری جەماوەریو هاولاتیانی ولاتی خۆیانو خوێنەرێکی زۆریان هەیەو خاوەن پێگەیەکی باوەرپێکراو وناوەرۆکێکی راستگۆن.

خۆپیشــاندانی شەشــی ئەیلول لەرۆژنامەی (تایمس) ورۆژنامەی(رۆژهەلاتی نزیكو....) ئینگلیزی.

گەورەیی شەری بەردەرکی سەرا، گەورەیی خۆی بەسەر زۆر بواردا نواند،یەکێ لەو بوار ودیاردانــە، بایەخپێدانی گۆڤارو رۆژنامە جیهانیەکانە، لێرەدا تەنها دوو نمونەی ســەرەکی دەهێنینەوە.

یەکەمیان: رۆژنامەی (تایمس)ی لەندەنی بەناوبانگە، کە لەدوای تەنها شەش رۆژ بەسەر خۆپێشاندان وشەری بەردەکی سەراو یەك رۆژ لە ناردنی ئەو هەواڵە بە رۆژانەکە، لە ژمارەی رۆژی ١٩٣٠/٩/١٢، باســی خونیشاندانو شەری بەردەرکی سەرای کردووەو بلاوکردۆتەوە. بە سەردێرو هاتووە :

(شەری کورد لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی عێراقدا، سیانزە کوژراو – **Kurds battle with Iraq Troops ,Thirteen killed**). ئەمــەی خوارەوەش پوختەی باسو هەواڵەکەیە. بەغدا، یانزەی ئەیلول.

لە شــەرێکی قورسدا لە نێوان پۆلیسو سوپای عێراقی خۆنیشاندەرانی کورددا لە شاری سلێمانی، کە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، سیانزدە کەس کوژران کە یەکێکیان پۆلیسە،٢٥ کەسیش برینداربوون، چواریان سەربازو نۆیان پۆلیسن.

هەراکــە بە خۆپیشــاندانێکی دووهەزار کەســی دژی ئەو کوردانە دەســتی پێکرد، کە بەشــداریی ئەو هەڵبژاردنە گشــتیەی ئێســتای عێراقیان کردووە.چەکی خۆنیشــاندەران بریتــی بوو لە دەمانچەو خەنجەر، ئەوان ئابڵوقەی دایەرەکانی حکومەتیان دابوو، هاواریان دەکرد»بڕووخێت هەڵبژاردن» ،»هەڵبژاردنێکی ئــازاد لە ناوچە کوردەوارییەکاندا مەحاڵە«. پۆلیس بە دار بەربوونە گیانی خۆنیشــاندەران، بەڵام کاتێك کاربەدەستان لەوە دڵنیابوون، کە چارەســەری بارودۆخەکە لە ویزەی پۆلیســدا نییە داوای لەشکریان کرد، لەشکر ناچاری دەسرێژ بوو.

حاڵی حازر دەست بەسەر وەزعدا گیراوە، نۆ لە رەهبەرە نەتەوەییەکانی کورد گیراونو بۆ لێکۆلینەوە لەگەڵیاندا نێردراونەتە کەرکوك.

ئەو سـەرچاوە ئینگلیزی وبیانییەی باسـی لەو رووداوە کردووە.کە بـە ژمارە دووەمیان دانرا: گۆڤاری «رۆژهەڵاتی نزیكو هندستان» ئەو رۆژنامەیەلە ژمارەی رۆژی پێنج شەممە، ١٦/١٠/١٩٣٠یدا، وتار یێکی بەم ناو ونیشانە تێدایە(عێراق‌و ناوچەی باکور)، کە سەرجەمی دەربـارەی هەڵوێسـتی هەردوو حکومەتی عێـراق‌و بریتانیایە، بەرامبەر کێشـەی کوردو پەیوەندی نێوان کوردو ئاشوورییەکان، کە هەبوون کنەیان تێدا دەکرد. [٣٧]

**٥- ٦ی ئەیلول لای شاعیرانی کورد**

خۆپیشاندان‌و نارەزایەتیەکانی ٦ی ئەیلولی بەر سەراو ئەو قوربانیانەی لێکەوتەوەو کاریگەری گەورەی لە شـەقامی کوردیدا درووستکرد بەتایبەتیش لای شاعیران، زۆربەی شاعیرانی ئەو کات لە ڕێی شیعرەوە هەڵوێست‌و نارەزایی خۆیان بەرامبەر بەو رووداوە دەربری .

(حەمدی بەگی ساحێبقڕان)
بۆ هەواڵ ئاڵۆزە، بۆچی لێڵ‌و سوورە ئاسمان؟
گێژەڵووکەی نەگبەتە، یا فیتنەیی ئاخر زەمان؟
هەوری قەهری مەوجی دەریایی غەزەب دێنێتە جۆش
یافغان‌و دوکەڵی ئاهی هەناسەساردەکان
رەنگی گوڵ بۆچی پەری بولبول دڵی بۆچی شکا
ناکرێ ئەوەڵ بەهاری شادمانی بێ خەزان
بەفرە باریوە لەسەر بەختی رەشی خاکی وەتەن
یا بەدەم شەستیرەوە مێشکی هەژارانە پژان
بۆ وەتەن زەرد هەڵگەراوە بەرگی سورە شین ئەکا
رەنگە ئەشکالی شەهیدی بێنەوامان دا نیشان
ئەم هەموو لاوە نەمامن نێژران لەم باخچەیە
ریشەیی کوردایەتی بوو یەعنی بۆمان نێژران
جەژنی قوربانە سلێمانی بەمەزبەح دانرا
کورد مەرن بۆیە بەجاری هەر لەوێدا سەربڕان
رەبی موی لێبێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ
هەرکەسێ گوڵشەن بەدەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ [٣٨]

[٣٧] محەمەد مێرگەسۆری، سەرچاوەی پێشوو
http://www.pukhoshiari.com/(A(KLVOkiR_zgEkAAAANTBiODVmMDUtODg5Yy00MDY4LTljOWEtMjdmMzg2NGMyNDdjwjRvf9dDovxaUAo7mVOKREphWgc1))/Detail.aspx?id=1398&LinkID=3

[٣٨] ئەحمەد حەمدی بەگی ساخێبقڕان، دیوان، چاپخانەی ئەسعەد بەغداد ١٩٥٧، لاپەرە (٩٦، ٩٨)

شەهید ... گۆرانی شاعیر
هەزارو نۆسەدو سی بوو شەشی ئەیلول کە رۆژ هەڵهات
غرىو ویستنی حەق کەوتە ناوشاری سلێمانی
هەڵۆ بەگ، ئەو جوانە، پڕ دڵی بوو، بۆ وەتەن ئاوات
لەپێش جەمعیەکەوە، تابەر سەرا رووی هەڵمەتی هانیی
شەقەی شەستیرو قرچەی دەستریژو هەڵمەتی سۆنگی
بەخوێنی وردی بێتاوان شەپۆلی خستە سەرجادە
نەما جوانێ کە سونگی نەیسمیبێ سەد کەرەت سنگی
نەما پیرێ لە ریزی گوللە بوبێ قەلبی ئازادە
بڵێ بە بوکی تازەی یەکشەوەم گەر هاتە سەر نەعشم
نەڵێ خۆی بۆ وەتەن کوشتو لەرێی عەشقی منا نەژیا
وەزیفەم بوو لە پێناوی وڵاتێکا سەرم بەخشم
کەتۆی پەروەردەکرد بۆ من لە داوێنی چیاو کەژیا
ئەگەر خوای گەورە، بەخشی بێت هەتیوێ پێی بڵێ رۆڵە
لەمن فرمێسکی ویست باوکت، لەتۆش داوا ئەکا تۆڵە [٣٩]

وەفدی کوردستان ١٩٣/٩/٦ پیرەمێرد
وەفدی کوردستان، میللەت فرۆشان
هەرزەو کیلی شاری خامۆشان
دەسکێ لەگوڵەکەی باخچەکەی سەرا
کە بەخوێناوی میللەت ئاودرا
بیبەنە خزمەت، عەرشی عیراقی
بڵێین یار باقی، هەم سوحبەت باقش
تارای خوێنی سوور، بەرن بۆ ئەمیر
بڵێن پاش کوشتار هێشتا تۆی دڵگیر؟
دەك خەجاڵەت بن لەڕووی مەحشەرا
ئێمەش خاکی غەم ئەکەین بەسەرا
خەیاڵتان خاوە، کورد نەفەوتاوە

[٣٩] دیوانــی گۆران، ئامادەکردنی محەمەدی مەلا کەریم، لە چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، چاپی بەغداد، لاپەرەکانی(٢٦٦، ٢٦٧) .

بەراتی نەجات بەخوێن نووسراوە
من ڕەنگی سوورم بۆیە خۆش ئەوێ
مژدەی شەفەقی لێ دەرئەکەوێ [٤٠]

ئەی وەتەن .... فایەق بێکەس ١٩٣٠
ئەی وەتەن مەفتونی تۆم‌و شێوەتم بیرکەوتەوە
وەختی بەندیی‌و ئەسارەت، پێ بەتەوق‌و کۆتەوە
من لە زیکرو فیکری تۆ غاقڵ نەبووم وا تێنەگەی
حەبس‌و تێهەڵدان‌و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە
بەو خودایەی بێشەریک‌و لامەکان‌و واحیدە
عەشقی تۆ نەوعێ لە دڵما ئاگری کردۆتەوە
ئاگرێکی وا هەزار ساڵ ئاوی بڕژێنیتە سەر
قەد گرو گڵپەو بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە
بەسیە تەعنەم لێمەدە هەر ڕۆڵەکەی جارانتم
هێندە حیلمت بێ هەتاکو دەستو پێم ئەکرێتەوە
شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ، گەر خوا دەستم بدا
دوژمن پەت کەم وەکو سەگ، بیخەمە ژێر پێتەوە
(بێکەس لەبەندیخانەدا ئەم شیعرەی وتووە دوای دەستگیرکردنی لە ٦ی ئەیلولی سەرا)[٤١]

[٤٠] ئومێد ئاشنا، دیوانی پیرەمێردو پێداچوونەوەیەکی نوێ بە ژیان‌و بەرهەمەکانی، بەرگی یەکەم، چاپی هەولێر، ٢٠٠١ . لاپەرەکانی (١٦٠، ١٧٦، ١٧٧)
[٤١] دیوانی بێکەس، ئومێد ئاشنا ڕێکی خستووەو لێی زیادکردووەو پاشکۆی بۆ داناوە، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٥، لاپەرە، ١٥ .

شێوەن ................ قانع

لەکزی کوردان گلاراوەمە
رۆژەکەی ئەیلول، تانەی چاوومە
لەبیرت نەچێ، باخچەی سەر سەرا
بەخوێنی کوردی مەزڵوم ئاودرا
بە گوللەی مەترەلۆز ئاوپرژێن کراین
لەسەر حەق خۆمان بەناحەق کوژراین
با پێی تێنەخەین ئەو خوێنە گەشە
چونکە یادگاری رۆژێکی رەشە
سوێندی پێ بخۆین تا رۆژی مردن
کۆتایی نەکەین لە تۆڵە سەندن
ئەو خاکو خوێنە کەینە نمونە
بۆ ئەو میللەتەی ئەمرۆ زەبوونە
با لەناو پەڕەی مێژوو بمێنێ
کورد تۆڵەی خوێنی بە خوێن ئەسێنێ [٤٢]

شێخ نوری شێخ صاڵح
دووبارە دڵ لە داغی وەتەن پڕ لە میحنەتە
لەم مەنزەرەی فەلاکەتە لەم دەردوو حەسەرەتە
حەقیە فەلەك بەجاری سەری خۆی لە خۆم بنێ
بگری فەلەك بەشینەوە بۆ ئەم موسیبەتە
بەرقاپی سەرا بۆتە دەشتی کەربەلا
یا مەزبەحەی گروهی وەتە خواهی ئومەتە
ماهی موحرەمە ئەمە شینی حوسەینە یا
ئەیلولە رۆژی شیوەنە ماهی فەلاکەتە
هەرنەعشی لاوی کوردی ستەمدیدەی غەمە

[٤٢] دیوانی قانع، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپی چوارەم، سلێمانی ٢٠٠١، لاپەرە(٢٨٤).

خەڵتانی خوێنی نائیلی روتبەی شەهادەتە
هەر ئەوینهالی کوردە بەخوێناوی ئاڵەوە
گەوزانی خاكو خوێنە شەهیدی شەجاعەتە
هەر ناڵە ناڵی لاوە بەدەم گوللەوە ئەناڵێ
یارەبی کەی نیهایەتی دێ ئەم موسیبەتە [٤٣]

ئەیلولی خوێناوی..............ئەخۆل، ئەحمەد دەروێش

بەجارێ ماڵی وێرانم سلێمانی خرۆشاوە
بەسەر هیچ کەس نەیە خوایە ئەوەی لەم شارە قەوماوە
بەیانی بوو شەشی ئەیلول لەناکاو گوللە وەك باران
ئەبارێ بۆ قڕەی میللەت ئەوەی پیرو ئەوەی لاوە
بەدەم شەستیرەوە لاشە وەکو زۆربەی گەڵا رێزان
لەرێدا عەینی ئەتوت بەردە بازی جۆگەلەی ئاوە
لەبەردەرکی سەرا دیارە لەهەر لایەك تەماشاکەی
سەراسەر پڕ لەلاشەی مردووە شێلراوە، کوژراوە
چ قینێکە، چ زوڵمێکە، چ کوشتارو برینێکە؟
ئەبێ قەت بیر نەچی، هەتاکو کورد زیندووەو ماوە [٤٤]

[٤٣] دیوانی شـــیخ نوری شێخ ساڵح، ئامادەکردنو ساغکردنەوەی ئازاد عەبدولواحد، بەرگی یەکەم، چاپخانەی جاحز بەغداد ١٩٨٩، لاپەرە ٣٨٩ .
[٤٤] دیوانی ئەخۆل، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، لاپەرە ١٣٩.

## دووەم/ لێکچونەکانی ١٧ی شوباتو ٦ی ئەیلول

لەگـــەڵ ئەوەی ماوەی نێوان ٦ی شـــەیلولی ١٩٣٠و ١٧ی شـــوباتی ٢٠١١ نزیکەی ٨١ ســـاڵە، بەڵام زۆر خاڵی لێکچوون هەیە لە نێوان ئەو دوو رووداوە گرنگەدا کە هەریەکەیان وەرچەرخانێکی گرنگ بوون لە مێژووی گەلی کوردا.

١- لە هەردوو رووداوەکەدا سەرای سلێمانی دەبێتە سەنتەری هەڵبڕینی دەنگی نارەزایی‌و رووبەرووبونەوەی ستەم‌و زوڵم‌و ناعەدالەتی.

٢- ١٧ی شـــوبات توانی فشـــاری سیاســـی لە گوتاری راگەیاندنەکان‌و ئۆپۆزســـیۆنەوە، بگوازێتـــەوە بـــۆ شـــەقام‌و خۆپیشـــاندان دژ بـــە گەندەڵـــی‌و ناعەدالەتی کـــردە نەریتی رووبەرووبوونەوەی دەســـەڵاتی کوردی، راپەرینی ٦ی ئەیلولی بەردەرکی ســـەراش خاڵی وەرچەرخان بوو لەمێژووی جوڵانەوەی رزگاری نیشـــتمانی کوردســـتاندا، چونکە بۆ یەکەم جار بوو، قورســـایی شۆڕش‌و خەبات لەلادێ وە بگوازرێتەوە بۆ شـــار،و خەڵکی رووناکبیرو گەورەپیاوانی شارەکان، پێشڕەوی شۆڕش‌و راپەڕین بکەن

٣- ئەگەر هۆکاری راستەوخۆی خۆپیشاندانەکەی ٦ی ئەیلول پشتگوێخستنی داواکانی کورد بووبێت لە پەیمانی عێراق – بەریتانی، بەلام ناعەدالەتی‌و خراپی گوزەران‌و سەرکوتکردنی شۆرشـــەکانی کوردو دەیان هۆکاری دیکە رۆڵیان هەبوو لە خوڵقاندنی ئەو رووداوەدا، ئەوا ١٧ی شوباتیش ئەگەر بۆ پشتگیری‌و پیرۆزبایی سەکەوتنی شۆڕشیی میسرو تونس بووبێت ئەوا، ناعەدالەتی‌و خراپی گوزەران‌و گەندەڵی‌و پشتگوێخستن‌و زوڵم‌و ستەمی دەیان ساڵەی دەسەڵاتی کوردی رۆڵی هەبوو لە درووستکردنی ئەو خۆپیشاندانەدا.

٤- ئەوانەی رێبەرایەتی خۆپیشـــاندانەکەی ٦ی ئەیلولیان کرد، روناکبیران‌و شـــاعیران‌و گەنجان‌و خوێندکاران بوون، بە هەمان شـــێوە ئەوەی پشـــتگیری خۆپیشـــاندانەکانی ١٧ی شوباتی کرد نوسەران‌و رۆشنبیران‌و شاعیران‌و گەنجان‌و خوێندکاران بوو.

٥- بێکەس لە ٦ی ئەیلولدا لە پێشـــی خۆپیشاندەرانەوەی شیعری دەخوێندەوەو شیعری ئـــەی وەتەن مەفتونی تۆمی بۆ ئەو رووداوە گوتووە، لە دوای ٨١ ســـاڵ‌و لە ١٧ی شـــواتدا شێرکۆ بێکەس بەردەوام دەچێتە سەراو لەیەکەم لەحزەشدا شیعری لەگەڵتانم‌و لەناوتنمی وت.

٦- وەڵامـــی پۆلیـــس‌و هێزی عێراقی لە بینای ســـەرای ســـلێمانی لـــە ٦ی ئەیلولدا بۆ خۆپیشاندەران گوللە بوو بەهۆیەوە دەیان کەس کوژران‌و بریندار بوون، لە ١٧ی شوباتیشدا هێزەکانی لقی ٤ بە گوللە وەڵامی خۆپیشاندەرانیان داوەو دەیان کەس بوونە قوربانی.

٧- شـــەهیدانی ٦ی ئەیلول هەموویان کەســـی هەژارو بێکارو چایچیو دوکاندار بوون، بەهەمان شـــێوە ئەوانەی لە ١٧ی شـــوباتو رۆژانی دوایی شەهید بوون کەسانی هەژارو کەمدەرامەت بوون.

٨- لە بەیاننامەی رەســـمی حکومەتی عێراقیو وەزارەتی ناوخـــۆی عێراقدا ئاماژە بەوە کراوە کە نزیکەی ٥٠ کەس لـــە قوتابیو هەرچیو پەرچی لە بازار کۆبونەتەوەو خەریکی ئاژاوەنانـــەوەن، لە ١٧ی شوباتیشـــدا وەزیری پێشـــمەرگە رایگەیاند، ئەوانەی لە ســـەران هەندێك کەسی چەقۆ وەشێنو هەرچیو پەرچین.

٩- لە ٦ی شەشی ئەیلولدا نێو شاری سلێمانی بارودۆخەکە یەکجار گرژ ببوو، حکومەتی عێراق هێزێکی رەوانەی ســـلێمانی کرد، بەفەرمانی (بەکر صدقی)، کەهەندێکیان لەچەند شوێنێکی ناوشـــارو دەوروبەری بنکەو رەبایەیان دروســـتکردبوو، وەك (گۆڕەجولەکەکان،و کارێزی دایکی پاشـــا)، بارەگای فەوجەکەش لەکانێســـکان بوو. تەنانەت حکومەت لەترسی جەماوەر، ســـەربانی مزگەوتو تەکیەکانیشـــی کردبـــوو بەمۆڵگەی ســـەربازەکانی، وەك مزگەوتی(تەکیەڕووتە)، هاوکات لە ١٧ی شوباتیشـــدا دەســـەڵات هێزی رەوانەی سلێمانی کردوو دواتریش دەورەبەری شاری کردە مۆڵگەی سەربازیو رەبیە .

١٠- لەدوای خۆپیشـــاندانەکەی ٦ی ئەیلول هێزەکانی پۆلیســـی عێراق دەستیان کرد بـــە گرتو راوەدوونانـــی ئەوانەی کە خۆپیشـــاندانیان کردبوو کە زۆربەیـــان روناکبیرانو شـــاعیران بوون، لە ١٧ی شوباتیشدا هێزەکانی دەسەڵات دەستیان کرد بە دەستگیرکردنی خۆپیشـــاندەرانو لـــە دوا رۆژیشـــدا دەیان رۆژنامەنووسو مامۆســـتای زانکۆو نوســـەریان دەستگیرکرد .

١١- خۆپیشاندانەکەی ٦ی ئەیلول لەلایەن حکومەتی عێراقیەوە بە هێز کۆتایی پێهێنراو ســـەرکوتکرا، بە هەمان شێوە لە خۆپیشـــاندانەکانی ١٧ی شوباتیشدا بە هێز کۆتایی بە خۆپیشاندانەکان هێنراو کپ کران.

# بەشی پێنجەم
# بەردەوامی خۆپیشاندانەکان

- یەکەم/ خۆپیشاندانی ١٩ی شوبات
- دووەم/ خۆپیشاندانەکانی ٢٠ی و ٢١ی شوبات
- سێیەم/ رەوشی میدیا لە ٤ رۆژی خۆپیاندانەکاندا
- چوارەم/ رۆڵو هەڵوێستی میدیا لەخۆپیشاندانەکاندا

# یەکەم/ خۆپیشاندانی ١٩ی شوبات

لەدوای خۆپیشاندانی ١٧ی شوباتو ئەو قوربانیانی لێی کەوتەوە بەهۆی تەقەی هێزەکانی لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، جۆرێك لە بێدەنگیو حەپەسانی لای هاولاتیان درووستکرد بە جۆرێك لە رۆژی ١٨ی شوباتدا بێدەنگیەکی گەورە باڵی کێشا بەسەر شاری سلێمانیدا، وەك دەوترا شار بۆنی خوێنی لێدەهاتو هاولاتیان توشی شۆك ببون، کە رەنگە هۆکاری سەرەکی ئەوە بووبێت بەیاننامەو کاردانەوەی سەرجەم لایەنەکان هێرش بوو بۆسەر خۆپیشاندەرانو ئیدانەکردنیان، پارتی سەرەرای ئەوەی ٥٤ کەسی بە گوللەی هێزەکانی کردبووە قوربانی خۆی بە قوربانی دەزان، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە ئەوەی قوربانیە هاولاتیانو خۆپیشاندەرانە، تەنانەت بەشێك لە برینداران نەیان وێرابوو خۆیان کەشف بکەنو لە ترسی دەستگیرکردن نەچوبونە نەخۆشخانە، هەربۆیە دوای رامانو بیرکردنەوەی قوڵو درووستکردنی پرسیاری جدی لەسەر دۆخە، رۆشنبیرانو نوسەرانو چالاکان کەوتنە جوڵە.

لە ئێوارەی ١٩ی شوباتو دوو رۆژ دوای خۆپیشاندانەکەی ١٧ی شوبات، د. فاروق رەفیقو ناسك قادری هاوسەری ژمارەیەکی زۆر لە نوسەرانو رۆشنبیران، بە تووڕەیەکی زۆرەوە چونە بەردەرکی سەراو لەناو تورەییو نارەزای گەنجە بێ سەرکردەو رێنیشاندەرەکاندا، زۆر بە راشکاوانە داوای راپێچکردنی لێپرسراوی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەن بۆ بەردەم دادگاو کشانەوەی سەرجەم ئەو هێزە سەربازیانەی هێنراونەتە سلێمانی لەگەڵ ئازادکردکردنی گیراوانی ١٧ی شوباتیان کرد، دیارە دەقی بەیاننامەکە بە دەستوخەتی د. فاروق رەفیق هەر لەسەراو بەپەلە نوسراوە.

**(بروانە پاشکۆی ژمارە ١٦ دەقی دەستنوسی داواکاریەکانی خۆپیشاندەران)**

**خۆپیشاندانی جەماوەری شاری سلێمانی، داواکارییەکانی خۆی لە دوو بەیاننامەدا ڕاگەیاندووە. ئەمە دەقی هەردوو بەیانامەکەیە:**

**کۆبونەوەی «مەیدانی ئازادی» (سەرا)ی شاری سلێمانی**
**دوای نیوەڕۆی ٢٠١١/٢/١٩**

**بەیاننامەی یەکەم:**

داواکاری خەڵکی شاری سلێمانی بۆ بەردەم دەستەڵاتدارانی کوردستان پاش هێرشکردنە سەر هاونیشتمانیان لەسلێمانی لە ڕێکەوتی ٢٠١١/٢/١٧:

١.کشاندنەوەی ئەو هێزە سەربازیەی کە هێنراونەتە سەر سلێمانی.

٢. ڕاگەیاندنی ئەوەی کە خوێنی هاونیشـــتمانیانی کوردستان بۆ هەموان هێڵی سوورە هیچ هێزێك نابێت بیبەزێنێت.

٣. ڕاپێچکردنی لێپرسراوی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ بەردەم دادگایەکی جەماوەری عادل.

٤. دادگاییکردنـــی ئەو چەکدارانەی پارتی کە بێباکانەو نا لێپرســـراوانە لاوان‌و گەنجانی بێچەکی ئەم شارەیان خەڵتانی خوێن کرد.

٥. پێویستە پارتی دیموکراتی کوردستان داوای لێبوردن لە خەڵکی سلێمانی‌و کوردستان بکات بۆ ئەو هەڵوێستە نا مەدەنی‌و نا شارستانیەی بەرامبەر شارەکانی کوردستان نواندیان بۆ ترساندنی خەڵك.

٦. پێویســـتە بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکە لە زووترین کاتدا ســـەرجەم بارەگا حیزبیە چەکدارەکان ببرێنە دەرەوەی شار.

٧. پاش هێور بوونەوەی هەلومەرجەکە پێویســـتە کۆتایی بە میلیشیای حیزبی بهێنرێت واتە ئیدی حیزب نابێت خاوەنی هێزی چەکداری بێت کە هەرکات حیزب خواســـتی هێرش بکرێتە سەر ڕکابەر یان نەیارەکانی.

٨. پێویســـتە حکومەتی هەرێم لێپرســـراوێتی خـــۆی ڕابگەیەنێت بەرامبەر ســـەرجەم کرژییەکان‌و پەیمانی ئەوە بدەن کە ئیدی نابێتە ئامراز بە دەستی هیچ حیزبێکی سیاسیەوە بۆ ســـەرکوتی خەڵك، بەڵکو نوێنەری سەرجەم هاونیشـــتمانیانەو داکۆکی لە سەلامەتی‌و مافی سەرجەم هاونیشتمانیان دەکات.

٩. ئازادکردنـــی گیـــراوەکان‌و ڕاگەیاندنی ژمـــارەی ڕاســـتەقینەی قوربانیەکانی ٢/١٧/ ٢٠١١

**بەیاننامەی دووهەم:**

ئێمە کۆمەڵێك هاونیشـــتمانیانی شاری ســلێمانی ئەمڕۆ ٢٠١١/٢/١٩لە کاتژمێر یەکی پاشـــنیوەڕۆ لە بەر دەرکی سەرا «مەیدانی ئازادی» لە هەنگاوێکی جەماوەری خۆڕسکدا دە خاڵمان خســـتە بەردەم دەستەڵاتدارانی کوردســـتانو لە بەردەم جەماوەری شاری سلێمانی خوێندرایەوە.

لــەو کۆبونەوەیەداو ئێســـتاش رای دەگەیەنین کە ئێمە باوەڕمان بـــە ملکەچنەکردنی مەدەنیانە هەیە لەوانە کۆبونەوەو خۆپیشـــاندانی جەمـــاوەری ناتوندوتیژ، بە توندی دژی تونـــدو تیژین چ لە لایەن خۆپیشـــاندەران یان لە لایـــەن فەرمانڕەوایانی کوردســـتانەوە ئەنجامبدرێـــت. ئەمڕۆ ئەگەرچـــی بە ئامادەبوان راگەیەندرا کە ئێمە هەر ئێســـتا بلاوەی لێدەکەینو چاوەڕێی هەڵوێســـتی لایەنە لێپرسراوەکان دەکەین، بەڵام بە داخەوە کۆمەڵێك لە ئامادەبوان خۆویستانە بەرەو شەقامی مەولەوی بەڕێکەوتبوونو لەوێ لە تەك ئاسایشو پۆلیسدا دەرگیری دروستدەبێتو دووبارە هێزەکانی دەستەڵات چەند کەسێك بریندار دەکەن (١٢)و ژمارەیەکیش دەستگیر دەکەن.

ئێمە لێرەدا لە پاڵ داواکاریەکانی بەیاننامەی یەکەمدا چەند داواکاریەکی نوێ دەخەینە روو.

زۆر راشـــکاوانەو بە دەنگێکی زولاڵ رایدەگەیەنین کە خواستو داواکاری هاونیشتمانیان داواکاری مەدەنیانـــەو یاســـاییانەیەو دەبێت بەگوێرەی عورفو گشـــت پرنســـیپو ئازادیە مەدەنـــیو سیاســـیەکان کە لە جیهانی پێشـــکەوتودا پەیرەویان لێدەکرێـــت لەوانە وتاری مافەکانی مرۆڤ مامەڵەیان لەتەکدا بکرێت، داوا لە دەســـتەڵاتدارانی سیاســـی کوردستان دەکەین گوێ لە داواکاریە رەواکانی هاونیشتمانیانی کوردستان بگرنو هەرئێستا پاشەکشە بە هێزە سەربازیەکانی حیزبە دەستەڵاتدارەکان بکەن.

داواکارین ئیرادەی خۆیان نیشـــانبدەن بۆ بەســـەر رێگا خستنی گۆڕانکاری لە سیاسەتو شێوازی حوکومکردنیاندا، لەم رووەشەوە داواکارین بە زووترین کات ئەو کەسانەی بەهۆی خۆپیشـــاندانەکانی ١٧و ١٩ ی ٢ ەوە دەستگیرکراون بێ هیچ قەیدو بەندێك ئازاد بکرێنو بەڵێنمان پێبدەن کە ئیدی بە چەك وەڵامی داواکاریە رەواکانی هاونیشتمانیان نەدەنەوە.

گردبوونەوەو تورەیی هاوڵاتیان لە ١٩ی شـــوبات لە ســـەرای ســـلێمانی، بە ســـەرەتای بەردەوامی خۆپیشـــاندانەکانی ١٧ی شـــوباتو دوپاتکردنەوەی داواکاری خۆپیشـــاندەران دەژمێردرێت، هەروەك گردبوونەوەکەی ١٩ی شوبات بە روونی ئەوەی بەبەرپرسانی پارتی وت کە ئێوە قوربانی نین بەڵکو جەلادن ئەوەی قوربانیە، هاونیشتیمانیانە.

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ١٤)**



وێنەی ژمارە ١٤

لەگـــەڵ دووبارە ســـەرهەڵدانەوەی خۆپیشـــاندەرانو زیادبوونی تورەیـــی هاوڵاتیان، بە پێچەوانەی هەڵوێستی پێشویان بزووتنەوەی گۆران بەرەسمیو لە بەیاننامەیەکدا پشتیوانی خۆی بۆ خۆپیشاندەران راگەیاند:

لە بەیاننامەکەدا هاتووە: لە کاتێکدا بزوتنەوەی گۆڕان ئیدانەی هەر جۆرە دەستدرێژییەك دەکات بۆ ســەر موڵكو ماڵی گشـــتیو تایبەت، بۆ ســـەر هـــەر دامودەزگایەکی فەرمیو حزبیش.،. بەڵام هیچ پاساوێك لەبەردەم دەسەڵاتداراندا نییە بۆ سەرکوتکردنی هاوڵاتیان بەشـــێوەی خوێناویو بەکارهێنانی چەك دەرهەق بە خۆپیشـــاندەران. ئەوەی لە سێ رۆژی رابـــردوودا بینیمـــان پەنابردنی دەســـەڵاتدارنی هەرێم بوو بۆ: تەقەکردنـــی رەمەکی لە خۆپیشاندەرانو شـــەهیدو بریندارکردنی دەیان هاوڵاتی بێدیفاع، رەشبگیریو راوەدوونانو تۆقاندنی هاوڵاتیان، بەخشـــینەوەی تۆمەتی بێبنەماو تەخوین بەسەر هێزە سیاسییەکاندا بە تایبەتی بزوتنەوەی گۆڕان.

بەیاننامەکە ئاماژەی بەوەشـداوە : پێویسـتە لەسەر دەسـەڵاتداران دەسبەجێ هەموو هێماکانی گرژیی دۆخەکە هێور بکەنەوە، بە:

- کشـاندنەوەی هەموو هێـزە چەکدارە جوڵە پێکـراوەکان بۆ بارەگاکانیـان پێش رۆژی ٢/١٧.

- ئازادکردنـی هەمـوو ئـەو هاوڵاتیانـەی کـە زیندانـیو دەسبەسـەرکراون لـە خۆپیشاندانەکاندا.

- دادگاییکردنـی هەموو ئەو فەرمانـدەو چەکدارانەی کە تەقەیان لە هاوڵاتیان کردووە، یان فەرمانی تەقەکردنیان داوە.

- پێکهێنانـی لیژنەیەکـی لێکۆڵینەوەی سـەربەخۆ بـۆ بەدواداچوونی ئاشـکرای ئەو دەسـتدرێژیانەی کرانە سـەر بارەگا حزبییەکان لە هەر سێ پارێزگای سلێمانیو هەولێرو دهۆك.

- گوێگرتن بۆ داواکانی خۆپیشـاندەرانو دەسـتکردن بـە جێبەجێکردنی داواکانیان بێ دواکەوتن.

**(بڕوانـە پاشـکۆی ژمـارە ١٧ بەیاننامـەی بزووتنـەوەی گـۆڕان بـۆ پشـتیوان لـە خۆپیشاندەران)**

لەگەڵ هەڵوێسـت وەرگرتنی رۆشـنبیرانو چالاکان بەرامبەر بە توندوتیژیو کوشـتنو بریندارکردنی خۆپیشاندەران، جارێکی تر نارەزاییو خۆپیشاندانی گەنجان دەستی پێکردەوەو توندوتیژی لێکەوتەوە، بەپێی دوا ئاماری فەرمانگەی تەندروسـتی سـلێمانی، بریندارانی خۆپیشاندانە جەماوەریەکەی ١٩ی شوباتی سلێمانی، گەشتوەتە ١٤ بریندار، کە یەکێکیان بە فیشەك بریندارکراوە.

دکتۆر رێکەوت حەمە رەشـید، سـەرۆکی فەرمانگەی تەندروستی سـلێمانی رایگەیاند: بەپێـی دوا ئامار، ١٤ کەس لە خۆپیشـاندانەکانی ١٩ی شـوباتدا برینداربونو یەکێك لە بریندارەکانیش بە فیشەك بریندارکراوە. [٤٥]

هەر لە رۆژی ١٩ی شـوباتدا خوێندکارانی زانکۆی سـلێمانی لـە هەوڵی کۆکردنەوەی پارەدابوون بۆ قەرەبوکردنەوەی شوشە شکاوەکانی لقی ٤ی پارتی، کە رۆژی ١٧ی شوبات بە بەردی جەماوەری سڤیلی خۆپیشاندەر شکێنران.

[٤٥] سلێمانی: ژمارەی بریندارەکانی خۆپیشاندانەکە، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/١٩/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34021&cat=1

# دووەم/ خۆپیشاندانەکانی ٢٠ی‌و ٢١ی شوبات

لەدوای دەستپێکردنەوەی خۆپیشاندانەکان لە ١٩ی شوبات لەبەردەرکی سەرای سلێمانی، بڕیاردرا تا تەواوی داواکاری خۆپیشاندەران جێبەجێنەکرێت واز لە خۆپیشاندان نەهێنرێت‌و رۆژانە لەدوای کاتژمێر ٢ی پاش نیوەڕۆوە، لە سەرای سلێمانی کۆدەبنەوە، بەڵام بە ئاسانی ناتوانرا کۆنترۆڵی گەنجەکان بکرێت، هەربۆیە گەنجان بەردەوام لە رووبەڕووبونەوەی هێزەکاندابوون، لە خۆپیشاندانی رۆژی ٢٠ی شوبات زیاتر گەنجان لە شەقامی خانەقاوە بۆ بەردەم نەخۆشخانەی سلێمانی ئەهلی دەستی پێکردوو کە زۆربەیان خوێندکار بوون، لەبەردەم نەخۆشخانەی سلێمانی ئەهلی لەگەڵ هێزە ئەمنیەکان کە زۆربەیان بە جلی مەدەنیەوە بوون رووبەڕوو بونەوەو لە ئەنجامی تەقەی هێزە ئەمنیەکاندا هەریەك لە (سورکێو زاهد محەمەد) خوێندکاری پۆلی چوارەمی ئامادەیی لە قوتابخانەی دواناوەندی سلێمانی کوڕان‌و موالیدی ١٩٩٤ز، بەسەختی بریندار کراو دواتر کاتژمێر ١٠:٢٠ ی شەو گیانی لەدەستداو (شێرزاد تەها)ی تەمەن ٢٣ ساڵ کە کاسب بووە سەختی برینداربوو بۆ رۆژی دواتر ٢/٢١/ گیانی لەدەستدا، بە گیان لە دەستدانی (سورکێوو شێرزاد) ژمارە کوژراوانی چوار رۆژی خۆپیشاندانەکان گەیشتە سێ کەس (لەبەشەکانی کۆتاییدا ژیاننامەی تایبەتی شەهیدەکان دەخرێتە روو).

هاوکات لە رۆژی ٢٠ی شوبات لە ئەنجامی توندووتیژیەکانەوە ژمارەیەك خۆپیشاندەرو هێزەکانی پۆلیس برینداربوون، د.رێکەوت حەمە رەشید، بەڕێوەبەری گشتیی فەرمانگەی تەندروستیی سلێمانی راگەیاند: ژمارەی بریندارەکانی خۆپیشاندانەکەی شاری سلێمانی (٤٨) کەس بووە، کە (١٩)یان سەر بە هێزە ئەمنییەکان‌و پیاوانی ئاگرکوژێنەوە بوون، بەڕێوەبەری گشتی فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی باسی لەوەشکرد، (٢٨) لە بریندارەکان بەهۆی گازی فرمێسك رێژەوە بووەو (١١)یان بەهۆی فیشەك‌و (٩)شیان بەهۆی دارو بەردەوە بووە. [٤٦]

بەڵام لە ماوەی ٥ رۆژی رابوردوی خۆپیشاندانەکان، ١٣١ کەس بون بە قوربانیسەرچاوەیەك لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی راگەیاند: لە ماوەی ٥ رۆژی خۆپیشاندان‌و ناڕەزاییەکانی جەماوەری خۆپیشاندەری سلێمانی، ١٣١ کەس بون بە قوربانی کە لە ناویاندا ٣ کوژراوو ١٢٨ بریندار هەیەو ١٠٦ خۆپیشاندەریش لە ناو قوربانیەکاندا بەهۆی فیشەکەوە کوژراون‌و برینداربون.

[٤٦] لەخۆپیشاندانەکانی دوێنێدا ٤٨ کەس برینداربوون، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٠/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=21835&Jor=1

لە لێدوانەکەیدا سـەرچاوەکە ئاماژەی بەوەدا: لە خۆپیشـاندانەکەی ١٧ی شوباتدا (کە لەلایەن پاسەوانەکانی لقی ٤ی پارتیەوە تەقە لە خۆپیشاندەران کرا)، ٥٧ کەس بریندار بونو ١ کوژراویش هەبوە.

وتیشی: لە خۆپیشـاندانەکەی ١٩ی مانگیشدا ١٦ خۆپیشـاندەر بریندار بون، کە ٩ یان بەهۆی فیشەکەوە بو.

سـەبارەت بە ژمارەی کوژراوو بریندارەکانی دوێنێ (یەکشـەممە)ش، سـەرچاوەکە لە نەخۆشـخانەی فریاکەوتنی سلێمانی وتی: لە خۆپیشـاندانەکەی دوێنێدا ٥٧ خۆپیشاندەر بریندار بونو تا ئێسـتاش ٢ کەسـیان گیانیان لە دەسـتداوە، ٣٨ کەسـیش بە کوژراوو بریندارەکانەوە، بە فیشەك پێکراون. [٤٧]

[٤٧] روداوەکانی شاری سلێمانی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢١ /
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34084&cat=1

# سێیەم/ ڕەوشی میدیا لە ٤ ڕۆژی خۆپیشاندانەکاندا

## ١- سوتانی کەناڵی ئاسمانی NRT

لەگەڵ توندبوونو بەردەوامبوونی خۆپیشـــاندانەکانو رووماڵکردنی لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، دەســەلات هەوڵێکی زۆریدا تا ئەو کەنالانە خامۆش بکات، هەربۆیە کاتژمێر (٢:٣٠) خولەکی شەوەی ٢٠/١٩ شوباتی ٢٠١١ کەناڵی ئاسمانی (NRT) کە سەربە گروپی کۆمپانیاکانی نالیا، لە گوندی ئەڵمانی شاری سلێمانی سوتێنرا.

ســەبارەت بە شــێوازو هۆکاری سوتانی کەناڵەکە، توانا عوســمان بەڕێوەبەری گشتیی کەناڵــی (NRT) لــە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیــدا رایگەیاند: ئەمڕۆ بــە ڕۆژێکی ڕەش بۆ ڕۆژنامەگەریــی کــوردی دادەنێین، لەکاتێکــدا کەناڵەکەمان تەنها ماوەی (٧٢) ســەعات کرایەوەو (١٥) کاتژمێر پەخشــی کرد، وەك یەکەم کەناڵی ئاســمانیی ئەهلیی سەربەخۆ دەستمان بە پەخشــێکی پانۆرامی کردبوو، بەڵام لە ئێوارەی دوێنێوە بە چەند ژمارەیەکی تەلەفۆن پەیوەندیمان پێوە دەکرا تاوەکو پەخشــەکەمان بوەســتێنین، بەڵام ئێمە لەسەر ئەو ڕێگەی گرتبوومانەبەر بەردەوامبووینو ڕاســتەوخۆ دوای ئەو پەیوەندییانە بەرپرســی ئاسایشــی سلێمانیو سەرۆکی حکومەتی هەرێممان ئاگادارکردەوەو دڵنیایان کردینەوە کە هیــچ کارێك ڕووناداتو ئێمەش لە کارکردنی خۆمان بەردەوام بین، بەڵام دوای ئەوەی کە ماوەی پەخشــەکەمان تەواوبووو کارمەندەکانمان کاری خۆیان تەواوکرد دواتر لە کاتژمێر ٢:٣٠ی خولەکی نیوە شەو لە ڕێگەی هێزێکی چەکدارەوە کە نزیکەی (٥٠) چەکدار دەبوون هەڵیانکوتاوەتــە ســەر بارەگاو دواتر پاســەوانێکیان برینداركردووەو بــە بەنزین تەواوی کەناڵەکەو ســتۆدیۆی هەواڵیان ســووتاندووەو ئینجا گوللەڕێژیان دەستپێکردووە، لەدوای خۆشیان چەند پۆستاڵێکو دەستێکیشی عەسکەری جێماوە، بەپێی زانیارییەکانیشمان دووان لەو ژمارە چەکدارانە برینداربوون.

توانا عوسمان وتیشی: لای خۆمانەوە لایەنی پەیوەندیدار لە شاری سلێمانی بە کەمتەرخەم دەزانیــن لەم ڕووداوەو داواش دەکەین کە قەرەبووی تەواوی شــمەكو ئەو کەلوپەلانەمان بکرێتەوە، کە بە نزیکەی (١٠) ملیۆن دۆلار دەخەمڵێندرێت. [٤٨]

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ١٥)**

[٤٨] زیانەکانی کەناڵی نالیا، سایتی خەندان، ٢٠/٢/٢٠١١ /
http://xendan.org/Print.aspx?=Hewa&Jmara=21802&Jor=1




**وێنەی ژمارە ١٥**

### أ- چۆنو کێ کەناڵی NRT ی سوتاند

سـەبارەت بە شێوازی سـوتانی کەناڵەکەش هەندێك لەسـەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە بەشێك لەو کەسانەی کەناڵەکەیان سوتاندووە چونەتە قاتی دووەمی کەناڵەکەو بەرلـەوەی ئەوان بێنە خوارەوە، ئەو کەسـانەی لەقاتی خوارەوە بوون پێشـتر بەنزینیان بـە کەناڵەکەدا کردووەو ئاگریان تێبەرداوە بۆیە ئەوانەی سـەرەوە فریا نەکەوتوون بێنە خوارەوەو ٦ کەسیان سوتاون.

ڕۆژنامەی ڕووداو ژمارە (١٥١) ڕۆژی ٢١ی شـوباتی ٢٠١١ نوسیویەتی، دوای سوتاندنی تەلەڤزیۆنی نالیا ٦ کەسـی سوتاو لە سـلێمانییەوە هێنرانەتە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی هەولێـر، پاش سـوتاندنی تەلەڤزیۆنی نالیـا (NRT) لە کاتژمێر ٢:٣٠ خولەکی شـەوی ٢٠١١/٢/٢٠ لە سلێمانی، بەرەبەیانی دوێنێ (یەکشەممە) ٦ کەسی سوتاو بە ئۆتۆمبێلی فریاگوزاری لە سـلێمانیەوە گوسـتراونەتەوە نەخۆشخانەی ئێمرجنسـی لە هەولێر، باری تەندروستی دو لەو سوتاوانەش ناجێگیرەو ئەمڕۆ دەنێردرێنە تورکیا.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامەی (ڕوداو)، ئەو ٦ کەسـە لە نێو بینایەکدا سـوتاون، بەڵام هیچ سەرچاوەیەکی فەرمی ئەوەی پشتڕاست نەکردوەتەوە کە ئەوانە لە کاتی هێرشکردنە سەر بینای تەلەڤزیۆنی نالیا سوتابن.

سـەرچاوەیەك لە نەخۆشخانەی ئێمرجنسـی بە (ڕوداو)ی ڕاگەیاند «سەعات ٨ی بەیانی ڕۆژی ٢٠١١/٢/٢٠ چەند ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتن لە سـلێمانی ٦ کەسـی سـوتاویان بۆ نەخۆشخانەی ئێمرجنسی شاری هەولێر گواستوەتەوە، کە دو لەو سوتاوانە جلی سەربازییان لە بەردابو، بەهۆی ڕێژەی سوتانەکەیان یەکسەر براون بۆ هۆڵی نەشتەرگەری».

ڕۆژنامەکـە ئاماژەی بۆ ئەوەشـکردوە، کە دو ئۆتۆمبێلی جـۆری لاندکرۆزەر، کە تابلۆی

سلێمانییان پێوەبوە یاوەری ئەو سوتاوانە بون، یەکێك لەوانەی کە لە ناو دو ئۆتۆمبێلەکەدا بو، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی «ئەوانە بە سۆپا سوتاون، ئەویش لە ئەنجامی هەڵە بەکارهێنان بوە لە ژێر زەمیندا، خەریکی یاریکردن بون».

سەربارەت بە ناسنامەی سوتاوەکانیش وتی «هەندێك لەوانە کارمەندی دەزگای زانیاری یەکێتین».

توانا عوسمان، بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی نالیا، لە پرێس کۆنفرانسێکدا رایگەیاند کە ئەو بەڵگانەی لەبەر دەستی ئەواندان زۆر رونن‌و پێویست بە لیژنەی لێکۆڵینەوە ناکات، وتیشی: پێکهێنانی لیژنە بۆ پەردەپۆشکردنی رو‌داوەکەیە«.

تەلەڤزیۆنەکە لە بەیاننامەیەکدا کە چەند سەعاتێك پاش روداوەکە بە زمانی ئینگلیزی بڵاویکردەوە دەڵێ «یەکێك لە چەکدارەکان کە بریندارببو، بەپێ لە گوندی ئەڵمانی دەرچون‌و بەرەو گردی دەباشان رۆیشتون‌و خەتی خوێنی لە پاش خۆی بەجێهێشتوە، کە بەرەو گردی دەباشان دەڕوات، ئەوەش ئەو شوێنەیە کە ماڵی مام جەلالی لێیە لە سلێمانی».

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ١٦)**




وێنەی ژمارە ١٦

بــۆ بەدواداچوونی ئەو هەواڵــەش ژمارەیەك لە ئەندامانی لیژنـــەی ناوحۆی پەرلەمانی کوردستان سەردانی نەخۆشخانەکە دەکەن بەڵام ڕێگەیان پێنادرێت، دۆسێی ئەو ٦ کەسە ببینن.

دوای بڵاوبونەوەی هەواڵی هەبونی شەش کەس لە سوتێنەرانی کەناڵی ئاسمانی NRT پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ (چوارشەممە) ٢٣ی شوبات حەوت ئەندامی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان سەردانی نەخۆشخانەی (ئێمرجنسی) شاری هەولێریان کرد بەمەبەستی دڵنیابون لە دروســتی ئەو هەواڵە، ئەندامێکـــی لیژنەی ناوخۆ رایدەگەیەنێت لەلایەن پاســەوانانی کەسە سوتاوەکان نەیانهێشت دۆسیەکانیان ببینین‌و سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش لە ڕێگەی وەزیری ناوخۆ فەرمانی دەستگیرکردن بۆ ئەو پاسەوانانە دەردەکات.

نەریمـــان عەبــدوڵا ئەندامی لیژنـــەی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردســـتان لـــە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند: پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆ ســـەردانی نەخۆشخانەی ئیمرجنسی شاری هەولێرمان کرد بە مەبەســـتی دڵنیابون لە هەواڵی هەبونی ســـوتێنەرانی کەناڵی NRT، لەســـەردانەکەدا بۆمان دەرکەوت شەش کەس لە ســـوتێنەرانی کەناڵەکە لە نەخۆشخانە خەوێنراون‌و باسی لەوەشکرد پێنج کەس لە لیژنەی ناوخۆو جێگرو بڕیاردەری لیژنەی ناوبراو سەردانی نەخۆشـــخانەکەمان کرد، دڵنیابوین لە هەبونی ئەم کەسانە لە بەشی سوتاوی‌و بڕبڕەی پشـــت بەشـــی ژنان، بەڵام پاســـەوانانی ئەم کەسانە نەیانهێشـــت گفتوگۆیەکی پێویســـتیان لەگـــەڵ بکەین‌و زۆر هەوڵماندا دۆســـیەی نەخۆشـــەکان هەڵبدەینەوە، بەڵام پاسەوانانی ئەم نەخۆشانەیە نەیانهێشت‌و دۆسیەی ئەم سوتاوانەیان لە ژێر دەستی ئێمەو پزیشکان دەرهێناو نەیانهێشت لەگەڵ خۆمان بیهێنین. [٤٩]

دواترو لە رۆژی ٩ی مارتی ٢٠١١ ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەناو هۆڵی پەرلەمان‌و لەبەردەم پەرلەمانتاراندا رایگەیاند: دوو کەس لەوانەی فەرمانی دەستگیرکردنیان (بە تۆمەتی سوتاندنی کەناڵی نالیا) بۆ دەرچوە ناسراون؛ یەکێکیان سەر بە هێزەکانی (دژە تیرۆرەو ئەوی دیکەشیان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە)

لە دانیشـــتنی (٩ی مارتی ٢٠١١) پەرلەمانی کوردســـتان، کە دکتۆر بەرهەم، سەرۆکی حکومەت بۆ لێپێچینەوە لەو پێشێلکاریانەی لە خۆپیشاندان‌و کۆبونەوە جەماوەریەکانی رۆژانی رابوردو بانگهێشـــتکراوبوو، ناوبراو ئەنجامدەرانی سوتاندنی کەناڵی نالیای ئاشکراکردوەو هێزە ئەمنیەکانی لە روداوەکەی ١٧ی شوباتدا بە کەمتەرخەم لە قەڵەمداوە.

لە بەشـــێکی رونکردنەوەکانیدا ناوبـــراو وتویەتی: یەکێك لە مەترســـیەکان لە هەرێم بونی دو هێزی چەکدارەو تێبینیمان هەیە لەســـەر ئەدای هێزە ئەمنیەکان لە رۆژی ١٧ی شوبات.

---

[٤٩] ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆ، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢٣/
http://www.sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=34182&cat=1

دەربارەی سوتاندنی کەناڵی (نالیا)ش، سەرۆکی حکومەت ئاماژەی بەوەداوە: لەو روداوەدا ٨ کەس فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچوە، دو کەس لەوانەی فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچوە ناسـراون؛ یەکێکیان سـەر بە هێزەکانی دژە تیرۆرەو ئەوی دیکەشیان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە. [٥٠]

**ب- کاردانەوەکانی سوتانی کەناڵی NRT**

سـوتانی کەناڵی نالیا کاردانەوەی توندی میدیاکاران‌و رێکخراوەکان‌و شـەقامی کوردی لێکەوتۆەوە، هەروەك لە بەیاننامەیەکدا ١٥ دەزگای راگەیاندن، ئیدانەی دەستدرێژیکردنە سـەر تەلەفزیۆن‌و رادیۆی نالیا دەکەن‌و پێیانوایە وەها کارێك هەڕەشەیەکی راستەوخۆیە لەسەر ئازادی رادەبڕین‌و میدیا لە هەرێمی کوردستان.

بەیاننامەکـە ئاماژەی بەوەشـداوە: ئـەم روداوە وەرچەخانێکی مەترسـیدارە لە ژیانی دیموکراسـی ئەم هەرێمەداو دەسـتدرێژییەکی راسـتەخۆو ئاشـکرایە بۆ سەر سەرجەم رۆژنامەنوسـان بەئەهلی‌و حیزبییەوەو بۆسـەر ئەو پەراوێزە ئازادییـە رۆژنامەگەرییەی لەکوردستاندا هەیە، ئەوەی جێگەی سەرنجیشـە هێرشکردنە سەر ئەم کەناڵە ئیعلامییە لەلایەن هێزێکی زۆرو رێکخراوەوە کراوە کە هەمو ئاماژەکان ئەو راسـتییەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، کە ئەو دەسـتەی بەو کارە هەستاون جێگەی پرسـیارە کە چۆن لەناو ئەم هەمو هێزەدا ئەم کارە کراوە.

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ١٨ دەقی بەیاننامەکەی ١٥ دەزگای راگەیاندن)**

لەلایەن خۆشـیەوە سـەنتەری میتـرۆ بۆ داکۆکیکـردن لە رۆژنامەنوسـان بە توندی سوتاندنی ئۆفیسەکانی تەلەفزیۆنی نالیا سەرکۆنە دەکات‌و داوای دەستبەجێ کۆتاییهێنان بە هێرشکردنە سەر رۆژنامەنوسان دەکات.

لـە راگەیەنـراوی سـەنتەری میتـرۆدا کە تایبـەت بوو بـە پێشـێلکاری بەرامبەر بە رۆژنامەنووسـان‌و دەزگاکانی راگەیاندندا هاتووە، کاتژمێر ٢:٣٠ شـەوی (شەممە) لەسەر (یەکشـەممە)، نزیکەی ٥٠ چەکدار هەڵیانکوتایە سـەر کەناڵی ئاسمانی نالیا، کە لەلایەن کۆمپانیای نالیاوە بەڕێوەدەبرێت. چەکدارەکان تەقەیان کردوە لە ئامێرەکانی پەخش‌و پاشان ئاگریان لە تەواوی بینا سـێ قاتییەکە بەرداوە. یەکێك لە پاسـەوانەکانی تەلەفزیۆنەکان برینداربوە. رۆژێك پێش روداوەکە، توانا عوسـمان، بەڕێوەبەری کەناڵەکە بە سـەنتەری میترۆی راگەیاند کە فشاریان لەسەربوە بۆ وەستاندنی پەخشی کەناڵەکە.

[٥٠] متمانە بە کابینەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵح درایەوە، سایتی خەندان، ٢٠١١/٣/٩/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=22563&Jor=1

لەمبارەیەوە سەنتەری میترۆ رایگەیاندووە: ئەمڕۆ رۆژێکی رەشە لە مێژوی رۆژنامەگەری کوردیـــدا. ئەم تاوانە دژی هاوکارانمان لە تەلەفزیۆنی نالیا ســـەرکۆنەدەکەین. دیارە ئەم کارە دڕندانەیە بە بەرنامەبوە چونکە پێشـــتر کەناڵەکە روبەڕوی هەڕەشـــەو فشاربوەتەوە بۆ وەســـتاندنی پەخـــشو چەکدارەکانیش پاش ئـــەوەی بە گوللە ئامێرەکانی پەخشـــیان شکاندوە ئاگریان لە تەواوی بیناکە بەرداوە. پێویستە لیژنەیەکی سەربەخۆ پێکبهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوەو شەفانە کاربکاتو تۆمەتباران روبەڕوی دادگابکرێنەوە. [٥١]

لەلایەن خۆشیەوە سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە راگەیەنراوێکدا کە لە رۆژی ٢٠ ی شوبات بڵاوکراوەتەوە ســـوتاندنی کەناڵی نالیا مەحکوم دەکات، لە بەیاننامەکەدا هاتووە: بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانەوە نیگەرانی خۆمان دەردەبڕیـــن بەرامبەر بەپەلاماردانو دەستدرێژی کردنەسەر کەناڵی سەتەلایتی نالیاو بەتوندی ئەو تاوانە بۆ سەر رۆژنامەگەری ئـــازاد ئیدانەو مەحکوم دەکەین، رایدەگەیەنین هەر کەسو لایەنێك لەپشـــت ئەنجامدانی ئەم تاوانەوە بێت کەهەرەشەیە بۆســـەر ئایندەی خەڵکی کوردستانوپانتایی دیموکراسی حوکمرانی کوردســـتان ئێمە وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیجرائی قانونی پێویستی وەردەگریـــن بەرامبەر ئەوتاوانەوو ئەنجام دەرانی رووبەڕووی توندترین ســـزای یاســـایی دەکەینەوە. [٥٢]

هەرچەنـــدە لە رۆژانی دواتردا هەوڵدرا کەناڵی نالیا بـــە هاوکاری دەزگاکانی راگەیاندن بخرێتەوە کار بەڵام جارێکی تر رووبەرووی هەڕەشە بوەوەو رێگەیان نەدا دەست بە پەخشی خۆی بکات، لە شەوی ٢٢ی شوباتو دوای دو رۆژ لە سوتاندنی کەناڵەکە لەلایەن ژمارەیەك چەکدارەوە بەجلی ســـەربازییەوە، جارێکی تر بە تەقە هێرشـــکرایەوە سەر کەناڵی(NRT)ـ هەروەك توانا عوسمان، بەڕێوەبەری کەناڵی(NRT) ئاماژەی بۆکردووە، دەوروبەری سەعات ١١:٠٠ ی شـــەو جارێکی تر هێرشکرایەوە سەر کەناڵەکەمانو چەند چەکدارێکی نەناسراو بە تەقە هێرشـــیان کردە سەر بارەگای کەناڵەکەمان، کە خۆشبەختانە هیچ زیانێکی گیانی بەدواوە نەبو.

[٥١] سەنتەری میترۆ، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٠/
http://xendan.org/Print.aspx?=Hewa&Jmara=21828&Jor=1

[٥٢] سەرۆکی حکومەت سوتاندنی کەناڵی نالیا مەحکوم دەکات، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٠/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=21825&Jor=1

لەلایەن خۆشـــیەوە ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێســـنور ئیدانەی هێرشـــکرنە سەر کەناڵی نالیاو ســـوتاندنی بـــارەگای تەلەفزیۆنو رادیـــۆی نالیا دەکاتو حکومەتـــی هەرێمیش بە بەرپرسیار دەزانێت لە لێکۆڵینەوەو دەســـتگیرکردنی تاوانبارانو تەسلیمکردنیان بە دادگا، لەراگەیەندراوێکدا ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێســـنوری رایدەگەیەنێت: ئەو هێرشـــەی کرایە سەر کەناڵی نالیا کارێکی زۆر ناپەسەند بو، دەچێتە چوارچێوەی کارو چالاکییەکانی دوژمنانی ئازادی رادەربڕین لە کوردستانو عێراق لە کاتێکدا کە ئەم ناوچەیە پێویستییەکی زۆری بە راگەیاندنی سەربەخۆ هەیە.

راشـــیگەیاندوە: ئێمـــە داوا لە دەســـەڵاتداران دەکەیـــن لێکۆڵینەوە لـــەو تاوانە بکەنو ئەنجامدەرانی بدۆزنەوەو تەسلیم بە دادگای بکەن. [٥٣]

دواتر لە بەرواری ١٧ی مارتی ٢٠١١ یەکەم دانیشـــتنی دادگایی کردنی دو تۆمەتباری ســـوتاندنی کەناڵی نالیا لە دادگای ســـلێمانی بەڕێوەچوو، ئەویش دوای ئەوەی ســـەرۆکی حکومەتی هەرێم لەڕێکەوتی ٢٠١١/٣/٩دا لەکاتی لێپرسینەوەیدا لە پەرلەمانی کوردستان، رایگەیاندبو، دو کەس لەوانەی فەرمانی دەســـتگیرکردنیان (بە تۆمەتی سوتاندنی کەناڵی نالیا) بۆ دەرچوە ناسراون؛ یەکێکیان سەر بە هێزەکانی دژە تیرۆرەو ئەوی دیکەشیان سەر بە وەزارەتی پێشمەرگەیە.

بەهۆی ســـوتاندنی کەناڵی نالیاوە لە رێکەوتی ٢٠١١/٢/٢٠دا لە ســـلێمانی، ســـەعات ٠٩:٣٠ خولەکی (پێنجشەممە) ٢٠١١/٣/١٧ دو کەس بە تۆمەتی بەرپرسیارێتی بەرامبەر ئـــەو روداوە، لە دادگای ســـلێمانی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کـــراوەو لێکۆڵینەوە لەم روداوە بەردەوامیشی دەبێت.

سەرچاوەکە وتیشی: هەر یەکە لە (عەمید جەلال ناجی قادر بەڕێوەبەری گشتی هەواڵگری وەزارەتی پێشـــمەرگەی کوردســـتانو رۆژ بەهجەت عەونی لـــە دەزگای دژە تیرۆر) ئەو دو کەسەن کە ئەمڕۆ لە دادگای سلێمانی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە. [٥٤]

[٥٣] پەیامنێرانی بێسنور، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢٢/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34151&cat=1

[٥٤] دادگاییکردنی تۆمەتبارانی کەناڵی نالیا، سایتی سبەی، ٢٠١١/٣/١٧/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34874&cat=1

## ٢- هێرشکردنە سەر رادیۆی دەنگ

بەرپرسی رادیۆی دەنگ لەقەزای کەلار، رایگەیاند کە شەوی رابردوو هێزێکی چەکداری بەجلوبەرگی سەربازییەوە، هێرشیان کردوەتە سەر بارەگای رادیۆکەیان زۆربەی کەرەستەکانیان تالانکردوە.

ئازاد عوسمان، بەماڵپەری NRT وت «رووداوەکە کاتژمێر ٢:١٥ شەوی رابردوو بووەو بەوتەی پاسەوانی ناوچەکە، چەکدارەکان جلوبەرگی سەربازییان لەبەردابووە، دوای بردنی بەشێکی زۆر لەئامێرەکان، ئەوانی تریان شکاندوە».

هەروەها وتیشی: ئێمە ئەمڕۆ سکاڵای یاساییمان تۆمارکردو داوای لێکۆڵینەوەمان کردوە.

بەپێی وتەی بەرپرسی رادیۆکە، زیانەکان دەگاتە ١٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی.

رادیۆی دەنگ، رادیۆیەکی سەربەخۆییەو لەناوچەی گەرمیان پەخشی رۆژانەی خۆی دەکردو رەخنەی لەدەسەڵادارانی هەرێم دەگرت. [٥٥]

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ١٧)**



**وێنەی ژمارە ١٧**

[٥٥] کەلار: رادیۆی دەنگ هێرشی کرایە سەر، سایتی ئێن ئارتی، ٢٠١١/٣/٦/
http://nrttv.com/dreje.aspx?jimare=224

## ٣- سوتانی تەلەفزیۆنو رادیۆی گۆڕان لەهەولێر

لەدوای رووداوەکانی ١٧ی شـــوباتو کوشـــتنو گیان لەدەســـتدانی دەیان کەس،و دوای ئەوەی هیوا ئەحمەد مســـتەفا بەرپرســـی لقی چواری پارتی رایگەیانـــد: کە بزووتنەوەی گـــۆڕان خەڵکی هانداوە کە پەلاماری لقی بدەن، لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردســـتان لە شاری هەولێر، پەلاماری مەکۆی سەرەکی گۆڕانیان لە پارێزگای هەولێر داو مەکۆکەیان ســـوتاند، لە ناو مەکۆی هەولێری بزووتنەوەی گۆڕان هەریـــەك لە (تەلەفزیۆنی ناوخۆیی گۆڕان، پەخشی رادیۆی گۆڕان، پەخشی ناوخۆیی کەی ئێن ئین) هەبوون، لە کاتی سوتانی بارەگای مەکۆی بزووتنەوەی گۆڕان لە هەولێر، ســـەرجەم دەزگا راگەیاندنەکانی گۆڕانیش لەو مەکۆیەدا سوتان، لەوانە (تەلەفزیۆنی ناوخۆیی گۆڕان، پەخشی رادیۆی گۆڕان، پەخشی ناوخۆیی کەی ئێن ئین)، واتا لە کاتی ســـوتانی بارەگاکەی گۆڕاندا لە هەولێر سێ دەزگای راگەیاندنی گۆڕان سوتان.

## ٤- چۆڵکردنی رۆژنامەی هاوڵاتی

بەهۆی بەو بارە ناجێگیرە ئەمنیەی باڵی بەســـەر شـــاری ســـلێمانیدا کێشابوو، دۆخێکی ناجێگیـــری بۆ رۆژنامەنووســـانو دەزگاکانی راگەیاندن درووســـتکردبوو، بەو پێیەی بینای رۆژنامەی هاوڵاتی نزیك بوو لە لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردســـتان، بەهۆی هەڕەشـــە لەســـەر ستافی رۆژنامەو ســـایتی (هاوڵاتی)، رۆژنامەنوســـانی ئەو دەزگایە لە رۆژی ١٨ی شوبات نوسینگەکەیان چۆڵکرد.

کاژاو جەمال، جێگری سەرنوسەری رۆژنامەی (هاوڵاتی) لە لێدوانێکدا بە (سبەی) راگەیاند: بەهۆی ئەوەی شەوی رابوردو لەلایەن پاسەوانەکانی لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردستان دوجار تەقە بەسەر بارەگای رۆژنامەو سایتەکەماندا کرا، ناچاربوین ستافی رۆژنامەو سایتی (هاوڵاتی) نوسینگەکە چۆڵبکەین.

وتیشـــی: هێزی پێشمەرگە پاســـەوانی بارەگاکەمان دەکاتو ئەوەشیان پێ راگەیاندوین گەر ئەوان پاســـەوانی بارەگاکەمانیان نەکردایە، هەڵدەکوترایە ســـەر بارەگاکەمانو تاڵان دەکرا. [٥٦]

[٥٦] رۆژنامەو سایتی (هاوڵاتی) نوسینگەکەیان چۆڵکرد، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/١٨/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=33971&cat=1

## ٥- پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنووسان (١٧، ١٨، ١٩)ی شوبات

لە رۆژانی خۆپیشاندانەکاندا زۆرترین پێشێلکاری بەرامبەر بە رۆژنامەنووسانو دەزگاکانی راگەیاندنکرا، بۆ خستنە رووی سەرجەم ئەو پێشێلکاریانە، پشت بە ئاماری سەنتەری میترۆ دەبەستین کە لە راگەیاندنێکدا سەرجەم ئەو دەستدرێژیو هێرشانەی لە ١٧و ١٨و ١٩ ی شوبات کراونەتە سەر رۆژنامەنوسانو دەزگاکانی راگەیاند تۆمارکردوەو لە راگەیاندنەکەدا ئاماژە بە دەیان حاڵەتی هێرشو لێدانو بریندارکردن کراوە.

**دەقی راگەیاندنەکە:**

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنوسان بە توندی سوتاندنی ئۆفیسەکانی تەلەفزیۆنی نالیا سەرکۆنە دەکاتو داوای دەستبەجێ کۆتاییهێنان بە هێرشکردنە سەر رۆژنامەنوسان دەکات.

کاتژمێر ٢:٣٠ شەوی (شەممە) لەسەر (یەکشەممە)، نزیکەی ٥٠ چەکدار هەڵیانکوتایە سەر کەناڵی ئاسمانی نالیا، کە لەلایەن کۆمپانیای نالیاوە بەڕێوەدەبرێت. چەکدارەکان تەقەیان کردوە لە ئامێرەکانی پەخشو پاشان ئاگریان لە تەواوی بینا سێ قاتییەکە بەرداوە. یەکێك لە پاسەوانەکانی تەلەفزیۆنەکان برینداربوە. رۆژێك پێش روداوەکە، توانا عوسمان، بەڕێوەبەری کەناڵەکە بە سەنتەری میترۆی راگەیاند کە فشاریان لەسەربوە بۆ وەستاندنی پەخشی کەناڵەکە.

لەمبارەیەوە سەنتەری میترۆ رایگەیاند، «ئەمڕۆ رۆژێکی رەشە لە مێژوی رۆژنامەگەری کوردیدا. ئەم تاوانە دژی هاوکارانمان لە تەلەفزیۆنی نالیا سەرکۆنەدەکەین. دیارە ئەم کارە دڕندانەیە بە بەرنامەبوە چونکە پێشتر کەناڵەکە روبەڕوی هەڕەشەو فشاربوەتەوە بۆ وەستاندنی پەخشو چەکدارەکانیش پاش ئەوەی بە گوللە ئامێرەکانی پەخشیان شکاندوە ئاگریان لە تەواوی بیناکە بەرداوە. پێویستە لیژنەیەکی سەربەخۆ پێکبهێنرێت بۆ لێکۆڵینەوەو شەفافانە کاربکاتو تۆمەتباران روبەڕوی دادگابکرێنەوە.

لە رۆژی سەرهەڵدانی خۆپیشاندانەکانی سلێمانییەوە لە ١٧ی شوبات، هەتا ئەمڕۆ سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنوسان دەیان حاڵەتی بریندارکردنو دەستگیرکردنو لێدانو رێگریکردنو شکاندنی کامێراو دەسبەسەرداگرتنی کەلوپەلی رۆژنامەوانیدا تۆمارکردوە.

**ئەو پێشێلکارییانەی کە رۆژی ١٧ی شوبات دژ بە رۆژنامەنوسان ئەنجامدراون:**

- رۆژی ١٧ی شوبات، کارمەندانی رۆژنامەی هاوڵاتی بینای رۆژنامەکەیان چۆڵکرد پاش ئەوەی ستافەکە چەندین هەڕەشەیان لێکرا.
- شوان موحەممەد، سەرنوسەری رۆژنامەی ئاوێنە، وتی کە کۆمەڵێك چەکدار چەندین جنێویان ئاراستەکردوە.

• رۆژی ١٧ی شـــوبات لەکاتی خۆپیشـــاندانەکەی بەردەم لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردســـتاندا، هێمن عەبدولەتیف، پەیامنێری ماڵپەری هەواڵی دەستورو ئاری محمد نوری پەیامنێری ئاژانسی وێنەی میترۆگرافی بریندداربون کاتێ کە پاسەوانانی بارەگاکە تەقەیان لە خۆپشاندەرانکرد.

• لە هەمان خۆپیشـــاندانــدا، کۆمەڵی چەکداری دەمامك کەوتنە لێدانی رەحمان غەریب، رێکخەری سەنتەری میترۆو پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی سۆمەرییەنیوز.

• هەمان شـــەو، کاتژمێـــر ١٠، نامۆ نامیـــق، دەرهێنەر لە کەناڵـــی KNNو هاوکارێکی دەستگیرکراون. دواتر هاوکارەکەی کە ناوی هەژارە ئازادکراوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی سەنتەری میترۆ تائێستا نامۆ ئازادنەکراوە.

• لـــە هەمـــان رۆژدا، بەپێی وتەی کارمەندانـــی کەناڵەکە،و لە شـــاری هەولێر، هێزێك پەلاماری پەخشی KNNو رادیۆی گۆڕانیان لە هەولێرداو پەخشی ئەو دو کەناڵەیان راگرت. هەروەها کارمەندان وتیان کە ئەو هێزانە نەیانیشهێشـــتوە پەیامنێری KNN وێنەی بارەگا سوتاوەکەیان بگرن.

• لە هەمان رۆژدا چەندین رۆژنامەنوســـی تر پێشـــێلکارییان بەرامبەر ئەنجامدرا، ئەمە ناوی ئەو رۆژنامەنوســـانەیە کە پەیوەندیان بە ســـەنتەری میترۆوە کردوە بۆ تۆمارکردنی پێشێلکارییەکان:

• بڕیار نامق‌و تیشکۆ سدیق، پەیامنێرو وێنەگری کەناڵی ئاسمانی KNN لەلایەن کۆمەڵێ چەکداری لقی چوار کامێرکەیان لێدەسەندراو دواتر درایەوە.

• هونـــەر جەمـــال، پەیامنێـــری کەناڵی ئاســـمانی KNN لەبەردەم لقی چـــواری پارتی هێرشیکرایەسەر.

• بیلال محمد، پەیامنێری رادیۆی نەوا، وتی لە لایەن چوار چەکدارەوە بە زۆر کامێراکەی لێسەندراوەو پاشان بۆی گەڕێنراوەتەوە.

• سامان مەجید، وێنەگری کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، وتی کە لە لایەن چەکدارەکانی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بۆ ماوەیکی کاتی دەستگیرکراوەوو لێیدراوە.

• بوار جەلال، پەیامنێری کەناڵی ئاســـمانی گەلی کوردســـتان، وتی کە چەند چەکدارێك رێگرییان لێکردوە روماڵی خۆپیشاندانەکان بکات.

• هەرێـــز جەمال، پەیامنێری رۆژنامەی ئاســـۆ، وتی کە کۆمەڵێـــك چەکدرا هەوڵیانداوە دەستبەسەر کامێراکەیدا بگرن.

• رۆژنامەنوســـان مەحمـــود کەمال‌و هاوڕێ قادر وتیان کە لەلایـــەن هێزەکانی ناوخۆوە هێرشیانکراوەتەسەر.

• بێستون موحەمەد، پەیامنێری رادیۆی گۆڕان، وتی کە لەلایەن چەند چەکدارێکی پارتی دیموکراتەوە هێرشکراوەتەسەری‌و ئازاردراوە.

• شێرکۆساڵەیی، پەیامنێری CNN عەرەبی، وتی کە لە لایەن چەند کەسێکەوە هێرشکراوەتەسەری‌و کامێراو لاپتۆپەکەی بردراون.

• سامان کەریم، پەیامنێری کەناڵی سپێدە، وتی کە لەلایەن چەند چەکدارێکەوە رێگری لێکراوە لە روماڵکردنی خۆپیشاندانەکان.

• کەمال نوری، پەیامنێری کەناڵی سەحەرو رادیۆی کوردی تاران، وتی کە هێزەکانی ئاسایش رێگرییان لێکردوە لە روماڵکردنی خۆپیشاندانەکان.

• خالید حسین، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی کوردستان، وتی کە کۆمەڵێك خۆپیشاندەر هێرشیانکردوتەسەری.

• عەدنان ئەحمەد، پەیامنێری کەناڵی عێراقییە، وتی کە کۆمەڵێك چەکدار رێگرییان لێکردوە وێنە دەوروبەری لقی چواری پارتی دیموکرات بگرێت.

• رێباز یونس، نەبەز موحەمەد شوکور، سۆران حەمەکەریم، دانا عەبدولخالق، وێنەگران‌و پەیامنێرانی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس وتیان کە هەندێکیان بە بەردی خۆپیشاندەران برینداربون‌و چەند کامێرایەکیشیان زیانیان پێگەیشتوە.

• مەریوان عەلی، یادگار نەوزاد، خالید ئەشکەنەیی، تیمی کەناڵی ئاسمانی کوردستان‌و یاریدەدەری میدیایی سەرکۆ کەمال، وتیان بە بەردی خۆپیشاندەران ئازاریان پێگەیشتوە.

**ئەو پێشێلکارییانەی کە رۆژی ١٨ی شوبات دژ بە رۆژنامەنوسان ئەنجامدراون:**

• لوتفی دۆسکی، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی KNN لە دهۆك، وتی کە لەکاتی گەمارۆدانی بارەگای بزوتنەوەی گۆڕان لە دهۆك هێزێکی چەکدار رێگەیان نەداوە وێنەی بارەگا گەمارۆدراوەکە بگرێت.

• هاوکار محمد، محمد مستەفا، مەریوان حەسەن، تیمێکی کەناڵی نالیا، وتیان کە هێزێکی چالاکییە مەدەنییەکان رێگەیاننەداوە روماڵی خۆپیشاندانەکان بکەن.

• ئاراس عوسمان کاروان سالار، پەیامنێرو سەنوسەری رۆژنامەی چەتر، وتیان کۆمەڵێك چەکدار لەبەردەم لقی چواری پارتی دیموکراتدا رایانگرتون‌و ناچاریانکردون هەمو وێنەکانی ناو کامێراکانیان بسڕنەوە.

• ئاڵا لەتیف‌و ئارا ئیبراهیم، پەیامنێرانی رۆژنامەی هاوڵاتی، وتیان رێگەیان پێنەدراوە لەبەردەم نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی روماڵی روداوەکان بکەن.

ئەو پێشێلکارییانەی کە رۆژی ١٩ی شوبات دژ بە رۆژنامەنوسان ئەنجامدراون:

• ئارا ئیبراهیم، پەیامنێرانی رۆژنامەی هاوڵاتی، وتی لە گەرەکی کانیسکان هێزەکانی پاراستنی چالاکی مەدەنی هێرشیانکردە سەر ئارا ئیبراهیم‌و بە دار لە دەست‌و قاچیان داوە‌و رێگەیان لێگرتوە وێنەبگرێت.

• كاوه ئەحمەدو رێگا ئەحمەد، پەیامنێرانی کەناڵی ئاسمانی نالیا، وتیان کە لە شەقامی مامۆستایان لە گەرەکی کانیسکانی شاری سلێمانی هێزەکانی پاراستنی چالاکی مەدەنی هێرشیانکردوەتەسەریان.

• ئاراس موحەممەد، ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری ئاراستەو پەیامنێری ردایۆی دەنگ لە کەلار، وتی هێزەکانی ئاسیاش داویانەتەبەر دەستڕێژی گوللەو کامێراو باجەکەیان بردوە دواتر بۆی گەڕێندراوەتەوە.

• هەردی سەلامی، پەیامنێری کەناڵی گەلی کوردستان، لەگەڕەگی کانێسکان قاچی بریندداربوە لە ئەنجامی بەرکەوتنی بەردەوە.

• وریا ئەحمەد، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی پەیام، وتی کە لە شەقامی مامۆستایان لە گەرەکی کانیسکانی شاری سلێمانی هێزەکانی پاراستنی چالاکی مەدەنی هێرشیانکردوەتەسەری‌و بە دار لەدەستو قاچیان داوە.

سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکیکردن لە رۆژنامەنوسان، رێکخراوێکی سەربەخۆیە بۆ بەرگری لە رۆژنامەنوسان‌و مافەکانیان. ئەم رێکخراوە،لە هەرێمی کوردستان، نوێنەرایەتی روانگەی ئازادییە رۆژنامەنوسییەکان (JFO) دەکات کە نوسینگەی سەرەکی لە بەغدایە. [٥٧]

[٥٧] سەنتەری میترۆ، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٠/

http://xendan.org/Print.aspx?=Hewa&Jmara=21828&Jor=1

## چوارەم/ رۆڵی میدیا لەخۆپیشاندانەکاندا

لە دوای خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتەوە میدیای کوردی بەسەر چەند بەرەیەکدا دابەش بوو، بەرەیەکیان بەرەی میدیای دەسەڵاتو میدیا سێبەرەکانی بوو، کە بەسەر میدیای زەبەلاحەکانی پارتیو یەکێتیدا دابەش بوبون، کە لە دەیان کەناڵی ئاسمانیو رادیۆیو رۆژنامەو گۆڤارو سایتە ئەلکترۆنیەکان پێکهاتبوو.

هەرچی میدیای ئۆپۆزسیۆنیشە کە ئەوانیش لە میدیاکانی گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو پێکهاتبوو، بەسەرجەم کەناڵەکانی ئاسمانی، رادیۆورۆژنامەکانوسایتەئەلکترۆنیەکانیانەوە، روماڵی راستەوخۆی خۆپیشاندانەکانو چالاکیەکانی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد.

بەڵام لەو نێوەندەدا میدیای ئەهلیو ئازاد ئەوانیش دابەش بووبون بەسەر دوو بەرەدا بەرەکیان راستەوخۆ پاڵپشتی خۆپیشاندانەکانیان دەکردو بونە بەشێك لە پاڵشتیەکانی خۆپیشاندەران، بە نمونەی گۆڤاری لڤینو سایتی لڤین پریس کە لە بابەتێکدا بەناوی (ئێمە لەکوێی ئەم بارودۆخەداین) کە هێمن باقر جێگری سەرنوسەری لڤین لە سەروتاری گۆڤاری لڤین ژمارە (١٥٧) لە ٢٠١١/٤/١دا ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەوەی کە ئێستا لەشەقامی کوردیدا دەگوزەرێت پەیامێکە دەمێکە میدیای ئازاد لەپێناویدا خەبات دەکات. بۆیە بەئەوپەڕی راشکاوی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەم کە ئێمە وەکو کۆمپانیایەکی راگەیاندنی ئازاد هەر لەسەرەتاوە لەبەرەی شەقام بووینو پێمان وایە کە ناکرێت هیچ مرۆڤێکی جدیو رەخنەگر لەم بارودۆخەدا کە کوردستان پێیدا تێپەڕدەبێت بێ هەڵوێست بینو دژی ئەو بۆچونەین کەپێی وایە دەبێت رۆژنامەنوسی ئازاد شەقام چۆڵ بکاتو لەدوورەوە بوەستێت. راستە میدیای ئازاد لەململانێی هێزە سیاسیەکاندا ئەرکی سەرشانێتی لایەنداری نەکاتو بەیەك دووری بۆ هێزە سیاسیەکان بڕوانێت، بەڵام ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت شەڕی هێزەکان نیە، شەڕی شەقامە.

لەبەرامبەردا بەشێکی میدیای ئازادو ئەهلی لەگەڵ ئەوەدان کە دەبێت میدیا بێلایەن بێ وەك دەستەی نوسەرانی رۆژنامەی ئاوێنە لە کۆبونەوەیەکی دو سێ رۆژی دوای ١٧ی شوبات بریاریان داوە کە بێلایەن بن، شوان محەمەد سەرنوسەری ئەوکاتی رۆژنامەی ئاوێنە رایگەیاند، بریارماندا روماڵێکی بێلایەن بکەینو حەکەم بین نەك ببین بە بەشێك لە رووداوەکان، کە لە مەحزەری کۆبوونەوەکانی رۆژنامەی ئاوێنەدا ماوەو بە روونی رێکەوتین لەسەر ئەوەی کە حەکەم بین نەك بەشێك بین لە رووداوەکان.[٥٨]

[٥٨] ئێمە لەکوێی ئەم بارودۆخەداین، جێگری سەرنوسەری لڤین، گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٥٧، ٢٠١١/٤/١.

# بەندی دووەم

# کاردانەوەی خۆپیشاندانەکان

# بەشی شەشەم
# دروستکردنی فشار لەسەر دەسەڵات

- یەکەم/ گروپی سپی
بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران
- دووەم/ هاتنەدەنگی زانکۆ
- سێیەم/ کاردانەوەی نێودەوڵەتی
- چوارەم/ کاردانەوەی خۆپیشاندانەکان
لەمیدیا جیهانیەکان
- پێنجەم / خۆپیشاندانی خوێناوی

# یەکەم/ گروپی سپی بۆ پاراستنی خۆپیشاندەران

لەگەڵ بەردەوامی خۆپیشاندانەکاندا بەردەوامیش رووبەرووبوونەوەو توندووتیژی لەنێوان خوپیشـــاندەرانو هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش درووســـت دەبوو، بەهۆیەوە دەیان کوژراو برینداری لێکەوتەوە، بۆ رێگریکردن لەو توندووتیژیانە، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پەرژینی ئاشـــتیان بۆ پاراســـتنی خۆپیشـــاندەرانی سلێمانی دروســـتکرد، کە سەرجەمیان پەڕۆیەکی سپییان بەستبوە بە قۆڵیانەوەو بە ستنگایانەوەو نوسیوبویان (پەرژینی ئاشتی)و بەربەستێکیان لەنێوان خۆپیشاندەرانو هێزە ئەمنییەکاندا دروستکردبو.

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ١٨)**



**وێنەی ژمارە ١٨**

بەمەبەستی ڕێگرتن لەتوندوتیژیو دووبارەنەبوونەوەی ڕووداوە خوێناوییەکانی ڕۆژانی ڕابردوو، گروپێکی ئاشتی کە لەچەند ڕۆشنبیرو هونەرمەندێکی شاری سلێمانی پێکهاتووە، پەرژینێکی سپییان دروستکردووە.

ئەو گروپە لە لەشەشەم ڕۆژی خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی، لەبەردەرکی سەرا وەك گروپێکی ئاشتیخواز کۆبوونەتەوەو بەنێرگزو گوڵەوە وەستاونو دەیانەوێت ڕەوشەکە بەئارامیی بهێڵنەوەو گوڵو شیرینی دەدەنە هێزە ئەمنییەکان.

گروپەکە لەهەوڵی بەردەوامدان، خۆپیشاندەران نەچنە ناو شەقامی مەولەوییەوە، ئارام جەمال سەرپەرشتیاری گروپی پەرژینی ئاشتی ڕایگەیاند: دەبێت کۆمەڵگە فێری ئەوە بکەین خۆی خۆی بەڕێوەبەرێت، هەروەها توندوتیژی دروست نەبێتو نامانەوێت قەترەیەك خوێن برژێت.

وتیشی: «دەمانەوێت دۆخێك بێتە ئاراوە، هەم خەڵك خۆپیشاندان بکاتو هەم قوربانیش نەدات، دەستدرێژیش نەکرێتە سەر هیچ لایەنێك».

ئەم کارەی گروپەکە تا چەند ڕۆژێك بەردەوام بوو بەڵام بەهۆی بەردەوامی خۆپیشاندانەکانو کۆنترۆڵنەکردنی گەنجانو خۆپیشاندەران ئەو گرووپە نەیتوانی درێژە بە کارەکانی بدات. [1]

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ١٩)**

[1] سلێمانی: خۆپیشاندەران گوڵو شیرینی دەدەنە هێزە ئەمنییەکان، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٢/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=21928&Jor=1




**وێنەی ژمارە ١٩**

بەڵام زۆرێك لەڕێكخەرانی خۆپیشاندانەكە خوازیاری ئەوەبوون كە خۆپیشاندەران لەسەرای سلێمانی دوورنەكەونەوە، بۆ ئەوەی بەدەستی هێزە ئەمنیەكان نەبنە قوربانی، هەندێكیش پێیان وابوو كە ئەو توندووتیژیانە، كاریگەری راستەوخۆی لەسەر سایكۆلۆجیەتی تاكی كوردی دروستدەكات، هەربۆیە لەبەیاننامەیەكدا كۆمەڵەی كۆمەڵناسانو دەروونناسانی كوردستان كە لە ٢٠١١/٢/٢٠دا بڵاویان كردۆتەوە رایانگەیاندووە كە: ئێمە وەك كۆمەڵناسانو دەروونناسانی كوردستان، لەروانگەی هەستكردنمانەوە بە گرنگی سەقامیگری كۆمەڵگەو لەروانگەی هەستكردنمان بەو دەرەنجامە خراپانەی كەلەو جۆرە توندوتیژیانە دەكەوێتەوە لەسەر لایەنی دەرونیو كۆمەڵایەتیو سیاسی كۆمەڵگە، هەمو جۆرە شێوازێكی توندوتیژیو زەبروزەنگو كوشتنو تەقەكردنو خوێنڕشتن مەحكومو ئیدانەدەكەینو

ڕەتیدەکەینەوەو،داوادەکەین بکوژەکانو تاوانباران بدرێن بەدادگاو بەسزای یاسایی خۆیان بگەن.

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٠)**



**وێنەی ژمارە ٢٠**

## دووەم/ هاتنەدەنگی زانکۆ

بۆ پشــتگیری لەخۆپیشاندانەکانی ١٧ی شــوباتو ئیدانەکردنی شەهیدو بریندارکردنی خۆپیشــاندەران، لــە ڕۆژی ١٩ی شــوبات خوێنــدکاران لــە بــەردەم زانکۆی ســلێمانی گردبوونەوەیەکیان ئەنجامداو تیــادا نارەزایی خۆیان دەربری، هاوکات خوێندکاران پارەیان کۆکردەوە بۆ قەرەبوکردنەوەی شوشــە شکاوەکانی لقی ٤ی پارتی، کە ڕۆژی ١٧ی شوبات بە بەردی جەماوەری سڤیلی خۆپیشاندەر شکێنران.

خوێندکاران ئاماژەیان بەوەکرد کە پارەکە ڕادەســتی لقی ٤ی دەکەنو لە بەرامبەریشدا داوای چاککردنەوەی سەرجەم خۆپیشاندەرە کوژراوو بریندارەکانیان لێدەکەین.

هــاوکات بــۆ ڕۆژی دواتر لــە ٢٠ی شــوبات خوێندکارانــی زانکۆ بــە ڕێکخراوەیی تر خۆپیشــاندانیانکردو گروپــی زانکۆیان ڕاگەیانــدو بەیاننامەی یەکەمیــان بڵاوکردەوە، لە بەیاننامەکەدا هاتووە: جگەلەوەی ئەمڕۆ (گروپی زانکۆ) وەك گروپێکی فشار ڕادەگەیەنین، هاوکات دەســتەبەجێ داوا لە ســەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردســتانو حکومەتی هەرێم دەکەین، بەپیر داواکارییەکانی خەڵکەوە بێنو گیانی خۆپیشاندەران بپارێزن.

لــە داواکاری گروپی زانکــۆدا هاتووە: جگە لــە هێزە ئەمنیە فەرمییەکانی ســلێمانی، داوادەکەین هێزەکانی زێرەڤانیو هێزەکانی تری ســەر بە پارتی دیموکراتی کوردســتان لەســنوری پارێزگاکە بکشــێنەوە، هــاوکات ڕاگرتنی هەڵســوکەوتی نامرۆڤانە، بەرامبەر خۆپیشاندەرانی سلێمانی، بەتایبەتی بەکارهێنانی گوللەی زیندوو.

**(پاشکۆی ژماره ١٩ بەیاننامەی یەکەمی گروپی زانکۆ)**

هاوکات لەگەڵ نارەزایی خوێندکارانی زانکۆ مامۆستایانی زانکۆش پشتیوانیان بۆ داوای خۆپیشاندەران راگەیاند.

لەیاداشتێکدا مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی ئیدانەی روداوەکەی ١٧ی شوباتی سلێمانی رۆژانی دواتر دەکەنو رایدەگەیەنن؛ رشتنی خوێنی کورد بەدەستی کورد، بەهێڵی سورو گەورەترینی حەرامەکان دەزانین.

لەیاداشتەکەدا هاتوە: هەر ترسو تۆقاندنو تەقەکردنو بارەگا سوتاندنو نائارامیی خستنەوەیەکیش لەلایەن هەر کەسو لایەنو هێزێکەوە بێت ئیدانە دەکەینو رشتنی خوێنی کورد بەدەستی کورد، بەهێڵی سوورو گەورەترینی حەرامەکان دەزانین.

ئەوەشی تێدا هاتوە: مافی رادەبڕینو کۆڕو کۆبونەوەو خۆپیشاندانی مەدەنیانە، بەمافێکی سروشتیانەی هەر کەسو گروپێك دەزانینو داواخوازین هەمو لایەك بەگیانێکی بەرزی کوردانەی هەست بەبەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکاندا بکەن.

هاوکات مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی چەند خاڵێکیان خستوەتەڕو، داوا دەکەن لیژنەیەکی بێلایەن بۆ لێکۆڵینەوە لە هەمو روداوەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆك پێکبهێنرێتو روداوو کارەساتی تریان بۆ زیاد نەکرێت، دەستبەجێ هەر بارگرژییو هێزجوڵاندنو داگیرکردنێك روینداوە کۆتاییان پێبهێنرێتو هەر هاولاتییەك لەسەر خۆپیشاندان دەستگیرکراوە ئازاد بکرێت.

**(پاشکۆی ژمارە ٢٠ یاداشتی یەکەمی مامۆستایانی زانکۆ)**

رۆژی دواتر ٢١ی شوبات مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی یاداشتی دووەمیان بڵاوکردەوەو داوای ئاشکراکردنی ئاماری راستەقینەی کوژراوو بریندارو بێسەروشوێنکراوانی سلێمانی دەکەنو تەئکید دەکەنەوە، گەر لە ماوەیەکی خێرادا وەڵامی داواکارییەکانیان نەدرێتەوە، هەڵویستی مەدەنیانەی تر دەگرینەبەر.

لەو یاداشتەدا هاتووە: ئێمە وەك بەرپرسیارێتی مێژوییو ئەرکی مەدەنیمان بەرامبەر کوردەواریی، بە پێویستی دەزانین لەم یاداشتنامەیەدا بەشێك لە نەخشەڕێگای چارەسەرکردنی قەیرانەکانی ئێستاو لەمەودوای هەرێمی کوردستان لە چەند خاڵێکدا بخەینە بەردەم پەرلەمانو حکومەتی هەرێمی کوردستانو رای گشتی.

هاوکات لەچەند خاڵێکداو بۆ چارەسەری دۆخەکە ئەوە خراوەتەڕو: راگەیاندنی ئاماری راستەقینەی کوژراوو بریندارو بێسەروشوێنکراوانو قەرەبوکردنەوەیان، لەلایەن لیژنەیەکی بێلایەنو پیشەییەوە بەتایبەتی بەپشت بەستن بە دەستەی داواکاری گشتیی بەدواداچون بۆ روداوەکان بکرێتو هەمو ئەو کەسانە بدرێنە دادگا کە تەقەیان لە خۆپیشاندەرانی سیڤیل کردووە ئەوانەشی کە فەرمانی تەقەکردنیان داوە.

**(پاشکۆی ژمارە ٢١ یاداشتی دووەمی مامۆستایانی زانکۆ)**

رۆژانە گروپی زانکۆ بە بەشداری ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران‌و مامۆستایان خۆپیشاندانیان کــردوو لە کۆبوونـــەوەی رۆژی چوارەمدا رێبین هەردی، وتارێکــی بەناوی خۆی‌و مەریوان وریــا قانع‌و بەختیار عەلی‌و ئاراس فەتاحـــەوە خوێندەوەو تێیدا داوایکرد، کوڕان‌و کچان بێ جیاوازی تا دەستەبەرکردنی مافە رەواکانی جەماوەری کوردستان، درێژەی بە خۆپیشاندانە مەدەنیەکانیان بدەن.

**بڕوانە وێنەی ژمارە ٢١**



**وێنەی ژمارە ٢١**

لەپەیامێکیشـــدا د. مەریوان وریا قانیع، بۆ خوێندکاران‌و مامۆســـتایان‌و کادرانی زانکۆی ســـلێمانی داوایان لێدەکات خۆیان رزگار بکەن لەدەســـتی حیزب پێی وایە خوێندکاران بەر لەوەی ماڵی دەرەوەی زانکۆ چاکبکەن، پێویســـتە زانکۆ چاکبکەن لەبەشـــێکی پەیامەکەیدا هاتووە: لەسەروبەری دروستبونی ئەو وزە سیاسییە نوێ‌و عەقڵیەتە رەخننەییەی ئەمڕۆ لە کوردوستاندا ئامادەیە، پێویستە دروشمی یەکەمی خوێندکاران‌و مامۆستایانی زانکۆ هێنانە دەرەوەی تەواوەتی زانکۆ بێت لەژێر کۆنترۆڵ‌و چنگی حیزبە سیاسـییەکان. ســـەندنەوەی هەمو ئیمتیازێك لە قوتابی حیزبی‌و لە ئەندامبون لەو رێکخراوانەدا کە حیزب بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن لەناو خوێندکاران‌و زانکۆدا دروستیکردوە.

رەنگە ئەرکێکی دیکەی ئەمڕۆکە بریتی بێت لە پێداچونەوە بە هەرەمی ئیداری‌و وەزیفی زانکۆداو سەندنەوەی ئەو پۆستانەی بە تەزکیەو ئینتیمای حیزبی بەخشراون بە کادرەکانی ناو زانکۆو بەخشینیان بە کەسانی شایستەو خاوەن توانا.

لەلایەن گروپی زانكۆوە لە كۆبونەوەكەی ٢٣ی شوباتدا ماوەی ٧٢ سەعات بۆ دەسەڵات دانراو بەپێچەوانەوە هەڕەشـــەی ئەوەیانكرد، دێنە ســـەر شـــەقامەكان. لە كۆبونەوەكەدا خوێندكاران دروشمی (خوێنمان رژا وەك جۆگە، سەرۆكمان لە كوێیە، نابۆ بەحیزبی كردنی زانكۆ، سەرۆك چو بۆ ئیتاڵیا ئێمەی دا بە مەدالیا)یان بەرزكردبوەوە.

لەلایەن خۆشیەوە وەزیری خوێندنی باڵا لە وتارێكی خوێندەوەو پاڵپشتی خۆی بۆ گروپی زانكۆ راگەیاندو وتی (ئێوە ئاژاوەگێڕ نین)

دكتۆر عەلی ســـەعید، سەرۆكی زانكۆی سلێمانی لە كۆبوونەوەكەدا رایگەیاند: پێویستە خوێندكارانی زانكۆ بەشێوەیەكی مەدەنیو شارستانیانە چالاكیەكانیان ئەنجام بدەنو خۆشم بە یەكێك لە ئەندامانی گروپەكە دەزانمو سەرۆكایەتی زانكۆش بەشێكە لە پرۆسەكە.

وتیشـــی: خۆپیشاندانی خوێندكاران بە ئەركێكی نیشتیمانیو نەتەوەیی دادەنێمو دەبێت كاریگەری خۆمان هەبێت بەشێوەیەكی مەدەنیو شارستانی.

سەرۆكی زانكۆی سلێمانی ئاماژەی بەوەدا: رۆژانە لە سەعات ١٢:٣٠ بۆ ١:٣٠، خوێندكاران دەتوانن چالاكیەكانی خۆیان ئەنجامبدەن بۆ ئەوەی كار نەكاتە سەر وانەی خوێندن.

هاوكات رونیشـــیكردەوە: لەوكاتەدا خوێندن رادەگرینو هەڵدەستین بەو ئەركە پیرۆزەی لەسەر شانمانە.[٢]

لەلایەن خۆشـــیانەوە خوێندكارانی زانكۆی سەلاحەددین بەیاننامەیەكیان دەركرد، تیایدا پشتیوانی خۆیان بۆ خۆپیشاندەرانی سلێمانیو ناوچەكانی تر دەربڕیو بڕیاریاندا ئەوانیش خۆپیشـــاندان دەست پێبكەن، هاوكات بەپەلە سەرۆكایەتی زانكۆی سەلاحەددین بڕیارێكی دەركرد بڕیاری دا كە تا ١-٤ بكرێت بەپشو (عوتڵە).

هاوكات چەندین خوێندكاری بەشـــە ناوخۆییەكانی زانكۆی سەلاحەددین راگەیانگەیاند، كە ئەمڕۆ چونەتە سەر بەشە ناوخۆییەكانو خوێندكارانیان ئاگاداركردۆتەوە كە دەبێت بە زوترین كات بەشە ناوخۆییەكان چۆڵ بكەنو بگەڕێنەوە بۆ ناوچەكانی خۆیان.

هاوكات پێشـــیان وتون، كە تەنها ئەمشەو ئاوو كارەبا هەیە لە بەشە ناوخۆییەكانو ئیتر ئاوو كارەبای بەشە ناوخۆییەكان دەبڕدرێتو نابێت كەسی تێدابێت. [٣]

لەبەرامبـــەر ئەو هەڵوێســـتەی یەكێتـــی قوتابیانـــی كوردســـتان خوێندكارانی زانكۆی سەڵاحەدین لە بانگەوازێكدا ئەو هەڵوێستە قوتابیان سارد ناكاتەوە لە داواكاریە رەواكانیان، لە بانگەوازەكەدا هاتووە:

[٢] سەرۆكی زانكۆی سلێمانی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢٠/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34052&cat=1

[٣] زانكۆی سەڵاحەدیین بڕیاریدا تا ١-٤ بكرێت پشوی زانكۆ، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢٤/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34203&cat=1

**بانگەوازێك لەلایەن قوتابیانی زانكۆی سەلاحەددین/هەولێر**

دژی وەڵام دانەوەی بەرد بە فیشەك لە لایەن میلیشیاكانی حیزب، ئێمە وەك هەلوێستی بەردەوامی قوتابیانی زانكۆی سـەلاحەددین پالپشتی خۆمان بۆ خۆپیشاندەرانو گەنجانی سـلێمانی دوپات دەكەینـەوە ،وەك نارەزاییەك دژی گەندەلیو پاوان كردنی سـەرو مالی هاوڵاتیان لەلایەن حیزبە گەندەلەكانی دەسەڵات، پەیامی خۆشمان بە رێكخراوی قوتابیانی پارتی رابگەیەنین كە بە داخسـتنی دەرگاكانی مەعریفە بەسـەرمان داخسـتنی دەرگای زانكۆو بەشە ناوخۆییەكان لەسەرمان ساردمان ناكەنەوە لە داواكاریە رەواكانی گەلەكەمانو گەنجانی تورە لەم دەسـەڵاتە گەندەڵە، لەهەمان كاتیشدا داواكارین هەرچی زووە وەزیری خوێندنی باڵا وەكو هەڵوێسـتی بەردەوامی ئیجرائاتی پێویسـت لەگەڵ سەرۆكی زانكۆی سەلاحەدینو گشت راگری كۆلێژەكانو سكرتێری ئەو رێكخراوە حیزبیە بكات لە رێكەوتنی ژێـر بەژێریان لەگەل رێكخراوی قوتابیانی پارتی لە بێبەش كردنمان لە خوێندنو معریفە هەرچی زوشە رێكخراوی قوتابیانی پارتیو هاوشێوەكانی لە ناو هەرەمی زانكۆ فرێبدرێنە دەرەوە هاوشێوەی زانكۆی سلێمانی.

**نوێنەرایەتی قوتابیانی زانكۆی سەلاحەددین/هەولێر**

**٢٠١١/٠٢/٢٥ هەولێر**

هاوكات رۆژی ٢١ی شوبات سەرجەم خوێندكارانی كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكانی شاری رانیە خۆپیشـاندان كردو نارەزایەتیان دەربری دژی ئەو خوێنرێژییەی لەشـاری سـلێمانی بەرامبەر بە خەڵكی سـڤیل لەلایەن پاسەوانانی بارەگای لقی (٤)ی پارتی دەسترێژی گولە لە خۆپیشاندەران كراوە، كە چەندین شەهیدو برینداری لێكەوتەوە.

هەر یەك لە زانكۆكانی سەڵاحەدینو كۆیەو گەرمیانو هەڵەبجەش خۆپیشاندان رێكخراو ئیدانەی توندوتیژیەكانی دەسەڵاتیان كرد بەرامبەر بە خۆپیشاندەران.

لەلایەن خۆشیانەوە رۆژی ٢٤ی شوبات سەدان قوتابی كۆلێژی پەروەردەی كەلار لەبەشە ناوخۆیی بەردەسوور، بە دروشـمی «چۆڵی كەن ئەو كورسییە، میللەت هەمووی برسییە« رژانە سەر شەقامی سەركیو دەروازەی سەرەكی كەلاریان داخست.

خۆپیشـاندەران رایانگەیاند: ئامانجایان پشـتگیركردنی خۆپیشـاندانەكەی سـلێمانیو ئیدانەكردنی كوشتارەكەی ١٧ی شوباتە كە لە لایەن لقی چوارەوە ئەنجامدرا.

## سێیەم/ کاردانەوەی نێودەوڵەتی

توندووتیژیەکانی دەسەڵات بەرامبەر بە خۆپیشـــاندەرانو کوژرانو برینداربوونی دەیان خۆپیشـــاندەر، نارەزایی رێکخـــراوە نێودەوڵەتیەکانـــی لێکەوتەوە، لەیەکـــەم کاردانەوەدا لەیەکـــەم کاردانەوەدا رێکخراوی هیومـــان رایتس ۆچ، باس لەو خۆپیشـــاندانو نارەزاییە جەماوەریانـــە دەکات کە لە هەفتەی رابوردو رویانـــداوەو تێیدا ئاماژە بە روداوەکەی ١٧ی شوباتی ســـلێمانیش کردوەو لەوێدا داوای لە دەسەڵاتداران کردوە رێز لە بنەماکانی مافی مرۆڤ بگرن.

لە راپۆرتێکدا کە لە ســـایتی رەســـمی خۆیدا بڵاویکردوەتەوە، رێکخراوی هیومان رایتس ۆچ، کـــە رێکخراویکی ناحکومی جیهانی ســـەربەخۆیەو داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ دەکات، لە باســـی روداوەکەی ١٧ی شوباتدا نوسیویەتی: پاســـەوانەکانی بارەگایەکی حیزبەکەی سەرۆکی هەریم، تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەنو کوژراوو بریندار لە روداوەکە کەوتوەتەوە، ئەمەش پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤو رێکەوتننامە نێودەوڵەتیەکانو دەستوری عیراقە.

لە راپۆرتەکەدا رێکخراوەکە داوایکردوە، حکومەتی عیراق (بە هەرێمی کوردستانیشەوە)، رێـــز لە بنەماکانی مافی مـــرۆڤ بگرێت کە لە نەتەوەیەکگرتوەکاندا چەســـپاوەو هاوکات بەربەست لەبەردەم مافی ئازادی رادەربرینو خۆپیشاندان دروست نەکات.

لە بەشێکی راپۆرتەکەدا رێکخراوی هیومان رایتس ۆچ، ئەوەی خستوەتەرو: بەپێی بنەما نێودەوڵەتیەکان هێزە چەکدارەکان ئەرکیان پاراستنی گیانی خەڵکە لە مەترسی. [٤]

هاوکات لە نامەیەکدا ١٥ پەرلەمانتاری ســـویدی هۆشـــداری دەدەنە مەســـعود بارزانی بەوەی کە شەپۆلی نارەزاییو گۆرانکاری گەیشتۆتە هەرێمی کوردستان، هاوکات کوشتنو بریندارکردنی گەنجی خۆپیشاندەر مەحکوم دەکەن.

لەنامەکـــەدا هاتـــووە: رۆژی ٢٠١١/٢/١٧ پـــلان وابـــو خۆپیشـــاندانێکی هێمنانـــە لە گۆرەپانی ســـەرەکی شاری ســـلێمانی رێکخرابا بۆ دەربرینی نارەزایی دژی گەندەڵی، پاش ئەوەی خۆپیشـــاندانەکە گەیشـــتەبەردەم بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان، زۆرێك لە گەنجەکان دەســـتیان کرد بە بەردگرتنە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان کە یەکێکە لەحیزبـــە دەســـەڵاتدارەکانی هەرێم، بەداخـــەوە چەکدارەکانی ناو ئـــەو بارەگایە لەباتی ئەوەی بەشێوەیەك لەشـــێوەکان هەوڵ بدەن کە کێشەکە گەورەنەبێتو گەنجەکان هێور بکەنەوە، بەدەســـترێژی گولە وەڵامی بـــەردی گەنجەکانیان دایەوە، ئەو روداوەش بەڤیدیۆ گیراوەو بەئاشـــکرا دیارە کە لەبارەگای پارتی دیموکراتی کوردســـتانەوە دەستدرێژی گولە لەخۆپیشاندەران دەکرێت.

[٤] رێکخراوی هیومان رایتس ۆچ، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/١٩/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34014&cat=1

نامەکە ئەوەشــی تیادا هاتـــووە: داواتان لێدەکەین کە تاوانبارانی ئەو کارەســاتەی کە لەبــارەگای پارتییەوە دەســـترێژیان لە خەڵك کــردوە بدرێنــە دادگا، داوا دەکەین پارتی دیموکراتی کوردستانو حکومەتی هەرێم زامنی سەلامەتی خۆپیشاندەران بکەن.

خەڵك مافی خۆیەتی خۆپیشـــاندان بکاتو رای خۆی دەربڕێت لەپێناوی مافە گشتیەکاندا، دەبێت رێزیشیان لێبگیرێت لەلایەن پارتەکەتانەوەو حکومەتی کوردستانەوە.

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢٣ دەقی نامەی پارلەمانتارە سویدییەکان)**

لەلایەن خۆشــیەوە، رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور لە نامەیەکدا کە ئاراستەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان کردووە رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنووری جیهانی نیگەرانــی خۆیان لە توندوتیژییەکانی چەند رۆژی رابـــردوو دەربڕیوەو داوای لێکۆڵینەوەی جددی دەکەن.

لەنامەکــەدا کە لــە ماڵپەڕی فەرمی خۆیـــان بڵاویانکردۆتەوە، رێکخــراوی پەیامنێرانی بێســنووری جیهانی ئاماژە بەوە دەکەن کە ســەرەڕای ئەوەی لە دوایین راپۆرتی خۆیان لە ٣ی تشــرینی دووەمی ٢٠١٠ ئاماژەیان بە باشــتربوونی رەوشــی رۆژنامەگەری هەرێمی کوردســتان کــردووە بە بەراورد بە وڵاتانــی دیکەی ناوچەکە، بــەڵام رووداوای ١٠ رۆژی رابردوو رێکخراوەکە ژمایەیەکی زۆری لە پێشێلکاریو هەڕەشەی کوشتنو لێدانی جەستەیی رۆژنامەنووســانی هەرێمەکــە تۆمار کردووە، کە لەلایەن هێــزە ئەمنییەکانی هەرێمەکە ئەنجام دراون.

لە راپۆرتەکــەدا هاتووە: ئێمە یەکجار نیگەرانین لــە رووداوی چەن رۆژی رابردووو ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەر رۆژنامەنووسانی هەرێمی کوردستانی عێراق کراوە.

رێکخراوی پەیامنێرانی بێســنوور لە کۆتایی نامەکەیاندا بۆ سەرۆکی هەرێم داوای لێ دەکەن کە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ پاراســتنی گیانی رۆژنامەنووســانو داوای لێکۆڵینەوەی جددی دەکات لەوبارەوە، بەتایبەت لە رووداوی ســوتاندنی کەناڵی ئاســمانی نالیا.

رێکخراوەکە لەگەڵ نامەکەدا لیستی ناوو جۆری هەڕەشەو لێدانەکانیان نووسیوە.

پەیامنێرانی بێسنووری جیهانی، رێکخراوێکی قازانج نەویستی جیهاتییەو بارەگای سەرەکی لە پاریســی پایتەختی فەرەنســایە. کاردەکات بۆ پاراستنی رۆژنامەنووسان لەسەرانسەری جیهان. [٥]

[٥] رێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، سایتی ریپۆرتەر، ٢٠١١/٢/٢٨ /
http://en.rsf.org/iraq_death_threats_and_targeted_282011,39637_02_.html

هاوكات ڕێكخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ بۆ داكۆكیكردن لە مافەكانی مرۆڤ، ڕێكخراوی (لێبوردنی نێودەوڵەتی كە ڕێكخراوێكی نێودەوڵەتیەو لە ساڵی ١٩٦١ دامەزراوەو بارەگاكەی لە لەندەنە) ئەو هێزانەی تەقەیان لە خۆپیشاندەران كردووە بە میلیشیا نادەباتو كوشتنو برینداربونی هاوڵاتیانی مەدەنیشی بە تراژیدیا ناوبردوە.

مالكۆم سـمارت نوێنەری تایبەتی ڕێكخراوی ئەمنسـتی ئەنتەرناشـناڵ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاسـت ئاماژەی بە ڕوداوەكانی شـاری سـلێمانی كردوەو نیگەرانی خۆی دەربڕیوە لە تێكچونی بارودۆخی ئەمنیو هەروەها ئەو هێزانەشـی بە میلیشیا ناوبردوە كە دەستڕێژی گوللەیان ئاراستەی خۆپیشـاندەران كردوەو كوشتنو برینداربونی هاوڵاتیانی مەدەنیشی بە تراژیدیا ناوبردوە.

مالكۆلم ئەوەشی ڕاگەیاندوە: پێویستە بە زوترین كات ڕێگە لە كوشتنی خەڵكو هێنانی میلیشیاكانی پارتی بگیرێت بۆ ناو شاری سلێمانی.

ئاماژەی بەوەشـكردوە كە میلیشیاكانی سەر بە هەردو حیزبە دەسەڵاتدارەكەی هەرێم، مافەكانـی مرۆڤیان پێشـێل كـردوەو بەبێ ئەوەی هیچ ترسـێكیان هەبێـت لەوەی كە لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بكرێت. [6]

هاوكات ڕێكخراوی چاودێری كوردۆساید لەبەیاننامەیەكدا، ئیدانەی كردەوە نامرۆڤانەكەی شاری سلێمانیو دەكەنو داواش دەكەن لێكۆڵینەوە بكرێت.

لەبەیاننامەكـی ڕێكخراوەكەدا هاتووە: لەكاتێكدا هیواخوازبوین خۆپیشـاندەران بەهیچ شێوەیەك پەنایان بۆ شێوازی توندو تیژی نەبردایەو ڕێرەوی مەدەنیانەی خۆیان پەرەپێبدایە، هاوكات زۆر بەتوندی ئیدانەی ئەو كارە پڕ لەتاوانەی لقی ٤ی پارتی دیموكراتی كوردستان دەكەین كە بەو شـێوازە نامرۆڤانە مامەڵەی لەگەڵ ڕەفتاری هەڵەی خۆپیشـاندەران كردو كۆمەڵكوژیەكی بۆ خەڵكی قارەمانی شاری سلێمانی ئەنجامدا.

ئەوەشی تێدا هاتوە: ئێمە بەتوندی ئەو ڕەفتارانە ئیدانە دەكەینو داوا دەكەین لیژنەیەكی بێلایەن لەدەرەوەی یەكێتیو پارتی بۆ بەدواچون بەرامبەر ئەو تاوانانە بێتە ئاراوە.

**(پاشكۆی ژمارە ٢٤ دەقی بەیاننامەی ڕێكخراوی كوردۆساید)**

لەسـەر ئاسـتی ڕەوەندی كوردیش لە دەرەوەی وڵات لە ڕۆژی ١٨ی شـوبات لە لەندەن گردبوونەوەیەكیان ڕێكخسـتو بە توندی ئیدانەی كردەوە خوێناویەكانی سـلێمانیان كرد، ڕەوەندی كوردی لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا لەبەردەم نوێنەرایەتی حكومەتی هەرێم كۆبونەتەوەو ئیدانەی ئەو كارە خوێناوییەی دوێنێی شـاری سـلێمانی دەكەن، هاوكات بۆ ماوەیەك دەسـتیان بەسـەر نوسـینگەی نوێنەرایەتیەكەدا گرتو دواتر لەلایەن پۆلیسی بەریتانیاوە لە بارەگاكە دورخرانەوە. **(بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٢)**

[6] ئەمنستی ئینتەرناشناڵ، سایتی سبەی، ٢٢/٢/٢٠١١/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34149&cat=1




**وێنەی ژمارە ٢٢**

هاوكات لەبەرواری ٢١ی شوباتیش جارێكی تر دژی توندوتیژییەكانی ناوخۆی كوردستان، رەوەندی كوردی لە بەریتانیا خۆپیشـــاندانێكیان بۆ بەردەم پەرلەمانی ئەو وڵاتە ساز كرد، دوای ئـــەوەی ماوەی چوار رۆژە بـــە بەردەوامی رەوەندی كوردی لە ئەوروپا خۆپیشـــاندان ســـاز دەكەنو ژمارەیەك لە رەوەندی كوردیش مانگرتنیان راگەیاندوە، ئەمڕۆ (دوشـــەممە) بەبەشـــداری زیاتـــر لە هەزار كەس لـــە لەندەنـــی پایتەختی بەریتانیـــا رەوەندی كوردی خۆپیشاندانێكیان ئەنجامدا. [٧]

هاوكات لە وڵاتی ســـویدیش خۆپیشـــاندان دژی روداوە خوێناوییەكەی شـــاری سلێمانی بەڕێوەچوو، لەو خۆپیشـــادانەدا كە لەشاری ئوپسالاو لەلایەن رەوەندی كوردیو كوردەكانی ئـــەو وڵاتەوە بەڕێوەچو، خۆپیشـــاندەران چەندین دروشـــمی نارەزاییـــان بەرزكردبویەوەو داواشـــیان كرد، تاوانبارانی روداوەكەی ١٧ی شوبات راپێچی بەردەم دادگا بكرێن، بكوژانی رێژوانو تەقەكەرانی سەر بریندارەكان بۆ بەردەم دادگا.

[٧] لەندەن: خۆپیشاندانی رەوەندی كورد، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/١٨/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=33976&cat=1

هاوکات لە رۆژی ٢٥ی شوبات، لە ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نەرویج بە بەشداری سەدان کوردی دانیشتووی ئەو وڵاتە خۆپیشاندانێکی گەورە بۆ پشتگیری لە خۆپیشاندەرانی کوردستان ئەنجام درا.

خۆپیشاندەران زۆر بە توندی ئیدانەی بەکاهێنانی توندوتیژیو کوشتنو برینداركردنی خۆپیشاندەرانیان کردو پشتگیری تەواوی خۆیان بۆ خواستەکانی خەڵکی کوردستانو خۆپیشاندەران راگەیاند.

چەند رۆژێك پێشتر لەلایەن رەوەندی کوردی ئەو لە نەرویج ئامادەکاری بۆ خۆپیشادەرەکە کرابوو. بەگوێرەی وتەی شایەتحاڵەکان زیاتر لە هەزار کوردی دانیشتووی نەرویج بەشداری ئەو خۆپیشاندانەیان کرد. [٨]

لەلایەن خۆشیانەوە لە راگەیەنراوێکدا یەکێتی لاوانی سۆسیال دیموکراتی سوید، مەحکومی توندوتیژیو تەقەکردن لە خۆپیشاندەران دەکات لە لایەن چەکدارەکانی لقی ٤ی پارتی دیموکراتی کوردستانو هێزە ئەمنیەکان لە شارەکانی کوردستان لە بەرامبەر خۆپیشاندەرانی شارەکانی کوردستان.

لە راگەیەنراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە: ئێمە دژی هەر شێوە توندوتیژییەکین کە لە هەر لایەکەوە بێت، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کەشێکی دیموکراییانە بۆ گفتوگۆ فەراهەم بکات، ئاماژە بەوەش دەکەن: لاوان هێزێکی بزوێنەری پێشکەوتنی کۆمەڵگەنو هەر لاوانن کە لەزۆر بارودۆخدا کاردانەوەی خۆیان لەبەرانبەر بێکاری، هەژاریو گەندەڵیدا پیشاندەدەن.

**(پاشکۆی ژمارە ٢٥ دەقی راگەیەنراوی یەکێتی لاوانی سۆسیال دیموکراتی سوید)**

هاوکات لە پەیامێکدا کە ناوو پیشەی وشوێنی (٣٢١) کەسی لەسەرە رەوەندی کوردیی دەرەوەی کوردستان سەبارەت بە روداوەکانی هەرێمی کوردستان پەیامێکی بڵاوکردەوە، لە بەشێکی پەیامەکەیاندا هاتووە:

ئەو ئەزموونە کە هەمووومان بۆی لەخەمداین، پێویستی بە رزگارکردنە، پێویستمان بەوەیە رێزو بەهاو پێگەی راستەقینە بۆ پەرلەمانو میریو دەسەڵاتی دادوەریی بگێڕینەوە.

پێویستمان بەوەیە، دادپەروەری یاسایی بەرقەرار بێتو یاسا بەسەر هەمووماندا وەکویەك بەبێ جیاوازیی جێبەجێ بکرێت. سامانو داهاتی زۆروزەبەندی نیشتیمانەکەمان بەفیرۆ نەچێت؛ چۆن هەموو مرۆڤی ئازادیخوازی کورد قوربانییان بۆ دا، ئاواش لێی سوودمەند بن.

[٨] خۆپیشاندانێکی گەورە لە ئۆسلۆ، سایتی لڤین،٢٠١١/٢/٢٥/
http://www.lvinpress.com/newdesign/Dreje.aspx?Jimare=2834

تەماشای دەوڵەتی میسر بکەن، سەرەڕای ٣٠ ساڵ دیکتاتۆریی، هێشتا رژێمەکەی هێندەی رەوشت تێدا مابوو، کە سوپا نەکاتە دوژمنی گەل؛ ئێستاش لە گەرمەی مەزنترین شۆڕشی جەماوەریـــی ئەو وڵاتەدا، بۆتە مایەی رێزو خۆشەویســـتی هەموو گەلانی ئازادیخوازو وەك سوپایەکی بێلایەنی نیشتمانپەروەر ستایشی دەکەن.

لای ئێمەش پێشمەرگە، کە جوانترین بوونەوەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو؛ تەنها ناوەکەی بە دەیان رایەڵ بە وشەی ئازادیەوە بەسترابوو، ئێستا (پدكو ینك) کردوویانەتە رمووزن. بە دەبابەو تۆپەکانی پێشمەرگە، هەوڵی تۆقاندنی جەماوەرو ئۆپۆزیسیۆنی ئازادیخواز دەدەن. پێویســـتە لە نیشـــتمانەکەماندا رێزو بەها بۆ وشەی پێشـــمەرگەو کارەکتەری پێشمەرگە بگێڕینـــەوە. دەبێت پارتـــی رامیاری لە میلیشـــیاکانی وەك (زێرەڤانیو...تـــد) داماڵەخاس بکرێت.[٩]

[٩] پەیامی رەوەندی کوردیی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢١/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34080&cat=1

# چوارەم/ كاردانەوەی خۆپیشاندانەكان لەمیدیا جیهانیەكان

كوژران‌و برینداربونی هاولاَتیانی شاری سلێمانی‌و سوتاندنی بارەگا حیزبیەكان‌و كەناڵەكانی راگەیانـــدن لـــە چەند رۆژی رابردودا، بـــون بە جێگەی باس‌و خواســـی میدیا جیهانیەكان‌و لەوبارەیەوە چەندەها راپۆرت‌و هەواڵی جیا جیا بلاَوكراوەتەوە كە بەشێوەیەكی تایبەت باس لە بەكارهێنانی هێز دەكەن لەلایەن هێزە ئەمنیەكان‌و پاسەوانانی لقی ٤ی پارتیەوە.

لەلایەكی دیكەوە ئاژانســـی رۆیتەرز بەمشـــێوەیە باســـی لە روداوەكە كردوە: زیاتر لە هەزار كەس خۆپیشاندانێكیان دژی گەندەڵی‌و باشكردنی ژیان‌و هەڵوەشانەوەی حكومەتیان كردوە، پاشان خۆپیشـــاندەران بەردیان گرتوەتە بارەگایەكی ســـەر بەپارتەكەی مەسعود بارزانی سەرۆكی هەرێم‌و هوتافیان دژیان كێشاوە، دواتر پاسەوانەكانی بارەگاكە تەقەیان لە هاولاَتیان كردوەو ٢ كەس كوژراون‌و ٤٧ كەسی دیكەش برینداربون، هەروەها لەشاری هەولێر ئاگر بەردراوەتە بارەگای سەرەكی «بزوتنەوەی گۆڕان» ركابەری پارتی دیموكراتی كوردستان.

هاوكات رۆژنامەی (قودس)ی عەرەبی نوســـیویەتی، لە خۆپیشـــاندانی زیاتر لە ٣ هەزار هاولاَتی شـــاری ســـلێمانی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی‌و چارەســـەركردنی بێكاری‌و باشكردنی ژیانیان‌و هەڵوەشـــانەوەی حكومـــەت، هاولاَتییەك كوژراوەو زیاتر لە ٣٠ كەســـی دیكەش بریندارابون.

لەوبارەیەوە (رادیۆ ســـەوا) لەهەواڵێكیـــدا رایگەیاندوە، ئـــەوەی ژمارەیەك لەهاولاَتیانی شاری سلێمانی خۆپیشاندانیان دژی گەندەڵی‌و ناعەدالەتی كردەوەو نزیكی هەردو بارەگای یەكێتی‌و پارتی بونەتەوەو داوای هەڵوەشانەوەی حكومەتیان كردەوە.

باسی لەوەشـــكردوە، «دواتر لەلایەن پاســـەوانەكانی بارەگاكەی پارتییەوە تەقە بەسەر خۆپیشاندەراندا كراوەو ٢ كەس كوژراون‌و ژمارەیەك هاولاَتی دیكەش بریندداربون».

هاوكات ئاژانســـی هەواڵی (CNN) ئامـــاژەی بەوەداوە، دەیان كەس لە خۆپیشـــاندەران هێرشـــیان كردوەتە سەر بارەگایەكی پارتی لەسلێمانی، پاشان پاسەوانەكانی ئەو بارەگایە بە تەقە وەلاَمیان داونەتەوەو هاولاَتییەك كوژراوەو ٥٧ كەسی تریش بریندداربون، ئەوەشی خســـتوەتەڕو: لە خۆپیشـــاندانەكاندا هێزە ئەمنیەكان تەقەیان لە خۆپیشاندەران كردوە لە كاتێكدا، كە خۆپیشاندەران چەكیان پێنەبوەو تەنها بەردیان تێگرتون.


لای خۆشـــیەوە ئاژانســـی (BBC) هێمای بۆ ئەوەكردوە لەخۆپیشـــاندانێكی جەماوەریدا لەشاری سلێمانی، دژی گەندەڵی‌و باشكردنی ژیانیان‌و رەخساندنی هەلی كار، خۆپیشاندەرێك كوژراوەو زیاتر لە ٣٠ كەسی دیكەش بریندداربون.

هـــەر لەوبارەیەوە ماڵپـــەڕی Asia Times، راپۆرتێكی بلاَوكردۆتەوەو نوســـیویەتی: لە رۆژی ٢/١٧ دا خەڵكی شـــاری ســـلێمانی بۆ پشتگیریكردن لە خۆپیشـــاندانەكانی تونس‌و

میسـر كۆبوبونەوە، بەڵام نــارەزای خەڵك بەهۆی بێكاریو گەندەڵیــەوە بوە هۆی ئەوەی بچنە بەردەم بارەگای لقی ٤ پارتی دیموكراتی كوردســتان لە شــاری ســلێمانی، بەهۆی بەردهاویشــتنی چەند گەنجێكیشەوە پاسەوانەكان بە فیشەك وەڵامیاندانەوەو لە ئەنجامدا دەیان قوربانی لێكەوتەوە.

لەلایەكی دیكەوە ســایتی (ئیلاف) نوســیویەتی، «پاش خۆپیشــاندانی ســەدان كەس لەهاوڵاتیانی شــاری ســلێمانی لەگۆڕەپانی (ســەرا) بۆ ئەنجامدانی چاكســازی حكومیو نەهێشــتنی گەندەڵی، دواتر بارەگایەكی پارتی لەو شــارە بەردبــاران كرا، بەڵام لەلایەن پاســەوانەكانی پارتییەوە تەقە لە خۆپیشــاندەران كراو ٥ كەس كــوژراونو زیاتر لە ٥٠ كەسی دیكەش بریندار بون». [١٠]

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٣)**


BBC News Sport Weather Capital Future Shop
NEWS MIDDLE EAST
Home UK Africa Asia Europe Latin America Mid-East US & Canada Business Health Sci/Environment
17 February 2011 Last updated at 18:42 GMT
Two killed during protest in Iraqi Kurdistan
Two people have been killed and 40 wounded after police shot at a crowd of protesters in Kurdistan, northern Iraq.
Hundreds of young men, chanting slogans against corruption and high unemployment, tried to storm the local government offices in Sulaimaniya.
There have been a string of protests in cities across Iraq. On Wednesday, three people were killed in clashes with police in the southern city of Kut.
Iraqi Prime Minister Nouri al-Maliki has appealed for calm.
Struggle for Iraq
Q&A: Struggle in

CNN
1 killed, 57 injured in Iraqi Kurdish protests

**وێنەی ژمارە ٢٣**

[١٠] لینكی سایتەكان:

_http://www.foxnews.com/world/20113_/17/02/iraqis_killed_protests_official_says/?cmpid=cmty_fb_Gigya_Kurdish_guards_fire_on_protest_in_Iraq,_killing_2

_ http://edition.cnn.com/2011/WORLD/meast/0217//iraq.protests/?hpt=T2

_ http://en.rian.ru/world/20110218162657727/.html

_ http://www.bbc.co.uk/news/world_middle_east_12493712

## پێنجەم / خۆپیشاندانی خوێناوی

لەگەڵ بەردەوامی خۆپیشـــاندانەکانی سەرای ســلێمانی، لە شاروشارۆچکەکانی دیکەی هەرێمی کوردســـتانیش خۆپیشـــاندان دەستی پێکرد، لە ٢٣ی شــوبات، بەهۆی پێکدادان لــە نێوان خۆپیشـــاندەران‌و هێزەکانی پۆلیس لە قەزای هەڵەبجەی شــەهید، پۆلیســێك کوژراوەو ٤کەســـی دیکەش بریندداربوە، ئەو پۆلیســـەی گیانی لەدەســتدا لەئەنجامی ئەو خۆپیشـــاندانەی هەڵەبجەی شەهیدی گرتەوە، ناوی (مفەوەز/ ســەرکان حەمە سەعید)ەو بەفیشــەك گیانی لەدەســتداوە دوو لە بریندارەکانیش ژنن، هاوکات سێ پۆلیسی تریش بریندارن. دوای ئەو روداوەش لەلایەن هێزەکانی پۆلیس‌و ئاساییشەوە چەندین خۆپیشاندەر دەستگیرکراوە، پێشتریش لە ٢٢ی شوبات لە شاری هەڵەبجە خۆپیشاندانکراو بەپێی سەچاوە تەندرووســتیەکان ٣٧ کەس بریندداربوون کە ٣٠ کەســیان لە هێزەکانی پۆیسی چالاکیە مەدەنیەکانن. دوای کوشتنی پۆلیسەکە، بەفەرمانی دادگا بڕیاری دەستگیرکردنی ٣ کەس لەرێکخەرانی خۆپیشاندانەکە دەرکرا، کە بریتین ،ناسیح عبدالرحیم،د.فایەق گوڵپی،کەیوان هەورامی.

دوای یــەك مانگ لەو رووداوە لە خۆپیشـــاندان‌و ئاڵۆزیەکانی رۆژی ٢٢/ ٣ دا لە شـــاری هەڵەبجە پۆلیسێك بەناوی (عەلی رەسوڵ نادر) کوژراو چەند کەسێکیش برینداركرا.

قوربانیانی روداوەکە ٣/٢٢ی شـــاری هەڵەبجە بە کـــوژراوو بریندارەوە بریتین لە (عەلی رەســوڵ نادر (پۆلیـــس/ کوژراو)، ئیبراهیـــم ئەحمەد (هاوڵاتی)، عەلـــی کەریم (پۆلیس)، حەسەن محەمەد (ئەفسەری پێشمەرگە)، ئەرسەلان محەمەد (هاوڵاتی)، مەریوان عینایەت (هاوڵاتی)، ئارام نەجیم (پەیامنێری **KNN**)، هانا سدیق (کامێرامانی **KNN**)، عەدنان عوسمان (هاوڵاتی)، ئیحسان هادی (هاوڵاتی). [١١]

بەڵام لە ٢٥ی شوباتدا لە زۆربەی شارەکان خۆپیشاندانی خوێناوی بەڕێوە چوو، لە کەلار لە رۆژی ٢٥ی شوبات خۆپیشاندەران، لە باخچەی بەردەم قوتابخانەی لەیلا قاسمی بنەڕەتی کە دەکەوێتە نزیك بازاڕی کەلار دەســـتیان بە خۆپیشاندان کرد، لە دەوری خۆپیشاندەریش گروپێکی ئاشـــتی پەرژینی ئاشـــتییان دروســـتکردووە کە لە نزیکەی چـــل کەس پێکدێن، خۆپیشاندانەکەی کەلار توندوتیژی لێکەوتەوەو بەهۆیەوە کەسێك کوژراوو (٢٥)ی دیکەش بریندداربوون.

[١١] خۆپیشاندانەکەی هەڵەبجە، سایتی سبەی،٢٠١١/٢/٢٢/
**http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35013&cat=1**

لەمیانی شەڕو پێکدادانەکانی نێوان خۆپیشـــاندەرانو هێزە ئەمنییەکانو پاسەوانەکانی لقی ٢٢ی پارتیدا لە شارۆچکەی کەلار تاوەکو ئێستا ٢٥ کەس بریندار بوە کە ١٣ کەسیان بە فیشـــەك بریندار کـــراون، هاوکات گەنجێکی تەمەن ١٦ ســـاڵ بەناوی (بیلال ئەحمەد) کوژراوە، هاوکات پیرە مێردێکیش بەناوی (محەمەد رەشید) کە بۆ هەواڵ پرسینی کوڕەکانی دەچێت لە لقی ٢٢ی پارتی بە گوللە بریندار دەبێتو گیان لەدەست دەدات.

هـــاوکات هێزێکی گەورەی چەکـــداری بۆ پارێزگاریکردن لە بـــارەگای لقی ٢٢ی پارتـیو روبەڕوبونەوەی خۆپیشاندەران، لە خانەقینەوە هێنراونەتە کەلار. [١٢]

بەهەمان شـــێوەی شـــارو شـــارۆچکەکانی تری هەرێمی کوردســـتان، هاوڵاتیانی شاری چەمچەماڵ خۆپیشـــاندانێکیان رێکخست لە دژی گەندەڵیو نا عەدالەتیو داوای چاکسازیان کرد لە دەسەڵاتداران، بەڵام بەهۆی تەقەکردنی چەکدارەکانی لقی ١٩ی پارتیەوە ٥ کەس بریندارբونو منداڵێی ١٣ سالیش بەناوی (گەرمیان ئەحمەد سابیر) کوژرا.

هەندێك لە خۆپیشـــاندەران بەرەو لقی ١٩ی پارتی بەڕکەوتنو هێرشـــیان کردە ســـەر بارەگای لقی ١٩ی پارتی، بەڵام چەکدارەکانی لقی پارتی تەقەیان بەناو خۆپیشـــاندەراندا کردو لە ئەنجامدا ٥ کەس بریندار بو منداڵێکی تەمەن ١٣ ساڵان کوژرا. [١٣]

هاوکات هەر لە ٢٥ی شـــوبات خۆپیشـــاندان لە عەربەتو سەید ســـادق دەستی پێکردو بەهۆی بارگرژیو کەوتنەوەی توندوتیژییەوە (٦) شـــەش کەس برینداربوون کە یەکێکیان منداڵە. لە شاری قەڵادزێش بە بەشداری جەماوەرێکی بەرفراوان خۆپیشاندن دەستیپێکردوەو لە خۆپیشـــاندانەکەدا جەماوەری ئامادەبو پشـــتگیری خۆیان بۆ داوای جەماوەری سلێمانی دەردەبڕنو ئیدانەی هەر کردەیەکی توندوتیژی دەکەن بەرامبەر بە خۆپیشاندەران

هاوکات خۆپیشاندانو گردبوونەوەی نارەزایی لە قەزاکانی پێنجوێنو کۆیەو رانیەو کفریو دەربەندیخانو زۆرێك لە شاروشارۆچکەکانی دیکە بەڕێوەچوو.

لەگەڵ بەردەوامی خۆپیشاندانەکانی شاروشارۆچکەکانی کوردستان لە شاری هەولێریش هەنگاوەکان بۆ ئەنجامدانی خۆپیشـــاندان دەســـتیپێکرد، گروپی خۆپیشـــاندانی خۆڕسکی هەولێر: داوا لە هاوڵاتیانی شـــاری قەڵاو منارە دەکات رۆژی (هەینی) ٢٥ی شوبات بڕژێنە سەرشەقامەکان.

[١٢] کەلار: خۆپیشاندان، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٥/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=22069&Jor=1

[١٣] خۆپیشاندان لە چەمچەماڵ، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢٥/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34269&cat=1

له‌ په‌یامی خۆپیشاندانی خۆرسكه‌وه‌ بازنه‌ی هه‌ولێر هاتووه‌: وه‌ك خۆپیشانده‌رانی خۆرسك به‌باشـــمان زانی له‌ نزیكتریـــن ده‌رفه‌ت له‌ بازنه‌ی هه‌ولێرش ده‌ســـت بكه‌ین به‌ چالاكی‌و شـــه‌رمه‌زاری به‌كارهێنانی فیشـــه‌ك به‌رامبه‌ر هاوخوێنه‌كانمان له‌ سلێمانی بكه‌ین‌و رۆحی شه‌هید سۆران‌و سه‌رده‌شت‌و رێژوان‌و سوركێو ئاسوده‌ بكه‌ین، به‌ ئه‌نجامدانی خۆپیشاندانیك له‌ شاری قه‌لاو مناره‌ شاره‌ سه‌ربه‌رزه‌كه‌ی هه‌ولێر.

بۆیه‌ تكامان وایه‌ له‌ هه‌مو هاولاتیانی به‌ڕێز كه‌ رۆژی هه‌ینی ســـه‌عات ٢ ی پاشـــنیوه‌ڕۆ رێكه‌وتی ٢٠١١/٢/٢٥ له‌به‌رده‌م (باخی شار) له‌ناو بازار واته‌ له‌به‌رده‌م (بازاری نیشتیمان) ئاماده‌بن.

**(بڕوانه‌ پاشـــكری ژماره‌ ٢٥ په‌یامیك له‌ هه‌ڵســـوڕاوانی خۆپیشـــاندانی خۆرسكه‌وه‌ بازنه‌ی هه‌ولێر)**

له‌ترســـی خۆپیشـــاندان‌و گردبوونه‌وه‌ی ناره‌زایی له‌ شـــاری هه‌ولێـــر یه‌كێتی قوتابیانی كوردستان، سه‌رجه‌م قوتابیانی به‌شه‌ ناوخۆییه‌كانی ناردەوه‌و به‌بێ ئاگاداری سه‌رۆكایه‌تی زانكۆی ســـه‌لاحه‌دین له‌ ٢/٢٥ تا ٤/١١ ی كرده‌ پشـــووی ره‌ســـمی‌و به‌زوور ده‌رگای به‌شه‌ ناوخۆییه‌كانی داخست.

هاوكات جموجوڵه‌كان بۆ ئه‌نجامدانی خۆپیشـــاندان له‌ شاری هه‌ولێر رووی له‌ زیاد بوون كردوو له‌ به‌یاننامه‌یه‌كدا ١٧ رێكخراوی‌و چالاكی مه‌ده‌نی له‌ شاری هه‌ولێر به‌یاننامه‌یه‌كیان راگه‌یانـــد كه‌ تیایـــدا هاتووه‌: رێكخراوه‌كانـــی كۆمه‌ڵی مه‌ده‌نی خۆپیشـــاندان به‌ مافێكی سروشـــتی هاولاتیان ده‌زانن‌و داوا له‌ به‌رپرســـان ده‌كه‌ن له‌بری مۆڵه‌تدانی خوێنداكارانی زانكۆو په‌یمانگاكان له‌ شـــاره‌كه‌دا، به‌شێوه‌یه‌كی ره‌سمی ده‌وام بكرێت‌و رێگه‌ی هاتوچۆش له‌ بازگه‌كانی هه‌ولێر له‌به‌رده‌م هاولاتیانی شوێنه‌كانی دیكه‌ی هه‌رێم ئاسایی بكرێته‌وه‌.

**(بڕوانه‌ پاشكۆی ژماره‌ ٢٦ ده‌قی راگه‌یه‌نراوی ١٧ی رێكخراوو كه‌سایه‌تی هه‌ولێر)**

له‌لایه‌ن خۆشـــیه‌وه‌ گرووپی سه‌رده‌شت عوسمان له‌ راگه‌یه‌نراوێكدا وێرای داواكردنی بۆ خۆپیشاندان‌و پشتیوانی له‌ داواكاری خۆپیشانده‌رانی شاره‌كانی كوردستان رایده‌گه‌یه‌نێت كه‌ ئه‌و شۆڕشه‌ی دروستبوه‌ گه‌وره‌ترین هه‌له‌ بۆ گه‌ڕاندنه‌وه‌ی مافه‌ زه‌وتكراوه‌كانی هه‌ولێر.

گرووپی سه‌رده‌شت عوسمان له‌ راگه‌یه‌نراوه‌كه‌دا، له‌به‌رئه‌وه‌ی ئه‌م ده‌سه‌لاته‌ ماوه‌ی بیست ســـاڵه‌ به‌ درۆ ئێمه‌ی راگرتووه‌ چیتر خۆمان پێ هه‌ڵ ناخه‌ڵتێت گرنگترین شـــت ئه‌وه‌یه‌ كه‌ پشـــتگیری خۆتان بۆ ئه‌م جه‌ماوه‌ره‌ دڵسۆزه‌ی چاكسازی رابگه‌یه‌نن چونكه‌ ده‌سه‌لات پشتی بته‌كانی خۆی گرتووه‌ . ده‌نگی زوڵم لێكراوی شاری هه‌ولێر به‌ تایبه‌تی رووی له‌بزووتنه‌وه‌ی گۆرانه‌ تكایه‌ وه‌رن ببنه‌ پشت‌و په‌نا بۆ رۆژی هه‌ینی له‌بازاڕی ئازادی نیشتیمان.

راگه‌یه‌نراوه‌كـــه‌ ئاماژه‌ی به‌وه‌شـــداوه‌: داواتـــان لێ ده‌كه‌ین رۆژی هه‌ینـــی بێ گوێدانه‌ ده‌وامی زانكۆو وه‌هه‌روه‌ها بلاوه‌پێكردنی هێزه‌كانی ئاسایشی پارتی له‌نێو خۆپیشانده‌ران‌و

ڕێنموونی کردنیان بۆ دامرکاندنەوەی ئەو شۆڕشەی کە دروستبووە ئەمە گەورەترین هەڵە بۆ گەڕاندنەوەی مافە زەوت کراوەکانی هەولێرو گەڕاندنەوەی ئەو موڵكو ماڵو سەروەتو سامانەی کە لەڕێگەی زەوییەکانی ئەم شارەوە بەدەستیان هێناوە.

**(بروانە پاشکۆی ژمارە ٢٧ ڕاگەیەنراوی دووەمی گروپی سەردەشت عوسمان)**

دوای ئەوەی هاوڵاتیانی هەولێر ئامادەباشیان کرد بۆ خۆپیشاندان، سەرەڕای هێنانی هێزێکی زۆر بۆ ناو شاری هەولێر پارتی دەستیکردوە بە ڕەشبگیریو ڕفاندنی هاوڵاتیان، چەندین هاوڵاتی دانیشتوی ئەو شارە دەستگیرکران، هاوکات (د.پشتیوان عەبدوڵا)ی چالاکوانی مەدەنیو دانیشتوی ئوسترالیا دوای گەڕانەوەی بۆ هەولێر لەبەردەم بازاری نیشتیماندا لەلایەن ژمارەیەکی زۆری هێزی مەدەنیەوە لێی دەدرێتو دەرفرێنرێت،

لەدوای بریاری ئەنجامدانی خۆپیشاندان، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باری نائاسایی لە شاری هەولێر ڕاگەیەندراوەو لەگەڵ داخستنی دەوامی زانکۆو پەیمانگاکان، هێزێکی زۆری چەکدار لەکوچەو کۆڵانەکاندا بڵاوکراونەتەوەو سەرجەم دەروازەکانی شاریش بەڕوی هاوڵاتیاندا داخراون.

# بەشی حەوتەم

# بەرنامە داریژی بۆ خۆپیشاندانەکان

- یەکەم / مەیدانی ئازادی
- دووەم/ سەکۆی مەیدانی ئازادی
- سێیەم/ هونەرمەندان‌و شاعیران
- چوارەم/ رۆڵی مامۆستایانی ئایینی
- پێنجەم/ دەستگیرکردنی مامۆستایانی ئایینی

## یەکەم/ مەیدانی ئازادی

لەگەڵ ئەوەی یەکەم خۆپیشـاندانو گردبوونەوەی ١٧ی شـوبات لە بەردەرکی سـەرای سـلێمانی کراو دواتـر خۆپیشـاندانەکان رۆژانە لەو شـوێنە بەردەوامیـان هەبوو، بۆیە ناوەکەیان گۆری بۆ (مەیدانی ئازادی)، کە لە نوسـینو بەیاننامە رەسمیەکاندا ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی وای دەنوسـی، هەندێك جاریش بەناوی سـەرای ئازادیەوە ناونراوە. سـەرای سـلێمانی لە مێژووی کوردا رۆڵی گەورەی گێراوەو یەکەم خۆپیشاندانی مەدەنی کە رۆشـنبیرانو نوسـەران رێکیان خست لە مێژووی شاری سـلێمانی لە سەرای سلێمانی بـوو لە ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشـاندەران شـەهید بوونو دەیانیش بریندار بوون، (لەبەشەکانی پێشتردا بەراوردی ورد کراوە لە نێوان خۆپیشاندانی ١٧ی شـوباتی ٢٠١١و ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠) هەربۆیە سـەرای سـلێمانی شوێنی گرنگی هەیـە لە کۆبوونەوە جەماوەریەکاندا، لەدوای گردبوونەوەکەی ١٧ی شـوباتەوەو لە ١٩ی شـوباتدا جارێکی دیکە گردبوونەوەکان لە سەرای سـلێمانی دەستی پێکردوو ئیتر رۆژانە گردبوونەوەکان لە سەرا بەردەوام بوو.

دواتر بۆ رێکخسـتنی کاری خۆپیشـاندەرانو گردبوونەوەکانو بەرنامە رێژەی بۆ پلانو بەرنامەی خۆپیشـاندەران، (ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئـازادی) لە بەرواری ٢٠١١/٢/٢١ دامەزراو بەشـێوەیەکی رانەگەیەنراو رێکخەری ئەنجومەنەکە (د. فاروق رەفیق) نوسـەرو توێژەری بواری فەلسەفە بوو، هاوکات (ناسك قادر) بووە وتەبێژی ئەنجومەنەکە کە هەڵگری بروانامەی ماستەرە لەبواری سۆسیۆلۆجیای سیاسی، رۆژانە لە دوای گردبوونەوەکانی سەرا کە ئاسایی لە کاتژمێر (٢ بۆ ٥) ی ئێوارە بەڕێوە دەچوو، لەدوای تەواو بوونی گردبوونەوەکان کاتژمێر ٦ی ئێوارە ئەندامانی ئەنجومەنەکە لە کافتریایەك کۆدەبوونەوە کە هەندێ جار تا ٣ی شەوی دەخایاند بۆ دارشتنی پلانو دەربرینی هەڵوێستی خۆپیشاندەران دوایین هەنگاو بۆ جێبەجێکردنی داواکانیان.

ئەو پلانو بەرنامەو هەڵوێستانەی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی لە سەکۆی مەیدانی ئازادیەوە دەخوێنرایەوە.

# دووەم/ سەکۆی مەیدانی ئازادی

سەکۆی مەیدانی ئازادی کە لەدوای ٢٠١١/٢/٢١ ەوە درووست کرا لەلایەن دلێری ئاسنگەر (دلێــری بەکری خاتە) رۆژانە بەرنامەی ئەنجومەنەکەو ئەو کەســانەی کە وتارو شــیعرو پەخشانیان لەو سەکۆیەوە دەخوێندەوە. سەکۆکە لەلایەن (ئیسماعیل عەبدولا، یەحیا نەوزەر، یاد رەفیق)ەوە بەڕێوەدەبراو ستافی سەکۆکەش لەلایەن چەدین گەنجەوە پارێزگاری دەکراو بەڕێوە دەبرا بەلام بە وتەی ئیســماعیل عەبدولا ستافی سەکۆکە بریتیبوون لە (مامۆستا رزگار، عەلی حســین، ســەرکەوت عەلی، دلێری بەکری خاتــە، کاردۆ نەوزاد ...ژمارەیەکی زۆری گەنجی دیکە کە بەپێی ٦٢ رۆژی خۆپیشاندانەکان گۆرانی بەسەردا هاتووە)

رۆژانە بەرنامەکان لە لایەن بێژەرانی سەراوە دەخوێندرایەوە. یەکێك لە بێژەرەکانیش کە دواتر بە بێژەرەکەی مەیدانی ئازادی ناوی دەرکرد (ئیســماعیل عەبدولا) بوو کە بەردەوام بە خوێندنەوەی شــیعری (ئێوە ســەربەرزن وەك داری خلە ..... خۆراگریتان مەدالیای ملە) خۆپیشــاندەرانی جۆشو خرۆش دەدا، ئەو دێرە شــیعرە کە هی شــعرێکی درێژی (شــیخ عیسامە) خۆی یەکێك بووە لەو پێشمەرگانەی کە لە ساڵی ١٩٨٨ داو لە گەرمیان ئەشکەوت بەسەریاندا رووخاو گیانیان لەدەستدا، تاکە رزگاربووی ئەو رووداوە (شیخ عیسام) بووە، کە لەدەرەوەی ئەشکەوتەکە خواردنی بۆ ئامادەکردوون.

**بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٤**




**وێنەی ژمارە ٢٤**

شــێوازی بەڕێوەبردنی مەیدانی ئازادی لەسەر گیرفانو پارەی کۆکراوەی خۆپیشاندەران بوو، هەرکات پێویستیان بە مایكو میکسەرو مۆتۆربۆوو پێداویستیەکانی تر بوایە سەرەرای هاوکاری کەسەکان، لەناوخۆپیشاندەراندا پارە کۆدەکرایەو پێداویستیەکانیان دابین دەکرد، مەیدانی ئازادی بووە شــوێنی کۆبوونەوەی رۆژانەی هاوڵاتیان بە جۆرێك ســەرجەم بۆنە نیشــتیمانیو بۆنەکانی تر لە ســەرا دەکرایەوەن وەك (یــادی کیمیابارانی هەڵەبجە، ٨ی مارس، نەورۆز، یادی ئەنفال) .

چەندیــن جــار لەلایەن هێــزە ئەمنیەکانەوە هێرش کراوەتە ســەر مەیدانــی ئازادیو ســوتێنراوەو تێکشکێنراوەو بەڵام خۆپیشاندەران هەرزوو درووســتیانکردۆتەوەو بەردەوام بوونە لەسەر خۆپیشاندەران.

رۆژانە هاوڵاتیانی ئاساییو نوسەرانو رۆژنامەنووسانو هونەرمەندانو شاعیران بەرهەمی خۆیان لەسەر سەکۆی مەیدانی ئازادی دەخوێندەوەو پشتیوانیان لە خۆپیشاندەران دەکرد.

**بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٥**





**وێنەی ژمارە ٢٥**

# سێیەم/ هونەرمەندانو شاعیران

## أ- هەڵوێستی شاعیران

هەمیشە شاعیرانو هونەرمەندانو نوسەران ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە جۆشدانی خۆپیشاندەرانو ئاراستەکردنیان، شێرکۆ بێکەس وەك شاعیرێکی گەورەی گەلی کوردستان بەردەوام لەسەرای سلێمانی ئامادەیی هەبووەو شیعری خوێندۆتەوە، لە ٢٤ی شوباتدا یەکەم شیعری خوێندەوە لەسەراو لەبەردەم خۆپیشاندەراندا.

**لەگەڵتانم..........لەبەر سەرام ٢٠١١/٢/٢٤ لەسەرا خوێندیەوە**
**شێرکۆ بێکەس**




بێ ئێوەو ئازادی ئێوە
نە ماف واتایەکی هەیەو نە ئایندەو نە یەکسانی
بەبێ دەنگی ویستی ئێوەو سەری ئێوەو ڕێگای ئێوە
شتێك نیە پێی بوترێ دیموکراسیو
ئێوە نەبن شەو ئەپۆشێو تاریك ئەبێ سلێمانی
لە هەموو شتێك گەورەتر
زۆر پیرۆزتر
لە شەقامو لە تەلارو لە درەختو لەقەڵەم و
بە نرختر بەبەهاتر لە مێژووەکانی دەستکەوتوو
یەکە یەکەی حیزبەکانو ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمانو چاڵە نەوتو
ئەوەی هەیەو ئەوەی نیە دڵۆپە خوێنی ئێوەیە
ئاخر بۆیە لە حەڤەی دووا کە ڕژا
دوو پەنجەرەم هەر کوێر بوونو
مشتێ وشەم دڵیان وەستا
دەستی ئێوە لەهەر کوێ بێ
دەستو پلی درەختێکی من لەوێیە
هاواری ئێوە لە کوێ بێ
گەروی منیش هەر لەوێیە
لە هەر کوێبم
لە قوتبی خوارو یان سەرو
لە فرۆکەو لەناو هەورا

من هەر لێرەم
لەگەڵتانم
لەبەر سەرام
ئەوەی گێرەی کوردی شێوان
گای بیست ساڵەی براکوژیو
سەربرینی هیواکان بوو
گێرە شێوێن ئێمە نەبووین
هەژار نەبوو خوێندکار نەبوو
کرێکارو جوتیار نەبوو
ئەوانەبوون
لەناو قەددا داربەرووەکانیان بریوەوەو
لەزاخۆوە تا خانەقین کاسەی سەریان کۆکردەوەو
ماڵ کوردیان تێکو پێکدا
گوێیان نەگرت
کۆڵان نەما هاوار نەکاو
شەقام نەما نەقیژێنیو
شیعر نەماو وتار نەما
بەرۆکی کورسی پەرلەمان وەزارەتو
یەخەی حیزبو یەخەی هەرێم
یەکە یەکە هەمووی نەگرێ
گوێیان نەگرت بوون بە دیوار
هیچیان نەبیست
لە ئاست هاواری خەڵکیدا ئەوان کەڕن
وەلێ لە ئاستی دراودا
هەموو گوێ سوك ئەڵێی مشکن
لەم هەرێمە جوانەی منا
دز ئەتوانێ
بەتاکو کۆ
لەژێر باڵی ئاساییشدا
نێوەڕۆ بێ نیوە شەو بێ
بچن بۆ دزینی هەتاو یاخود چرا
یان چاوەکانی کامێرا
وەك دالیا

لەم هەرێمە جوانەی منا
ڕۆژانە یاخود شەوانە
نابیناکان یەك یەك دزەکان ئەبینن
کەچی ئەوەی کە نایبینێ
چاوی ساغی ئەنجومەنی وەزیرانو
پەرلەمانە

هاوكات شـێركۆ بێكەس شیعرێكی تری بۆ خۆپیشاندەرانی مەیدانی ئازادی دانا بەناوی (لەناوتانام...لەگەڵتانـام... لەڕیزتانــام...) ئەم شــیعرە لەلایەن هونەرمەندان (ســەفین خەراجیانی، عــادل عەزیز، ماكوان هەورامی، ئازادە رەش، مســتەفا ئەحمەد، زیلان ئازاد) ئاوازی بۆ دانراوە بەناوی (ئاپۆڕا) كرا بە گۆرانی.



تا ئەوپەڕی هاوار بڕۆن لەدەنگتانام..
تا ئەوپەڕی ئازار بڕۆن لەگەڵتانام..
چاوەكانی دەسەڵاتی وڵاتەكەم مزمەعیلن
ئەم دارستانی خەڵكە نابینن
جۆگەلەی خوێنی سەرجادەو
مانگی سوری هەڵهاتووی سەر سلێمانییەكەم نابینن
مزمەعیلن..
كراسی سوور، چاكەتی سوور، شەرواڵی سوور، گۆرەوی سوور، پانتۆڵی سووری بەر شاری سەدجار قوربانیم نابینن..
گوێچكەكانی دەسەڵاتی وڵاتەكەم كەڕو لاڵن..
دەنگی ئەم خوێنە رژاوەی
جەستەی منو جەستەی شیعرو جەستەی باخچەو جەستەی شەقامم نابیستن
هیچ نابیستن
دەنگــی بەردو دەنگــی دارو زریكەی دەرگاو پەنجەرەو قیژەی گۆڤــارو رۆژنامەو هاواری كراسی رەشو زایەڵەی ماڵ زایەڵەی كۆڵانو جادەو
هیچ نابیستن
لەناوتانام .. لەریزتانام..
تا راوەستن شیعری منیش لەگەڵتانا رائەوەستێ
وەختێ بڕۆن، شیعری منیش لەگەڵتانا هەنگاوئەنێ
ئەو وەختەی دەنگتان هەڵبڕی
وشەی منیش لەناو دەنگتانا هەڵەفڕی
ئێوە نەبن شیعر چییە
ئێوە نەبن
ئێركۆ چییە
لەناوتانام .. لەگەڵتانام.. لەریزتانام

رۆژانە دەیان کەس هەســتی خۆی لە شێوەی شیعرو پەخشاندا لەسەر خۆپیشاندانەکان دەردەبریو چەندین شــاعیر شــیعریان دەخوێنــدەوە یەکێك لەو شــاعیرانەی کە بەهۆی شیعرێکیەوەو بۆ خۆپیشاندەران نانبراوکرا (رەنج سەنگاوی) بوو ئەو کە لەو کاتەدا جێگری بەڕێوەبەری گشــتی کەناڵی کوردســات بوو، بەهۆی شــیعریکیەوە بۆ خۆپیشاندەران لە کارەکەی دەرکرا، شیعرەکەی بەناوی (بەندینخانە).

**بەندینخانە**

**رەنج سەنگاوی**



تف لە شەقامی روناكو باڵەخانە
بەچی ئەچن
لەمە بەدوا
گەر هەموو شاڕێکان بکرێن
بە گوڵی جوانو ئینجانە
کە شەلاقی دەستی کوردم
جارێکی تر بینی بە پشتی کوردەوە
کە فرمێسکی گەشی هیوا
لە چاوەکانمان مردووە
کە لەبری چیای حەمرین
بە پێشمەرگە
دەمی لاوەکانمان بگرین
کە لاوی کورد دیسان بەرەو زیندان بچن
(دڵدار) چۆن گیانی دەرنەچێ!
کە تەمی شەڕ
لەسەر دیدەی (هێمن) دیسان دا بێتەوە
ئیتر چلۆن شەهید شەهید نابێتەوە!
وام ئەزانی لە سای کورددا
بەندینخانە بۆ تاوانە
نەخێر ئێستا بۆ قەڵەمو بۆ
دروشمی دادپەروەری نیشتیمانە

**ب- هەڵوێستی هونەرمەندان**

لەو گۆرانیانەی کە بوبوە رەمزی خۆپیشاندەرانو بەردەوام لە سەکۆی مەیدانی ئازادیەوە لێــدەدرا، گۆرانی (مەیدانی کوردایەتی) بوو، ئەو گۆرانیــە کە لە ئاوازو وتنی هونەرمەند (بورهــان مەجید)و لە شــیعری (ئیســماعیل تاڵەبانــی)و میوزیــك (کارزان کامیل) بوو، دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو.




**مەیدانی کوردایەتی**

لە مەیدانی کوردایەتی کە پایتەختی بیرورایە
هەموو یەك دەنگ هاوارەکەین خەونەکانمان لە گۆڕدایە
ئێستاش ئێمەین دەمانەوێت بە زمانێك گفتوگۆکەین
فرمێسکی سەدەیە ستەم لە چاوی ئێوەدا رۆکەین
ئێمەین پیرە پیاوی پێشوو ئێوەن گەنجی ئازای دوارۆژ
مافی خۆمانە داکۆکی بکەین بۆ ژیانێکی خۆش
لەمەیدانی کوردایەتی کە پایتەختی بیرورایە
هەموو یەك دەنگ هاوارەکەین خەونەکانمان لە گۆڕدایە
وشەکانمان لە نێو رستەی خواستەکانمان ئاشکرایە
چ یاسایەك چەوسانەوەی میللەتێکی لا رەوایە
دەبا ساتێك بە فەرهەنگی دڵی گەنجا بچینەوە
لەمەیدانی کوردایەتی بیروراکان شیکەینەوە
لەمەیدانی کوردایەتی کە پایتەختی بیرورایە
هەموو یەك دەنگ هاوارەکەین خەونەکانمان لە گۆڕدایە

یەکێکــی تر لەو گۆرانیانەی کە دەنگدانــەوەی هەبوو گۆرانی(بێدەنگ نابین)ی کامەران مستەفایە، کە وەك لە رونکردنەوەی خۆیدا هاتووەو هەرچەند هەندێك وردەکاری هونەری مابــوو بــەڵام لەبەر گرنگــی هەلومەرجی رۆژگارەکــە حەزیکردووە بەو کارە هاوســۆزو هاوخەباتی خۆپیشاندەران بێت.

**هۆنراوەی بەندی عەلی ئامادەکردنو وتنی/ کامەران مستەفا**



**بێدەنگ نابین**

فەرمودەتە بێکەس ... فەرمودەتە بێکەس
تۆ بێکەس نیت ... تۆ بێکەسیت؟
توو بێکەسیت جارێکی تر بچۆرەوە مامەیارە
بۆلای ئەو پیرە شاسوارە
لەوێ هەردوو بە چوار چاوی تیلو کزەوە
بڕوانە خەڵکی ئەو شارە
چۆن بۆ بێکەسیان، بێدەنگ نابن
ئەگەر زمانیشمان ببڕن پەنجەکانمان دێنە دووان
پەنجەکانمان هەڵوەرێنن، دیدەو پرژانگ لە سەنگەردان
ئێمە نەوەی هەوری توڕەو گەردەلولێکی سەرکەشین
لەگەڵ پەپولەکانی عەشقا نەرم ئەوەستین
نەبووەو ناکرێ هەرگیز نابێ، ئازادی خۆری ئاوابێ
بێدەنگ نابین
ئەگەر پێدەشتی گەنم بێ، لەوەرزی وشکەساڵیما
ئەگەر جۆگەی زیندەگی بی، لەسەحرای ژینی خاڵیما
نەك هاوخوێنو زمانیش بن، ئەگەر روحی رەوانیش بن
بێدەنگ نابین
ئەگەر کورە بەنازەکەی مریەمیش بیت
بێدەنگ نابین
ئەگەر دوانەسڵی بێ گەردی ئادەمیش بیت
بێدەنگ نابین
نەك هەر میرو شانشابن ئەگەر دوا تەتەری خوابن
بێدەنگ نابین

هــاوكات گۆرانیەكی دیكە بەناوی (بۆ ســلێمانی) كە هونەرمەنــد (ئیبراهیم ئەحمەد بەســتەكەی وتووەو (مەحمــود محەمەد) یش مەقامەكەی، لە هونــراوەی (محەمەد پاكژو نــەورۆز عەباس)ەو لەلایەن زانای مەحمــود هەژارەوە ئاوازی بۆ دانراوە، ئەم گۆرانیە بووە هۆی سزادانی هونەرمەند ئیبراهیم ئەحمەد لەكەناڵی كوردساتو بە یەكجاری دوورخرایەوە لەو كەناڵە.

**بەشێك لە هۆنراوەی (بۆ سلێمانی)**

شەشی ئەیلولی بەرسەرا
بانگی ئازادی تیادرا
ئیستاش سەكۆی دەنگی حەقی
كێ ئەتوانێ دەنگی كپ كا
سەدای هاواری ئەمشارە
دەنگی رابوون بۆ ژیانە
پێناسەی بیری ئازادەو
دڵی زیندووی كوردستانە
تۆ تەنها نیت سلێمانی
دەنگو رەنگی نیشتیمانی
كورەی جۆشدانی خەباتی
هەرچوار وەرزی كوردستانی

وەك پەیامێك بۆ ئاشـــتیو دژی توندووتیـــژیو گوللە، هونەرمەند ســـەفین خەراجیانی گۆرانیەك بەناوی (بۆ ئاشتی) لە ناو خوێندكارانی زانكۆدا تۆمار دەكاتو تەواوی شیعرەكەو ئاوازوو وێنەكانیشـــی ئاماژەن بۆ ئاشـــتیو دووركەوتنەوە لە جەنـــگو توندووتیژی كە لە دەرهێنانی ئاسۆ جەمال موختارە.

**بۆ ئاشتی**

**شیعر محەمەد پاكژ**



لەسەردەمی عەشقا منیش كێویلەیەكی یاخی بووم
لەسەردەمی نامۆبووندا لە داروبەردیش تەری بووم
لەسەردەمی پێكەنینی گوڵەكاندا
بۆخۆشم هەر دڕكەزی بووم
لەسەردەمی جەنگی هابیلو قابیلدا
خوێن رژابوو خوێن رێژێكی بێ ئاگا بووم
نا بۆ گوللە نا بۆ تفەنگ
نەفرەت لەشەڕ نەفرەت لە جەنگ
نا بۆ گوللە نا بۆ تفەنگ
نا بۆ وەڵامی زەبرو زەنگ
لەسەردەمی ئێستاشماندا تەنها زمان ئاخاوتن
تفەنگێكە سەدان ساڵە بەدەستمەوە
وەك تلیاك مودمینی بووم
نا بۆ گوللە نا بۆ تفەنگ
نەفرەت لەشەڕ نەفرەت لە جەنگ
نا بۆ گوللە نا بۆ تفەنگ
نا بۆ وەڵامی زەبرو زەنگ

**ج- پەیامی هونەرمەندان بۆ خۆپیشاندەران**

زۆرێکی تر لەگۆرانی بێژان بە وتنی گۆرانی پاڵپشتی خۆیان بۆ خۆپیشاندەران دەربری، لەوانە (ئیبراهیم ئەحمەد، شیلان عوسمان، مەحمود محەمەد، عەتای عەزیزی ...هتد)

بەشێکیش لە هونەرمەندان بە پەیامو دەربرینی هەستی نارەزایی پشتیوانیان لە خۆپیشاندەران کرد.

لە پەیامێکدا هونەرمەند (خالید رەشید) پشتیوانی خۆی بۆ خۆپیشاندەرانی بەردەم مەیدانی ئازادی دەردەبرێتو داوا لەخۆپیشاندەران دەکات کە بەناوی ئەوەشیوە بە دەسەڵاتداران بڵێن ئێمە ئێوەمان ناوێت.

که من رۆحەکەم لە کوردوستانە بەمن چی خۆشی ئەم هەندەرانە
ساڵەهایە هاوار دەکەین گوێ ناگرن
دەیانەوێت ئێمەش وەکوو خەڵات وەرگرەکان بێدەنگ بین
ئەوان بیخۆن ئێمەش ساڵ دوانزەی مانگ بەرۆژوو بین
چیما نەیکەن؟
گردوو تەپۆلکە ماوە لەسەر خۆتان تاپۆی نەکەن؟
نا نا چیدی میللەت لێتان قبووڵ ناکا
ستەمکار کورد بێت یا عەرەب فەرق ناکا
ئێستاش سێ گەنجی بێتاوانی شارەکەتان شەهید کردوین
دوای ئەمانەش دەتانەوێت بەگەورەو سەروەری خۆمان راتان گرین؟

ئەی شارەکەی مامە یارە ئەی لاوە خوێن گەرمەکان ئەی ئەوانەی بە پیر مەرگەوە دەچن لەپێناوی گەرانەوەی شکۆمەندی بۆ شارەکەمان، خوشکان برایان شەرمەزاری بۆ ئەوانەی کە منو شارەکەمیان لەیەك کردوە ١٩ سالە لەدوای رووخانی بەعسەوە دەمەوێت بێمەوە دەسەڵاتە نامۆکە بەشارەکەم ئەوانەی کە خەڵکی ئەو شارە نین رێگرن لێم کە دێمەوە داوای ئیقامەم لێ دەکەن لە کامە قاموسی ئەخلاقی مرۆڤایەتیدا ئەم بێرێزی کردنە جێگای دەبێتەوە؟. ئەو ئەنفالەی لە ماوەی ئەم ١٩ساڵەدا کرا دژ بە هونەری موزیکو گۆرانی نەتەوەکەمان دوژمن نەیتوانی بە ١٩٠ ساڵ بیکات، بەپارەی لوقمەی دەمی ئەو میللەتە خەریك بە ئەنفالی ناسنامەو هونەرمانن.

رۆژنامەو گۆڤار کەناڵ نەما من هاواری تێدا نەکەم، پەنجەرەو دەرگای دەسەڵات نەما بەسەر خۆما دای نەخەم. بلۆکو دەفتەرەکان درا بەو گۆرانی بێژانەی کە شارەکم لافاوی خوێن بیبات نوتق نادەن خۆتان باش دەزانن ئەوانە کێن...باش دەزانن کێیان کردۆتە قارەمانی سەر شاشەکان. ئەوانەی کە لەدەرەوەی ئەم شارەوە هاتوون لەمنو ئێوە سوودمەند ترن، ئەم شارە بە بەرنامە ١٩ساڵە لەلایەن حیزبەکانی دەسەڵات دارەوە

دژایەتـــی دەکرێت وایان لە خەڵکە رەســـەنەکەی کردوە هەســـت بـــە غەریبی بکات لەناو شارەکەی خۆیدا ئەی جەماوەری شکۆ مەندی شاری سلێمانی

پار لە شاری هەلەبجەوە بۆ سالرۆژی هەلەبجە داوەت کرام ویستم بلێم بۆ شەشی کانوون رۆژی جەیشی عیراقی لە هەلەبجە پشوو بێت؟ ئەو جەیشەی ئەم شارەی کیمیا باران کرد.. لەســـەر ئەوە نەیان هێشت لە رۆژی یەکەمدا بەرنامە پێشکەش بکەم، وە کاتژمێر شەشی بەیانی مەفرەزەکیان ناردە ســـەرم کە دەبێت هوتێلەکە بە جێ بهێلم، ئائەمەیە دەسەلاتە ئازادی خوازەکە . باوەر نەکەن بەو لۆتیو رۆشنبیرە دووفاقانەی کە رۆژانە دێنە ناوتانەوەو لەکەمیندان بۆ ئەوەی شانازیو شەهید بوونتان بۆ خۆیان بدزن

ئەوە ئەوانەن کە سالەهایە شەرعیەت دەدەن بەو ناعەدالەتیە.ئەوە ئەوانن کەسوودمەندی یەکەمن لەم دەسەلاتە

بەرێزانم هاوشـــاریە خێر نەدیوەکانم، فەرمان رەواکانی ئەم ولاتە لە مێژە مێژوو بەجێی هێشـــتوون بەناوی منیشـــەوە، بەهێمنی پێیـــان بلێن ئێمە ئیوەمان نـــاوێ، ئێمە ئێوەمان ناوێ.

**براتان خالید رەشید**
**٢٠١١/٢/٢٦**

**هونەرمەند بەهجەت یەحیا پەیامێك ئاراســتەی خۆپیشــاندەرانی هەرێمی كوردســتان دەكات**

پەیامەكە لەمەیدانی ئازادی سلێمانیو لەناو خۆپیشاندەراندا خوێنرایەوە.

ئەمەش دەقی پەیامەكەیە:

پەیامی بەهجەت یەحیا بۆ خۆپیشاندەران

نامەیەك بەزمانی خۆشەویستی

ئێوە تەنها بەزمانی خۆشەویســتی ئەتوانن پەیامی مرۆڤ دۆستانەی خۆتان بگەیێنن، بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە رۆژانی سەرەتای دەستپێكردنی خۆپیشاندانەكانتان بیر ئەهێنمەوە كە جۆرەها ناوی ســەیرو ســەمەرەتان لێنرابوو، بــەڵام ئێوە هاتــن گوڵتانكرد بەلولەی تفەنگەكانەوەو هاوارتانكرد پێشمەرگە برامانە پێشمەرگە كەسمانە.

ئێوە تەنها بەزمانی خۆشەویســتی ئەتوانن بیسەلمێنن كە دەنگی نارەزایی خەڵك وەك برینێك وایە بەجەســتەی كۆمەڵگاكەمانەوە ناتوانین ســڕی كەین چوونكە پاش ماوەیەك دیســانەوە ئازارەكەی هەڵئەداتەوە، بەڵكو ئەبێت چارەسەرێكی عەقلانییو سەردەمیانەی بــۆ بدۆزینــەوە، نەفرەت لە توندو تیــژی تكایە هەرگیز توورەمەبــن چوونكە توورەبوون نیشــانەی دۆڕاندنە، هەموو جیهان تەماشــاتان ئەكات ئەبێت جوانترین وێنە پیشانی دنیا بدەن، كاتێك كە تەوژمێكی سیاسی بەناو كۆمەڵگایەكدا تێئەپەڕێت كۆمەڵێك رەمزی نوێ لەگەڵ خۆیدا ئەهێنێتە كایەوە، ئیتــر جارێكی تر زەمەن ناگەڕێتەوە بۆ پێش رووداوەكان، بەرپرسیارێتیەكی مێژوویی گەورەیە لەسەر هەموو لایەك كە ئەبێت بەئاگاییەكی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ باروو ۆخەكەدا بكرێت، لەكۆتاییدا سوپاس بۆ هەمووولایەك.

سوپاس بۆ ئەو خووشكو برا هونەرمەندو رۆشنبیرانەی كە گروپی ئاشتیان پێك هێناوە، سوپاس بۆ زمانی دیالۆگو خۆشەویستی.

هــاوكات لە پەیامێكــدا كە هونەرمەنــدی ناوداری كــورد، عەدنان كەریم ئاراســتەی خۆپیشــاندەرانو دەســەڵاتدارانی هەرێمی كردوە، رایدەگەیەنێت كــە دژی توندوتیژیو ســەركوتكردنو بەكارهێنانــی چەكــە بەرامبــەر داخوازییەكانی هاوڵاتیــان، لەكاتێكدا داوای مافە رەواكانی خۆیان دەكەن، رووداوەكەی (١٧)ی شــوبات بە دەســترێژی گولە بۆ «هاوخوێــنو براو كوڕی خۆت» بە نامرۆڤانە ناودەباتو دەڵێت: تۆ وەك هێزێكی سیاســی كــە خاوەنی چەكداری، دەتوانی روبەڕوی دوژمنەكەت بەرگریی لەماڵەكەت بكەیت، بەڵام هەرگیز سەرشۆڕی نییە لەدەست برا تورەكەت رابكەیتو ماڵەكەی بۆ جێبهێڵی با بسوتێ، دروستدەبێتەوە، بەڵام ئەو گەنجەی لەدەستمان دەچێ، هەرگیز نایەتەوە.

لــەو پەیامەدا، عەدنان كەریم خۆپیشــاندان بــە دیاردەیەكی شارســتانی دەزانێت كە ئامانجی روداماڵینی هەڵــەو كەمتەرخەمییەكانی حكومەتە لە خراپیــی بەڕێوەبردندا، بە خۆپیشــاندەرانیش دەڵێت: «ئێوە دڵســۆزترین چینی ئەم گەلــەن، دەبێت حكومەت فەخر بكات كە نەوەیەكی رەخنە ئامێزو چاكســاز دروستبوەو داوای نەهێشتنی گەندەڵیی دەكات، هەمو كەســێك مافی خۆیەتی خزمەتگوزارییەكانی ژیانی بۆ دابینبكرێتو ئەوەش ئەركی حكومەتە كە تاكی كورد هەڵیبژاردوە«.

هونەرمەند ئەوە دەخاتەڕو، كە هەمو حیزبە كوردستانییەكانی خۆشویستوە، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت كە چاوپۆشــیی لە هەڵەو ناعەدالەتیەكانییان بپۆشــمو چەندین رەخنەم لێیان هەیەو بەباشی دەزانم، بە هەڵەكانیاندا بچنەوەو دەشپرسێت: «بۆ دەبێت لە شارێكی وەك هەولێرو ســلێمانی، لێت حەرام بكرێت كە ســەردانی یەكێك لە باخچە گەورە دڵگیرەكانی شــار بكەیت، لەبەرئەوەی كۆشكی بەرپرســێكی حیزبی تێدایە، هەمان باخچە لە زەمانی بەعسیشــدا حەرامكرابو لــە هاوڵاتییەك كە بیبینێــت، ئەمــە ناعەدالەتییەكە كە خەڵك ناتوانێت قبوڵی بكات، داواتان لێدەكەم، واز لەم رەوشتە فیرعەونییانەتان بێنو وەرنە ناو خەڵكەوە«.

یەكێك لە داوای خۆپیشاندەران كە داوای داماڵینی چەكە لە دەستی حیزب، عەدنان كەریم جەختــی لێدەكاتەوەو ئەوەش بیردەهێنێتەوە، كە تەنیا لە دەوڵەتە دیكتاتۆرییەكاندا حیزب هێــزی چەكداری هەبوە، حیزبەكان لە وڵاتە دیموكراتییەكاندا سیســتمی وڵات دادەڕێژنو خۆیان بە هێزی ســەربازییەوە خەریك ناكەن، ئەوە هێزی یەكگرتوی حكومەتە كە دەبێت وڵات بپارێزێتو هەر گەورە سیاســییەك دو حیمایــەی مەدەنی بۆ دابین بكرێت، نەك ئەو ئاپۆرە ئۆتۆمبێلە جامڕەشانەی رۆژانە دەبینرێن بە دواتانەوە.

هەروەك دەنوســێت: «ئەو ئەركانەی خۆتان وەك سیاسییەك جێبەجێ نەكردوە، تاوانێكی گەورەیــە كە گەنجان تــورە دەبنو گولەبارانیان دەكەن، ســەدان تاوانبــار لە ژێر عەبای حیزبەكانتان دەشاردرێنەوە، رۆژنامەنوسو دەنگی ئازاد دەكوژرێتو هیچ تاوانبارێك نادرێت بە دادگا، تەنانەت ناعەدالەتیو مەحكەمەش شــەرعییەتی نەماوە، چونكە دەستی حیزب خۆی ســەپاندوە بەسەریاندا، ئەوەی ئێســتا دەیبینم لە كوردستاندا، لەدەستدانی هەستی

خۆشەویستیو ئاوێتەبونی سۆزی خاکە، کە ئینتیما بۆ وڵات رقوکینە بینەقاقای تاکی کوردی گرتوە، تورەییو تۆڵەسەندنەوە بوە بە کەلتوری میلەتێك، ئێستا تیرۆرکردنی ئەخلاقو فیکرە، ئەم دەرئەنجامەش هەمو سیاسییەکانی کورد خولقاندویانە بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە«.

لە کۆتایی پەیامەکەشیدا، عەدنان کەریم داوا لە دەسەڵاتداران دەکات، «بە زوترین کات چارەی ئەم هەڵچونە بکەنو گوێ لە داخوازییەکانیان بگرنو کە بەڵێن بە خەڵکی کوردستان دەدەن بە کورتترین ماوە جێبەجێی بکەن، بۆئەوەی متمانەتان پێبکەنو وڵاتو ئەو ئازادییەمان کە خەونی دێرزەمانی هەمو سەرکردەکانی کورد بوە، لێ نەشێوێت، تا کار لەکار نەترازاوە». [١٤]

[١٤] عەدنان کەریم: خۆپیشاندەران دڵسۆزترین چینی ئەم گەلەن، سایتی سبەی، ٢٠١١/٣/١٤/ http://www.sbeiy.com/(S(j1hmyz1rhbxuxosefdc5f12g))/ku/print/Dosya_Rozhnama.aspx?ArticleID=1248

**لەلایەن خۆشیەوە هونەرمەندی دووره وڵات نەریمان بابان لە پەیامێکدا بۆ خۆپیشاندەران رایدەیگەیەنێت، هەموو ئەو گوێیانەتان زرنگاندەوە کە لە مێژە نابیستن**

پەیامێك لە نەریمان بابانەوە بۆ گەنجو خەڵکە بەدەنگهاتووەکانی وڵات.

هاونیشتیمانیانی خۆشەویست، گەنجانی پشتگوێ خراوی کوردستان، لە غوربەتو لە دوری نیشتیمانەوە سڵاوتان لێ دەکەم، پێتان ئەڵێم ئازارەکانتان ئازاری منن، بەهەمو ئازادانێکی ئێوە رۆحم دەکوژرێت.

گەنجانی خۆشەویست لەدوری ئێوەو لەدوری وڵاتەوە هەست بە ئازارەکانتان دەکەمو لەگەڵ هەمو داواکارییەکتانم. راستە لێتان دورم، بەڵام لەگەڵ هەمو خەمەکانتان دەژیم، لێتان دورم بەڵام لەم دورە هەمو ساتێك لەگەڵ ئێوە هاوار دەکەمو لەگەڵ هەر هاوارێکی ئێوە هاوار بۆ راگرتنی پشتگوێ خستنی وڵاتەکەمو شارەکەم دەکەم، خۆتان دەزانن‌و بەرهەمەکانم لە رابردو گەواهی دەدەن ئەوکاتی کە خەڵك بێ باك بو لە پشتگوێ خستنی ئێوە من پەرتەوازەبون‌و بێ وڵاتکردنی ئێوەم دەلاواندەوە، گۆرانیم بۆ خەمەکانتان دەچڕی‌و شینم بۆ بێ مافکردنتان دەکرد، ئێستاو داهاتوش لەگەڵتانم چونکە ئەوەی من بە ئێوەوە دەبەستێتەوە رۆح‌و خۆشەویستی راستەقینەو تێگەشتنمە لە ئەرکی هاونیشتیمانیم لەگەڵ ئێوە.

گەنجانی ئازیزی وڵات، خوێنگەرمە راپەڕیوەکانی کوردستان، دایك‌و باوکانی جەرگ سوتاو، ئێوە هاوار دەکەن بەدەنگی زوڵاڵتان، کە راستی‌و دڵسۆزی بۆ وڵات باکگراوەندییەتی، هەمو ئەو گوێیانەتان زرنگاندەوە کە لەمێژە نابیستن، هەمو ئەو چاوانەتان کردەوە کە نەیاندەبینی، ئێوە لە مێژە لەناو ئازاری پشتگوێ خستندان‌و ناتان بینن، لەزووەوە دەنگێکی زوڵاڵن‌و ناتان بیستن، لەزووەوە هێزی بەردەوام بونی وڵاتن‌و بەرچاوتان ناگرن، بەڵام ئەمڕۆ بە دەستگرتنی یەك‌و هاودەنگیتان توانیتان دەنگتان بەسەر نابیستەکان فەرز بکەن، خەونی ئەوانە بزڕێنن کە پێیان وابو بە قسەی ئاڵ‌و واڵا دەتوانن تا سەر لە گەنجێتیتان بخەن، لەم دورەوە هاودەنگتانم بەردەوام هاوار بکەن، بانگی خزمەتکردنی شارو وڵات بکەن، بانگی راگرتنی پشتگوێ خستنی نیشتیمان بدەن، بانگی راگرتن‌و راماڵینی مەهزەلەکردن بە سامانی وڵاتەکەتانەوە بدەن.

زۆر وترا زۆر نوسرا، بەڵام بینیتان تا دەنگی زوڵاڵی ئێوە بەرز نەبووەوە، کەس بەدەم وتن‌و نوسینەوە نەهات، دەنگی ئێوە هەموی هێنا قسەو ناچاری بیستنی کردن، ئێوە بینیتان ئەگەر ئێوە بتانەوێ دەنگتان ببیسترێ، دەبیسترێ، گەر بتانەوێ چیدی یاری بە چارەنوسمان نەکرێت، ناکرێت.

ئازیزانم، باوك‌و دایك‌و براو خوشکە بەدەنگ هاتوەکان، گەنجە ئازاو ئازادەکانی وڵات؛ هۆشیاربن سەرکەوتنی دەنگ هەڵبڕینتان مەستتان نەکات، خۆشەویستیتان نەگۆڕێتەوە بەرق، خەباتی ئێوەش وەك خەباتی سیاسیەکان مێژوەیەکی پڕ لە رق نەنوسێتەوە بۆ

شارو وڵاتەکەتان، ئێوە بەو دەنگە زوڵاڵەتان، بانگی خۆشەویستیو یەکتر قبوڵکردن بدەن، نەکەن لەیادی بکەن وڵات پێویستی بە هەمومانە، باشو خراپمان وەك یەك خەڵکی ئەو وڵاتەینو دەبێت رۆژێك نەبێ بیر لەوە بکەینەوە بە دەستی ئێمەی پشتگوێ خراو ئێوە گەنجانی بێ بەشکراو تاکە کوردێك لەوڵات ئاوارە بکرێت.

گەنجانو خەڵکی ناڕازی کوردستان ئێوە لە چینە پشتگوێ خراو بێ بەشکراوەکەی وڵاتن، لەوانەن چێژی تاڵی بێ بەشکردنو مەزڵومیتان چێشتوە، ئەوانەن دەزانن رق لێ بون چ کارەساتێك بۆ وڵات دەهێنێت، بۆیە تکام وایە لەجێی منیش تا ئەوکاتی دێمەوە ناوتانو لە ئامێزتان دەگرم، هاوشانی داخوازییە رەواکانتان بانگ بۆ خۆشەویستیش بدەن، ئەبێت ئەو شۆڕشەی ئیوە بەرپاتانکردوە شۆڕشی گێڕانەوەی ماف بۆ مافخوراوەکان، جوانی بۆ جوانیە زەوت کراوەکان، شۆڕشی کۆتا هاتنی ناعەدالەتیو بێ دادیی بێت، هاوکات شۆڕشی لێبوردەیو یەکتر قبوڵکردنو خۆشەویستیش بێت، نەکەن لەیادی بکەن وڵاتەکەمان تاکو ئەمڕۆش بێ مەترسی نیە، نەکەن رێگا بدەن ناڕەزایی رەوای خۆتان دەنگ هەڵبڕینی مەردانەو شەرفمەندانەی خۆتان ببێتە جێی تەراتێنی سیاسیەکان، ئەوانەی باکیان نیە بەخوێن رشتن، باکیان نیە بە زیاتر پارچەکردنی وڵاتو بریندارکردنی نیشتیمانو جەرگ سوتانی دایكو باوکە خۆشی نەدیوەکان.

دەنگم لەگەڵ دەنگتانە هاوار بکەن، بۆ نەهێشتنی ناعەدالەتیو بێ دادی، بانگی بنبڕکردنی گەندەڵی بدەن، دەنگم لەگەڵ دەنگتانە، بانگی خزمەتگوزاری وڵاتو وەرگرتنی مافەکانتان بکەن، بانگی یەکتر خۆشویستنو یەکتر قبوڵکردن بدەن، دەنگم لەگەڵ دەنگتانە، راستە لەخاکدا روبەرێکی مەزن لەنێوان منو ئێوەدا هەیە، بەڵام لە رۆحو هاوڕایم لەگەڵ ئێوە، بۆ داواکاری مافەکانتان مویەك بە نێوان منو ئێوە گەنجانی وڵاتەکەمدا ناچێت.

تکایە پەیامی من بۆ ئێوە خۆشەویستیە، تکای من لەئێوە پاراستنی وڵاتو هێمنی نیشتیمانو یەکتر قبوڵکردنە، نەکەن ئیستفزازی سیاسیەکان توڕەتان بکاتو رەوایەتی بەهەوڵی بێ دەنگکردنی خۆتان بدەن، نەکەن لە سەرکەوتنتان زمانی حیوارو یەکترقبوڵکردن رەتکەنەوە، نەکەن بەهەمان رێی سیاسیەکاندا بڕۆنو سەرکەوتن غرورتان بکات، ئێوە دەبێت لێبوردەبن، بەڵام بێ دەنگ نەبن، یەکترتان خۆشبوێت بەڵام هەڵەی یەکتریش راستبکەنەوە، ئێوە دەبێ لەخەمی وڵاتدا بن، وڵات بە ئاسودەبونو خۆشەویستی ئێمەی هاونیشتیمانیانی، وڵاتە، نیشتیمان بە هەبونی ئارامییەوە نەواو پەناگەی مرۆڤە، چۆن ئێوە شایەنی خزمەتو شایەنی گرنگی پێدانن، بیرتان بێ وڵاتیش شایەنی ئارامیو ئاشتەواییە.

**هونەرمەنـــد مەریوان ســـەفادینیش لە نامەیەکـــدا بۆ خۆپیشـــاندەران رایدەگەیەنێت:**
دەنگـــی ئێوە ســـەدای ئازادی نەتەوەی کوردە، ئاماژە بـــەوەش دەکات کە: ئەمڕۆ رۆژی بە کردەوە کردنەوەی رەخنەکانتانە ئەمڕۆ رۆژی بە زیندو راگرتنی وشـــەو وتەکانتانە، ئەمڕۆ رۆژی داهێنانە ئەمڕۆ رۆژی دەســـتگرتنی هەموانە دژ بەگەندەڵو مشـــەخۆرو نا عەدالەتی لەکوردستان.

**نامەیەك لە هونەرمەند مەریوان سەفادین بۆ سەرای ئازادی..**

ئێوە خۆشەویســـتی خەڵکی کوردســـتانو هەمو جیهانن، چونکە هەڵگری پەیامی دەنگە دلێرەکانی شەقامو دژ بە ستەمو سیاسەتی تۆقاندن وەستاون، هەر هاوارێکی ئێوە هاوارە بۆ ژیانێکی خۆشگوزەرانی دەنگی ئێوە سەدای ئازادی نەتەوەی کوردە

پشتگوێخستنی دەنگی ئێوە، شۆڕبونەوەیە بۆ دیکتاتۆریەت لادانە لەکوردایەتی کوردبون، چونکە پەیامی خۆپیشـــاندەران رونە کە گۆڕینی سیستەمە کۆنەکانە بە سیستەمە مرۆڤ دۆستەکان، کە ئەویش دیموکراسیە.

هەمو ساتێك لەگەڵ ئێوە هاوار دەکەم سرود بۆ نیشتیمانو سەرای ئازادیو هەڵەبجەکەم دەڵێمەوە، دەنگو هاواری ئازادی خوازان لە سلێمانی نالیو سالمو مەحوی دەهێنێتە نەڕەو تافدان بۆ پشتگیری.

خۆپیشاندان سەرەتایترین مافی مرۆڤە لە جیهان بێ توندوتیژی خۆشەویستی ئێوە بۆ هێزە ئەمنیەکان وانەیەك بو لەئاستی شۆڕشگێڕی نیشانی ئەوانەتان دا کە فیشەکیان ئاراستەی ســـنگی گەنجانی ئازیزی وڵاتەکەم کـــرد، بێ گەڕانەوە بۆ بەها جوانە دیموکراســـیەکان، ســـوورکردنی ئاڵای کوردســـتان بە خوێنی لاوانو گەنجانی بێبەشکراوی نیشتمان زامێکی قوڵە بەدەستی کورد،

خۆپیشـــاندان لە هەمو وڵاتو هەمو شوێنێکی جیهان ئاساییو رەوایەو رێنماییو سنوری خـــۆی بەرامبەردا بە هەمانشـــێوە بۆ دەســـەڵاتیش هەندێ هێڵی ســـور هـــەن بەرمبەر خوپێسادەران دەبێ نەبەزێنرێن.

من لێرەوە بە هەمو هاوڵاتیەکی هوشیارو خەمخۆر... بە هەمو کەسێکی سیاسی ناڕازی بە هەمو رۆشـــنبیرو نوســـەرو هونەرمەندێکـــی رەخنەگر رادەگەیەنم، کـــە ئەمڕۆ رۆژی گەیاندنـــی پەیامەکانتانە، ئەمڕۆ رۆژی بە کردەوە کردنەوەی رەخنەکانتانە ئەمڕۆ رۆژی بە زیندو راگرتنی وشـــەو وتەکانتانە، ئەمڕۆ رۆژی داهێنانە ئەمڕۆ رۆژی دەستگرتنی هەموانە دژ بەگەندەڵو مشەخۆرو نا عەدالەتی لەکوردستان گەنجە بوێرەکان بەئازایانەو چاو کراوە، مامەڵە لەگەڵ پێش هاتو رووداوەکان بکەن بۆ سەرخســـتنی ولات لەم قەیرانە، بەهەموو تان ئاڵای نەتەوەی بەرز بکاتەوە لەشوێنی پەرجەمی حزب.

# چوارەم/ ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی

لە خۆپیشـــاندانو نارەزاییەتیەکانی ١٧ی شـــوباتو ڕۆژانی دواییدا کەسایەتیە ئاینیەکانو ماۆســـتایانی ئایینی ڕۆڵی گەورەیان گێراو ڕۆژانە بەشـــداری خۆپیشـــاندانەکانیان دەکرد، لەیەکـــەم هەنگاودا بۆ پشـــتیوانی لە خۆپیشـــاندەران، پ.د.عەلـــی قەرەداغی ئەمینداری یەکێتی زانایانی جیهانی لە پەیامێکدا پشـــتیوانی لە خۆپیشاندەران کردوو بە گەنجانی وت لەگەڵتانم.

د. عەلی قەرەداغی، دەربارەی خۆپیشـــاندانەکانی پارێزگای سلێمانی پەیامێك ئاراستەی بەرپرسانو گەنجان دەکاتو بە گەنجەکان دەڵێت لەگەڵتانم، هاوکات داوای دوورکردەوتەوە لە توندوتیژی لەهەردوولا دەکات.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا قەرەداغی کۆمەڵێك خاڵ دەخاوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵیو جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانو دوورخستنەوەی حیزب لە حکومەت.

لە پەیامەکەیدا بۆ بەرپرســـان قەرەداغی نوسیویەتی: پێویستە بەر پرسان لەکوردستان بزانن کەجیهان گۆڕاوە، ئیتر هیچ شـــتێك نەماوە کەلەگەنجان بشـــاردرێتەوە لە ســـامان وداراییو جۆرەها شـــتی تر، ئێستا شـــتێك نەماوە کەگەنجان لێی بترسن، ئەویش بەهۆی ئازادیو تەکنیکی ڕاگەیاندنی هاوچەرخو پێشـــکەوتوو، گەنجان دەیانەوێت بەهرەمەند بن لەئەو سەروەتو سامانەی کە لەوڵاتەکەیاندا هەیەو بەشداربن لەچۆنیەتی بەڕێوەبردنیدا، لەبەرئـــەوەی من داوا لەبەرپرســـان دەکەم کەبەوپـــەڕی ڕێزو خۆشەویســـتیەوە گوێ بۆ داواکارییەکانی گەنجان بگرنو بەوپەڕی جدیەوە بۆیان جێبەجێ بکەن.

هـــاوکات لە پەیامیدا بـــۆ گەنجان قەرەداغی ئامـــاژەی بەوەداوە: من پشـــتیوانی لەداوا ڕەواکانتان دەکەم، لەگەڵتاندام لەخۆپیشاندان بەشێوەی ئاشتیانەو مەدەنیانەو شارستانیانە. خۆپیشـــاندان مافێکی شـــەرعیو ڕێگەپێدراوە. بەڵکو جۆرێکە لەبانگـــەوازو فەرمان کردن بەچاکە، بەمەرجێك لەچوارچێوەی ئاشتیانە دەرنەچێت.

بەڵام داواشـــتان لێ دەکەم کە ئێوە پێشەنگ بن لەرێپێوانێکی شارستانیانەدا، پارێزگاری لەئاسایشی کۆمەڵایەتیو پارێزگاری لەموڵكو سامانی گشتیو تایبەتی بکەن.

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢٨ دەقی پەیامی پ.د. عەلی قەرەداغی)**

دواتریش زانایانی ئاینی شاری سلێمانی، بەشداری خۆپیشاندانەکەی ٢٤ی شوباتی شاری ســـلێمانیان کردوو لەمەیدانی ئازادیو پشـــتگیریی خۆیان بۆ داواکانی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند.

مامۆستا مەلا کامەران لە نوسینێکیدا بەناوی (ڕاستییەك بۆ مێژوو وەکوو خۆی، کەیو چۆنو بۆچی چوومە ســـەرای ئازادی؟) ئاماژە بەوە دەکات ڕۆژی دووشەمە ڕێکەوتی ٢٠١١/٢/٢٢ بۆیەکەم جار چوومە ســـەرای ئازادیو لە دوورەوە زۆر بەوردی ســـەرنجی جۆشو خرۆشو

دروشمەكانی خۆپێشاندەرانم دەداو خۆپیشـــاندەرانیش داوایان لێدەكردم وتار بخوێنمەوە، بەڵام بۆ رۆژی دواتر لەگەڵ چەند مامۆســـتایەكی تردا چوینەوە سەرا، لەوێ بۆ یەكەمجار مامۆســـتا مەلا عادل محەمەد ســـاڵح دەربەندیخانی كە ناسراوە بە مەلا عادل مەلا ساڵحی ژاڵەناو، وەك مامۆســـتایەكی ئایینی وتـــاری خوێندەوە، بۆ رۆژی دواتـــر ژمارەیەكی زۆرتر مامۆســـتای ئایینی چوینە سەرا لەوێ مامۆســـتا (ئەبوبكر پێنجوێنی) بەناوی هەموومانەوە وتارێك پێشكەش كردو وتی، (ئێمە نەوەی قازیین .... لەم دەسەڵاتە نارِازین). بەم رستەیە جۆش‌و خرۆشێكی زۆری دا بە جەماوەرو بووە دووەم وتاربێژی سەرای ئازادی.

مامۆستا مەلا محەمەد نەسروڵڵا لە رۆژی ٢٥ی شوبات وتاری هەینی پێشكەشكردوو بووە ســـێەم وتاربێژی سەرای ئازادیی، دوارت بەندە (مامۆستا كامەران عەلی خوارِەحم) لەسەرا وتارم خوێندەوەو بوومە چوارەم وتاربێژی سەرای ئازادی، شایانی باسە دوای پێشكەشكردنی ئەم وتارە دەیان نامەی مۆبایلم بۆهات كە تێدا هەرِەشەی كوشتنم لێدەكراو بە سیخورِی ئەم وڵاتو ئەو وڵات تۆمەتباردەكرام.[١٥] **(برِوانە وێنەی ژمارە ٢٦)**




**وێنەی ژمارە ٢٦**

[١٥] راستییەك بۆ مێژوو وەكوو خۆی، كەی‌و چۆن‌و بۆچی چوومە سەرای ئازادی؟، مەلا كامەران عەلی خوارِەحم، سایتی بەیان، ٢٠١٣/٢/٢٨ /
http://www.bayanpress.net/Article_Detail.aspx?Articleid=272&AuthorID=141

هـاوكات لە ٢٥ی شـوباتدا یەكەم نوێژی هەینی لە سـەرای ئازادی سـلێمانیدا كراو وتارخوێنی بەردەركی سـەرا داوای هێوربوونەوەو پاراسـتنی دەسـكەوتەكانی حكومەت دەكات، وەك بڕیاربوو ٢٥ی شـوبات لەبەردەركی سـەرای شاری سـلێمانی نوێژی هەینی بەڕێوەبچێت. خۆنیشـاندەران بەبەشـداری ژمارەیەك لەمامۆستایانی ئاینی نوێژی هەینی بۆ خۆپیشـاندەران بەڕێوەچوو، مامۆسـتای وتارخوێن داوای لە خۆپیشـاندەرانكرد هێوری بارودۆخەكە رابگرنو نەهێڵن كاری گێرە شێوێنی ئەنجامبدرێت.

مامۆستا محەمەد نەسروڵا پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی عەلی كەمال لەشاری سلێمانی لەوتارەكەیدا كە لەسەرای ئازادی پێشكەشی كرد داوای لێكردن كە هێوربنو ئارامبگرن بۆ بەدەستهێنانی دەسكەتی خۆپیشاندەران كە ئامانجی هەموولایەكە.

راشـیگەیاند ئێمە هەموومان رۆڵەی میللەتی خۆمانینو حكومەت بە دەسكەوتی خۆمان دەزانییـن، بۆیەداواتان لێـدەم كەس رێگەبەخۆی نەدات هێرش بكرێتە سـەر فەرمانگەو دەسكەوتەكان حكومەت، چونكە ئەوە هەمووی بەرهەمی دەسكەتی تێكۆشانی چەندساڵەی گەلەكەمانە.

هەروەك داواشی لە هێزە ئەمنییەكان كرد كەپارێزگاری لەخۆپیشاندەران بكەنو دەست بۆ تفەنگەكانیان نەبەنو تەقەلەخۆنیشـاندەران بكەن، چونكە رشتنی خوێنی خۆنیشاندەرانو هەركەسێكی دیكە حەرامەو لە رووخاندنی قیبلەی مووسڵمانان گەورەترە.[١٦]

**بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٧**




**وێنەی ژمارە ٢٧**

[١٦] وتارخوێنی بەردەركی سەرا، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٥/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=22067&Jor=1

هاوكات لە بەياننامەيەكدا كە لە ٨ خاڵ پێكهاتووە، لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان وداوای هێورکردنەوەی بارودۆخەکەو ئازادکردنی سەرجەم گیراوەکان لە ناو خۆپیشاندانەکانو هەڵوەشانەوەی فەرمانی دەستگیرکردن.

قەرەبوکردنــەوەی زیانلێکەوتــوانو داوای لێبوردنکــردن لێیان، ئەمە ســەرەرای دانانی لیژنەیەکــی بێلایەنیــش بــۆ لێکۆڵینەوە لــە رووداوەکــەی ١٧ی شــوبات یەکێکی ترە لەخاڵەکان.

**(پاشکۆی ژمارە ٢٩ بەیاننامەی لقی سلێمانی یەکێتی زانایانی ئایینی)**

هاوکات زانایانی ئاینی شاری هەولێر، لە بەیاننامەیەکدا خۆپیشاندان بە مافێکی شەرعیی دەزانن‌و کوشتنی خوێنی هاوڵاتیانیش حەرام دەکەن.

دوای گفتوگۆیەکی درێژخایەن لەبارەی خۆپیشــاندانەکانی شاری سلێمانی‌و ناوچەکانی تری هەرێمی کوردســتان‌و تەقەکردن بەڕوی خۆپیشاندەراندا، ٦٨ زانای ئاینی لە پارێزگای هەولێر گەیشــتنە ئەو ئەنجامەی کە تەقەکردن بەڕوی خۆپیشــاندەراندا حەرامەو نەهی کراوەو خۆپیشاندانیش مافێکی شەرعی‌و شتێکی باشە.

لە بەیاننامەی ٦٨ زانای ئایینی شــاری هەولێردا کە ســەرەتا ئاماژە بە گۆرانکاریەکانی خۆرهەلاتی ناوەراســت دەکاتو کاریگەری لەســەر هەرێمی کوردستان بۆیە سەبارەت بە حوکمی شەرعی خۆپیشاندان لە بەیاننامەکەدا هاتووە:

گومان لەوەدانیە لەهەر ســەردەمێك نیشــانەکانی خوای پــەروەردگار دەبێ دەرکەون ودووبــارە ببنەوە بۆ قەبووڵ بوونی دووعای مەزڵومەکان ولەناوچوونی ســتەمکاران، بۆیە لەڕوانگەی شەریعەتی خوای مەزن هەموو ستەملێکراوو ماف خوراوێك مافی خۆیەتی داوای مافەڕەواکانی خۆی بکات وهەوڵی لادانی ستەم بکات.

سەبارەت بە کوشتنی هاوڵاتیانیش بەیاننامەکە ئاماژەی بەوەداوە: خوای گەورە بوونەوەری بــۆ مرۆڤەکان رام کردووە ولەخزمەتی دانــاون لەبەر گەوریی ورێزی مرۆڤ ،کەواتە مرۆڤ لەبوونــەوەر گەورەترە ئەمەش وای کردووە کوشــتن وئازاردانی قەدەغەو حەڕام بێ بۆیە رشتنی خوێنی تاکێك بەناهەق سزای بکوژەکە ئەمەیە:

پێغەمبەریــش (صلــى الله علیه وســلم)دەفەرموێ: ئەبێ ســزای ئەو بکــوژە چی بێ کەکەســێك لەسەرداوای رەوای خۆی بکوژێ ،بۆیەئێمە وەکو زانایانی ئاینی داوا لە برایانی ئاســایش وپۆلیــس وزێرەڤانی‌و ســەجەم دام ودەزگاکانی حکومەت دەکەین‌و دەســتیان بەخوێنی گەلەکەی خۆیان ســورنەکەن‌و خۆیان دووچاری ســزای خــوا نەکەن . پێغەمبەر د.خ) فەرموویەتی تەنانەت بە نیو وشــەش بەشــداری کوشتنی کەسێك بکەی مەحرومی لەرەحمی خوا.

**(پاشکۆی ژمارە ٣٠ دەقی بەیاننامەی ٦٨ زانای ئایینی شاری هەولێر)**

## پێنجەم/ دەستگیرکردنی مامۆستایانی ئایینی

لەبەرامبەر بەشداریکردنو چالاکیەکانیان لە سەرای ئازادی سلێمانیو پشتیوانیان بۆ خۆپیشاندەران، هێزەکانی ئاساییش دەستیان کرد بە دەستگیرکردنی ئەو مامۆستا ئایینیانەی کە لەسەرای ئازادی وتاریان دەدا.

بەهۆی وتارێکیەوە لەسەرای ئازادی، لەلایەن ئاسایشو پۆلیسەوە مامۆستا کامەران عەلی ماوەی دو رۆژە دەستگیرکراوە،دوای ئەوەی لە سەرەتای ئەم مانگەدا لەلایەن ئاسایشی سلێمانیەوە بۆ ماوەی دو رۆژ لەسەر وتارێکی لە سەرای ئازادی دەستگیرکرا، لە ٣/٢٩ مامۆستا کامەران عەلی لەلایەن پۆلیسی سەراوە دەستگیرکراوەو دواتر رادەستی ئاسایش کراوە.

دوای ئازادبونی لە ٤/١ دا کە بۆ ماوەی دو رۆژ لەلایەن ئاسایشەوە دەستگیرکرا، مامۆستا کامەران عەلی بەراگەیاند: ئەو کەسەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کردم، پێیوتم ئازادت دەکەین، بەڵام بەو مەرجەی نەچیتەوە بەردەرکی سەرا»، ئەویش لەلایەن خۆیەوە بە وەها مەرجێك رازی نەبو، رۆژێك دوای ئازادکردنیشی رۆشتە ناو جەماوەری خۆپیشاندەرو پشتگیری بۆ داواکانیان راگەیاند.

لەسەرەتای خۆپیشاندانەجەماوەریەکان لەسەرای ئازادی، مامۆستا کامەران لە وتارێکدا داوای عەدالەتی کۆمەڵایەتیو دژایەتی گەندەڵی بە جیهاد دایە قەڵەم.

بەپێی لێدوانەکەی مامۆستا مەحمودی ئازادیش، لەسەر ئەو وتارە لەلایەن ئاسایشەوە ناوبراو بە یاسای بە گژاچونەوەی تیرۆر دادگایی دەکرێت.

**مامۆستا کامەران سەبارەت بەو وتارەی ئەوەی رونکردەوە کە:**

ئەوەی لە سەرای ئازادی وتومە کە خۆپیشاندان جیهادە، ئێستاش تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە، چونکە ئەگەر سەیری ناوەرۆكو واتای جیهاد بکەیت، یان ئەگەر تەرجەمەی بکەی بۆ کوردی، جیهاد بە مانای خەباتکردنو تێکۆشان دێت بۆ ژیان یان بۆ دین، بۆیە لە کاتێکدا ئەگەر لە ژیاندا کەسێك کەرامەتو ماڵی داگیر کرابێت، هەر هەوڵێك لەو پێناوەدا بدات دەچێتە چوارچێوەی جیهادەوە.

لەبەرامبەر دەستگیرکردنی مامۆستا مەلا کامەراندا ئاساییشی سلێمانی روونکردنەوەیەك بڵاو دەکاتەوەو

لە دەقی رونکردنەوەیەکەی ئاسایشی پارێزگای سلێمانیدا کە لە ٢٠١١/٤/١ بڵاویکردۆتەوە هاتووە: لە هەندێك رۆژنامەو سایتی ئەلەکترۆنیدا هەواڵی دەستگیرکردنی (مەلا – کامەران عەلی) وابڵاوکراوتەوە کە گوایە ناوبراو لە لایەن دەزگای دژە تیرۆرەوە دەستگیرکراوە، ئێمە وەك بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی بە هەمولایەکی رادەگەیەنین کە سەرەتا

(مەلا – کامەران عەلی) لەلایەن کەرتی پۆلیسی سەراوە بەپێی ماددەی (١٠/خۆپیشاندان) دەستگیرکرا، پاشان لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە ئەم مادەیە گۆڕا بۆ ماددەی (٢) ی تیرۆر، لەبەرئەوەی ناوبراو داوایکردوە کە (جیهاد) بکرێت.
بەپێی ئەم مادەیەش کەسی گیراو ڕەوانەی لای ئێمە کراوە بۆ لێکۆڵینەوە بەپێی بڕیاری دادوەری لێکۆلێنەوە لای ئێمە ڕاگیراوە، لەبەر ئەوە ئەو کێشانە پەیوەندیان هەیە بەبەڕێوەبەرایەتیمانەوە . بۆ ئاگاداریتان .

هاوکات هێزێکی ئاسایش لە کاتی نوێژدا مەلا محەمەد نەسروڵا، یەکەم وتاربێژی سەرای ئازادی دەستگیر دەکەن، لەکاتێکدا ئەو هێزەی ئاسایشی سلێمانی کە شەوی ٤/٣ مەلا محەمەد نەسروڵایان دەستگیرکرد ڕەتیان کردەوە فەرمانی دادگایان بۆ دەستگیرکردنی ناوبراو پێبێت، بەڵام ئاسایش دەڵێت بە بڕیاری دادوەر بوە.
شەوی (یەکشەممە)٤/٣ لەکاتی نوێژی خەوتناندا، هێزێکی ئاسایش چونەتە سەر مزگەوتی عەلی کەمالی شاری سلێمانی‌و پاش تەواوکردنی نوێژ، مەلا محەمەد نەسروڵا پێشنوێژی ئەو مزگەوتەو یەکەم وتارخوێنی نوێژی هەینی سەرای ئازادیان دەستگیر کرد.
لەوبارەیەوە ئاسایشی سلێمانی ٢٠١١/٤/٥ لە ڕونکردنەوەیەکدا ڕایگەیاندوە، مەلا محەمەد نەسروڵا بەپێی مادەی ٦ی تیرۆر لەلای ئەوان دەستگیر کراوە.
لە ڕونکردنەوەکەی ئاسایشی سلێمانیدا هاتوە: مەلا محەمەد نەسروڵا، بە بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوەو بەپێی ماددەی (٢) لەیاسای ژمارە (٦)ی بەرەنگاربونەوەی تیرۆر، بە تۆمەتی هاندانی خەڵکی بەمەبەستی جیهادکردن، فەرمانی دەستگیرکردنی هەبوە.
لە ڕونکردنەوەکەدا ئەوەش هاتوە: مەلا محەمەد ئێستا لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش ڕاگیراوە بەفەرمانی دادوەر، بۆ لێکۆڵینەوە.
ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەپێی وتەی خێزانەکەی مەلا محەمەد، «کاتێك هێزەکەی ئاسایش هاوسەرەکەمیان دەستگیرکرد، ئێمە داوای بڕیاری دادگامان کرد، بەڵام هێزەکەی ئاسایش وتیان بڕیاری دادگای ناوێت». [١٧]
دەستگیرکردنی مامۆستایانی ئایینی لە خۆپیشاندانەکاندا نارەزایی مامۆستایانی ئایینی‌و ڕۆشنبیرانی لێکەوتەوە، لەیەکەم کاردانەوەشدا ژمارەیەك لە ڕۆشنبیران‌و ڕۆژنامەنوسانوسان لە کەمپینێکدا ڕایدەگەیەنن: سزادانی مامۆستایانی ئاینی لەسەر دەربڕینی بیروڕا، سزادانی هەمومانە
ڕۆشنبیران‌و ڕۆژنامەنوسانی هەرێمی کوردستان لە کەمپەینەیکدا لەژێر ناونیشانی

[١٧] ئاسایشی سلێمانی، سایتی ئێن ئاڕتی، ٢٠١١/٤/٤ /
http://nrttv.com/dreje.aspx?jimare=920

«سـزادانی مامۆستایانی ئاینی لەسـەر دەربڕینی بیروڕا، سـزادانی هەمومانە« ئیدانەی دەستگیرکردنو سـزادانی مامۆستایانی ئاینی دەکەنو رایدەگەیەنن: «هەر پێشێلکارییەك کە بەرامبەر مامۆستایەکی ئاینی بکرێت لەسەر دەربڕینی بیروڕای جیاواز لەوەی دەسەڵات یان حیزبە دەسەڵاتدارەکان، پێشێلکارییە بەرامبەر هەمو هاوڵاتیەك، پێشێلکاریە بەرامبەر مافەکانی مرۆڤو ئازادیی رادەربڕین؛ پێشێلکردنی دەستوری عێراقە».

رۆشنبیرانو رۆژنامەنوسان ئەوەشیان نوسـیوە: «دەستبەسەرکردنی مامۆستا کامەرانو مامۆستا محەمەد نەسرولاّ، تەقەکردنو هەڕەشەکردن لە مامۆستایانی تر، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو هەڕەشـەو تیرۆرکردنانەی لە چەند سـاڵی رابردودا بەرامبەر رۆشنبیران، رۆژنامەنوسانو خەڵکانی ئازادیخواز ئەنجامدراون».

**(بڕوانە پاشکری ژمارە ٣٠ دەقی کەمپینی رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسان)**

هاوکات دەسـتگیرکردنی مامۆسـتایانی ئایینی لە سـلێمانیو هەرەشکردنو لابردنی مامۆستایانی ئایینی لە شاری هەولێر بەتەواوی زانایانی ئایینی تورەکردووو لە بەیاننامەیەکدا کە ناوی ٢٠١ مامۆستای ئایینی شاری هەولێری لەسەرە بە تودنی ئیدانەی دەستگیرکردنو هەرەشـەکردن لە مامۆسـتایانی ئایینی دەکەنو ئاماژە بەوە دەکەن، کـە لەبری ئەوەی پەلە بکرێت لە چاکسـازیو بەدەمەوەچونی داواکاری خۆپیشـاندەران، فشـارەکان لەسەر مامۆسـتایانی ئاینی بەردەوامـە بە تایبەت لەم دواییانەدا، هاوکات پشـتیوانی خۆیان بۆ داواکارییەکی خەڵکی کوردسـتان دوپات کردوەتـەوەو هەمو جۆرە توندوتیژییەکیش رەت دەکەنەوە.

# بەندی سێیەم
# کاردانەوەی حکومەتو پەرلەمان

## بەشی هەشتەم
## بڕیارەکان لەنێوان حکومەتو
## خۆپیشاندەراندا

- یەکەم/ بڕیاری ژمارە یەکی پەرلەمان
- دووەم/ داوکاریەکانی خۆپیشاندەران
- سێیەم/ لەنێوان حکومەتو خۆپیشاندەراندا
- چوارەم / بڕیاری ژمارە ٢ی پارلەمان
- پێنجەم/ تێکدانی ئاراستەی خۆپیشاندەران
- شەشەم/ بەردەوامی خۆپیشاندانەکانو
هەڵوێستی لایەنەکان
- حەوتەم/ نەخشە ڕێگای
چارەسەری قەیرانەکان

# یەکەم/ بڕیاری ژمارە یەکی پەرلەمان

بەردەوامی خۆپیشـــاندانەکانو ئەو توندووتیژیانەی لێی کەوتەوەو بەتایبەتیش کوشـــتنو برینداربوونی سەدان خۆپیشاندەر پارلەمانی کوردستانی ناچارکرد، کۆبوونەوەی نائاسایی ببەستێتو چەند بڕیارێك دەربکات، لەبەرواری ٢٣ی شوباتی ٢٠١١ واتا لە دوای شەش ڕۆژ لەخۆپیشاندانەکان، پەرلەمانی کوردســـتان کۆبووە، لە کۆبوونەوەکەدا دوای گفتوگۆیەکی چڕو پڕ، بڕیاری ژمارە (١) ی ڕۆژی ٢٠١١/٢/٢٣ی ڕاگەیاند.

**دەقی بڕیاری ژمارە ١ی پارلەمانی کوردستان**

بریاری کۆتایی دانیشتنی نائاسایی پەرلەمانی کوردستان دەربارەی ڕووداوە نەخوازراوەکانی هەرێم

**بڕیاری ژمارە ١**

**٢٣-شوبات-٢٠١١ کاتژمێر١١:٠٦**

بڕیار پشـــت بەســـتن بە برگەی (١) ی مـــاددەی ٥٦ لە یاســـای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردســـتان ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموار کراو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی نا ئاســـایی ژمـــارە ١ی ڕۆژی ٢٠١١/٢/٢٣ ی خۆی دا، کە تایبەت بوو بە بەرچاوخســـتنو گفتوگۆکـــردنو لێکۆڵینـــەوە لە خۆپیشـــاندانەکانی پارێزگای ســـلێمانیو ئـــەو داواکاریو دەرهاویشـــتانەی کە لەئەنجامی خۆپیشـــانەکان دا کەوتۆتەوە لە تەقەکردنو شـــەهیدو برینداربوونی خۆپیشـــاندەرانو هێزەکانی ناوخۆو سوتاندنی بارەگاو هەندێ لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، لەگەڵ داواکاری خۆپیشاندەران دا، ئەم بڕیارانەی دەرکرد:

١. ئیدانەو تەحریمو تەجریمکردنی توندوتیـــژیو تەقەکردن لەهاووڵاتیانو هەڵکوتانە سەر بارەگا فەرمیەکانو حزبیەکانو زیانگەیاندن بەماڵی گشتیو تایبەت لەهەر لایەکەوە.

٢. کشانەوەی دەست بەجێیی سەرجەم هێزە جووڵەپێکراوەکان، کە بە هۆی ڕووداوەکانی ڕۆژی ٢٠١١/٢/١٧ جوڵەیان پێکراوە بۆ گشـــت شـــارەکانی هەرێمی کوردستان بەگشتیو شاری سلێمانی بە تایبەتیو گەڕانەوەیان بۆ بارەگاکانیان.

٣. ئازادکردنی سەرجەم ئەوانەی بە هۆکاری بەشداربوون لە خۆپیشاندان دەستگیرکراون، ئەوانەش تاوانیان کردوە، ڕادەستی دەسەڵاتی دادوەریو پۆلیس بکرێن.

٤. حکومەت بەگوێرەی یاســـا، قەرەبووی ماددیو مەعنەوی سەرجەم ئەو کەسو لایەنو دەزگاو هێزانە بکات کە بە هۆی پەلامارو توندو تیژیەوە زەرەرمەندبوون،بەگوێرەی یاسا.

٥. پاراســـتنو ڕێکخستنی خۆپیشـــاندەران، تەنها بە هێزەکانی پۆلیسی ناوخۆو پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکان بســـپێردرێت، شوناس (ناو، باج، شـــوێنی کار) ی هێزە پارێزگارەکان ئاشکرا بێتو نەهێڵدرێت هیچ کەسێك بە دەمامكو ئوتومبیلی جام ڕەش هاتوچۆ بکات.

٦. هێزی پێشـــمەرگەی کوردســـتان لە هەمـــوو جۆرە ململانێیەکی سیاســـی ناوخۆیی بەدووربێ‌و ئەرکی نیشـــتمانیی خۆی وەك هێزێکی نیشـــتمانی‌و پاراستنی دەسکەوتەکانی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکات.

٧. پێویســـتە لیژنەی بـــاڵای لێکۆڵینەوە، کـــە لەلایەن حکومەتـــەوە پێکهاتووە، لەلایەن ئەندامێکی دادگای تەمییزەوە ســـەرۆکایەتی بکرێت‌و ئەندامەکانی کەســـانی شارەزاو بێ لایەن بن‌و بە زووترین کات ئەنجامەکەی بخەنە بەردەم رای گشتی.

٨. لەمامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخەکەدا، کەمتەرخەمی لەلایەن داموو دەزگاکانی پۆلیس‌و ئاســـایش دا هەبووە‌و دوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە دەبێ لایەنـــی کەمتەرخەم ئیجرائاتی یاســـایی لەگەڵ بکرێت، هەروەها بەرپرســـی دەزگا ئەمنیەکان ئەوانـــەی کەمتەرخەمیان نواندوە، بەگوێرەی یاسا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ.

٩. نابێ بەبێ بڕیاری دادگا هیچ خۆپیشـــاندەرێك بەهۆی بەشداریکردنی لەخۆپیشاندان دەستگیر بکرێ.

١٠.بڕیاری جوڵاندنی هێزی ســـەربازی لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر نابێت ئەنجام بدرێ تەنها لەحاڵەتی بوونی مەترسیی دەرەکی نەبێت.

١١.دەســـتبەجێ ئەنجام دەرانی ســـووتاندنی کەناڵی نالیا، رادیـــۆو تەلەفزیۆنی گۆڕان، رێوشوێنی یاساییان لەبەرامبەردا بگیرێتە بەرو بدرێنە دادگا.

١٢. بەمەبەســـتی چاکسازی ریشەیی‌و گشـــتیی لەلایەن فراکسیۆنەکان‌و لیژنەکانی ناو پەرلەمانەوە بە هاوکاری ئەنجومەنی وەزیران‌و ســـوود وەرگرتن لە لایەنە سیاســـیەکان‌و رێکخراوەکانـــی کۆمەڵی مەدەنی‌و مامۆســـتایانی زانکۆو پســـپۆڕان‌و خەڵکانی بێ لایەن‌و دڵسۆز ئامادەو پێشـــکەش بە پەرلەمان بکرێ بۆ گفتوگۆکردن‌و چاودێری جێبەجێ کردنی بە زووترین کات.

١٣. پێویســـتە حکومەت دەســـت بەجێ چەندین بڕیاری گرنگ‌و بە پەلـــە دەربکات، کە پەیوەستە بە باشتر کردنی باری گوزەرانی خەڵکی‌و بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی‌و کرانەوەی زیاتری فەزای سیاسی‌و ئازادی.

١٤. هەموو لایەك هەوڵ بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکەو راگرتنی هێرشـــی راگەیاندنی حزب‌و لایەنەکان بدات.

١٥. بانگهێشتکردنی سەرۆکی حکومەت‌و وەزیری ناوخۆو وەزیری پێشمەرگە بۆ پەرلەمان بۆ روونکردنەوەو لێپرسینەوە، بەپێی رێککارە یاساییەکان.

١٦. زەمینە سازکردن‌و پشتگیریکردنی ئەنجامدانی دیالۆگێکی نیشتمانی سیاسی لەنێوان ئەو حزب‌و لایەنە سیاسیانەی نوێنەریان لەپەرلەمانی کوردستان هەیە، بەمەبەستی هێنانە ئارای پێکەوە ســـازانی یاســـایی سیاســـی بۆ هەموارکردنەوەی ئەو یاسایانەی کە خاوەنی رەهەندی سیاسیی‌و نیشتمانیان هەیە.

١٧. پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لەنوێنەری ســـەرجەم فراکسیـــۆنەکان لە پەرلەمانی

کوردستان، بەمەبەستی بە دواداچوونو گوێ گرتن لە داخوازی خۆپیشاندەران.

هاوکات لەگەڵ ئەو بڕیارەی پارلەمانی کوردستاندا رۆژی ٢٣ی شوبات لیژنەی لیکۆلینەوە لەرووداوەکانی ١٧ شوبات کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێکهاتبوو، لەبینای پارێزگای سلێمانی یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی سازکرد

رۆژی ٢٢ی شوبات بەبڕیارێکی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لەرووداوەکانی رۆژی ٢/١٧ی شاری سلێمانیو هەندێك ناوچەی دیکە پێکهێنرا کە جەمال عەبدول وەك چاودێری ئەو لیژنەیەو محەمەد قەرەداغی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وەك سەرۆکی لیژنەی لێکۆڵینەوە لەرووداوەکە دیاریکراون.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بۆ لێکوڵینەوە لەڕووداوەکانی رۆژی ١٧-٢-٢٠١١ ی شاری سلێمانیو هەندێك ناوچەی دیکە، لیژنەیەکی پێکهێنا.

بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەو لیژنەیە هەڵدەستێت بەکۆکردنەوەی بەڵگەو زانیاری تەواوو لێکۆڵینەوەی پێوست سەبارەت بەڕووداوەکانو دەستنیشانکردنی هۆکاری روودانیانو هەڵسەگاندنی ئەدای دامو دەزگا حکومییە پەیوەندیدارەکان بەشێوەیەکی گشتی.

ئەو لیژنەیە دەستنیشانکردنی کەسانی سەرپێچیکارو کەمتەرخەمە لەڕووداوەکانو حەواڵەکردنیانە بۆ بەردەم دادگای تایبەتمەند، بۆ دادگاییکردنو سزادانیان بەپێی یاسا.

جەمال عەبدول وەك چاودێری ئەو لیژنەیەو محەمەد قەرەداغی سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران وەك سەرۆکی لیژنە دیاریکراونو هەریەکە لە لیوا بەختیار تاهیر بابانو لیوا بەهادین حەمە سەعید لەوەزارەتی ناوخۆو بەیان عەبدوڵلا رەزا جێگری داواکاری گشتیو وشیار رەسوڵ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانیو پارێزەران ئاراس قادر ساڵحو دەرسیم محەمەد ئەمین ئەندامی لیژنەکەن.[١]

دوای ئەوەی لەلایەن کەناڵەکانی راگەیاندنەوە بڵاوکرایەوە کە سبەینێ ٢٠١١/٢/٢٨ وەفدێکی ١٥ کەسی نوێنەرانی خۆپیشاندەران سەردانی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکەنو داواکارییەکانی خۆپیشاندەران دەبەنە پەرلەمانی کوردستان، وتەبێژی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی ئەو هەواڵەی رەتکردەوەو رایگەیاند، کە نوێنەرانی ئەوان سەردانی سەرۆکی پەرلەمان ناکەن.

ناسك قادر وتەبێژی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی بۆ سبەی ئەوەی رەتکردەوە، کە هیچ کەسێك وەك نوێنەری خۆپیشاندەران بچێت لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمان دابنیشێت.

[١] لیژنەی لێکۆڵینەوە لەرووداوەکانی سلێمانی یەکەمین کۆبوونەوەی سازکرد، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٣/

http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=21991&Jor=1

وتیشی: ئێمە ئەنجومەنێکی کاتیمان هەیە بۆ کۆکردنەوەو ڕێکخستنی داوای خۆپیشاندەران، لەگەڵ ژمارەیەك پەرلەمانتاریش کە سەردانیانکردوین پێمان ڕاگەیاندون، کە ئێمە داواکارییەکان کۆدەکەینەوەو لەبەرچاوی ڕای گشتیو لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە داواکاری خۆپیشاندەران بڵاودەکەینەوە، ئەوکات دەیدەینە پەرلەمانو سەقفێکی زەمەنی دادەنێین بۆ جێبەجێکردنی. [٢]

## دووەم/ داواکاریەکانی خۆپیشاندەران

لەگەڵ بەردەوامی خۆپیشاندانەکانو نارەزاییەتیەکانی هاولاتیانو خستنە رووی چەند داواکاریەك بۆ بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان، رۆژی ٢٠١١/٢/٢٨ لیژنەیەك لە پەرلەمانی کوردستانەوە سەردانی خۆپیشاندەرانی مەیدانی ئازادی کرد، ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی داواکاریە هەنوکەییو بنەرتیەکانی جەماوەری خۆپیشاندەری دایە دەستی لیژنە پەرلەمانیەکە.

**أ- داواکارییە هەنوکەییەکان**

داواکاریەکانی ئەنجومەنی کاتی جەماوەری خۆپیشاندەر بۆ بەردەمی پەرلەمان

ڕاگەیاندن: داواکاریەکانی جەماوەری ناڕازی کوردستان

١. دانپێدانان بە کۆبونەوە جەماوەریەکانی کوردستان وەك بەرەیەك بۆ نوێنەرایەتیکردنی داخوازیەکانی خەڵكو بەشدارییپێکردنی نوێنەرانی خۆپیشاندەران لە پرۆسەی بڕیاردان لەمەڕ مەسەلە چارەنوس سازەکاندا.

٢. ڕێگرتن لە هەر جۆرە هەوڵێك بۆ سەپاندنی باری نائاسایی بە سەر هەر شارو شارۆچکەیەکدا لەوانە بۆ نموونە دابڕاندنو ئابلۆقەدانی شارێك یان بە سەربازگە کردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان.

٣. ڕاگەیاندنی ڕەسمی لە لایەن حکومەتو پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم لە بەهەند وەرگرتنی گشت داواکاریەکانی خۆپیشاندەران وجێبەجێکردنیان .

٤. دروستکردنی لیژنەیەکی هاوبەش لە پەرلەمان وحکومەت بۆ کۆبونەوە لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران بەمەبەستی دیاریکردنی میکانیزمی گونجاو وە دیاریکردنی وادە بۆجێبەجێکردنی داواکاریەکان.

وتەبێژی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی، سایتی سبەی،٢٠١١/٢/٢٧ /
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34343&cat=1

٥. ئازادکردنی دەســتبەجێی سەرجەم دەســگیرکراوانی ناو خۆپیشاندانەکانو قەدەغە کردنی دەستگیرکردنی بەشداربوانو ڕێکخەرانی خۆپیشاندان.

٦. دادگایی کردنی هەموو ئەوانەی کە دەستیان هەبووە لە شەهیدکردنو بریندارکردنی خۆپیشـــاندەرانو خســـتنە ڕووی ئەنجامـــی لێکۆڵینەوەکانـــی دادگاو بڵاوکردنـــەوەی لـــە ڕاگەیاندنەکاندا.

٧. گێڕانـــەوەی هەموو ئەو هێزە چەکدارانەی کە بۆ مەبەســتی گوشارخســـتنە ســـەر خۆپیشاندەران یاخود ترساندنیان بە ئاراستەی شارەکان جوڵێندراون .

٨. دەســتبەجێ بانگهێشــتکردنی وەزیرانی ناوخۆو پێشــمەرگە وســەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وە لیپێچینەوە لەگەڵیان لەبارەی پێشێلکردنی مادەی یەك بڕگەی یەکەم لە یاســای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان بەوەی هێزی پێشمەرگەیان بەرەو شارەکان جوڵاندووە لە کاتێکدا ئەمە تەنها لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندایە!

٩. لابردنـــی بارەگای حیزبەکان لە ناوەندی شـــارو شـــارۆچکەکاندا گواســـتنەوەیان بۆ دەرەوەی شارو شارۆچکەکان.

١٠. دڵنیا کردنی هاونیشتمانیان لەوەی کە چیدی وە بۆ هەمیشە هیچ هێزێکی نیشتمانیو حکومی کوردی ســـوپاو هێزی چەکداری نابەنە سەر هیچ شارو شارۆچکەیەکی کوردستانو سەر هیچ هێزێکی رکابەرو نەیاری هێزە فەرمانڕەواکانی کوردستان .

١١. بە ڕەســـمی پۆزش هێنانەوە بۆ جەماوەری خۆپیشاندەر لە لایەن هەمو ئەو کەسو لایەنو ڕاگەیاندنانەی کە خۆپیشاندانی خەڵکیان بە «ئاژاوە گێڕ» ناوبردووە، بە ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتەوە، وە بە ڕسمی داوای لێبوردن لە جەماوەر بکەن .

**ب- داواکاریە بنەڕەتیەکان**

١. چاوپیاخشاندنەوە بە ڕەشنوسی دەستوری هەرێمدا بە مەبەستی داڕشتنی دەستورێکی هاوچەرخی دیموکرات کە تێیدا گشت مافە مەدەنیو سیاسیو یاساییەکانی هاونیشتمانیان بە ڕەسمی ناســـرابنو دەستەڵاتەکان بە ئاشکرا جیاکرابنەوەو سەربەخۆییان پارێزراو بێت، هەروەها دیاریکردنی میکانیزمی شیاو بۆ ڕێگا گرتن لە هەر جۆرە لاقەکردنێکی دەستەڵات. هەموارکردنی یاســـای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەك کە سەرۆکی هەرێم تەنها لەڕێگەی پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ .

٢. داڕشتنی پلانێکی تۆکمە بۆ دابینکردنی سەربەخۆیی دادوەریو سەروەری یاسا.

٣. جیاکردنـــەوەی حیـــزب لە حکومەت بە جۆرێك کە ئیدی حکومـــەت نەبێتە ئامڕازێك بەدەســـت حیزبی سیاســـیەوە. بەڵکو حکومەت پێویســـتە وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بەرگریکار بێت لە سەرجەم هاونیشتمانیانی ئەم وڵاتە.

٤. هەڵوەشاندنەوەی میلیشیاکانی حیزب وە ڕێگرتن لەوەی حیزب خاوەنی هێزی چەکدارو

دەزگای هەواڵگری‌و سیخوڕی بێت‌و هەروەها پاسەوانی دام‌و دەزگاو بارەگای حیزبی نەمێنێ‌و ئەمانیش هەروەك ماڵی ئاسایی هاولاتیان سەلامەتیان لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە بپارێزرێ .

٥. سپاردنی وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگەو بەڕێوەبەراتیەکانی ئاسایش‌و پۆلیس بە کەسانی پسپۆرو بێلایەن‌و بە کردەوە حیزبایەتی لەو دەزگایانەدا قەدەغە بکرێت .

٦. کۆتایهێنان بەم مۆدێلە لە حیزب کە تێیدا کۆی کۆمەڵگا داگیردەکات‌و بە ناوی هەموانەوە بڕیار دەدات وە گۆڕینی بۆ حیزبی دەنگدەر کە پشت بە خستنەڕووی بەرنامەیەکی سیاسی بۆ بەردەم هاونیشتمانیان دەبەستێت‌و دەست لە کاروباری حکومەت‌و سەندیکاو رێکخراوە پیشەییەکان وەرنادات.

٧. تێنەپەڕاندنی هیچ پرۆژە یاسایەك لە پەرلەمان بە بێ ئەوەی کە پێشتر هاونیشتمانیان لە کۆڕو کۆبونەوەکاندا گفتوگۆیان لە سەر نەکردبێت‌و سەرنجەکانیان بە هەند وەرنەگیرابێت.

٨. گێڕانەوەی سەرجەم ئەو موڵك‌و ماڵە گشتی‌و تایبەتیانەی کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەلایەن هەر کەس‌و لایەنێکەوە دەستی بەسەردا گیرابێت یاخود بە نرخی رەمزی فرۆشرابن بە کەس‌و لایەنی دی بەدەر لە یاسای فرۆشتن‌و بەکرێدانی موڵك‌و ماڵی دەوڵەت ژمارە ٣٢ ی ساڵ ١٩٨٦ .

٩. بەکارهێنانی سامان‌و بودجەی کوردستان بۆ خۆشگوزەرانی خەڵك بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لەپێناو بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی راستەقینە .

١٠-لێکۆڵینەوە لە سەروەت‌و سامانی حیزبەکان‌و لێپرسراوانی حیزبی‌و حکومی وە گێڕانەوەی سەرجەم ئەو داهاتانەی کەبە شێوەی نا یاسایی بە دەستیان هێناوە وە چەسپاندنی بنەمای ئەمەت لە کوێوە هێناوە (من این لك هژا) ؟

١١. خستنە رووی سەرجەم داهاتەکانی کوردستان بۆ رای گشتی بە داهاتە سروشتیەکانی وەك نەوت‌و غاز وە ئاشکراکردنی حسابە حکومییکانی هەرێمی کوردستان لە ناوەو دەرەوەی ولات .

١٢. هەڵوەشاندنەوەی سیستمی خانەنشینکردنی ئەندام پەرلەمان‌و وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتیەکان‌و ئەنجومەنەکانی شارەوانی کە بە پلەکانی خزمەت‌و ساڵی کارکردندا تێنەپەڕیون وە کەمکردنەوەی موچەکانیان بە رێژەی ٪٥٠ .

١٣. دامەزراندنی دەستەی نەزاهە لە هەرێمی کوردستان بە یاسا وە لە دەرەوەی دەسەلاتی جێبەجێکردن‌و پەرلەمان وە سپاردنی کارکردنی ئەم دەزگایە بە کەسانی بێلایەن کە دیاریکرابن لەسەر بنەمای لێهاتویی.

١٤. رێزگرتن لە سەربەخۆیی دام‌و دەزگا حکومیەکان ،داراییەکان ،زانکۆکان‌و پاراستنیان لە سەرجەم دەسەلاتە فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستێوەردانی حیزبی.

١٥. بڕینی هەر مینحەیەك كەســەرچاوەكەی دارایی گشتی بێت بۆ سەرجەم دام ودەزگا حیزبیو نا رەسمیەكانو راگەیاندنەكانیان.

١٦. هەڵپەســاردنی كاركردن بە یاسای خۆپیشاندانی هەرێمی كورستان تا دەرچواندنی یاسایەكی نوێ كە وەڵامدەربێت بۆ داخوازیەكانی رای گشتی هەرێمی كوردستان .

١٧. باشــكردنی ژیــانو گوزەرانی ســەرجەم توێژەكانــی كۆمەڵگــە وەك كرێكارانو فەرمانبــەران توێژەكانی دیكە بە رەچاوكردنی پێوەرە نێو دەوڵتیەكانی ژیانێكی شایســتە بە مرۆڤ .

١٨. ئاشكراكردنی چارەنوسی بێسەرو شوێنەكانی شەڕی ناوخۆو بێسەروشوینكراوەكانی دامــو دەزگا ئەمنیــەكان وە قەرەبوكردنەوەیــان لــە داهاتی ئەو لایەنەی بەر پرســە لە دیارنەمانیان .

١٩. كاركردن بە راپۆرتەكانی دیوانی چاودێری داراییو ئاشــكراكردنو لێپرســینەوە لە گەندەڵكارانو دادگایكردنیان، وە درەكردنی یاســایەك بۆ بنەبڕكردنی گەندەڵیو سزادانی گەندەڵكاران.

٢٠. دابینكردنی بیمەی تەندروستیو بیكاری بۆ هەموان . .

٢١. دەركردنی یاســایەك بــۆ كۆتایهێنان بە جیاكاری جەندەریو بــۆ بنەبڕكردنی هەر توندوتیژیەك دژ بە ئافرەتان.

٢٢. زیادكردنی پێشینەی هاوسەرگیری بە شێوەیەك كە بگونجێ لەگەڵ پێویستیەكانی رۆژداو لەكاتی ئێستادا لە دە ملیۆن دینار كەمتر نەبێت.

٢٣. دامەزراندنی دادگای ئیداری لەســەرجەم شارەكانی دیكەی هەرێمی كوردستان بە شێوەیەك كە سەر بە دەسەڵاتی دادوەری بێ نەك حكومەتی هەرێمی كوردستان.

٢٤. دابینكردنی شــوێنی نیشتەجێبونی هاوچەرخ بۆ هاوڵاتیان بێ پێشەكیو بە قیستی مانگانە .

٢٥. دابینكردنی دایەنگەو باخچەی ســاوایانی هاوچەرخ بۆ سەرجەم منداڵان بە خۆڕایی، وە دابینكردنی بڕێك پارەی گونجاو بۆیان تا تەمەنی یاسایی (١٨ ساڵ) .

٢٦. كەمكردنەوەی گشــت باجو رســومات لە دامو دەزگاكانی هەرێمی كوردســتان بە رێژەی ٪٥٠ .

**تێبینی:**

١. پەرلەمانو حكومەتــی هەرێم مولزەمە بە فەرمی لە ماوەی ٤٨ كاتژمێرلە دەرچونی ئەم راگەیاندنەوە كاری جدی بكات بۆ جێبەجێكردنی داواكاریە هەنوكەییەكان.

٢. لە پەیوەند بە داخوازیە بنەڕەتیەكانەوە پێویســتە دەستەڵاتداران هەر لە ئێستاوە تا رێكەوتی ٢٠١١/٣/٤ بە فەرمی پلانی خۆیان بۆ جەماوەر رابگەیەنن.

٣. تیمەكانــی ئەنجومەنــی كاتی بە بەردەوامی كار لە ســەركۆكردنەوەی ســەرجەم

داواکاریەکانی هاونیشـــتمانیان لە ســـەر شـــەقامەکان دەکەن تا لە لیســـتێکی گشتگیردا کۆبکرێنەوە.

**ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی**
**٢٠١١/٢/٢٨**

## سێیەم/ لەنێوان حکومەتو خۆپیشاندەراندا

لەبەرامبەر دواکاریـــە هەنوکەیی‌و بنەرەتیەکانی خۆپیشـــاندەراندا حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لـــە راگەیەنراوێکـــدا وەڵامـــی داواکاریەکانی خۆپیشـــاندەران دەداتـــەوەو لە ٢٠١١/٣/١ دا رایدەگەیەنێت: دەقی ئەو یاداشـــتەی کە لەلایەن (ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی) کە نوێنەرایەتی خۆپیشـــاندەرانی ســـلێمانی دەکەن بەدەســـتمان گەیشت، ئێمە بەگەرمی پێشـــوازی لە خواســـتە رەواکانی ناو یاداشـــتەکەتان دەکەین‌و رای دەگەیەنین کە خۆپیشـــاندانی مەدەنیانە مافێکی سروشتی‌و ئاســـایی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایەیەو ئەم خۆپیشـــاندان‌و کۆبوونەوە جەماوەریانە بەســـەرچاوەیەکی گرنگ دەزانین بۆ برەودان بە چاکســـازی‌و مکۆمکردنی دامەزراوە شـــەرعیەکانی هەرێمی کوردستان، وە مەبەستمانە لەڕێگەی نوێنەرایەتی خۆپیشـــاندەرانەوە زیاتر گوێبیستی خواستو داخوازییەکانی خەڵك بین‌و پێکەوە بەشداربین لە دارشتنی بەرنامەیەکی چاکسازی هەمەلایەن بۆ حوکمڕانیەکی باشتر لە کوردستان.

لەبەشێکی تری راگەینراوەکەدا هاتووە: سەبارەت بەو داواکاریانەی لە یاداشتەکەدا هاتووە، هەندێکیان داواکاریی ئێستان‌و بەشێکیان پێویستی بەپلان‌و دارشتنی بەرنامەی درێژخایەن هەیە، رای دەگەیەنیـــن بەراوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی خۆپیشـــاندەران‌و لەڕێگەی دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمەوە بەجدی هەڵسەنگاندنی بابەتیانە بۆ هەموو داواکاریەکان دەکەین‌و خواســـتی هاوڵاتیانی کوردستان بەخواستێکی رەوا دەبینین‌و داواکاریەکانیان لە پەرۆشیی‌و خەمخۆریان بۆ ئایندەیەکی گەشـــتر بۆ کوردســـتان دەخوێنینەوە، بۆیە خۆپیشاندەران بە خەڵکانی پەرۆش بۆ میللەتەکەمان دەزانین.

(بڕوانـــە پاشـــکۆی ژمـــارە ٣٣ راگەیەنراوی حکومەتی هەرێم ســـەبارەت بـــە داواکاری خۆپیشاندەران)

لـــە وەڵامی ئەو راگەیەنـــراوەی حکومەتی هەرێمدا ئەنجومەنی کاتـــی مەیدانی ئازادی لـــە راگەیەنراوێکدا هەڵوێســـتی خۆپیشـــاندەران رادەگەیەنێتو دەڵێـــت: راگەیاندنەکەی

سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێم وەڵامی داواکاریە هەنوکەییەکانی نێو بەیاننامەکەی ئێمە نیە.

لە راگەیەنراوەکەدا هاتووە: لەبەرئەوەی لە خاڵی سـێهەمی داواکاریە هەنووکەییەکاندا هاتووە کە هەریەك لە حکومەتو پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم بەڕەسمی بەهەندوەرگرتنی گشت داواکاریەکانی خۆپیشـاندەرانو جێبەجێکردنیان رابگەیەنن، ئێمە بە باشی دەزانین چاوەڕێی هەڵوێسـتی پەرلەمانو سەرۆکی هەرێم بکەین تا هەڵوێستی کۆتاییو ئاشکرای ئەنجومەنەکە رابگەیەنین.

لـە راگەیەنراوەکەدا کە لە بـەرواری ٢٠١١/٣/١ دەچووە ئاماژە بەوەشـکراوە: کاتژمێر ٥ ی پاشـنیوەڕۆی ٣/٢ دانـراوە وەك دوا وادە بۆ وەڵامـی کۆنکرێتیو عەمەلی حکومەتو پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم. لە دوای ئەو وادەیەوە لە راگەیاندنێکی فەرمیدا وردەکاری راو سـەرنجو هەڵوێسـتی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادیو شـەقامی کوردی دەخرێتە بەردەم رای گشتی.

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٣٤ راگەیەنراوی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی)**

دوای ئـەوەی ئەنجومەنـی کاتی مەیدانـی ئـازادی رۆژی ٢٠١١/٣/٢ وەك دوا وادە بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکانیانی دیاریکردبوو، لە راگەیەنراوێکدا ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی رایدەگەیەنێت، لەبەر ئەوەی لەو وادەیەدا هیچ یەك لە سـەرۆکایەتیەکانی هەرێم (حکومەت، پەرلەمان، هەرێم) نەیانتوانی وەڵامی کۆنکرێتی خۆپیشـاندەران بدەنەوە، بۆیە بەردەوام دەبن لە نارەزاییەتی.

لـە راگەیەنراوەکەدا کە ٣/٢ بلاوکراوەتـەوە هاتووە: پاش ئـەوەی ئەمڕۆ ٢٠١١/٣/٢ کاتژمێـر ٥ پاشـنیوەڕۆ دوا وادە بو بۆ هەر سـێ سـەرۆکایەتیەکانی حکومەتی هەرێم، پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم، ئێمە وەك نجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی رایدەگەیەنین: هیـچ یەك لە سـەرۆکایەتیەکان نەیانتوانی لە وادەی دیاریکـراودا وەڵامی کۆنکرێتی بە داواکاریە هەنوکەییەکان بدەنەوە. ئەمە تەنها بێڕێزی نیە بەرامبەر جەماوەری خرۆشـاوی کوردسـتانو خوێنی رژاوی لاوانی کورد بە دەست چەکدارەکانی حیزبە دەستەڵاتدارەکان، بەڵکو ئاماژەیەکی ئاشـکرایە بە ناکارایی هەریەك لەو سەرۆکایەتیانە لە مامەڵە کردنیان لەگەڵ قەیرانی سیاسیو هەلومەرجی کتوپڕ.

راگەیەنراوەکە ئاماژەی بەوەشـداوە: ئێمە دەسـتەڵات ئاگادار دەکەینەوەو جەماوەریش دڵنیا دەکەینەوە کە بەردەوام دەبین لە نارەزایەتی دەربڕین .

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٣٥ راگەیەنراوی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی)**

لەبەرامبەر داوای خۆپیشـــاندەران بۆ لێپرســـینەوە لە حکومـــەت، لەبەرواری ٢٠١١/٣/٩ پەرلەمانی کوردســـتان لەدانیشتنێکی نائاساییدا کە بەمەبەستی تاووتوێکردنی بارودۆخی هەرێمو لێپرسینەوە لە ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرابوو، سەرۆکی حکومەتی هەرێم ئامادەی دانیشـــتنی پەرلەمانی کوردستان بوو کە تیایدا دوای گفتوگۆو پرسیارێکی زۆری پەرلەمانتاران سەبارەت بە دۆخی خۆپیشاندەرانو کوشتنو بریندارکردنیانو دۆخی سیاســـی هەرێم دواتر تێیدا لێســـەندنەوەی متمانە لە حکومەت خرایە دەنگدانەوە، تێیـــدا ٦٧ پەرلەمانتار دەنگیان بۆ مانەوەی حکومەت داو لەبەرامبەریشـــدا ٢٨ پەرلەمانتار دەنگیان بۆ لێسەندنەوەی حکومەت دا. [٣]

بەڵام لەکاتی بەخشـــینەوەی متمانە بە د.بەرهەم ساڵحی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانو لەکاتی ژماردنی ئـــەو دەنگانەی کە متمانەیان بە حکومەت بەخشـــیەوە کە ژمارەیان ٦٧ پەرلەمانتار بو، کەمال کەرکوکی سەرۆکی پارلەمانی کوردستان، بە پێکەنینەوە وەك تانەدانێکی لە یەکێتی نیشـــتمانیو خودی جەلال تاڵەبانی سکرتێری ئەو حیزبە وتی: خەریك بو ببێت بە(٦٦).

سەبارەت بە وتەکەی کەمال کەرکوکی چاودێرێکی سیاسی پێیوایە کە ئەوە دو لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، یەکەم: ئەوە دەســـەلمێنێت کە تائێســـتا پارتیو یەکێتـــی بەس بە روکەش رێککەوتنو هاوپەیمانو هەمان زمانو ئەقڵیەتی ســـاڵانی رابردویان هەرماوە، ئەم وتەی سەرۆکی پارلەمانیش کە ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتییە وەك تانەدانێکی ناوبراوە لە یەکێتی نیشتمانیو خودی جەلال تاڵەبانی.

دووەم: دەکرێت ئەو لێدوانەی سەرۆکی پەرلەمان وەك وەڵامێك دابنرێت بۆ خودی تاڵەبانی بەتەنها، ئەمەش لەو سۆنگەیەوە کە ماوەیەك لەووبەر سایتی ویکلیکس بەڵگەنامەیەکی بڵاوکردەوە کە تیایدا هاتبو، جەلال تاڵەبانی لای ئەمەریکییەکان تانەی لە کەمال کەرکوکی داوەو وتویەتـــی: نە دکتۆرەو نەکەمالەو نە کەرکوکییە، دەتوانین بشـــڵێن کە ئەو وتەیەی سەرۆکی پەرلەمان وەڵامدانەوەی بەڵگەنامەکەی ویکلیکس بو. [٤]

لە دوای دانیشـــتنە نائاســـاییەکەی پەرلەمـــانو دەرکردنی بریاری ژمـــارە (١)و وەڵامی ســـەرۆکی حکومەت هەرێم بۆ خۆپیشـــاندەران، لە بەرواری ٢٠١١/٣/٣ دا ســـەرۆکایەتی هەرێمی کوردســـتان پەیامێکی بڵاوکـــردەوەو ئاماژەی بە هەڵبژاردنی پێشـــوەخت کردوو داواکاری خۆپیشاندەرانیشی بە رەوا لەقەلەمداوە.

[٣] متمانە بە کابینەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵح درایەوە، سایتی خەندان، ٢٠١١/٣/٩/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=22563&Jor=1

[٤] کەمال کەرکوکی: خەریك بو ببێت بە ٦٦، سایتی سبەی، ٢٠١١/٣/١١/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34718&cat=1

لە پەیامێکدا مەسـعود بەرزانی سـەرۆکی هەرێم، داواکاریو نارەزاییەکانی جەماوەری خۆپیشاندەری لە سـلێمانیو دەوروبەری، بە داواکاری رەواو دروست ناوبردو داواشیکرد لە زوترین کاتدا هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێت.

لە پەیامەکەدا سەرۆکی هەرێم داوای ئەوەشی کردووە کە،لە زوترین کاتدا هەڵبژاردنی (ئەنجومەنی پارێزگاکان)و هەڵبژاردنی پێشـوەختی (پەرلەمان) ئەنجامبدرێت، لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەیدا بەرزانی داوای لە پەرلەمان کرد لە زوترین کاتدا تاوتوێی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەخت بکات لە بکات.

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٣٦ پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان)**

لەبەرامبـەر پەیامەکـەی سـەرۆکی هەرێمدا، وتەبێـژی ئەنجومەنی کاتی سـەرای ئازادیرایگەیاند: وتارەکەی سەرۆکی هەرێم وەڵامی داخوازییەکانی جەماوەر نەبو.

پێشنیوەڕی ٢٠١١/٣/٥ لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا، ناسك قادر، وتەبێژی ئەنجومەنی کاتی سـەرای ئازادی رایگەیاند: داخوازییەکانی جەماوەر رونو ئاشکرانو هەر لایەنێکیش داواکانیان جێبەجێ بکات، ئەوا دەتوانێت دەسـەڵات بگرێتە دەستو پشتیوانی جەماوەر بۆ خۆی بەدەستبهێنێت.

وتیشی: دەسـەڵات لەماوەی ٢٠ ساڵی رابوردودا سیاسـەتی دابەشکردنو داگیرکردنی گرتوەتەبەرو بەو شـێوەیەش هەوڵی دامرکاندنەوەو کپکردنی دەنگی نارازی خەڵکی داوە، هەربۆیە داواکاری سەرای ئازادی، داواکاری سەرجەم چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستانە، نەك تەنها ناوچەو شارێکی دیاریکراو .

وتەبێژی ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی ئاماژەی بە پەیامەکەی سەرۆکی هەرێم کردو وتی: لەگەڵ ئەوەی وتارەکەی سـەرۆکی هەرێم وەڵامێك نەبو بۆ داخوازییەکانی جەماوەر، ئەو ماوەیەی تەرخانیشـکرابو بۆ وەڵامدانـەوەی داواکارییە هەنوکەیـیو بنەڕەتییەکان، کۆتایی هاتوە .

ناوبراو ئەوەشـی خستەڕو، لە سیستەمە دیموکراسیەکانی جیهاندا کاتێك چەند کەسێك داواکارییەکیـان هەیەو دێنە سـەر شـەقامەکان، حکومەت بەرپرسـیارە لـەوەی بەدەم داواکارییەکانیانەوە بچێتو کاری جدی بکات بۆ جێبەجێکردنی داواکانیان، بەڵام لە کوردستان پێچەوانەیەو بە هەزارەها کەس رژاونەتە سـەر شـەقامەکانو داواکارییەکانیان زۆر رونو ئاشکرایە، کەچی دەسەڵات تائێستا وەڵامێکی گونجاوی نەداوەتەوە. [٥]

[٥] وتەبێژی ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی، سایتی سبەی،٢٠١١/٣/٥/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34506&cat=1

لەدوای دەســتپێکردنی خۆپیشاندانەکانەوە لە ١٧ی شوبات بۆ یەکەمجار جەلال تاڵەبانی ســەرۆك کۆماری عێراقو سکرتێری گشــتی یەکێتی لە ٢٠١١/٣/١٥ نامەیەکی ئاراستەی خۆپیشــاندەران کردوو رایگەیاند: پیشتیوانی هەموو داخوازییە رەواکانتانینو هەوڵدەدەین بۆ پەلەکردن لە بەدیهێنانو دابینکردنی ژیانو ئازادی بۆتان.

**لە دەقی نامەکەی تاڵەبانیدا هاتووە:**

**بەڕێزان ئەندامانی ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی**

بەسلاوێکی برایانەی گەرمەوە، دەمەوێ پێتان رابگەیەنم کە:

١- ئێمە مانان- هاوپەیمانی کوردستانی- پیشتیوانی کۆبونەوەو خۆپیشاندانو مانگرتنی هێمنانەو ئاشتیانەین،و بەتوندی دژی هەموو جۆرە توندوتیژیو چەك بەکارهێنانو زەبروزەنگ بەکارهێنانی دژی خۆپیشاندەرانینو داوادەکەین کە دادگا لە هەموو پێشێلییەکی یاسا دژی خۆپیشاندەران بکۆڵێتەوەو تاوانباران سزای خۆیان وەرگرن.

٢- ئێمە مانان پیشتیوانی هەموو داخوازییە رەواکانتانینو هەوڵدەدەین بۆ پەلەکردن لە بەدیهێنانو دابینکردنی ژیانو ئازادی بۆتان.

٣- ئێمە مانان پیشــتیوانی تــەواوی هەموو خاڵەکانی نامەکەی کاك د.بەرهەم ســاڵح دەکەین بۆتانو لەگەڵیا هەوڵدەدەین بۆ بەزوویی جێبەجێکردنیان.

٤- ئێمە مانان سورین لەســەر دەست کردنی دەستبەجێ بە چاکسازییو پاکسازییو لە رەگوڕیشــە هەڵکەندنی گەندەڵیو ناعەدالەتی هەروەك سوریشین لەسەر جێبەجێکردنی (١٧) خاڵــە بڕیار لێ دراوەکەی پەرلەمانی کوردســتانو کردنیــان بەبەرنامەی حکومەتی هەرێم بۆ جێبەجێکردنێکی بەکردەوە.

٥- هەموو لاوانو گەنجانی وەك ئێوەش بە رۆڵەو جگەرگۆشەی خۆمان دەزانین، هەربەو چاوەش دەڕوانینە داخوازییەکانتان.

**هەرشادو سەرکەوتوبن**

**برای دڵسۆزتان**

**مام جەلال**

**٢٠١١-٣-١٥**

لەبەرامبــەر ئەو نامەیــەی تاڵەبانیدا بۆ خۆپیشــاندەرانی مەیدانــی ئازادیدا وتەبێژی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی رایگەیاند خەڵکی کرداریان دەوێت نەك رەفتار.

ناســك قادر وتەبێــژی ئەنجومەنی کاتی مەیدانــی ئازادی لــە٢٠١١/٣/١٧ لەبەردەم خۆپیشــاندەراندا لە وتارێکدا وەڵامی ئەو نامەیەی ســەرۆك کۆمــاری عێراقی دایەوە کە

ئاراستەی خۆپیشـاندەرانی کردبوو دانی بەوەدا نابو کە داواکاریی خۆپیشـاندان رەوایە رایگەیاند: خەڵك کرداریان دەوێت نەك وتار، هەربۆیە داوا دەکەین کە بە زوترین کات ئەو تاوانبارانەی لە ماوەی ئەم مانگەی خۆپیشـاندانو کۆبونەوە جەماوەرییەکاندا تەقەیان لە خەڵك کردوە، بدرێنە دادگاو حوکمی یاساییان بەسەردا بسەپێنرێت.[٦]

## چوارەم/ بڕیاری ژمارە ٢ی پارلەمان

لەبەرامبەر سـوربوونی خۆپیشـاندەران لەسـەر داواکانیان رازی نەبـوون بە کۆتایی هێنـان بە خۆپیشـاندانو نارەزاییەکان لەبەرامبەر چەند بەڵێنێك، پەرلەمانی کوردسـتان لە کۆبوونەوەی نائاسـایی خۆی لە ٢٠١١/٣/١٧ بڕیاری ژمـارە (٢) دەرکرد، کە کۆمەڵێك خاڵی گرنگی لە خۆ گرتبوو سـەبارەت بە داواکاری خۆپیشاندەرانو دۆخی سیاسی هەرێمی کوردسـتان، ئەم بڕیارە لەبەر گرنگی کە کە وەك ئەکات بلاوکرایەوە بەسەر فراکسیۆنی دەسـەلاتدا (یەکێتیو پارتـی) دا تێپەرو دواتر نەیاندەزانی چـۆن خۆیانی لێقوتاربکەن، هەربۆیە ئەو بڕیارەیان لە پەرلەماندا شـاردەوە، چونکە ئەگەر ئەو بریارانە جێبەجێبکرایە بەتەواوی دەسـەلات لەژێر هەردوو حیزبی بالادەسـت دەردەهێنرا، لەبـەر گرنگی بڕیارە لێرەدا دەقەکەی وەك خۆی بلاو دەکەینەوە.

لـەدوای دەرکردنی بریاری ژمارە یەکی پەرلەمانو دەرکردنی چەند راسـپاردەو بریارێك سـەبارەت بە خۆپیشاندانەکان، پەرلەمانی کوردسـتان لە کۆبوونەوەی نائاسایی خۆیدا لە ٢٠١١/٣/١٧ بریـاری ژمـارە ٢ی دەرکرد، کـە هەر لەو کاتەدا زۆرێك لـە پارلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن پێیان وابوو کە ئەو بریارە لەدەست سەرۆکایەتی پەرلەمان دەرچووە، بەو پێیە خاڵەکانی زۆر کاریگەرو چارەسـەری ریشەییە بۆ کێشـەکان، کە هەرگیز یەکێتیو پارتی مل بـۆ ئەو بریارانە نادەن، هەربۆیـە دوای دەرکردنی بریارەکە سـەرۆکایەتی پارلەمان بریارەکەی شـاردەوە نەیخستە روو، تەنها لەلایەن پارلەمانتارانەوە خرایە روو، کە ئەمەش پێشیلکردنێکی ئاشـکرای بریاری پەرلەمانەوەو تەنانەت ئەو بریارانەی لە بریاری ژمارە ٢ دا هاتووە زۆر لە داواکاری لایەنەکانی ئۆپۆزسـیۆنیش زیاتر بوون، لێرەدا دەقی بریارەکە وەك خۆی بلاودەکەینەوە.

[٦] ناسك قادر لە وەڵامی نامەکەی تاڵەبانیدا، سایتی سبەی،٢٠١١/٣/١٧/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34885&cat=1

**دەقی بڕیاری ژمارە ۲**

**بە ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بە ناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان-عێراق**

**بڕیاری ژمارە(۲)ی پەرلەمانی کوردستان..**

پشت بەستن بە بڕگەی (۱)ی ماددەی ٥٦ لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (۱) ی ساڵی ۱۹۹۲ی هەموار کراو، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی نا ئاسایی ژمارە (۲)ی رۆژی ۲۰۱۱/۳/۱٧ ی خۆیدا، کە تایبەت بوو بە بەردەوامبوون لە سەر خستنەڕوو گفتوگۆکردنی راپۆرتی لیژنەی تایبەت، کە بە پێی بڕگەی (۱٧) لە بڕیاری ژمارە (۱) ی ساڵی ۲۰۱۱ (بڕیارە ۱٧ خاڵیەکە) پێك هێنرا بۆ بەدواداچونو گوێگرتن لە داخوازیەکانی خۆپیشاندەران..»، ئەم بڕیارەی دەرکرد.

یەکەم: لیژنەی کاتی کە بە پێی فەرمانی ژمارە (۱) لە هەموو فراکسیۆنەکان پێکهێنراوە، هەستاوە بە کارەکانیو داخوازی خۆپیشاندەرانیان گەیاندوتە پەرلەمانو راپۆرتیان ئامادە کردووەو لە ئەمڕۆوە هیچ بەرپرسیاریەکیان وەك لیژنە بۆ جێبەجێکردنی بڕیارە (۱٧) خاڵیکە لە ئەستۆ نیەو ئەرکو کاریان کۆتایی پێ هاتووە.

دووەم: لیژنەی دیالۆگی نیشتیمانی لە لایەن پەرلەمانەوە بە بەشداری فراکسیۆنەکان پێك دەهێنرێت لە ماوەی (۳) رۆژدا بۆ گفتوگۆکردن لە گەڵ لایەنە سیاسیەکانو نوێنەرانی خۆپیشاندەرانو مامۆستایانو پسپۆران، وەك میکانیزمێك بۆ گرتنە ئەستۆی داواکاری خۆپیشاندەرانو بە دواداچونیو جێبەجێکردنیان، ئەم لیژنەیە لە ماوەی بیست رۆژدا کارەکانی ئەنجام دەدات بە تەوافقی نیشتیمانی بۆ هەموو ئەو پرسو یاسایانەی کە رەهەندی نیشتیمانیان هەیە بە تایبەت خاڵەکانی (۱،۲،٤،٥،۸،۱۱،۱٦) لە داواکاریە بنەڕەتیەکانی خۆپیشاندەران.

هاوپێچ: دەقی داواکاریە بنەڕەتیەکان:

۱. چاو پیاخشاندنەوە بە رەشنوسی دەستوری هەرێمدا بە مەبەستی داڕشتنی دەستورێکی هاوچەرخی دیموکرات کە تێیدا گشت مافە مەدەنیو سیاسیو یاسایەکانی هاونیشتیمانیان بە رەسمی ناسرابنو دەسەتەڵاتەکان بە ئاشکرا جیاکرابنەوەو سەربەخۆییان پارێزراو بێت، هەروەها دیاری کردنی میکانیزمی شیاو بۆ رێگا گرتن لە هەر جۆرە لاقەکردنێکی دەسەڵات. هەمواری یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەك کە سەرۆکی هەرێم تەنها لە رێگەی پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ.

۲. داڕشتنی پلانێکی تۆکمە بۆ دابینکردنی سەربەخۆی دادوریو سەروەری یاسا.

۳. جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت بە جۆرێك کە ئیدی حکومەت نەبێتە ئامرازێك بە دەست حیزبی سیایەوە، بەڵکو حکومەت پێویستە وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆ بەرگریکار بێت لە سەرجەم هاونیشتیمانیانی ئەم وڵاتە.

٤. هەڵوەشاندەنەوەی میلیشیاکانی حیزبو ڕێگرتن لەوەی حیزب خاوەنی هێزی چەکدارو دەزگای هەواڵگریو سیخوڕی بێتو هەروەها پاسەوانی دامو دەزگاو بارەگای حزبی نەمێنێو ئەمانیش هەروەك ماڵی ئاسایی هاوڵاتیان سەلامەتیان لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە بپاریزرێ.

٥. سپاردنی وەزراتی ناوخۆو پێشمەرگەو بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاسایشو پۆلیس بە کەسانی پسپۆرو بێلایەنو بە کردەوە حیزبایەتی لەو دەزگایانەدا قەدەغە بکرێت.

٦. کۆتایی هێنان بەم مۆدێلە لە حیزب کە تێیدا کۆی کۆمەڵگا داگیر دەکاتو بە ناوی هەموانەوە بڕیار دەدات وە گۆڕینی بۆ حیزبی دەنگدەر کە پشت بە خستنەی رووی بەرنامەیەکی سیاسی بۆ بەردەم هاونیشتیمانیان دەبەستێتو دەست لە کاروباری حکومەتو سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەیەکان وەر نادات.

٧. تێنەپەڕاندنی هیچ پرۆژەیە یاسایەك لە پەرلەمان بە بێ ئەوەی کە پێشتر هاونیشتیمانیان لە کۆڕو کۆبونەوەکاندا گفتوگۆیان لە سەر نەکردبێتو سەرنجەکانیان بە هەند وەرنەگیرابێت.

٨. گێڕانەوەی سەرجەم ئەو موڵكو ماڵە گشتیو تایبەتیانەی کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە لایەن هەر کەسو لایەنێکەوە دەستی بە سەردا گیرابێت یاخود بە نرخی رەمزی فرۆشرابن بە کەسو لایەنی دی بەدەر لە یاسای فرۆشتنو بە کرێدانی موڵكو ماڵی دەوڵەت ژمارە (٣٢) ساڵی ١٩٨٦.

٩. بە کارهێنانی سامانو بوجەی کوردستان بۆ خۆشگوزەرانی خەڵك بە شێوەیەکی دادپەروەرانە لە پێناو بە دیهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی راستەقینە.

١٠. لێکۆڵینەوە لە سەروەتو سامانی حیزبەکانو لێپرسراوانی حیزبیو حکومی وە گێڕانەوەی سەرجەم ئەو داهاتانەی کە بە شێوەی نا یاسایی بە دەستیان هێناوە، وە چەسپاندنی بنەمای ئەمەت لە کوێوە هێناوە (من این لك هڑا).

١١. خستنەڕووی سەرجەم داهاتەکانی کوردستان بۆ رای گشتی بە داهاتە سروشتیەکانی وەك نەوتو غاز وە ئاشکراکردنی حسابە حکومیەکانی هەرێمی کوردستان لە ناوەو دەرەوەی وڵات.

١٢. هەڵوەشاندنەوەی سیستمی خانەنیشینکردنی ئەندام پەرلەمانو وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتیەکانو ئەنجومەنی شارەوانی کە بە پلەکانی خزمەتو ساڵی کارکردندا تێنەپەڕیون، وە کەمکردنەوەی موچەکانیان بە رێژەی ٥٠٪.

١٣. دامەزراندنی دەستەی نەزاهە لە هەرێمی کوردستان بە یاسا وە لە دەرەوەی دەسەڵاتی جێبەجێکردنو پەرلەمان وە سپاردنی کارەکانی ئەم دەزگایە بە کەسانی بێلایەن کە دیاری کرابن لە سەر بنەمای لێهاتویی.

١٤. ڕێزگرتن لە سەربەخۆی دامو دەزگا حکومیەکان، دارایەکان، زانکۆکان،و پاراستنیان لە سەرجەم دەسەڵاتە فەرمیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەستێوەردانی حیزبی.

١٥. بڕینی هەر مینحەیەك كە سەرچاوەكەی دارایی گشتی بێت بۆ سەرجەم دامو دەزگا حیزبیو نا ڕەسمیەكانو ڕاگەیاندنەكانیان.

١٦. هەڵپەساردنی كاركردن بە یاسای خۆپیشاندنی هەرێمی كوردستان تا دەرچواندنی یاسایەكی نویێ كە وەڵامدەربێت بۆ داخوازیەكانی ڕای گشتی هەرێمی كوردستان.

١٧. باشكردنی ژیانو گوزەرانی سەرجەم توێژەكانی كۆمەڵگە وەك كرێكارانو فەرمانبەرانو توێژەكانی دیكە بە ڕەچاوكردنی پێوەرە نێودەوڵەتیەكانی شایستە بە مرۆڤ.

١٨. ئاشكراكردنی چارەنوسی بیسەرو شوێنەكانی شەڕی ناوخۆو بێسەرو شوێنكراوەكانی دامو دەزگا ئەمنیەكان، وە قەربوكردنەوەیان لە داهاتی ئەو لایەنەی بەرپرسە لە دیار نەمانیان.

١٩. كاركردن بە ڕاپۆرەتەكانی دیوانی چاودێری داراییو ئاشكرا كردنو لێپرسینەوە لە گەندەڵكارانو دادگایكردنیان، وە دەركردنی یاسایەك بۆ بنەبڕكردنی گەندەڵیو سزادانی گەندەڵكاران.

٢٠. دابینكردنی بیمەی تەندروستیو بێكاری بۆ هەموان.

٢١. دەركردنی یاسایەك بۆ كۆتایهێنان بە جیاكاری جەندەریو بۆ بنەبڕكردنی هەر توندو تیژیەك دژ بە ئافرەتان.

**سێیەم: وەڵام دانەوەو جێبەجێكردنی داواكاریە هەنوكەییەكان.**

A. بۆ جێبەجێكردنی خاڵی (١) لە تەوەری دووەم (دیالۆگی نیشتیمانی) بڕیاری لە سەر دراوە.

B. بۆ جێبەجێكردنی خاڵەكانی (٢،٤،٦،٧،٨،٩،١٠) لە داواكاریە هەنوكەیەكانی خۆپێشاندەران:

أ- دەستبەجێ بارودۆخی شارو شارۆچكەكان لە هەموو لاوە ئاسایی بكرێتەوەو دیاردەی چەكداری نەمێنێت. (لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان بەرپرسە لە بەدوداچونی ئەم خاڵە).

ب- پێویستە لایەنە بەرپرسەكان پابەندبن بە جێبەجێكردنی بڕیاری ژمارە (١)ی ٢٠١١/٢/٢٣. واتە (بڕیارە ١٧ خاڵیەكە).

ت- بانگهێشتكردنی بەرپرسانی ئەمنی سەرجەم ئەو شارانەی پەیوەستن بە ڕووداوەكانی (٢/١٧)و دواتر پێش هاتنی وەزیری ناوخۆو پێشمەرگە بۆ لیژنەی ناوخۆو لیژنەی مافی مرۆڤ.و لیژنەی پێشمەرگە بۆ ڕوبەڕوو كردنەوەی پێشێلكاریەكانیان كە لە ئەنجامی خۆپێشاندانەكان ڕویداوە.

پ- ڕاستەوخۆ پاش ئاهەنگی نەورۆز وەزیری ناوخۆو وەزیری پێشمەرگە بانگهێشتی پەرلەمان بكرێن بۆ پابەندكردنیان بە جێبەجێكردنی بڕیاری ژمارە (١)ی پەرلەمانو ڕونكردنەوەو لێپرسینەوە.

ج- بۆ جێبەجێكردنی خاڵی (٩) حكومەت لیژنەیەك پێكبهێنێ كە لە (١٠) ڕۆژ زیاتر نەبێ

بۆ کۆبوونەوە لە گەڵ سەرجەم حیزبەکان بۆ کەمکردنەوەی بارەگا حیزبییەکان.

هاوپێچ: دەقی داواکاریە هەنوکەییەکان:

١. دان پێدانان بە کۆبونەوە جەماوەریەکانی کوردســـتان وەك بەرەیەك بۆ نوێنەرایەتی کردنـــی داخوازیەکانی خەڵكو بەشـــدارپێکردنی نوێنەرانی خۆپیشـــاندەران لە پرۆســـەی بریاردان لە مەڕ مەسەلە چارەنوسسازەکاندا.

٢. رێگرتن لە هەر جۆرە هەوڵێك بۆ ســـەپاندنی باری نا ئاســـایی بە ســـەر هەر شـــارو شـــارۆچکەیەکدا لە وانە بۆ نمونە دابڕاندنو ئابلوقەدانی شارێك یان بە سەر بازگە کردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان.

٣. راگەیاندنی رەســـمی لـــە لایەن حکومەتو پەرلەمانو ســـەرۆکی هەرێم لە بە هەند وەرگرتنی گشت دواکاریەکانی خۆپیشاندەرانو جێبەجێکردنیان.

٤. دروســـتکردنی لیژنەیەکی هاوبەش لە پەرلەمـــانو حکومەتو بۆ کۆبەونەوە لە گەڵ نوێنەرانی خۆپیشـــاندەران بە مەبەستی دیارکردنی میکانیزمی گونجاو وە دیارکردنی وادە بۆ جێبەجێکردنی داواکاریەکان.

٥. ئازادکردنی دەستبەجێی سەرجەم دەستگیرکراوانی خۆپیشاندانەکانو قەدەغەکردنی دەستگیرکردنی بەشداربوانو رێکخەرانی خۆپیشاندەران.

٦. دادگایی کردنی هەموو ئەوانەی کە دەستیان هەبووە لە شەهیدکردنو بریندارکردنی خۆپیشـــاندەرانو خســـتنە رووی ئەنجامـــی لێکۆڵینەوەکانـــی دادگاو بڵاوکردنـــەوەی لـــە راگەیاندنەکاندا.

٧. گێڕانەوەی هەموو ئەو هێزە چەکدارانەی کە بۆمەبەســـتی گوشـــار خســـتنە ســـەر خۆپیشاندەران یاخود ترساندنیان بە ئاڕستەی شارەکان جوڵێندراون.

٨. دەســـت بەجێ بانگهێشـــت کردنی وەزیرانی ناوخۆو پێشمەرگەو سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وە لیپێچینەوە لە گەڵیان لە بارەی پێشێلکردنی مادەدەی یەك لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەوەی هێزی پێشمەرگەیان بەرو شارەکان جوڵاندووە لە کاتێکدا ئەمە تەنها لە دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە.

٩. لابردنـــی بارەگای حیزبەکان لە ناوەندی شـــارو شـــارۆچکەکاندا گواســـتەنەوەیان بۆ دەرەوەی شارو شارۆچکەکان.

١٠. دڵنیایـــی کردنـــی هاونیشـــتیمانیان لەوەی کـــە چیدی وە هەمیشـــە هیچ هێزێکی نیشتیمانیو حکومی کوردی ســـوپاو هێزی چەکدار نابەنە سەر هیچ شارو شارۆچکەیەکی کوردستانو سەر هیچ هێزێکی رکابەرو نەیاری هێزە فەرمانڕەواکانی کوردستان.

١١. بە رەســـمی پۆزش هێنانەوە بۆ جەماوەری خۆپیشاندەر لە لایەن هەموو ئەو کەسو لایەنو راگەیاندنانەی کە خۆپیشاندانی خەڵکیان بە «ئاژاوە گێڕ» ناو بردووە، بە ئۆپۆزسۆنو دەسەڵاتەوە، وە بە رەسمی داوای لێبوردن لە جەماوەر بکەن.

چـــوارەم: داواکاری خۆپیشـــاندەران کە پەیوەســـتە بە حکومەت: پەرلەمان لە ئێســـتاوە

به دواداچوونی حکومەت دەســت پێ بــکات بۆ جێبەجێکردنی داواکاریــە هەنوکەیەکانی خۆپێشاندەران.

پێنجەم: دانانی نەخشــە ڕێگایەك لە لایەن پەرلەمانەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو داواکاریە بنەڕەتیانــەی خۆپیشــاندەران کە لە گــەڵ یاســاو دیموکراتیــەتو کاری دامەزراوەییدا گونجاون.

شەشەم:ســەرۆکایەتی پەرلەمــان داوا بکات لــە ئەنجومەنی دادوەری هەڵســەنگاندن بۆ دادگاکانی هەرێم بکاتو پێداویســتی شــارەکان بۆ دادوەر پڕ بکاتەوە، بە مەبەســتی لێکۆڵینەوەو یەکلایکردنەوەی کێشەکانی ٢٠١١/٢/١٧و ڕۆژانی دواتر.

حەوتــەم: لیژنەی لێکۆڵینەوەی بالاّ کە بە پێــی بڕیاری ژمارە (١)ی پەرلەمانو حکومەت پێکهێنراوە ئەنجامەکان لە گەڵ تەواو بونیاندا بلاّو بکاتەوە بۆ رای گشتی.

هەشــتەم: ئەو پرۆژە یاسایانەی کە خواستی خۆپیشــاندەرانن بە تایبەت: پرۆژە یاسای دەســتەی نەزاهە، ئەنجومەنی راژە، بیمەی تەندروســتی، مافی بەدەســتهێنانی زانیاری، گرنگــی دان بە گەنجان، بوجەی پارتە سیاســیەکان، بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی خێزان، ڕێکخراوە نا حکومیەکان، خاوەن پێداویســتیە تایبەتەکان، داواکاری گشتی، قەدەغەکردنی ڕێکخســتنی حیزبی لە ناو هێزی پێشــمەرگەو ناوخۆ....تد، بخرێتە ئەو لەویەتی کارنامەی ئەم خولەی پەرلەمانەوە.

نۆیــەم: لــە ســەر ئەنجومەنــی وەزیــرانو لایەنــە پەیوەندیدارەکانە، ئــەم بڕیارە جێبەجێبکەن.

دەیەم: ئــەم بڕیارە جێبەجێ دەکرێت لــە ڕۆژی پەســەندکردنیەوە (٢٠١١/٣/١٧)و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بلاّو دەکرێتەوە.

# پێنجەم/ تێکدانی ئاراستەی خۆپیشاندەران

## أ- شێواندنی کەشی خۆپیشاندەران

لەدوای درووستبونی خۆپیشاندانەکانەوە، دەسەڵات لە هەوڵی کۆتایی پێهێنانیدا بوو، زۆرجار بۆ کۆتایی پێهێنانی خۆپیشاندەران هێزی سەربازی بەکار هێناوە، بە تایبەتیش لە ٢٦ی شوباتدا ژمارەیەك چەقۆ وەشێنو گەنجی چەقۆ کێشو دەمانچە بەدەستی خزانە ناو خۆپیشاندەرانەوەو لە یەکەم هەنگاودا کاتژمێر (٤)ی ٢٦ی شوبات

بۆمبێکی دەنگی لە پشتی سەکۆی وتارخوێندنەوەی بەردەرکی سەرا رویداوەو بەهۆیەوە ٢ خۆپیشاندەر بە سوکی بریندداربون.

لەبەرامبەر ئەو کارەدا کە خۆپیشاندەران پێیان وابووە ئەوە دەستی دەسەڵاتە بۆ تێکدانی خۆپیشاندانەکان، رووبەرووبونەوە لە نێوان خۆپیشاندەرانو هێزە ئەمنیەکاندا روویدا لەبەردەم مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی هاولاتیەك بەناوی (ئومێد جەلال) گوللە بەرسەری دەکەوێتو گیان لەدەست دەدات، ئومێد جەلال کە پیشەی شوفێر بووە،بە وتەی هاوسەرەکەی، چووبوو شیر بۆ منداڵە شەش مانگیەکەی بکرێت بەناوی ئەنەسو ماوەی نزیکەی ٢ ساڵ بوو، هاوسەرگیری پێکهێنابوو، .

هاوکات لە شاری کەلاریش بەهۆی هێنانی هێزی دەرەکیەوە بۆ کپ کردنی خۆپیشاندەران، رووبەرووبوونەوەو توندوتیژی روویدا دوای ئەوەی ٢٦ی شوبات هاوڵاتیان بەشێوەیەکی هێمنانە خۆپیشاندەرانی کەلار هەوڵیاندا لە ناو بازاڕی کەلاردا خۆپیشاندان بکەنو بۆ ئەو مەبەستەش لەلایەن هێزێکی چالاکیە مەدەنیەکانەوە بە شێوەیەکی هێمنانە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەراندا کرا، بەشێوەیەکی لە ناکاو هێزێکی لیوای ٣٤ی گەرمیان هاتنە ناو، تەقەیان لە خۆپیشاندەرانی کەلار کردوەو لە ئێستادا لە ناو بازاڕدا بڵاوبونەتەوە،بۆ بڵاوە پێکرلادنی خۆپیشاندەران تەقە بەسەر خۆپیشاندەراندا دەکەنو لە ناو بازی کەلاردا هێزەکە بڵاو بوونەوە.

دوای ئەوەی خۆپیشاندەرانی مەیدانی ئازادی بڕیاریان دا شێوازی نارەزاییەتیەکانیان بگۆڕنو لە شەوی ٥ لەسەر ٦ی مارتەوە خەیمە لەسەرا هەڵدەدەنو شەوان لەوێ دەمێنەوە خێمەکانیش بەناوی شەهیدانی ١٧ی شوباتو رۆژانی دواییەوە ناونران، بەڵام لە کاتژمێر ٢:٣٠ خولەکی شەوژمارەیەك چەکدار کەهەندێکیان جلو بەرگی رەشیان پۆشیبو وە دەموچاویان هەڵپێچیبو، هەڵیان کوتایە سەر مەیدانی ئازادی ودوای سوتاندنی سەرجەم خێمەکان،ژمارەیەك مانگرتویان دەستگیر کرد.

ئەمەش دوای ئەوەدێت کەمانگرتوان رایانگەیاندبو شەوانە لەمەیدانی ئازادی دەمێننەوە، بۆیەئـــەوەش وایکـــرد ژمارەیەکـــی زۆر هاوڵاتی لەســـەرجەم چینو توێـــژەکان لەیەکەم شەودالەمەیدانی ئازادی مانەوە. [٧]

لەلایەن خۆشـــیەوە ناســـك قادر وتەبێژی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی رایگەیاند: بەرپرســـیارێتی پەلاماردانی مانگرتوانو ســـوتاندنی چادرەکانی ســـەرای ئازادی دەخەینە ئەستۆی ئاسایشی سلێمانی، چونکە بە بەرچاوی ئەوانەوە هێرشەکە ئەنجامدراوە.

وتەبێژی ئەنجومەنی کاتی ســـەرای ئازادی ئەوەشـــی خســـتەڕو، کە هێرشـــەکە پێشتر ئامادەکاری بۆ کراوەو وتی: (٥) خولەك بەر لە هێرشـــەکە، هێزێکی چەکداری ئاسایش بە پێنـــج ئۆتۆمبێل لەو ناوەدا بڵاوکرانەوەو گەمـــارۆی ناوچەکەیان دا، بۆ ئەوەی چوار دەوری هاوڵاتیان بگرنو هیچ کەسێك دەرنەچێت».

ناوبـــراو ئاماژەی بەوەشـــدا، پاش ئەو کارانـــە لەلایەن هێـــزە دەمامکدارەکەوە هێرشو ســـوتاندنی خێمەکانو رەشبگیری دەستپێکردو بەپێی زانیارییە سەرەتاییەکان، زیاتر لە٣٠ کەس دەستگیرکراون. [٨]

لەســـەرجەم قەزاو شاروشارۆچکەکانی دیکەی کوردستان خۆپیشـــاندانەکان رووبەرووی توندووتیـــژیو هەوڵی کپکردنیـــان درا لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە، لـــە رۆژی ٧ی مارت، لەقەزای کۆیە خۆپیشـــاندانێکی هێمنانە ئەنجامدراو لەســـەرەتای خۆپیشاندانەکە لەلایەن هێزەکانی ئاســـایش هێرش کرایە ســـەر خۆپیشاندەرانو ١٤ خۆپیشـــاندەر دەسگیرکران، بەشێك لەو خۆپیشاندەرانە بەهۆی ئەوەی لەلایەن ئاسایشەوە ئازاردراون، سکاڵای یاساییان لەدژی ئاسایش تۆمار کردوە.

مامۆســـتا جێگر ســـاڵح مامۆســـتای ئاینی یەکێك لەو هاوڵاتیانەی هێرش کرایە سەریو ئازاردراوە راگەیاند: لەخۆپیشـــاندانەکەدا مەفرەزەیەکی ئاســـایش هێرشیان کردە سەرمو بەقۆنداغە تفەنگو شـــەق لێیان دامو ئازارێکی زۆریان دام، دواتر لەژێر فشاری هاوڵاتیان ئازادیان کردم، من سەرجەم کارمەندەکان دەناسمو لەدادگای .[٩]

[٧] هێزێکی چەکدارخێمەکانی مەیدانی ئازادیان سوتاند، سایتی لڤین، ٢٠١١/٣/٦/
http://www.lvinpress.com/newdesign/Dreje.aspx?Jimare=2962

[٨] ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٣/٦/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34522&cat=1

[٩] لەخۆپیشاندانەکەی دوێنێی قەزای کۆیە، سایتی سبەی،٢٠١١/٣/٨/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34621&cat=1

**ب- پشتیوانی خۆپیشاندەران**

سەرەرای ئەو توندووتیژیانەی کە لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە رووبەرووی خۆپیشاندەران دەکرایەوە، بەڵام رۆژانە خۆپیشـــاندانەکان لە فراوان بووندا بوونو پشـــتیوانی زیاتریان بۆ پەیدا دەبوو، بەتایبەتیش لە شاروشـــارۆچکەکانی ســـەر بە پارێزگای هەولێرو دهۆك، کە دەرفەتی خۆپیشاندانیان پێنادرا.

لـــە بەیاننامەیەکـــدا کە لە رۆژی ٧ی مـــارت بلاویان کردۆتـــەوە ٤٦ روناکبیری چۆمان پشـــتیوانی خۆیان بۆ خۆپیشـــاندەران دەربریوەو رایانگەیاندووە: هەر وەکو خۆتان دەزانن ناوچـــەی باڵەکایەتـــی قوربانییەکـــی ئێجگار زۆری بۆ شۆڕشـــە یەك لـــەدوای یەکەکانی نەتەوەکەمـــان داوە، ئێمە لەوە پەشـــیمان نیـــن، چونکە بۆ ئازادیی خۆمـــان قوربانیماندا، ئێستاش ئامادەین بۆ ئازادیی خۆمان بجەنگێین، گیانمان فیدا بکەین، دوای بەردەوامبونی خۆراگـــری جەماوەری تێنوی ئازادیی دەڤەری باڵەکایەتیو بە تایبەت شـــارۆچکەی چۆمانی ســـەر بە پارێزگای هەولێر، بە پێویستمانزانی لە رێگەی ئەم بەیاننامەوە دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگتانو لە تەکتانو لە خەمتان بین».

بەیاننامەکە ئەوەشـــی تێداهاتـــوە: «زۆربەی خەڵکی چۆمان بێزاربـــوە لەوەی کە هێزی دەرەکیو بیانی لە نێو چۆمان چاودێرییەکی توندیان داناوە لەسەر هاوڵاتییان بە سەیارەی بێ ژمارەو جام رەش، ئەمەش هێندەی دیکە ترســـی خستۆتە دڵی هاوڵاتییان لە بەرامبەر رودانی توندوتیژی لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەڵاتی پارتیدان».

هـــاوکات لە بەیاننامەکەدا ئاماژەیان بەوەداوە: پێمان وایە دەســـەڵات متمانەی خۆی لای خەڵکی کوردســـتان لە دەســـتداوە، لەو رۆژەی کە توندوتیژی بەرامبەر بە خۆپیشـــاندەران بەکارهات.

**بڕوانە (پاشکۆی ژمارە ٣٧ بەیاننامەی روناکبیرانی ناوچەی باڵەکایەتی)**

هاوکات لە بەیاننامەیەکدا لاوانی بلێو بارزان پشـــتگیری لە خۆپیشـــاندەرانی ســـەرای ئازادیو ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەکەن، لە بەیاننامەکەدا هاتووە: ئێمە وەك گەنجانو لاوانی دەڤەری بارزان بە هەموو شـــێوەیەك پشـــتیوانیو پشتگیری هەوڵەکانتان دەکەین، ئێمە بەهۆی بارودۆخی سیاســـیو کۆمەڵایەتی ســـنورەکەمان ناتوانین درێژە بەو شۆڕشە ئازادیخوازیەی ئێوە بدەین، بەڵام دڵنیاتـــان دەکەین کە ئێمە لەگەڵتانین، تکایە بمانبورن کە ناتوانین بە شێوەی ئاشکرا پشتیوانی خۆمان دەربڕین، چونکە تەنانەت دەرکردنی ئەم بەیاننامەیە دەبێتە هۆی دروســـتکردنی مەترسی بۆسەر ژیانی لاوانو گەنجانی سنورەکە، بەڵام ئێمە لەروانگەی هەســـتکردنمان بە دۆخەکە گوێمان لە هەڕەشەو چاوسورکردنەکان نییە.

بەیاننامەکەی لاوانی بلێی‌و بارزان ئەوەشی روونکردۆتەوە: دەمانەوێت ئێوەی خۆشەویست جیاکاریەك لەنێوان بارزانیەکان‌و ئەوەی هەندێك دەسەڵاتدار بەناوی بارزانیەکانەوە دەیکەن لە یەك جیا بکەنەوە، چونکە هەڵویستو بۆچونەکانی ئەوان تەعبیر لە بارزانیەکان ناکات، بەڵکو ئەوان بگرە لەسەر قوربانی‌و مەینەتی بارزانیەکان گەیشتونەتە ئەو مستەوایەو ئێستاش جگە لە خۆیان بە خەمی هیچ کەسێکی ترەوە نین.

**(بروانە پاشکۆی ژمارە ٣٨ بەیاننامەی لاوانی بلێ‌و بارزان)**

لە بەیاننامەیەکیشدا گەنجانی قەزای ئامێدی کە لەلایەن ١٠٠ گەنجی ئامێدیەوە واژوو کراوە، پشتیوانی لە داواو خواستەکانی خۆپیشاندەرانی سەرای ئازادی سلێمانی دەکەن، کۆمەکا گەنجێن دەڤەرا ئامێدیێ بڕیارێ د دەن کو بەشدار نابن دجەژن‌و سەیرانێن نەورۆزا ئیساڵ دا وەکو هەلویست وەرگرتن ل سەر مۆلەت نەدانا دەستهەلاتێ بۆ ئەنجامدانا خۆ نیشاندانان‌و هەروەسا وەکۆ رێزگرتن ل خۆینا هەر ٨ شەهیدێن خۆنیشاندانێن باژێڕێ سلێمانیێ.

د بەیاننامەکێ دا کو ژ ئالیێ نێزیکی ١٠٠ گەنجێن قەزا ئامێدیێ ڤە هاتیە ئیمزا کرن، تێدا خۆیا دکەن کو داخوازیێن خۆنیشاندەرێن سلێمانیێ داخوازیێن تەڤایا خەلکێ کوردستانێ نە. هەر وەسان ئاشکەرا دکەن، کو ب دل‌و جان ل گەل سەرایا ئازادیێ نە ل سلێمانیێ‌و دخوازن دەستهەلات دا خوازیێن خۆنیشاندەران بجە بینیت.

**(بروانە پاشکۆی ژمارە ٣٩ بەیاننامەی گەنجانی ئامێدی)**

بەڵام یەکێك لەو بەیاننامانەی کە لەلایەن ٥٠ کەسایەتی سیاسی فەرهەنگی کوردستانی ئێران سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان‌و ئاراستەی جەماوەرو بەرپرسانی حکومی‌و حیزبی هەرێمی کوردستان کراوەو تیادا کە ژمارەیەکی زۆری مامۆستای زانکۆو روناکبیری تێدایە هاوسۆزی بۆ خۆپیشاندەران دەردەوبرن، بەتایبەتی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی‌و چاکسازی ئیداری‌و کۆمەڵایەتی، داوا دەکەن کە هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەوڵی توانای خۆیان بخەنە گەر بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکەو گەرانەوەی کەش‌و هەوایەکی دۆستانە، داواش لە خۆپیشاندەران دەکەن کە هێمنی‌و ئارامی بپارێزن‌و هەرگیز پەنا بۆ توندووتیژی نەبەن.

داواش لەسەرجەم لایەنەکان دەکەن کە لە رێی دانیشتن‌و دیالۆگەوە کێشەکان چارەسەر بکەن.

**(بروانە پاشکۆی ژمارە ٤١ دەقی نامەی ٥٠ کەسایەتی کوردستانی ئێران)**

# شەشەم/ بەردەوامی خۆپیشاندانەکانو هەڵوێستی لایەنەکان

لەگـــەڵ بەردەوامی خۆپیشـــاندانەکانو ئەو قوربانیانەی کە بەهـــۆی توندووتیژی هێزە ئەمنیەکانەوە کەوتونەتەوە، لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانی ناچارکرد بریاری جدی ترو کۆنکرێتی تر دەربکەنو هەڵوێســـتیان بەتەواوی رون بکەنەوە لەسەر خۆپیشاندەرانو پاڵپشتیکردنی داواکاریەکانیان.

هەربۆیە سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن (گۆران، یەکگرتوو، کۆمەڵ) پرۆژەیەکی هاوبەشیان بۆ چاکســـازی سیاســـی لە هەرێمی کوردســـتان لە ٢٠١١/٣/٣ راگەیاند کـــە وێنەیەکی پرۆژەکەیان ئاراستەی هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێمو پەرلەمانو حکومەتیان کردووەو وێنەیەکیشـــیان داوەتە مەکتەبی سیاسی یەکێتیو پارتی، لە گرنگترین خاڵەکانی پرۆژەکە کـــە لە ٢٢ خـــاڵ پێکهاتووە: گێڕانەوەی رەشنوســـی دەســـتور بۆ پەرلەمانی کوردســـتان بەمەبەســـتی پێداچونەوەو پەســـەندکردنی بە تەوافقی نێوان فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، پێك هێنانی کۆمســـیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێم لەکەســـانی بێ لایەن، دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە قەڵاچۆکردنی گەندەڵی .

هاوکات لە پرۆژەکەدا جەختکراوەتەوە لەسەر یەکخستنەوەو بە پیشەیی کردنی هەردوو دەزگای ئاسایش

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دامەزراوەیەکی سەربازی نا حزبی .

قەدەغەکردنی کاری حزبی بەهەموو شـــێوەیەکانیەوە، لەناو دامو دەزگاکانی وەزارەتی پێشمەرگەو ناوخۆ .

هاوکات لە پرۆژەکەی ئۆپۆزسیۆندا ماوەی یەك مانگ دیاریکراوە بۆ ئەوەی یاساو بڕیاری تایبـــەت بەهەریەك لەم خاڵانەی ســـەرەوە دەربکرێتو لەماوەی دوو مانگیشـــدا جێبەجێ بکرێن، لەڕۆژی راگەیاندنی ئەم پرۆژەیەوە.

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٤٢ پرۆژەی ئۆپۆزسیۆن بۆ چاکسازی)**

دواترو بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەی گونجاو بۆ دۆخی هەرێمی کوردســـتان لە ١٩ی مارتدا ٩ حیزبـو بزوتنەوەی سیاسی ئیمزایان لەسەر ٧ خاڵ کرد بۆ پاراستنی ئاشتیو گەڕانەوەی ئارامی هەرێمی کوردستان

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنوســـیدا کە ئێوارەی ئەمڕۆ (شـــەممە) ڕێکخـــرا، ١١ ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ناوەڕۆکی ئەو پەیماننامەیان ئاشـــکراکرد کە بەناوی (کەمپینی ئاشتی بۆ گێڕانەوەی ئارامی)، لە دوای ١٧ی شوباتەوە دروستیانکردوە.

ناوەڕۆکـــی پەیماننامەکە لـــە ٧ خاڵ پێکهاتوەو لەلایەن بەرپرســـانی بـــالآی ٩ حیزبـو بزوتنەوەی سیاسی هەرێمی کوردستانەوە ئیمزای لەسەر کراوە.

**ئەمەش ٧ خاڵەکەیە:**

١- هیـــچ حزبـو لایەنێکی سیاســـی پەنا نەباتە بەر توندوتیژی لە پرۆســـەی سیاســـی هەرێمی کوردستان بەهەموو جۆرەکانی توندوتیژی.

٢- هیـــچ حزبێك هێزی چەکداری لە ململانێ ناوەخۆییەکان بەرامبەر هێزو لایەنەکانی تر بەکار ناهێنێت.

٣- هیچ هێزێك هەوڵ نەدات شـــەقام لـــە دژی لایەنێکی تر بورووژێنێت کە ببێتە هۆی سووتاندنی بارەگەکانی ئەو لایەنە یان کوشتنی ئەندامانی یان جۆرەکانی توندوتیژی.

٤- لایەنەکان پابەندن بەپاراســـتنی یەکپارچەیی خاکی هەرێمی کوردســـتانو هەموو لایەك دژی فرە ئیدارەییە.

٥- هیـــچ هێزێك هەوڵ بـــۆ هێنانی هێزی بیانی نادات یان دەســـت تێکەڵکردن لەگەڵ لایەنێکی دەرەوەی کوردستان دژی حزبێك یان ئەزموونەکە بەگشتی.

٦- هەموو هێزەکان پابەندی ناوەڕۆکی ئەم پەیماننامەیە دەبنو هەوڵ نادەن ناوەڕۆکەکەی پێشـــێل بکەن، هەروەها لایەنێك پێشێلی ئاشتیو ئارامیی هەرێمی کوردستان بکات، ئەوە لە بەردەم خواو گەلو وڵات بەرپرسیار دەبێت.

٧- هەموو لایەك پرۆتســـتۆی تیرۆرو توندوتیژی دەکەنو ئیدانەی شـــێوەکانی کوشتنو کاولکاری دەکەن.

بەیاننامەکـــە ئیمزاکـــرا لەلایەن، مـــەلا بەختیار، لە یەکێتیی نیشـــتمانیی کوردســـتان، فەرەیـــدون جوانڕۆی لە پارتی دیموکراتی کوردســـتان، موســـەننا ئەمیـــن لە یەکگرتووی ئیســـلامیی کوردســـتان، عومەر ســـەید عەلی لە بزووتنەوەی گۆڕان، ئەنوەر سەنگاوی لە کۆمەڵی ئیســـلامیی کوردستان، عەبدوڵا حاجی مەحمود لە حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، قادر عەزیز لە حزبی زەحمەتکێشانی سەربەخۆ، گۆران حسێن لە حزبی شیوعیی کوردستان، بەکر تاماس لە بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان.

بەڵام هیچ یەك لەو بەیاننامەو راگەیەنراوو كۆبونەوانە كاریگەری لەسەر كپ بوونەوەی شـەقامو خۆپیشـاندەران نەبوو، هەربۆیە ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئـازادی پەیامێكی ئاراسـتەی سێ فراكسیۆنەكەی ئۆپۆزسـیۆنكرد لە ناو پەرلەمانی كوردستانو داویان كرد ئەندامێتیان لە پەرلەمان هەڵپەسـێرن، لە پەیامەكەدا كە لە ٢٦ی مارت بڵاویان كردووەو لە ٢ دواكاری بنەرتیو ٣ دواكاری هەنوكەیی لە خۆدەگرێت.

لە داواكاریە بنەرەتیەكاندا كە ئاراستەی پارلەمانتارانیانكردووە هاتووە:

١-هەڵپەسـاردنی ئەندامێتیان لە پەرلەمانی كوردسـتانو دەستلەكاركێشانەوەی هەمو ویژدان زیندوان كە هەر پۆستو وەزیفەیەكیان لەناو ئەم دەسەڵاتەدا هەیە.

٢- رەتكردنەوەی هەر دانوسـتانێك لەنێوان ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتدا وەك هەڵوێستێكی نیشـتمانیو مێژویی بەرامبەر بێباكی دەسەڵات لەمەڕ ئەم دۆخە مێژوییەدا تا بەدیهێنانی داواكاریە هەنوكەییەكانی خۆپیشاندەران.

ئەمانەش وەك فشـارێكی راسـتەقینە لەپێناو ملكەچكردنی دەسەڵات بۆ جێبەجێكردنی لانی كەمی داواكارییەهەنوكەییەكان كە دیارترینیان:

١- دادگایكردنی تاوانبارانی كوشتنو بریندارکردنی خۆپیشاندەران.

٢- گواستنەوەی هێزو بارەگا حیزبیەكان بۆ دەرەوەی شارو شارۆچكەكان.

٣- هەڵگرتنی ئابڵوقەی سـەربازیو باری نائاسایی سەر شارو شارۆچكەكانی كوردستان بەمەبەستی دەستەبەركردنی مافی ئازادی رادەربڕین وداواكردنی مافە رەواكانیان.

**(بروانە پاشكۆی ژمارە ٤٣ پەیامی ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی)**

لە دوای جێبەجێنەكردنی هیچ یەك لە بریارەكانو بە بنبەسـت گەیشـتنی هەنگاوەكان بە ئاراسـتەی چاكسـازیو دوای ئەوەی شـەقامو لایەنەكانی ئۆپۆزسـیۆن گەیشتنە ئەو بروایەی كە دەسـەڵات مل بۆ داواكاری خۆپیشـاندەران نادا، هەربۆیـە لە راگەیەنراوێكدا كە لـە ٢٠١١/٤/٥ بڵاویان كردەوە داوای هەڵوەشـاندنەوەی حكومەتـی هەرێمیان كرد، لـە راگەیەنراوەكەدا هاتـووە دوای زیاتر لە مانگێك بەسـەر وادەی دیاریكراوی پرۆژە ٢٢ خاڵیەكی ئۆپۆزسـیۆن بەداخەوە حیزبەكانی دەسـەڵات لەو ماوەیەدا سـەرەڕای ئاڵۆزیو گرژیی بارودۆخی كوردسـتان، وەڵامی فەرمیی ئۆپۆزسیۆنیان نەدایەوەو، هەنگاویان بەرەو جێبەجێكردنی خاڵەكانی پرۆژەكە نەنا بەڵكو ئەم پرۆژەیەشـیان وەك هەمو پرۆژەكانی تر پشتگوێ خست.

هەر سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن ڕێککەوتن لەسەر ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١. پێویســتیی هەڵوەشـاندنەوەی حکومەت و، دامەزراندنــی حکومەتێکی ئینتیقالی کە لەسەر بناغەی «توافق» پێکبێت.

٢. ئەرکی بنەرەتیی ئەم حکومەتە بریتی بێت لە:

• ئەنجامدانی چاکسازیی بنچینەییو هەمەلایەنە وەك لەخاڵەکانی (١ بۆ ٢٠) ی پرۆژەی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆندا هاتوە.

• زەمینەســازکردن بۆ هەڵبژاردنێکی ئازادو پاكو بێگەرد لەسایەی بێلایەنیی حکومەتو دامودەزگا ڕەســمیەکانو ڕێگرتن لە هەمو شێوازێکی تەزویرو دەستێوەردانی نایاسایی کە دەرفەتی یەکسان بۆ سەرجەم لایەنە بەشدارەکانی هەڵبژاردن بڕەخسێنێت.

٣. لایەنەکانــی ئۆپۆزســیۆن لەهەر دیالۆگێکــی ئایندەدا لەگەڵ حزبــە حوکمڕانەکان سەبارەت بەو پرسانەی لەم بەیاننامەیەدا هاتوە بەهاوبەشیو ئەجێندای هاوبەش بەشداری دەکەن.

**(بروانە پاشکۆی ژمارە ٤٤ ڕاگەیەنراوی سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن)**

لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستەی سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆندا یەکێتیو پارتی لە ڕاگەیەنراوێکدا جەختیانکردەوە کە ئۆپۆزســیۆن چاکسازییو پێشکەوتنی کومەڵو سەقامگیربونی ئاشتیو ئارامییــان ناوێ، لە ڕاگەیەنراوەکەی یەکێتــیو پارتیدا کە لە ٢٠١١/٤/٧ دا بلاوکراوەتەوە ئاماژە بەوە کراوە: مەســەلەی هەڵوەشــاندنەوەی حکومەتی هەرێم بەو شێوەیەی ئەوان داوای دەکەن بە نایاساییو ناشەرعیو نادەســتوری دەزانین بۆیە پێکهێنانی حکومەتێکی ئینتیقالی ڕەت دەکەینەوە، چونکە هیچ پێویستییەکی سیاسیو یاساییو دەستوری نەهاتۆتە پێشەوە.

سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانیش ڕاگەیەنراوەکە ئاماژەی بەوەکرابەوەکردووە: ئۆپۆزسیۆن تا ئێســتا بە ناهەق بەردەرکی ســەرای شاری ســلێمانی پاوان کردوە، گوایە هەوڵدەدات ڕاپەڕین ڕێکبخات، لە کاتێکدا بەپێی یاســاو بەرژەوەندیی گەل، ئەوان ئەو مافەیان نەماوە، چونکە هەرچییەکیان ویست گوتیان، دامودەزگاکانی هەرێمیش وەڵامی داواکارییە ڕەواکانی خۆپیشــاندەرانیان داوەتەوەو چەندین بڕیاری پێویستیشیان داوە کە بەشێکە لە بەرنامەی کاری خۆیان.

سەبارەت بە وەڵامو بەرگری لایەنەکانی دەسەڵاتیش ڕاگەیەنراوەکە ئاماژەی بەوەکردووە، کە لە دونیای دیموکراســیدا دەسەڵاتی شەرعیو یاسایی مافێکی تەواوی هەیە بۆ بەرگری لە خۆیو دەزگاکانی ومافو ئازادیی خەڵك.

**(بروانە پاشکۆی ژمارە ٤٥ ڕاگەیەنراوی یەکێتیو پارتی)**

# حەوتەم/ نەخشە ڕێگای چارەسەری قەیرانەکان

## أ- نەخشە ڕێگای

زۆرجار بەرپرسانی هەرێم رایان دەگەیاند کە خۆپیشاندەران داوایەکی دیاریکراویان نیەو بەبێ پلانو پرۆژە خۆپیشاندان دەکەنو داواکاریەکانیان روون نیە، زۆرجاریش بە ئاژاوەچیو چەقۆ وەشێن ناودەبران، هەروەك وەزیری پێشمەرگە راگەیاند، ئەوانەی لەبەردەرکی سەران ئەوانە خۆپیشاندەر نین، بەڵکو کۆمەڵێك چەقۆکێشو شەقاوەو هەرچی پەرچین، لەبەرامبەر ئەو دەنگۆیانە ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی لە نەخشە ڕێگایەکدا کێشەو قەیرانەکانی دیاری کردووەو ڕێگا چارەکانی خشتۆتە روو.

**دەقی نەخشە ڕێگاکەی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی**

**نەخشەڕێگای چارەسەری ریشەیی قەیرانی سیاسیو حوکمڕانی لە کوردستان (گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات لەهەرێمی کوردستاندا)**

**دیباجە:**

خۆپیشاندانەکانی ئەم ماوەیەی رابردوی شارو شارۆچکەکانی کوردستان کە ئەزمونێکی مەدەنیانەی نوێیەو مامەڵەی دەسەڵاتی سیاسی بە هەرسێ سەرۆکایەتیەکەوە لەگەڵ رووداوەکاندا ئاشنایان کردین بە چەندین راستی لەوانە:

یەکەم: ئێمەی هاونیشتمانیانی ئەم هەرێمە سەرسام بوین لە ئاست ئەم هەمو تاوانو بێڕێزیەی بەرامبەر بە مرۆڤو هاونیشتمانیان دەکرێت. ئێمە بە هۆی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتیو بە هەدەردانی سەروەتو سامانی هەرێمو پابەند نەبونی دەسەڵات بە یاسا کارپێکراوەکانەوە، بڕیارمانداوە چیدی رازی نەبین لە ژێر سایەی ئەم شێوازی حوکمڕانێتیە ناعادلو نادیموکراتە درێژە بە ژیانی سیاسیو کۆمەڵایەتیمان بدەین.

دووەم: ئەم دەسەڵاتە سیاسیە نەك ئیرادەیەکی نیە بۆ جێبەجێکردنی داواکاریە رەواکانی هاونیشتمانیانو خۆپیشاندەران، بەڵکو ئەم دەسەڵاتە بەردەوامە لە پێشێلکردنی یاساو داڵدەدانی تاوانبارانو درێژەدان بە پەیڕەوکردن لە سیاسەتی ترسو تۆقاندنو چەواشەکاریو خۆدزینەوە لە لێپرسراوێتی یاساییو سیاسیو ئەخلاقی. بەمەش هیچ ئەگەرێکی لە مەڕ جێبەجێکردنی داواکاریەکانی خۆپیشاندەران نەهێشتەوە.

سێیەم: ئەم دەسەڵاتە شەرعیەتی یاساییو نوێنەرایەتیو دیموکراتی خەڵکی کوردستانی ئەو کاتە لە دەستدا کە هاوڵاتیانی لە سەر سادەترین مافی یاسایی خۆیان کە خۆپیشاندانە خەڵتانی خوێن کرد.

چوارەم: ئەو راستیە بۆ هەمو لایەك دەرکەوت کە دەسەڵات لەم هەرێمەدا بە دورە

له بونی ویسـتێکی راسـتەقینە بـۆ چونە پای سـەروەر راگرتنی یاسـا، فەراهەمکردنی پێکەوەژیانێکی ئاشتیانەو مەدەنیانە، وە دورە لە نوێنەرایەتیکردنی راستەقینەی سەرجەمی هاونیشـتمانیانی کوردستان، لە جیاتی ئەمە نوێنەرایەتی هێزێك دەکات کە سەر لە بەری گشت کایە کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابوریەکانی ئەم هەرێمەی داگیرکردوە. ئەم دەسەلاتە حیزبیە تەنها بە زمانی هێز قسە دەکات نەك زمانی عەقڵو دایەلۆگ.

پێنجەم: بە تەنگەوە نەهاتنی سـەرۆکی هەرێم بۆ داواکاریەکانی هاونیشـتمانیان وە دەرك نەکردن بە سـەختی قەیرانی حوکمڕانی سیاسی لە کوردستانو پێشێلکردنی یاساو پابەند نەبون بە پرنسـیپە ئەخلاقیە گەردونیـەکان لە داکۆکیکردن لە عەدالەتو ئازادیو یەکسـانکردنی ئەو کەسەی خۆپیشاندان دەکات بە ئەو کەسـەی خۆپیشاندەر دەکوژێت، گەیاندینیە ئەو قەناعەتە کە ئێمە لە غیابی سەرۆکێکی خاوەن لێپرسراوێتیدا ژیان دەبەینە سەر.

شەشـەم: پەرلەمانی کوردسـتان لەم ماوە درێژەدا نەیتوانیوە دەسەلاتی جێبەجێکردن ناچـار بکات بە جێبەجێکردنی حوکمی یاسـاو راپێچکردنی وەزیرە تێوەگلاوەکان بە تاوانی کوشـتنو بریندارکردنو گرتنی هاولاتیان بۆ بەردەم پەرلەمان بە مەبەسـتی لێپێچینەوە لێیان،و بێدەسەلاتی پەرلەمان لە ئاست جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی خودی پەرلەمان.

حەوتـەم: لە پەیوەند بە حکومەتەوە، حکومەتی هەرێم لـە رێگای بەکارهێنانی هێزە ئەمنیەکانو هێزە چەکدارە دەمامکدارەکانیەوە بۆ سـەرکوتکردنی هاونیشـتمانیانی ئەم هەرێمەو گوێنەگرتن لە داواکاریە رەواکانی هاونیشتیمانیان، سەلماندی کە ئەم حکومەتە ئامرازە بە دەسـت حیزبەوە نەك دامەزراوەیەکی سـەربەخۆ. بۆ ئێمەی هاونیشـتمانیان حکومەت ئەو کاتە شەرعیەتی لە دەستدا کە پەیوەست نەبو بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا لە دەستگیرکردنی ئەو تاوانبارانەی دادگا فەرمانی گرتنیانی دەرکردبو.

هەشتەم: ئەو راستیە ئاشکرا بو کە حوکمڕانێتی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا بە دور لە بونی پەیمانێکی سیاسیو کۆمەلایەتی، تەنها قۆرخکردنی دەسەلاتو حوکمی بنەماڵەو شـەڕی ناوخۆ بەرهەم دێنێت. بونی پەیمانێکی لەو جۆرە سەرەتای پڕۆژەیەکی نیشتمانی دەبێت کە سـەرجەم هاونیشتمانیانو هێزە سیاسیەکان لە سەر خوانی کۆمەڵێك پرنسیپی دیموکراتیو مرۆڤدۆستیو ژیاندۆستی کۆدەکاتەوە.

لەسەر بنەمای ئەو راستیانەی سـەرەوە، ئێمە وەك جەماوەری خۆپیشاندەری کوردستان نەخشـەڕێگای «چارەسەری ریشـەیی قەیرانی سیاسـیو حوکمڕانی لە کوردستان» بەم شێوەیەی خوارەوە رادەگەیەنین:-

یەکەم:- دەسـتبەجێ دەست لە کار کێشانەوەی بێ قەیدو شـەرتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

دووەم:- دەستبەجێ دەست لە کار کێشانەوەی بێ قەیدو شەرتی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو هەڵوەشاندنەوەی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

سێهەم:-دەستبەجێ دەست لە کار کێشانەوەی بێ قەیدوشەرتی دەستەی سەرۆکایەتی ئێستای پەرلەمانی کوردستان‌و راسپاردنی یەك ئەندامی تری پەرلەمان تەنها بۆ سەرۆکایەتیکردنی کاتی دانیشتنەکانی پەرلەمان تا رادەستکردنی دەسەڵات بەرەسمی لەهەرێمی کوردستان بۆ قۆناغی گواستنەوە بۆ حکومەتێکی کاتی نیشتمانی بێلایەن بۆ قۆناغی گواستنەوە (کە پاڵێوراوانی لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانی جەماوەری کوردستان دیاری دەکرێن).

بەو پێیەی کە هەرێمی کوردستان لە ئێستادا لە باری نەبونی دەستورو ئەنجومەنی دەستوری یاخود دادگای دەستوریدایە، هێشتنەوەی پەرلەمانی کوردستان بەتەنها وەك هەنگاوێکی قۆناغبەندی دەبێت لەو مانگەدا بۆ زامنکردنی گواستنەوەی ئاشتیانەی بێ قەیدو شەرتی دەسەڵاتە فەرمیەکان بۆ حکومەتی کاتی قۆناغی گواستنەوە لەهەرێمی کوردستان. پاش ئەوەی پەرلەمان بەم ئەرکە هەڵدەستێت (ئەرکی رادەستکردنی دەسەڵات بۆ حکومەتی کاتی بۆ قۆناغی گواستنەوە)، راستەوخۆ پەرلەمانی کوردستان دەستبەجێ هەڵدەوەشێتەوە.

ماوەی قۆناغی گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات لەهەرێمی کوردستاندا (ماوەی نێوان دەست لە کارکێشانەوەی سەرۆکایەتیەکان‌و وادەی رادەستکردنی دەسەڵات لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ حکومەتی کاتی قۆناغی گواستنەوە)

کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی هەڵوەشاوە بۆ بەرێکردنی کاروباری هەرێم دەمێنێتەوە (واتە حکومەتی کار راپەڕاندن – حکومە تصریف الاعمال) بۆ ماوەی ئەو مانگە تا رادەستکردنی فەرمی دەسەڵات لە لایەن پەرلەمانەوە بۆ حکومەتی کاتی قۆناغی گواستنەوە.

لەگەڵ گواستنەوەی دەسەڵات، حکومەتی کاتی قۆناغی گواستنەوە لە هەرێمی کوردستان دەست بەکارەکانی خۆی دەکات لەژێر چاودێری ئەنجومەنی نیشتمانی جەماوەری کوردستان (کە لە نوێنەری هێزە نیشتمانیەکان‌و نوێنەرانی ئەنجومەنە کاتیەکانی خۆپێشاندەرانی هەرێمی کوردستان پێکدێت‌و مەرجە ئەندامانی واژۆی پابەندبون بە پەیماننامەی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی هەرێمی کوردستانیان کردبێت، ئەو پەیماننامەیەی کە لەگەڵ ئەم نەخشە رێگایە رادەگەیەنرێ‌و بەشێکی جیانەکراوەیە لێی). نوێنەرانی ئەم ئەنجومەنە وەك چاودێر لەسەرجەم کارو کۆبونەوەکانی حکومەتی کاتیدا ئامادە دەبن‌و بە نوسین رای گشتی‌و حکومەتە کاتیەکە لە پرۆسەکەو لە کەموکوڕیەکان ئاگادار دەکەنەوە.

حكومەتـــی کاتی قۆناغی گواســـتنەوە لە هەرێمی کوردســـتان لەماوەی شـــەش مانگ لەدەستبەکاربونیەوە لە پاڵ بەڕێوەبردنی کاروباری هاونیشتمانیاندا پێویستە ئەم کارانەی خوارەوە جێبەجێبکات:-

١- جێبەجێکردنـــی بـــێ قەیدو شـــەرتی داواکاریـــە هەنوکەییەکانی خۆپیشـــاندەرانی کوردستان.

٢- پابەندبون بە«پەیماننامەی کۆمەڵایەتیو سیاســـی لە هەرێمی کوردســـتان»، لە ژێر رۆشنایی ئەم پەیماننامەیەدا چاوپیاخشـــاندنەوە بە رەشنوسی دەستوری هەرێمدا بکرێت بە بەشداری سەرجەم پێکهاتەکانی خەڵکی کوردستان بە مەبەستی داڕشتنی دەستورێکی هاوچەرخی دیموکرات کە تێیدا گشت مافە مەدەنیو سیاسیو یاساییەکانی هاونیشتمانیان بە رەسمی ناسرابنو دەسەڵاتەکان بە ئاشکرا جیاکرابنەوەو سەربەخۆییان پارێزراو بێت، وە سیســـتێمی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا پەرلەمانی بێتو سەرۆکی هەرێم لە لایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ.

٣- بە نیشتمانیکردنی هێزی پێشمەرگەو دامو دەزگاکانی ئاسایشو هەواڵگریو پۆلیس ئەویش بە ســـپاردنی وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە بە کەســـانی پسپۆڕو بێلایەنو لەسەر کارلابردنی بەرپرســـی هێزەکانی پێشـــمەرگە دەزگاکانی پۆلیسو ئاســـایشو هەواڵگری لە هەمو پارێزگاو شـــارەکانی هەرێمی کوردســـتانو رادەســـتکردنی ئەم دامو دەزگایانە بە کەســـانی بێلایەنو شایستە، پێویســـتە بە کردەوە حیزبایەتی لەو دەزگایانەدا قەدەغە بکرێت.

٤- گێڕانـــەوەی ســـەرجەم ئەو موڵـــكو ماڵە گشـــتیو تایبەتیانەی کە راســـتەوخۆ یان ناڕاســـتەوخۆ لەلایەن هەر کەسو لایەنێکەوە دەســـتیان بەسەردا گیرابێت یاخود بە نرخی رەمزی فرۆشرابن بە کەسو لایەنی دی بەدەر لە یاسای فرۆشتنو بەکرێدانی موڵكو ماڵی دەوڵەت ژمارە ٣٢ ی ساڵ ١٩٨٦.

٥- داڕشتنی پلانێکی تۆکمە بۆ دابینکردنی سەربەخۆیی دادوەریو سەروەری یاسا.

٦- جیاکردنەوەی حیزب لە حکومەت ئەویش بە:

ا- هەڵوەشـــاندنەوەی میلیشـــیاکانی حیزبو دابڕاندنی دەزگا هەواڵگریو ســـیخوڕیەکان لێیان بە یاساو نەهێشتنی پاسەوانی دامو دەزگاو بارەگای حیزبیو ئەمانیش هەروەك ماڵی ئاسایی هاوڵاتیان سەلامەتییان لە لایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە بپارێزرێ.

ب- بەیاســـا قەدەغەکردنی هەمو جۆرە دەستێوەردانێکی حیزب لە ئابوری وڵاتداو نابێت حیزب خاوەنی کۆمپانیاو بەرژەوەندی بازرگانی بێت.

ج- لێکۆڵینەوە لە ســـەروەتو ســـامانی حیزبەکانو لێپرســـراوانی حیزبـــیو حکومی وە گێڕانەوەی سەرجەم ئەو داهاتانەی کەبە شێوەی نایاسایی بە دەستیان هێناوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت بە چەسپاندنی بنەمای ئەمەت لە کوێوە هێناوە (من این لك هذا؟)

د- بڕینی هەر مینحەیەك كەسەرچاوەكەی دارایی گشتی بێت بۆ سەرجەم دامو دەزگا حیزبیو نا رەسمیەكانو راگەیاندنەكانو رێكخراوەكانیان.

٧- هەڵوەشاندنەوەی سیستمی خانەنشینكردنی ئەندام پەرلەمانو وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتیەكانو ئەنجومەنەكانی شارەوانی كە بە پلەكانی خزمەتو ساڵی كاركردندا تێنەپەڕیونو كەمكردنەوەی موچەكانیان بە رێژەیەكی بەرچاو.

٨- هەڵوەشاندنەوەی یاسای خۆپیشاندانی هەرێمی كوردستانو كار بۆ دەرچواندنی یاسایەكی نوێ بكرێت كە پەیڕەو لە بنەما دیموكراتیەكانو مافەكانی مرۆڤ بكاتو وەڵامدەربێت بۆ داخوازیەكانی رای گشتی هەرێمی كوردستان.

٩- هەڵوەشاندنەوەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانو ئەنجومەنی پارێزگاكانو شارەوانیەكانو كاركردن بۆ دەرچواندنی یاسای نوێ بۆیان ئەویش لەسەر بنەمای كۆدەنگی چینو توێژەكانی هەرێمی كوردستان بە لەبەرچاوگرتنی بنەما سەرەكیەكانی دیموكراسیەت.

١٠- دامەزراندنی دەستەی نەزاهە لە هەرێمی كوردستان بە یاسا لە دەرەوەی دەسەڵاتی جێبەجێكردنو پەرلەمان، وە سپاردنی كاركردنی ئەم دەزگایە بە كەسانی بێلایەن كە دیاریكرابن لەسەر بنەمای لێهاتویی. ئەم دەستەیە دەستبەجێ كار بە راپۆرتەكانی چاودێری دارایی دەكاتو ئەوانەی بە گەندەڵی تۆمەتبارن حەواڵە دەكرێن بۆ دادگای تایبەتمەند.

سەرجەم ئەمانەش لەپێناوی زەمینەسازی بۆ ئەنجامدانی راپرسی لەسەر دەستوری هەرێمی كوردستانو هەڵبژاردنی پێشوەخت بۆ پەرلەمانی كوردستانو هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكانو شارەوانیەكان لە ماوەی ٣ مانگ لە بەدیهێنانی ئەو هەنگاوانەی لەسەرەوە باسیان لێكراوە.

هەمو ماوەی گواستنەوە لە ٩ مانگ زیاتر نابێت لە وادەی دەستبەكاربونی حكومەتی كاتی لە هەرێمی كوردستان وەك دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی هەرێم بۆ قۆناغی گواستنەوە.

**ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی**

**٢٠١١/٤/١٠**

## ب- پەیمانی کۆمەلایەتی

هاوکات لەگەڵ نەخشە ڕێگای چارەسەری قەیرانەکانی هەرێمی کوردستان، ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی، کە سەرەرای چالاکانی کۆمەڵی مەدەنیو ڕۆژنامەنووسانو ڕۆشنبیران ژمارەیەك پارێزەرو یاساناسیشی لە خۆدەگرت، هەربۆیە پەیماننامەی سیاسیو کۆمەلایەتی هەرێمی کوردستانیان ئامادەکردوو بلاویانکردەوە، وەك لە دیباجەکەیدا هاتووە ئامانج لەم پەیماننامەیە دروستکردنی کۆدەنگیی نیشتمانیو نەخشەڕێگایە بۆ ئاڕاستەکردنی ئیرادەی پێکەوەژیان لەم هەرێمەداو بۆ دەرچون لە کۆی ئەو کێشەو بنبەستانەی کە دوای تێپەڕبونی چەندین ساڵ بەسەر ئەزمونێکی نوێی سیاسییدا لە هەرێمی کوردستان دروستبونو کۆمەڵانی خەڵك بەگشتیو نەوەی نوێ بەتایبەتی دوچاری دەرەنجامە نالەبارەکانی هاتون.

**دەقی پەیمانی کۆمەڵایەتی:**
**«پەیماننامەی سیاسیو کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان»**
**بەهاری ٢٠١١**

**دیباجە:**

بەبێ کۆدەنگیو گرێبەستێکی سیاسی، کە دەرهاویشتەی پەیمانێکی گشتیو فراوانتری کۆمەڵایەتی بێت، پێکەوەژیان بنەماو ڕێسای دامەزراوی نابێتو تەنیا لۆجیکی هێز بەڕێوەی دەبات ئێمە چەندین ساڵە ئەم ڕاستییە بە چاوی خۆمان دەبینین ئەم دۆخەش کە لەدوای ١٧ ی شوباتەوە لە هەرێمی کوردستان هاتۆتەکایەوە بەڕونی ئەو ڕاستییەمان پێدەڵێت کە شەرعییەتی دەسەڵاتو پێکەوەژیانی سیاسیو هاوڵاتیبون لە کوردستان لە بەردەم مەترسیی گەورەدان.

ئەزمونی هەرێمی کوردستان بەرهەمی خەباتو ڕەنجو قوربانیی گەورەی خەڵکی کوردستانە، بەرهەمی هەڵەبجەو ئەنفالو کۆڕەوو خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردەو خاوەنی ڕاستەقینەی ئەم ئەزمونە خەڵکی خۆڕاگری کوردستانو هاونیشتمانیانن، هەربۆیە تەنیا ئیرادەی گشتیی ئەوان دەتوانێت مانا بە کۆی ئەزمونەکەو داهاتوی سیاسیو کۆمەڵایەتیو کلتوریی ئەم هەرێمە ببەخشێت.

ئەم پەیماننامەیە وەك وەڵامدانەوە بە ئیرادەی عەدالەتخوازیی خەڵکی کوردستانو نەوەی نوێو بە پشتبەستن بە سەرەکیترین مەرجەعو دۆکیۆمێنتەکانی یاساو مافەکانی مرۆڤو بە گەڕانەوە بۆ واقیعی کوردستانو داخوازیی ڕەوای هاوڵاتیانو گفتوگۆکانی پەرلەمان گەڵاڵەکراوە.

ئامانــج لــەم پەیماننامەیە دروســتکردنی کۆدەنگیی نیشــتمانیو نەخشــەڕێگایە بۆ ئاڕاســتەکردنی ئیــرادەی پێکەوەژیان لەم هەرێمــەداو بۆ دەرچون لە کۆی ئەو کێشــەو بنبەســتانەی کە دوای تێپەڕبونی چەندین ســاڵ بەســەر ئەزمونێکی نوێی سیاسییدا لە هەرێمی کوردستان دروستبونو کۆمەڵانی خەڵك بەگشتیو نەوەی نوێ بەتایبەتی دوچاری دەرەنجامە نالەبارەکانی هاتون، لەوانە قەیرانی دەســەڵاتو شەڕی ناوخۆو تەشەنەکردنی گەندەڵیی کە هەڕەشە لە دیموکراسیەتو ئازادیو پێکەوەژیانی ئاشتیانەو کۆی ئەزمونەکە دەکەن.

هەربۆیــە داوا لە هەمــو لایەنە سیاســیو نیشــتمانییەکان دەکەیــن پابەندبن بەم پەیماننامەیەوە تا بتوانین پێکەوە کۆی ژیانی سیاســیو کۆمەڵایەتیو کلتوریو شارستانی لەم نیشتمانەدا بە ئاقارێکی نوێدا بەرین.

هەر لێرەشەوە بە هەمو جیهانی رادەگەیەنین کە هاونیشتمانیان لە هەرێمی کوردستان بــە پێی ئەم پەیماننامەیە بڕیار لە بونو داهاتوی خۆیــان دەدەنو ئیرادەی ئازادی ئەوان دەبێت رێزی لێبگیرێت.

**ئەم پەیماننامەیە لە سیانزە بەند پێکهاتوە.**

**بەندەکان:**

١- هاونیشــتمانیان خاوەنی ســەربەخۆیی تاکەکەسیو ئیرادەی گشــتیو مافی چارەی خۆنوسینو دەسەڵاتو بڕیارن، کەرامەتو ئازادیو ئاسایشیان پارێزراوە. هەرێمی کوردستان، یەکەیەکی دابەشنەکراوی خاوەن سەروەرییە.

٢- کۆبونەوەو خۆپیشــاندان، پێکهێنانی حیزبو رێکخراوی سیاسی، دامەزراوەی کلتوریو مەدەنی، ئــازادی رادەربڕین، رۆژنامەگەریو بەدەســتهێنانو بەکارهێنانی زانیاریی، مافی بنەڕەتییو پارێزراون، نابێت بە هیچ پاساوێك رێگریی لە دەستەبەرکردنیان بکرێت.

٣- هەموان لەبەردەم یاسادا یەکسانن، جیاکاریی رەگەزیی (نێرو مێ)، ئاینی، نەتەوەیی، پێگەی کۆمەڵایەتیو سیاســی یان جیاکاریی بەهەر پاساوێکی دی، هەروەها جیاکاریی لە نێوان کەسی مەعنەویو کەسی سروشتیدا، قەدەغەیە.

٤- رەخســاندنی هەلی یەکســانو بنبڕکردنی جیاکاریی دژ بە ژنان ئەرکی نیشتمانیو سیاســیو کۆمەڵایەتینو دەبێت کۆی ژیانی مەدەنی لەم نیشــتمانەدا بەو ئاڕاســتەیەدا بڕوات.

٥- بۆ بەشداریی سیاسییو کۆمەڵایەتیو کلتوریی سەرجەم حیزبو رێکخراوو دامەزراوە سیاســیو مەدەنییــەکان لە ژیانی سیاســیدا، پابەندبــون بە مانا راســتەقینەکانی کاری سیاسیو مەدەنی، دەستاودەســتکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، دەستوەرنەدان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنو دارایی هەرێمو رێکەوتنو پەیوەندییەکانی هەرێم لەگەڵ دەرەوە، نەهێشتنی

هەر هێزێکی چەکدارو هەر جۆرە ئامرازێکی دیکەی توندوتیژیی لە بەشداریی‌و چالاکیی سیاسییداو هەڵوەشاندنەوەی هەر دەزگایەکی هەواڵگریی حیزبیی، مەرجی سەرەکین.

٦- سیستمی فەرمانرەوایی لەم هەرێمەدا سیستمێکی دیموکراتی پەرلەمانییە، هەرسێ دەسەڵاتی دادوەریی‌و یاسادانان‌و جێبەجێکردن لێکجیاکراونەتەوەو سەروەریی یاسا پارێزراوە.

٧- حکومەت دامەزراوەی جێبەجێکاریی فیعلییەو لەبەردەم پەرلەمان‌و دەسەڵاتی دادوەریی‌و هاونیشتمانییاندا بەرپرسە لە ئاسایش‌و پاراستنی نیشتمان‌و سەروماڵی هاوڵاتیان‌و دامەزراوە کلتوریی‌و سیاسیی‌و مەدەنییەکان‌و رێکخستنی ژیانی ئابوریی‌و سیاسی، مەرجەعی سەرەکیشی هاونیشتمانیان‌و پەرلەمانە.

٨- سامانی ئەم هەرێمە موڵکی هاونیشتمانیانە، دەبێت بەشێوەیەکی رون‌و ئاشکرا بۆ بەدیهێنانی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی‌و پەرەپێدانی مرۆیی‌و خۆشگوزەرانیی ئەوان بە کاربهێنرێت.

٩- بڕیاردان لە پرسە چارەنوسسازەکان‌و یەکلاکردنەوەی کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان بەرپرسیارێتی پەرلەمانە، جوڵاندنی هێزو بەکارهێنانی بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە نیشتمانییەکان تەنیا بە کۆدەنگیی (اجماع) پەرلەمانی کوردستان دەبێت. هەر جموجوڵێکی سیاسیی‌و سەربازیی دژ بە بەرژەوەندیی پارچەکانی دیکەی کوردستان خیانەتی نیشتمانییە.

١٠- دامودەزگا نیشتمانییەکانی ئەم هەرێمە، دامەزراوەیی‌و مەدەنین، پەروەردەو زانکۆو دامەزراوە کلتوریی‌و زانستییەکان سەربەخۆو نیشتمانیی‌و خاوەن رێزی خۆیانن، تەنیا دیدگای شارستانیی هاونیشتمانیان‌و ئەو یاسایانەی ئەم بنەمایە مسۆگەر دەکەن، نەخشەرێگای کارو ئامانجیان بۆ دیاریی دەکەن.

١١- ئەم پەیماننامەیە بناغەی ژیانی سیاسیی‌و دەستورییە لە هەرێمی کوردستان، هەر یاسایەك پێچەوانەی بەندەکانی بێت هیچ رەوایەتییەکی نییە.

١٢- نابێت هیچ بەندێکی ئەم پەیماننامەیە بە جۆرێك لێکبدرێتەوە کە پێچەوانەی بەندەکانی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤو ئازادییە بنچینەییەکان بێت.

١٣- پرۆسەی واژۆکردنی ئەم پەیمانامەیە بە هەمو ئەو رێوشوێنە یاساییانەدا دەڕوات کە لە بەردەم دادگا نیشتمانیی‌و دادگا نێودەوڵەتییەکان‌و رای گشتیدا لە هەرێمی کوردستان پابەندیی‌و ئۆباڵی ئەخلاقیی‌و یاسایی لە سەر کەس‌و لایەنی واژۆکار دروستدەکات.

**ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی**

**٢٠١١/٤/١٠**

# بەندی چوارەم
# کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندانەکان

## بـــــەشی هەشتـــــەم

- یەکەم/ کۆتایی شۆڕشی نێرگز
- دووەم/ کاردانەوەکانی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان
- سێیەم/ شەهیدانی ١٧ی شوباتو رۆژانی دوایی
- چوارەم/ هەنگاوەکانی دوای خۆپیشاندان

# یەكەم/ كۆتایی شۆڕشی نێرگز

لەدوای هەموو ئەو بەڵێنو بەیاننامەو راگەیەنراوانەی كەلەلایەن لایەنە بەرپرسەكانەوە ئاراستەی خۆپیشاندەران دەكراو خۆپیشاندەرانیش تەنها داوای زەمانەتی جێبەجێكردنی ئەو داواو خواستانەیان دەكرد، بەوەی دوو دوو مانگ هیچ هەنگاوێك نەنرا بۆ دادگاییكردنی بكوژانی خۆپیشاندەران، هەنگاوی چاكسازی، گەرانەوەی هێزە سەربازیەكان بۆ جێگەی خۆیان، هەربۆیە ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی بریاریدا درێژە بە خۆپیشاندانەكان بدات، فراكسیۆنەكانی ئۆپۆزسیۆنیش لە پەرلەمانی كوردستان نامەیەكی ١٣ خاڵیان لەسەر پێشێلكاریەكانی دەسەڵات ئاراستەی وڵاتانی جیهانو پەرلەمانەكانی یەكێتی ئەوروپاو نەتەوە یەكگرتووەوكان كرد، لەنامەكەی فراكسیۆنەكانی ئۆپۆزسیۆندا هاتووە: ئێمە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی كوردستان ئەم راپۆرتە ئاراستەی بەرێزتان دەكەین، بە مەبەستی ئاگاداربونتان لە رەوشی سیاسی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی رۆڵو هیمەتو توانای خۆتان بەكار بهێنن لە هەرێمەكەماندا بۆ ئەوەی لەمە زیاتر پرۆسەی دیموكراسی بە ئاراستەی هەڵەدا نەبرێو هاوڵاتیانو كۆمەڵگەكەمان نەكرێنە قوربانی ویستە نادیموكراسیەكان.

لە نامەكەدا كە لە ١٣ خاڵ پێكهاتووەو بە بەڵگەوە سەرجەم پێشێلكاریەكانی دەسەڵاتیان خستۆتە روو لە كوشتنو بریندارکردنو دەستگیركردنی خۆپیشاندەران.

**(بروانە پاشكۆی ژمارە ٤٦ نامەی فراكسیۆنەكانی ئۆپۆزسیۆن)**

لەبەرامبەردا دەسەڵات بریاریدا بەهێز كۆتایی بە خۆپیشاندەران بهێنێتو سەرجەم هێزەكانی كردە حاڵەتی ئامادەباشیەوەو پەلاماری مەیدانی ئازادیدا پەلامارەكەش لە ٤/١٧ ەوە بەبەردەوامی رووبەرووبونەوە لە نێوان خۆپیشاندەرانو هێزە ئەمنیەكان رووی دەدا، هێزێكی زۆری سەربازی لەسەرجەم شەقامەكانەوە پێشرەویان دەكرد بەرەو مەیدانی ئازادیو لەلایەن خۆپیشاندەرانەوەو رووبەروویان دەبوونەوە، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەك خۆپیشاندەر بریندار بوون، بە وتەی بەرێوەبەری نەخۆشخانەی فریاكەوتنی سلێمانی لە توندووتیژیەكانی ١٧ی نیساندا ٥٠ خۆپیشاندەر لەلایەن هێزە ئەمنییەكانەوە بریندارکران

دكتۆر هاوار حەسەن بەرێوەبەری نەخۆشخانەی فریاكەوتنی سلێمانی راگەیاند: نزیكەی ٥٠ بریندارى شەڕو پێكدادانەكانی ئەمڕۆی شاری سلێمانی رەوانەی نەخۆشخانەكەمان كراوە، وتیشی: بریندارەكان ٧یان بە فیشەكی هێزە ئەمنییەكانو ٣١ یان بە غازو ١٢ یان بە دارو بەرد بریندارېون، زۆرینەی زۆری بریندارەكانیش نێردراونەتەوە بۆ ماڵەوەو مەترسی لەسەر ژیانیان نەماوە.[1] **(بروانە وێنەی ژمارە ٢٨)**

[1] سلێمانی: ٥٠ خۆپیشاندەر بریندار بوون، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/١٧/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35681&cat=1




**وێنەی ژمارە ٢٨)**

سەبارەت بە ڕووداوەکانی ١٧ی نیسان، ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی ڕوونکردەوەیەکی بڵاوکـــردەوەو تیایدا هاتـــووە: تەقەکردنی هێـــزە چەکدارەکان لە خەڵکی تـــوڕەو ناڕازی، پەلاماردانی خۆپیشـــاندەران توندوتیژی زۆری لێکەوتەوەو ســـەرەنجام زیاتر لە ٥٥ کەس بەگوللەو بەردو جۆرێکی تایبەت لەگازی فرمێسکرێژ بریندار بون...

جەختیشی کردۆتەوە کە: ڕوداوەکانی دوێنێ بۆ جارێکی تر سیمای ئەم دەسەڵاتە دزێوەی بەهاونیشـــتمانیانی کوردستان نیشاندا. بۆیە ئێمە بۆ جارێکی تر سوربونی خۆمان لەسەر خۆپیشـــاندان، کۆبونەوە لەمەیدانی ئازادی دوپات دەکەینەوەو بانگەوازی هاونیشـــتمانیان، هەمو خەڵکی شـــارەکە دەکەین کەســـبەینێ لەمەیدانی ئازادی کۆدەبینـــەوەو بەردەوام دەبین.

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٤٧ ڕونکردنەوەی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی)**

ڕووبەڕوو بونەوەو توندوتیژیەکان لە ڕۆژی ١٨ی نیساندا گەیشتە لوتکە بەوەی دەسەڵات بڕیاری دابـــوو بەهێز کۆتایی بـــە خۆپیشـــاندەران بهێنێـــت، دوای ڕووبەڕووبونەوەیەکی ســـەختو بەکارهێنانی گازی فرمێســـك ڕێژو دەیان هۆکاری دیکە لە ڕۆژی ١٨ی نیســـان هێزە ئەمنیەکان سەکۆی مەیدانی ئازادیان سوتاند، کاتژمێر ٦:٤٠ خولەکی ئێوارەی ١٨ی نیسان هێزێکی چەکدار هەڵیان کوتایە سەر مەیدانی ئازادیو پاش سوتاندنی سەکۆی ئەو مەیدانە چەند گەنجێکیشیان دەستگیر کرد، ناسك قادر وتەبێژی کاتەی ئەنجومەنەکە لەو

باریەوە راگەیاند، ئەو چەكدارانەی دوو رۆژە ئەم شارەیان كردوە بە جەهەنەم سەكۆكەیان سوتاندوە. [٢]

بەپێی ئامارێكی نەخۆشـــخانەی فریاكەوتنی شـــاری سلێمانی، لە شـــەڕو پێكدادانەكانی ١٨ی نیســـانی سلێمانی (١٠٥) هاوڵاتی برینداربوونو تەندروستی هاوڵاتییەكیش بەهۆی سەختی برینەكەیەوە ناجێگیرە.

ســـەرچاوەیەك لە نەخۆشخانەی فریاكەوتنی ســـلێمانی راگەیاند: ئەو شەڕو پێكدادانەی لەنێوان هێزەكانی ئاسایشو پۆلیسو چالاكیە مەدەنییەكان لەگەڵ خۆپیشاندەراندا روویدا (١٠٥) برینداری لێكەوتووەتەوە، كە بە هۆكاری جۆراوجۆر برینداربوون، كە (١٨) هاوڵاتی بە فیشەكو (١) هاوڵاتی بە چەقۆو (١) پێشمەرگەی فەوجی سێی تایبەتی هێزی پێشمەرگە بە فیشەكو (١) هاوڵاتی بە دارلاستیكو (١٦) هاوڵاتی بە غازی فرمێسك رێژ برینداربوون، ئەو بریندارانەش پاش چارەسەركردنیان گەڕاونەتەوە ماڵەوە.

وتیشی:لەو (١٠٥)بریندارە تەنها (١) بریندار بارودۆخی ناجێگیرە بە ناوی (هەردی فاروق) بەهۆی ســـەختی برینەكەیەوە كە فیشـــەك بەر ســـەری كەوتووە، دواتر لە ٤/٢٣ بەهۆی سەختی برینەكەیەوە گیانی لەدەستداووە بوە دوایەمین شەهیدی خۆپیشاندانەكان. [٣]

**(بڕانە وێنەی ژمارە ٢٩)**

لەبەرامبەر ئەو دۆخەدا، لە راگەیەنراوێكدا ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی رایگەیاندووە كە سوتاندنی سەكۆی ئازادی هەوڵی دەسەڵاتە بۆ خنكاندنی دەنگی ئازادی خەڵكی ناڕازی كوردســـتان، راگەیەنراوەكە لەژێـــر ناوی «فۆبیای دەســـەڵات» ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی نوســـیویانە: «رۆژانی هەقدەو هەژدەی نیسان دەســـەڵاتدارانی هەرێم لە هێرشە یەك لە دوای یەكەكانیان بۆ سەر خۆپیشاندەرانی كوردستان لە سلێمانیو هەولێرو كەڵكە سماق، بۆ چەندهەمین جار ســـەلماندیان، كە ئەوان تەنها بە یەك زمانی پەیوەندیكردن ئاشنان ئەویش زمانی توندوتیژیو نواندنی زەبرو زەنگە«.

راگەیەندراوەكە ئەوەشی تێداهاتوە: «بە پێویستی دەزانین ئەو راستیە دوبارە بكەینەوە كە ئەوە شـــەقامە ئەم ئەنجومەنە بەڕێوە دەبـــات، بۆیە لێرەوە رایدەگەیەنین كە دوابڕیار دەگەڕێتەوە بۆ شـــەقامو هەموان پێكـــەوە بڕیاری درێژەدان بە چالاكیـــە مەدەنیەكانمان دەدەین». **(بڕوانە پاشكۆی ژمارە ٤٨ راگەیەنراوی ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی)**

[٢] بەپەلە...سەكۆی مەیدانی ئازادی سلێمانی سوتێنرا، سایتی لڤین، ٢٠١١/٤/١٨/
http://www.lvinpress.com/newdesign/Dreje.aspx?Jimare=3414

[٣] ئاماری بریندارەكانی دوێنێی سلێمانی، سایتی خەندان، ٢٠١١/٤/١٩/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=24111&Jor=1



**وێنەی ژمارە ٢٩**

لەگـەڵ توندبوونـی توندوتیژیەکانی نێوان خۆپیشـاندەرانو هێـزە ئەمنیەکاندا لە سلێمانی لە زۆربەی شـارەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان خۆپیشـاندان بەرێوەچوو، لە شـاری هەولێر لە رێوشوێنێکی ئەمنی توندا خۆپیشاندان کراو چەکدارەکانی پارتی بەجلو بەرگی مەدەنییەوە بە توندی هێرشـیان کردە سـەر خۆپیشـاندەرانو ژمارەیەك هاوڵات رۆژنامەنوسیش دەستگیر کران.

پاشنیوەڕۆی ١٨ی نیسان لە بەدەم مزگەوتی رەشاد موفتیو نزیك سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین لە شاری هەولێر، بە بەشداری زیاتر لە ٢٠٠ خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدینو ژمارەیەك لە چینو توێژەکان ئەنجامدرا.

هاوكات لەگەڵ تێپەڕبونی چەند خولەكێك بەسەر دەستپێكردنی خۆپیشاندانەكەدا، چەكدارەكانی سەر بە پارتی بەجلو بەرگی مەدەنیو سەربازییەوە هێرشیان كردە سەر خۆپیشاندەرانو لەناویشیاندا، چەند پەرلەمانتارو رۆژنامەنوسێك پەلامار دراون.

هاوكات بەپێی زانیارییەكان د.محەمەد كیانی، ئەندامی فراكسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراقو د. سلێمانو د. هۆشیارو، د. كامەران كیانی، مامۆستایانی زانكۆی سەلاحەدینو ئێڤار ئیبراهیم، چالاكوانی ژنان لەلایەن هێزە ئەمنیەكانەوە، پەلاماردرانو هەندێكیشیان بۆ ماوەیەك دەستگیركران.

لەهەمان كاتدا شەقامەكانی دەوروبەری شوێنی خۆپیشاندانەكە لەلایەن هێزە ئەمنییەكانەوە گیراون، هەروەها ژمارەیەك مامۆستای ئاینی لەكاتێكدا بەنیاز بون بەشداری خۆپیشاندانەكە بكەن، بەڵام لەلایەن چەكدارەكانی پارتییەوە رێگرییان لێكراوە. [٤]

دوای كۆتایی هاتنی خۆپیشاندانەكان لە ئێوارەی ١٨ی نیسانو لە دوای چۆلكردنی سەرا، هێزێكی هەواڵگری فەرماندەی سەر بە یەكێتی هەڵیانكوتایە سەر سەراكەو سەكۆی سەرای ئازادیان سوتاند.

هێزەكەی هەواڵگری فەرماندەیی، هێرشیان كردوەتە سەر ئەو كەسانەش لە چواردەوری سەرادا بونو هاوكات پەلاماری سەرجەم رۆژنامەنوسو پەیامنێرانی كەناڵەكانیان داوەو كامێراو شتومەكەكانیان لێسەندون، بەو مەبەستەی وێنەی سوتاندنی سەكۆكە بڵاو نەبێتەوە. [٥]

لەدوای سوتانی سەكۆی سەرای سلێمانیەوە، بەیەكجاری بڕیاری چۆڵكردنی سەرادارا، ئەویش دوای ئەوە هات كە رۆژی ١٩ی نیسان، لیژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانی بڕیاریدا ریگری بكات لە هەر خۆپیشاندانێك لە شاری سلێمانیو شارو شارۆچكەكانی كوردستان.

لە راگەیەنراوەكەی لیژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانیدا هاتووە: بڕیارماندا بەهیچ شێوەیەك رێگە نەدرێت خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت لەهیچ جێگەیەكی شاری سلێمانیو هەرشارو شارۆچكەیەك ئەنجام بدرێت، هەر كەسو لایەنێكیش بەپێچەوانەی ئەم بڕیارەو لەدەرەوەی قانوون هەڵسوكەوت بكات، ئەوا بێ دووڵی لەرێگەی قانوونو دادگاوە رووبەڕوی سزا دەكرێتەوە.

**(بڕوانە پاشكۆی ژمارە ٤٩ راگەیەنراوی ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی)**

[٤] هەولێر؛ لە رێوشوێنێكی ئەمنی توندا خۆپیشاندان كرا، سایتی سبەی،٢٠١١/٤/١٨/
**http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35704&cat=1**

[٥] سەرای ئازادی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/١٨/
**http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35714&cat=1**

لەدوای راگەیەنراوەکەی لیژنەی ئەمنی پارێزگای سلێمانی بۆ قەدەغەکردنی خۆپیشاندان، لە سەرلەبەیانی ئەمرۆ (سێشەممەوە) چەکدارەکانی سەر بە دەسەڵات ڕێوشوێنی ئەمنی توندیان گرتوەتە بەر،هاوکات بە هەزاران چەکدار لە شەقامەکانی (پیرەمێرد، کاوە، ئۆرزدی) و ناوچەکانی دیکەی دەوروبەری سەرای ئازادیو شەقامی سالمو ژمارەیەك لە کوچەو کۆڵانەکانی شاردا بڵاوکراونەتەوە، چەکدارەکان ڕێگری لە کۆبونەوەی هاوڵاتیان دەکەنو داوای پێناسی شەخسی لە هاوڵاتیان دەکەن، لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەك هاوڵاتی لەلایەن چەکدارەکانی یەکێتییەوە دەستگیرکراون. [٦]

لەدوای سوتانی سەکۆی مەیدانی سەرای سلێمانی خوێندکارانو مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بریاریاندا خۆپیشاندانەکان بگوێزنەوە بەردەم دادگای سلێمانی، دواتر لەلایەن چەکدارەکانی یەکێتییو هێزە ئەمنیەکانەوە هێرش کرایە سەریانو ژمارەیەکی زۆریشیان لێدەستگیر دەکرێت.

رۆژی ١٩ی نیسان سەدان خوێندکاری زانکۆی سلێمانیو ژمارەیەك لە مامۆستایانی زانکۆ، بەمەبەستی ئەنجامدانی خۆپیشاندانی نارەزایی دژی توندوتیژییەکانی دەسەڵات بەرامبەر خۆپیشاندەران، بەرەو دادگای سلێمانی بەرێکەوتن،هاوکات لەکاتی بەرێکەوتنیاندا، لە نزیك (سینەما سیتی) لە سەرچنار لەلایەن چەکدارەکانی یەکێتییەوە هێرشکرایە سەریانو ڕێگرییان لێکرا بۆ چونیان بەرەو دادگای سلێمانی، لەهەمان کاتدا چەکدارەکان لە ژمارەیەك خوێندکاریان داوەو ڕێگاکەیان گرتووەو ناهێڵن خوێندکاران خۆپیشاندانەکەیان ئەنجام بدەن.

لەلایەکی دیکەوە چەکدارەکانی یەکێتی بەزۆر نزیکەی (٩) پاسی خوێندکارانو مامۆستایانی زانکۆی سلێمانیان بەرەو گوندێکی نزیك (چەق چەق) بردوەو گەمارۆیان داون. [٧]

[٦] دەسەڵات سلێمانی کردوەتە سەربازگە، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/١٩/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35733&cat=1

[٧] خوێندکارانو مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بەرەو دادگا بەرێکەوتن، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/١٩/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35732&cat=1

لەگەڵ خوێندکارانو مامۆســتایانی زانکۆدا ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسانو نوسەران چونە بەردەم دادگای سلێمانی، لەلایەن هێزێکی ئەمنیەوە هەمووسان دەستگیرکران، رێبین هەردی نوسەرو روناکبیروو هەردو ســکرتێری نوسینی رۆژنامەی (رۆژنامە) هیوا جەمالو ســیروان رەشیدو دلێر عەبدولخالقو دەیان رۆژنامەنووســی تر لەبەردەم دادگای سلێمانی دەستگیرکرانو پاش زیاتر لە ١٢سەعات لە دەستگیر کردنیان لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە ئازادکــران ،هاوکات لەکاتی دەســتگیرکردنیدا بە چەندین شــێواز لەلایەن چەکدارەکانی یەکێتییەوە ئەشــکەنجە دراونو سوکایەتیان پێکراوە، هەروەها شوێنەواری ئەشکەنجەدان بە جەستەیانەوە دیارە. [٨]

**(بروانە وێنەی ژمارە ٣٠)**



**وێنەی ژمارە ٣٠**

[٨] رێبیــن هــەردی لەلایــەن چەکدارەکانــی یەکێتییــەوە ئەشــکەنجە دراوە، ســایتی ســبەی، ٢٠١١/٤/٢٠/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35780&cat=1

هاوكات لەگەڵ دەستگیركردنی خوێندكاران‌و مامۆستایانی زانكۆو رۆژنامەنووساندا پاش نیوەرۆكەی هێزە ئەمنیەكان هەڵیانكوتایە سەر حەرەمی زانكۆی سلێمانی‌و بەشە ناوخۆییەكانی ئیسكان‌و نزیكەی ٥٠ خوێندكار بریندار‌بون كە یەكێك لە بریندارەكان بە فیشەك بوەو چەندین خوێندكاریش دەستگیركراون، هاوكات چەكدارەكان چونە ناو حەرەمی زانكۆوەو گازی فرمێسك رێژیان رشتوە. [٩]

هاوكات لەگەڵ خۆپیشاندانەكانی سلێمانیدا هێزەكانی ئاسایش هەڵیانكوتایە سەر كۆلێژی زانستە كۆمەڵایەتیەكانی زانكۆی كۆیەو ژمارەیەك خوێندكارو رۆژنامەنوس دەستگیر كران، دوای ئەوەی لە بەیانی ١٩ی نیسان خوێندكارانی زانكۆی كۆیە كۆبونەوەیەكی نارەزایی ئەنجامداو مانگرتنیان دەستپێكرد، دژی ئەو هێرشە چەكدارییەی دوێنێ لەلایەن ئاسایشەوە لە نزیك شارۆچكەی دوكان كرایە سەر خوێندكارانی زانكۆكەیان، پاش ماوەیەك لە دەستپێكردنی چالاكییەكانیان، هێزێكی ئاسایش هەڵیانكوتایە سەر كۆلێژی زانستە كۆمەڵایەتیەكان لە زانكۆی كۆیەو چەند خوێندكارێكیان دەستگیركردو هێزەكانی ئاسایش حەرەمی زانكۆیان شكاندوەو لەناو هۆڵەكانی خوێندندا، چەند خوێندكارێكیان دەستگیر كردوە. [١٠]

لە رانیەش سەرباری ئەوەی چواردەوری مەیدانەكەیان گرتبو، خۆپیشاندانی جەماوەری بەرێوەچوو سەرەرای ئەوەی لەلایەن هێزە ئەمنیەكانیشەوە رێگریان لێدەكراو چواردەوری مەیدانی ئازادی شارەكەیان گرت‌و دەستیان بەسەر سەكۆی مەیدانەكەدا گرت بەڵام دوای رووبەرووبونەوەیەكی زۆر سەرەنجام خۆپیشاندەران توانیان سەكۆی مەیدانەكەیان كۆنترۆڵ بكەنەوەو درێژە بە خۆپیشاندەران بدەنەوە. [١١]

هاوكات لە رانیەو كەلار دەربەندیخان‌و هەڵەبجەو كۆیەو خورماڵ‌و شارەزوور خۆپیشاندان‌و نارەزایەتی بەرێوەچوو، هەروەها لە هەندێك لەو شارانەدا هێزە ئەمنییەكان پەلاماری خوێندكارانی زانكۆو هاوڵاتیانی خۆپیشاندەریان داوەو چەند كەسێكیان برینداركردووە، لە رانیە هێز چووەتە مەیدانی ئازادی‌و لە ئەنجامدا لەگەڵ خۆپیشاندەراندا پێكدا هەڵپژاون، لە دەربەندیخانیش هێزە ئەمنیەكانەوە تەقەیان لە خۆپیشاندەران كردووەو سێ كەسیان برینداركردووە،

[٩] چەكدارانی یەكێتی هەڵیانكوتایە سەر حەرەمی زانكۆ، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/١٩/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35761&cat=1

[١٠] هەڵیانكوتایە سەر كۆلێژی زانستە كۆمەڵایەتیەكانی زانكۆی كۆیە، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/١٩/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35731&cat=1

[١١] رانیە؛خۆپیشاندانی جەماوەری بەرێوەدەچێت، سایتی سبەی،٢٠١١/٤/١٩/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35752&cat=1

هەروەها لە كەلاريش چەند خوێندكارێكی زانكۆ دەســتگیركراونو هێزەكان بەچەكەوە چوونەتــە ناو زانكۆوەو پەلاماری خوێندگاریانداوەو چەنــد خوێندگارێكیان برینداركردووەو چەنــد كچە خوێندكارێكیش بووراونەتەوە. هەروەهــا لە ناحیەی خورماڵ هێزە ئەمنیەكان هەڵیانوكتایــە ســەر خۆپیشــاندەرانو هاوڵاتیەكیــان برینــدار كــردو ژمارەیەكیشــیان دەستگیركرد.[١٢]

لە توندووتیژیەكانی ١٩ی نیســانی شــاری ســلێممانی نزیكەی ٩٠ كەس برینداربوون بــە وتەی بەڕێوەبەری گشــتی نەخۆشــخانەی فریاكەوتنی ســلێمانی زیاتر لە ٣٠ كەس برینداربوونو ٦٠ كەســی تریش لەناو ئەمبۆلانسەكاندا لەشوێنی رووداوەكان، چارەسەری پێویســتیان بۆ كراوە. د. هاوار حەســەن، بەڕێوەبەری گشتی نەخۆشــخانەی فریاكەوتنی سلێمانی ئاماژەی بەوەشدا: بریندارەكان سیانیان فیشەكەو حەوتیان چالاكییە مەدەنییەكانەو بیستیشیان هاوڵاتین». [١٣]

لەبەرامبەر توندوتیژیەكانی دەسەڵاتدا ئەنجومەنی كاتی سەرای ئازادی رایدەگەیەنێت: بە سەربازگە كردنی شارو شــارۆچكەكانی كوردستان لە لایەن هێزی كوردیەوە، خیانەتی نیشتمانیە.

ئەنجومەنی كاتی سەرای ئازادی لە راگەیەندراوێكدا ئاماژە بەوەش دەكات راشیدەگەیەنێت: ئێمە بە دەسەڵات دەڵێین بەم كردارانەتان تەنها باڵەخانەی تاوانەكانتان بەرزتر دەكەنەوەو هاونیشتمانیان لە خۆتان توڕەتر دەكەن.

راگەیەنراوەكە ئەوەشی خستۆتە روو كە : بەم كردارانەتان تەنها باڵەخانەی تاوانەكانتان بەرزتر دەكەنەوەو هاونیشتمانیان لە خۆتان توڕەتر دەكەن، لێرەوە بانگهێشتی ئەو كەسانە دەكەین كە دەســەڵات كردونی بە پاسەوانی دەزگا ســەركوتكارەكانیان كە بكشێنەوە لە پارێزگاریكردنو پیادەكردنی سیاسەتە چەوتەكانی ئەم دەسەڵاتە شكستخواردوەو بەشداری بكەن لە ئازادكردنو پارێزگاریكردن لە ئاسایشو سەلامەتی هاونیشتمانیان.

**(بروانە پاشكۆی ژمارە ٥٠ راگەیەنراوی ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی)**

[١٢] خۆپیشاندانو توندوتیژیی چەند شارێكی تر دەگرێتەوە. سایتی لڤین، ٢٠١١/٤/١٩/
http://www.lvinpress.com/newdesign/Dreje.aspx?Jimare=3447

[١٣] لەتوندوتیژییەكانی سلێمانیدا ٩٠ كەس برینداربوون، سایتی خەندان،٢٠١١/٤/١٩/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=24137&Jor=1

# دووەم/ کاردانەوەی سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان


لەبەرامبەر ئەو توندووتیژیانەی هێزە ئەمنیەکاندا بەرامبەر بە خۆپیشاندەران ئەنجامیاندا، هەرسی لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن بەیاننامەیەکیان راگەیاندو ئاماژەیان بەوەدا کۆکردنەوەی هێــزی ســەربازی جارێکی تر ئەوەی ســەلماند یەکێتــیو پارتی هێزە ســەربازیەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاردەهێنن

لــە بەیاننامەکەی (گــۆڕانو یەکگرتوو کۆمەڵدا) هاتووە: هــەروەك رونە لە چەند رۆژی رابردودا چەندین رۆشــنبیرو زانای ئاینیو رۆژنامەوانو چالاکوانی مەدەنیو مامۆســتایانی زانکــۆو خوێنــدکارانو کاســبکارانو هاولاتیانی مەدەنــی لەلایەن دامــودەزگا ئەمنیو چەکدارەکانی سەر بە هێزە دەسەڵاتدارەکان دوچاری گرتنو ئەشکەنجەدانو پێشێلکردنی مافەکانیان بونەوە.

سێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن لە بەیاننامەکەدا دوپاتی دەکەنەوەکە : بە سەربازگەکردنی شــارەکانو هێــز کۆکردنــەوەو بەکارهێنانــی توندوتیژی دژ بــە هاولاتیــانو ئاماژە بە هەڕەشــەکردن دژ بە هێزە سیاسیەکان دۆخی کوردســتان بەرەو ئاڵۆزی دەباتو ئەگەری دەرهاویشــتەی خراپو تورەکردنی زیاتــری جەماوەری لێدەکرێــتو هەرچیش لەم روەوە روبدات ئۆباڵی دەخەینە ئەستۆی هێزە حوکمرانەکانی کوردستان.

**بڕوانە وێنەی ژمارە ٣١**

**(بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٥١ بەیاننامەی سێ لایەنەکەی ئۆپزسیۆن)**



**وێنەی ژمارە ٣١**

هـــاوكات لە راگەیەنراوێکدا ژمارەیەك دادوەری پارێزگای ســـلێمانی نیگەرانی خۆیان لەو رەوشەی ئێســـتای هەرێمی کوردستان رادەکەیەنن کە پێشێلی یاسا دەکرێتو نوسیویانە: «ســـەبارەت بەو روداوانەی لە ٢٠١١/٢/١٧و دواتر لە ناو شـــاری ســـلێمانیو چەند شـــارو شـــارۆچکەیەکی پارێزگای ســـلێمانی رویاندا، لەو کاتەوەو تائێستا ئەوەی بە زەقی بەسەر کەشـــی ژیانو رێزگرتنی یاساوە دیارە بریتیە لە هەڵکشانی بێشوماری بەکارهێنانی هێزی سەربازیو توندوتیژیو پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤی کورد بە چەندین شێوازی نایاسایی‌و نامرۆڤانەو بێبایەخکردنی یاساو رۆڵی دادگا لە کێشەکاندا».

ئەو دادوەرانە ئەوەشیان نوســـیوە: «بە ئەرکی خۆمانی دەزانین رای گشتی کوردستانو دەســـەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردســـتان لە هەمو ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر هاوڵاتیان دەکرێتو لە ئاراستەی روداوەکان بەرەو دۆخێکی مەترسیدار، ئاگادار بکەینەوە، هەروەها لە رێزگرتن لە یاساو بێلایەنی دادگاکانو دورخستنەوەیان لەوەی بەکاربهێنرێن وەك بەشێك لە درێژەدان بە بارودۆخی ئێستا، ئەویش بە چاوپۆشینی دەسەڵاتداران لەو هەمو بێرێزیەی بەرامبەر دادگاو دادوەران دەکرێت، کە دیارترینیان بریتین لە دەســـتگیرکردنی نایاسایی‌و ئەشکەنجەدانی هاوڵاتیانو جێبەجێکردنی ژمارەیەکی بڕیارەکانی دادگاو جێبەجێنەکردنی ژمارەیەکـــی تریـــان واتە جێبەجێکردنی بڕیـــارەکان بە شـــێوەیەکی ئینتیقائی. ئێمە ئەم روداوانە بە پێشـــێلکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤو یاســـا کارپێکراوەکانو بێرێزی بەرامبەر یاساو دادگاکان دەزانین».

**(بروانە پاشکۆی ژمارە ٥٢ بەیاننامەی ژمارەیەك دادوەری پارێزگای سلێمانی)**

لەئاســـتی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیشدا لە راپۆرتێکدا رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور رایگەیاندووە: جێگای قبوڵ نیە بەشـــێوەیەکی هەڕەمەکی فیشـــەك بە خۆپیشـــاندەرانو رۆژنامەنوسانەوە بنرێت

لەراپۆرتێکدا کە بەناوی دەســـتدرێژی (کوردســـتانی عێراق، دەستدرێژیو دەستگیرکردن بەســـەر رۆژنامەنوســـاندا دەبارێـــت)، رێکخراوی پەیامنێرانی بێ ســـنور لە ١٩ی نیســـان بلایکردۆتەوە رایگەیاندوە: هێزە ئەمنیەکان بەشێوەیەکی هەڕەمەکی شوێنپێی میدیاکاران هەڵدەگرنو راپێچی دادگایان دەکەن.

هەر لە راپۆرتەکەدا باس لەوە کراوە: رێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور ئیدانەی زیادبونی ئەو دەســـتدرێژیە جەستەییانەو دەســـتگیرکردنی ئەو رۆژنامەنوسانە دەکات کە لە کەلارو سلێمانیو هەولێر لە رۆژانی رابوردودا روداوەکانیان رومالکردوە.

ئـــەوەش خراوەتـــەڕو کە: جێـــگای قبوڵ نیـــە بەشـــێوەیەکی هەڕەمەکی فیشـــەك بە خۆپیشاندەرانو رۆژنامەنوسانەوە بنرێت.

هـــاوكات ڕێکخراوەکـــە داوای لە دەســـەڵاتەکانی هەرێـــم کردوە پارێـــزگاری لە گیانی ڕۆژنامەنوسان بکرێتو مافی کارکردنیان بۆ فەراهەم بکرێت.

بە گوێرەی ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ ســـنور، تەنها لە ٤/١٨ دا لە شـــاری هەولێر، لە کاتی ڕوماڵکردنی خۆپیشاندانە جەماوەریەکەدا، دەستدرێژی کراوەتە سەر ژیار عومەر (ڕۆژنامەی هاوڵاتی)، شـــوان ســـدیق (گۆڤاری ســـڤیل)، هەریەکە لە ئاوارە حەمید (ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو سبەی)، بەهمەن عومەر لە گۆڤاری (سڤیل)و هەژار ئەنوەرو مەریوان مەلا حەســـەنی پەیامنێرانی (کەی ئێن ئێن)، بۆ ماوەی دو ســـەعات لەلایەن پۆلیسەوە بە دەستبەسراوی دەستەبەسەر کران.

هەر لە ڕاپۆرتەکەدا باس لە برینداربونی چنور محەمەد، فۆگرافەری ڕۆژنامەی هاوڵاتیو بڕیاری دەستگیرکردنی، فاروق ڕەفیق، نوسەرو توێژەری فەلسەفە لە سلێمانی کراوە. [١٤]

لە لایەن خۆشـــیەوە ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ۆچ ڕایگەیاندووە پێویستە دەسەڵاتدارانی کوردســـتان کۆتایی بێنن بـــە فراوانکردنی ســـەرکوتکاریەکانیان لە دژی خۆپیشـــاندانی هێمنانە.

لە ڕاپۆرتێکدا ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ۆچ کە بەناوی (عێراق فراوانبونی سەرکوتکردنی خۆپیشـــاندانەکان) بڵاویکردوەتەوە، داواکراوە دەســـەڵاتدارانی یەکێتیو پارتی لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بکەن کە بەرپرسن لە هێرشکردنە سەر خۆپیشاندەران.

لە ڕاپۆرتەکەدا هاتوە: پێویستە دەسەڵاتدارانی کوردستان کۆتایی بێنن بە فراوانکردنی ســـەرکوتکاریەکانیان لە دژی خۆپیشـــاندانی هێمنانەو دەبێت دەســـەڵات لێپێچینەوە لەو کەســـانە بکات کە بەرپرســـن لە پەلاماردانی خۆپیشـــاندەرانو ڕۆژنامەنوسان لە هەولێرو سلێمانی لە ١٧ی نیسانەوە.

هەر لە ڕاپۆرتەکەدا بە شـــێوەیەکی ورد باس لە گرتنو هێرشـــکردنە سەر کەسایەتیە سیاسیو ڕۆشنبیریو مەدەنیەکان لەلایەن چەکدارانی یەکێتیەوە لە سلێمانی کراوەو ئاماژە بە ئاماری سەرجەم ئەو ڕوداوانەش کراوە. [١٥]

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ٣٢)**

---

[١٤] ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/١٩/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35763&cat=1

[١٥] ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ۆچ، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/٢٢/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35849&cat=1




وێنەی ژمارە ٣٢

# سێیەم/ شەهیدانی ١٧ی شوباتو رۆژانی دوایی

## أ- شەهیدەکان

لە خۆپیشـــاندانەکانی ١٧ی شـــوباتو رۆژانی دواییدا ژمارەیەکـــی زۆر بە گوللەی هێزە ئەمنیەکان کوژرانو بریندار بوون، ئەو شـــەهیدانەی بە درێژایی خۆپیشاندانەکان لە ١٧ی شوبات تا ١٩ی نیشان شەهید بوون، بریتیبوون لە:

**(بروانە خشتەی ژمارە ٣)**

**ناوی شەهیدانی 17ی شوبات و رۆژانی دوایی**

| ژ | ناوی شەهید | لەدایك بووی | پیشە | شوێنی نیشتەجێ | شەهید بون |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | رێژوان عەلی | ١٩٩٥ | خوێندكار | سلێمانی | ١٧/٢/٢٠١١ |
| ٢ | سورکێو زاهد | ١٩٩٤ | خوێندكار | سلێمانی | ٢٠/٢/٢٠١١ |
| ٣ | شێرزاد تەها | ١٩٨٢ | کاسب | سلێمانی | ٢١/٢/٢٠١١ |
| ٤ | گەرمیان ئەحمەد | ١٩٩٨ | خوێندكار | چەمچەماڵ | ٢٥/٢/٢٠١١ |
| ٥ | بیلال ئەحمەد | ١٩٩٥ | خوێندكار | کەلار | ٢٥/٢/٢٠١١ |
| ٦ | ئومێد جەلال | ١٩٨١ | شوفێر | سلێمانی | ٢٦/٢/٢٠١١ |
| ٧ | هەردی فاروق | ١٩٨٣ | دەرچوی زانكۆ | سلێمانی | ٢١/٤/٢٠١١ |
| ٨ | محەمەد رەشید | - | خانەنشین | کەلار | ٢٥/٢/٢٠١١ |
| ٩ | سەرکان حەمە سەعید | - | مفەوەز | هەڵەبجە | ٢٣/٢/٢٠١١ |
| ١٠ | عەلی رەسوڵ | - | پۆلیس | هەڵەبجە | ٢٢/٢/٢٠١١ |

**خشتەی ژمارە ٣**



ناو : ڕێژوان عەلی

تەمەن: 16ساڵ   1995

شوێن : سلێمانی - دارۆغا

شەهید بوون:   2011/2/17

ئاستی خوێندن: هەشتی بنەڕەتی

پیشە: خوێندکار

شوێنی شەهید بوون/ بەردەم لقی چواری پارتی

یەکەم شەهیدی خۆپیشاندانەکانی  17ی شوباتە





ناو : سورکێو زاهد

تەمەن: 17ساڵ - 1994

شوێن :سلێمانی

شەهید بوون: 2011/2/20

ئاستی خوێندن: چواری ئامادەیی

پیشە: خوێندکار

شوێنی شەهید بوون/ بەردەم نەخۆشخانەی سلێمانی ئەهلی

دووەم شەهیدی خۆپیشاندانەکانی 17ی شوباتە





ناو : شێرزاد تەها

تەمەن: 29ساڵ - 1982

شوێن :سلێمانی

شەهید بوون: 2011/2/21

ئاستی خوێندن: تا پێنجی بنەرەتی

پیشە: کاسب

شوێنی شەهید بوون/ بەردەم نەخۆشخانەی سلێمانی ئەهلی

سێیەم شەهیدی خۆپیشاندانەکانی 17ی شوباتە





ناو : گەرمیان ئەحمەد

تەمەن: 13ساڵ - 1998

شوێن :چەمچەماڵ

شەهید بوون: 2011/2/25

ئاستی خوێندن: پێنجی سەرەتایی

پیشە: خوێندکار

شوێنی شەهید بوون/ نزیك لقی 19ی پارتی لە چەمچەماڵ

چوارەم شەهیدی خۆپیشاندانەکانی 17ی شوباتە





ناو : بیلال ئەحمەد

تەمەن: 16ساڵ - 1995

شوێن :کەلار

شەهید بوون: 2011/2/25

ئاستی خوێندن: چواری ئامادەیی

پیشە: خوێندکار

شوێنی شەهید بوون/ بەردەم لقی 22ی پارتی لە کەلار

پێنجەم شەهیدی خۆپیشاندانەکانی 17ی شوبارتە





ناو : ئومێد جەلال

تەمەن: 30ساڵ - 1981

شوێن : سلێمانی

شەهید بوون: 2011/2/26

ئاستی خوێندن: شەشی ئامادەیی

پیشە: شۆفێر

شوێنی شەهید بوون/ بەردەم مزگەوتی گەورە

شەشەم شەهیدی خۆپیشاندانەکانی 17ی شوباتە





ناو : هەردی فاروق

تەمەن: 28ساڵ - 1983

شوێن :سلێمانی

شەهید بوون: 2011/4/21

ئاستی خوێندن: دەرچوی زانکۆ

پیشە: لە چاپخانەی رەنج و سەردەم

شوێنی شەهید بوون/ بەردەم نەخۆشخانەی ئێمرجنسی

دوایین شەهیدی خۆپیشاندانەکانی 17ی شوباتە





ناو: محەمەد رەشید

رۆژی شەهید بوون: 2011/2/25

پیشە: خانەنشین

شوێن: کەلار



ناو: سەرکار حەمە سەعید

رۆژی شەهید بوون: 2011/2/23

پیشە: مفەوەزی پۆلیس

شوێن: هەڵەبجە



ناو: عەلی رەسوڵ

رۆژی شەهید بوون: 2011/3/22

پیشە: پۆلیسی هێزی بەرگری فریاکەوتن

شوێن: هەڵەبجە

لەبەرئەوەی تەواوی زانیاری لەسەر ئەم سێ شەهیدە دەست نەکەوت بۆیە پێکەوە دانران

## ب- دەسەڵاتی عیشق کوژ

ئەگــە خۆپیشـــاندانەکانی ١٧ی شـــوباتو رۆژانی دوایـــی، رەمزی بەرەنـــگار بوونەوەو رووبەروبونـــەوەی ســـتەمو ناعەدالەتیو گەندەڵی بووت، ئەوا لـــە هەمانکاتدا بۆ ئەوانەی بوونە قوربانی گوللەی هێزە ئەمنیەکان، خســـتنە چاڵی دەیان خەونو ئاوات خۆشەویســـتی بوو، زۆرێك لەو گەنجانەی لە خۆپیشاندانەکەی ١٧ی شوباتو رۆژانی دوایی شەهید بوون، خاوەنی خەونی ئەڤینداریو خۆشەویســـتی خۆیان بوون، بـــەڵام گوللەی هێزەکان لەگەڵ خۆیدا عیشقو ئەڤینداری هەموویان خستە چاڵەوە.

## یەکەم/ رێژوان عەلی

لەگەڵ ئەوەی رێژوان تەمەنی بەڵام ئەوەی لەگەڵ خۆیدا بەجێی هێشت عیشقێکی شاراوە عیشقێك کە کەس نازانێت مەعشوقەکە کێیەو رێژوان کێی خۆش ویستووە، لە نامەیەکی بەجێماودا کە (لەناو ســـوچێکی دزدانەکەیدا نوشـــتی کردبوو) ئاماژە بە کەســـێك دەکات کە زۆری خۆش دەوێت، بەڵام ئەو کەســـە پێناچێت بە خۆشەویســـتیەکەی رێژوان بزانێت، بەڵام ئەفســـوس بەرلەوەی رێژوان وەڵامەکەی دەست کەوێت، بەرلەوەی چرۆی عیشق لە دڵیا بپشـــکوێت، دەســـەڵات ئەو لە بنا بریەوەو لەگەڵ رووحی رێژواندا ئەو عیشقەشی ژێر گڵکرد.

**دەقی نامە بەجێماوەکەی رێژوان**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

ســـەرەتا هیوادارم باش لەمەبەســـتم تێ بگەی هەرچەندە ناویشـــت نازانم باش ناشت ناسم بەڵام زۆر خوێن گەرمی وە باوەڕ بکە لەو رۆژەوەی تۆم دیوە جێگایەکی باشت لە دڵما داگیر کردووە . وە زۆرم خۆش دەوێیت باوەر بکە زۆر دەمێکە ئەمەوێت پێت بڵێم کە چەنم خۆش ئەوێی وە باوەڕ بکە تا ئێســـتا خۆشەویستیم نەکردووە بەڵام گەر تۆش منت خۆش بوێت ئەمەوێت دەست پێ بکەم وە سپاسی جوابت دەکەم هەناسەکەم .. بە هەرشێوەیەك بێت وە من ناوم رێژوانە .. وە تۆش ناوی خۆتم پێ بڵێ..

(رێژوان ٠٧٧١٠٢٢٢٦٩٨)

(ئەم پارچە شیعرەش پێشکەشە بەتۆی ئازیز)

(قەت خەیاڵ نەکەی تۆ لە یاد بکەم


مەگەر ئەو رۆژەی کۆچ بۆ خاك بکەم) (چاوەرێی جوابی تۆم)

(نیگار کێشی وڵاتێك بووم ....لە جوانیت سەرم سوڕماوە

سوجدە دەبەم بۆو یەزدانەی ........کەوا نەخشەی تۆی کێشاوە)

(کێ وەکو من خۆشی ئەوێی ....کێ وەکو من بۆت دەسوتێ

ڕۆژ نیە بۆ بینینێکت ....دەرسی یەکەمم نەفەوتێ
نەك بەتەنها دەرسەکانم ....واخۆشم ئەفەوتێنم گوڵێ
تۆش بەمانە هیچ نازانی .... کەسێکیش نیە پێت بڵێ)
(چاوەڕوانی جوابی تۆم هەناسەکەم)
**(بڕوانە وێنەی ژمارە ٣٣)**



**وێنەی ژمارە ٣٣**

## دووەم/ زمناکۆ رزگار

زمناکۆ کە لە رۆژی ١٧ی شـــوبات لەگەڵ ڕێژواندا لە بـــەردەم لقی چواری پارتی گوللە بەرســـەری کەوتوو بە یەکێك لە بریندارە ســـەختەکانی خۆپیشاندانەکان دادەنرێتو دوای چەندین نەشـــتەرگەری لە ئێســـتادا رەوشی باشـــترە. زمناکۆ کە قوتابی دەیەمی ئامادەی قوتابخانـــەی ئەزمەری کوران بوو. ئەو بەپێی گێرانەوەی خۆیو هاورێکانی خۆشەویســـتی هەبووە. بەڵام دوای برینداربوونی خۆشەویستەکەی شوی کردووە.

لە یەکێك لە دەفتەرەکانی قوتابخانەیدا نوسیویەتی:

خۆشەویستی منو تۆ

هەموو کاتێ بیرم کردووی

لەچاوانما هەڵمگرتووی

هەموو کاتێ لەبیرمدای

لە باوەشی تەنیایمدای


وەك پەپولە لە باخمدای

پاشان نوسیویەتی (عیشق وەفایە .... عیشق سامانە .... عیشق جوانیە)

لەچاوپێکەوتنێکماندا لەگەڵ زمناکۆ لەبەر خۆیەوە وتی :

لەناو گوڵاندا گوڵ هەڵ ئەبژێرم .......... دەیکەمە دیاری بۆتۆی دەنێرم

کاتێك لێمپرسی بۆت نارد. وتی نەبەخوا. نەیان هێشت. وتیشی شوی کردووە. ئەوکاتەی کە چووم بۆ ئەڵمانیا بۆ نەشـــتەرگەری ئەو شوی کرد. هەمیشە ئەم وت یەك کچ نیە لەم جیهانە تەنها ئەو نەبێت. **(بڕوانە وێنەی ژمارە ٣٤)**



**وێنەی ژمارە ٣٤**

## سێیەم/ شێرزاد تەها

شێرزاد ئەو گەنجەی کە سێیەم شەهیدی خۆپیشاندانەکان بوو، لە ٢٠ی شوبات بریندار بوو لە ٢٣ی شوبات گیانی لەدەستدا، شێرزاد تاقانەی چوار خۆشك بوو لەبەر ئەوەی بژێوی ماڵەوە پەیدا بکات لە پێشـــانگای ئۆتۆمبیلەکان چایچی بوو، ئەو بە وتەی تاقگەی خۆشکە گەورەی ماوەی دوو ســـاڵ بوو کچێکی خۆش ئەویســـت، ئێمە هەمووومان بەوەمان دەزانی کە ئەو کچەی خۆش ئەویســـتو ئێمەش قسەمان لەگەڵ کچەکەیا کردووە، بەڵام شێرزاد هەمیشــە دەیوت من ئەو کچە بێنم لەکوێی دانیم چۆن بەخێوی بکەم، من هیچ شـــتێکم نیە. کە ماڵێکم نەبێت خانووم نەبێت چۆن بیهێنم.

## چوارەم / هەردی فاروق

هەردی فاروق کە دوایین شـــەهیدی خۆپیشاندانەکان بوو، ئەو دوای دەرچوونی لە زانکۆ دوو شـــەفت کاری دەکرد، بەیانیان تا ئێوارە لە چاپخانەی سەردەمو شەویش لە چاپخانەی رەنج کاری دەکرد لەبەر ئەوەی بتوانێت خانوویەك پێکەوە بنێت، بۆ ئەوەی دەزگیرانەکەی بگوازێتەوە، ئەو تازە کچێکی مارەکردبوو، دەیویســـت ژیانێکی نوێ بونیاد بنێتو سەرەتای درووستکردنی خۆشەویستیو ئەویندارى بوو.

کوشتنی هەردی تەنها کوشتنی خەونو هیواو ئاواتەکانی گەنجێك نەبوو بەڵکو کوشتنی خەونو ئاواتی گەنجێکی دیکەش بوو، کە هیوای ژیانێکی نوێی لەسەر هەردی بونیاد نابوو ئـــەو کچەی کە دەزگیرانی هەردی بوو، خەونی عیشـــقو خەونی بوکێنیو خەونی ناونانی یەکەم منداڵی خۆیان لەگەڵ کوشتنی هەردیدا کردە گۆڕەوە.

## پێنجەم/ ئومێد جەلال

ئومێد جەلال کە هاوسەرگیریەکەی ٢ ساڵی تەواو نەکردبوو تازە لە سەرەتای ژیاندابوو، خاوەنی منداڵێکی ٦ مانگ بوو، ئەو لە ناو خێزانێکی بەختەوەرو پڕ لە عیشقو خۆشەویستیدا دەژیا، لەلایەن عیشـــقو خۆشەویســـتی خێزانو لەلایەکیش خۆشەویستی ئەنەسی شەش مانگەکەی، بەتەواوی ماڵە تازە درووســـتبووەکەی لێیبوە فیـــردەوس، بەڵام گوللەی هێزە ئەمنیەکان، لەلایەك خێزانە تازە چەکەربووەکەی هەڵوەراندوو لەلایەکی دیکەش عیشـــقو خۆشەویستی ئەنەسی ٦ مانگیان تا هەتایە بێنازو خۆشەویستی کرد.

## ج- شەهیدان دەبنە رەمزی خۆپیشاندەران

هەمیشەو لە سەرجەم ئەو وتارو شیعرو پەخشانانەی کە لە سەرای ئازادی دەخوێنرانەوە، ناوی شـــەهیدانی ١٧ی شـــوباتو رۆژانی دوایی دەهات، وە ناوی شەهیدەکان ببوە وێردی سەرزمانی خۆپیشاندەران، هەربۆیە لە ٢٠١١/٣/٢٨ داو دوای چل رۆژ لە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شـــوبات، لە مەراسیمێکی گەورەدا چلەی شـــەهیدانی ١٧ی شوبات، کرایەوەو تیایدا وتاری سەرجەم بنەماڵەی شەهیدان خوێندرایەوە لەگەڵ چەندین شیعرو پەخشاندا.

**چلەی نێرگز** **محەمەد رەئوف** *



**وێنەی ژمارە ٣٥**

سڵاوتان لێبێت ئەی روحە زیندووەکانی کۆمەڵگە سڵاو......

ئەی ئەوانەی ژیانی سیاســیو عەقڵی سیاسیتان نوێکردەوە، کە ٢٠ ساڵە سەرکردەکان پیری دەکەن......

*ئەو پەخشانە لە چلەی شەهیدانی ١٧ی شوباتو رۆژانی دوایی لە ٢٠١١/٣/٢٨ لەسەرای ئازادی خوێندراوەتەوە.

سـلاوتان لێبێ ئەی ئەوانەی چل ڕۆژە روحی شـەهیدەکان لە ئامێز دەگرنو فرمێسکی چاوی دایكو باوكو ئازیزانیان دەسڕن.....

ڕێژوانەکەم، توو روزەردی بکوژانت، گەر ئیرادەی بەهێزی سـەرای ئازادی نەبوایە، چەند سیناریۆو چەند پلانیان بۆ کوشتنەوەت داڕشتبوو، ئەو گوللەی رووی لە تۆ کرد، ئەوە ئافاتی مێژوو بوو میری بابانی تیرۆرکرد.

سـورکێو توو ئیرادەی بەهێزی باوکت، کە چل ڕۆژە بە هەناسـەی سوارو گەرووی پڕ لە گریانـەوە، لەم مەیدانی یەکلاکەرەوەیەی مێژوودا، هەموو ڕۆژێ ئیسـپات وجودی تۆ ئەکا لە نێو گەنجانی سەرادا، گەر تووڕەیی سەرای ئازادی نەبوایە چەند هاوڕێتیان لەگەڵ تۆدا ژێر گڵ دەکرد.

شـێرزاد، تـوو تاقانەی ولاتەکەم، توو ئـەو گیرفانە خاڵیەت کە بـەردەوام وەك عەقڵی سەرکردەکان خاڵی بوو، ئەگەر دوێنێ دایكو باوکت تەنها تۆیان شك بردبێ، ئەوا ئەمرۆ هەموو سـەرا ئازادەکانی ولاتم هەمو روحە ئازادەکان، پڕ بە گەرو هاور ئەکەن، ئێمە براو ئێمە کوڕو ئێمە کەسو دۆستی ئێوەین.

گەرمیـان توو بێگەردیو روحی پاکت، توو ئیرادەی بەهێزی دایکتو رووخسـاری ژاکاوی باوکت، توو ئەو گرەی لەناخی گەردوونی خوشـکت جێت هێشتووە، ئەو گوللەی هەناسەی تۆیان پێ خنکان جەرگی دایکتیان پێهەڵقرچان، ئەوە گوللەی ئافاتەکەی سیا ساڵ بوو یان دەوالی ٣١ی ئاب نرا بەرووی نەهامەتیو رەشپۆشەکەی گەرمیانەوە.

بیـلال، توو ئەو گرەی کە ناخـی باوکتی ئاگرداوە، توو روخسـاری گەرمیانەکەم ئەوان مێژوو درووست دەکەنەوە، یان رەورەوەی مێژووی رەشی ئەنفال بۆ گەرمیانم ئەهێننەوە.

ئومێدەکـەم، هەتا ئەمرۆش ئەنەس چاوەڕێی لایلایەو قوتووە شـیرەکەی تۆ ئەکا، ئەو گوللەی تۆی پێپێکرا، ئەو عەقڵیەتەی ئەنەسـی تۆی بێباوك کرد، بەعس بۆخۆی شـەرم ئـەکاو پێیان ئەڵێت، ئەوانە کام دڕندەو چانەوەرن، کۆرپە لـە ئامێزی باوكو هەموو ژیان تیرۆر ئەکەن.

سەرکار وعەلیەکەی هەڵەبجەم، ئەوان ئێوەیان لێسەندین، توو جەرگی سوتاوی دایکتان، ئەرکێ ئێوە پاراسـتنی دەنگو سـەدای گەنجەکانە، یان روخسـاری گەندەڵـکاران، ئێوە ئارامیتان ئەویست ئەوان خەنکانی ئارامی، ئێوە هەڵەبجەتان ئەویست ئەوان کوشتنەوەی هەڵەبجە.

پیرەمێردە خێر لەخۆ نەدیوەکەی گەرمیان، تۆ سۆراغی کوڕەکەت سەری پێهەڵگرتی یان ئەجەلـی زەمانە، تۆ نازانی عەقڵی ئەوان رووحـی ئەوان، پڕە لە گوللەی ژەنگاوی جێماوی شەڕی ناوخۆی کلاو قاسمو کەپکەکانی حەمەد ئاغا.

ئێسـتا سەراو سەراکانم شـەهیدەکان، ئا لێرەدا راوەسـتاونو بە روخساری سورتانەوە، سـوێندتان ئەدەن، رامەوەسـتن بەردەوام بن، تەنها ئەگەر لە پێشـتاندا، تەنها ئەگەری سەرکەوتن.

بیرتان نەچێت، ئەوان لە ئەزەلەوە هەروا بوون، جوانترین وشـەیان خوێنو ناسـکترین وەڵامیان گوللە بووە، ئەوان مێژووی کوردسـان رەشـکرد، ئێوە بە سـپێتی ئەینوسنەوە، ئەوان نیشـتیمانیان لەتکرد، ئێوەن سەران سەری ئەکەنەوە، ئەوان پایتەختیان خنکاندووە، ئێوەن هەناسـەی بۆ دەگێڕنەوە، ئەوان روی بەعسیان سپی کرد، خیانەتیشیان پیرۆزکرد، پەرلەمانیان خستە لولەی دەبابەکانی بەعسەوە، ئەوان چیان نەکرد چیان نەکوشت.

ئەمـرۆ زەمەنی ئەو عەقڵـە پیرانە بەسـەرچووە، ئەوانەی دەسـەڵاتیان قۆرخکردووە، ئەیانەوێت خۆیان کوڕیان کوڕەزایان خێڵو بنەماڵەکانیان حوکمتان کەن....... کە ناتوانن،

ئەیانەوێت بەخۆیانو هەزار پیاوەوە تا هەتایە عەقڵی ئێوە، ژیانی ئێوە، کەرامەتی ئێوە، ئیرادەی ئێوە، بخنکێنن.... کە ناتوانن.

بۆیە پێتان ئەڵێم:

سـلاوتان لێبێت، ئەی ئەو کەسـانەی ئەرکەکەتان زۆر پیرۆز ترە لە ئەرکی سەرکردەو بەرپرسەکان.

سـلاوتان لێبێـت، ئەی ئـەو کەسـانەی شـوێنەکەتان زۆر پیرۆزترە لەسـەری رەشو قەلاچوالان.

## د- بریندارەکان

لەئەنجامی خۆپیشـــاندانەکانی ١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسان، رۆژانە دەیان کەس بریندار دەبوون، چ لە خۆپیشاندەرانو چ لە هێزە ئەمنیەکانو پۆلیس، شێوازو جۆری برینداربوونی خۆپیشاندەران جیاوازە، بە شێوەیەك هەندێك لە خۆپیشاندەران بە گوللەی هێزە ئەمنیەکان بریندار بوونو بەشێکیان تا ئێستاش بەدەست برینەکانیانەوە دەناڵێننو لە جێدا کەوتوون، دوای دەیان جار لە نەشـــتەرگەری چارەســـەرو چونە دەرەوەی وڵات، بەڵام بەشێکی تر لەو خۆپیشـــاندەرانەی بە گوللە بریندار بوون برینەکانیان ســـوك بـــووەو زوو چاك بوونەتەوە، بەشـــێکی تر لەبریندارا بەهۆی بەردو دارلاســـتیكو گازی فرمێسك رێژەوە برینداربوون، بەهەمان شێوە لە هێزە ئەمنیەکانیش بەشێکی زۆریان بەهۆی بەردەوە برینداربوون.

**(بڕوانە وێنە ژمارە ٣٦)**




**وێنە ژمارە ٣٦**

## ١- هێزەکانی پۆلیس

لە ســەرەتای خۆپیشــاندانەکانی ١٧ی شــوباتو رۆژانی دوایەوە، چەندین جۆری هێزی ئەمنی بەشــدار بوون، لە رووبەروو بوونەوەی خۆپیشــاندەراندا، لەوانە، پۆلیســی چالاکە مەدەنیەکان، پۆلیسی بەرگری فریاکەوتن، پۆلیسی کارەبا، ئاساییش، پێشمەرگە، زێرەڤانی، لەگەڵ هێزە حیزبیەکاندا.

لە رووبەرووبونەوەکاندا بەشــێك لەو هێزانە لە ئەنجامــی تێکهەڵپژانو رووبەروونەوەدا لەگەڵ خۆپیشــاندەران بە بەرد بریندار دەبوون، بەڵام لە خۆپیشــاندانەکانی هەڵەبجەدا لــە دوو بــەرواری جیاوازدا مفەوەزێكو پۆلیســێك کــوژران، لە خۆپیشــاندانەکانی ٢٣ی شــوباتی ٢٠١١ی شاری هەڵەبجە لە ئەنجامی رووبەرووبونەوەو توندوتیژیەکاندا چەندین کەس برینداربــوونو مفەوزێکیش بەناوی (مفەوەز/ ســەرکان حەمە ســەعید) بەگوللە گیانی لەدەســتداوە. هاوکات لە خۆپیشــاندانەکانی ٢٢/ ٣ دا لە شاری هەڵەبجەو بەهۆی توندووتیژیەکانەوە، پۆلیســێکی هێزی بەرگری فریاکەوتن بەناوی (عەلی رەسوڵ نادر) بە گوللە کوژرا.

بەپێی ریپورتایژێکی رۆژنامەی کوردســتانی نــوێ لە ماوەی تەنها چوار رۆژدا ٣٦ کەس لە هێزەکانی پۆلیسو چالاکیە مەدەنیەکان برینداربوونەو تەنها لە هەڵەبجەی شەهید ٤٠ پۆلیس بریندار دەبن.[١٧]

**(بڕوانە وێنەی ژمارە ٣٧)**


لەچوار رۆژدا، 36 کەس لەهێزەکانی پۆلیس و چالاکە مەدەنییەکان بریندار دەکرێن
هەڵەبجە 40 پۆلیسی تێدا بریندار دەبێت

**وێنەی ژمارە ٣٧**

[١٧] کوردستانی نوێ، ژمارە (٥٤١٣) بەرواری ٢٠١١/٢/٢٤، ریپۆتاژ، لاپەرە ١٤ – ١٥ .

## ٢- ناوی بریندارو دەستگیرکراوان

بریندارانی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتو ڕۆژانی دوایی، ئەگەر چی تا ئێستا ئامارێکی درووســـت نیە، بەڵام کۆی برینداراەکان ئەوانەی لە ماوەی ٦٢ ڕۆژی خۆپیشاندانەکاندا بە شـــێوازی جۆراوجۆر بریندار بوون لەسەرجەم شاروشـــارۆچکەکانی کوردستان بە نزیکەی (٢ هەزار) کەس ئەژمار دەکرێن، بەڵام لەو ژمارەیە بەشـــێکیان لەلایەن (ناســـك قادر)ەوە تۆمارکراونو ناو پیشـــەو کەیسەکەیان لە دادگاو پزیشکی تۆمار کراوە، لێرەدا بەشێك لەو کارەی خاتوو (ناسك قادر) وەك خۆی بڵاودەیکەینەوە کەلەلای خۆی پاراستوونی.

| ژ | ناو | تەمەن | پیشە | شوێنی نیشتەجێبوون | جۆری توندوتیژی | ڕێکەوتی ڕوداو | شوێنی ڕوداو | کەیس لە دادگا | ڕاپۆرتی پزیشکی | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕزگار عوسمان کریم | 27 | ڕێکخراوی ئیم ئەی جی | سلێمانی | دەستگیرکردن و ئەشکە نجەدان | 17/2/2011 | | بەڵێ | نەخێر | سەرباری لێدان بە بۆکس و شەق، بە چەقۆ لە ڕانی ڕاستیان داوە |
| 2 | هێمن حەمەئەمین محمد | 32 | کاسب | سلێمانی | ئەشکە نجەدان | | | بەڵێ | نەخێر | سەری شکێنراوە |
| 3 | مەریوان احمد حەمەئەمین | 45 | کەمئەندام/ خانەنشین | سلێمانی | دەستبەسەرکردن و ئەشکە نجەدان | 19/4/2011 | بەردەم محکمە/دەزگای زانیاری | نەخێر | نەخێر | پاش ئەوەی ئەشکە نجەدراوە لە ژووری تەنیا دایانناوە |
| 4 | جزا عبدالواحد عبدالله | 51 | پێشمەرگەی خانەنشین | سلێمانی | دەستبەسەرکردن و ئەشکە نجەدان | 19/4/2011 | نۆرزدی/ئاسایش و فەرماندەیی | بەڵێ | بەڵێ | لە ئاسایش پاش کارەبا لێدان و ئەشکە نجەدانی بە چاوبەستراوەیی توسینێکیان پێ ئیمزاکردوە |
| 5 | ئاکۆ غفور علی | 29 | خوێندکاری زانکۆ | سلێمانی | ئەشکە نجەدان | 19/4/2011 | قولەرەیسی | نەخێر | نەخێر | بە قۆنداغە تفەنگ لێیان داوە/ ڕاپۆرتی پزیشکیان نەداوەتێ وتویانە تەنها سکت دەیەشێت |
| 6 | توانا بهاالدین مصطفی | 34 | فەرمانبەر | سلێمانی | دەستبەسەرکردن و ئەشکە نجەدان | 19/4/2011 | قولەرەیسی/ئاسایش، فەرماندەیی | نەخێر | نەخێر | لە سەیارەی کە پسدا داتراوە هەوای بۆ نەچوە/ پاشان بە جنێو و شەق و بۆکس ئەشکە نجەدراوە |
| 7 | جمال جلال علی | 61 | خانەنشین | سلێمانی | دەستبەسەرکردن و ئەشکە نجەدان | 23/4/2011 | لە ماڵی خۆیان/فەرماندەیی | بەڵێ | نەخێر | لە ماڵەوە گرتویانە گوایە بەرەی هاویشتوە |
| 8 | بیلال فتاح سعید | 17 | فێرخواز | سلێمانی | ئەشکە نجەدان | | بەردەم باخی گشتی | نەخێر | نەخێر | نەچۆتە نەخۆشخانە |
| 9 | یەعقوب محمد کریم | 31 | کاسب | سلێمانی | فڕاندن/ ئەشکە نجەدان | 18/4/2011 | سەرا | نەخێر | نەخێر/پزیشکی کامپەین بینیویەتی | لە سەرا گیراوە پاشان براوە بۆ گۆیژە لەوێ ئەشکە نجەیان داوە و فڕێدراوە |
| 10 | محمد لەتیف شەمسەدین | 29 | کاسب | سلێمانی | بریندار | 17/2/2011 | لقی چوار | نەخێر | نەخێر/لە نەخۆشخانە هەیەتی | لە لقی چوارەوە تەقەی لێکراوە |
| 11 | محمد ڕەمەزان ئەحمەد | 16 | فێرخواز | سلێمانی | بریندار | | | بەڵێ | نەخێر | هەردووقاچی فیشەکی بەرکەوتوە |
| 12 | محمد عبدالله عبد الرحمان | 51 | میدیکار | سلێمانی | فڕاندن و ئەشکە نجەدان | 15/3/2011 | سەرشەقام/براوە بۆ قەڵاچوالان | بەڵێ | نەخێر/پزیشکی کامپەین بینیویەتی | دەرزی دەماری لێدراوە وپێی گوتراوە بۆ گۆران ئیش دەکەیت ئەگەر واز نەهێنیت چاوت بە دونیا ناکەوێتەوە |
| 13 | یەیوسف نوێد محمد | 16 | کاسب | سلێمانی | دەستبەسەرکردن و ئەشکە نجەدان | 04/01/2011 | سەرا/ئاسایش/فەرماندەیی | نەخێر | نەخێر | یەك وەرەقەی ئیشکی هێناوە |
| 14 | گۆران جمال ئەحمەد | 32 | کاسب | سلێمانی | بریندار | 18/4/2011 | | نەخێر | نەخێر/ پزیشکی کامپەین بینیویەتی | فیشەك بەر قاچی ڕاستی کەوتوە، لە ترسدا نەخۆشخانەی بە جێهێشتوە |
| 15 | پشتیوان حەمەسابر فرج | 27 | کاسب | سلێمانی | بریندار | 20/2/2011 | فولکەی خانەقا | بەڵێ | نەخێر/لە نەخۆشخانە هەیەتی | فیشەك بەر شانی کەوتوە |
| 16 | ئەبوبەکر حەمەسالح عنایەت | 33 | کریکار | سلێمانی | ئەشکە نجەدان | 19/2/2011 | | نەخێر | نەخێر/پزیشکی کامپەین بینیویەتی | هەردوو ئێسکی زەند و کەوەرەی مەچەکە دەستی ڕاستی شکاوە، ڕێژەی کەمئەندامی 20٪ |
| 17 | کەیوان ڕەئوف جەعفەر | 21 | کاسب | سلێمانی | بریندار | | شەقامی پیرەمێرد | نەخێر | نەخێر/پزیشکی کامپەین بینیویەتی | ئەژنۆی فیشەکی پێوەنراوە/ ڕێژەی کەمئەندامی 50٪ |
| 18 | ڕەنجە ئیبراهیم عبدالرحمان | 26 | کاسب | سلێمانی | دەستبەسەرکردن و ئەشکە نجەدان | 20/4/2011 | کاتی کوردە/ئاسایش/فەرمان دەیی | نەخێر | نەخێر/نەچۆتە نەخۆشخانە | کارەبای لێدراوە، بە بۆکس و شەق لێیدراوە |
| 19 | موئیرە عوسمان علی | 31 | خوێندکاری زانکۆ | سلێمانی | دەستبەسەرکردن و ئەشکە نجەدان | 19/4/2011 | قولەرەیسی/ فەرماندەیی | نەخێر | نەخێر | قاچی پلاتینی تێدایە بە هۆی ئەشکە نجەدانیەوە پلاتینەکە جوڵاوە وئازاری هەیە، هەمیشە شێوەی ئەشکە نجەدانەکەی لە بەرچاودایە |
| 20 | عومەر غفور محمد | 32 | کاسب | سلێمانی | دەستگیرکردن و ئەشکە نجەدان | 22/4/2011 | سەرا | نەخێر | نەخێر | سەری شکێنراوە بەڵام کە چوە بۆ نەخۆشخانە پێگای پێنەدراوە بچێتە ژوورەوە |
| 21 | شاخەوان تەیب حسێن | 17 | کاسب | سلێمانی | دەستگیرکردن و ئەشکە نجەدان | 20/4/2011 | نزیك نەخۆشخانەی گشتی | نەخێر | نەخێر | بەشەق و بۆکس لێیان داوە لوتی ئێستاش ئازاری هەیە |
| 22 | عبدالله محمد کریم | 37 | کاسب | سلێمانی | دەستگیرکردن | 22/4/2011 | لە دوکانەکەی خۆی | نەخێر | نەخێر | ماوەی شەش کاتژمێر دەستبەسەرکراوە |
| 23 | ئاکۆ عزیز شریف | 29 | میدیکار | سلێمانی | بریندار | | شەقامی پیرەمێرد | نەخێر | نەخێر | فیشەك بەر چەناگەی کەوتوە بەڵام نەیوێراوە بچێتە نەخۆشخانە |
| 24 | شاخەوان واحد حمە ئەمین | 26 | قەسب | سلێمانی | دەستگیرکردن و ئەشکە نجەدان | 26/4/2011 | لای دوکانی خۆی/کانی گۆمە | نەخێر | نەخێر | بیست و دوو کاتژمێر سەعات بەندکراوە لە ئاسایشی چوارچرا و ئاسایشی گشتی بووە بە سێ وەجبە ئەشکە نجەیان داوە. |
| 25 | لۆژان دلێر جلال | 25 | کاسب | سلێمانی | دەستگیرکردن و ئەشکە نجەدان | 21/4/2011 | پشت سوپەرمارکێتی ئارا | نەخێر | نەخێر | لە ئاسایش ڕزگاری+گشتی+فەرماندەیی پاش کارەبا لێدان (سوتاندنی پشتی و ئەشکە نجەدانی بە چاوبەستراوەیی توسینێکیان پێ ئیمزاکردوە |
| 26 | یاد رفیق فتاح | 23 | کاسب | سلێمانی | دەستگیرکردن و ئەشکە نجەدان | 19/4/2011 | دارەسوتاوەکە | نەخێر | نەخێر | لە ئاسایش و فەرماندەیی ئەشکە نجە دراوە، لە ئاسایش ڕاگیراوە 9 هەڵماتیان بە دارلاستیك داوە بە پشت و سەریەوە. سەری شکێنراوە، گیانی شین بوەتەوە. کە یەکەم جار دەرەکەوێت پاش ئەشکە نجەدانی خەڵتانی خوێن کرابوو لە بەرئەوەی لە سەر مەئەسەکە بووە بە خراپترین شێوە ئەشکە نجەدرابوو |

## چوارەم/ هەنگاوەکانی دوای خۆپیشاندانەکان

لەدوای سەرکوتکردنو کۆتایی هێنان بە نارەزاییو خۆپیشاندانەکانو گەمارۆدانی سەرای سلێمانی بە پێشمەرگەو ئاساییش، دەسەڵات هیچ هەنگاوێکی ئەوو تۆی نەنا بە ئاراستەی جێبەجێکردنی داوای خۆپیشـــاندەران، بەتایبەتیش دەستگیرکردنو داداگاییکردنی بکوژانی خۆپیشاندەران، کە داوایەکی سەرەتایی خۆپیشاندەران بوو.

دووای ســێ مانگ لە کۆتایی هێنان بە خۆپیشـــاندانەکان سەرۆکی هەرێمی کوردستان رۆژی (٢٠١١/٧/٢) مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە نامەیەکی رەسمیدا کە بۆ هەردو وەزیری ناوخۆو پێشـــمەرگەی ناردوە، داوا دەکات ئەو کەسانە دەستگیر بکەن کە لەلایەن دادگاکانەوە داواکراونو پێنج لیستی داواکراوانی دادگاکانی هەرسێ پارێزگاکەو گەرمیانو سۆرانیش لەلایەن دادگاکانەوە ئاراستەی لیژنەیەك دەکرێن.

دوای فەرمانەکەی سەرۆکی هەرێمیش، شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشمەرگە، بە نوسراوی ژمارە (١٣٩) نهێنیی لە (٢٠١١/٧/٥)، لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەزارەتەکەی ئاگادار کردوەتەوە بۆ جێبەجێکردنیو ئاماژەی بەوەکردوە: «ســەرپێچیکار گەورەترین سزا دەدرێت». [18]

هەرچەندە ئەو بریارە وا لێکدرایەوە کە بۆ دەســـتگیرکردنی تۆمەتبارانی ١٧ی شوباتو رۆژانی دواییە بەڵام بریارەکەی ســەرۆکی هەرێم، هەموو ئەو کەســـانە دەگرێتەوە کە لە ســـاڵی ١٩٩٢ەوە فەرمانی دەســـتگیرکردنیان بۆ دەرچووە تا کاتـــی دەرچوونی بریارەکە، بەو پێیەش ئومێدی دەســـتگیرکردنی تاوانبارانی بکوژانی خۆپیشـــاندەرانی ١٧ی شوباتو رۆژانی دوایی نەما، هەرچەندە ئەو بریارەش وەك بریارەکانی دیکە تەنها بە بریاری مایەوە جێبەجێنەکراز

بەڵام ئەو بریارەی کە زۆرێك لە چاودێرانو تەنانەت لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکانیش بەجۆرێك لە جۆرەکان پشتیوانی بوون چوار بریاری سەرۆکی هەرێم بوو کە لە ٢٠١١/٨/١٧ بە ژمارە (٢٣و ٢٤و ٢٥و ٢٦)ی ٢٠١١ دەرکراوەو تیایدا بڕیاریدا بە دەســـتگیرکردنی ئەو کەسانەی کە لـــە دادگاکانی هەرێمی کوردســـتان بڕیاری دەســـتگیرکردنیان بۆ دەرچـــوە، هاوکات دەستگیرنەکردنی هیچ کەسێك بەبێ رێوشـــوێنی یاسایی، لەگەڵ گەڕاندنەوەی بودجەی ئۆپۆزسیۆن وهەڵوەشاندنەوەی سزادانی سیاســـی چالاکوانانی ئۆپۆزسیۆنو گەڕاندنەوەی ماف بۆیان.

[18] فەرمانی دەستگیرکردن بۆ پێنج لیست لە داواکراوان دەردەچێت، سایتی سبەی، ٢٠١١/٨/٢/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=38387&cat=1

سەرۆکی هەرێم جەختیش دەکاتەوە کە پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمو لایەنی پەیوەندیدار ئەم بڕیارانە جێبەجێ بکەن لە رۆژی دەرچونیەوە.

**بڕیاری ژمارە (٢٣)ی سەرۆکی هەرێم لە سێ بڕگە پێکهاتووە هاتووە:**

یەکەم/ ئەوکەسانەی کە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان بڕیاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووەو ئەوانەی کە بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠١١ دەیانگرێتەوە لە رووداوەکانی مانگەکانی شوبات – ئایار پێویستە رادەستی دادگاکان بکرێت.

دووەم/ هیچ لایەنێك یان کەسێك بۆی نیە داواکاراوێك داڵدە بدات وە بە پێچەوانەوە بەرپرس دەبێت بەرامبەر یاسا.

سێیەم پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان وەلایەنی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێ بکات لە رۆژی دەرچونیەوە.

بەڵام لە بڕیاری ژمارە (٢٤) ی سەرۆکایەتی هەرێمدا کە لەهەمان رۆژدا دەرچووە ٢٠١١/٨/٢٧ ئەویش لە سێ مادە پێکهاتووەو لە کرۆکی بڕیارەکەدا هاتووە:

نابێ هیچ کەسێك لە دەرەوەی رێو شوێنە یاساییەکان بگیرێت وە دەبێ لە کاتی لێکۆڵینەوە پارێزەری هەبێتو کەسو کاری ئاگاداربکرێت لە گرتنی وە ئەو کەسەش کە تۆمەتی یاسایی دەدرێتە پاڵی دەبێت لە ماوەی (٢٤) کاتژمێر رادەستی دادگای تایبەتمەند بکرێت بۆ دیاریکردنی چارەنووسی.

لە بڕیاری سێیەمی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (٢٥) کە لە هەمان رۆژی ٢٠١١/٨/٢٧ دەرچووەو تیادا بە خەرجکردنی مینحەی حیزبەکان، بەو پێیەی لەدوای خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتەوە مینحەی لایەنەکانی ئۆپۆوسیۆن بڕدرا.

**لە بڕیاری ژمارە (٢٥) دا هاتووە:**

بەردەوام بوون لە خەرجکردنی سلفەی دارایی حیزبەکانی بەشداربووی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، سلفە داراییەکان بەو شێوەیە دەبێت کە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەردرابوو.

لە بڕیاری چوارەمی سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (٢٦) تایبەتە بە گەرانەوەی نانبراوان یاخود سزادراوانی سیاسی، بڕیارەکانی سەرەوە لە بڕیارەکەدا هاتووە:

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان رادەسپێردرین بە پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ چارەسەرکردنی رێکارە نایاساییەکان دەربارەی سزادراوە سیاسیەکانی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن.

لەو چواربریارەی سـەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، هەریەك لە بریاری سێەمی تایبەت بە برینی بودجەی حیزبەکانو گەرانەوەی سـزادراوانی سیاسـی جێبەجێکرا، بەڵام ئەوەی جێبەجێنەکراو حکومەتو سـەرۆکایەتی هەرێم گوێی خۆیان لێخەوان دەستگیرکردنی ئەو کەسـانەی کە بریاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە بەتایبەتیش توانبارانی ١٧ی شوبات، کە بریاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچوو.

**(بروانە پاشکۆی ژمارە ٥٣ چوار بریارەکەی سەرۆکی هەرێم)**

بۆ جێبەجێکردنی چوار بریارەکەی سـەرۆکی هەرێمی کوردسـتان، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش چوار بریاری دەرکرد کە لایەنە پەیوەندیدارەکان رادەسپێرێت بۆ جێبەجێکردنی بریارەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان.

بریاری ژمـارە (٢١٦٣) کە لە ٢٠١١/٩/١١ لەلایـەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووەو ئاراسـتەی وەزارەتەکانی ناوخۆو پێشـمەرگەو ئاژانسـی پاراسـتنی ئاسایشی هەرێمو بەرێوەبەرایەتی گشـتی ئاسایشـی سـلێمانی کراوە سەبارەت بە دەسـتگیرکردنی ئەو کەسانەی کە بریاری دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە لە دادگاکانی هەرێم.

لـە بریاری ژمارە (٢١٦٨) کە لە رۆژی ٢٠١١/٩/١١ لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە، سـەبارەت بە خەرجکردنی سـولفەی دارایی حیزبەکانەوەو گەرانەوەی سـولفەی دارایی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن کە لەدوای ١٧ی شوباتەوە برِدرابوو.

لـە بریاری ژمارە (٢٢٣٦) کە لـەرۆژی ٢٠١١/٩/١٤ دەرچووە لە لایەن سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، سەبارەت بە دەرکردنی رێنمایی ئاسانکاری جێبەجێکردنی حوکمە یاساییەکانی هاتوو لە یاسای پەیوەندیدارەکان تایبەت بە رادەستکردنی تۆمەتباران .

هاوکات بریـاری ژمارە (٢٢٣٧) ی ئەنجومەنی وەزیران کـە لە ٢٠١١/٩/١٤ دەرچووەو تیایدا لێژنەیەك پێك دەهێنێت بۆ بەدواداچوونی کەیسـی نانبراوان یاخود ئەوانەی بەهۆی ئۆپۆزسیۆن بونیانەوە سزای سیاسی دراون .

**(بروانە پاشکۆی ژمارە ٥٤ چوار بریاری سەرۆکایەت ئەنجومەنی وەزیران)**

# بەشی نۆیەم
# کۆبەندی ڕووداوەکان

- یەکەم/ پێشێلکاری بە ڕۆژنامەنووسان
١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسان
- دووەم/ ڕۆژمێری خۆپیشاندانەکانی
١٧ی شوبات تا ١٩ی نیسان

# یەکەم/ پێشێلکاری دژ بە ڕۆژنامەنووسان
# ۱۷ی شوبات تا ۱۹ی نیسان

لە ماوەی ٦٢ ڕۆژی خۆپیشاندانەکان لە ۱۷ی شوباتەوە تا ۱۹ی نیسان دەیان پێشێلکاری بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسانو دەزگاکانی ڕاگەیاندن کراوە، کە لە مێژووی حوکمرانی کوردیدا بەو ژمارەیە پێشێلکاری بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان نەکراوە، بۆ خستنە رووی تەواوی پێشێلکاریەکان، ڕاپۆرتی سەنتەری میترۆ بۆ داکۆکی لە ڕۆژنامەنووسان وەردەگرین سەبارەت بەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بەڕۆژنامەنوسان ئەنجامدراوە لەهەرێمی کوردستان لەساڵی ۲۰۱۱دا بەڵام ئێمە تەنها ئەو پێشێلکاریانە وەردەگرین کە لە ۱۷ی شوبات تا ۱۹ی نیسان بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان کراوە، بەجۆرێك لە ساڵی ۲۰۱۱ لە کۆی (۳٥۹) پێشێلکاری بەرامبەر بە ڕۆژنامەنووسان، (۲۰۰) پێشێلکاریان لە ماوەی دوو مانگی خۆپیشاندانەکان بووە، وتا لە کۆی ساڵی ۲۰۱۱ دا (٥٥,۷٪)ی پێشێلکاریەکان تەنها لە ماوەی دوو مانگی خۆپیشاندانەکان بووە.

سەنتەری میترۆ لەساڵی ۲۰۱۱ دا (۳٥۹) پێشێلکاری جۆراوجۆری تۆمارکردوە. کە بریتیتن لە (٤) بریندار بە فیشەك، (۸) سوتانیو تێکدانی نوسینگەو کەناڵی ڕاگەیاندن،(۸٥) لێدان، (٥۷) هەڕەشەکردن، (٥۲) دەستگیرکردنو دەستبەسەرکردن، (۸۱) ڕێگرتن، (۹) شکاندنی ئامێرو کەرەستەی ڕۆژنامەوانی، (۹) هەڵکوتانە سەر ماڵ وکەناڵی ڕاگەیاندن. (۹) جار تەقە لەڕۆژنامەنوس کراوە، (٤۱) جار دەستگیراوە بەسەر کەرەستەو کەلوپەلی ڕۆژنامەنوسی. (۲) جار تەقە لە کەناڵی ڕاگەیاندن کراوە، یەکجاریش بۆمب بۆ ڕۆژنامەنوس دانراوەو ئوتومبێلێکی ڕۆژنامەنوسیش سوتێنراوە.

لە ڕۆژی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی کوردستان لە ۱۷ی شوباتەوە سەنتەری میترۆ لەکاتی سەرهەڵدانییەوە تا کۆتایی، زیاتر لە ۲۰۰ حاڵەتی پێشێلکاری دژ بە ڕۆژنامەنوسان تۆمارکردوە لەوانە بریندارکردن بەفیشەك، بریندارکردن بە هەڵمات، بریندارکردن بەداری دەستی پۆلیس، بریندارکردن بە بەردی خۆپیشاندەران، سوتاندنی کەناڵ، دەستگیرکردن، لێدان، هەڕەشەی کوشتن، جنێودان، سوکایەتی، ڕێگریکردن، شکاندنی کامێرا، دەستبەسەرداگرتنی کەلوپەلی ڕۆژنامەوانی.

## أ- پێشێلکاریەکانی مانگی شوبات لە ١٧ی شوبات بەدواوە

١٠. رۆژی ١٧ی شـــوبات لە شاری سلێمانی، هێرشـــکرایە رێبین یار ئەحمەد لە کەناڵی گەلی کوردستان.

١١. رۆژی ١٧ی شوبات بڕیار نامقو تیشکۆ سدیق، پەیامنێرو وێنەگری کەناڵی ئاسمانی KNN لەلایـــەن کۆمەڵێ چەکـــداری لقی چـــوار کامێرکەیان لێدەســـەندراو دواتر درایەوە دەستیان.

١٢. رۆژی ١٧ی شـــوبات لە شاری سلێمانی هێرشکراش کرایە سەر رۆژنامەنوس دیلان شاویس لە کەناڵی گەلی کوردستان.

١٣. رۆژی ١٧ی شوبات هونەر جەمال، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی KNN لەبەردەم لقی چواری پارتی هێرشیکرایەسەر لە لایەن پاسەوانەکانی لقی چوارەوە.

١٤. رۆژی پێنج شـــەممە ١٧ی شوبات بیلال محەمەد هەواڵساز لە رادیۆ نەوا بە میترۆی راگەیانـــد لەوکاتـــەی لەپێش بارەگای لقی چـــواری پارتی خەریکـــی وێنەگرتن بوە، چوار لەپاسەوانەکانی لق کە جلی مەدەنیان پۆشیبوو دەمو چاوی خۆیان هەڵبەستبو «گرتمیانو لێیاندام، ناسنامەی رۆژنامەوانیم پیشاندان بەڵام کامێراو میمۆریو ناسنامەکەشیان لێبردمو بە زۆر هەوڵیان ئەدا بمبەنە ناو لقی چوار». بەهاوکاری خۆپیشاندەرانی شوێنەکە بیلال لە دەستی پاسەوانەکان رزگار کراوە.

١٥. رۆژی ١٧ی شوبات سامان مەجید، وێنەگری کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، وتی کە لە لایەن چەکدارەکانی لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردســـتانەوە بۆ ماوەیکی کاتی دەستگیرکراوەو لێیدراوە لەشاری سلێمانی.

١٦. رۆژی ١٧ی شـــوبات بوار جەلال، وێنەگری کەناڵی ئاســـمانی گەلی کوردســـتان، لە شاری سلێمانی، وتی کە چەند چەکدارێك رێگرییان لێکردوە روماڵی خۆپیشاندانەکان بکات لەشاری سلێمانی.

١٧. رۆژی ١٧ی شـــوبات هەرێز جەمال، پەیامنێری رۆژنامەی ئاســـۆ، وتی کە کۆمەڵێك چەکدرا هەوڵیانداوە دەستبەسەر کامێراکەیدا بگرن لەشاری سلێمانی.

١٨. رۆژی ١٧ی شـــوبات رۆژنامەنوسان مەحمود کەمالو هاوڕێ قادر وتیان کە لەلایەن هێزەکانی ناوخۆوە هێرشیانکراوەتەسەر لەشاری سلێمانی.

١٩. رۆژی ١٧ی شوبات بێســـتون موحەمەد، پەیامنێری رادیۆی گۆڕان، وتی کە لەلایەن چەند چەکدارێکی پارتی دیموکراتەوە هێرشکراوەتەسەریو ئازاردراوە لەشاری سلێمانی لە بەردەم لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢٠. رۆژی ١٧ی شـــوبات شـــێرکۆ ســـاڵەیی، پەیامنێری CNN عەرەبی، وتی کە لەلایەن چەند کەسێکەوە بە بەرگی مەدەنی هێرشکراوەتەسەریو کامێراو لاپتۆپەکەی لێسەندراوە لەشاری سلێمانی.

٢١. رۆژی ١٧ی شوبات سامان کەریم، پەیامنێری کەناڵی سپێدە، وتی کە لەلایەن چەند چەکدارێکەوە لەبەردەم لقی چوار رێگری لێکراوە لە روماڵکردنی خۆپیشاندانەکان لەشاری سلێمانی.

٢٢. رۆژی ١٧ی شـــوبات کەمال نوری، پەیامنێری کەناڵی سەحەرو رادیۆی کوردی تاران، وتی کە هێزەکانی ئاســایش رێگرییان لێکردوە لە روماڵکردنی خۆپیشــاندانەکان لەشاری سلێمانی لە بەردەم لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢٣. رۆژی ١٧ی شـــوبات خالید حســـین، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی کوردستان، وتی کە کۆمەڵێك خۆپیشاندەر هێرشیانکردوتەسەری لەشاری سلێمانی.

٢٤. رۆژی ١٧ی شوبات عەدنان ئەحمەد، پەیامنێری کەناڵی عێراقییە، وتی کە کۆمەڵێك چەکدار رێگرییان لێکردوە وێنە دەوروبەری لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان بگرێت لەشاری سلێمانی.

٢٥. رۆژی ١٧ی شـــوبات رێباز یونس، نەبەز موحەممەد شـــوکور، ســـۆران حەمەکەریم، دانا عەبدولخالق، وێنەگرانو پەیامنێرانی کەناڵی ئاســـمانی زاگرۆس وتیان کە هەندێکیان بەبەردی خۆپیشاندەران برینداربونو چەند کامێرایەکیشیان زیانیان پێگەیشتوە.

٢٦. رۆژی ١٧ی شوبات مەریوان عەلی، یادگار نەوزاد، خالید ئەشکەنەیی، تیمی کەناڵی ئاســـمانی کوردستانو یاریدەدەری میدیایی سەرکۆ کەمال، وتیان بە بەردی خۆپیشاندەران ئازاریان پێگەیشتوە.

٢٧. رۆژی پێنج شـــەممە ١٧ی شوبات، لە لایەن پاســـەوانەکانی لقی چوار دەستدرێژی دەکرێتە سەر رەحمان غەریب رێکخەری سەنتەری میترۆو پەیامنێری سۆمەرییە نیوز.

٢٨. ئـــاوارە حەمید بەرپرســـی رادیـــۆی گۆڕان لە هەولێـــر بە میتـــرۆی راگەیاند دوای سوتاندنی رادیۆکەیان وەستاندنی پەخشی رادیۆکەیان هیچ یەکێك لە ئامێرەکانیان دەست نەکەوتۆتەوە. وتی «رۆژی دواتر ویســـتم بچمەوە بۆ رادیۆ، بەڵام ئاسایشـــەکانی بەردەرگا نەك هەر نەیانهێشت بچمە ژورەوە، بەڵکو نەیانهێشت وێنەشی بگرم».

٢٩. رۆژی ١٨ی شـــوبات لوتفی دۆســـکی، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی KNN لە دهۆك، وتی کە لەکاتی گەمارۆدانی بارەگای بزوتنەوەی گۆڕان لە دهۆك هێزێکی چەکدار رێگەیان نەداوە وێنەی بارەگا گەمارۆدراوەکە بگرێت.

٣٠. رۆژی ١٨ی شـــوبات هاوکار محەممەد، محەممەد مســـتەفا، مەریوان حەسەن، تیمێکی کەناڵی نالیا، وتیان کە هێزێکی چالاکییە مەدەنییەکان رێگەیاننەداوە روماڵی خۆپیشاندانەکان بکەن لەشاری سلێمانی.

٣١. رۆژی هەینی ١٨ی شـــوبات ئاراس عوســـمان کاروان سالار، پەیامنێرو سەنوسەری رۆژنامەی چەتر، وتیان کۆمەڵێك چەکدار لەبەردەم لقی چواری پارتی دیموکراتدا رایانگرتونو ناچاریانکردون هەمو وێنەکانی ناو کامێراکانیان بسڕنەوە.

٣٢. رۆژی هەینی ١٨ی شوبات ئالا لەتیفو ئارا ئیبراهیم، پەیامنێرانی رۆژنامەی هاولاتی، وتیان رێگەیان پێنەدراوە لەبەردەم نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی رومالّی روداوەکان بکەن.

٣٣. رۆژی هەینی ١٨ی شـــوبات چەند کەسێك هێشـــیانکردە سەر رۆژنامەنوس پێشەوا رەئوف لە کەنالّی گەلی کوردستان لەشاری سلێمانی.

٣٤. حەیدر عومەر، وێنەگر لە ئاژانسی میترۆگرافی، وتی کە رۆژی شەممە ١٩ی شوبات، چەند چەکدارێك میمۆری کامێراکەیان لێسەندوە.

٣٥. هۆگر کەمال، لە رۆژنامەی ژیانەوەو رادیۆی مەدەنیەت، وتی کە رۆژی شەممە ١٩ی شوبات هێزەکانی ئاسایشـــی ناوخۆ بۆ ماوەیەکی کاتی دەســـتگیریانکردوەو کامێراکەیان لێسەندوەو پاشان بۆیان گەڕاندوەتەوە.

٣٦. ســـەباح نوری، هەوالّساز لە رادیۆ نەوا، وتی رۆژی ١٩ شەممە ی شوبات لە فولکەی ئاسکەکە لەشاری سلێمانیو لەکاتی رومالّکردنی خۆپیشاندانەکان، لەلایەن چەندین کەس لێیدراوە، ســـەباح وتی «ئەو کەســـانەی لێیاندام چەندین جلو بەرگی جیاوازیان پۆشـــیبو، بەشـــێکیان پێشـــمەرگە بونو جلی کوردییان پۆشـــیبو، ئەوانەی دیکەش بە جلو بەرگی بەرگری شارســـتانییەوە بون. جگە لە لێدانێکی زۆر کامێـــراو میمۆرییەکەیان بردم، بەلام دواتـــر هەردوکیان گەڕاندەوە. هەروەها رۆژی دواتریش لـــە فولکەی خانەقاو نزیك بانکی کشـــتوکالّو لەکاتی رومالّکردنی خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی لێم درا، لە ناو پەخشی راستەوخۆ بومو قسەم دەکرد کاتێك هێزە ئەمنییەکان هاتنو لێیاندام».

٣٧. رۆژی شـــەممە ١٩ی شوبات ئارا ئیبراهیم، پەیامنێرانی رۆژنامەی هاولاتی، وتی لە گەرەکی کانێســـکان هێزەکانی پاراســـتنی چالاکی مەدەنی هێرشیانکردە سەرمو بەدار لە دەستو قاچیان دامو رێگەیان نەدام وێنەبگرم.

٣٨. رۆژی ١٩ی شـــوبات کاوە ئەحمەدو رێگا ئەحمەد،پەیامنێرانی کەنالّی ئاسمانی نالیا، وتیان کە لە شـــەقامی مامۆســـتایان لە گەرەکی کانیســـکانی شاری ســـلێمانی هێزەکانی پاراستنی چالاکی مەدەنی هێرشیانکردوەتە سەریان.

٣٩. رۆژی ١٩ی شوبات ئاراس موحەممەد، ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری ئاراستەو پەیامنێـــری رادیۆی دەنگ لە کەلار، وتی هێزەکانی ئاســـایش تەقەیان بەســـەردا کردوەو کامێراو باجەکەیان بردوە دواتر بۆی گەڕێندراوەتەوە.

٤٠. رۆژی ١٩ی شوبات هەردی سەلامی، پەیامنێری کەنالّی گەلی کوردستان، لەگەڕەگی کانێسکان لە شاری سلێمانی قاچی بریندارب‌وە لە ئەنجامی بەرکەوتنی بەردەوە.

٤١. رۆژی ١٩ی شـــوبات وریا ئەحمەد، پەیامنێری کەنالّی ئاســـمانی پەیام، وتی کە لە گەرەکی کانێسکانی شاری سلێمانی هێزی چالاکی مەدەنی هێرشیانکردوەتەسەریو بە دار لەدەستو قاچیان داوە. کامێرای کەنالّەکەیشیان شکاندوە.

٤٢. رۆژی ١٩ی شـــوبات لە قەزای چەمچەماڵ هێرشـــکرایە ســـەر ئەندامی دەســـتەی نوســـەرانی رۆژنامەی چەرمو ئاسۆ محەمەد شوانی . ئاسۆ بە میترۆی وت «دەستگیرکرامو برام بۆ باریدەدەری ئاسایشی چەمچەماڵ دوای ٢ سەعات ئازاد کرام».

٤٣.رۆژی١٩ی‌شوبات‌بەختیار حسین، پەیامنێری‌کەناڵی‌ئاسمانی‌پەیام، رایگەیاند»لەگەڕەکی کانێسکانی شاری ســـلێمانی هێزەکانی پاراستنی چالاکی مەدەنی هێرشیانکردوەتەسەرمو لێیاندام»

٤٤. رۆژی ١٩ی شـــوبات کەناڵی پەیام بە ســـەنتەری میترۆیان وت «بە ژمارەی جیا جیا نامەی هەڕەشەیان پێدەگات».

٤٥. رۆژی ١٩ ی شـــوبات پەیامنێرانی کەناڵی ئاســـمانی زگروس تـــارا بایز ئاغا، نەبەز محمد، هوشـــەنگ جلال، جەمال محەمەد، بە میترۆیان راگەیاند لە لایەن خۆپیشاندەرانەوە چەندین جار هێرشیانکراوەتە سەرو رێگریان لێکراوە روماڵی هەواڵی خۆپیشاندانەکان بکەن لە شاری سلێمانی.

٤٦. بەرەبەیانـــی یەکشـــەممە ٢٠ی شـــوبات، نزیکەی ٥٠ چەکدار هەڵیانکوتایە ســـەر کەناڵی ئاسمانی نالیا. چەکدارەکان تەقەیان کردوە لە ئامێرەکانی پەخشو پاشان ئاگریان لە تەواوی بینا سێ قاتییەکە بەرداوە. یەکێك لە پاسەوانەکانی تەلەفزیۆنەکان بریندار بوە. رۆژێك پێش روداوەکە، توانا عوسمان، بەڕێوەبەری کەناڵەکە بە سەنتەری میترۆی راگەیاند کە فشاریان لەسەربوە بۆ وەستاندنی پەخشی کەناڵەکە.

٤٧. محەمەد هاشـــم، بەڕێوەبەری کەناڵی ناوخۆی گۆڕان لەشاری هەولێر، بە سەنتەری میترۆی وت کە رۆژی یەکشەممە ٢٠ی شوبات، بە چەند ژمارەیەکی جیاواز لە رێی تەلەفۆنەوە هەڕەشەو سوکایەتی پێکراوە، «داوایان لێکردم هەولێر بەجێبهێڵمو بچمە سلێمانی، چونکە بەپێی قسەکانی ئەوان گێرەشێوێنم. بۆیە دوای ئەم هەڕەشانە ماوەی ١٢ رۆژ لە سلێمانی مامەوەو پاشان هاتمەوە بۆ هەولێر. بەڵام لەو ماوەیی لە سلێمانی بوم ژمارەی مۆبایلەکەم داخستبو، کە هاتمەوە بۆ هەولێر لە ٣/٨بە ژمارەیەکی نەناسراوی دیکە هەڕەشەی کوشتنم لێکرا».

٤٨. شەوقی کانەبی، بەڕێوەبەری پێشـــوی نوسینگەی کەناڵی ئاسمانی **KNN** لە شاری هەولێر، بە سەنتەری میترۆی راگەیاند کە رۆژی یەکشەممە ٢٠ی شوبات، لە رێگای ناردنی نامەیەك بۆ ئیمەیڵەکەی هەڕەشـــەی کوشتنی لێکراوە. هەروەها وتی کە رۆژی ٢٣ی ئازار نامەیەکـــی تری بۆ هاتوەو بە ناوی «گروپی گەنجانی هەولێر»ەوە جارێکی تر هەڕەشـــەی لێکراوە.

٤٩. ماڵپەری هەواڵی کوردیو، رایگەیاند کە رۆژی ٢٠ی شوبات، چەند چەکدارێکی دەمامکدار لە شەقامی پیرەمێرد هێرشیانکردوەتە سەر پەیامنێر بەڵێن عوسمانو ئازاریانداوەو پاشان کامێراکەیان شکاندوە.

٥٠. رۆژی یەکشـــەمە ٢٠ی شوبات هێرشـــکرایە ســـەر رۆژنامەنوس مەجید حەمید لە کەناڵی گەلی کوردستان لەشاری سلێمانی.

٥١. زانـــا حەمە غەریب، پەیامنێری رۆژنامەی میدیا، بە ســـەنتەری میترۆی راگەیاند کە رۆژی ٢٠ی شوبات، لە نزیك فولکەی مامەڕیشە لەشاری سلێمانی، لەلایەن هێزێکی چالاکی مەدەنییەوە کامێراکەی شکێنراوە.

٥٢. رۆژی ٢٠ی شـــوبات، مخلص ئەحمەد ئەندامی کارای سەندیکای رۆزنامەنوسان لقی سلیمانیو بەیامنیری سایتی کوردیۆو رادیۆی دەنکی یەککرتو لە رانیە بە سەنتەری میترۆی راگەیاند لە خۆبیشـــانی رانیە وەك بەیامنیر راستەو خۆ رومالی هەوالەکەم ئەکرد بەدەنك لەکەل رادیۆو لەکەرمەی خۆبیشاندانەکە وە وینەم ئەکرد بە کامیرای فۆتۆ وتی» هیزیکی زۆری بیشـــمەرکەی لە نـــاکاو بەقونداغەتفەنكو لیدان کەوتنە کیانـــی منو کامیراکەیان لە مل راکیشـــامو خســـتمیان بە زەویا». جەختیکردەوە « زۆر لە رۆزنمەنوسان کەوتنە بەر شالاوی ئاسایشو بیشمەرگە«

٥٣. رۆژی ٢١ی شوبات، لەناو زانکۆدا لەلایەن بەرپرسێکەوە هەڕەشە لە عەگید سەلیم، پەیامنێری کەناڵی نالیا، کراوەو تۆمەتبارکراوە بەوەی کە کەناڵەکەی «نزیکە لە گۆڕان».

٥٤. رۆژی ٢١ی شـــوبات لە شـــەقامی مامۆستایان لە شاری ســـلێمانی چەند چەکدارێك هێرشیانکردەســـەر زمناکۆ ئیسماعیل، پەیامنێری رۆژنامەی رۆژنامە،و کامێراکەیان شکاند. هەروەها زمناکۆ وتی کە رۆژانی ١٣ بۆ ١٨ ئازار چەندین جار لەرێی تەلەفۆنەوە هەڕەشەی لێکراوە.

٥٥. رۆژی ٢٢ی شـــوبات لەبازگەی دێگەڵە رێگەنەدراوە تیمی کەناڵی **KNN** بچەنەوە ناو شاری هەولێر پاش ئەوەی بەکارێکی رۆژنامەنوسی چوبونە شاری کۆیە.

٥٦. رۆژی ٢٢ی شـــوبات، کۆمەڵێـــك کـــەس هێرش دەکەنەســـەر هـــەردی ئەبوبەکر، پەیامنێری کەناڵی کوردســـات لە چەمچەماڵو بریندداری دەکـــەن. هەردی پێنج تەقەڵ بە هەردو دەستیەوەیەو هەروەها گوێیشی برینداربوە.

٥٧. رۆژی ٢٢ی شوبات، کۆمەڵێك کەس هێرش دەکەنەسەر هاوکار سەید گوڵ لەکەناڵی کوردسات لە چەمچەماڵو برینداری دەکەن.

٥٨. رۆژی ٢٢ی شـــوبات لە شـــاری هەڵەبجە هێرشکرایە ســـەر کەناڵی ئاسمانی **KNN** ئارام نەجم . ئارام وتی» خۆپیشاندن بو چەند کەسێك بە بەرگی مەدەنییەوە هەرەشەیان لێکردمو نەیانهێشت رومالی ئەو چالاکیە بکەم»

٥٩. داهێن هاشـــم، بەڕێوەبەری پێشـــوی نوســـینگەی رۆژنامەی رۆژنامە لە هەولێر، بە ســـەنتەری میترۆی راگەیاند کە رۆژی ٢٣ی شـــوبات، لە رێی پەیوەندیەکی تەلەفۆنییەوە هەڕەشەی «سوتاندنی خۆتو ماڵو منداڵ» ی لێکراوە.

٦٠. رۆژی ٢٣ی شـــوبات لە شاری هەولێر بە نامەیەك لە ژمارەیەکی ناسراو هەرەشەی کوشتن لە رۆژنامەنوس بەرزان عەلی حمە کرا.

٦١. رۆژی ٢٤ شوبات رۆژنامەنوس لەتیف فاتح فەرەج رایگەیاند کە لەرێی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییەوە هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە، لەتیف وتی« ئەو هەرەشەیە پاش ئەوە دێت کە لە میدیاکانەوە لەسەر روداوەکانی ئەمدوایيە قسەمکرد».

٦٢. رۆژی هەینی ٢٥ی شوبات پەیامنێری کەناڵی سپێدە سوارە بلال بە سەنتەری میترۆی وت «١٠ جار زیاتر بە کورتە نامە هەڕەشەم لێکرا هەواڵەکانی چەمچەماڵ نەگوازمەوە«

٦٣. رۆژی ٢٥ی شوبات لە هەولێر بە نامەو تەلەفونو ئیمەیڵ هەڕەشە لە بەرزان عەلی، پەیامنێری رۆژنامەی رۆژنامە لە هەولێر، کراوە.

٦٤. رۆژی ٢٥ی شـوبات خۆپیشاندەرانی شـاری چەمچەماڵ هێرشیانکردە سەر بێستون حەمیـد پەیامنێـری KTV لەو شـارە. بێسـتون وتی» ئازاریـان دامو نەیانهێشـت کاری رۆژنامەنوسی ئەنجامبدەم».

٦٥. رۆژی ٢٥ی شوبات لەکاتی پاش خۆپیشاندانێکی شاری چەمچەماڵ بە نامەو تەلەفۆن هەڕەشە لە تیمی کەناڵی KNN کرا. ئاری لوقمان بە میترۆی راگەیاند «پاش بڵاوکردنەوەی راپۆرتێك لە کەناڵەکەمان بە نامەو تەلەفون چەندین جار هەڕەشە لە خۆمو وێنەگرەکەمان هێمن ئەحمەد کرا».

٦٦. رۆژی ٢٥ی شوبات هەرەشە لە بەرپرسی نوسینگەی کەلاری کەناڵی ئاسمانی پەیام بیستون ژاژڵەیی کرا. هەروەك سەرکەوت سەلامو پشتیوان جەمال کارمەندانی ئەو کەناڵە روبەڕوی لێدانو هەرەشە بونەوە.

٦٧. فەرمان محەمەد، پەیامنێری کەناڵی ئاسـمانی نالیا لە شاری هەولێر، بە سەنتەری میترۆی وت کە سـەلەبەیانی رۆژی ٢٥ شـوبات، لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنی نەناسراودا ئاگادارکراوەتەوە کە روماڵی ئەو خۆپیشاندانە نەکات کە بڕیاربو ئەو رۆژە لە بەردەم بازاڕی نیشـتیمان ئەنجام بدرێـت. هەروەها رۆژی ١٠ی ئازار لە لەرێی تەلەفۆنەوە هەڕەشـەی لێکـراوە بەناوی گروپی «گەنجانی سـەربەخۆی هەولێر» فەرمان وتـی «پێیان راگەیاندم ژیانم لە مەترسیدایەو دەبێت واز لە نالیا بهێنم، ئەگەرنا دەمکوژن».

٦٨. نیـاز عەبدوڵڵا، بەرنامەسـازو هەواڵنێر لە رادیۆ نەوا، هەروەها ئەندامی دەسـتەی کارگێڕی سەنتەری میترۆ رۆژی ٢٥ی شوبات، لە کاتی روماڵکردنی ئەو خۆپیشاندانەی، کە بڕیار بولە بەردەم بازاڕی نیشـتیمان ئەنجامبدرێتو پاشان بو بە گردبونەوەی لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان، هەرەشەری لێکراوەو سـوکایەتی پێکراوە. نیاز وتی «پاش ئەوەی وتیان کە دەبێت ئەو شـوێنە بەجێبهێڵم وتیان ئەگەر لێرە نەڕۆی هەرچی گەنجی ئەو شارەی هەیە لێت خڕ دەکەمەوە ئەوجا هەرچی خراپە با پێت بکەن».

٦٩. شـوان سدیق، لە دەستەی نوسەرانی گۆڤاری سـڤیل، وتی کە رۆژی ٢٥ی شوبات، لـە کاتی گردبونەوەی لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان لە هەولێر لەلایەن چەند کەسـێك، کە جلی مەدەنییان پۆشیوە بە زۆر ریکۆردەرەکەی لێسەندراوە، «چوار کەس، کە یەکێکیان جلی کوردیو ئەوانەی دیکە جلی مەدەنیان پۆشـیبوو دەمانچەشیان پێبو بە زۆر

ریکۆردەرەکەیان بە بەرچاوی پۆلیسە ئامادەبوەکانی ئەوێ لێبردم».

٧٠. ڕۆژنامەنوس ئاری عوسمان وتی کە ڕۆژی ٢٥ی شوبات، لە کاتی گردبونەوەی لایەنگرانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە هەولێر، لەلایەن چەند کەسێکەوە بەزۆر کامێراکەی لێدەسەندراوە. ئاری وتی «دوای ئەوەی وێنەی یەکێك لەو گەنجانەم گرت، کە لەلایەن لایەنگرانی پارتی لێی درا. زیاتر لە ١٠ کەس بە جلی کوردیو مەدەنییەوە لێم کۆبونەوەو بە زۆر کامێراکەیان لێسەندمو دوای سێ سەعات کامێراکەیان پێدامەوە. بەڵام ئەو وێنانەیان سڕیبوەوە، کە وێنەی لێدان بو لەو گەنجە. هەندێك لەو کەسانە بە منیان دەوت ئاژاوەگێڕ مەمنونبە بەوەی کە تەنها کامێراکەمان لێسەندی».

٧١. کاوە ئەحمەد، پەیامنێری ڕۆژنامەی ئاوێنە، بە کەمپینی نا بۆ هەڕەشە لە ڕۆژنامەنوسان، کە لە گەرمیان دامەزرێنراوە، را گەیاند کە ڕۆژی ٢٥ی شوبات لە کاتی ڕوماڵکردنی خۆپیشاندانێدا لە کەلار هێزێکی پێشمەرگە کەوتونەتە لێدانیو بەو هۆیەوە ماوەی دو ڕۆژ لە نەخۆشخانە ماوەتەوە.

٧٢. پەیامنێر پشتیوان جەلالو وێنەگر سەنگەر حەمید لە کەناڵی ئاسمانی سپێدەو عەبدولرەحمان نەریمان، وێنەگری کەناڵی **KNN**، بە کەمپینی نا بۆ هەڕەشە لە ڕۆژنامەنوسانیان ڕاگەیاند کە ڕۆژی ٢٥ی شوبات لە کاتی ڕوماڵی خۆپیشاندانێدا لە کەلار هێزێکی پێشمەرگە تەقایان لیکردونو لە شوێنی خۆپیشاندانەکە دوریان خستونەتەوە. سەنگەر حەمید وتی کە بۆ ڕۆژی دواتریش لەلایەن هەمان هێزەوەو قسەی ناشیرینی پێوتراوەو سوکایەتییان پێکردوە، «لە کاتێکدا باجی کاری ڕۆژنامەنوسیم لە ملدابو... سەبازەکان لە سنگو پشتو ناوشانمیانداو کانێراکەمیان برد».

٧٣. زانیار ئەسعەد، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی سپێدە لە هەولێر، وتی کە ڕۆژی ٢٦ی شوبات، بۆ ئەنجامدانی ڕاپۆرتێك لەسەر ناردنەوەی خوێندکاران لەگەڵ سەیاف ئەحمەد، وێنەگری کەناڵەکە، دەچن بۆ پەیمانگای تەکنیکی هەولێرو لەوێش لەلایەن پاسەوانەکانەوە سوکایەتی پێدەکرێتو ڕێگای ڕوماڵکردنی پێنادرێت، «نەیانهێشت ئێمە هیچ کارێك بکەینو وتیان ئەگەر لێرە دەڕۆن باشە ئەگەرنا کامێراکەتان دەشکێنین».

٧٤. ڕۆژی ٢٥ی شوبات هێزە ئەمنییەکانی کەلار هێرشدەکەنە سەر پەیامنێری کەناڵی سپێدە سەنگەر حەمیدو پاش لێدانی کاسێتی ناو کامێراکەی دەبەن.

٧٥. ڕۆژی ٢٥ی شوبات هێزە ئەمنییەکانی کەلار هێرشدەکەنە سەر پەیامنێری کەناڵی سپێدە سەرکەوت سەلامو سوکایەتی پێدەکەنو لێیدەدەن.

٧٦. ڕۆژی ٢٥ی شوبات لەلایەن چەنە کەسێکەوە کە بەرگی مەدەنیان پۆشیوە بە بەرچاوی هێزە ئەمنییەکانەوە هێرشدەکرێتە سەر ڕۆژنامەنوس شوان صدیق لەگۆڤاری سڤیل کەرەسەی ڕۆژنامەنوسییەکەی لێدەستێنن.

٧٧. رۆژی ٢٦ی شـوبات لەکاتی خۆپیشاندانی قەزای سەیدسـادق، لەلایەن هێزەکانی ئاسایشـی ناوخۆوە هێرشکرایە سـەر رۆژنامەنوس توانا شارەزوریو زانا عەلی پەیامنێری کەناڵی KNN.

٧٨. رۆژی ٢٦ شوبات سۆران ئەحمەد، پەیامنێری هاوڵاتی، رایگەیاند کە هێزێکی ئاسایش لە نزیك باخی گشـتی لە شاری سـلێمانی سـوکایەتی پێکراوەو «کامێراو مۆبایلو باجی رۆژنامەی هاوڵاتیو سـەندیکای رۆژنامەنوسانی» لێسەندراوەو رۆژی دواتر ستافی هاوڵاتی لە هۆبەی ئۆپەراسیۆن لە بەڕێوەبەرایەتی ئاسایش کەلوپەلەکانیان وەرگرتوەتەوە.

٧٩. رۆژی ٢٦ شـوبات رۆژنامەنوسـان عیرفان ئەحمەدو ئەنوەر عەرەبو سەلام حاجی عەلیو ناسـیح عەبدولرەحیم، لە لایەن هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش لە هەڵەبجەی شەهید بۆ ماوەیەی نیو سەعات دەستگیرکراون.

٨٠. بێسـتون ژاڵەیی، بەرپرسـی نوسینگەی کەناڵی ئاسمانی سـپێدە لە گەرمیان، بە کەمپینی نا بۆ هەڕەشـە لـە رۆژنامەنوسـانی راگەیاند کە رۆژی ٢٦ی شـوبات لە رێی کورتەنامەیەکەوە هەڕەشـەی کوشـتنی لێکراوەو تێیدا هاتوە، «زۆر نابات بە سـزای دەم درێژییەکانت دەگەی».

٨١. رۆژی ٢٦ شـوبات رۆژنامەنـوس سـۆران عومەر بە سـەنتەری میتـروی وت»بە ژمـارە موبایلی () چەندین جار هەڕەشـەی کوشـتنم بۆهاتوە لەسـەر بەشـداریکردنم لەخۆپیشاندانەکانی سەرای سلێمانی».

٨٢. رۆژی ٢٦ی شوبات لەسەرای سلێمانی لەلایەن کەسانی نەسراوەوە هێرشکرایە سەر پەیامنێری کوردسات مەریوان عەبدوڵاو وێنەگری ئەو کەناڵە گۆڤار محەمەد.

٨٣. سـەرکەوت سـەلام، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی سـپێدە لە گەرمیان، بە کەمپینی نـا بۆ هەڕەشـە لە رۆژنامەنوسـانی راگەیاند کە رۆژی ٢٦ی شـوبات لـە کاتی روماڵی خۆپیشاندانادا لە کەلار هێزێکی پێشمەرگەوە لەبەردەم قوتابخانەی لەیلا قاسم «بەقۆناغە تفەنگ پەلاماردرامو بە توندی بە زەویدا درامو ژێرپێخرام، شوێنەواری ئەشکەنجە بەپشتو سنگمەوە هەیە».

٨٤. رۆژی ٢٧ی شوبات پەیامنێری گۆڤاری ستاندار ئالان فریاد یونس لە شاری هەولێرەوە رایگەیاند» بۆماوەیەك ئاسایش دەستگیریان کردمو پاشان ئازاد کرام».

٨٥. ماڵپـەری رۆژنامـەی هاوڵاتـی رۆژی ٢٧ی شـوبات لـە زاری رۆژنامەنوس ئالان سـاحێبقران، پەیامنێری رۆژنامەکە لە هەولێر، رایگەیاند کـە ١٢ کەس لێیانداوەو ئازاری زۆری پێگەیشتوە.

٨٦. رۆژی ٢٨ی شوبات لەشاری هەولێر، لەبەردەم تەلاری پەرلەمانی کوردستان هێزێکی ئاسـایش لە رۆژنامەنوس نەجمەدین علی دەدەن .نەجمەدین وتی «بردمیان بۆ ئاسایشو ریکۆردەرەکەیان لێسەندم».

٨٧. ماڵپەری هەواڵی کوردیو، رایگەیاند کە رۆژی ٢٨ شوباتەوەو بۆ چەند رۆژێك بەمۆبایل هەڕەشەی کوشتن لە سوارە بیلال، وێنەگری کەناڵی سپێدە لە چەمچەماڵ، کراوە.
٨٨. رۆژی ٢٨ی شـــوبات لەناو زانکۆی سلێمانی هێرشـــکرایە سەر پەیامنێری کوردسات مەریوان عبدوڵاو وێنەگری ئەو کەناڵە گۆڤار محەمەد.

## ب- پێشێلکاریەکانی مانگی ئازار

٨٩. مســـتەفا عەبدوڵا، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی پەیام لە گەرمیان راگەیاند کە رۆژی ١ی ئازار، لە کاتی روماڵی خۆپیشاندانداندا لە کەلار ئەفسەرێکی ئاسایشی گەرمیانو ژمارەیەك پاسەوانی کامێرای ڤیدیۆییان لێســـەندوەو پاش دو سەعات کامێراکەیان پێداوەتەوە بەڵام کاســـێتەکەیان ســـڕیوەتەوە. هەروەها رۆژی ٩ی ئازار لەلایەن هێزێکی دەمامکدار رێگری لێکراوە روماڵی خۆپیشاندانێکی تر بکات.
٩٠. رۆژانی ١ تا ٥ی ئازار لەبەردەرکی سەرای شاری سلێمانی چەند جارێك هێرشکراوەتە ســـەر پەیامنێرو وێنەگرانی کەناڵی کوردسات، مەریوان عەبدوڵا، ئاسۆ عەلی، ئاری نەوزاد، ئاوارە جومعە. مەریوان عەبدوڵا بە میترۆی وت»چەند کەسێك کە دەیانناسین کێن، کاسیێتی کامێراکانیان لێسەندین»
٩١. رۆژی ١ی ئازار لە شـــاری کەلار بە نامە هەرەشـــە لە بەرپرسی کەناڵی سپێدە کرا. بێســـتون ژالەیی بە ســـەنتەری میترۆی وت «لە ژمارە مۆبایلی(-) هەرەشـــەم لێکراوە بۆم دەنوسن چاوەڕوانی مەرگی خۆت بە».
٩٢. رۆژی ٢ی ئازار بەنامە هەرەشـــە لەوێنەگری کەناڵی ســـپێدە کرا. ســـوارە بیلال بە میترۆی وت» ئەو نامانەی بۆمان دەنێرن هەرەشەی کوشتنە».
٩٣. پەیامنێر ئەسعەد موحەمەدو وێنەگر سەنگەر حەمید لە کەناڵی ئاسمانی سپێدە لە کەلار، رایانگەیاند کە رۆژی ٣ی ئازار کاتژمێر ٢:٣٥ خولەکی پاشنیوەڕۆ لەبەردەم نوسینگەی کەناڵەکە لەلایەن مەفرەزەیەکی ئاسایشی گەرمیانەوە «رفێنراون»و پاش سوکایەتیپێکردن براون بۆ بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گەرمیانو هەڕەشەیان لێکراوەو ئازاردراون.
٩٤. ئەســـعد عەلی ئیســـماعیل، سەرنوســـەری گۆڤاری بۆچون، وتی کە رۆژی ٤ی ئازار چەند چەکدارێکی یەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان هەڕەشەیان لێکردوە. هەروەها وتی کە هەڕەشەکان پاش بڵاوکردنەوەی هەواڵێك سەبارەت بە سوتاندنی کەناڵی نالیا بوە.
٩٥. رۆژی ٤ی ئازار هێرشـــکرایە سەر رۆژنامەنوسانی کەناڵی ئاسمانی سپێدە لە قەزای چەمچەماڵ پشـــتیوان جلالو ســـەنگەر حمید. دەســـتدرێژی گوللەیان بەســـەردا دەکرێت. هەروەها لەلایەن هێزی ئەمنیەوە هەردو رۆژنامەنوس ئەسعەد محەمەدو سەنگەر حەمید دەستگیردەکرێنو لێیاندەدرێت هەڕەشەی کوشتنیش لە سەرکەوت سەلام دەکرێت.

٩٦. رۆژی ٥ی ئازار لە شـــاری رانیەی سەر بە پارێزگای سلێمانی هێرشکرایە سەر تیمی کەناڵی سپێدە، عمر محەمەدو بارزان ئازاد.
٩٧. شاسوار مامە، پەیامنێری کەناڵی KNN، وتی کە رۆژی ٥ی ئازار لە ڕێی تەلەفۆنەوە هەڕەشەی لێکراوە.
٩٨. رۆژی شـــەممە ٥ی ئـــازار لەبەردەرکی ســـەری چەند کەســـێك بەبەرگی مەدەنی هێرشیانکردە سەر پەیامنێری کەناڵی کوردسات مەریوان عەبدوڵا.
٩٩. رۆژی ٦ی ئازار هێرشـــکرایە ســـەر رادیۆی دەنگ لە کەلار کە بەهۆی هێرشەکەوە پەخشـــی وەستا .ئازاد عوســـمان، بەڕێوەبەری رادیۆی دەنگ، ئەوکات بەسەنتەری میترۆی وت، کە لەم ماوەیەی پێشـــودا لەژێر فشـــاردا بون بەڵام هیچ هەڕەشەیەکی راستەوخۆیان پێنەگەیشتوە. هەروەها وتیشی کە رادیۆکە روماڵی روداوەکانی ناوچەکەی کردوە بەتایبەتی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییە.
١٠٠. شـــەوی ٧ی ئازار لە قەزای پێنجوێنی ســـەر بەپارێزگای ســـلێمانی هەرەشـــە لە پەیامنێری گەلی کوردستان ئاکۆ کەریم کرا .
١٠١. رۆژی ٨ی ئـــازار رادیۆی نەوا کە ئۆفیســـی ســـەرەکی لە شـــاری ســـلێمانییە لە بەیاننامەیەکیاندا کە دانەیەکی بۆ سەنتەری میترۆ نێردرا بو داوای لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد گیانی کارمەندەکانیان بپارێزێت لەو هەڕەشانەی دەکرێتە سەریان.
١٠٢. فەریق حەمەساڵح، بەڕێوەبەری دەنگی یەکگرتو رادیۆی گەرمیان، بە کەمپینی نا بۆ هەڕەشە لە رۆژنامەنوسانی راگەیاند کە رۆژی ٧ی ئازار لەڕێی کورتەنامەیەکەوە هەڕەشە لـــە کارمەندانی رادیۆکە کراوە. هەروەها رۆژی ١٠ ئازار لەڕێی کورتەنامەوە هەڕەشـــە لە خۆی کراوە. ١٠٣. رۆژی چوارشەممە ٩ی ئازار بۆ جاری دوهەم چەند ئاسایشێك چونە سەر رادیۆی دەنگو ســـوکایەتیان بە کارمەندانی کردوە. ئازاد عوســـمان، بەڕێوەبەری رادیۆی دەنگ لە کەلار، بە ســـەنتەری میترۆی راگەیاند «چەند کارمەندێکی چەکداری ئاسایش بە بیانوی ئەوەی کە چەند خۆپیشـــاندەرێك بەرەو بینای رادیۆکەیان هەڵهاتون، هاتنە ســـەر رادیۆکەمان».
١٠٤. رۆژی چوارشەممە ٩ی ئازار، لە ناحییەی رزگاری سەر بە قەزای کەلار هێرشکرایە سەر پەیامنێری کەناڵی پەیام، مستەفا عەبدوڵا «هێزێك کامێراو مۆبایلەکەیان لێسەندم»
١٠٥. گەرمیان حەمە پور، پەیامنێری کەناڵی KNN لەکەلار، بەکەمپینی نا بۆ هەڕەشـــە لە رۆژنامەنوسانی راگەیاند کە رۆژی ٩ی ئازار لە کاتی روماڵکردنی خۆپیشاندا لە ناحیەی رزگاری لەگەڵ وێنەگری کەناڵەکە عەبدولرەحمان نەریمان لەلایەن ئاسایشـــەوە بۆ ماوەی زیاتر لە سەعاتێك دەســـتگیرکراونو هەڕەشـــەیان لێکراوە کە ئەگەر بەردامبێت،»ڕەمی» دەکرێت.

١٠٦. هەژار ئەنوەر، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی KNN، بە سەنتەری میترۆی راگەیاند کە رۆژی ٩ی ئازار لە رێی کورتەنامەوە، کە بۆ براکەی نێردراوە، بە ناوی گروپی «گەنجانی تورەی هەولێر» هەرەشەی لێکراوە. هەژار لەو کاتەدا بە میترۆی وت «رۆژی ١٧ی شوبات لەو کاتەی کە بارەگای گۆڕان‌و رادیۆی گۆڕان سوتێندران، من لە ماڵی خۆمان نەماومەتەوەو شەوان لە شوێنی جیاواز دەخەوم».

١٠٧. سەرکەوت سەلام، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی سپێدە لە گەرمیان راگەیاند کە رۆژی ٩ی ئازار لە ناو بازاری کەلار لە لایەن مەفرەزەیەکی ئاسایشەوە دەستگیرکراوەو پاش سوکایەتی پێکردن لە لە ناوچەیەکی دەرەوەی کەلار ئازادکراوە.

١٠٨. هێمن عومەر، بێژەری دەنگی یەکگرتو رادیۆی گەرمیان، بە کەمپینی نا بۆ هەرەشە لە رۆژنامەنوسانی راگەیاند کە رۆژی ٩ی ئازار لە کاتی گەڕانەوەی لەسەر کار لە لایەن مەفرەزەیەکی ئاسایشی بنکەی رزگاری سوکایەتی پێکراوەو بە قۆناغەتفەنگ لێیدراوەو بۆ ماوەی چەند سەعاتێك دەستبەسەرکراوە بە تۆمەتی بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکاندا.

١٠٩. رۆژی ١٥ی ئازار لە شارۆچکەی سەیدسادق، لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا هێرشکرایە سەر زانا عەلی پەیامنێری KNNو سالار مەحمود پەیامنێری گۆڤاری لڤین. هەر ئەو ئێوارەیە رێکخەری سەنتەری میترۆ سەردانی زانا عەلی کرد کە بەپێی راپۆرتی پزیشکی پەراسویەکی شکاوەو یەکێکی تەریان درزی تێبوە.

١١٠. رەنگین سەلام، پەیامنێری کوردسات لەهەڵەبجەی شەهید، رۆژی ١٥ی ئازار لەبەردەم نەخۆشخانەی هەڵەبجە هەرەشەی لێکراوە. رەنگین بەسەنتەری میترۆی وت، «لەلایەن چەند هاولاتییەکەوە کە خزمەکانیان لەخۆپیشاندانی ئەو رۆژەدا بریندار بوبون لە بەردەم نەخۆشخانەی هەڵەبجە هەرەشەم لێکرا پاشان پۆلیسەکان پاراستمیان‌و بۆماوەی دو سەعات نەمتوانی لە نەخۆشخانە بێمە دەرەوە».

١١١. رۆژی ١٦ی ئازار لە شاری هەڵەبجە رێگە نەدرا تیمی کەناڵی KNN روماڵی یادی کارەساتی شارەکە بکەن. ئارام نەجم بە میترۆی وت «روبەروی پەلاماردان وهەرەشەی کوشتن بوینەوە لەلایەن هێزیکی تایبەت کە جلێکی رەشیان لەبەر بو دواتر گۆرەپانی یادەکەمان بەجێهیشت».

١١٢. رۆژی ١٦ی ئازار لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتێك لەسەر کیشەی چەند هاولاتییەکی کوردستانی ئێران، پاسەوانەکانی نیشنگەی سلێمانی هێرشیانکردە سەر سەرنوسەری رۆژنامەی چەتر کاروان سالارو رۆژنامەنوس یاسر گوڵی. کاروان بە سەنتەری میترۆی وت» پاش ئەوەی رێگریان لێکردین دەستگیرکراین‌و گوازراینەوە بۆ ئاسایش لەوێ وێنەی ناو کامێراکەیان سڕییەوەو دواتر ئازاد کراین».

١١٣. دانا رەزگەیی، پەیامنێری رۆژنامەی هاولاتی لەقەزای سۆران، بەسەنتەری میترۆی راگەیاند کە رۆژی ١٦ی ئازار لەرێی پەیوەندییەکی تەلەفۆنییەوە هەرەشەی کوشتن لێکراوەو داوای لێکراوە کە شارەکە بەجێبهێڵێت.

١١٤. زمناكــۆ عەلی مســتەفا، وێنەگری کەناڵی ئاســمانی گەلی کوردســتان، وتی کە ڕۆژی ١٨ی ئازار کۆمەڵێك کەس کە نوێژی هەینیان کردوە لە مزگەوتی حاجی حەســەنی گڵەزەردە لە ســلێمانی، کۆمەڵێك کەس هاواریان کردوە بــە ڕوی وتارخوێنی مزگەوتەکە «ئێمە گۆڕانین، نامانەوێت وا قسە بکەیت، پاشان پەلاماری ئێمەیانداو کاسێتی کامێراکەیان لێبردین‌ونەیانگێڕایەوە».

١١٥. نەشمیل موحەمەد، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی کوردستان، وتی کە ڕۆژی ١٩ی ئازار لەناو یاریگای یانەی پێشمەرگە لە سلێمانی لە لایەن چەند کەسێکەوە هێرشیکراوەتەسەر بەڵام لە لایەن پۆلیســەوە پارێزگاری لێکراوە، «من پەیامنێری وەرزشی بوم ویستم ڕوماڵی هەواڵی وەرزشــی بکەم چ پەیوەندییەکم هەیە بە سیاســەتەوە جوێیان پێدامو هێرشــم کرایەسەر».

١١٦. ڕۆژی ١٩ی ئازار سوارە بیلال پەیامنێری کەناڵی سپێدە بە میترۆی وت» بۆ ماوەی یەك کاتژمێر لەلایەن پۆلیســی چەمچەماڵەوە دەســتگیرکرام» جەختیکردەوە«من خەرێکی کاری ڕۆژنامەنوسی ئاسایی خۆم بوم ئەو کاتەی بردیانم».

١١٧. ڕۆژی ١٩ی ئــازار لە شــاری چەمچەمــاڵ ئاری لوقمان پەیامنێــری کەناڵی KNN دەستگیرکرا. لوقمان بەمیترۆی وت»بۆ ماوەی ٤٠ دەقیقە دەستبەسەر کرام لە یاریدەدەری ئاسایشی چەمچەماڵ» جەختیکردەوە« پێیان وتم نابێت خۆتو کامێراکەت بێنە ناو بازارەوە«
.

١١٨. ڕۆژی ٢١ی ئازار ئەندامێکی ئەنجومەنی خۆپیشــاندانی سەرا ژمارە ٤٤ی گۆڤاری (چرکە)ی بەبەردەم ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانەوە دەدڕێنێت.

١١٩. ڕۆژی ٢١ی ئــازار لەکاتــی ڕوماڵکردنی خۆپیشــاندانێك لە بــەردەم پەرلەمانی کوردستان هێرشکرایە سەر تیمی کەناڵی (KNN) هەژار ئەنوەرو ئەمیر ئەبوبکر. هەژار بە میترۆی وت»لەلایەن هێزێکی ئاسایشەوە ئێمەو شوفێری کەناڵەکەیان بۆ ماوەی دو سەعات دەستگیرکردو نەیانهێشت ڕوماڵی هەواڵەکە بکەین».

١٢٠. بەرقی ئیسلام، پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی سپێدە لەناوچەی ئامێدی، ڕۆژی ٢٢ی ئــازار لە کاتی گەڕانەوەی لە ســەیران لەگەڵ خێزانەکەی دەدرێتەبەر دەســترێژی گوللە، بەرقی بە ســەنتەری میترۆی وت، «لەگەڵ خێزانەکەمو براکەم، کە منداڵیشــمان پێبو لە نێوان شێلادزێو سێرێ ئوتومبێلێکی نەناسراو لە جۆری هیوندای سپی بە ڕوی ئێمە هاتو لایتەکانی کوژاندەوەو بە گوللە دەســترێژی لە ئوتومبێلەکەی ئێمە کرد. ئوتومبێلەکەمان ٨ گوللەی بەرکەوتوە بەڵام خۆمان بریندار نەبوین».

١٢١. ڕۆژی ٢٢ی ئازار لە شــاری هەڵەبجە هێزێکی ئەمنی هێرشــیانکردە ســەر تیمی کەناڵــی KNN کە پێك هاتبون لە هانا ســدیقو ئارام نەجم. ئــارام بە میترۆی وت»پاش سوکایەتیو لێدان کامێرای کەناڵەکەیان شکاند».

١٢٢. هەنگاو هاشم، بەڕێوەبەری نوسینگەی ڕۆژنامەی ڕۆژنامە لە هەولێر، شەوی ٢٣ی ئازار لەلایەن ئوتومبێلێکی نەناسراو لە هەولێر دەستدرێژی گوللەی بەسەردا دەکرێت. هەنگاو وتی، «لە کاتی گەڕانەوەی خۆمو خێزانەکەم، کاتژمێر ١٠ی شەو لە شەقامی بنەسلاوەی پشت بازاڕی ماجدی مۆڵ ئوتومبیلێکی نەناسراوی سپی جام ڕەشی قەمەرە کە ئالایەکی پێوە بو. لە دواوە هۆڕنێکی زۆری لێداو فول لایتی پێکرد منیش هاتمە دەستە ڕاستی شەقامەکەو هێواشم کردەوە لەگەڵ هێواش کردنەوەی من نزیک بۆوەو دەستدرێژی گوللەی بەسەردا کردین‌و بە خێراییەکی زۆر ڕۆیشت».

١٢٣. ماڵپەری سبەی، بڵاویکردەوە کە ڕۆژی ٢٥ی ئازار ئەمیر ئەبوبەکر، وێنەگری کەناڵی KNN لە هەولێر، بۆ ماوەی دو سەعات‌و لەلایەن پۆلیسی فریاکەتنەوە بەبێ هیچ تۆمەتێك دەستگیرکراوە.

١٢٤. ڕۆژی ٢٩ی ئازار لەبازگەی شاویس ڕۆژنامەنوسی گۆڤاری سڤیل شوان سدیق دەستگیردەکەن‌و بە ئۆتۆمبێلێك دەبرێتە بارەگایەکی حزبی‌و پاشانیش دەبرێتە ئاسایشی شاویس‌و دو کاتژمێر لێکۆڵینەوەی لەگەڵ دەکەن.

١٢٥. هەڵگورد ئەحمەد، سەرنوسەری گۆڤاری زنار، وتی کە شەوی ٢٥ی ئازار لەگەڕەکی کێوە ڕەش لە شاری ڕانیە هێرشکرای کراوەتەسەر، «نازانم چەند کەس بون بەڵام گوێم لە تەقە بو ٣ فیشەك تەقێنرا ٢ فیشەکم بەرکەوت» جەختیکردەوە» دوژمنایەتیم نییە لەگەڵ کەس تا گومانم لە کەسێکی دیاریکراو هەبێت».

١٢٦. عەبدولرەحمان ئەبو بەکر، پەیامنێری کەناڵی KNN، بە سەنتەری میترۆی ڕاگەیاند کە سەرلەبەیانی ڕۆژی ٣١ی ئازار، لە بازگەی دەربەندیخان بەرپرسان ڕێگەیان لێگرتون لە ڕۆیشتن بۆ شاری کەلار بۆ ڕوماڵکردنی خۆپیشاندانێك کە لەو شارەدا بەڕێوەچو، «پێانوتین ئەمری سەرو خۆمانە، ئێمەش ناچار بوین لە ڕێگەیەکی نارەسمیەوە بچینە ناو شاری دەربەندیخان‌و پاشانیش بۆ کەلار».

١٢٧. ماڵپەری هەواڵی سۆمەرییە ڕایگەیاند کە ڕۆژی ٣١ی ئازار، هێزەکانی ئاسایش لە بازگەی شارۆچکەی دەربەندیخان ڕێگریانکردوە لە تیمێکی کەناڵی ئاسمانی سۆمەرییە لە ڕۆشتنیان بۆ شاری کەلار بۆ ڕوماڵکردنی خۆپیشاندانێکی ئەو شارە.

١٢٨. ڕۆژی ٣١ی ئازار، لە ناحییەی ڕزگاری سەر بە قەزای کەلار هێرشکرایە سەر پەیامنێری کەناڵی پەیام، مستەفا عەبدوڵاو بۆ جاری دوهەم نەیانهێشتوە ڕوماڵی هەواڵ بکات.

١٢٩. ماڵپەری سبەی، ڕۆژی ٣١ی ئازار، ڕایگەیاند کە لەکاتی ڕوماڵکردنی خۆپیشاندانی کۆمەڵێك خوێندکار لە دهۆك، کە ناویان بۆ تاقیکردنەوەی بەرایی دەرنەچوبو، لوتفی دۆسکی، پەیامنێری ماڵپەڕەکە لەلایەن فەرمانبەرێکی پەروەردەوە هێرشیکرایەسەر.

١٣٠. رۆژی ٣١ی ئازار هەژار ئەنوەر، بەرپرســـی نوســـینگەی کەناڵی KNN لە هەولێر، رایگەیاند کە چەند چەکدارێك بە جلوبەرگی مەدەنییەوە لەکاتی روماڵکردنی خۆپیشاندانێکی ژمارەیەك خوێندکار لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی هەولێر هێرشیانکردوەتەســـەر تیمێکی کەناڵەکە، مەریوان مەلاحەسەن، وێنەگرەکەی‌و کامێراکەیان شکاندون، «ئەم کارە بە بەرچاوی هێزێکی زۆری پۆلیسەوە ئەنجامدرا، بەڵام ئەوان بێدەنگ بون لەو هێرشە.

## ج- پێشێلکاریەکانی مانگی نیسان

١٣١. دانا بەکر، بەرپرســـی بەشـــی کامێرای کەناڵی نالیا، رۆژی ١ی نیســـان، لە کاتی روماڵکردنی خۆپیشـــاندانەکانی ســـلێمانی دەســـتگیکراو پـــاش رۆژێك ئازادکـــرا. دانا بە میتـــرۆی وت» من خۆپیشـــاندەر نەبوم کامێرای کەناڵەکەم پێبو رەســـمم ئەگرت لێاندام‌و دەستگیریانکردم».

١٣٢. ئالان جەلال، کامێرامانی کەناڵی گەلی کوردســـتان، وتی کە رۆژی ١ی نیســـان لە گەڕەکی کانێســـکانی شاری سلێمانی، بە هۆی پیاکێشـــانی پارچە بلۆکێکەوە قاچی چەپی برینداركراوە.

١٣٣. بەرپرســـانی کەناڵی ئاسمانی نالیا، بە سەنتەری میترۆیان راگەساند کە رۆژی ١ی نیســـان، ئاڤار حامید، وێنەگری کەناڵەکە، لە کاتی روماڵکردنی خۆپیشـــاندانەکانی شاری سلێمانی بۆ ماوەی سەعاتێك لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیرکراوە.

١٣٤. ماڵپـــەری رۆژنامەی ئاوێنە رایگەیاند کە رۆژی ١ی نیســـان، لە کاتی روماڵکردنی خۆپیشـــاندانەکانی شاری ســـلێمانی، لەلایەن دو کارمەندی ئاسایشەوە هێرشکراوەتەسەر ژیار موحەمەد، هاوکاری ماڵپەرو رۆژنامەی ئاوێنە.

١٣٥. رۆژی ١ی نیســـان، هێزە ئەمنییەکان لە نزیك بەردەرکی سەرا هێرشیانکردە سەر چەند رۆژنامەنوســـێکی رۆژنامەی چەتر. هەر یەك لە زانکۆ سەردار، ئاسۆ خەلیل،و ئاراس عوســـمان، پەیامنێرانی رۆژنامەی چەتر، هێرشیانکراوەتەسەر. ئاسۆ وتی کە جگە لە لێدان کامێراکەشیان شکاندوە. ئاراس وتی کە هێزەکان کامێراو باجەی رۆژنامەنوسیان بردوە.

١٣٦. ئاکۆ موحەمەد، پەیامنێری ماڵپەری دەستورو ئاژانسی میترۆگرافی، وتی کە رۆژی ١ی نیســـان هێزە ئەمنییەکان هێرشیانکردوەتەسەری، «فۆتۆم ئەگرت هاتن کامێراکەیان لێسەندم دو زللەیان لێدام‌و وتیان نابێ رەسمان بگری».

١٣٧. ئاکۆ مەجید عەلی، پەیامنێری گۆڤاری هاودەم، وتی کە رۆژی ١ی نیسـان، پۆلیس لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر لە بنکەکەیان هێشتویانەتەوەو پاش ئـەوەی میمۆری کامێراکەیان لێسـەندوە ئازادیان کردوە. ئاکۆ وتـی کە پێیوتراوە، رۆژی دواتـر میمۆری کامێراکەی دەدرێتەوە، بەڵام کە رۆشـتوە بـۆ وەرگرتنەوەی دوبارە هێشـتویانەتەوە تا ئەو کاتەی کە مەفرزەیەکی ئاسایش هاتوەو بردویەتی بۆ ئاسایش، « تەحقیقم لەگەڵ کراو وێنەیان گرتمو ئیمزایان پێکردم کە من بەشـداری خۆپیشاندنم نە کردوە بۆ ماوەی پێنج کاتژمێر هێشتیانمەوە».

١٣٨. رۆژی ٢ی نیسـان لە گەڕەکی زەرگەتەی شـاری سـلێمانی کەسـانی نەناسراو بەدزیەوە دەچنە سـەر ماڵی سەرنوسەری جودی نیوز. شـیروان محمد ئەمین بە میترۆی وت» لاپتۆپەکەیان براوە کە ئەرشیفی سایتەکەی تێدایە«

١٣٩. شـەوی یەکشەممە ٣ی نیسان بە کورتە نامە لە ژمارەیەکی ناسراوەوە هەڕەشەی کوشتن لە رۆژنامەنوس مەریوان نەقەشبەندی کرا.

١٤٠. رۆژی دو شـەممە ٤ی نیسـان لە شـاری هەولێـر، نیاز عەبدوڵڵا بەرنامەسـازو هەواڵنێری رادیۆ نەوا لەگەڵ وریـا حەمەکەریم پەیامنێری هاوڵاتی، لە کاتی رومالکردنی خۆپیشـاندانێکی خوێندکارانی زانکۆی سـەلاحەددین لە لایەن هێزەکانی پۆلیسی تەواری دەسـتگیر کـران. دوای مانەوەی کاتژمێرو نیوێك بەهۆکاری ئـەوەی وریا هیچ وێنەیەکی نەگرتوە ئازادی دەکەن. بەڵام دوای پشکنینی کەرەستە کانیو لێسەندنی میمۆری کامێراو ریکۆردەرەکەی، دوای دو کاتژمێر ونیو نیاز یش ئازاد دەکەن.

١٤١. شـەوی ٩ی نیسان کاتژمێر ٢:٢٠ی شەو ئۆتۆمبیلەکەی رۆژنامەنوس سۆران عمر سـوتێنرا. سۆران بە میترۆی وت» ئومبێلەکەیان سـوتاندم لەبەردەم ماڵەکەم لەگەڕەکی خەبات، ئۆتۆمبیلەکە جۆری کامیری ٢٠٠٧ بو».

١٤٢. رۆژی ١٨ی نیسـان لەبەردەم مزگەوتی رەشاد لە شاری هەولێر چەند کەسێك بە بەرگی مەدەنییەوە پەیامنێری رادیۆو تەلەفزیۆنی ئازادی هیوا عمر دەسـتگیردەکەن، هیوا بە میترۆی وت» دەسگیرکرامو خرامە نێو ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکاپ دوای لێدانو سوکایەتی جنێودان لای هۆڵی زەرد ئازاد کرام.

١٤٣. رۆژی ١٨ی نیسـان لەبەردەم مزگەوتی رەشـاد لە شاری هەولێر هێرش دەکرێتە سەر ئەندامێکی دەستەی نوسەرانی گۆڤاری سڤیل. شوان سدیق بە میترۆی وت» لەلایەن هێزێکی ئەمنییەوە هێرشیانکردە سەرمو لێیاندام»

١٤٤. رۆژی ١٨ی نیسـان لەبەردەم مزگەوتی رەشاد لە شاری هەولێر چەند کەسێك بە بەرگی مەدەنییەوە هێرشـیانکردە سەر تیمێکی رادیۆو تەلەفزیۆنی ئازادی، هۆگر حسین، سـەمەد کەریم، هیوا مستەفا . هیوا بە میترۆی وت «کەسەکانی رۆژنامەنوسیمان دەستی بەسەردا گیرا پاش چەند کاتژمێرێك گەراندیانەوە».

١٤٥. ١٨ی نیسان لەکاتی رومالْکردنی خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی، چنور محەمەد ئەمین فۆتۆگرافەری رۆژنامەی هاولاتی لە شـــەقامی پیرەمێرد بەفیشەك بریندار بو. چنور بە میترۆی وت «بینیم ئەوەی کەتەقەی لێکردم نیشانەی لێگرتمەوە».

١٤٦. رۆژی ١٨ی نیســـان لەکاتـــی وێنەگرتن لە بەردەم مزگەوتی رەشـــاد پەیامنێری گۆڤاری ســـڤیل دەستگیرکرا. بەهمەن عەلی بە میترۆی وت «هێرشکرایە سەرم لێاندام بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر لە پۆلیسی فریاکەوتن هێشتمایانەوە».

١٤٧. رۆژی ١٨ی نیسان لە کاتی رومالْکردنی گردبونەوەی پێش مزگەوتی رەشاد موفتی دەستدریژی دەکرێتە سەر هەژار ئەنوەرو مەریوان مەلا حەسەنو تیمی کەنالْی **KNN** دوای دەست بەسەر کردنیان بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك لە پۆلیسی تەواری، ئازاد دەکرێت.

١٤٨. ١٩ی نیسان کۆمەڵێك چەکدار لەشەقامی پیرەمێردی شاری سلێمانی کامیرایان لە پەیامنێری ئاژانسی هەواڵی ئەسوشیتدپریس سەند. یەحیا بەرزنجی بە سەنتەری میترۆی وت» کامێرای ئاژنسەکەمانە تا ئێستا کە کۆتایی ساڵە بۆیان نەگەڕاندومەتەوە».

١٤٩. رۆژی ١٩ی نیسان هێزێکی سەربازی لە نزیکی کەناڵی پەیامی کۆمەڵی ئیسلامی جێگیکران.

١٥٠. رۆژی ١٩ی نیسان رۆژنامەنوس شوان سدیق بە میترۆی وت»دوای ئەوەی دییدارێکم لە کەی ئین ئین بلاوکرایەوە ئاسایشـــی عەنکاوە دەستگیریانکردمو داوای زانیاریان لەسەر شوێنی نیشتەجێبونو کارەکەم کرد».

١٥١. رۆژی ١٩ی نیسان کامێرامانی کەناڵی پەیام لەشاری رانیە رزگار حەمەد نەبی بە میترۆی وت» هێزە ئەمنییەکان هێرشـــیانکردە سەرم ویستیان کامێراکەم لێبسەنن بەلاّم چەن خۆپیشاندەرێك رێگریان لێکردن».

١٥٢. رۆژی سێ شەممە ١٩ی نیسان لەناو پارکی رانیە رێگری لە پەیامنێری رۆژنامەی روداو فەرمان مەلا حەسەن کرا روماڵی چالاکییەك بکات.

١٥٣. رۆژی سێ شەممە ١٩ی نیسان پەیامنێری کەناڵی پەیام لە شاری سلێمانی رامیار عوســـمان بە میترۆی وت» لەکاتی رومالْکردنی هەواڵی نارەزایەتی خوێنکارانی ئەو شـــارە لەگەڵ وێنەگری کەناڵەکەمان رەوەند یوســـف هێزە ئەمنییەکان هێرشیان بۆ هێرشیان بۆ هێنایین بۆ ماوەی چوار کاتژمێر دەست بەسەرکرایین»

١٥٤. رۆژی ١٩ی نیســـان هێزە ئەمنییەکانی ســـلێمانی لەبەردەم خانەی داد رۆژنامەنوس ســـیروان رەشید یان دەستگیرکرد. سیروان وتی« لەکاتی دەستگیرکردنماندا تا ئەو کاتەی بە ئۆتۆمبێل بردنیانین بۆ زیندان ئازارو ئەشکەجە دراین، کە دیارە هەرسێ رەفتاری دەستگیرکردنو ئەشکەنجەدانو زیندانیکردنمان پێچەوانەی یاسای گشتیو یاسای رۆژنامەوانیە».[١٩]

[١٩] راپۆرتی سەنتەری میترۆ، سایتی سبەی، ٢٠١٢/١/١٤ /
http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=2841&LinkID=14

# دووەم/ رۆژمێری خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات تا ٢١ی نیسان

لەژێر کاریگەری شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبیو ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر سیستەمی سیاسی وڵاتو گەندەڵیو ناعەدالەتی کۆمەڵایەتیو کێشەکانی هەرێمی کوردستان، زیاتر لە (٦٠) رۆژ هاولاتیانی هەرێمی کوردستان لەسەر شەقامەکان دروشمی دژ بە گەندەڵیان دەوتەوە، دواجار بە رژانی خوێنی (١٠) کەسو بریندار بونی سەدان کەسی دیکە کۆتایی پێهات.

هەرچەندە سەرەتای خۆپیشاندانو ناڕەزایەتیەکان بە خۆپیشاندانێکی هێمنانە بۆ پشتگیریو پیرۆزبایی سەرکەوتنی شۆڕشەکانی تونسو میسر دەستپێکرد، دواتر بەهۆی رژانی خوێنەوە، ناڕەزایەتییەکانی هاولاتیانی کوردستان، زۆربەی ناوچەکانی هەرێمی کوردستانو رەوەندی کوردی لە (ولاتانی ئەمەریکاو بەریتانیاو ئوسترالیاو ولاتانی ئەوروپا) ی بەشێوازی جیاواز گرتەوە، ماوەی زیاتر لە (٦٠) رۆژی خایاند، دوای تێپەڕبونی دوساڵ بەسەر روداوەکانی (شوباتو ئازارو نیسانی) ٢٠١١، کە سەرەتاکەی لە روداوەکانی (١٧) ی شوبات دەستپێکردو بە (١٩)ی نیسان کۆتایی پێهات، لەم راپۆرتەدا (سبەی) گرنگترین روداوەکانی ناوخۆی هەرێم لەو ماوەیەدا بیردەخاتەوە.

## أ- رۆژمێری مانگی شوبات

* رۆژی (٢٠١١/٢/١٤) تۆڕی بەرگری لە مافو ئازادییەکانی خەڵك لە سلێمانی، بانگەوازی بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانێك لە رۆژی (٢٠١١/٢/١٧) بڵاوکردەوە، بۆ پشتگیری لە شۆڕشەکانی تونسو میسرو فشار خستنە سەر دەسەڵاتدارانی هەرێم بۆ ئەنجامدانی چاکسازی، لە بەردەرکی سەرای شاری سلێمانیو داوای بەشدارییەکی مەدەنیانەو دور لە توندوتیژیان کرد.

* سەعات (٢)ی رۆژی ١٧ی شوبات، خۆپیشاندان لەبەردەرکی سەرای سلێمانی دەستپێکرد، سەرەتا خۆپیشاندانێکی هێمنانەو دواتر کۆتایی پێهێنانی خۆپیشاندانەکە لەلایەن رێکخەرەکانیەوە، ژمارەیەکی لەبەشداران ئاراستەی خۆپیشاندانەکەیان گۆڕی بەرەو شەقامی مەولەویو لەوێوە بەرەو شەقامی سالم، لەسەرەتای شەقامی سالم دوای روبەروبونەوەیەك لەلایەن پاسەوانەکانی لقی (٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە تەقە لە خۆپیشاندەران کراو بە هۆیەوە گەنجێك بەناوی (رێژوان عەلی) شەهید بو زیاتر لە (٥٠) کەیش بریندار بون.

* هەمان شەوی روداوەکە مەکۆکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەولێرو سۆرانو دهۆك سوتێنران.

* قەدەغەی هاتوچۆ لە ٧ی ئێوارە بۆ (٧)ی بەیانی هاتوچۆ لە سلێمانی قەدەغەکرا.
* رۆژی ١٨ی شوبات هێزێکی گەورەی پۆلیسو چەکدار لە سلێمانی بلاوکرایەوە، هەزاران چەکداری پارتیش لە هەولێرەوە بەرەو سلێمانی جولێنران.

رۆژی ١٨ی شـــوبات، وەك هاوخەمیەك بۆ سوتاندنی بارەگاکانی گۆڕان، جەماوەرێکی زۆر لەبەردەم مەکۆی سەرەکی گۆڕان لە سلێمانی کۆبونەوەو قەڵغانێکی مرۆییان دروستکرد.

* هەمانرۆژ پرســـەی شـــەهید رێژوان عەلی لە ســـلێمانی دانراو باوکی شەهیدەکەش رایگەیاند: سکالا لەسەر بەرپرسانی لقی ٤ی پارتی تۆماردەکات.
* رۆژی ١٩ی شـــوبات خوێندکارانی زانکۆی ســـلێمانی بەرامبەر کوشتنو بریندارکردنی خۆپیشاندەران هەڵوێستیان وەرگرت.
* هەمان رۆژ لەبەردەرکی ســـەرای ســـلێمانی خۆپیشـــاندان دەســـتپێکردەوە داواکاریی سەرەکی ئەوەبو هێزەکانی زێرەڤانی سلێمانی بە جێبهێڵن، نوسەرو روناکبیر فاروق رەفیقو هاوسەرەکی بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کردو ناوی سەرا نرا (مەیدانی ئازادی).
* لەکاتـــی بەڕێوەچونـــی خۆپیشـــاندانو کۆبونـــەوە جەماوەریەکانـــدا تەقـــە بەســـەر خۆپیشـــاندەراندا کراو لە زۆربەی شەقامە ســـەرەکییەکانی ناوبازاڕو نزیکی سەرای ئازادی پێکدا هەڵپژان لەنێوان خۆپیشـــاندەرانو هێزە ئەمنیەکان رویداو بەهۆیەوە ١٤ کەســـیش بریندار بون.
* خۆپیشاندەرانی سەرای ئازادی دو بەیاننامەیان بلاوکردەوە داواکاریەکانیان خستەڕو.
* ئێـــوارەی هەمانرۆژ کەناڵەکانی دەســـەلات بلاویانکردەوە کە نەوشـــیروان مســـتەفا، کوردستانی بەجێهێشـــتوە، لەبەرامبەردا نەوشیروان مستەفا لە کەناڵی (KNN) دەرکەوتو وەلامی تۆمەتەکانی دایەوە.
* رۆژی (١٩)ی شـــوبات، بزوتنەوەی گۆڕان بەیاننامەیەکی سەبارەت بە روداوەکانی ئەو چەند رۆژەی ســـلێمانی بلاوکردەوە، داوای کشـــانەوەی هێزە جوڵەپێکراوەکانو ئازادکردنی گیراوەکانو ســـزادانی تەقەکەرەکانو پێکهێنانی لیژنەیەکی ســـەربەخۆیکرد، هەمان شەو مەکۆی گۆڕان لە شەقلاوە سوتێنرا.
* بەرەبەیانی ٢٠ی شـــوبات زیاتر بە (٥٠) چەکدار هەڵیانکوتایە سەر کەناڵی (NRT) لە سلێمانیو سوتاندیان، کەماوەی تەنها سێ رۆژ بو دەستی بە پەخشکردبو.
* رەوشی سلێمانی ئاڵۆزبو هێزێکی زۆری ئەمنیو چەکدار لەناو شاردا بلاوکرانەوە.
* خۆپیشـــاندانەکانی نـــاو زانکـــۆی ســـلێمانی بەردوام بـــو، گروپی زانکۆی ســـلێمانی بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە.
* رۆژی ٢٠ی شوبات، خۆپیشاندانەکانی بەردەرکی سەرا (سەرای ئازادی) دەستپێکردەوە، ٤٧ کەسیش لەو کەسانەی رۆژانی پێشو دەستگیرکرابون ئازادکران.

* جەعفەر مستەفا وەزیری پێشمەرگە لە کۆنفراسێکی ڕۆژنامەوانیدا رایگەیاند هێزەکانی زێرەڤانی کشاونەتەوە، لەهەمانکاتدا سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوەکرد هێزەکە لە ئەکادیمیای پۆلیس لە مەعەسکەر سەلام جێگیرکراون.
* لە شـەقامی سـالمی شاری سـلێمانی (سـەهۆڵەکە) خۆپیشاندان دەسـتپێکردو بۆ بڵاوەپێکردنیان تەقەیان بەسـەردا کراو ٤٧ کەس برینداربـون، لە گەڕەکی چوارباخیش خۆپیشاندەرێکیش بەناوی (سورکێو زاهید) شەهیدکرا، زیاتر لە (٢٠) کەسیش لەبەردەرکی سەرا لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە دەستگیکران.
* هاوکات لەگەڵ سـلێمانی، رۆژی ٢٠ی شـوبات لە رانیەو کفریو دەربەندیخانو کۆیە دەستپێکرد.
* سەنتەری میترۆ ئاشکرایکرد لەماوەی ئەو سێ رۆژەدا زیاتر لە ٢٥ پێشێلکاری بەرامبەر رۆژنامەنوسان تۆمارکراوە.
* رۆژی ٢١ی شوبات، تەرمی سـورکێو زاهید مەحمود دوەم شەهیدی خۆپیشاندانەکان بە خاکسپێردرا.
* هەمانـرۆژ یەکێك لە بریندارەکانی خۆپیشـاندانەکەی دوێنێ بەناوی (شـێرزاد تەها) گیانی لەدەستدا.
* ژمارەیەك خۆپیشاندەر بە گوڵەوە بەربەستی ئەمنی هێزە چەکدارەکانیان شکاند.
* نەخۆشـخانەی فریاکەوتنی سلێمانی ژمارەی چوار رۆژی رابردوی ئاشکراکرد کە تا ئەو کاتە گەیشتبوە (١٢٤) کەس کە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە بریدار کرابون.
* مامۆسـتایانی زانکۆی سـلێمانیش لە بەیاننامەیەکدا داوایانکرد ژمارەی راستەقینەی قوربانیەکان ئاشکرابکرێت.
* خۆپیشاندان لە قەزای سەیدسادقو دەربەندیخانیش دەستپێکرد.
* خۆپیشاندانەکانی سەرای ئازادی پێی نایە رۆژی پێنجەمیەوە، زانکۆش بەردەوام بو لە خۆپیشاندان.
* خۆپیشاندان لەکەلار دەستپێکردو پێنج کەسیش دەستگیرکران.
* یەکێك لە بریندارەکانی خۆپیشـاندانەکانی ١٧ی شـوباتی بەردەم لقی چوار بەناوی (زمناکۆ رزگار) بەهۆی سەختی برینەکەیەوە نێردرایە تورکیا.
* رۆژی ٢٢ی شوبات خۆپیشاندان لە هەڵەبجە، رانیە، سلێمانی دەستپێکرد.
* چەند گروپێکی جیاواز لە هەولێر بەیاننامەی پشتگیریان بۆ خۆپیشاندانەکان دەرکرد.
* رۆژی ٢٣ی شوبات، خۆپیشاندانی سەرای ئازادی دەستپێکردەوەو بەیاننامەی چوارەمی ئەنجومەنی مەیدانەکە بەچەندین داواکارییەوە بڵاوکرایەوە.
* وەزیری خوێندنی باڵا سـەردانی خۆپیشاندەرانی زانکۆی سلێمانی کرد، کە ماوەی چوار رۆژ بو، لەناو حەرەمی زانکۆدا دەستیانپێکردبو.

* خۆپیشـــاندانەکانی ئەمڕۆی هەڵەبجـــە توندوتیژی لێکەوتەوەو بەهۆیەوە پۆلیســـێك شەهید بو ژمارەیەك خۆپیشاندەریش بریندابون.

* کۆیەش خۆپیشاندانی دەستپێکردەوە.

* پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی نائاسایی ئەنجامدا بڕیاری ژمارەی (١)ی پەسەندکرد، کە بەبڕیارە (١٧) خاڵیەکە ناسراوە.

* هەمانـــڕۆژ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەلایەن حکومەتەوە بۆ روداوەکانی ١٧ی شـــوباتو ڕۆژانی دوایی پێکهێنرا.

*ڕۆژی (٢٤)ی شـــوبات بازگەکانی شـــاری هەولێر ڕێگریان لە چونە ناوەوەی ژمارەیەکی زۆر لە هاولاتیان کرد.

* دوای دەرکردنـــی بەیاننامەیەکی پشـــتگیری بـــۆ خۆپیشـــاندانەکانی هەرێم لەلایەن ژمارەیـــك خوێندکاری زانکۆکەوە، هەمانرۆژ بە بڕیاری یەکێتی قوتابیانی ســـەر بە پارتی دەوامی زانکۆی سەلاحەدین تا ڕۆژی (٤/١) ڕاگیراو خوێندکارانی دەرەوەی شاری هەولێریش لەبەشە ناوخۆییەکان نێردرانەوە بۆ شارەکانی خۆیان.

*١٧ رێکخراوو کەســـایەتی هەولێر لە بەیاننامەیەکدا داوای ئاســـاییکردنەوەی دەوامی زانکۆو پەیمانگاکانیان کرد.

* گروپی سەردەشـــت عوسمان لەهەولێر بەیاننامەی دوەمی پشتگیری خۆپیشاندانەکانی دەرکرد.

* هەڵمەتی دەستگیکردنی خۆپیشاندەرانو ڕێکخەرانی لە هەڵەبجە دەستپێکرد.

* خۆپیشاندان چوارقوڕنەشی گرتەوە.

* ڕۆژی ٢٥ی شـــوبات لە زۆربەی شـــارەکانی هەرێمی کوردستانو عێراق خۆپیشاندانی هەینی توڕەییان ئەنجامدا.

* گروپی خۆپیشـــاندەرانی خۆڕســـك لە هەولێـــر لە بەیاننامەیەکـــدا داوایانکرد خەڵکی بەشداری خۆپیشاندانەکان بکەن.

* لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە زۆربەی دوکانو بازاڕەکانی هەولێر داخران.

* داواکارانی گشـــتی لە ســـلێمانی لە بەیاننامەیەکدا داوای ســـەروەری یاساو چاکسازی ریشەییو لێپرسینەوەیان کرد لەو کەسانەی پێشێلکاریان کردوە.

* لە زۆربەی قەزاو ناحیەو شارەکانی هەرێمی کوردستان خۆپیشاندان ئەنجامدرا.

* یەکەم نوێژی هەینی لە سەرای ئازادی سلێمانی بەڕێوەچو.

* خۆپیشـــاندان لـــە کەلار بەڕێوەچـــو لەلایەن پاســـەوانەکانی لقی پارتیـــەوە تەقە لە خۆپیشاندەران کراو گەنجێکیش بەناوی (بیلال ئەحمەد) شەهیدکراو زیاتر لە ١٠ کەسیش بریندارابون.

* خۆپیشـــاندانەکانی هەینی چەمچەماڵیـــش توندوتیژی لێکەوتـــەوەوە بەهۆی تەقەی پاســـەوانەکانی لقی ١٩ی پارتیەوە منداڵێکی تەمەن ١٢ ساڵان بەناوی (گەرمیان ئەحمەد) شەهید بو ٥ کەسیش بریندار بون.

* هێـــزە ئەمنیەکانـــی پارتی لە هەولێر بە جلی مەدەنیو ســـەربازیەوە لە نزیك بازاڕی نیشتیمان هێرشیانکردە سەر چەند کەسێك کە بەمەبەستی خۆپیشاندان کۆببونەوە.

* هەمانرۆژ لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە لەهەولێر (د.پشتیوان عەبدوڵڵا) رفێنرا.

* هەمانرۆژ بەیاننامەی خۆپیشاندەرانی خۆڕسك لەهەولێر بڵاوکرایەوە داوای خۆپیشاندانی جەماوەریان کرد.

* رۆژی ٢٦ی شـــوبات ژمارەیەك لەرێکخەرانی خۆپیشـــاندانەکانی ســـەرای ســـلێمانی دەستگیرکران.

* ئێوارەی هەمانڕۆژ بۆمبێکی دەنگی لە نزیك سەکۆی سەرای ئازادی تەقیەوە.

* پێکدادان لەنێوان خۆپیشاندەرانو هێزە ئەمنیەکانی سەرای ئازادی دروستبو.

* لە ئەنجامی پێکداهەڵبژانی هێزە ئەمنیەکانو خۆپیشاندەران لە نزیك مزگەوتی گەورەی شاری سلێمانی، گەنجێك بەناوی (ئومێد جەلال) شەهید بو ١١ کەسیش بریندار بون.

* ئەنجومەنـــی پارێـــزگای ســـلێمانی لە کۆبونەوەیەکدا پشـــتگیری خۆی بـــۆ داواکاری خۆپیشاندەران راگەیاند.

* دوای روداوە خوێناویەکی رۆژی پێشـــو، خۆپیشـــاندان لەکەلار دەستپێکردەوە هێزێکی زۆری پێشـــمەرگە رەوانـــەی ناوچەکە کرانو لەکاتی خۆپیشـــاندانەکەدا تەقەیان بەســـەر خۆپیشاندەراندا کرد.

* رۆژی ٢٧ی شـــوبات، خۆپیشـــاندان لە زۆربەی ناوچەکانی ســـنوری پارێزگای سلێمانی دەستپێکردەوە.

* ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی ماتەمینیو مانگرتنی راگەیاند.

* مانگرتن لە زانکۆی ســـلێمانی بەردەوام بو، خوێندکارانـــی پەیمانگای کۆمپیوتەریش خۆپیشاندانو مانگرتنیان راگەیاند.

* دوای روداوەکانـــی چەنـــد رۆژی رابردو هەڵمەتی رەشـــبگیری لەکـــەلار لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە دەستپێکرد.

* یەکێك لە بریندارەکانی رۆژی ٢٥ی شوباتی کەلار بەناوی (رەشید ئەحمەد لالۆ تەمەن ٥٠ ساڵ)، ئەمڕۆ گیانی لەدەستدا.

* دوای خوێندنـــەوەی وتارێك لە ســـەرای ئازادی، مـــەلا کامەران لەلایەن ئاسایشـــەوە دەستگیرکرا.

* رۆژی ٢٨ی شوبات خۆپیشاندانو نارەزایی لە سلێمانیو زۆربەی قەزاو ناحیەکانی دیکە بەردەوام بو.

* بنەماڵەی د.پشتیوان عەبدوڵلا لە بەیاننامەیەکدا ترسی خۆیان لە چۆنێتی دادگاییکردنی لەلایەن پارتیەوە نیشاندا، هەمانڕۆژ لەژێر فشاری حکومەتی ئوسترالیا د.پشتیوان ئازادکرا.
* کەمپەینی تۆم بە سەرۆك قبوڵ نییە، بەرامبەر مەسعود بارزانی، لە زانکۆی سلێمانی راگەیەندرا.
* لیژنەیەکی پەرلەمانی سەردانی سەرای ئازادی سلێمانیان کردو داواکاریی خۆپیشاندەرانیان وەرگرت کە بریتی بو لە داواکاریە هەنوکەییەکانو داواکاریە بنەڕەتیەکان.

## ب- رۆژمێری مانگی ئازار

* رۆژی ١ی ئازار، ئەنجومەنی مەیدانی ئازادی لە بەیاننامەیەکدا داوایکرد دەستبەجێ سەرجەم ئەو کەسانە ئازادبکرێن کە لە ١٧ی شوباتو رۆژانی دواتر دەستگیرکراون.
* ئیدارەی کۆیە داواکارییەکی گروپی دەنگی رەتکردەوە بۆ مۆڵەتدان بە خۆپیشاندانێکی رۆژانە بۆ ماوەی یەك سەعات.
* خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بەردەوام بون لە خۆپیشاندانو مانگرتن.
* کەمپەینی تۆم بەسەرۆك قبوڵ نییە، هەڵمەتەکەی بردە سەرای ئازادیو بەردەوام بو لەسەر ئیمزا کۆکردنەوە.
* گروپی بێدەنگ نابین لە بادینان لە بەیاننامەیەکدا داوایانکرد دیواری بێدەنگی بڕوخێنرێت.
* حکومەتی هەرێمی کوردستان بە راگەینراوێکدا وەڵامی داواکاری خۆپیشاندەرانی دایەوە، ئەنجومەنی مەیدانی ئازادیش لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند راگەیاندنەکە وەڵامی داواکارییە هەنوکەییەکانی خۆپیشاندەران نییە.
* رۆژی ٢ی ئازار هەرسێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن (گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتو) بایکۆتی دانیشتی پەرلەمانیان کرد.
* لە بەیاننامەیەکدا ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی رایگەیاند: ئەو وادەیە کۆتایی هاتوە، کە خۆپیشاندەران بۆ هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێمیان دانابو بۆ جێبەجێبکردنی داواکارییە هەنوکەییەکانیان کە لەرۆژی (٢/٢٨) رایانگەیاندبو.
* هەرسێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن پرۆژەیەکی (٢٢) خاڵیان ئاراستەی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کرد.
* بزوتنەوەی گۆڕان لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند، سەرەڕای ئەو پرۆژەیە، سورن لەسەر بەیاننامە حەوت خاڵیەکەی خۆیانو هەڵوەشاندنەوەی حکومەتو پێکهێنانی حکومەتێکی ئینتیقالی.

* هێــزە ئەمنیەکان لە کەلار (٢٠) خۆپیشــاندەریان دەســتگیرکردو ڕێیان لە کۆبونەوەی ناڕەزایی گرت.
* خۆپیشاندان لە ڕانیە دەستپێکردەوە.
* ســەرۆکی هەرێمــی کوردســتان بەیاننامەیەکی ســەبارەت بــە بارودۆخی هەرێم بڵاوکــردەوەو داوایکــرد هەڵبژاردنی ئەنجومەنــی پارێزگاکانو هەڵبژاردنی پێشــوەختی پەرلەمان ئەنجامبدرێت.
* ڕۆژی ٤ی ئازار ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی پەیامێکی ئاراستەی میدیا ئازادەکان کرد.
* خۆپیشاندان لە ڕانیەو قەڵادزێو حاجیاواو پێنجوێن ئەنجامدرا.
* خۆپیشاندانەکانی سەرای ئازادی سلێمانی پێی نایە ڕۆژی شانزەیەمییەوە دوەم نوێژی هەینی لەسەرا ئەنجامدرا.
* ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی ڕۆژی ٥ی ئازاری وەك ڕۆژی مانگرتنی سەرتاسەری ڕاگەیاند.
* ڕۆژی ٥ی ئازار کۆبونەوەی ناڕەزاییو مانگرت لەسەرای ئازادی سلێمانی دەستیپێکرد.
* خۆپیشــاندان لە پیرەمەگرونو پێنجوێنو سەیدســادقو ڕانیــەو دەربەندیخانو پێبازو زۆربەی قەزاو ناحیەکانی پارێزگای سلێمانیو گەرمیانو کۆیە ئەنجامدرا.
* لە سەرای ئازادی سلێمانی چادر هەڵدرا بۆ بەردەوامیدان بە خۆپیشاندانو ناڕەزایەتیەکان لە شەودا.
* لەلایــەن ژمارەیەك چەکدارەوە هێرشــکرایە ســەر مانگرتەوەکانی ســەرای ئازادیو چادرەکانیان سوتاند.
* درەنگانی شەو ژمارەیەك چەکدار بە جلوبەرگی سەربازیەوە هێرشیانکردە سەر ڕادیۆی دەنگ لە کەلارو کەلوپەلەکانیان تێکشکاند.
* ڕۆژی ٦ی ئازار، سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان ئاماری پێشێلکاریو هێرشکردنە سەر ڕۆژنامەنوسانی لەدوای ١٧ی شوباتەوە ڕاگەیاند.
* خۆپیشاندان لە قەزای دوکان دەستپێکردو هێزە ئەمنیەکان ڕێگریان لێکرد.
* لەساڵیادی ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١دا دانیشتوانی بازیان خۆپیشاندانێکی هێمنانەیان ئەنجامداو لە بەیاننامەیەکدا چەندین داواکاریان خستەڕو.
* بەهۆی ئەوەی ڕۆژانی ڕاپەڕین کرایە پشوی فەرمی، گروپی زانکۆی سلێمانی بڕیاریدا لە دادگای ئیداری سکاڵای یاسایی تۆماربکات.
* ژمارەیەك کەســایەتیو روناکبیرو نوســەر لە هەندەران لە بەیاننامەیەکدا داوایان لە دەسەڵاتداران کرد ڕێگە بەخۆپیشاندانی مەدەنیانە بدرێت لە هەولێر.
* ڕۆژی ٧ی ئازار گروپی ٢٥ی شــوبات لە کەلار پێشــێلکارییەکانی دەســەڵاتیان بەرای گشتیو کۆمەڵگای نێودەوڵەتی گەیاند.

* گروپی زانکۆی ســلێمانی بڕیاریاندا درێژە بە نارەزایەتییەکانیان بدەنو رو لە ســەرای ئازادی بکەن.
* هێــزە ئەمنیەکان هەوڵیاندا بە زەبری هێز رێگری لە خۆپیشــاندانەکانی کفریو کۆیە بکەنو تەنها لە کۆیە ١٤ کەس دەستگیریکرانو لەکفریش بڵاوە بە خۆپیشاندەران کرا.
* لە ســاڵیادی راپەرینەکەی شاری سلێمانی، خۆپیشــاندانی سەرای ئازادی بەردەوام بو، ژمارەیەکی زیاتر بەشداریان لە کۆبونەوە جەماوەریەکانو خۆپیشاندانەکاندا کرد.
* باڵێوزخانەی ئەمەریکا لە عێراق لە بەیاننامەیەکدا ئیدانەی ســوتاندنی کەناڵی نالیاو رادیۆی دەنگی کرد.
* رۆژی ٨ی ئازار خۆپیشاندان لە زۆربەی شارو قەزاو ناحیەکیان بەردەوام بو.
* هەردو نوســەر بەختیــار عەلیو ئاراس فەتاح لەدەرەوەی وڵات گەڕانەوەو لە ســەرای ئازادی وتاریان خوێندەوە.
* یادی ٨ی مارس لە سەرای ئازادی کرایەوە.
* بەهۆی ئەوەی ئامادەنەبون هۆڵی پەرلەمان بەجێبهێڵن، بەبڕیاری سەرۆکی پەرلەمان، هۆڵی کۆبونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان بەسەر پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆندا داخرا.
* رۆژی ٩ی ئــازار، هێــزە ئەمنیەکان هەڵیانکوتایە ســەر کۆبونەوەیەکــی نارەزایی لە کفری.
* بەختیــار عەلیو رێبین هەردیو ئاراس فەتاح بەشــداری خۆپیشــاندانەکانی زانکۆی سلێمانیان کرد.
* خوێندکارانو مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی، بەرەو سەرای ئازادی چون بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان.
* بۆ دوەمجار هێزێکی چەکدار هەڵیانکوتایەی سەر رادیۆ دەنگ لە کەلار.
* پەرلەمانی کوردستان بانگی سەرۆکی حکومەتی کرد بۆ لێپرسینەوە.
* رۆژی ١٠-٣-٢٠٠١ فائیــق گوڵپــی لە ســەرای ئــازادی بڕیاریدا دەســت لەموچەی خانەنشــینیەکەی هەڵگرێ، بۆ ئەوەی یەك لە داواکاریەکانی خەڵکی ناڕازی کوردستان کە هەڵوەشاندنەوەی خانەنشینی پەرلەمانتارانو وەزیرەکان بو جێبەجێبکات.
* ١٠ی ئازار خۆپیشاندان لە زۆربەی شارو قەزاو ناحیەکان بەردەوام بو.
* لەبەیاننامەیەکدا گروپێك لە گەنجانی هەولێر داوایانکرد، رۆژی ١١ی ئازار خۆپیشاندان لەو شارە ئەنجامبدرێت.
* ١١ی ئازار، نوێژی هەینی (خۆڕاگریو مانەوە) لەسەرای ئازادی سلێمانی ئەنجامدرا.
* خۆپیشــاندانو نارەزایەتیەکان بەردەوام بو، هێزێکی گــورەی چەکداریش گەمارۆی خۆپیشاندانەکەی قەزای چەمچەماڵیاندا.
* ١٢ی ئازار گروپی نەوەکانی راپەڕین، لە رانیە، داوایان لە هاوڵاتیانی سنورەکەیان کرد بە شداری لە خۆپیشاندانی مەیدانەکانی ئازادیدا بکەن.

* ١٣ی ئازار، هەڕەشەی کوشتن لە سێ مامۆستای زانکۆی سەڵاحەدین کرا.
* خۆپیشـــاندان لەســـەرای ئازادی بەردەوام بـــو ژمارەیەکی زۆر لـــە گەنجانی هەولێرو پیرەمەگرونو کەلارو زۆربەی شارو شارۆچکەکان بەشداریانکرد.
* مەفەرەزەیەکی ئاسایش بۆ دەستگیرکردنی چونە سەر ماڵی فاروق رەفیق.
* ١٤ی ئازار ژمارەیەکی زۆر لە زیندانیانی سیاســـی چونە نێو خۆپیشاندانەکانی سەرای ئازادییەوە.
* لە ژێر هەڕەشەدا خۆپیشاندانە جەماوەریە چاوەڕوانکراوەکەی هەڵەبجە دواخرا.
* پۆلیسێکی ژینگەپارێزی گەرمیان خەڵات کرا، بەرامبەر ئەوەی لە خۆپیشاندانەکانی ٢٥ی شوبات رێگری لە پاسەوانێکی لقی پارتی لەکەلار کرد تەقە لە خۆپیشاندەران بکات.
* ١٥ی ئـــازار بازگەکانی هەولێر، رێگریان لە چونە ژوەرەوەی خەڵك کرد بۆ ناو شـــاری هەولێر.
* لەخانەقین هێرشـــکرایە سەر بارەگای گۆڕانو لە قەڵادزێش بۆمبێك بە هەڵسوڕاوێکی گۆڕاندا تەقیەوە.
* رێکخەرانی خۆپیشـــاندانەکان لە هەولێر داوایەکی رەسمیان پێشکەشکرد بۆ مۆڵەتدان بە خۆپیشاندانێك لە رۆژی ٣/١٧.
* خۆپیشـــاندانی نارەزایی لە خورماڵ دەستپێکرد، هاوکات لە زۆربەی قەزاو ناحیەکانیش خۆپیشاندان بەردەوام بو.
* ١٦ی ئـــازار، چالاکوانێك بەناوی عەلـــی مەحمود، لەبەردەم پەرلەمانی کوردســـتاندا مانگرتنی راگەیاند، دواتر لەلایەن هێزێکی پۆلیســـەوە دەســـتگیرکرا دوای چوار ســـەعات ئازادکرا.
* لە ســـاڵیادی کیمیابارانی شـــاری هەڵەبەجەدا خۆپیشـــاندانێکی نارەزایی لە هەڵەبجە بەڕێوەچو.
* خۆپیشاندانی سەراکانی ئازادی لە هەرێمی کوردستان بەردەوام بو.
* سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆبوەوە.
* ســـاڵیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەی شـــەهید، بە بێدەنگیو جیاواز لە سالآنی پێشو کرایەوە.
* ١٧ی ئـــازار یەکەم دانیشـــتنی دادگاییکردنی دو تۆمەتباری ســـوتاندنی کەناڵی نالیا بەڕێوەچو.
* بازگەکانی هەولێر رێگریان لە پەرلەمانتاری گۆڕان (د.جەعفەر عەلی) کرد بچێتە شاری هەولێر.
* دوای ٢٣ رۆژ مانگرتن، ئەیوب رەسوڵ مانگرتنەکەی لە سەرای ئازادی شکاند.
* بە بۆنەی تێپەڕبونی مانگێك بەســـەر کارەساتەکەی ١٧ی شوباتدا، ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی راگەیەندراوێکی بلآوکردەوە.

* له هەڵەبجەو قەڵادزێو زۆربەی قەزاو ناحیەکانی دیکە خۆپیشاندانو نارەزای بەردەوام بو.
* جـەلال تاڵەبانــی نامەیەکــی ئاراســتەی خۆپیشــاندەرانی ســەرای ئــازادی کردو داوکارییەکانیانی بە رەوا دانا.
* لەسەر سکاڵایەکی ئاسایشی سلێمانی، فاروق رەفیق بانگهێشتی دادگا کرا.
* پەرلەمانی کوردستان بە زۆرینەی دەنگ راپۆرتی لیژنەی بەدواداچونی داواکارییەکانی خۆپیشاندەرانی پەسەندکرد.
* نوێژی هەینی لە سەرای ئازادی سلێمانیو سەکۆی ئازادی کۆیە بەڕێوەچو.
* ١٩ی ئــازار، ئەنجومەنــی کاتــی مەیدانی ئــازادی رایگەیاند، کە دەســەڵات هەوڵی پەرتەوازەرکردنی ئەنجومەنەکە دەدات.
* کەمپەینی (تۆم بەسەرۆك قبوڵ نیە) زیاتر لە ٥٠ هەزار ئیمزایان بۆ دەستلەکارکێشانەوەی سەرۆکی هەرێم کۆکردەوە.
* ٢٠ی ئازار، ئاگری نەورۆز لە سەرای ئازادی لە سلێمانیو گۆڕەپانی شەهید گەرمیان لە چەمچەماڵو قەڵای شێروانە لە کەلارو باخی ئازادی لە رانیە سەکۆی ئازادی کۆیە، لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە کرایەوە.
* نەوشــیروان مســتەفا ســەردانی ســەرای ئازادی کردو بەهۆی قەرەباڵغیو ئاپۆرەی جەماوەرەوە نەیتوانی لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزێتو وتارەکەی پێشکەش بکات.
* ٢١ی ئــازار، ئەنجومەنی کاتی ســەرای ئــازادی مەدالیای رێزلێنانی بەخشــیە باوکی شەهیدان، سورکێو زاهیدو گەرمیان ئەحمەد.
* ٢٢ی ئازار خۆپیشــاندانەکانی ســەرای ئازادی پێی نایــە ٣٤ رۆژەیەوەو کەسو کاری قوربانیانی خۆپیشاندانەکانیش بەشداریان کرد.
* هێزێکی چەکدار هێرشــیانکردە سەر خۆپیشــاندەرانی هەڵەبجەو پۆلیسێکی بەرگری شارســتانی بە ناوی (عەلی رەســول) شەهید بو، ٥ کەس بە فیشەكو ١٠ کەسی دیکەش بەبەرد برینداربون.
* ئەنجومەنــی کاتی مەیدانی ئــازادی رەتیکردەوە کۆبونەوەی لەگەڵ دەســەڵاتدارانی هەرێم کردبێت.
* لەبەرئەوەی رۆژی ٣/٢٢ سەردانی هەڵەبجەی شەهیدی کردبوو ئامادەی کۆبونەوەیەکی نارەزایــی خەڵکی ئەو شــارۆچکەیەو وتــاری خوێندەوە، بەرپرســانی هەڵەبجــە بڕیاری دەســتگیرکردنیان بۆ دکتۆر فائیق محەمەد گوڵپی دەرکــرد، دواتر چوە بەردەم دادگاو لە رێگەی یاساوە کێشەکە چارەسەرکرا.
* ٢٣ی ئــازار بەبەشــداری ژمارەیــەك پەرلەمانتاری گۆڕان، خۆپیشــاندان لە هەڵەبجە دەستپێکردەوە.

* ئەنجومەنــی کاتــی مەیدانــی ئــازادی توندوتیژیەکانی هەڵەبجەی خستەئەســتۆی دەسەڵات.
* لەســەرای ئازادی مەدالیای ڕێزلێنان بەخشــرایە بنەماڵەی شــەهیدان (ڕێژوان عەلی، ئومێد جەلال).
* خۆپیشــاندانی سەرای ئازادی بەردەوام بو، بۆ تێکدانی ڕەوتی خۆپیشاندانو کۆبونەوە جەماوەریەکان، چەند کەســێك لەلایەن دەســەڵاتەوە نێردرانە ناو خۆپیشــاندانەکانەوەو هوتافیان کێشا.
* ٢٤ی ئــازار لــە چەمچەماڵو ڕانیەو کۆیــەو پێنجوێنو قەڵادزێ کۆبونــەوەو ناڕەزایی بەردەوام بو.
* ٢٥ی ئــازار بەبەشــداری زیاتر لــە ١٠ هەزار کەس نوێژی هەینی لەســەرای ئازادی بەڕێوەچوو لە زۆربــەی قەزاو ناحیەکانیش نوێژی هەینیو کۆبونەوەو ناڕەزایی جەماوەری بەردەوام بو.
* خوێندکارانو فەرمانبەرانو مامۆســتایانی زانکۆی سلێمانی لە ڕاگەیەندراوێکدا داوایان لە دەسەڵاتداران کرد بە کردار بەڵێنەکانیان بسەلمێنن.
* ٢٦ی ئــازار، بــاری نائاســایی ڕانەگەیەنراو لــە هەولێر بەردەوام بــو هێزێکی زۆری چەکداریش لەناو شارەکەدا بڵاوکرابونەوە.
* خۆپیشــاندانو ناڕەزایی لە تەکیەو هەڵەبجەو ســلێمانیو زۆربەی قەزاکانی بەردەوام بو.
* ٢٧ی ئازار، لە وەڵامی داواکاریی خۆپیشاندەراندا فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن ئامادەیی خۆیان نیشاندا بۆگرتنەبەری هەمو ڕێو شوێنێك تا هەڵپەساردنی ئەندامێتیشیان.
* بەبەشداری شانۆکاران خۆپیشاندان لەسەرای ئازادی سلێمانی بەردەوام بو، یادی ڕۆژی جیهانی شانۆش کرایەوە.
* ٢٨ی ئــازار گردبونــەوە جەماوەریەکەی ســەرای ئــازادی کرایــە ڕۆژی ماتەمینی بۆ قوربانیانی خۆپیشاندانەکان.
* مامۆستا کامەران عەلی، بەهۆی پێشکەشکردنی وتارێکەوە، لەلایەن پۆلیسو ئاسایشەوە دەستگیرکرا.
* خۆپیشاندان لە وارماوەو هەڵەبجەو سەنگەسەرو کۆیەو چەمچەماڵ بەڕێوەچو.
* ٢٩ی ئازار هەرســێ فراکســیۆنی ئۆپۆزســیۆن بایکۆتی دانیشــتنەکانی پەرلەمانی کوردستانیان کرد.
* خۆپیشاندان لە سلێمانیو هەڵەبجەو چەمچەماڵو وارماوەو زۆربەی ناوچەکانی گەرمیانو کۆیە بردەوام بو.

* ٣٠ی ئازار ئەنجومەنی کاتی ســەرای ئازادی بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێمی ڕەتکردەوە کە لە پاڵ بکوژانو تەقەکەرەکاندا، ئەو کەســانەش دەســتگیر بکرێت کە خۆپیشــاندانی بێمۆڵەتیان ئەنجامداوە.

* ٣١ی ئازار بۆ ڕێگرتن لە خۆپیشاندانەکانی کەلار، هێزێکی زۆری چەکدار رەوانەی ئەو شارە کران.

* لەلایەن چەند چەکدارێکی یەکێتیەوە هێرشکرایە سەر ژمارەیەك پەرلەمانتاری گۆڕانو پەرلەمانتار نەریمان عەبدوڵایان بریندارکرد.

* لە هەڵەبجەو قەڵادزێو زۆربەی قەزاو ناحیەکان خۆپیشــاندان بەردەوام بو، ژمارەیەك خوێندکاری زانکۆی ئەمەریکی لە سلێمانیش چونە ریزی خۆپیشاندەرانی سەرای ئازادییەوە لە سلێمانی.

* لــە کۆتایی مانگی مایســی ٢٠١١ فائیق گوڵپی وەك شــاهیدێك چوە بەردەم دادگاو شاهیدی لەسەر تەقەکەرەکانی شەقامی خانەقادا کە چۆن تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردو لە ئەنجامدا سورکێوو شێرزاد شەهید کران.

## ج- رۆژمێری مانگی نیسان

* ١ی نیســان هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی کۆیە، نوێژی هەینی لە سەکۆی ئازادی شارەکە بەڕێوەچو.

* ئاسایشی سلێمانی لە راگەیاندنێکدا بڵاویکردەوە کە مەلا کامەران بەمادەی ٢ی تیرۆر دەستگیرکراوە.

* ئەنجومەنــی کاتــی مەیدانی ئــازادی لــە بەیاننامەیەکدا پەیامــی هەینی توڕەیی بڵاوکردەوە، رایگەیاند: توڕەین لە تاوانەکانتان لە گەندەڵیەکانتان، لە بێباکیتان لە سیاسەتی چەواشەکاریتان.

* نوێژی هەینی لە بەردەم باخی گشتی رانیە بەڕێوەچو.

* پێکدادان لەنێوان خۆپیشــاندەرانو هێزە ئەمنیەکاندا لە سلێمانی رویداو زیاتر لە ٤٢ خۆپیشاندەرو پۆلیس بریندداربون.

* دوای پێکدادانەکەی نێوان خۆپیشــاندەرانو هێزە ئەمنیــەکان، هێزێکی زۆر لە نزیك ســەرای ئازادی سلێمانی بڵاوکرانەوەو لەوبارەیەشــەوە ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی رونکردنەوەیەکی بڵاوکردەوە.

* تەقە لە یەکێك لە رێکخەرانی خۆپیشاندانەکانی چەمچەماڵ کرا.

* ٢ی نیسان، دوای توندوتیژیەکانی رۆژی رابردو خۆپیشاندان لە سەرای ئازادی سلێمانی دەستیپێکردوە، پێشتریش ئاسایش داوای چۆڵکردنی سەکۆی سەرای ئازادی کردبو.

* خۆپیشــاندانو کۆبونەوەی نارەزایی لە زۆربەی شــارو شارۆچکەکانی سنوری پارێزگای سلێمانیو گەرمیانو کۆیە بەردەوام بو.

* لەنزیك مزگەوتی گەورەی شـــاری ســـلێمانی پێكدادان لەنێوان خۆپیشاندەران‌و هێزە ئەمنیەكانـــدا رویداو هێزێكی گەورەی ســـەربازی هێرشـــیانكردە ســـەر خۆپیشـــاندەران‌و ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادیش راگەینراوێكی بڵاوكردەوە.

* ٣ی نیسان، خوێندكارانی پەیمانگای تەكنیكی سلێمانی مانگرتنیان لە خوێندن راگەیاند، دژی دەستدرێژیكردنە سەر خوێندكارانی بەشی ناوخۆیی پەیمانگاكە.

* هێزەكانی ئاسایش مەلا محەمەد نەسروڵایان دەستگیكرد، كە یەكێك بو لە بەشدارانی خۆپیشاندان‌و نوێژی هەینی لە سەرای ئازادی.

* لـــە راگەیندراوێكدا ســـەنتەری میترۆ ئاشـــكرایكرد لەماوەی خۆپیشـــاندانەكاندا ١٠٠ پێشـــێلكاری بەرامبەر رۆژنامەنوســـان ئەنجامدراوە كە زۆربەیان بەرامبەر میدای ئەهلی‌و ئۆپۆزسیۆنەكانە.

* لە رانیەو هەڵەبجەو كەلارو كۆیەو چەمچەماڵ خۆپیشاندان ئەنجامدرا.

* هێزە دامامكدارەكان ٣ خوێندكاری خۆپیشاندەریان بریندارکرد.

* گروپی زانكۆی ســـلێمانی لە راگەیندراوێكداا ئیدانەی كارە دوزێوەكانی دەســـەڵاتیان كرد.

* ٤ی نیســـان خوێندكارانـــی كۆلێـــژی پـــەروەردەی بنەڕەتی بەرامبەر دەســـتگیكردنی هاوڕێكانیان خۆپیشاندانێكیان ئەنجامدا.

* ئاسایش ســـلێمانی لەبەیاننامەیەكدا رایگەیاند مەلا محەمەد نەسروڵا بەیاسای تیرۆر دەستگیكراوە.

* ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی ســـلێمانی داوای ئازادكردنی دەســـتگیكراوەكانیان كرد.

* هەرسێ فراكسیۆنەكەی ئۆپۆزسیۆن‌و زەحمەتكێشانی سەربەخۆ بایكۆتی كۆبونەوەی پەرلەمانیان كرد.

* ژمارەیەك خوێندكاری زانكۆی سەڵاحەدین رێپێوانێكیان بۆ بەردەم وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەنجامدا دژی داخستنی زانكۆو پەیمانگاكانی هەولێر.

* ٥ی نیسان فراكسیۆنەكانی ئۆپۆزســـیۆن بایكۆتی دانیشتنی پەرلەمانی كوردستانیان كرد.

* ئەنجومەنـــی پارێزگای ســـلێمانی بەزۆرینـــەی دەنگ دانانی پارێزگاری ســـلێمانی بە نایاسایی دانا.

* بەبەشـــداری خوێندكاران‌و قوتابیان‌و چین‌و توێژەكانی دیكە خۆپیشاندانەكانی سەرای ئازادی سلێمانی بەردەوام بو.

* لەخۆپیشـــاندانەكانی ئەمڕۆی ســـەرای ئازادی ســـلێمانیدا، بەكۆی دەنگی بەشدارانی خۆپیشاندانەكە متمانە لە سەرۆكایەتی هەرێم‌و سەرۆكایەتی پەرلەمان‌و كابینەی شەشی حكومەتی هەرێمی كوردستان‌و سەرجەم وەزیرەكان سەندرایەوە.

* هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن کۆبونەوەو بەلاغێکی هاوبەشیان بڵاوکردەوە.
* ٦ی نیسان بۆ دووەمجار تەقە لەبەشی ناوخۆی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی کراو خوێندکارانیش خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا.
* هەرسێ فراکسیۆنی ئۆپۆزسیۆن لە یاداشتێکدا دەسەڵاتیان بە ئاڵۆزکردنی دۆخی هەرێم تۆمەتبار کردو رەخنەیان لەبەردەوامی دانیشتنەکانی پەرلەمان گرت.
* ٧ی نیسان خوێشاندانەکانی سەرای ئازادی بەردەوام بولۆگۆی شۆڕشی نێرگزیش بەسەر خۆپیشاندەراندا دابەشکرا.
* لە چەمچەماڵ پەردە لەسەر پەیکەری شەهید گەرمیان ئەحمەد لادرا.
* خۆپیشاندانی نارەزایی لە قەڵادزێ و رانیەو هەڵەبجەو چەمچەماڵو پێنجوێن بەڕێوەچو.
* یەکێتیو پارتی وەڵامی پرۆژە هاوبەشەکەی ئۆپۆزسیۆنو داواکاری هەڵوەشاندنەوەی حکومەتو پرۆژە ٢٢ خاڵیەکەیان دایەوە.
* ٨ی نیسان هاوکات لەگەڵ بەشداری خۆپیشاندانەکاندا، نوێژی هەینی ئومێد لەسەرای ئازادیو مەراسیمی نوێژی هەینی لە رانیەو کۆیەو قەڵادزێ بەڕێوەچو.
* ٩ی نیسان وتەبێژی لیژنەی هەماهەنگی ئۆپۆزسیۆن وەڵامی راگەیندراوەکەی یەکێتیو پارتی دایەوە.
* ١٠ی نیسان، لیژنەی گەڕان بەدوای راستیەکاندا کە لەلایەن حکومەتەوە پێکهێنرابو داوای بەڵگەی لە خەڵك کرد.
* ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی نەخشەرێگای چارەسەری ریشەیی قەیرانی سیاسی بەناونیشانی (گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان) بڵاوکردەوە.
* لیستی دەسەڵات لەپەرلەمان متمانەیان بەخشیەوە بە وەزیری پێشمەرگەو هەرسێ فراکسیۆنەکەی ئۆپۆزسیۆن بایکۆتی دانیشتنەکەیان کرد.
* کۆبونەوەی نارەزایی لە کۆیەو رانیەو چەمچەماڵ بەڕێوەچو.
* ١١ی نیسان خوێندکارانی زانکۆی کۆیە خۆپیشاندانەکانیان گواستەوە دەرەوەی زانکۆ.
* ١٢ی نیسان خوێندکارە گەرمیانیەکانی زانکۆی سلێمانی یادی ئەنفالیان لەناو زانکۆدا کردەوە.
* ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئزادی وەڵامی لێدوانەکانی سەرۆکی هەرێمی دایەوەو رایگەیاند کێشەی شەخسیو خێڵایەتیمان نیە تا لەگەڵ کەسایەتی کۆمەڵایەتی یان حیزبی بکەین.
* بەبەشداری ژمارەیەك پەرلەمانتاری گۆڕان خۆپیشاندان لە کۆیە بەردەوم بو.
* لیژنەی هەماهەنگی ئۆپۆزسیۆن لە راگەیەندراوێکدا پێشوازی لە هەم دیالۆگێکی جدیکرد لە چوارچێوەی پرۆژەکەیدا.

* ١٣ی نیســـان خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی فولکەی کاوەیان گرتو بەردەوام بون لە خۆپیشاندانو نارەزایی.
* خۆپیشاندان لە زۆربەی قەزاو ناحیەکان بەردەوام بو.
* ١٤ی نیسان بەبەشداری هەزاران کەس رێورەسمی یادکردنەوەی کارەساتی ئەنفال لە سەرای ئازادی سلێمانی بەرێوەچو.
* لە یادکردنەوەی کارەسانی ئەنفالدا هێزەکانی ئاسایش هێرشیانکردە سەر خوێندکارانی زانکۆی گەرمیان، لەناحیەی رزگاریش هێزەکانی ئاســـایش هێرشیانکردە سەر کەسوکاری ئەنفالکراوەکانو ژمارەیەکیان لێدەستگیرکردن.
* لەکۆیەو هەڵەبجەساڵیادی کارەساتی ئەنفال بەرێوەچو.
* ١٥ی نیســـان، یەکەم رێورەســـمی نوێژی هەینی لە باخی ئازادی هەڵەبجە بەرێوەچو، نوێژی هەینی لە قەڵادزێو کۆیەش ئەنجامدرا.
* رێورەسمی نوێژی هەینی نەخشەرێگا لە سەرای ئازادی بەرێوچو.
* بۆ پشـــتوانیکردن لە خۆپیشـــاندانەکانی ســـلێمانی، ژمارەیەك خۆپیشاندەر لە کۆیەوە گەیشتنە سلێمانی.
* ١٦ی نیســـان، ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی رایگەیاند شـــێوازی خۆپیشاندانەکان دەگۆرن.
* ١٧ی نیسان فاروق رەفیق بە مانگێك زیندانیکردن حوکمدراو ناسك قادریش بەکەفالەت ئازادکرا.
* پێکـــدادان لەنێـــوان خۆپیشـــاندەرانو هێـــزە ئەمنیەکاندا رویداو زیاتـــر لە ٥٠ کەس دەستگیکرانو لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە گازی فرمسێك رێژ بەکارهێنرا.
* ١٨ی نیســـان، لە بەردەم مزگەوتی رەشاد موفتی خۆپیشـــاندانی ژمارەیەك خوێندکار بەرێوەچو لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە هێرشیانکرایە سەرو ژمارەیەکیان لێدەستگیکرا.
* هێزێکی ئەمنی هێرشیانکردە سەر چەند پەرلەمانتارێکی گۆرانو هەرەشەی کوشتنیان لێکردن.
* گروپـــی زانکۆ رایانگەیاند ســـبەی دەچنە بەردەم دادگای ســـلێمانیو خۆپیشـــاندانێك ئەنجامدەدەن.
* هێزێکی هەواڵگری فەرماندەیی سەکۆ وتاردانی سەرای ئازادیان سوتاند.
* لە خۆپیشاندانەکانی ئەمرۆی سلێمانیدا زیاتر لە ١٠٢ برینداری لێکەوتەوە، هەردی فاروق یەکێك لە بریندارەکان بەهۆی ئەوەی گولەیەك بەر سەری کەوتبو گیانی لەدەستدا.
* ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی رایگەیاند ســـوتاندنی ســـەکۆی وتاردان خنکاندنی دەنگی خەڵکە.
* هێزێکی دەمامکدار ژمارەیەکی زۆر گەنجیان لە کەلار دەستگیرکرد.
* ١٩ی نیسان هێزێکی گەورەی سەربازیو ئەمنی لەناو شاری سلێمانیدا بڵاوکرایەوە.

* هێزێکی ئاسایش کۆیە چوار خوێندکاری زانکۆی کۆیەیان بەرەو هەولێر رفاند.
* خوێندکاران‌و مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بەرەو دادگای سلێمانی بەرێکەوتن‌و لەناوچەی چەقچەق لەلایەن هێزێکی ئاسایشەوە گەمارۆی خوێندکارانیان داو ژمارەیەکی زۆریان لێدەستگیرکردن لەناویاندا ئەندامانی گروپی زانکۆو ژمارەیەکی دیکە لەئەندامانی هەمان گروپ. * زیاتر لە ١٠٠ پارێزەر لەبەردەم دادگای سلێمانی خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.
* دژی دەستگیرکردنی هاوڕێکانیان خوێندکاران لەبەردەم زانکۆی سلێمانی خۆپیشاندانیان ئەنجامدا.
* لەبەردەم دادگای سلێمانی هێزێکی چەکدار هێرشیانکردە سەر رێبین هەردی‌و دوای ئەشکەنجەدانی بەرەو زیندانێکی زانیاری پێشمەرگە رفاندیان.
* هەردو رۆژنامەنوس سیروان رەشیدو هیوا جەمال سکرتێرانی نوسینی رۆژنامە، لەلایەن هێزێکی چەکدارەوە دوای ئەشکەنجەدانیان برانە زیندانیەکانی بەشی زانیاری فەرماندەیی.
* سەرباری گەمارۆی سەربازی خۆپیشاندان لە رانیە بەڕێوەچو.
* لیژنەی هەماهەنگی ئۆپۆزسیۆن رایگەیاند: بەردەوامبونی دەسەڵات لەسەر شێوازەکانی توندوتیژی دەرگای گفتوگۆ دادەخات.
* هێزە چەکدارەکان رێگریان لە خۆپیشاندانی جەماوەریی سلێمانی گرت.
* هێزە چەکدارەکان هەڵیانکوتایە سەر حەرەمی زانکۆو بەشە ناوخۆییەکانی ئیسکان‌و ژمارەی خوێندکاریان دەستگیکردو ئەشکەنجەی ژمارەیەکی دیکەیاندا.
* لیستی دەسەڵات لەپەرلەمان متمانەیان بەخشیەوە بە وەزیری ناوخۆو پێشەوا تۆفیقی پەرلەمانتاری گۆڕان دو دەبە ئاوی گرتە سەرۆکی پەرلەمان.
* لەهەڵەبجەو خورماڵ خۆپیشاندان بەڕێوەچو.
* گروپی زانکۆی سلێمانی داوای ئازادکردنی سەرجەم خوێندکارە دەستگیکراوەکانیان کرد.
* ٢٠ی شوبات هێزە چەکدارەکان هێرشیانکردە سەر شوێنی کۆبونەوە جەماوەریەکان‌و سەکۆی وتاردانیان تێکدا.
* هێزێکی ئاسایشی یەکێتی، رازاو عەبدولی پارێزەریان رفاند.
* پشکۆ حەمە فەرەجی چالاکوانی خۆپیشاندانەکانی هەڵەبجە لەلایەن هێزێکی چەکدارەوە رفێنرا.
* مامۆستا هەورامان گەچێنەیی بە قۆڵبەستکراوی رەوانەی ئاسایشی سلێمانی کرا.
* رۆژی ٢١-٤-٢٠١١ لە خاڵی کونترۆڵی تاسڵوجە فائیق گوڵپی لەگەڵ چوار کەس لە هاوڕێکانی لە لایەن ئاسایشی سلێمانیەوە بە بێ بڕیاری دادگا دەستگیرکران‌و بۆ ماوەی ٢٤ سەعات لە ژوری تاکەکەسی لە زیندانی فەرماندەیی پێشمەرگە زیندانی کران، وەك

ناڕەزایی دەربڕینیش مانی لەخواردن گرت.

هاوکات رۆژی ٢٤-٤-٢٠١١ لەلایەن فائیق گوڵپیەوە سـکاڵا دژی بەڕێوەبەری ئاسایشی سـلێمانی تۆمارکرا، لەبەرئەوەی بەبێ بڕیاری دادگا دەسـتگیریان کردبو، بەڵام وەك خۆی ئاماژەی بۆ کرد، تا ئەمڕۆ (١٧ی شـوباتی ٢٠١٣) بەڕێوەبەری ئاسایشـی سلێمانی بانگی دادگا نەکراوە.

* ٢١ی نیسان هەرسێ لایەنەکەی ئۆپۆزسیۆن بەیاننامەیەکیان دژ بە بەکارهێنانی هێز لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە بڵاوکردەوە.

* لە چەمچەماڵو کۆیەو رانیەو پشدەر هێزی چەکدار بڵاوکرانەوەو رێگری لە خۆپیشاندان کرا.

* ژمارەیەك دادوەری سلێمانی لە بەیاننامەیەکدا داوایانکرد دەست لەکاروباری دادگاکان وەرنەدرێتو سەروەری یاسای بپارێزرێت. [٢٠]

[٢٠] رۆژمێری خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستان ١٧ی شوبات ١٩ی نیسان ٢٠١١/ سایتی سبەی، ٢٠١٣/٢/١٦

http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=3975&LinkID=14

# بەشی دەیەم
# خوێندنەوەو ئەنجامو راسپاردەکان

- یەکەم/ خوێندنەوەی نوسەران بۆ خۆپیشاندانەکان
- دووەم/ ئەنجام
- سێیەم/ پێشنیازو راسپارەدان
- چوارەم/سەرچاوەکان
- پێنجەم/ پاشکۆکان

# یەکەم/ خوێندنەوەی نوسەران بۆ خۆپیشاندانەکان

خۆپیشاندانو توندووتیژیەکانو ئەو دەرهاویشتانەی خۆپیشاندانەکان لەگەڵ خۆیدا دەیهێنا، بووە جێگەی روانینی نوســەرانو بەو هۆیەشەوە دەیان بابەتو لێکۆڵینەوەو راپۆرت لەسەر خۆپیشاندانەکانو کاریگەریەکانی نوسران، زۆرێك لە نوسەران پێیان وابوو خۆپیشاندانەکان قۆناغێکی نوێی لە ژیانی سیاسیو کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستان درووست کرد.

لەگەڵ دەربرینی پشــتیوانی بۆ خۆپیشاندەرانو راستەوخۆ لە سەراوە وتاریان پێشکەشی خۆپیشاندەران دەکرد، بەشێك لە نوسەرانیش پێیان وابوو کە خۆپیشاندانەکان پێویستی بە خوێندنەوەی جدیو فیکری هەیەو پێویســتی بە کۆڕو سمینارو وشیارکردنەوەی هاوڵاتیانو خۆپیشـــاندەرانە لە بەرگری کردن لە مافەکانیان بە شـــێوەی مەدەنیانە، پێشیان وابوو کە دەبێت، هاوڵاتیان بێدەنگ نەبنو بەردەوام بن لەســـەر خۆپیشاندانەکان، تا بەدەستهێنانی داواکاریەکانیانو ملکەچ کردنی دەسەڵات بۆ داواو خواستی هاوڵاتیان.

لێرەدا وتاری ژمارەیەك نوسەرو روناکبیر دادەنێین کە لەسەرای سلێمانی خوێندراونەتەوە، یاخود لە گۆڤارو رۆژنامەو سایتە ئەلکترۆنیەکاندا بڵاوبوونەتەوە.

## بۆ سەرای ئازادی، شوێنێك بۆ خەونو شوێنێك بۆ ئازادی ........

**مەریوان وریا قانیع**



دۆستانو هاوڕێیانو ئازیزانی من لە نیشتیمان...
خۆشحاڵم جارێکی تر لە رێگەی ئەم نامەیەوە پەیوەندی بـە ئێوەی ئازیزەوە بکەمەوە، پڕ بـە دڵ حەزمدەکرد لەم سـاتە مێژووییە دەگمـەنو گەورانـەدا لەناوتاندابم. ئەو ساتانەی ئینسان بە وشیارییەکی نوێوە مێژوویەکی نوێو دونیایەکی نوێو خەونێکی نوێ دروستدەکات.
هاوڕێیان...
لە مێژووی مرۆڤدا ئەو سـاتانە دەگمەنن کە ئینسـان هەستبکات دەسـتو پەنجەی بەشێوەیەکی راسـتەوخۆ لەناو هەناوی مێژوودایە، ئیرادەی خەریکی سـەرلەنوێ نووسـینەوەی ژیانو کۆمەڵگاو پەیوەندییەکانە. هەستبکات عەقڵی خەریکی جێگۆڕکێیەکی راستەقینە بە شتەکان. ئەم ساتانە چەند دەگمەنن، هاوکات ساتی پاککردنەوەی بینینو بیستنو قسەکردنە لە خڵتەو غوباری ساڵە ناشیرینیەکانی مێژوو. ئەم ساتانە ساتی بوونی ئینسانە بە دروستکەری یەکەمی ژیانی خۆی، بە بکەری راستەقینەی ژیانی ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژی. پڕ بەدڵ حەزمدەکرد ئێسـتاو لەم سـاتە دەگمەنەدا، لەناو ئەم سـەرای ئازادییەدا لەگەڵتان بـم. پەنجەکانم لەپاڵ پەنجەکانی ئێوەدا بوایە بۆ سەرلەنوێ نووسینەوەی یاسـاو بەهاکانی ئەو ژیانەی کە سبەینێ دروستیدەکەین. بەڵام بەداخەوە چەندان هۆکاری تایبەت منی تا ئێستا لە دەرەوەی ئەو سەرایە هێشتۆتەوە.
هاوڕێیان من ئەم سـەرای ئازادییە باش دەناسم، هیچ شـوێنێکی تری دونیا بە رادەی ئەم سـەرایە ناناسـم. من بڕێکی زۆری مناڵیم لەناو ئەم گۆڕەپانەدا بەسەربردوە. جارێك وەك کتێب فروشو جارێك وەك رۆژنامەفرۆشـێکی دەسـتگێڕو جارێکـی تر وەك منداڵێك سەرسام بەشار لەم سەرایەدا ژیاوم. زیادەڕۆیی نییە گەر بڵێم لەگەڵ بست بە بستی ئەم مەیدانەدا حیکایەتێکی تایبەتم هەیە. من لەم سەرایەدا ئینسانم دیوە گریاوە، تێکۆشەرم دیوە پەلاماری دوژمنانی داوە، خەڵکم دیوە سـەمایان کردوە، کاسبکارم دیوە بژێوی ژیانی پەیداکردوە، نابینام بینیوە بەخەیاڵ دەسـتی لە رۆحی ئەم شـارە داوە، گەنجم بینیوە لە سـێدارە دراوە. ئەم سەرایە سەرای مێژووی کوردو ئینسـانی کوردە بە هەموو کارەساتو ئاهەنگەکانیەوە، بە تێکشـکانو هەسـتانەوەکانییەوە، بە گریانو پێکەنینەکانییەوە. ئەم سـەرایە لەڕۆژی دروسـتبوونییەوە سـەرای ژیان بووە. سـەرایەك پڕ رووداوو حیکایەتی جیاواز.
بەڵام هاوڕێیان، ئەو سەرایەی من بەدرێژایی تەمەنی خۆم ناسیومەو دواندومە سەرایەکی

خەمباربووە، ســەرایەك بووە دڵشكاو، پڕ قســە بەڵام بێدەنگكراوو ترسێنراو. من تەنانەت خەیاڵی ئەم ســەرایەش دەناسم، دەزانم هەمیشــە خەونی بەوەوە بینیوە شتێكی تربێت، ناوێكی تــرو ژیانێكی ترو گۆڕانییەكی تــری، هەبێت. ڕووداوەكانیشــی مەزنترو جوانترو ئینسانیتربێت. خۆشی زۆر زیاتربێت لەوەی كە هەیە.

خۆشحاڵانە ئەمڕۆ كە لە دوورەوە وێنەكانی ئێوەو وێنەكانی ئەم سەرایە دەبینم، دەزانم سەراكەمان چیدی تەنها خەون نابینێت، بەڵكو خەونەكانی دەژی، تەنها خاوەنی خەیاڵێكی ئاگرین نییە، بەڵكو ئەو خەیاڵە ســانتیمەتر بە ســانتیمەتر دەكات بە واقیع، خۆشی تەنها گۆڕەپانی تایبەتی شارێكی تایبەت نییە، بەڵكو وزەی گەورەی نیشتیمانێكە دەیەوێت جارێكی ترو ســەدان جاری تر ســەرلەنوێ لەدایكببێتەوە. بەدرێژایی تەمەنم من ئەم ســەرایەم بەڕادەی ئەمڕۆ ئازادو پڕئومێدو ناســك نەبینیــوە. هەرگیز بەقەد ئەمڕۆ نەژیاوەو هەرگیز بە ئەندازەی ئەمڕۆكە شــاعیرانە نەبووە. ئەم ســەرایە جوگرافیایەكی نوێییە: جوگرافیای لەدایكبوونی سەرزەمینو نیشتیمانێكی نوێ.

هەموو مێژوویەك ســاتەوەختی تاریكو ڕووناكــی خۆی هەیە، زەمەنی ئومێدو نائومێدی تایبەتی هەیە، ســاتی نوچدانو هەڵســانەوەی خۆی هەیە. ئەوەی ئەمڕۆ لە نیشــتیمانی ئێمەدا ڕوودەدات، ئەوەی ئێوە لەم ســەرای ئازادییەدا دروســتیدەكەن، داگیرسانی هەموو چراو ئەســتێرەو ڕوناكییــە كوژاوەكانی ناو مێــژووی ئێمەیە. ئەوەی ئەمــڕۆ دەگوزەرێت گەڕاندنەوەی ئومێدە بۆ ناو لەشی نیشتیمانێك لەوەدەچوو دڵۆپێك ئومێدی تێدانەمابێتەوە. ئەمڕۆ مێژووی ئێمە دەســتدەبات ئەو خڵتەو غوبارو تەپوتۆڕانە دەســڕێتەوە كە بەرچاوی تاریكردوە. ئەوەی ئەو كارە گەورەیە دەكات ئێوەن، ئەوەی ئەم مێژووە تازەیە دەنووسێتەوە ئێوەن. ئەوەی ئەم سەرایە دەكاتە بێشكەی ئازادی، ئێوەن. [٢١]

[٢١] مەریوان وریا قانیع، بۆ سەرای ئازادی، شوێنێك بۆ خەونو شوێنێك بۆ ئازادی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٣/٢٢/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34988&cat=1

## بۆ سەرای ئازادی
## بەختیار عەلی



خوشـــکان‌و برایان، ئەوەی لەم ماوەیەدا سەرنجی رەفتارو قســەی دەســـەڵاتداران بدات، راســـتەوخۆ لە یەك راستی تێدەگات، ئەویش ئەوەیە کە دەســـەڵاتی کوردی کێشەی گـــەورەی لە تیگەیشـــتنی ئەم بزوتنـــەوەی ئێوەدا هەیە. دەسەڵات تا ئێســـتا لەو راستیە تێناگات کە ئێوە نوێنەری خۆتان نین بە تەنیا، ئێوە نوێنەری ئاواتێکی دورن کە نەوە دوای نەوە لەســـەر ئەم خاکە گەورە بوەو شەڕی بۆ کراوە.
ئەم ئاواتەی ئێستا لەم سەرای ئازادیەدا ئێستا دەژی‌و گەورە دەبێت، ئاواتی خەباتگێرەکانی پێش خۆشتانە... ئاواتی نەوەی پێش ئێمەش بوەو ئاواتی نەوەی ئێمەشە، کە دەتوانین لە ئاواتی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی دیموکراسدا کورتی بکەینەوە.

ئەمـــرۆ دەســـەڵات دەیەوێت نـــاوی ئـــەم خەباتە دورو درێـــژە بگۆڕێت‌و لـــە جەوهەرە دیموکراســـیەکەی دەربیکات. بەزۆر وا دەریبخات کە ئەم بزوتنەوەیە مەبەســـت‌و خواستی تاریکی هەیە. بۆیە پێویســـتە هەمو پێکڕا هاواری دیموکراســـیەتی راستەقینە، دروشمی ســـەرەکیمان بێت. ئەم بزوتنەوەیە بەشـــێکی مێژویی‌و برگەیەکی تازەو بنەرەتی خەباتی دیموکراســـی گەلی ئێمەیە. جگە لە کۆمەلگایەکی دیموکراس جگە لە چەسپاندنی رێز بۆ ئینسان نیازێکی تری نیە...

ئـــەوەی ئێوەی هێناوەتـــە ئێرە بەرگری کردنە لە ژیان، روبەروبونەوەی سیســـتمێکە کە بـــێ رەچاوکردنی مێژوی دورو درێژی ئێمە بۆ دیموکراســـیەت دەیەوێت ســـوك‌و ئاســـان دیکتاتۆریەتێکی تاریك‌و سیستمێکی پۆلیسی رەش بەسەر وڵاتدا بسەپێنێت، تەواوی هێزو ماف‌و سامان بکات بە موڵکی کەسانێکی دیاریکراو.

ئـــەوەی ئـــەم بزوتنەوەیـــەی دروســـتکردوە خواســـتنی دەرکردنی تارمایی‌و ســـێبەری دیکتاتۆریەتـــە... گەندەڵی هیچ نیە جگە لە بەرهەمێك‌و کاڵایەکی دیکتاتۆریەت. گەندەڵی لـــە وڵاتی ئێمەدا بەرهەمی لادانی ئەخلاقی چەند تاکە کەســـێك نیـــە، بەڵکو بەرهەمی ئیشکردنی سیستمە سیاسیەکەیەو پلانێکی دارێژراوە بۆ گۆڕینی مرۆڤی کورد بۆ کاڵایەك کە بشـــێت لە بازاڕی سیاسەتدا بکرێت‌و بفرۆشرێت... دەبێت هاواری گەورەمان ئەوە بێت، نا بۆ سیستمێکی سیاسی کە ئینسانەکان بکرێت‌و بیانکاتە خۆفرۆش...

نا بۆ نانێك لەســـەر حیســـابی ئازادی بێت... نا بۆ ژیانێکی خۆش کە لەســـەر حیســـابی فرۆشـــتنی ئینسان بێت بۆ کەرامەتی خۆی. ناشرینترین سیفەتی ئەم سیستمە سیاسیەی ئێمە ئەوەیە کە مرۆڤەکان ناچار دەکات وەلائی سیاسی خۆیان بفرۆشن...

ئەوە چ شورەییەکە بۆ سیاسیەك، لە بری ئەوەی سامانی وڵات لە ئاوەدانکردنەوەدا سەرف

بکات، لە کرینی خۆشەویســتیو وەلائدا بۆ خۆی بیخاتە کار، ئەوە چ دابەزاندنێکە لە نرخی مرۆڤ گەر وا بزانیت هەمو ئینسانەکان کاڵاو دەتوانیت بە ترسو پارە رایانبگرێت.

نا بۆ سیستمێکی سیاسی کە پایەکانی لەسەر ترسو پارە راگیرابێتن... نا...

خواســتی ئەم بزوتنەوەیە دامەزراندنی دونیاکە لەسەر رێزو یەکسانیو شانسی هاویەك بۆ هەموان دروست بوبێت.

دەســەڵاتداران ئەمــڕۆ فێر بون بۆ دەربازبون لە شــەرمی گەندەڵــی پێمان بڵێن بەڵێ هەموان گەندەڵن... بڵێن گەندەڵی دەردێکی کۆمەڵایەتی روتەو پەیوەندی بەوانەوە نیە. لە کاتێکدا هەمو دەزانین گەندەڵی دەردێکی سیاسیە.. دەردێکە لە هەناوی حزبە کوردیەکاندا گەورەبوەوو لەویدا پێی گرتوەو لەوێدا گەشــەی کردوە. گەندەلی دەردێك نیە لە خوارەوە چوبێت بۆ سەرەوە، واتە لە کۆمەڵگاوە چوبێت بۆ سیاسەت، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەسەرەوە هاتوە بۆ خوارەوە.... لە سیاســەتەوە دابەزیوە بۆ ناو کۆمەڵگا نەوەك لە کۆمەڵگاوە چوبێت بۆ سیاسەت.

ئەوەی ئەمڕۆ رو دەدات ســافترینو پاکترین چەشنی خەباتی دیموکراسیە نابێت کارێك بکرێت لە سروشــتە دیموکراسیەکەی دوربخرێتەوە، وشــەی مەدەنیەت تەواوکاری وشەی دیموکراسیەتەو پاشکۆیەتی، نەوەك جێگرو شوێنگری بێت... ئێوە بۆ دیموکراسیەت لێرەن، چونکە بە بێ ئەوە هەمیشە تارمایی دیکتاتۆرێك لەو دیو دەرگاکانەوە دیارە.

بەردەوام بن لە خەباتتاندا بۆ دیموکراسیەت ... بۆ سیستمێك ئازادیمان بە نانو دڵنیایمان بە خۆفرۆشتن پێ نەگۆڕێتەوە. [٢٢]

[٢٢] بەختیار عەلی، وتار لە سەرای ئازادی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٠٤/٢ /
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35307&cat=1

## سادەکردنەوەی چەمکی تاوانو ماف... لەسەرای ئازادی خوێندرایەوە

### ئاراس فەتاح



سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم، فوئاد حوسێن، رایگەیاند کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، مەسعود بارزانی، بەنیازە چەند بڕیارێك سەبارەت بەو ڕەوشە ناجێگیرەی هەرێمی کوردستان

دەربکاتو تێیدا حکومەتی هەرێم رابسپێرێ، لەچوارچێوەی یاسادا، دەستوبرد بکات بۆ گرتنەبەری ڕێگەی یاسایی پێویست دژ بەهەر کەسێك تاوانی بەسەردا ساغبێتەوە. ئەوەی لەم بیرکردنەوەو راسپاردەیەدا بەپلەی یەکەم جێگای دڵخۆشییە خاڵی دەستگیرکردنی تەقەکەرانو راپێچکردنیانە بۆ دادگا. ئەوەی جێگای نیگەرانییەکی گەورەشە، ئەو خاڵەیە، کە خوازیاری سزادانی ئەو کەسانەشە بەبێ مۆڵەت وەرگرتن خۆپێشاندانیان ڕێکخستوە یان لەداهاتودا ڕێکیدەخەن. من ئەم خاڵە بە ترسناکییەکی گەورە دەبینم، چونکی لە هەناوی خۆیدا کۆتکردنی ئازادیو بەدادگاییکردنی مافەکانمانی هەڵگرتوە؛ ئەو مافانەی کە نە شایستەی پاداشتو نە شایستەی سزان، بەڵکو مافی گەردونینو بەشێکی دانەبڕاوی پرنسیپەکانی دیموکراسیین.

ئەوەی من لەکۆی ئەم راسپاردەیەدا دەیبینم، بونی تەمومژییەکی گەورەو نەبونی جیاکارییەکی ئەخلاقی رونە لە نێوان هەردوکایەی «تاوان»و «قوربانی» لەلایەکو لەنێوان هەردوڕەهەندی «ماف»و «سزا»ش لەلایەکی تر. ئەو ڕەهەندە ئەخلاقییەی من لەو راسپاردانەدا دەیخوێنمەوە، هاوتاییکردنی تاوانی تەقەکەرانی حیزبە بە «تاوان»ی خۆپیشاندەرانو تەماشاکردنی هەردوکیانە وەکو تاوانکەرو لەیاسالادەر. لەڕاستیدا نەبونی هیچ جیاکارییەك لەنێوان تاوانەکانی حیزبو حکومەت لەلایەکو تاوانەکانی خۆپیشاندەرانی مەدەنی لەلایەکی تر، بێماناکردنی خودی کردەی تاوانە بە مانا یاساییو بە مانا ئەخلاقییەکەی. ئەم بڕیارە کاتێك دێت کە زیاتر لە مانگێکە تاوانبارانی حیزبو حکومەت لەژێر ڕەحمەتی حیزبدا دەپارێزرێن، نە سەرۆكو نە حیزبو نە حکومەت بچوکترین ئامادەییان نیشاننەداوە کە ئەم پیاوانە وەکو تاوانبار تەماشابکرێنو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. کارەسات لەوەدایە کە تۆ مافی خۆپیشاندانو رادەربڕین، کە مافی هەمو هاونیشتیمانییەکە مومارەسەی بکات، بە هەمان پێوەری «مافی کوشتن» تەماشایبکەیتو مامەڵەی لەگەڵدا بکەیت، کە ماف نییە، بەڵکو تاوان. بە چ یاسایەكو لە چ وڵاتێکی دیموکراسیدا مافی کوژەران لەگەڵ مافی خۆپیشاندەران هاوتادەکرێتو دەخرێتە ناو یەك راسپاردەوە. ئەمەی ئێستا سیاسەتی کوردی

دەیەوێت پیادەیبکات، لە جەوهەردا کردنی جەریمەیە بە مافو تەماشاکردنی مافیشە وەکو جەریمــە. نەبونی جیاکارییەکی رونە بۆ هەردو چەمکی مافو سـزاو نەبونی جیاکارییەکی ئێتیکیی رونە بۆ مافی قوربانیانو هاونیشـتیمانیانی مەدەنی لەلایەکو سـزای تاوانبارانو تەقەکەرانــی حیزب لەلایەکی ترەوە. ئەوە چ لۆژیکێکە کە تاوانی بکەرانی حیزبو هەڵەی کوشندەی حکومەت لەگەڵ هەڵەی خۆپیشاندەرێکی مەدەنی هاوتادەکات؟

گەر ئەم راسـپاردەیە تاوانی خۆپیشاندانی بێئجازە بە هەمان پێوەر بپێوێت کە بکوژێك بەرامبەر بە خۆپیشـاندەران دەیکات، ئەوە دەبێت لە چەمکی یاسا بترسین. هەر کەسێکی بەویژدان، گەر لەنێوان «بێیاسایی خۆپیشاندان»ێکی مەدەنیو «بێگوێییو لاموبالاتیی یاسا» لە کوردستاندا بەرامبەر بە تاوانبارانی حیزب، توانای هەڵاوێردی هەبێت، ئەوە بێچەندوچون خۆپیشـاندانی بێمۆڵەت هەڵدەبژێرێت. لەڕاسـتیدا ئـەم خۆپیشـاندانە مەدەنییانەی لە کوردسـتاندا، کە پتر لــە مانگێکە دور لە توندوتیژی بەردەوامە، یاسـایەکی ناوێت چاکەو خراپەی دیاریبکات، بەڵام یاسا دەبێت بزانێت تەقەکردن چاکە نییەو کوشتنیش خراپەکارییە. یاسـا دەبێت بزانێت کە خۆپیشـاندانی مەدەنیی خراپەکاریی نییە، ئـەوەی خراپەکارییە تەشـویەکردنی مافی خۆپیشـاندانەو خراپبەکارهێنانی هێزە دژیانو بەئاساییکردنەوەی بەکارهێنانی توندوتیژییە بەرامبەریان. لە فەرهەنگی سیاسـیی مۆدێرندا ناشـیرینترین دەسەڵات ئەو دەسەڵاتەیە کە هێز لە سنوری خۆیدا بەکارنەهێنێتو شەرعییەتی یاساییو ئەخلاقیشـی بۆ «بەکارهێنانی ناهاوتای هێـز»ی پێنەبێت. پیادەکردنی هێزو زەبروزەنگی لەسـنوربەدەر دژ بە خۆپیشـاندەرانی مەدەنی مانای کوێربونی دەسەڵاتێکە بەرامبەر بە هێزێکی کۆمەڵایەتی ناتوندوتیژ کە جگە لە زمان هیچ چەکێکی تری پێ نییە.

لە دوای ١٧ی شـوباتەوە نابەرپرسیارێتی لە سیاسـەتی کوردیدا بەتەنها بریتی نەبو لــەوەی کە کردویەتی، بەڵکو پتر ئەوەیە کە نەیکردوە. ئێسـتاش دەیەوێت مانایەکی ترو راڤەکردنێکی تر بۆ بەرپرسیارێتی سیاسیو ئەخلاقی دابێهێنێت کە دوبارە دورە لە هەمو بەرپرسـیارێتییەکی ئێتیکی بەرامبەر بەو روداوە تراژیدییانەی ناو سیاسـەتو کۆمەڵگای ئێمە، کە ئەویش بریتییە لە تێکەڵاوکردنی رەهەندی تاوانو بەرپرسیارێتی لەم کەیسەدا. ئەم پێناسە نوێیەی بەرپرسیارێتی مانای ئەوەیە کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەرپرس تەنها ئەوانە نین کە تاوان دەکەن، بەڵکو ئەوانەشن کە تاوانیان بەرامبەر کراوە. بەم پێناسەیەش بێت، دەبێت رێژوانو سورکێو هاورێکانیشی لە غیابدا دادگاییبکەینو تاوانی ئەوەیان بخەینە پاڵ کە بۆچی لە کاتێکی ناکاتدا لە شـوێنێك بون کە نەدەبایە لەوێ بونایە، هەڵەیەکیان کرد کە نەدەبایــە بیانکردبایە. بەم پێوەرە نوێیە ئەوانیــش برێك تاوانیان بەردەکەوێت، نــەك تەنها لەبەرئەوەی هەندێکیان وەکو چۆن تەقەکەران تەقەیانکردوە، ئاوهاش ئەمان بەردیان هاویشتوە، بەڵکو لەبەرئەوەی هەڵەیەکی کوشندەیان کردوەو بۆیە باجەکەیان داوە، هەڵەی ئەوەی لە خۆپیشاندانێکی بێمۆڵەتدا دژ بە دەسەڵات بەشدارییانکرد، هەڵەی ئەوەی لە «شوێنکات»ێکدا بون کە نەدەبایە لێی بن، داوایەکیان هەبو کە نەدەبایە هەیانبێت.

کــێ هەڵــە بەرامبەر بە حیزب بکات ســزادەدرێت، کێش هەڵە نەکات پاداشــتدەکرێت. ئەمە هەمان ئەو پرنســیپەیە کە سیاسەتی کوردی ســاڵانێکە بەرامبەر بە نەیارانی خۆی پیادەیــدەکات. بەرجەســتەترینیان هەڵەی دەنگدان بــو بە ئۆپۆزیســیۆن، هەڵەیەك کە نەدەبایە کەس بیکات. ســاڵانێکیش سزادانی ئەو خوێندکارانەی کە لەزانکۆکاندا نوسینو لێکۆڵینەوەی نوسەرگەلێکی رەخنەگریان بەکاردەهێنا کە نەدەبایە بەکاریبهێنن، چونکی زانستی حیزبییانەی زانکۆ رێگای بە زانستی سەربەخۆی دەرەوەی زانکۆ نەدەدا... هتد. ئەمە هەمان ئەو پرنســیپەیە کە لە زۆر شوێنی تریشدا بە سیاسەتی سوڵتانگەرا ناودێرمکردوە، سیاسەتێك کە لەسەر پرنسیپی ســزاو پاداشت بەندە. سیاسەتی کوردی بەم بیرکردنەوە نوێیەش دوبارە ســەلماندییەوە کە خوازیاری سزادانی هەمو ئەوانەیە کە هەڵەیان کردوە، پاداشــتی ئەوانەش دەدات کە لە داهاتودا هەڵە بەرامبەر بە دەسەڵات ناکەن. ئەم فۆرمە نوێیــەی ئەمڕۆش لە پراکسیســی ســزادانو پاداشــت وەك لە راســپاردەکاندا دەیبینین، ســزادانێکی سیاسیی نوێیە کە درێژکراوەی کولتوری ســزایە لە وڵاتی ئێمەداو پەیامێکی پاداشتهەڵگریشە بۆ ئەوانەی کە لە داهاتودا بێدەگدەبنو بە دۆخی باو رازی دەبن.

پاش ١٧ی شوبات هەمو ئەو راستییە دەزانین کە یاسا لە وڵاتی ئێمەدا سەروەر نییە، هەر کاتێکیش یاســا ویستی ســەروەر بێت، ئەوا دوبارە بەو یاسایانە کاردەکات کە سەروەرێتی دەسەڵات دەپارێزێت. ئەگینا چ مانایەکی هەیە، کاتێك پەرلەمان بە داخوازی خۆپیشاندەران رازی بوە کە یاسای خۆپیشاندان هەمواربکرێتەوە، کەچی ئێستا پاش تێپەڕبونی ماوەیەکی زۆر بەســەر ئەو تاوانانەی لە وڵاتی ئێمەدا لەڕێگای حیزبو حکومەتەوە کراوە، دەســەڵات دوبارە بە هەمان یاســا دەیەوێت سزای ئەوانە بدات کە بێ مۆڵەت خۆپیشاندانیان کردوەو خۆپیشــاندان رێکدەخەن. ئەم راســپاردانە دەچێتە هەمان خانەی ســتراتیژی سزادانێکی دەستەجەمعی نوێیەوە، لە فۆرمی ئەو سکاڵایاساییانەی بەرامبەر بە نوسەرانو رۆژنامەنوسان بینیمان.

ئەوەی جێگای پرسە ئەوەیە: ئەرێ ئەم ماوە دورودرێژە یاساکانی سزادانی تاوانی تەقەکردنو کوشتن لەکوێ بون، بۆچی کاریانپێنەکرا تا ئەو کاتەی کە سزای خۆپیشاندەرانیشی نەگرتەوە. ئەم راستییە دوبارە یەك شتمان بۆ دەسەلمێنێت، ئەویش ئەوەیە کە حکومەتی کوردستان دەبێــت چاوەڕێی کۆبونەوەو بڕیارەکانی حیزبو ســەرۆکەکان بێت تاوەکو ئەکتیڤ بێت لە دابەشکردنی سزاو پاداشت بەسەر ئەندامانی حیزبو خۆپیشاندەراندا، لە دیاریکردنی مانای خەتا بەســەر تاوانبارانو بێتاواناندا و لە بەخشینی چەمکی ئەخلاقیش بەسەر تەقەکەرانو قوربانیاندا. کەی لە کوردستاندا ئەم کولتوری سزاو پاداشتە حیزبییە کۆتاییهات، ئەوکات دەتوانین باس لە سەروەریی یاسا بکەین.


لە جەوهەردا من وایدەبینم کە لە پشــت ئەم راسپاردەوە، تێڕوانینو خواستێکی ترسناك خۆی شــاردۆتەوە کە نایەوێت دەموچاوی خۆیمان پیشــانبدات، دوبارە بە دەمامکەوە خۆی بەیاندەکات، بەڵام ئەمجارەیان بە زمانێکی شیرینو پڕ لە تەهەکوم پێماندەڵێت، بەڵێ ئێمە

تەقەکەرانی تفەنگتان بۆدەستگیردەکەین، بەڵام هەرکەسێکیش «تەقەی زمان»ی لە ئێمە کردو خۆپیشـــاندانی بێمۆڵەتی ڕێکخست، ئەویش دەستگیردەکەین. پێماننالێت تەقەکردن لە خۆپیشـــاندەرانی مەدەنی حەرامە، دژ بە هەمو پرنســـیپە ئینسانیو یاساییەکانە، بەڵکو پێماندەڵێت تەقەکردنو بەردهاویشـــتنو خۆپیشاندانی بێموڵەت هاوتای یەکترن لە قولایی تاوانکردن. لە کۆتاییشـــدا پێماندەڵێت: ئێمەی دەســـەڵاتدار تەســـلیم بوین، بەڵام دەبێت ئێوەش تەســـلیم بنو کۆتایی بەو گلەییو گازندانەتان لە دەسەڵات بـهێننو با هەرکەسە بڕواتەوە بۆ ماڵی خۆی. پێماندەڵێت، چەندە ئێمە زەرەری مادیو مەعنەویمان کرد هێندەش ئێـــوە زەرەری گیانیتـــان دا، چەندە ئێمە باجمان دا هێندەش ئێـــوە، با لەوەش زیاتر کەس زەرەر نەکات! بۆیە باشـــتر وایە واز لە داواکارییەکانی ترتـــان بـهێنن، با چیدی مەینەتی زیاتر دروســـتنەبێتو ماڵی کەســـی تر وێران نەبێت، چ ماڵـــی تەقەکەرانی ئێمەو چ ماڵی قوربانییانی ئێوە!.[٢٣]

[٢٣] ئاراس فەتاح، لە سەرای ئازادی سلێمانی خوێندرایەوە، ٢٠١١/٤/٣ /
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35343&cat=1

## توندوتیژیو ئەفسانەكانی

### رێبین هەردی



«توندوتیژی لەبنەڕەتدا كارێكی نمایشییە كە تاكەكەس یان كومەڵێك هەوڵئەدات لەڕێگەیەوە لەدۆخێكدا كە داماوو بێچارەیە، دەوری پاڵەوانێك ببینێ كە بەسەر هەموو كارەكاندا باڵادەستە»

ژوزێف پستێۆ

لەشكرێك داربەدەست كە پڕكراوە لەدڵڕەقیو فەرمانی لێدانو ئەشكەنجەدانی هەموو كەسێكی پێیە، رەوانەی شارەكان كرا بۆ ئەوەی زۆر بە ئاسانیو بێ هیچ شەرمێك رێگە لەمافێكی بنەڕەتی مرۆڤەكانی ئەم وڵاتە بگرێت كە ئەیانەوێت ئازادانەو بێ دوودڵی رای خۆیان بە ئاشكرا دەرببڕنو هاوار بۆ گەیاندنی پەیامێك بكەن كە ساڵانێكی زۆرە دەسەڵاتدارانی كوردستان بڕیاریان داوە نە بیبیستنو نە بیبینن. وێنەی ئەو گەنجو رۆژنامەنوسانەی هەینی رابردوو لەسەرای ئازادی بێ هیچ پاساوێك لەلایەن ئەم هێزەوە زۆر دڵڕەقانە ئەشكەنجە كران، بۆ ماوەیەكی درێژ برینێك (بارتەقای هەموو برینەكانی تر) بەجێ دێڵێت كە مەگەر هەر خودا بزانێت چۆنو بە چی سارێژ ئەكرێت. وێنەی ئەو گەنجە جل رەشەی بە تاقی تەنیا لەسەرای ئازادیدا را ئەكاتو دەیان سەرباز بە دارەوە بەدوایدا رائەكەن بۆ ئەوەی بیگرنو لێی بدەن، بەسە بۆ ئەوەی دەری بخات وڵات كەوتوتە چ زەلكاوێكی پڕ لەدڵڕەقیو نەگونجانو ناحەزییەوە. مرۆڤ ئەبێ بپرسێت چی وا لەو گەنجە ئەكات لەكاتێكدا ئەو هەموو سەربازە داربەدەستە ببینێ بە تاقی تەنیا خۆی، بەبێ چەكو بێ هیچ شتێك دەست بۆ كارێك بەرێت كە ئەو لەشكرە بۆ قەدەغەكردنی هاتون: هاوار؟! چیش وا لەو هێزە ئەكات كە بڕیارە پارێزەری مافو ئاسایشو ئازادی خەڵك بێت وا بكەوێتە دوای گەنجێكی خوێن گەرمو ئازاو پڕ لەخەون كە تاكە چەكێك بەدەستیەوە بێت دەنگی تاكو تەنیای خۆیەتی؟ ئەم ترسە لەدەنگی ئەو گەنجانە بۆ؟ ئەم هەموو هێزە بۆ سەركوتكردنی خەڵك بۆ؟ لەهەموو ئەمانەش گرنگتر ئەم پەنابردنە بەر توندوتیژیە بۆ، لەبەردەم گەنجانێكدا كە هیچیان ناوێت جگە لەوەی چاكسازی لەوڵاتدا بكرێتو بكوژە راستەقینەكانی هاووڵاتیانو گەنجانی ئەم وڵاتە رادەستی یاسا بكرێن؟ بەڕاستی ئەم هەموو توندوتیژیە لەلایەن ئەم هەموو هێزەوە بۆ؟.

زۆرێك لەبیریاران بڕوایان وایە پەنابردن بۆ توندوتیژی نمایشێكی دەسەڵاتی كەس یان گروپێكە لەو كاتانەدا كە دەسەڵاتی نەماوە. كاری بێ دەسەڵاتەكانە لەدۆخێكدا كە هەست بە لاوازیو بێتوانایی ئەكەنو لەڕێی ئەم نمایشەوە نكۆڵی لەو لاوازیو بێ تواناییە ئەكەن.

هیچ کەس‌و کۆمەڵ‌و هێزێك پەنا بۆ توندوتیژی نابات تا ئەو کاتەی هەست نەکات چیدی توانای ئەوەی نەماوە لەڕێگەیەکی جیاواز لەتوندوتیژییەوە چارەیەك بۆ ئەو قەیران‌و گرفتانە بدۆزێتەوە کە تێی کەوتووە. پەنابردن بۆ توندوتیژی نیشــانەی لاوازییە.. لاوازی لەمەنتق‌و ئیرادەو کردار. کەس یان گـــروپ یان هێزێك بتوانێت لەڕێگەی لۆژیك‌و عەقڵ‌و کرداریەوە وەڵامی ئەو مەترســـی‌و گرفتانە بداتـــەوە کە تێی کەوتووە، هەرگیـــز پەنا بۆ توندوتیژی نابات. گروپ یان هێزێك ئیرادەی بەهێز بێت‌و بڕوای بە خۆی هەبێت، دوا شـــت پەنای بۆ ببـــات توندوتیژییە. توندوتیژی کرداری ئەو کەس‌و هێزانەیە کە کەســـانی دی بەبێڕێزی‌و ســـوکایەتییەوە تەماشا ئەکەن کە هەمان شێوازی ژیان‌و بیرکردنەوەی ئەوانی نییە. کەس یـــان هێزێك توندوتیژی بەکار دێنێت کـــە ناتوانێت بوونی ئەوانی دی نە تەحەمول بکات، نە بشـــتوانێت لەڕێگەی لۆژیکی‌و عەقلانییەوە بوونی خۆی لەبەردەمیاندا بپارێزێت. ترس لەلەناوچون‌و نەمان، پاڵنەرێکی سەرەکی هەموو کردارێکی توندوتیژییە.

بەڵام توندوتیژی بۆ ئەوەی پاســـاوی بـــۆ بهێنرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕەوایەتی وەربگرێت‌و بە ویژدانێکی ئاســـودەوە ئەنجام بدرێت، پێویستی بە کۆمەڵێك ئەفسانە هەیە. پێویستی بە چیرۆکێکی وەهمی هەیە بۆ ئەوەی بکەرانی وەك ئەرك‌و کارێکی گرنگ‌و پڕ بایەخ تەماشای بکەن. کەس ناتوانێت توندوتیژی بۆ توندوتیژی بکات. هەموو ئەوانەی توندوتیژی بەکاردێنن ئەبێت پێشوەخت بەجۆرێك لەڕووی زیهنی‌و سایکۆلۆجیەوە ئامادە کرابن کە هەست بکەن ئەوەی ئەیکەن کارێکی ڕەواو دروســـت‌و هەقە. هیچ کـــەس یان هێزێك ناتوانێت بێ ئەم پاساوە نە خۆی‌و نە کەس تەیار بکات بۆ ئەوەی توندوتیژی بەکار بهێنێت.

یەکێك لەتوێژەرە کەنەدیەکان ســـێ ئەفســـانەی ســـەرەکی ئەهێنێتـــەوە کە دەوریان لەپاســـاوهێنانەوە بۆ توندوتیژی سیاســـیدا هەیە: ناســـیۆنالیزمی توندڕەو، ڕزگاریبەخش، فاشیزم.

ناســـیۆنالیزمی توندڕەو هەموو بێگانەیەك بە دوژمن‌و ناحەز تەماشـــا ئەکات کە نەتەوە لەبەرامبەریاندا یەکگرتووەو لەڕووی ئەخلاقی‌و هوشـــیارییەوە لەوانی تر لەسەر ترە. ئەم ئایدۆلۆژیایە توانایەکی سەرسوڕهێنەری هەیە بۆ ئەوەی هەموان وەك هێزێکی یەکانگیرو پڕ لەهەقخوازی لەبەرامبەر ئەو کەســـانەدا دابنێت کە وەك دوژمن وێنا ئەکرێن. بێ هودە نییە زۆربەی هێزو دەوڵەتەکان لەکاتی توندوتیژیدا، پەنا بۆ ئەفســـانەی مەترســـی لەسەر نەتەوە ئەبەن.

ڕزگاریبەخـــش لوتکـــەی ئومێدەوارییە بەو بڕوایانەی ســـەبارەت بە دنیاو چارەســـەرەی کێشـــەکانی هەیانە. ئەو هێزو گروپانەن کە ئەوەندە لەخۆیان‌و ڕاستی بوونیان دڵنیان کە ئامادە نین جگە لەبیرکردنەوەی خۆیان گوێ لەهیچ شـــتێکی تر بگرن. ئەم هێزە زوربەی کات لەمێـــژودا ئامانجـــی توندوتیژی‌و ئـــازاردان بوون، بەڵام زۆرجار خۆشـــیان بەوەی کە بڕوایەکی تەواویان بە ڕاستی بڕواکانیان هەیە، ئەبنە سەرچاوەیەکی سەرەکی توندوتیژی بەرامبەر بـــە هەموو ئەو کەس‌و هێزانـــەی بە لەمپەرو ڕێگریان ئەزانـــن بۆ بەدیهێنانی

خواستو بیروراکانیان.

فاشیزم کە ئایدۆلۆژیایەکی سیاسیە کە رەنگو شکڵی جیاواز وەرئەگرێتو ماهیەتەکەی بریتییە لەبەستنەوەی سەروەریو ئازادیو کەرامەتی نەتەوە، بە سەرکردایەتیو رابەرایەتی هێزێك یان سەرکردەیەکەوە. لەم ئایدۆلۆژیایەدا نەتەوە ئەکەوێتە بەر مەترسی هەر کاتێك بالآدەستی سەرکردەو حیزب بکەوێتە ژێر پرسیار. ئەم ئایدۆلۆژیایە کەرامەتی نەتەوە، ئەبەستێتەوە بە بالآدەستیو سەروەری ئەو سەرکردەو هێزەوە کە بڕوای پێیەتی.

لەهەرێمی کوردستاندا هەر سێ ئەفسانەکە بە شکڵو هێزی جیاواز ئامادەنو پێکەوە تێکەڵەیەك لەدڵڕەقیو توندوتیژییان دروست کردووە کە کەمترین دەرفەتی بۆ لێکتێگەیشتنو قەبوڵکردنو گۆڕانکاری دور لەتوندوتیژی هێشتۆتەوە. هیچ رزگاربوونێك لەم دۆخەش نییە، گەر ئەو سێ ئەفسانەیە ئاشکرا نەکەین کە لەپشت دڵڕەقیو توندوتیژیەکانەوە هەن. هیچ کەس شەیتان نییەو بڕیاری بە شەیتانبوون نادات، گەر پێشتر ئەو وەهمانە بە درۆ نەخەینەوە کە کاری شەیتانی لای بکەرەکان ئەکات بە کاری فریشتەکان. کاری عاقلآنە بە گژاجونەوەی بکەرانی توندوتیژی نییە کە وەك ئێمە لەگۆشتو ئێسقانو وەك ئێمەش ئامادەن بۆ هەموو جۆرەکانی هەڵەکردن، بەڵکو کاری عاقلآنە ئاشکراکردنو پەردە هەڵماڵینە لەو چیرۆكو ئەفسانانەی وا لەمرۆڤەکان ئەکەن بەو شێوەیە ببن کە هەن.[٢٤]

[٢٤] رێبین هەردی، توندوتیژیو ئەفسانەکانی، سایتی ئاوێنە/ http://www.awene.com.greenhost.nl/opinion/٪D8٪AA٪D988٪٪D986٪٪D8٪AF٪D988٪٪D8٪AA٪DB٪8C٪DA٪98٪DB٪8C٪E28٪80٪C٪D988_٪٪D8٪A6٪D987٪٪E28٪80٪C٪D981٪٪D8٪B3٪D8٪A7٪D986٪٪D987٪٪E28٪80٪C٪DA٪A9٪D8٪A7٪D986٪٪DB٪8C

## ئێوە لەکێ دەچن؟

### ئەحمەد میرە



تادێت شــەقام زیاتــر دەکوڵێتو دەســەڵات بێ باکتر دەردەکەوێــت، رۆژ لەدوای رۆژ لەجیاتــی گوێگرتن لەڕای شــەقام، پاساوو ســیناریۆی نابەجێ دادەتاشێت دەیەوێت هەمــوو رێگەیەك بگرێتە بــەر بۆ کپکردنــەوەی دەنگی شەقام.

هــەر حیزب ئازادە چــۆن بەرگری لەخۆیــدەکاتو چۆن هەوڵــدەدات بۆ پارێزگاری کردن لــە قەبارەو بوونی خۆی رێگەی چۆن دەگرێتەبەر بەڵام دەبێت هەموو ئەو هەوڵو رێگایانــە لە چوارچێوەی شــەرعیەتو یاســادا بێتو دژی بەرژەوەندییەکانی هاوڵاتیان نەبێت.

بەڵام ئەوەی دەسەڵات دەیکات بۆ کپکردنەوەی دەنگی شەقام هەم نایاساینو هەم دژی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستانن، بۆ نموونە ئەوان بۆ رێگەگرتن لە دەنگی نارەزایی خوێدکارانــی زانکۆ بەبــێ گەڕانەوە بۆ ئەو حکومەتەی کە بە پیــرۆزی دەزانن تەنها بە فەرمانی ناوچەیەکی قوتابیانی پارتی تێکڕای زانکۆکانی پایتەخت دادەخات.

دوور لە یاسا هێزە چەکدارەکان بەکاردەهێنێت بۆ لێدان دژی خۆپیشاندەرانو سووتاندنی رەمزی گەنجەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان.

بە تۆبزیو بە بێگاری کارمەندەکانی دامودەوگاکانی حیزب بهێنرێنە بۆنە حیزبییەکانەوەو دەوامی فەرمانگە حکومیەکان دابخرێن.

پەلاماردانو تەقەکردنو شەهیدکردنی خۆپیشاندەران نەریتێکی تری دڕندانەی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراقن.

ئــەوەی هەر دەســەڵاتێکی دیکتاتۆر دەرهەق بــە خۆپیشــاندەران ئەنجامیداوە پارتیو یەکێتی ئەنجامیداوە (شەهیدکردن، گرتن، پەلاماردان، سوتاندن، بریندارکردن، رێگرتن،... هتد) دروشــمە سەرەکییەکانی دەســەڵات بووە بەرامبەر بەخۆپیشاندانی خەڵکی مەدەنی کوردستان.

ئــەرێ پارتیو یەکێتی دەتوانن پێمان بڵێن چــی جیایان دەکاتەوە لە موعەمەر قەزافیو بــن عەلیو موبارەك. ئەوان هاوڵاتیانی خۆیان کوشــت ئێوەش کرتان، ئەوان توندوتیژیان دژی خۆپیشــاندەران ئەنجامدا ئێوەش کردتان، ئەوان سیناریۆو کاری نایاساییان بەرامبەر خۆپیشــاندان ئەنجامــدا، ئێوەش کردتان، ئەوان چی ناشــیرینە کردیــان، ئێوەش ئەوەی ناشیرینە بەرامبەر خەڵکی شاری سلێمانتیو شارۆچکەکانی تر کردتان.

تەنانەت ئێوە هاولاتیانی هەولێرتان هێندە تۆقاندووە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نییە، ئەریٚ دەکرێت زەحمەت بکێشــن نموونەیەك لە مێژووی خەباتی گەلاندا پێمان بڵێن کێ لەســەر نیەتی خۆپیشاندان دەســتگیرکراوەو فەلاقە کراوە، ئەوەی رۆژی ٢٠١١/٢/٢٥ دەزگا ئەمنییەکانــی پارتی دەرهــەق بە گەنجانی هەولێریان کــرد، ریکۆردی توندوتیژی دواکەوتوترین ولاٚتی دونیای تێکشکاند.

لەبیرمە یەکێك لە چیرۆك نووسە گەورەکانی کورد لە یەکێك لە چیرۆکەکانی دا وێنەی ئەو باوکە دڵڕەق‌و نەخوێندەوارو زاڵمەمان بۆ دکێشــێت کە رێگــە لە خەونی منداڵەکانی دەگرێت‌و لەســەر ئەو جۆرە خەون بینانە ســزایان دەدات. باوکی ناو ئەم چیرۆکە رێك لە باوکە پارتی دەچێت کە کوڕەکانی لەسەر خەون بینین بە ئازادی‌و هەوڵدان بۆ باشترکردنی ژیانیان سزایان دەدا دەیانکاتە گێرە شێوێن.

دەبێــت ددان بەو راســتیەدا بنێم جیاوازی نێوان بن عەلی‌و موبــارەك لەگەڵ تاڵەبانی‌و بارزانیدا لەوەدا دەبینمەوە کە ئەوان نەهاتن شــانۆو گۆرانی‌و شیعرو خێمەکانی مەیدانی ئازادی قاهیرە بســوتێنن‌و نەهاتن مەیدانی ئازادی بشــێوێنن بەلاٚم مافیاکانی ســەر بە دەســەلاٚتی هەرێمی کوردستان لە شەوی راپەڕیندا خێمەی شــەهیدانانی خۆپیشاندانیان سوتان‌و رەمزە مەعنەوییەکانی گەنجەکانی شاری روخاند.

ئەوەی شــەقام ئەنجامی دەدات ئاماژەیە بۆ پێگەشــتنی ئاستی هۆشیاری تاك‌و جێگەی ئومێدە بەوەی هۆشیاری شەقام لە کاتێکدایە دەتوانێت دەسەلاٚتی زاڵم رەتبکاتەوە ئەمەش بۆ هەموو نەتەوەیەك گرنگە کە پێش ئەوەی هێزەکانیان بەناوی هەســتی نەتەوایەتیەوە ببنە دەسەلاٚتێکی دیکتاتۆر رەتیانبکاتەوەو بەدوای بەدیلێکی تردا بگەڕێت. [٢٥]

[٢٥] ئەحمەد میرە، ئێوە لەکێ دەچن؟ گۆڤاری لڤین، ژمارە ١٥٥ لە ١٠ /٣/ ٢٠١١، دوا لاپەڕە.

## بەم خوێنە پارتی تەمەنی خۆی کەم کردەوە

### سۆران عومەر



ئەوەی شۆڕش جۆش دەدات خوێنە، ئەوەی دیکتاتۆر لێی دەترسێ گەنجە، گەنج بەردەوامەو خوێنیش بەردەوام لەجەستەیدا گەرمە، ئەوەی باکی نییە رژانێتی، ئەگەر جامەکە پڕ بوو، ئەوەشی دەمێنێتەوە خوێنڕێژ نییە! بەڵکو ئەوەی باقییە ئەو خوێنەیە کە لەلاشەی گەنجانی شاری سلێمانیدای‌و تەواوی کوردستاندایە، ئەوەی دەمرێ خوێنڕێژە، ئەوەی لەسەر لاشەکەی گەنج هەڵدەپەڕێ تفەنگ بەدەستەکانە، وەك ئەوانەی کە رێژوانیان لەخوێنا سورکرد لەسەر بینا زەردە جام رەشەکانی لقی چوار هەڵدەپەڕین!! ئەوەی درۆیە قسەکانی دوای شەهیدو بریندارکردنی دەیان گەنجی سلێمانییە! ئەوەی راستییە دروشمەکانی خۆپیشاندانی پێش خوێناوی کردنی شەقامی سالمە، ئەوەی بەرپرسە بەرامبەر ئەم ولاتە ئەوانەن کەداوای ژیانی بەشەر بۆ خۆیان‌و میلەتەکەیان دەکەن‌و داوای لاچونی بەرپرسە گەندەڵەکان دەکەن، ئەوەی نابەرپرسە دزە بەرپرسەکانە کەنایانەوێ دەست لەبەڕێوەبردنی سیستەمێکی نادادپەروەری خێڵەی هەڵگرن، ئەوە ئێمەین دەست هەڵناگرین تاکو ئەوان دەست هەڵدەگرن.

سەرکردەکان ٢٠ ساڵە درۆ بۆ میلەتی بەشەرەفی خەڵکی کوردستان دەکەن، دزی لەداهاتی ئەم ولاتە دەکەن، خاکەکەی دەفرۆشن، رۆژێك بەتمەن، رۆژێ بەدۆلار، رۆژێ بەدۆلار، تەنانەت ئەم خاکە بەپیتەیان بەشتی بێ نرخیش فرۆشتووە تا ئاستی بەلاش تەنها لەپێناو مانەوەی خۆیاندا، ژیانی سیاسی‌و کۆمەلایەتی‌و ئابوری خەڵکیان خستۆتە ژێر ئیحتیکاری خۆیان‌و ئەوەی وەك ئەوان بیرنەکاتەوە، یان بەڵێ بۆ درۆو دزییەکانیان نەکات ئەوە دەکەوێتە خانەی دوژمن‌و لەم ولاتەدا هەموو مافێکی لێ زەوت دەکرێ، ئەوان کەهاتنەوە لەشاخ دەستیان بەتالانی فەرمانگەکان کرد، لەجاشەکان خۆش بوون، پیاوکوژو تاوانکارەکانیان کردە بەرپرس، بەجۆرێك کەلەسایەی دەسەلاتی ئەم بەرپرسانەدا چەندان دایك‌و کچو کوڕی شەهید توشی هەڵەو کارەسات هاتن وەك ئەوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەسەریان هاتووە، ئەوان هاتن داهاتی هەموو ئەم ولاتەیان بۆخۆیان‌و کوڕو کەسە نزیکەکانیان برد، وەزیرو وەزارەت‌و پەرلەمانیان لەسەر میراتی‌و بەویستی خۆیان دابەشکرد، بەجۆرێك خەڵکانێکان کردووە بە بەرپرس تەنها لەبەر ئەوەی شەوانە لەگەڵ رایانبواردووە، کەسانێکیان کردە مەسئول کەهەموو پێگەکەی بۆ لەشفرۆشی بەکارهێناوە.... ئەگەر باس لەخراپی‌و گەندەڵی زۆرێك لەبەرپرسانی یەکێتی‌و پارتی بکەم ئەوە دەبێت مێژووی رۆژانەی ٢٠ ساڵ لەم

جۆرە تاوانكاریو گەندەڵییە بنوســینەوە، بۆیە تێدەپەڕم بەسەر ئەوانەداو دەگەم بەوەی كە پارتی لە ٢٠١١/٢/١٧ دا بەرامبەر خەڵكی هەژارو میحنەتكێشی شاری سلێمانی ئەنجامیاندا، ئەویش خوێناوی كردنی شەقامی سالم بوو بەخوێنی پاكو گەشی دەیان گەنج.

پارتی، ئەو حزبەی كە بەدرێژایی تەمەنی نەیتوانیوە لەگەڵ جیاوازیەكان هەڵبكاتو زۆرینەی كات بۆ پاراستنی خۆی پەنای بۆ بەعسو بۆ شەیتانیش بردووە بۆیە لەئێوارەیەكی وەك ١٧ی ٢ دا كاتێك كەســانێك رویان لەبارەگاكەی كردو چەند دروشــمێكان بەرامبەر بڵند كردنەوە بەگولە وەڵامیان دانەوە، لێرەدا گرفت ئەوە نییە ئەوكارە گێرەشــێوێنییە كە كراوە بەرامبەر لقی چوار یان دەستی لەپشــتەوەیە بەڵكو ئەوەی ویژدانی هەمووانی هەژاند وەڵامدانەوەی وشەو نارەزایەتی گەنجی سلێمانییە بەفیشەك، فیشەكانێك كەڕووی لەدڵو جەستەو مێشكی دەیان گەنج كردووە، من دڵنیام لەوانەی كەتەقەیان كردووە پێشتر بەشێكیان ئەگەر تەواریو بەعسی نەبوبن ئەوە جاشو خۆفرۆش بوون، بۆیە بەوجۆرە لایان ئاساییە لولەی تفەنگەكانیان رووو لەخەڵكی ســیڤل بكەن، لەوە زیاتر كارەســات ئەوەیە كە مەسعود بارزانیو حكومەتو پارتیــش لەبەیاننامەكانیاندا بەرگری لەخۆیان دەكەنو شــەرعیەت دەدەن بەوەی بەتیرۆری ئــەو گەنجانە دیفاعیان لەخۆیان كــردووە، لەوە زیاتریش ئاســایش بەكەمتەرخەم دەزانن بەرامبەر بەگەنجانی تورە، واتە نیگەرانن لەوەی ســەدان كەس لاشەیان بەدەستی ئاسایش لەشــەقامەكاندا نەكەوتووە، لــەم رووداوەوە دەركەوت پارتی وەك دژمن تەماشــای خەڵكی سلێمانی دەكاتو هەمیشە لولەی تفەنگەكانی رووی لەمێشكمانە، ئەم رووداوە ئەوەی رۆشن كردەوە كە پارتــی وەك حزبێكی داخراو كەحزبی بنەماڵەیەكــە وەك بنەماڵەكانی عابدینو موبارەكو عەلی عەبدوڵڵا ساڵحو قەزافی كەبەرامبەر مانەوەی خۆیاندا ئامادەن هەموو شتێك بكەن تەنها بۆ مانەوەو پارێزگاری لەســەرمایەو سیاسەتەكانیان، ئەم روداوە ئەوەی نیشاندا كەپارتی چیتر ئەو رووەشــی نەما تاكو لەســلێمانیدا بمێنێتەوەو پێوەی دەركەوێت ئەویش دەمامكی خزمەتكردن بوو بەخەڵكی ســلێمانی بۆیە پێویســتە سوپاســی پارتی بكەین بۆ ئەو خزمەتەی بەســلێمانیی كرد، پێویســتە دڵنیاش بێت لەوەی ئەم رووداوە كەمتری نەبوو لەڕووداوەكانی پێشوی ژیانی پارتی كەتاكو ئێستە وەك پەڵە تەماشای دەكرێ.

پارتــی بەمەی ئەنجامیدا لەســلێمانی تەمەنــی خۆی كەمكردەوەو ســەرووەرییەك ئەگەر مابێتی لەو شــارەدا ئەوەشی خەڵتانی خوێن كرد!!و تەمەنی خۆی كەمكردەوە، ئەو تەمەنەی كەباوەڕناكرێ زۆری مابێت!

مێرییەكان ٣٠٠ خوێنیان بەخشــیو دیكتاتۆرێكی ٣٠ ساڵەیان خستە زبڵدانی دیكتاتۆرە هاوڕێكانی، تونســیەكان ٧٠ خوێنیانداو دەســەڵاتێكی قەمعی ٢٣ ســاڵەیان خستە هەمان زبڵدان، ئەمانە بەردەوامنو ئاماژەكانیشی زۆر رونو رەوانە!. [٢٦]

[٢٦] سۆران عومەر، بەم خوێنە پارتی تەمەنی خۆی كەم كردەوە، سایتی كوردستان پۆست، ٢٠١١/٢/١٧ / http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=809c01d8

# کۆمەڵگەی زیندو، دەسەڵاتی مردو

## ئاسۆ جەبار



بەسەرچو تاڵانکردنی بودجەو داهاتی نیشتیمان، بەسەرچو ئەو رۆژانەی سوتەمەنیان ئاودیو دەکردو کەس قسەی نەدەکرد، بەسەرچو رفاندنی خەڵکو گۆڕونکردنی قوربانییەکان، بەسەرچو داگیرکردنی زانکۆو خوێندنگەو مزگەوتو شوێنە گشتییەکان، چیتر خەڵك چەپڵە بۆ دیکتاتۆرەکانو ئینسانکوژەکان لێ نادەن، بەسەرچو چەواشەکردنی خەڵکو جیهان لەڕێی میدیا درۆزنەکانتانەوە.

ئێوە تەنها نین، ئێستا هەمو دنیا سەیری ئێوە دەکات، سەرجەم رێکخراوە جیهانییەکانی مافی مرۆڤو بەرگریکاران لەمافو شکۆمەندی ئینسان پشتیوانتانن، یاداشتو نارەزاییەکانی ئێوە گەیشۆتە هەمو دنیا.

کۆمەڵگەی زیندو، واتە شاری زیندوو شەقامی زیندو. بەبێ رەخنەو روانینو دنیابینی نوێ کۆمەڵگە زیندو نابێتەوە. بەبێ گفتگۆو قسەکردنو ململانێی شارستانیو فەرهەنگیو ئابوریو سیاسی، کۆمەڵگەو شەقامەکان خاڵی دەبنەوە لەژیانو گۆڕانکارییو گفتوگۆ.

داخستنی دەرگای گفتوگۆ لەخەڵك، چارەنوسی دیکتاتۆرەکان دژوارترو ناشرینتر دەکات، هەڕەشەکردن لە هاوڵاتیان ئاستی ژیاندۆستیو قبوڵکردنی جیاوازییەکان زەربی سفر دەکات. ئەو هێزانەی پێیانوایە لەڕێی هەڕەشەو تۆقاندنەوە شەقامەکان چۆڵ دەکەنو رۆشنبیرانو هاوڵاتیان دەترسێنن، بێ ئەندازە کاڵفامن بەرامبەر ئەو غەزەبە شارستانیو زیندوەی کە شەقامەکانیان پڕ کردوە لەهاوارو رەخنەو گفتوگۆ.

کۆمەڵگەی زیندو سەرباری ئەوەی کۆمەڵگەیەکی قسەکەرە، کۆمەڵگەیەکی رەخنەگرو فشاردروستکەرو هەمەرەنگە لەروی فەرهەنگیو دنیابینیو رۆشنبیرییەوە، هاوکات کۆمەڵگەیەکیشە لەسەر کەمترین بڕ لەمافەکانی خۆی دەنگی بەرزدەکاتەوە، کۆمەڵگەی مردوش کۆمەڵگەیەکە کە لەسەر پێشێلکردنی سەرلەبەری مافەکانیو چەوسانەوەی ئابوریو رۆشنبیریو ژیان لەروبەرێکی گەورەی گەندەڵخۆریو عەنتەریاتخانەی حیزبیو بەڕەڵاخانەیەکی ئابوریدا دەنگی لێوە نایەت.

جیاوازی گەورە هەیە لەنێوان کۆمەڵگەی زیندوو کۆمەڵگەی مردودا، هەر لەروی فەرهەنگییەوە تادەگاتە مۆڕالو تادەگاتە روانینو دنیابینیو هەستو درکو خەونو چەشەی کولتوریو ئیستاتیکیو تادەگاتە فەنتازیاو بیرکردنەوەو گۆڕانو وەرچەرخانی

گەورە. کۆمەڵگەی زیندو کۆمەڵگەیەکی پــڕ لەگۆڕانکاریو کارو کاریگەریی هزرو روانینە ناکــۆكو تەباو جیاوازەکانە، واتە کۆمەڵگەیەکی فرە روانینو فرە جیهانبینییە، هاوکات لەو کۆمەڵگایەنەشــدا کە گەندەڵیو راوڕوتی حیزبیو عەنتەریاتی مافیاگەریی حیزبی دەگاتە دوا ترۆپکــی چێژی داگیرکــردنو دەرەبەگخــوازیو پاڵەوانبازیی ناعەدالەتــی تائەوپەری دامرکانەوەی زەوقی دەرەبەگخوازی حیزبـــیو بەتاڵکردنەوەی ژیان لەبەهاو نرخە مرۆییو شارســتانیو روحییەکان، دەرەنجام خولقاندنــی کۆمەڵگەیەکی مــردوە، واتە خولقاندنی روبەرێکــی گەورە لەبێبایەخیو کوشــتنی گۆڕانــکاریو ئیرادەو دنیابینییــە جیاوازەکان، روبەرێك لێوانلێو لەکۆنخوازی، بەڵام خاڵــی لەگۆڕانکاری نوێو وەرچەرخانی فەرهەنگیو گەشەی شارستانی.

دەســەڵاتی مردو، داگیرکارێکی راســتەقینەی سەرلەبەری ســەرچاوە ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتیو رۆشــنبیرییەکانە، دەسەڵاتێکە تاسەرئێســك گەندەڵو ناعادیلو تاڵانخۆرو وێرانکارە، بێ ئەندازە کار لەسەر خامۆشکردنی کۆمەڵگەو ناشرینکردنی نیشتیمان دەکات، هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ژیانی هاوڵاتیانو رۆژنامەنوسو رۆشنبیران، هێزێکی مردوە بۆ گفتوگۆو دنیابینی نوێ، بەڵام هێزێکی کوشندەیە بۆ کوشتنی جیاوازیو نارەزاییەکان.

دواجار کۆمەڵگەی زیندو هێزێکی شارســتانییە بۆ لێپێچینــەوە لەدیکتاتۆرو گەندەڵکارو نائینســانەکان، ئەو دەسەڵاتە وەحشــیگەرانەی کە روبەڕوی ئەو هێزە شارستانیە دەبنەوە مەرگی خۆیان خێراتر دەکەن. [٢٧]

---

[٢٧] ئاسۆ جەبار، کۆمەڵگەی زیندو، دەسەڵاتی مردو، سایتی سبەی، ٢٠١١/٣/١٥ /
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34809&cat=1

## تووڕەیی ماڵیی ناکرێ
## کاوە محەمەد



سەیرم پێ دێت کە دەوترێ لەدوای (١٩)ی نیسانەوە ئیتر دۆخی سلێمانی ئاسایی بۆتەوە ! ئاخر ئەوە کەی ئاساییکردنەوەیە کە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتو خەڵك لەسەر بنەمای ترس بنیاتنرابێت ؟..ئەوەش جێگەی پرسیارە کە بۆچی هاتنەناوەوەی سوپا نە لەتونسو نە لەمیسر بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران نەبوو، بەڵکو ئەو هێزەی بەرەنگاری خۆپیشاندەران دەبۆوەو سەرکوتی دەکردن، هێزەکانی پۆلیسو ئەمنی تایبەت بوون، بەڵام سوپا کە رژایە سەر جادە، دڵنیایی بەخەڵك بەخشی نەك دڵەڕاوکێ. چونکە بوونە پارێزەری خۆپیشاندەرانو موڵكو ماڵی گشتی. رەنگە دیمەنی ئەو گەنجانەی بەسەر پشتی دەبابەوە دروشمی (یسقگو ارحل)یان بەرزکردبۆوە، باشترین تەعبیر بێت لەو رۆڵەی سوپا. کەچی لای خۆمان دیمەنێکی دیکەمان بینی، چونکە ئەرکی بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران بەهێزی پێشمەرگە سپێردرا، نەك پاراستنیان. ئەگەر پاساوی ئەو بڕیارە، بەرگرتن لەتوندوتیژیی بووبێت –کە لەڕاستیدا خاڵی هەرەلاوازی خۆپیشاندانەکان بوو– بەڵام خۆ لەمیسرو تونس زۆر زیاتر لەوەی لای خۆمان توندوتیژیی بەرامبەر پۆلیسو دامەزراوە گشتییەکان ئەنجامدرا..هەر لەمیسر زۆربەی بارەگاکانی حزبی وەتەنیی دەسەڵاتدار سووتێنران، بەڵام سوپا بەگیانی کاردانەوە مامەڵەی لەگەڵ خۆپیشاندەران نەکرد، بەڵکو بەگیانی پیشەیی هەڵسوکەوتی کردو خۆپیشاندەرانی لەزەبروزەنگی دەسەڵات پاراستو دامەزراوەکانی دەوڵەتیشی لەتووڕەییو توندڕەویی خۆپیشاندەران بەدوورگرت. نامەوێ بۆ دۆخی هەرێمی کوردستان ئایدیالانە بیر بکەمەوەو پێموابێت دەتوانرێ رێگە لەهەموو جۆرە توندوتیژییەك بگیرێ، بەڵێ دەبێ ئەوە بەئاسایی وەربگرین کە چەند خۆپیشاندەرێك دەستگیربکرێن، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەوانە ئەشکەنجەی جەستەییو دەروونی نەدرێن، چەك بەتەواوی لەمەیدانەکان دووربخرێتەوە، بۆئەوەی هیچ کوشتارێك نەکەوێتەوە، چونکە کە چەکبەدەست ئامادە بوو، ئیتر لەکاتی تووڕەیی یان شپرزەیی-دا، رەنگە ئەو چەکانە بتەقێنرێنو قوربانییان لێ بکەوێتەوە.

بۆیە پێموایە ئەو هێزانەی هێنرانە ناو شاری سلێمانیو دەوروبەری، توانی دیمەنی شەقامو بازاڕەکان لەقەرەباڵغیی فرەرەنگیی خۆپیشاندەران-ەوە بگۆڕێ بۆ قەرەباڵغیی یەکڕەنگیی سەربازیی، بەڵام نەیتوانی ئەو قۆناغە کۆتایی پێ بهێنێت کە لە (١٧)ی

شـــوبات-ەوە دەســـتیپێکرد، چونکە هۆکارەکان وەکخۆیان مـــاونو تووڕەییو بێزاریی (٦٢) رۆژی خۆپیشاندانەکانیشیان هاتۆتە سەر. ئێستا راستە خەڵك گەڕێنراونەتەوە ماڵەکانیان، بەڵام تووڕەییەکانیان لەشـــەقامو کۆڵانەکاندا هەر ماونو بەردەوام مەجلیســـەکان گەرم دەکـــەن، چونکە تووڕەیی ماڵی ناکرێ، زەمەنیش نە لەبیری دەباتەوە، نە لەســـەر رێگەکە دووریدەخاتەوە، بەڵکو تووشی هەڵئاوســـانی دەکاتو بەرەو تەقینەوەی دەبات. لەبەرئەوە، ئاســـاییکردنەوە بە پڕکردنی شـــەقامەکان بەهێزی چەکـــدارو ئاوەدانکردنەوەی ماڵەکان بەکەسانی تووڕەو راونراو ناکرێ، چونکە لەئەساسدا تووڕەیی ماڵی نییەو زیندانیی ناکرێ، بەڵکو بـــەوە دەکرێ کە بەگژ هۆکارەکانـــی-دا بچیتەوەو چارەســـەریان بکەیت، بۆئەوەی ماڵەکان پـــڕ بکرێن لەقەناعەتو رێز، نەك تووڕەییو ناچاریی، ئەوســـاش دەتوانین بڵێین لەدۆخێکی ئاسایی-دا دەژین کە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتو خەڵك لەسەر بنەمای متمانەو خزمەتکردنی مرۆڤو نیشتمان دابڕێژینەوە، نەك لەسەر بنەمای ترسو بێ متمانەیی. [٢٨]

[٢٨] کاوە محەمەد، تووڕەیی ماڵیی ناکرێ، هەفتەنامەی (ئاوێنە)، گۆشـــەی پەنجەرە، ژمارە (٢٧٣)ی رۆژی ٢٠١١/٥/٣.

## بۆ خۆ پیشاندەرانی ئازادیخوازی سەرای سلێمانی

### مایکڵ رۆبن
### لێکۆڵەری هەرێمی لەپەیمانگای ئینتر پرایزی ئەمەریکی



هەر نەتەوەیەكو كوردیش لە گەڵیاندا خەباتیان كردووە بۆ ئازادیو سەربەستی، كوردەكانیش زیاتر لە هەر نەتەوەیەكی تر زۆر دڵنیان لەوەی ناتوانن ئازادیان پێببەخشرێت لەبەرئەوەی چەندەها كەس هەن لە دەرەوەو ناوەی كوردستان دەیانەێت ئەو مافەیان لێبستێننەوە دراوسێكانی كوردیش وەكو ئێرانو توركیاو سوریا دەیانەوێت حەزو خەونەكانی ئێوە تێك بشكێنن هەرلەبەر رووحی رەگەز پەرستیانو ترسی ئەوان لەوەی كە كوردەكانی عێراق چۆن توانیان سەر بكەون. بەڵام سەد مەخابن كە حەزو ئاواتەكانی ئێوە خیانەتی پێكدەكرێت لەلایەن ناوخۆی كوردستانو سەركردەو وەزیرە كوردەكانەوە كە هەوڵیان پارەوە دەسەڵاتەنەدیموكراسیو دادپەروەریو ئازادی.

سەركردەی راستەقینە دەبێت وەڵامی خەڵك بداتەوە، هەردوو سەرۆكەكانی میسرو تونس، موبارەكو بن عەلی باوەریان وابوو كە توانیویانە وەڵامی هاوڵاتیانی خۆیان بدەنەوە، هەردووكیان بانگەشەی دیموكراسیان دەكرد، بەڵام هەڵبژاردنەكانیان ساختەدەكردو هێزە شەخسیە ئەمنیەكانی خۆیان بەكار دەهێنا بۆ هەڕەشەو تۆقاندنی دەنگدەران. وایان پێشانی دیپلۆماتانی دنیا دەدا كە هەرێمەكانیان ئاسایش تیایاندا بەر قەرارە. وە بۆماوەیەكی زۆریش دیپلۆماتو سیاسەت مەدارانی دنیا هەستیان بەوە نەكرد كە ئەو ئەمنو ئاسایشەی ئەوان باسی دەكەن تەنها بۆ خۆیانو شوێن كەوتوانو خێزانەكانیانە. ئەوەی سەركردەكانی تونسو میسر كردیان خەڵك ئەنجامەكەی گۆری. كەچی لێرە سەرۆكی هەریمو دەسەڵاتدران دەنگی ئێوەیان پەراوێز خستووە. لە كاتێكدا چەندەها كەس بە ئەمەریكاو ئەوروپاشەوە گوێبیستی دەنگی ئێوەن. چەندەها ماڵپەرو رۆژنامەی ئەوروپیو ئەمەریكی ئەم مەسەلەیەی ئێوەی باسكردووەو وە نارەزاییەكانی ئێوە لەو شوێنانەوە پشتگوێنەخراوە.

جەماوەری سەربەرزی سەرای ئازادی،ولایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا پێویستە لە دەسەڵاتدارنی ئێوە زۆر تورە بن لە كاتێكدا هێزەكانی ئەمەریكا یارمەتی كوردستانی ئازدیاندا لە ٢٠٠٣ دا،ئیمە ئەمەمان كرد بۆ دەستەبەركردنی حوكمی یاساو دادپەروەری، ئیمە ملیارەها دۆلارو چوار هەزار قوربانی ئەمەریكیمان بۆئەوە نەدا بۆ ئەوەی سەركردەكانو وەزیری نەوت دەوڵەمەند بكەین. ئیمە ئەمەمان بۆ ئەوە نەكرد كە لەجێگەی سەدام بەچكە

سەددام دروست ببن‌و لە جێگەی عوودەی بە چکە عوودەو لە جێگەی قوصەی بەچکە قوصەی دروست بکەین.

حوکمی یاسا مانای ئەوە نیە کە سەردەشت عسمانی رۆژنامە نووس لە ناوەراستی شار بفرێنرێت یان تەقەی کوێرانە لە هاولاتیان بکرێت‌و مێردمنالانی ١٤ بکوژن. ئەوانەی ئەمری تەقەکردنیانداوە پێوستە بدرێنە دادگا، پێویستە لە دادگا سزای تاوانەکانیان وەرگرن‌و ژیانیان لە زیندانداا بەسەر بەرن. جا ئەمانە سەر بە هەر کەسێك بن.

جەماوەری ئازادی سەرای سلێمانی مەترسن لەوەی ئەوانە گرین کاردو جنسیەی ئەمەریکیشیان هەبێت ئەمە مانای ئەوە نیە ئەوان بتوانن لە یاسا هەڵبێن‌و بەلام کوردەکان دەتوانن پەلکێشی دادگای ئەمەریکا شیان بکەن. ئێوە نەوەی بە گژاچونەوەی ئەو کەسانەن کە دژی ئازادی شەردەکەن. وە خەباتی ئێوە زۆر گرنگە، لە کاتێکدا باوەشتان کردووە بە هێزی ناتوندوتیژیتان‌و هەست بە گرنگی ئەو ململانێە دەکەن کە هەڵتانگرتووە. وە ئەوەی جێگەی داخە دەسەلاتدارانی کوردستان بە توندو تیژی وەلامی ئێوەیان دایەوە وە خەفەت بۆ ئەوە دەخۆن کە دۆلارەکانیان لە دەست دەچێت بەهۆی ئەم حاڵەوە. وە خەفەت بۆ ئەوە دەخۆن کە کورەکانیان لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان خەفەت بخۆن بۆ ئەم حاڵە بەلام بێباکن بەوەی رۆڵەی کورد ئاوی پاك بخۆنەوەو ٢٤ کاتژمێر کارەبایان هەبێت. ئەمەش پەیوەندی بە خزمەتی هاولاتیانەوەیە نەك پەیوەندی سیاسی کە ئەوان باسی دەکەن.

بەرێزان سەرکەوتن ئاسان نیە، سیاسەت مەدارانی کورد هەموو بەڵێنێك دەڵێن‌و دەدەن بۆ ئەوەی ئێوە برۆنە ماڵەوە، بەلام قسە هەزارەو دووانی بەکارە. هەندێك لە سیاسەت مەدارانی کورد خۆیان بە ریفۆرم خواز دەزانن بەلام تاکو ئێستا ئەمەیان بە کردار پێنەکراوە وە دەبێت پێمان بڵین کە ی وتەو بەڵێنەکانیان دەکەن بە کردار . ئەوانەی لە دەسەلاتدان‌و بانگەشەی چاکسازی دەکەن دەبێت بە زوویی بریاربدەن کە لەگەڵ ئەم دەسەلاتە گەندەڵە دەبن یان شەرەفی هاتنە ناو سەرای ئازادی بەخۆیان دەبەخشن‌و دێنە ناو ریزی جەماوەرەوە لەسەرای ئازادی.

سلێمانی هەمیشە شاری شۆرش‌و بەر خوودان بووە وە ئەم خەباتەی ئێوە فراوان دەبێت‌و خەڵکی هەولێرو تەنانەت دهۆکی دەلالیش شەیدای ئەو ئازادیەن کە ئێوە داوای دەکەن وە هەر بەزوویی ئەوانە دەخەن بەلاوە کە بە هەرەشەو تۆقاندن ئەو حەزەیان سەرکووت دەکات.تاکە بێتاقەتیم ئەوەیە کە ئێستا من لەدەرەوەی ئەمەریکام‌و هەر بۆیە نەم توانی بێم لەناوتان بم‌و ئەو نامەیە بخوێنمەوە، بەلام زۆر لەنزیکەوە ئاگام لێتانە کە چی دەکەن لە سەرای ئازادی بە رووحی خۆتان‌و پشت بەستن بە رەحمی پەروەردگار. وە سەردانی داهاتووی من بۆ کوردستانێکی ئازاد دەبێت ئەو کاتەی دەبینم دادپەروەری چۆك بە دەسەلاتی رەهادا دێنێت. [٢٩]

[٢٩] مایکڵ رۆبن/ بۆ خۆپیشاندەرانی ئازادیخوازی سەرای سلێمانی، سایتی لڤین، ٢٠١١/٤/٤/
http://www.lvinpress.com/newdesign/DrejeB.aspx?Jimare=470

## دەوارەکانی ئازادی
## نەبەز گۆران



هەرچۆن موبارەك بەحوشترەوە بەرەنگاری خۆپیشاندەرانو شەپۆلی فەیسبوکی دەکرد، حیزبە کوردیەکانیش بەهێزە چەکدارکانیانو بەهێزە دەمامکدارەکانیان بەرەنگاری ئەو شەپۆلی تورەبونە دەکەن، لەسنووری قەڵەم رەوی بارزانیو حیزبەکەی بە هەموو شێوەیەك ئازادی قەدەغەیە. ترسناکتیرن وشە لە هەرێمە زەردەکەی پارتی وشەی دیموکراسیو ئازادیە، تەنانەت بۆ کەسیش نیە بەگروپ بچنەوە بۆماڵو لەسەرشەقامەکان بوەستن، هەر قوژبنێكو سیخورێك، چەکدارێك، چاوێکی حیزبی ئامادەیی هەیە بۆئەوەی رێگە نەدەن کەس باسی ئازادیو مافەکانی خۆی بکات، بۆیە بارزانی هەرچی بڵێیت لەسەر ئازادی کەس گوێی لێناگرێت، چونکە قسەکانی ئەو ماهیەتی خۆیو حیزبەکەی هەرگیز یەك ناگرنەوەو قەتیش روینەداوە لەسەرەتای دروست بوونی حیزبەکەیەوە تا ئەم چرکەساتە بۆجارێکیش باوەڕی بەئازادی خەڵك هەبێت، جگەلەمەش بەوەناسراوە ئەوەی دەیڵێیت نەخۆی جێبەجێیدەکات نەحیزبەکەی، بۆیە کاتێك باس لەوەدەکات «٥٠» هەزار کەس داوای دەست لەکارکێشانەوەی بکەن دەست لەکاردەکێشێتەوە، ئێستە بەس لەدەوروبەری مەیدانی ئازادیو حەوشەی زانکۆیەك رێژەکە دوو هێندەیە بۆدەست لەکارکێشانەوەی، ئەی بۆ قسەکەی خۆی ناباتە سەرو دەست لەکاربکێشێتەوە لەکاتێکدا میلەت ئەوی قبوڵ نیە، گەرباوەریش ناکات بەوە با زەحمەت بکێشێت هێزەکانی لەناو هەولێر بکێشێتەوەو هەڕەشە نەکەن لەخەڵك، جادەزانێت لە هەولێر چی رودەدات؟

دەزانێت خەڵك ئەو حیزبەکەی قبوڵە یان نا. مرۆڤ کاتێك ئەمانە دەبینێت بونەتە گۆبڵز شەرم دەکات لەخۆی چۆن لە هەرێمێکی وا ژیاوە کە ئەم ستەمکارانە سەرپەرشتیان کردوە، بالەوە گەڕێین کە پارتی بەردەوام وەك خۆی کە پلەیەکی بەرزترە لە بەعس مامەڵە لەگەڵ ئازادی دەکات، ئەی یەکێتی چی کەمترە لەو؟ بۆچی یەکێتی کوڕی خەڵك دەکوژێت لەسەر بارەگایەکی حیزبە هاوپەیمانەکەی؟ بۆچی هێزەکانی یەکێتی شەوکوتی دەکەن؟ دەمامك لەکێ دەپۆشن ئەی ئەو هێزانەی جورئەتان نیە بستەخاکێکی ئەم وڵاتە بگەڕێنەوە سەر نیشتیمان، بەڵام بۆ هاوڵاتیە بێ چەکەکانی خۆتان کوتەك بەکاردەهێنن، ئێوە دەتوانن هەموو شەو بێنە سەر دەوارەکانی مەیدانی ئازادیو بیان سوتێنن، بەڵام هەرگیز غیرەتی ئەوەتان نیە بۆجارێك بچنە خوار کەرکوكو کۆنە بەعسیەکی بەدەستی

خۆتان عەفوکراو دەربکەن، ئێوە دەتوانن شـــەوان هەڵکوتنە سەر گەنجەکانی وڵات، وەلێ بۆتان ناکرێت جارێك سەیری پیاوەتی خۆتان بکەنو تا حەمرین بڕۆن.

گەرپێتـــان وابێت ئەوە دەســـتکەوتە بچنەســـەر گەنجانی ناڕاز، ئێمـــەش پێیتان دەڵێین بەراستی شەرمە ئێوە کوردبن، خەیمەکان بسوتێنن، گەنجەکان بدەنە بەرکوتەك، راویانێن بەکۆڵانەکاندا، هەر ئەو رۆژەی بارزانیو تاڵەبانی کۆبونەوە ئەمانزانی ئاژاوەیەك رودەکاتە ئەم وڵاتە، چونکە ئەو دووانە کاتێك کۆدەبنەوە یا شـــتێك بشێوێنن یان شتێك دابەشکەن بەســـەر خۆیاندا، ئەوانە دەمێکە ئەو کارانە دەکەنو دەمێکیشـــە بـــۆ ئێمە رون بونەتەوە سیفەتی سەرکردایەتی کردنیان قابیل نیەو دوور یان نزیك دەبێت بە ئیرادەی خەڵك دوور بکەونەو هەقی خۆیان وەربگرن.

هێزەکانتان بەدەمامکەوە مەنێرنە ســـەرگەنجەکان، چونکە باش دەتان ناسینو دەزانین ماهیەتـــی ئێـــوە چیە، ئێوە نەبوون تەقەتـــان لەمناڵان کـــرد، منداڵکوژەکانی حیزب، ئێوە نەبـــوون بەعەقڵی کێویانـــەی خۆتانەوە لەبەر باڵەخانەیەکی حیزبی گەنجی شـــارەکانتان کوشـــت، ئێوە نەبوون لەغیابی عەقڵدا چەکەکانتان روکردە هاونیشـــتیمانیەکان، گەر ئەو چەکانە بۆکوردن خەیرە شـــەهامەتی ئەوەتان نیە روبـــەروی دوژمنەکانی بکەنەوە، چیتان پێکرا کرتان، تادزی هەبوو دزیتان، تا کوشـــتن هەبوو کوشـــتان، تاخیانەت هەبوو کرتان، تا دەســـتدرێژی هەبوو کردتان، ئەوەی ماوەتەوە بیکەن ئەوەیە کە دەبێت دادگای بکرێنو هەرچـــی خراپەیەکتان کردبێت باجەکەی بدەن، من دڵنیام ئەو گەنجانە رۆژێك نەخشـــی سیاســـی ئەم هەرێمە دەگۆڕن، دڵنیاشـــم یەك بەیەك پشـــتی ملتان دەگرنو باجەکەتان لێوەردەگرنەوە، ئیتر دەمامك ببەســـتن یان نا، خۆتان بشارنەوە یان نا، روونە ئێوە لەکوێوە دێنو کێن، کەس نەتان ناسێت ئەو گەنجانە ئەتان ناسن سەر بەچ عەقڵێکی کێوین، هیچ نەبێت بەرپرسەکانتان دەناســـرێنو رۆژی ئەوەش دێت باجەکەی بدەن، چ لێرە بیدەن یان لەدەرەوەی وڵات ئەو باجە هەر دەدرێت.

نەحوشـــترەکانی موبارەك رێگەی بەم شـــەپۆلە گرت نە چەکدارو دەمامکەکانی ئێوەش رێگـــەی لێدەگرێت. هەڵیش مەکتونە ســـەرخەیمەو دەواری ئازادی ئەم وڵاتە، بالەوە زیاتر توڕەبوون دەست پێنەکات، ئەگەر بەنیازن توڕەبوون دەست پێبکات ئەوەی پێش خەیمەکان تـــارو ماردەکرێت ماڵەکانی ئێوەیە پیاوانی دەســـەڵات، دەتوانین پێیتـــان بڵێین بەرلەوەی روبداتو ماڵەکانتان وەك خەیمەکانی بەردەرکی ســـەرا بســـوتێن هۆش بکەنەوە بەبەری خۆتاندا. ئەگینا کە پەرچەکردار دەستی پێکرد هیچ نامێنێتو خۆتانو تەلارەکانیشتان تارو مار دەبن.[٣٠]

[٣٠] نەبەز گۆران، دەوارەکانی ئازادی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٣/٦ /
http://www.sbeiy.com/ku/article_detail.aspx?ArticleID=4246&AuthorID=264

## تفەنگەکان نانون
## هەردی مەهدی میکە



«لە کوێ خۆم بشارمەوە/ ئایندەیەك بە شمشێرێکەوە دوامکەوتوە». لەتیف هەڵمەت

ئێوارەی ٢/١٧ ئێوارەی حەپەسانبو، نەك لەبەرئەوەی خەڵك پەلاماری بارەگای حیزبی دەسەڵاتدار دەدات، نا چونکە ئەوە هەزاربارەیە لەم رۆژهەڵاتەدا. نا بەڵکو حەپەسان لەوەدابو لەماوەی (١٠)خولەکدا ئەو بەرەنگاریە «بێوێنە«یەی لقی چوار بو بەرامبەر نەوەی دوەمی دوای راپەڕینو دەستبەجێ توانی ٥٨ بریندارو کوژراوێك لە بەردەم بارەگا «پیرۆزە«کەیدا خەڵتانی خوێنبکات، لەکاتێکدا هەر ئەم لقی چوارە لەساڵی ١٩٩٤ داو لە گەرمەی بەرەنگاربونەوەی لەگەڵ براکانی ئەمڕۆو «دوژمنەکان»ی ئەوسادا نەیتوانی دە خولەك بەرەنگاری بکاتو بارەگایان سپاردە «دوژمن»و ئاژاوەکەیان بەرەو هەڵەبجە راپێچکرد، هەر ئەمەش بوە هۆکاری ئەوەی دواتر بە بارەگاکەیان دەوترا «عشرە دقائق». ئەمڕۆ کە بەراورد دەکەین راستیەکەی دەبو ئەوسا بەرگری بکردایەو دوێنێ بارەگاکەی چۆڵکردایە نەك بە پێچەوانەوە، ئاخر ئەوەیە وەڵامە دەرەنگوەختەکانی حیزب، ئەترسین وڵامی چاکسازیش کاتێك بدەنەوە ئیتر خەڵك تەنها دیداریانی نەوێت.

لەم نیشتمانەدا نەوەیەکی ماندوی جەنگەکان هەیە هەمیشە بیر لەوەدەکاتەوە «کەی بێت بە ئاسودەیی پشتکەینە یادەوەریەکانی جەنگو ئیتر کاتی ئەو گۆرانیانە بێت کە هەمومان کۆدەکەنەوە«، بۆنمونە بەیانیەك ئارامی ئەم نیشتمانە تەبابێت لەگەڵ گۆرانی «واوەتەن خەمڵیوەوەك گوڵ نەوبەهاری میللەتە.». نەك ئەوەی بە خوێن بخەمڵێت!

بەڵام ئەفسوس ئامادەگی بەرەنگاری بێپاساوی حیزبە چەکدارەکان هێندە مەترسیدارە، هیچکات ئەو بوارەنادەن دەرونی ئاڵۆزی ئەو نەوەیە هێوربێتەوە، لە ٢/١٧وە رونبدەبێتەوە، ئەوەی حزوری هەیە گۆرانیەکانی «بارکەن برۆن، بۆ پێشەوە پێشمانکەوە..».و ئیرادەی چەکە. دەمێکە ئەم نیشتمانە عەقڵیەتی پشت تفەنگەکانی رێگەنادەن مناڵەکانی ساتێك بنون.

پرسیاری جدی لەو ئێوارەیەدا ئەوەیە چیە وا بینای لق هێندە موقەدەسە، پاسەوانەکانی ئامادەن ئەو بەرەنگاریەی لێبکەن؟ دیارە ئەوەی داینەمۆی بیرکردنەوەی حیزبە چەکبەدەستەکانە پاراستنی ژورە تاریکەکانیانە نەك خوێنی مرۆڤ، لە کاتێکدا «خودا

پێیخۆشه حەوتجار کەعبە بڕوخێنیتو مرۆڤێك نەکوژیت» تۆ بڵێیت بارەگای حیزبێك لە لە پەرستگا موقەدەستر بێت!

لەم ساتەدا لەبەرئەوەی کە خوێنو پەلاماری خەڵك بەدەستی هێزێکەوە دەبینرێت کە خۆی بە هەڵبژێردراوی سەر سندوقەکانی دەنگدان دەزانێت، ئیتر کاتی پاساوهێنانەوە بۆ روداوەکە ئاوادەبێت، «وەك ئەوەی زۆرێك لە قەڵەمبەدەستانو میدیایەکی چەواشەکار خەریکە« بوترێت: «خۆپیشاندەر بە دروشمو بەرد ستەمی لە دیوارە بێگیانەکان کردوە«. نا ئەوەی حەرامەو نابێت بەرامبەری بێدەنگبین حەرامی رژانی خوێنە، ئەو ئێوارەیەو دوریش نیە سەدان ئێوارەی دی بڕژێتەوە. ئەمەیە پاساوی نیە، چونکە لێرەوە ئیتر هەمو رێگەیەك چەکبەدەستەکانو پێشمەرگەی جاران ناباتەوە بانە، چیتر خەڵکی بێدەرەتانو مرۆڤی ناوبارەگا چەکدارەکان رێگایان یەك نیە.

لە خراپترینی حاڵەتدا وادابنێین خەڵکویستویەتی بچێتە ناوبارەگای لقەکەوە، لەمکاتەدا گەر مرۆڤەکانی ئەو بینایە ئامادەگیان بۆ جەنگ بەهێزتر نەبوایە لە ئاشتی، ئەوا خوێنڕشتنیان بەلاوە لە هەمو شتێك سەختتردەبو، چۆڵیاندەکردو دەیانخستە ئەستۆی ئاسایشو هێزەکانی چالاکی مەدەنیەوە، کە دەمێك ساڵە نانو موچەی ئەوە دەخۆن خۆپیشاندانێکی لەوشێوەیە بکرێتو بەرگری لێبکەن، ئەی لەکوێنو بۆ بەرپرسیارتان نەکردن؟ کوشندەییەکە هێندە کەڵکەڵەی روبەڕوبونەوەی چەکداری ئامادەگی هەیە ئەوەندە بیرلەوەناکەنەوە کە تەنانەت «سوپای داپڵۆسێنەرەکانی تونسو میسریش پەلاماری ئەو خۆپیشاندەرانە نادەن کە دەڵێن: تەنها دەبێت بڕۆیت»، خۆ هێشتا ئەمەیان بە ئێوە نەوتبو؟! بۆواتانکرد؟!

خاڵێکیتر ئەوەیە جیا لەوەی بارەگا هەرگیز موقەدەس نیە، ئەوەیە بۆ دەبێت بارەگاکان چەکداربن! بانگەشەی دیموکراسیەتو سەروەری یاساو بەهێزی پۆلیسو ئاسایش کە گوێی کەڕ کردوین گەر راستە، ئەم ترسە بۆ؟ چۆن ئیتر بە خەڵك دەڵێن چەکەکانتان دابنێن لەم نیشتمانەدا یاسا سەروەرە! ئەمە بێمتمانەییە تا دواسنور. لە کاتێکیشدا هێشتا پارتیو یەکێتی لە خەڵك دەترسن، ئیتر چۆن دەتوانن بڵێین هەڵبژێردراوین؟ ئاخر هێزی هەڵبژێردراو خەڵك بەرگری لێدەکات نەك چەکەکانی رو لە خەڵك بنو بەرامبەر دوژمنەکانی ١٠ خولەك بەرەنگاریان نەبێت. [٣١]

[٣١] هەردی مەهدی میکە، تفەنگەکان نانون، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢٥/
http://www.sbeiy.com/article_detail.aspx?ArticleID=4160&AuthorID=810

## گەلان خوازیارن سیستمێك ئاوا بكەن

### د. یاسین سەردەشتیی



ئاشکرایە ئەمڕۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو هەمو ئەو وڵاتانەی دەیان ساڵە سیستمی ستەمکارو گەندەڵکارو دژ بە مافی مرۆڤی تێدا سەپێنراوە، وەك حەتمییەتی مێژویی دیموکراتیزەبون کەوتونەتە بەر باهۆزو شەپۆلێکی گۆڕانکاریی گەورە، گۆڕانکارییەك، داینەمۆکەی نەوەیەکی نوێیەو خولیای بنیاتنانی سیستمێکی هاوچەرخی هەیە کە پایەکانی ئازادیی، دادپەروەریی‌و مافی مرۆڤە، ئەو نەوەیەی کە لە ئاکامی جیهانگیریی‌و تەکنەلۆژیای هاوچەرخدا چیدی وەك نەوەکانی پێشو ئەسیری کەلتورێکی ملکەچیی‌و جەبرییەتی دەستبەرداربونی مافە سیاسیی‌و کۆمەڵایەتییەکانی نییەو لەسۆنگەی بارگاویی بونی بە کەلتوریی جیهانی دیموکراسیی‌و ئازادەوە خرۆشاوەو کەوتۆتە خۆ لەپێناو وەرچەرخانو قەڵەمبازێکی مێژوییداو خوازیارە کۆتایی بە قۆناغێکی داڕزاو لە بونی تەرزە سیستمێکی سیاسیی‌و کۆمەڵایەتیی ستۆك‌و ئێکسپایەر بهێنێت کە بناغەکەی لەسەر زۆرداریی، جەردەسالاریی‌و چەواشەکاریی دامەزراوەو دەیەوێت سیتمێکی نوێ‌و ئاوا بکاتو پەردە لەسەر قۆناغێکی مێژویی نوێ هەڵبداتەوە.

ئەوەی لەگوڕێدایە تەنیا راپەڕینێکی رەمەکیی‌و شۆڕشێکی خۆجێی سونەتیی داخراو نییە، بەڵکو وەرچەرخانێکی جیهانیی هاوچەرخەو فاکتەرەکانی قوڵاییەکی مێژوییان هەیە. ئەوەی دەستپێکردنی وەك هەر روداوێکی تری مێژویی لەئاکامی هۆکارێکی راستەوخۆ هاتەکایەوە کە خۆسوتاندنی (محەمەد بوعزیزی) تونسیی بو وەك نارەزایەتییەك دژی ئەو زللەیەی لەلایەن (پۆلیس) ێکەوە لێیدرا، ئەو زللەیەی جیهانێکی گرتێبەردا، نەك هەربوە هۆی راپەڕاندنی نەوەی نوێ‌و راونانی سەرۆکە دیکتاتۆرە پاوانخوازە ستەمکارەکەی تونس، بەڵکو بوە سەرەتای وەرچەرخانێکی مێژویی لە ناوچەکە بەتایبەتو لە جیهانیش بەگشتیی. ئەو شەپۆلی وەرچەرخانەی بەخێرایی پەڕییەوە بۆ میسرو سەرۆکە سکرابە ملەوڕەکەی ئەوێشی راماڵیی‌و ئێستا روی لە لیبیاو یەمەن‌و ئێرانو بەحرەین‌و ئەرمینیاو چین کردوەو هاکە لەو وڵاتانەش سیستمە ستەمکارو جەردەسالارەکانی لە ریشەوە گۆڕیی‌و سیمبولەکانی خستنە زبڵدانی مێژوەوە.

روداوەکانی ئەم وەرچەرخانە مێژوییە، ئەو نیفاق‌و دوڕوییە مەزنەمان پێشاندەدات کە بناغەی ئەو سیستمە ستەمکارو جەردەسالارە دژبەمرۆڤانەیان لەسەر دامەزراوە، ئەوانەی تێکڕا سەرۆکەکانیان بەناوی جەنگاوەربون‌و منەتی شۆڕشگێربونیانەوەو هەروەها بەناوی

زۆرینەبونیانو هەڵبژاردنە پڕساختەکارییە رواڵەتییەکانەوە. بۆ ماوەی چەندین ساڵ کورسی دەســەڵاتیان پاوانکردبــوو بەگرتنەبەری هەمــو جۆرە پیلانو ملهوڕیــیو لەڕێگەی بنەمای (تەرهیبو تەرغیب)وە بە دەستبەســەرداگرتنی دەســەڵات، هێزە ئەمنیــیو چەکدارەکانو سامانو دارایی وڵاتەوە ئیغتیسابی دەوڵەتو کۆمەڵگایان کردوە. کێ لە ئێمە تا سەرکەوتنی وەرچەرخانەکەی تونس دەیزانی کە خانمی یەکەمی ئەو وڵاتە بەو ناسکیو رێکپۆشییەوە چ دڕندەو مەزنە مافیایەکی بێویژدانە؟! کێ دەیزانی زەین ئەلعابدین کە ناوەکەی مانای (جوانیی) دەبەخشێت، هێندە ستەمکارو ناشرینو نائینسانە؟! کێ بەتەواویی ئەوەی لا حەقیقەت بو کە حوسنی موبارەك، ئەوەی ئیدعای چەقاندنی ئاڵای میسری لە سینا دەکرد لە شەڕی عەرەب-ئیسرائیلی ساڵی ١٩٦٧و دەیویست بەو ئیدعا پوچانە رێگە لە وەرچەرخانەکەی میسر بگرێت، مەزنە دزێکی ئەوەندە ناجسنو ناموبارەکەو ٧٠ ملیار دۆلاری لە پارەو قوتی دزاروی میسرییە هــەژارەکان لە بانکەکانی سویســرا بۆخۆی مۆڵداوە؟! کێ ئــەوەی چاوەڕواندەکرد،موعەمەر قەزافی کە خۆی بە شێخی شۆڕشگێڕانو دۆستو پاڵپشتی گەلانی چەوساوە دادەنا،کە دەشێت هەر لەبەر ئەوەش لە کوردستانی خۆمان باخێکیان بەناوەوە کردوە! ئەوەندە کورسیپەرستو خوێنڕێژو مرۆڤکوژبێت، بە ساروخو فڕوکەوکۆپتەر بۆردومانی نارەزایەتییە مەدەنییەکان بکات، ئەو ســەرۆکە شێتەی نەك هەر بۆ پاراستنی کورســییەکەی ژێری کە ٤٢ ساڵە بەزۆرداریی قۆرغی کردوە، خێڵەکانی لیبیای بەرداوەتە گیانی یەکتر، بەڵکو بە دەستە ئەڵقەلەگوێو باندە پیاوکوژە تەوروەشــێنەکانی خۆی وازی نەهێناوەو چەندین دەستەی پیاوکوژی بەکرێگیراوی ئەفەریقایی هاوردەکردوە تاوەکو مانەوەی زیاتری لەســەر (کورسی شەرمەزاریی) مسۆگەر بــکات. ئەوەی جێگای تێڕامانە، ئەم ســەرۆکە ســکرابانە،چەندە ماوەی مانەوەیان لەســەر کورسییەکانیانو قۆرغکاریی دەسەڵاتو تەمەنی گەندەڵکارییان درێژتر بێت، هێندە پوچەڵترو بۆگەنتر دەبنو وەحشییتر بەرخورد لەگەڵ داواکاریی بەحەقی گەلەکانیان دەکەنو بەگژیاندا دەچنەوە. هەمو ئەم ســەرۆکانەی کە نە زانستی سیاسەتو نە هونەری کارگێڕیی دەفامنو نە رۆژێکیش بیریان لە بەرژەوەندیی گشــتیی کۆمەڵانی خەڵك کردۆتەوە، بەڵکو جەنگاوەری کودەتاچییو تفەنگچیی ملهوڕی خۆلێســەرەوەنو ئیغتیســابی دەوڵەتو کۆمەڵگایان کردوەو بونەتە دڕندەیەکی خوێنڕێژ، چونکە خەتەرناکترین شت ئەوەیە کەسانێك بەسەر دەسەڵاتو دەوڵەتدا کەوتبنو بواری سیاســەتو ئابوریی قۆرغبکەن کە نە لەڕوی زانســتییو نە لەڕوی مۆراڵییو ئینسانییەوە پەروەردەنەکرابن.

ســەبارەت بە کوردستانەکەی خۆمان، زۆر وترا کە لەســایەی (حیکمەتی) سەرۆکایەتییو دەســەڵاتە (نیشــتیمانییەکەی) دا، چاوەڕواندەکرێت زۆر دوربێت لەو باهۆزی گۆڕانکارییەی تێکڕای ناوچەکەی گرتۆتەوە. دورنیە ئەوانەی وایان دەوت بارودۆخی ئەڵمانییەکانی سویسرایان لە ساڵەکانی جەنگی دوەمی جیهانییدا نەکردبێتە بناغە، کە ئەوەندە لە سایەی نازونیعمەتی دیموکراتییو رێزگرتنو بەدیهاتنی مافەکانیاندا دەژیان، کە تێکڕای ئەو هەڵمەتە پاگندەییەی نازیســم لــە وروژاندنیان دژی حکومەتی سویســرا بێهودەو بەهەدەرچو! بەڵێ کوردســتان

تونس‌و میســرو لیبیا نیه تــا بوترێت (گەل داوای روخاندنی سیســتم دەكات)، چونكه هەر لەبنەڕەتداو بەمانا دروســتییەكەی له كوردستاندا سیستم نییە! كوا له كوردستاندا وەك ئەو وڵاتانه دەسەڵاتێكی ســتەمكاریی ملهوڕ هەیە؟ كوا حوكمی بنەماڵەیی؟ كوا گەندەڵیی؟ كوا ناعەدالەتیی؟ كوا قۆرغكردنی هێزە چەكدارەكان‌و دەزگا ئەمنییەتییەكان؟ كوا بەهەدەردانی ســامانی نیشــتمانیی؟ كوا ئیرهابی سیاســیی‌و یاسایی؟ كوا لەشــكری مورتەزەق ؟..كوا؟.. كوا؟ ئەوە نیه ســەرۆكی هەرێم داوای ئەوەدەكات گەندەڵیی پێشــان بدەن تا چارەســەری بكات! ئەوەنیه لەماوەی ئەو بیســت ســاڵەی ئەزمونی كوردســتاندا چەندین جار دەسەڵات دەستاودەستكراوە! ئەوەنیه سەرۆك بارەگایەكی مەزنی لەچەقی پایتەختدا ئاواكردووەو لەوێوە شــەورۆژ به كوچەو كۆڵانەكانی ئەم وڵاتەدا دەســوڕێتەوەو له گرفتەكانیــان دەكۆڵێتەوەو گوێبیستانه نارەزایەتییەكانی خەڵك چارەسەر دەكات‌و هەركەس بخوازێت بێ سێ‌ودو چاوی پێی دەكەوێت ! ئەوەنیه پارلەمانێكی ئەكتیڤ هەیە كه بۆتە دارێژەری یاسا هاوچەرخەكان‌و رەقیبێكی سەرســەختی كەموكورتی‌و بێدەربەستیی بەرپرسانی وڵات! ئەوەنیه دەسەڵات به ســنگێكی فراوانەوە ئۆپۆزسیۆنی سیاســییان قبوڵەو تەواوی یاسا بایەخدارەكانی تایبەت به ژیانی هاوڵاتییان به راوێژكاریی ئەوان ئەرێ دەكەن‌و مافەكانی (كەمینەی سیاسیی) بەتەواویی پارێزراوە!ئەوەنیه بەرپرســە حیزبییەكان‌و منداڵەكانیان هەر وەك خەڵكە ئاساییەكە ژیانیان دەگوزەرێنن‌و كەس له كەس زیاتر نییە! ئەوەنیه هێزە چەكدارەكان موڵكی نەتەوەن‌و قەڵای پارێزەری كەرامەتی خاكی كوردستان‌و ئینسانی كوردن‌و له ترسی ئەوان بێگانه ناوێرێت پەنجه بۆ بسته خاكێكی كوردســتان‌و منداڵێكی كورد درێژبكات! ئەوەنیه سەركردایەتیی سیاسیی كورد دوای روخاندنی بەعس ئازایانه شــەڕیان بۆ گێڕانەوەی ناوچه تەعریبكراوەكان كردووەو كەركوكی ئازیز گەڕاوەتەوە باوەشــی كوردســتان! ئەوەنیه ســەروەریی یاساو سەربەخۆیی دادگاكان! ئەوەنیه چارەســەری برینی قوڵی ئەنفالەكان! ئەوەنیه ســزاو موجازاتی ژنكوژان! ئەوەنیه دوافلســی بودجەی ئەم وڵاته بۆ خۆشگوزەرانی رۆڵەكانی سەرف دەكرێت! ئەوەنیه بازاڕێكــی هەرزان‌و ژینگەیەكی پاك‌و سیســتمێكی پەروەردەیی تۆكمــە! ئەوەنیه نەك هەر سۆران‌و بادینان، بگره بەشەكانی تێكڕای كوردستان له برایەتیی‌و دۆستایەتییەكی بێوێنەدا دەژین‌و ئاشتییەكی ئەرێیی قوڵ له كۆمەڵگای كوردییدا بەرقەرارە !.. ئەوە نیه !.. ئەوە نیە!. ئای برادەرینه چ خەمساردییەكی قوڵ‌و چ بێباكیی‌و شەرمەزارییەكی گەورەیە!!

بەرێزان، هاوارێ چەندین ســاڵەی دڵســۆزانی ئەم نەتەوەو نیشــتیمانه بــۆ هێنانەكایەی سیســتمێكی هاوچەرخی دیموكراتیی راستیینه لەلای دەسەڵاتدارانی كورد بێنرخ وەرگیراو به چاولێكەری وڵاتانی دەوروبەر، بناغەیەكی خوارو فشــەڵیان بۆ سەپاندنی تەرزە دەسەڵاتێكی بنەماڵەیی حیزبۆكراتی تاكرەوی هەژمونگەرا دارشــت كه بۆتە ســەرچاوەی ستەمكارییەكی بیدائیی ماسكدارو ناعەدالەتییەكی قوڵی سیاسیی‌و ئابوریی‌و كۆمەڵایەتیی، ئەوەی كۆمەڵگای كوردیی له باشوری كوردستان روبەڕوی چەندین قەیران‌و كێشەی قوڵ كردۆتەوەو دەسەڵاتداران بــە راكردن لەو كێشــانەو دانپێدانەنان‌و كارنەكردنی جدیی بۆ چارەســەركردنیان له رێگەی

چاكسازییەكی ریشـــەییەوە وایاندەزانی هەروا دەتوانن درێژە بە بێدەنگهێشتنەوەی كۆمەڵگا بدەن‌و بە چەندین پاســاوی وەك (ساوایی ئەزمونەكە)و (دەستی دەرەكیی)و (سەروەرییەكانی شاخ) بەرژەوەندیی تەسكی بژاردەیەكی بێباك درێژەپێبدەن‌و رێگریی لە گەشانەوەی پشكۆی نارەزایەتیی بگرن‌و باهۆزی گۆڕانكارییەكەی ئەم دواییە لەســـەر كوردستان بێكاریگەر بكەن. بەڵام داخۆ پشكۆ بە كا دادەپۆشرێت!

كۆمەڵكوژییەكەی ١٧ی رەشـــی شـــوباتی بەردەمی لقی چواری پارتی دیموكراتی كوردستان لە شـــاری ســـلێمانی كە دەیەها لاوانی كوژراو بریندار‌ی ئەو شـــارەی لێكەوتـــەوە، جگە لەوەی كارەســـاتێك‌و پەڵەیەكی رەشە لەمێژوی دەســـەڵاتی سیاسیی لە كوردســـتاندا، تاوانێكە رۆحی شـــێخی بەردەقارەمان‌و پێشـــەوا قازیی محەمەدو سەرجەم شـــەهیدانی كوردستانی راچڵەكاندو بەداخێكی زۆرەوە تاوانەكانی پێشوی بەعسی لەم شارەدا وەبیرهێنایینەوە، ئەو روداوەی هەروەها سەرەتایەكیشـــە بۆ دەستپێكردنی جوڵانەوەیەكی سەرشـــەقامیی بەرفراوان كە نەوەیەكی نوێ بەرپۆەی دەبەن، ئەو نەوەیەی خولیای سیاســـیی‌و كۆمەڵایەتیی رەســـەن‌و تایبەتیان بە خۆیان‌و كۆمەڵگا هەیە، جگە لە داوای هەنوكەییەكان، خوازیاری ئاواكردنی سیســـتمێكی هاوچەرخن كە بناغەكەی لەجیاتی ستەمكاریی بیدائیی‌و گەندەڵكاریی‌و چەواشەكاریی، بریتیبێت لە دیموكراتیی‌و مافی مرۆڤ‌و عەدالەتی كۆمەڵایەتیی. نەوەیەكە، دژی عەقڵیەتێكە كە شیوەن دەكات بۆ شكاندنی گوڵدانەكان‌و رەوایی دەدات بە كوشـــتنی ئینســـانەكان. دژی عەقڵیەتێكە بارەگای حیزبیی وەك تەكێ‌و تاكـــی حیزبیش وەك دەروێش دەبینێـــت، دژ بە سەرۆكپەرســـتیی‌و مافیای بنەماڵەیی‌و دوژمن بە فاشیزمی حیزبیی، نەوەیەكە دەیەوێت پێشمەرگە باسكی بەهێزی گەل‌و جەنگاوەرانی ئازادیی بێت نەك پاسەوانی شوانی مێگەل‌و ئامرازی دەستی ستەمكاریی بێت، نەوەیەكە خوازیارە نارەزایەتییـــەكان گوێیان لێبگیرێت‌و وەڵامی ئەرێییان بدرێتەوە نەك وەك باوە، رێژنەی گوللەیان روبەڕو بكرێتەوە. نەوەیەكە دەیەوێت هاوڵاتیی كورد ئازاو ئازادبێت نەك كۆیلەو ترسنۆك، نەوەیەكە دەیەوێت كۆتایی بە ئیرتیزاقی سیاسیی‌و دوڕویی‌و داڕزانی ئینسانیی‌و بێكەرامەتیی‌و جەهالەتی موبەرمەج‌و بێئیرادەیی‌و ملدان بە ویســـتی بژاردەیەكی خۆلێســـەرەوەو ئیفســـادی سیستماتیك بێنێت. نەوەیەكە دەیەوێت لە كوردســـتانێكی ئازادو ســـەربەخۆو كۆمەڵگایەكی یەكساندا بژی نەك لە كوردستانێكی دابەش كە پێكبێت لەكوردستانێكی پڕنازونیعمەتی بەرپرسان لەبەرامبەر كوردســـتانێكی پڕ ئازارو برسێتی رەش‌و روت‌و هەژاران. نەوەیەكی ژیاندۆستی مەرگبەزێنە نەك ژیانكوژی مەرگهێنە، نەوەیەكی پاك‌و خاوەن ئاوات نەك پاشەڵپیس‌و خولقێنەری خەرابات. نەوەی ئینتەرنێت‌و فەیسبوك‌وتویتەرو روسورە نەك پەلكێشكەری لەشكری داگیكەران‌و كۆڵوانەسورە.

ئێمە وەك مێژونوســـێكی كوردو مامۆســـتایەكی زانكۆ كە بەر لە دو ســـاڵ‌و لە وتارێكماندا لەژێر ناوی(با بەدەســـتی خۆمان دیكتاتۆر بۆ خۆمان دانەتاشین) وتومانە:» ئەو راستییە بزانن كەوا لە ئێران‌و توركیا خەبات بۆ دیمۆكراتیزەكردنی راســـتەقینە...لە گەرمەیدایەو سەردەمی كارێزمای نەتەوەیی‌و ســـەركردەی پیرۆزی ئایینیی بەســـەرچوە... ئەمرۆ پاش هەژدە ساڵ لە راپەڕینە ســـورەكەی ساڵی ١٩٩١ كە دەســـتی رژێمی بەعسی لە كوردستان قرتاند، رابونێكی

جەماوەریی دەستی پێکردووەو بەرە ئەوە هەنگاو دەنێت کە ببێتە (ڕاپەڕینێکی سپیی) مەدەنیانەو شارستانییانە دژ بە گەندەڵیی‌و کەلتوری بەعسیانەی فەرمانڕەوایەتیی‌و لە پێناو هێنانەکایەی پەرلەمانێکی ئەکتیڤو خاوەن ئیرادەی راســتەقینەو بونی ئۆپۆزســیۆنێکی بەهێزو فەزایەکی سیاســیی‌و ئابورییەکی ئازادو کۆمەڵگایەکی دادپــەروەر یەکەمین هەنگاوی خۆی بهاوێژێت « دیــارە وا ئەمڕۆ لەپاش دو ســاڵ ئەم وتەیەی ئێمە ئاشــکراتر خۆی دەردەخــاتو ئەگەر بەر لەدو ســاڵ دەسەڵات خەمخۆرانە کاری بۆ چاکسازیی ریشەیی بکردایەو ئاوڕی جدیی لە کێشە کەڵەکەبوەکانی چەندین ســاڵەی کوردســتان بدابایەوە، هەڵبەت نەدەگەیشتنە ئەم قەیرانە قوڵــەی ئەمڕۆ وڵاتەکەمانــی تێکەوتوە کە نەك هەر حیزبە دەســەڵاتدارەکان، بگرە ئەزمونە کوردییەکەش دەخاتە بەردەم ئەگەری مەترســییدارەوە. ئێستاش پێمانوایە بەتەواوەتیی هەمو دەرفەتەکان لەدەســتنەچووەو پاراستنی ئەم ئەزمونە بە خۆگیڤکردنەوەو هەڕەشەو فیشەکنان بە لاوانی تورەی ســەر شــەقامەکانەو دارکارییکردنیانو ئیرهابو تۆمەتو ناتۆرەبەخشینەوە نابێــت، چونکە ئەمە تاوانو نابەرپرســیارێتییەکی مەزنو کاری دەســەڵاتە فاشیســتەکانەو کاردانەوەیەکــی خەتەرناکەو زەمینە بۆ تەقینەوەی گــەورە دەخولقێنێت، بەڵکو بە گوێگرتنی جدیــی‌و کارکردنی بەپەلــە بۆ چارەســەرکردنی نارەزایەتییەکانو وازهێنان لــە لوتبەرزیی‌و پیلانبازیی‌و ســەردانەواندن بۆ خواســتەکانی گەل دەبێت. ئەکتیڤکردنەوەی پارلەمانو داوای هاوکاریی لە ئۆپۆزسیۆن رەنگە ئەم دۆخە ئاڵۆزەی کوردستان بە ئاقارێکی مەعقولدا بەرێت.

ئێمــە لەکاتێکدا هەمــو توندوتیژییــەك، لەهەر لایەکەوە بێــت، بەتایبــەت وەڵامدانەوەی نارەزایەتییەکانــی لاوانو خۆپێشــاندانەکانی جەمــاوەر بەگوللەو هەڵکوتانە ســەربارەگاکانو سوتاندنیانو پەلاماری میدیای ئازاد، ریسواو شەرمەزار دەکەین، پشتگیریی لە خواستی بەهەقی لاوانو تەواوی مافە سیاســیی‌و کۆمەڵایەتییەکانی چینو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردیی دەکەینو داوا لەحیزبە دەســەڵاتدارەکانو تێکرای هێزە سیاســییە خاوەن نفوزەکانی باشــوری کوردستان دەکەین دور لە بەرژەوەندییە تەسکەکانیان، لە حەقیقەتی نارەزایەتییەکانی شەقام تێبگــەنو پەنا بــۆ ژیریی‌و لۆژیك‌و دانایی سیاســیی بەرنو کار بۆ بەرقەرارکردنی ئاشــتیی‌و ئاسانکردنی ئاواکردنی سیســتمێکی هاوچەرخ بکەنو ئەو بارە خوارەی دەسەڵاتو حکومەت لە کوردســتاندا عاقڵانە راســت بکەنەوە، ئەگەر نا ئەوە هەمو لایەك لە ئاکامی رەوتی روداوەکان بەرپرسیارن، لەسەروی هەموانەوە دەسەڵاتداران کە خاوەن بڕیاری یەکەمن لە وڵاتدا.

- بژی ئازادیی‌و بەرقەراربێت خواستە رەواکانی جەماوەری کوردستان.
- ریسوا بێت ئیرهابو توندو تیژیی‌و رشتنی خوێنی ئینسانەکان.
- ئاوابێت سیســتمێکی هاوچەرخی دیموکراتیی‌و دادپەروەرو ئاشتییخوازو مرۆڤدۆست لە سەراسەری کوردستان. [٣٢]

[٣٢] د. یاسین سەردەشتی، گەلان خوازیارن سیستمێك ئاوا بکەن، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢٤ / http://sbeiy.com/article_detail.aspx?ArticleID=4154&AuthorID=484

## ڕووداوێکی بەردەوام
## جەمال حسێن



پێشـــر لە وتارێکدا کە لە ســێ بەش پێکهاتبوو، ئەوەم خســتبووەڕوو کە لەدوای ڕووخانی بەعســەوە لە ســاڵی ٢٠٠٣، کۆمەڵــگای کوردی، لە ڕووی بوونیەویەوە زۆرترین دەرفەتی ئاڵوگۆڕی بەســەرداهاتووە، بە جۆرێك کە ڕەنگە زیادەڕۆیمان نەکردبێت ئەگەر بڵێن کە چۆن ڕاپەڕین کۆتاو ســەرەتای دوو قۆناغە، بەهەمان شێوە، ڕووخانی بەعس‌و ئــەو ئاڵوگۆڕە ئابووری‌و سیاســی‌و کۆمەڵایەتیەی بەدوای خۆیدا هێنا تا ٢٠١٠، کۆتایی بە قۆناغێك هێناوەو بناغەی قۆناغێکی تازەشی داڕشت کە دەتوانین بڵێین دەرکەوترین تایبەتمەنــدی ئەم قۆناغە تازەیــە، بریتیە لە دەرکەوتنی سەرەتاکانی تاك وەکو بونیادێکی ســەربەخۆ، لەبەرامبەر زاڵبوونی ڕوحی دەستەجەمعی‌و گشتی لە پێشووتردا.

لەکاتــی بوونی مەترســیەکانی بەعس، هەمووومان لەناو بۆتەی یەك قاڵبی گشــتیداو لــە دەوری دروشــم گەلێکی گشــتیدا کۆببووینــەوە، ئەرکە نەتەوەییەکان تــا ئەندازەی زیادەڕۆیــی لەدواجاردا ببوو بەخەمێکی هاوبەش‌و خاوەنی حیکایەتێکی گەورەبووین، بەڵام بەکۆتایی هاتنی ئەم مەترســیە، هاوکات لەگەڵ کرانەوەی کوردســتان بە ڕووی جیهانداو زیادبوونی داهاتی تاکەکەس‌و دەســتپێکردنی قۆناغێکی تازەی حوکمڕانی لە کوردستاندا، بە بودجەیەکی زۆری بێ وێنە لە مێژووی سیاســی کوردســتاندا، بەتەنیشت پەڕینەوە لە پەیمانێکی کۆمەڵایەتی تەقلیدیەوە بۆ کۆمەڵگای نێتۆرك، هەموو ئەوانە پرســیاری ژیانی تاکەکانی ناو کۆمەڵگای تۆخکردەوە. سیحری کۆبوونەوە بەدەوری حیکایەتێکی گەورە گۆڕا بۆ واقعی حیکایەتە ڕۆژانەییە بچووکەکان.

ئەو کۆمەڵگایەشــی لێکترازاند کە دەمانناســی‌و لەبری ئەوە کۆمەڵگایەکی ئاڵۆزو فرە ڕەهەندو فرە کەلتووریشی خستەوە.

لێرەوە هەســتکردن بە نادادپەروەری‌و مەترســی گەندەڵی، بوونە جێگرەوەی مەترسی بەعس، چونکە هەردووکیان هەڵگری تایبەتمەندی دژایەتی ژیانی سروشتی‌و تەندروستی تاکن.

بەرزبوونــەوەی وشــیاری کۆمەڵگای ئێمە ئەگــەر تا ڕووخانی بەعــس پەیوەندیەکی پتەوی هەبووبێت بە کتێب‌و کەرەســتە تەقلیدییەکانی ڕۆشنبیریەوە، ئەوا ئێستا لە ڕێگای هەواڵــی کورت‌و بــە تەکنیکێکی زۆر ســادە ئەنجام دەدرێت، بۆیە کــەم نین ئەو مرۆڤە

ئاسـاييانەی کە دێنە قسە، بێ ئەوەی بزانن یان مەبەسـتیان بێت، بەسادەییەکی زۆرەوە تەعبیر لە فەلسـەفەیەکی قوڵ دەکەن، فەلسـەفەی ژیان بەیەکسانیو دادپەروەرانەو بێ جیاوازیکردن.

کە ئەمەش بۆ خۆی دەربڕێکی راسـتەوخۆی وشـیاربوونەوەیەکی گشتیە، ئامادەبوونی هەمووانـە بۆ شـەڕکردن لەپێناو داهاتوویەکـدا، کە تەنها پەیوەندی بە ئێسـتای ژیانی تاکەکانەوە نییە، بەڵکو بەداهاتووی نەوەکانیشیان.

هیگڵ کە باسـی کۆمەڵـگای مەدەنی دەکات وەکـو چەمکێکی لیبراڵ، دەیبەسـتێتەوە بـە تاکەوە، بەو هەسـتەی کە لای ئەم تاکە مۆدێرنە دروسـت دەبێت بـۆ دابینکردنی پێداویسـتیەکانی، هەر لەم رێگایەشەوە لەگەڵ تاکە زیندووە هاوشێوەکانی ریزدەبەستێت بۆ دروستکردنی فشار بە ئاقاری ئاتاجە فەردانەتیەکانی. شەڕی ئەم لە پێناو گروپێك، یان گشـتدا نییە، با لەناو سیاقێکیشدا خۆی رێکخستبێت، بەڵکو خەیاڵی ئەو تەنها دابینکردنی ئەو خواستانەیە کە هەیەتیو هێزێك یان دەسەڵاتێك قۆرغی کردووە.

ئـەوەی وای لێـدەکات لەناو بۆتەیەکـی گشـتیدا دەربکەوێت، ئەوپـەڕی ئەنانیەتو فەردانیەتە.

تـا ئەندازەیەکی زۆر ئەو خۆپیشـاندانانەی دوای دەرخەری ئەوەن کـە ئێمە لەبەردەم وشـیاریەکی تازەداین، وشیاریەك کە لە ژێر زەبری ناعەدالەتیو گەندەڵیو زۆر دیوی تری ناشیرنی سیستمی سیاسیمان، گەورە بووەو گەشەی کردووە.

بۆیە تەنها نارەزایەتی نییە، بەڵکو رقیشـە، تەنها بەرزکردنەوەی داخوازی نییە، بەڵکو پەلاماردانیشە.

پرسیارێك لێرەدا کە دەبێت هەموومان بەڕاشکاوی بیخەینەڕوو ئەوەیە، ئایا دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە ئەم رووداوە وەکو رووداوێکی راگوزەر سـەیر دەکەنو پێیانوایە بە کۆتاییهاتنی کۆبوونەوەکان، کۆتایی پێ دێـت؟ یان نەخێر ئەمانە ئەو رووداوانە وادەبینن کە دەرئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری ریشەییو جدینو دواجاریش تەنها بەجۆرێك لە رادیکاڵیەتو جورئەتێکی زۆرەوە چارەسەر دەکرێ؟ من بۆ خۆم پێکەنینم بەو هەڵوێستە دێت کە پێیوایە ئەوەی هەیە هەڵتۆقینێکی کاتیەو بەرهەمی پلانێکی سیاسـیەو پێویستی بە ئیدارەدانێکی (حەکیمانە) هەیەو هیچیتر.

بێ ئەوەی ئەمە مانای ئەوەبدات کە هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆن بەدوورن لەم یاریە، چونکە ئەمانیش بەهەرسێ باڵەکەیانەوە، بەتوندی کار لەسەر رەنیۆهێنانی ئەم رووداوانە گرەو دەکەن بەئامانجی گۆڕینی لە فشارێکی جەماوەریەوە، بۆ فشارێکی سیاسی رووت.

هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم خۆپیشـاندانانەو سەیرکردنیان وەك رووداوی راگوزەر، نەك هەر بەئەندازەیەکی بێ سنوور کورتبینو تروسکایی ئەقڵیان تیا نییە، بەڵکو بەشێك لە بەرپرسیاری راستەوخۆی ئەو رۆژەشیان دەکەوێتە ئەستۆ.

ئەمانە هەمان ئەو کەسـانەن کە تادوێنێ گوێکانیان تەنها بۆ جوانی بەکارهێناوە، نەك

بۆ گوێپێگرتن، زمانیان تەنها بۆ وەڵامدانەوە هەڵسوڕاندووە، نەك بۆ كەشفكردن.

ئەم هەڵوێســـتانە، كە هێند ناڕاستە شـــایەنی ئەوە نییە پێیانبوترێت تێگەشتنی هەڵە، چونكە بۆ ئەوەی تێگەشـــتنێك هەڵەبێت لانـــی كەمی زانیاریو وردبوونـــەوەو تێفكرینی پێویستە، كە لەم حاڵەتەیاندا بەتەواوی غائیبە.

بۆیە ئەم هەڵوێستانە لە باشترین وەسفكردندا ئەوەیە بڵێین هەڵوێستێكی خوارن. تاكە ئومێد ئەوەیە كە ســـەركردایەتی سیاســـی كوردی، هاتبێتە ئەو بڕوایەی كە ئیدی قســـەو بەڵێن، ناتوانن كەرەستەی ئیدارەدانی ئەم وڵاتەبن، بەڵكو گوێگرتنو بیركردنەوە.

بۆیە بۆ دەرچوون لەو قەیرانە پێویستە هەنگاوی جدیو جەریئانە بنرێت بۆ ئاشتكردنەوەی شەقام.

ئەمەش ناكرێت ئەگەر دەســـەڵاتی سیاســـی ئێمە، پێش هەموو شتێك هێڵێكی راستو رەوان نەكێشـــێت بۆ جیاكردنەوەی سنووری كاری حیزبیو كاری حكومەت، چونكە مەعقول نییە تائێستا كەسێك مابێت دوودڵ بێت لەو راستیە حیزب چەند لە خەباتی شاخدا خاوەنی دەســـكەوتو سەروەریە، بەهەمان ئەندازەش لە حوكمڕانی شاردا بەرپرسی ئیفلیجی كاری حكومیە.

بۆ هاوڵاتیەكی ئاســـایی رەنگە جێـــی بایەخێكی ئەوتۆ نەبێت كـــە حیزب چۆن مووچە دابەشدەكاتو ئالیەتەكانی بەرگرتنی لە گەندەڵی تاچەند كارایە، بەڵام كە موڵكی حیزبو حكومەت تێكەڵ دەبێت، كە داهاتی حیزب لە میزانیەی گشتیەوە سەرچاوەدەگرێت، هەموو رقێك لە حكومەت، بە فلتەری رق لە حیزبدا تێدەپەڕێت. ئێمە هەرچەندە لە كوردســـتاندا تەنها یەك حكومەتی رەســـمیمان هەیە، بەڵام بەئەندازەی حیزبەكان حكومەتی فیعلیمان هەیـــە، بەتایبەت حكومەت -مەبەســـتم حیزبەكـــە-ی یەكێتیو پارتی، كە خاوەن ســـوپاو ئاسایشو بودجەو داهاتی خۆیانن.

ئەگەر بڕیاربێت بە كورتترین وشە تەعبیر لە چارەسەری ئەو تەنگژەیە بكەین كە ئەمڕۆ دۆخی سیاسی كوردستان پێیدا تێدەپەڕێت، ناچارین بڵێین (جیاكردنەوەی حیزبو حكومەت)، بەڵام ئەم دەربڕینە چەند كورتە، ئەوەندەش دوورو درێژو تولەڕێگای لێ دەبێتەوە، ئەگەر بڕیاربێت لە دۆخی قسەكردنەوە بێینەدەرەوە بۆ دۆخی كردار، چونكە من یەكێكم لەوانەی بەتوندی بڕوام بەوە هەیە سیاســـیەت زیاد لەهەر شتێكی تر پرۆسەیەكی پراكتیكیە، لانی كەم بۆ ئەوانەی كاری تیادەكەن. زۆر كەمن ئەو سیاسەتمەدارانەی لە وڵاتانی دیموكراسی توانای باشـــیان هەیە بۆ قســـەكردن، بەپێچەوانەی سیاســـیەكانی وڵاتانی دواكەوتوو كە بەگشتی وتاربێژو قسەكەری بەردەوامن.

بەكۆتایی هاتنی ئەم خۆپیشـــاندانانە، هەتا ئەگەر هەموویان بەیانی بچنە ماڵیشـــەوە، هیچ لەو راســـتیە كەم ناكاتەوە كە واقعی سیاسی ئێمە، پێویستی بە گۆڕانكاری ریشەیی هەیە، ئەو خۆپیشاندانو كۆبوونەوەی نارەزایەتیانەی ئەمڕۆ بەشێوەیەكی هێمنانە تەعبیر لەخۆی دەكات، بەچارەســـەرنەكردنی هۆكارەكانی، ســـبەی بەشـــێوەیەكی توندوتیژو زبر

دووبارەدەبێتـــەوە، چونکە هەر هەمان ئەو نارەزایەتیانە بوو لە هەڵبژاردنەکانداو لە ڕێگای سندوقەکانی دەنگدانەوە، بەو شێوەیە دەرکەوت کە بینیمان.

بەشـــێکی تر نەگەشـــتنی ئەم دنیا تازەیەی لە کۆمەڵگای ئێمـــەدا دەرکەوتووەو خەمو خەونەکانی، قەتیســـبوونی نوخبەی سیاسی ئێمەیە لە خەیاڵی گشتی خۆیدا، لەو وەهمەدا کە هێشتا دەکرێت بە دروشمی نەتەوەییو گشتی ئەو داواکاریە فەردانیانە دوابخرێن. [٣٣]

[٣٣] جەمال حسێن، روداوێکی بەردەوام، سایتی خەندان، ٢٠١١/٣/١٦ /
http://xendan.org/drejaWtar.aspx?NusarID=220&Jmara=2660

## لەنێوان بەردەوامی خۆپیشاندانو کەڕی دەسەڵات، دەبێ شتێك بکرێت

### عەزیز رەئووف



ئــەوەی زیاد لـــە مانگێکە لە خۆپیشـــاندانو ناڕەزایی‌و کۆبونەوەی جەماوەری دەیبینین لە سلێمانی‌و دەوروبەری، دەرکەوتــەی ســەردەمێکی نوێیــە، کە ئەویــش بەر لە هەرشـــتێك نەوەیەکە خەونی گەورەی هەیەو شەقام چۆڵ ناکاتو تا ئەم چرکەساتەش جوانی هێناوە. لەبەرامبەریشدا دەسەڵاتێکی بێباكو کەڕ هەیە؛ یان بێدەنگە یان لە هەوڵی کپکردنەوەی دەنگی خۆپیشاندەراندایە، هەردو مامەڵەکەش کۆمەك بە دۆخەکە ناکات.

دەسەڵات تا بێدەنگ بێت تورەیی گەنجەکان زیاتر دەکاتو گەر قسەیەکیش بکات لە رێگەی راگەیاندنەکانیەوە، لە بێدەنگیەکەی مەترسیدارترە.

لەم دۆخەدا دەســەڵات یەك رێگەی لەبەردەمدایە ئەویش هەوڵی چاکســازی بنەڕەتی‌و نیەتێکی پاكو رۆشنە بۆ جێبەجێکردنی داخوازیەکانی جەماوەر.

لە ئێستادا دۆخەکە بە قۆناغی مەترسیدارتردا تێدەپەڕێتو لە هەڵەبجە کێشەکان گەیشتە ئەوەی خوێنی زیاتر بکەوێتە نێوان خەڵكو حکومەت، ئەوەندەی لە روخســاری گەنجەکانی ســەرای ئازادیشــدا دەیخوێنمەوە ناکرێت ئەم دۆخە هەروا بەردەوام بێتو دەبێت شتێك بکرێت، ئەو شتەش بەر لە هەرشتێك پێویستە دەسەڵات پێی هەستێت، چونکە بەردەوامی رژانی خوێن لەئێستادا بەر لەهەر کەسێك، دەسەڵات لێی بەرپرسە.

لەماوەی ئەم مانگەدا ســەرۆکی حکومەتو ســەرۆکی هەرێمو سکرتێری یەکێتی لەمەڕ روداوەکان دواون، وەك لە شوێنێکی تریشدا باسم کردوە، هەرسێکیان هێندەی دەیانویست خۆیان لە کێشــەکان بدزنەوە هێندە نیەتی ئەوەیان نەبو کە بەڕاستی کێشەکان چارەسەر دەکەن.

بەشێوەیەکی تایبەت سەرجەم قسەکانی سەرۆکی هەرێم مایەپوچ بو، بەو پێیەی باسی ســوتانی جامانەی سوری کرد لە ســلێمانی‌و باسی رژانی خوێنی نەکرد، لەمەشەوە بۆمان دەردەکەوێت ئێمە لەبەردەم سەرکردەگەلێکداین هەرگیز چارەی خۆیان گرژناکەن بۆ رژانی خوێنی هاونیشتیمانیان.

سەرۆکی هەرێم دەڵێی لە ئەســتێرەیەکی تر دەژی‌و وادەزانێ ئێستاش هەمو سلێمانی جامانەی ســوری لەسەردایە، نازانێ ئێستا پارچە پەڕۆیەکی سور یان رەش لای هاوڵاتیانی ئەم دەڤەرە هیچ بەهایەکی نیە، ئەوە نەبێت کە لای زۆرێك لە گەنجانی ســلێمانی هێڵی ســور رژانی خوێنی مەدەنیە نەك ســوتانی جامانەیەك کە لەســایەیدا گەندەڵی ئەنجام

دەدرێتو خوێنی مەدەنیەکان دەرژێت.

قسەکانی سەرۆکی حکومەت، چ لە پارلەمانو چ لەدەرەوەی پارلەمان، جگە لە بێدەسەڵاتی ئەم پیاوە وەك سەرۆکی حکومەت هیچی ترمان پێناڵێت. ئەم پیاوە روخۆشو پاكو خاوێنە وادەزانێت بە سەردانەکانیو بە ئامادەبونی لە بۆنەکاندا خەڵك لەخۆی رازی دەکاتو پێدەچێت تاڵەبانی پێی وتبێت کە خۆپیشاندەران ماندو دەبنو دەچنەوەماڵەوە، بۆیە وا بێباك بزەی سەرلێوی ناکوژێتەوەو بەردەوامە لە رستەی (کردار شەرتە).

هەر سەرۆکێکی تر بوایە دوای هاواری زمناکۆ لەپاڵ دیوارێکی کونکرێتی لقی چوارداو کوژرانی ئەو هەمو گەنجە، لانی کەم دەستی لەکار دەکێشایەوە. بەڵام ئەم پیاوە پێدەچێت بەرژەوەندیە مادییەکانی لەمانەوەیدابێت وەك سەرۆکی حکومەتو لەوێوە چاودێری پرۆژەکانی شەخسی خۆیو بنەماڵەی تاڵەبانی بکات.

قسەکانی تاڵەبانی زۆر توند نەبون، بەڵام کردەوەکانی زۆر توندبون. تاڵەبانی هەر نەگەڕایەتەوە بۆ کوردستان باشتر بو بۆ یەکێتی، چونکە بەر لەوەی ئەم پیاوە بگەڕێتەوە، وەزعی یەکێتی باشتر بو، ئەوکات شەڕ لەنێوان شەقامو پارتیدا بو، بەڵام گەڕانەوەی تاڵەبانی شەڕەکەی خستەوە ناو ماڵی یەکێتیو راگەیاندنەکانی پارتەکەی هاندا توند بن لەبەرامبەر ئۆپۆزسیۆنو شەقام، ئەمە جگە لەوەی هاتنەوەکەی، سوتانی خێمەکانی بەردەرکی سەراشی لێکەوتەوە.

هەرچۆنێك بێت ئێستا ئێمە بێ ئومیدین لەوەی کە ئەم بەرپرسانەو حکومەت بە گشتی شتێك بکەنو خۆپیشاندەرانیش ماندو نابنو بەردەوامن.

بەم دۆخەدا وا دەردەکەوێت پێویستە شتێك بکرێت. من نازانم ئەو شتە چییە، بەڵام پێویستە ئۆپۆزسیۆنو شەقام بگەنە خیارێك. چونکە وای بۆ دەچم ئەم دۆخە بەردەوام بێت، بەریەککەوتن لەنێوان شەقامو دەسەڵات توندتر دەبێت. [٣٤]

[٣٤] عەزیز رەئووف، لەنێوان بەردەوامی خۆپیشاندانو کەڕی دەسەڵات، دەبێ شتێك بکرێت، سایتی سبەی، ٢٠١١/٣/٢٤/
http://www.sbeiy.com/ku/article_detail.aspx?ArticleID=4406&AuthorID=83

## هەینی لەنێوان شیوەنو شادیدا

### لەتیف فاتیح فەرەج



ئەو خۆپیشاندانو هاتنە سەر شەقامەی سلێمانیو شارو شارۆچکەکانی دەوروبەری بە گەرمیانیشەوە، هەر تەنیا داواکانیان، داوای ناوچەیەکی دیاریکراو نییە، ئەگەر توندوتیژیەکان دەرکەینە دەرەوە، داواکانی خۆپیشاندەران داوای خەڵکی سەرتاسەری کوردستان، واتە خەڵکی سلێمانی لەبری خەڵکی هەولێریش داوا دەکەن، خەڵکی کەلارو چەمچەماڵ لەبری خەڵکی دهۆكو زاخۆش داوا دەکەن، ئەمە زنجیرە بەندی کۆمەڵایەتیە، کە زۆر جار لێرەولەوێ باسی دەکرێت، من ناڵێم کەموکوڕی لەخۆپیشاندانەکاندا نییە، بەڵام ئەمە ناکاتە بەتایبەت زۆر جار لەونبوونی پەیامی بە ئاشتی گەیاندنا، ئەوەی لە شوێنێك خوێن بڕژێو لە شوێنێکی دیکە شایو لۆغان بێت، کوردستان کە تائێستا لە ٣ پارێزگا تێناپەڕێتو ژمارەی دانیشتوانیشی بەلای زۆرەوە «٥» ملیۆن تێدەپەڕێنێ، ناکرێ لە یەك رۆژدا لەلایەکەوە دەنگی تەقەقە بێتو لەلایەکی دیکەشەوە خەڵك نەك بە ئاڵای کوردستانەوە بگرە بە ئاڵای حزبەوە رژابنە سەرشەقام، پەیامی ئاشتی پێویستە پەیامێکی سەرتاسەری بێت، گەیاندنی ئەم پەیامە بەوە نابێت کۆمەڵ حزبیانە داپۆشرێ، پارتیو یەکێتی کە زۆرینەی پەرلەمانو خاوەنی حکومەتیشن لە هەرێمی کوردستان رەوا نییە لەم سێ پارێزگایەدا دووجۆر سیاسەت پیادە بکەن، ئەو شاییو لۆغانەی هەولێرو دهۆك، ئەگەر شاییو لۆغانێکی حزبی بێت، بەتایبەت ئەوە لە کاتێکدا لە کەلار لاوێکی «١٥» ساڵەو لە چەمچەماڵ مناڵێکی «١١» ساڵە شەهید دەبن پێویستە ئەو حزبە رێگریی لە کاری وا بکاتو ئەو رۆژە بۆ ئەو دوو شەهیدە جوانەمەرگە ئاڵای رەش لەسەر بارەگا حزبیەکان هەڵبکات، خۆ ئەگەر شاییو لۆغانەکە خۆڕسکانەیەو خەڵکی خۆی پێی هەستاوە، پێم وا نییە خەڵکی هەولێرو دهۆك کە هەمیشە خەڵکی ئەو دوو شوێنە بەوە بەناوبانگن کە هاوخەمو خەمخۆری خەڵکانی دیکەن خۆیان ئەوەندە دوورگرتبێت لە بەشەکەی دیکەی کوردستان کە گوێ نەدەنە ئەوەی لە جێگایەکی دیکە خەڵك خوێنی لێ دەڕژێت. بە بڕوای من پێویستە کوردستانیان لەسەرتاسەری ئەم هەرێمە بۆ شەهیدەکانی رۆژانی رابردوو جگەلەوەی سێ رۆژ پرسە رابگەیەنن، داوای ئەوەش بکەن چیتر خوێنی مناڵی کورد بەدەستی کورد نەڕژێت، هەر چۆن لەم یەك دوو رۆژەدا «٦٤» زانای ئایینی لە شاری هەولێر پەیامێکی بەم جۆرەیان راگەیاند سێ رۆژ پرسە لە رێژوان عەلیەوە تا دەگاتە گەرمیان ئەحمەد کە هیچ یەك لەو دوانە هێشتا نەگەیشتبوونە تەمەنی «١٨» ساڵ.

کوشـــتنی خەڵکیشـــی لەو تەمەنەدا پێچەوانەی هەموو یاساو ڕێساکانی ئەرزو ئاسمانە، هەموو حزبو ڕێکخراوەکانی کوردســـتانیش پەیتا پەیتا باســـی مافـــی مناڵو بەدیهێنانی خەونەکانی مناڵان دەکەن. ئاشـــتی دەســـتەکۆییەکی ئازایانەو بوێرانەی دەوێت، بە بڕوای من پێویســـتە ئازایەتی ئەوەمان هەبێت ئیـــدی نەیەڵین ڕێژوانو گەرمیانەکان بدرێنە بەر ڕێژنەی گوللە.[٣٥]

[٣٥] لەتیف فاتیح فەرەج، هەینی لەنێوان شیوەنو شادیدا، سایتی خەندان، ٢٠١١/٣/١ / http://xendan.org/drejaWtar.aspx?NusarID=22&Jmara=2550

# دووەم/ ئەنجام

## لەئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە:

١- خۆپیشاندانەکانی بەرهەمی ناعەدالەتیو گەندەڵیو قۆرخکردنی سەرجەم کایەکانی حکومەتو دامەزراوەکانە لەلایەن هەردوو حیزبی بالادەستەوە، بەوەی لەماوەی ٢٠ ساڵی حوکمرانیاندا، دۆخێکی ناسەقامێگیری سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیان خوڵقادووەو، هەرێمی کوردستانیان دابەشکردووە بۆ کەمینەیەکی دەست رۆیشتوو کە تەواویو بودجەو سامانی ولاتیان لای خۆیان کۆکردۆتەوە، لەبەرامبەر زۆرینەیەکی هەژارو بێکار.

٢- خۆپیشاندانەکانی تونسو میسرو بەهاری عەرەبی کاریگەری راستەوخۆیان لەسەر خۆپیشاندانو نارەزاییەتیەکانی ١٧ی شوبات هەبووە، بەوەی ئەو هۆکارانەی شۆرشی میسرو تونسی بەرپا کرد، لە گەندەڵیو بێکاریو ناعەدالەتیو کۆنترۆڵکردنی دەسەلات لەلایەن گروپێکی دیاری کراوەوە، هەمان بارودۆخی سیاسی کۆمەلایەتی لە هەرێمی کوردستان بووە هۆی خوڵقاندنی خۆپیشاندانەکان.

٣- لەم لێکۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامە هەمیشە دەسەلاتدارە ستەمکارەکان، بۆ بەگری لە مانەوەیان ئامادەی خوێن رشتننو هەموو لەحزەیەك دەستیان لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیانە، شەهیدانی ١٧ی شوباتو رۆژانی دواییش باشترین نمونەی ئەو راستیەن.

٤- هەمیشەو لە درووست بوونی هەر گردبوونەوەو خۆپیشاندانێکدا دەسەلات بە ئاژاوەگێرو تێکدانی بارودۆخی هەرێمی کوردستان تۆمەتباری کردوون، ئەویش لە پێناو شەرعیەت دان بووە بە خوێنرشتنو کوشتنو توندووتیژیەکانی بەرامبەر بە خۆپیشاندەران.

٥- خۆپیشاندانەکانو پشودرێژی خۆپیشاندەران دەری خست، کە هەرگیز دەسەلات ئامادە نیە لە رێگەی خۆپیشاندانو نارەزاییەوە چاکسازی بکاتو ئاڵوگۆری دەسەلات بکات.

٦- کوشتنی خۆپیشاندەرانو رادەستنەکردنی تاوانباران، ئەوەی خستە روو کە ئەوەی فەرمانی کوشتنی خۆپیشاندەرانی دەرکردووە هێزە ئەمنیەکان نیە بەڵکو دەسەلاتە، بەو پێیەی تاوانبارانی بکوژانی خۆپیشاندەران تا ئەمرۆش بە ئازادانە لە کۆبوونەوە رەسمیەکانی حیزبەکان دەردەکەونو پیشتوانی دەکرێن.

٧- کۆتایی هێنا بە خۆپیشاندانەکان لە رێی هێزە ئەوەی کۆتایی بە روحیەتی خۆپیشاندانەکان نەهێنا، بەڵکو رقو تورەیيو نیگەرانی گەنجانی لە شەقامەوە گواستەوە ناو روحیانو هەرکات بێت، ئەو نارەزاییانە دەتەقنەوە.

٨- خۆپیشاندانەکان ئەوەیان خستەروو کە سپەیسو بۆشاییەکی گەورە لە نێوان هاولاتیانو دەسەلاتداراندا هەیەو خواستو داواکاری هاولاتیان لە لایەکەو روی دەسەلاتیش لە لایەکی دیکەیە.

## سێیەم/ پێشنیازو راسپارەدان

١- پێویســـتە حکومەتو دەزگا پەیوەندیدارەکان، بڕیارەکانی تایبەت بە خۆپیشـــاندەران دەریان کردووە جێبەجێی بکەن، چونکە جێبەجێنەکردنی ئەو داواکاریانە لە هەر لەحزەیەکدا بێت، لە فۆرمو شێوازی نوێدا خۆپیشاندان دەخولقێنێت.

٢- رادەســـتکردنی تۆمەتبارانی بکوژانی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتو رۆژانی دوایی، چونکە رادەستنەکردنیان، لەلایەك سەروەری یاسا لە کوردستان دەخاتە ژێر پرسیارەوەو لە لایەکی دی گیانی تۆڵە سەندنەوە لای هاولاتیان درووست دەکات.

٣- هەڵگرتنـــی ئەو کۆتو بەندانەی کە بەهۆی یاســـای خۆپیشـــاندانەکانەوە لەبەردەم خۆپیشاندەراندا درووســـتی کردەوە، بەوەی هەمیشـــە هاولاتیانیان لەبەرامبەر ئەو کۆتو بەندانەدا بەناچاری بە بێ مۆڵەت خۆپیشـــاندان دەکەن، بۆیە لەو نێوەندەدا وەزیفەی هێزە ئەمنیەکان ون دەبێت کە پارێزگاریکردنە لە خۆپیشاندەران، دەگۆڕێت بۆ رووبەرووبونەوەی خۆپیشاندەرانو توندووتیژی لێدەکەوێتەوە.

٤- پێویســـتە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی ورد لەســـەر خۆپیشـــاندانەکانی ١٧ی شوباتو رۆژانی دوایی بکرێت، چونکە ئەو رووداوانە ســـەرەرای ئەوەی قۆناغێکی نوێی لە مێژووی سیاســـی هەرێم هێنایە ئاراوە، رووداوێکی ئاسایی نەبوونو کاریگەری لەسەر تاکی کورد درووســـت کردووە، بەوەی دەســـەلاتی کوردی لە هەموو لەحڤەیەکـــدا ئامادەیی بۆ خوێن رشتن هەیە.

# چوارەم/ سەرچاوەکان

بەشـــی زۆری سەرچاوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە پشتی بەستووە بە سایتە ئەلکترۆنیەکان، بەو پێیەی رووداوی خۆپیشـــاندانەکانی ١٧ی شـــوباتو رۆژانی دوایی بەشـــێوەی هەواڵو راپۆرتە هەواڵ رۆژانە لەو سایتانە بڵاو دەبوونەوە، جگە لەو بابەتانەی پەیوەندی بە مێژووە هەیە بەتایبەتیش رووداوی ٦ی ئەیلولی ١٩٣٠ کە لە ســـەرچاوەکاندا پشت بە ژمارەیەك کتێب بەسترا، لەبەر ئەوەی زۆرێك لە سایتەکان سیستمی ئارشیف کردنیان خراپ بوو، یاخود تێکەڵو پەرشو بڵاوبووە، بۆیە بەناچاری چەند سایتێکی دیاریکراو وەرگیراون، بەتایبەتیش سایتەکانی(ســـبەی، خەندان، لڤین، پەیامنێر، ...هتد) چونکە لـــەم لێکۆڵینەوەیەدا تەواوی هەواڵو راپۆرتی رۆژ بەرۆژی ئەو ســـایتانە دەرهێنراوەو سودیان لێبینراوە، کە بە نزیکەی (هەزار) هەواڵو راپۆرت ئەژمار دەکرێن.

## یەکەم/ کتێب


١- ئەحمەد حەمدی بەگی ساخێبقڕان، دیوان، چاپخانەی ئەسعەد بەغداد ١٩٥٧ .

٢- ئومێد ئاشـــنا، دیوانـــی پیرەمێردو پێداچوونەوەیەکی نوێ بـــە ژیانو بەرهەمەکانی، بەرگی یەکەم، چاپی هەولێر، ٢٠٠١ .

٣- دیوانی ئەخۆل، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، لاپەرە ١٣٩.

٤- دیوانی بێکەس، ئومێد ئاشـــنا رێکی خســـتووەو لێی زیادکردووەو پاشکۆی بۆ داناوە، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠٠٥ .

٥- جەمال بابان، ســـلێمانی شـــارە گەشـــاوەکەم، بەرگی دووەم، دەزگای رۆشـــنبیریو بڵاوکردنەوەی کوردی، ساڵی ١٩٩٨ .

٦- دیوانی شاخ نوری شێخ ساڵح، ئامادەکردنو ساغکردنەوەی ئازاد عەبدولواحد، بەرگی یەکەم، چابخانەی جاحز بەغداد ١٩٨٩.

٧- دیوانـــی قانـــع، کۆکردنـــەوەی بورهـــان قانـــع، چاپی چـــوارەم، ســـلێمانی ٢٠٠١، لاپەرە(٢٨٤).

٨- دیوانـــی گۆران، ئامادەکردنـــی محەمەدی مەلا کەریم، لە چاپخانـــەی کۆڕی زانیاری عێراق، چاپی بەغداد.

٩- عەلادین ســـجادی، شۆرشـــەکانی کورد، کوردو کۆمـــاری عێراق،چاپخانەی مەعالایف، چاپی یەکەم، ١٩٥٩.

١- نەوشـــیروان مستەفا ئەمین، کوردســـتانی عێراق، ســـەردەمی قەڵەمو موراجەعات، ١٩٢٨- ١٩٣١، چاپو بڵاوکردنەوەی، مەڵبەندنی ئاوەدانی کوردســـتان بەرلین – ئەڵمانیا، ساڵی ٢٠٠٠.

## دووەم/ گۆڤارو رۆژنامەکان

١- ئـاوات محەممەد ئەمیـن، بەهاری عەرەبی، زریانێك لە هەڵكردنـدا، گۆڤاری كەوانە، ژمارە (٧)، شوباتی ٢٠١٢.

٢- ئەحمـەد میرە، ئێوە لەکێ دەچن؟ گۆڤاری لڤیـن، ژمارە ١٥٥ لە ١٠ /٣/ ٢٠١١، دوا لاپەڕە.

٣- نەوشـیروان مسـتەفا ئەمین، چەند راسـتیو بەڵگـە نامەیەك، لـە بڵاوكراوەكانی هەفتەنامەی سلێمانی نوێ، شارەوانی سلێمانی، ٢٠٠٢، لاپەرە ١٤.

٤- جەمال بابان، رۆژی گەشـی شەشـی ئەیلول (شـەری بەردەركی سـەرا) رۆژنامەی كوردستانی نوێ، ژمارە (٥٣٧٥) دووشەمە ٢٠١٠/٩/٦ .

٥- كوردستانی نوێ، ژمارە (٥٤١٣) بەرواری ٢٠١١/٢/٢٤، ریپۆتاژ، لاپەرە ١٤ – ١٥ .

٦- كاوە محەمـەد، تووڕەیـیماڵیی ناكرێ، هەفتەنامەی (ئاوێنە)دا، گۆشـەی پەنجەرە، ژمارە (٢٧٣)ی رۆژی ٢٠١١/٥/٣. .

٧- رۆژنامەی هاوڵاتی لە ژمارە (٧٠٦) چوارشەممە ٢٠١١/٢/١٦

## سێیەم/ سایتەکان

بەشـێك لەو لینكانەی سـایتەكان كە وەرگیراون تەنها بۆ وەرگرتنی هەواڵ وەرگیراون بۆیە، تەنها لینكەكە دادەنێین.

١- زەینەلعابدین بن عەلی، ماڵپەری،ویكیپیدیا/
http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B2%D98%A%D986%_%D8%A7%D984%%D8%B9%D8%A7%D8%A8%D8%AF%D98%A%D986%_%D8%A8%D986%_%D8%B9%D984%%D98%A

٢- میسر، لە لێواری ئاڵوگۆڕدا، خالیدی حاجی ئەحمەد، سایتی سبەی، ٢٠١١/١/٢٩ /
http://www.sbeiy.com/(S(3ws4ui3ayhbbwbgt0rjon5d5))/ku/inter_report_detail.aspx?id=536&cat=1&title=

٣- حەكیـم ئەبوبەكـر، راپۆرتێكی مەیدانـی لە مەیدانی تەحریری میصـرەوە چۆنیەتی سەركەوتنی ئەو شۆڕشە دەگێڕێتەوە، سایتی ناوەندی ئەیوبی/
http://aubyc.com/mezhunasi/155-mezhuy-hawcharkhy-islamy/321-maedani-tahrer

٤- دەشتی سالار، هەرێم مانگێك لە خۆپیشاندانو نارەزایی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٩/
http://www.sbeiy.com/ku/Inter_Report_Detail.aspx?id=542&cat=1&title=1

٥- بەیاننامەكەی (١/٢٩) ی گۆران چی بەدوای خۆیدا هێنا، ساتی سبەی/ ٢٠١٢/١/٢٨/
http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=3297&LinkID=14

٦- شۆڕشی فەیس بووك، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/١٤ /
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=33869&cat=1

٧- بەیاننامەی تۆڕی بەرگری لە مافو ئازادیەكانی خەڵك، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/١٦/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=21710&Jor=1

٨- ئەو پێشمەرگە دێرینەی بریاری خۆسوتانیدا، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/١٦/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=33924&cat=1

٩- لەسلێمانی جوڵەی شەقام پەرەدەستێنێ، سایتی لڤین، ٢٠١١/٢/١٦ /
http://www.lvinpress.com/newdesign/Dreje.aspx?Jimare=2609

١٠- نێچیرڤان بارزانی: پەنجەی تۆمەت بۆ كەس درێژناكەین، سایتی لڤین، ٢٠١١/٢/١٨/
http://www.lvinpress.com/newdesign/Dreje.aspx?Jimare=2647

١١- هیوا ئەحمەد مستەفا، چاوپێكەوتنی كەناڵی زاگرۆز، ماڵپەری یوتیوب/
http://www.youtube.com/watch?feature=player_embedded&v=RmQFc0X9uNo

١٢- هەواڵی خۆپیشاندانەكان، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/١٧/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=21745&Jor=1

١٣- هاتوچۆ لە سلێمانی قەدەغەكرا، ساتی خەندان، ٢٠١١/٢/١٧ /
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=21752&Jor=1

١٤- فازل میرانی، سایتی پەیامنێر، ٢٠١١/٢/١٨ /
http://www.peyamner.com/PNAnews.aspx?ID=224045

١٥- بەرپرسی لقی چوار، ئاژانسی پەیامنێر، ٢٠١١/٢/١٧/
http://www.peyamner.com/PNAnews.aspx?ID=223957

١٦- نێچیرڤان بارزانی، ئاژانسی پەیامنێر، ٢٠١١/٢/١٨ /
http://www.peyamner.com/PNAnews.aspx?ID=224083

١٧- محەمەد تۆفیق رەحیم، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/١٧ /
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=33954&cat=1

١٨- نێچیرڤان بارزانی، ئاژانسی پەیامنێر، ٢٠١١/٢/١٨ /
http://www.peyamner.com/PNAnews.aspx?ID=224083

١٩- روونكردنەوەكەی د. بەرهەم ساڵح، سایتی خەندان، ٢٠١٣/٧/٣١ /
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=64133&Jor=1

٢٠- لە ١٩٣٠/٩/٦ لە بەردەركی سەرا چی رویدا؟، پەیجی سلێمانی شارە حەیاتەكە، ٢٠١١/٩/٦/
https://www.facebook.com/slemani1/posts/276871622418661

٢١- محەمەد مێرگەسۆری، یاخیبوونی مەدەنی (٦)ی ئەیلولو راگەیاندن، بەشێك لە توێژینەوەی ئەکادیمی، سایتی پوك هۆشیاری، ٢٠١١/٩/٢٠ /

http://www.pukhoshiari.com/(A(KLVOkiR_zgEkAAAANTBiODVmMDUtODg5Yy00MDY4LTljOWEtMjdmMzg2NGMyNDdjwjRvf9dDovxaUAo7mVOKREphWgc1))/Detail.aspx?id=1398&LinkID=3

٢٢- سلێمانی: ژمارەی ژمارەی بریندارەکانی خۆپیشاندانەکە، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/١٩/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34021&cat=1

٢٣- لە خۆپیشاندانەکانی دوێنێدا ٤٨ کەس برینداربوون، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٠/

http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=21835&Jor=1

٢٤- روداوەکانی شاری سلێمانی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢١ /

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34084&cat=1

٢٥- زیانەکانی کەناڵی نالیا، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٠ /

http://xendan.org/Print.aspx?=Hewa&Jmara=21802&Jor=1

٢٦- ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆ، سایتی سبەی،٢٠١١/٢/٢٣/

http://www.sbeiy.com/ku/newsdetail.aspx?id=34182&cat=1

٢٧- متمانە بە کابینەکەی دکتۆر بەرهەم ساڵح درایەوە. سایتی خەندان،٢٠١١/٣/٩/

http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=22563&Jor=1

٢٨- سەنتەری میترۆ، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٠/

http://xendan.org/Print.aspx?=Hewa&Jmara=21828&Jor=1

٢٩- سەرۆکی حکومەت سوتاندنی کەناڵی نالیا مەحکوم دەکات، سایتی خەندان،٢٠١١/٢/٢٠/

http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=21825&Jor=1

٣٠- پەیامنێرانی بێسنور، سایستی سبەی، ٢٠١١/٢/٢٢/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34151&cat=1

٣١- ددادگاییکردنی تۆمەتبارانی کەناڵی نالیا، سایتی سبەی، ٢٠١١/٣/١٧/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34874&cat=1

٣٢- کەلار: رادیۆی دەنگ هێرشی کرایە سەر، سایتی ئێن ئارتی، ٢٠١١/٣/٦/

http://nrttv.com/dreje.aspx?jimare=224

٣٣- رۆژنامەو سایتی (هاوڵاتی) نوسینگەکەیان چۆڵکرد، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/١٨/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=33971&cat=1

٣٤- سـلێمانی: خۆپیشاندەران گوڵو شـیرینی دەدەنە هێزە ئەمنییەکان، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٢/

http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=21928&Jor=1

٣٥- سەرۆکی زانکۆی سلێمانی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢٠/

٣٦- http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34052&cat=1

٣٧- لەتیف فاتیح فەرەج، هەینی لەنێوان شیوەنو شادیدا، سایتی خەندان، ٢٠١١/٣/١ /

http://xendan.org/drejaWtar.aspx?NusarID=22&Jmara=2550

٣٨- زانکـۆی سـەلاحەدیین بڕیاریـدا تـا ١-٤ بکرێت پشـوی زانکۆ، سـایتی سـبەی، ٢٠١١/٢/٢٤/

٣٩- http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34203&cat=1

٤٠- ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/١٩/

٤١- http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34014&cat=1

٤٢- ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێسنوور، ساتی ریپۆرتەر، ٢٠١١/٢/٢٨ /

http://en.rsf.org/iraq-death-threats-and-targeted-282011,39637-02-.html

٤٣- ئەمنستی ئینتەرناشناڵ، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢٢/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34149&cat=1

٤٤- لەندەن: خۆپیشاندانی رەوەندی کورد، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/١٨/

١=cat&٣٣٩٧٦=http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id

٤٥- خۆپیشاندانێکی گەورە لە ئۆسلۆ، سایتی لڤین، ٢٠١١/٢/٢٥/

http://www.lvinpress.com/newdesign/Dreje.aspx?Jimare=2834

٤٦- پەیامی رەوەندی کوردیی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢١/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34080&cat=1

٤٧- خۆپیشاندانەکەی هەڵەبجە، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢٢/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35013&cat=1

٤٨- کەلار: خۆپیشاندان، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٥/

http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=22069&Jor=1

٤٩- خۆپیشاندان لە چەمچەماڵ، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢٥/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34269&cat=1

٥٠- عەدنـان کەریم: خۆپیشـاندەران دڵسـۆزترین چینی ئەم گەلەن، سـایتی سـبەی، ٢٠١١/٣/١٤/

http://www.sbeiy.com/(S(j1hmyz1rhbxuxosefdc5f12g))/ku/print/Dosya_Rozhnama.aspx?ArticleID=1248

٥١- راســتییەك بۆ مێــژوو وەكوو خۆی، كەی و چۆن و بۆچی چوومە ســەرای ئازادی؟، مەلا كامەران عەلی خوارەحم، سایتی بەیان، ٢٠١٣/٢/٢٨ /
http://www.bayanpress.net/Article_Detail.aspx?Articleid=272&AuthorID=141
٥٢- وتارخوێنی بەردەرکی سەرا، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٥/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=22067&Jor=1
٥٣- ئاسایششی سلێمانی، سایتی ئێن ئارتی، ٢٠١١/٤/٤ /
http://nrttv.com/dreje.aspx?jimare=920
٥٤- لیژنەی لێكۆڵینەوە لەرووداوەكانی ســلێمانی یەكەمین كۆبوونەوەی سازكرد، سایتی خەندان، ٢٠١١/٢/٢٣/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=21991&Jor=1
٥٥- وتەبێژی ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی، سایتی سبەی،٢٠١١/٢/٢٧ /
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34343&cat=1
٥٦- متمانە بە كابینەكەی دكتۆر بەرهەم ساڵح درایەوە، سایتی خەندان، ٢٠١١/٣/٩/
١=Jor&٢٢٥٦٣=http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara
٥٧- كەمال كەركوكی: خەریك بو ببێت بە ٦٦، سایتی سبەی،٢٠١١/٣/١١/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34718&cat=1
٥٨- وتەبێژی ئەنجومەنی كاتی سەرای ئازادی، سایتی سبەی،٢٠١١/٣/٥/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34506&cat=1
٥٩- ناسك قادر لە وەڵامی نامەكەی تاڵەبانیدا، سایتی سبەی،٢٠١١/٣/١٧/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34885&cat=1
٦٠- هێزێكی چەكدارخێمەكانی مەیدانی ئازادیان سوتاند، سایتی لڤین، ٢٠١١/٣/٦/
http://www.lvinpress.com/newdesign/Dreje.aspx?Jimare=2962
٦١- ئەنجومەنی كاتی سەرای ئازادی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٣/٦/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34522&cat=1
٦٢- لەخۆپیشاندانەكەی دوێنێی قەزای كۆیە، سایتی سبەی،٢٠١١/٣/٨/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34621&cat=1
٦٣- سلێمانی: ٥٠ خۆپیشاندەر بریندار بوون، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/١٧/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35681&cat=1
٦٤- بەپەلە...سەكۆی مەیدانی ئازادی سلێمانی سوتێنرا، سایتی لڤین، ٢٠١١/٤/١٨/
http://www.lvinpress.com/newdesign/Dreje.aspx?Jimare=3414
٦٥- ئاماری بریندارەكانی دوێنێی سلێمانی، سایتی خەندان، ٢٠١١/٤/١٩/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=24111&Jor=1

٦٦- هەولێر؛ لە ڕێوشوێنێکی ئەمنی توندا خۆپیشاندان کرا، سایتی سبەی،٢٠١١/٤/١٨/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35704&cat=1

٦٧- سەرای ئازادی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/١٨/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35714&cat=1

٦٨- دەسەڵات سلێمانی کردوەتە سەربازگە، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/١٩/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35733&cat=1

٦٩- خوێندکاران‌و مامۆســتایانی زانکۆی سلێمانی بەرەو دادگا بەڕێکەوتن، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/١٩/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35732&cat=1

٧٠- ڕێبین هەردی لەلایەن چەکدارەکانی یەکێتییەوە ئەشــکەنجە دراوە، ســایتی سبەی، ٢٠١١/٤/٢٠/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35780&cat=1

٧١- چەکدارانی یەکێتی هەڵیانکوتایە سەر حەرەمی زانکۆ، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/١٩/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35761&cat=1

٧٢- هەڵیانکوتانە ســەر کۆلێژی زانســتە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی کۆیە، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/١٩/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35731&cat=1

٧٣- ڕانیە؛خۆپیشاندانی جەماوەری بەڕێوەدەچێت، سایتی سبەی،٢٠١١/٤/١٩/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35752&cat=1

٧٤- خۆپیشاندان‌و توندوتیژیی چەند شارێکی تر دەگرێتەوە، سایتی لڤین، ٢٠١١/٤/١٩/
http://www.lvinpress.com/newdesign/Dreje.aspx?Jimare=3447

٧٥- لەتوندوتیژییەکانی سلێمانیدا ٩٠ کەس برینداربوون، سایتی خەندان،٢٠١١/٤/١٩/
http://xendan.org/dreja.aspx?=hewal&jmara=24137&Jor=1

٧٦- ڕێکخراوی پەیامنێرانی بێ سنور، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/١٩/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35763&cat=1

٧٧- ڕێکخراوی هیومان رایتس ۆچ، سایتی سبەی، ٢٠١١/٤/٢٢/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35849&cat=1

٧٨- فەرمانی دەســتگیرکردن بۆ پێنج لیســت لە داواکراوان دەردەچێت، ســایتی سبەی، ٢٠١١/٨/٢/
http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=38387&cat=1

٧٩- ڕاپۆرتی سەنتەری میترۆ، سایتی سبەی، ٢٠١٢/١/١٤ /
http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=2841&LinkID=14

٨٠- رۆژمێری خۆپیشـــاندانەکانی هەرێمی کوردســـتان ١٧ی شوبات ١٩ی نیسان/٢٠١١، ٢٠١٣/٢/١٦/

http://www.sbeiy.com/Detail.aspx?id=3975&LinkID=14

٨١- مەریوان وریا قانیع، بۆ سەرای ئازادی، شوێنێك بۆ خەون‌و شوێنێك بۆ ئازادی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٣/٢٢/

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34988&cat=1

٨٣- بەختیار عەلی، وتاری لە سەرای ئازادی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٠٤/٢ /

ttp://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35307&cat=1

٨٤- ئاراس فەتاح، لە سەرای ئازادی سلێمانی خوێندرایەوە، ٢٠١١/٤/٣ /

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=35343&cat=1

٨٥- ڕێبین هەردی، توندوتیژی‌و ئەفسانەکانی، سایتی ئاوێنە/

http://www.awene.com.greenhost.nl/opinion/%D8%AA%D988%%D986%%D8%AF%D9%88%D8%AA%DB%8C%DA%98%DB%8C%E28%80%C%D988_%%D8%A6%D987%%E28%80%C%D981%%D8%B3%D8%A7%D986%%D987%%E28%80%C%DA%A9%D8%A7%D986%%DB%8C

٨٦- سۆران عومەر، بەم خوێنە پارتی تەمەنی خۆی کەم کردەوە، ساتی کوردستان پۆست، ٢٠١١/٢/١٧ /

http://www.kurdistanpost.com/view.asp?id=809c01d8

٨٧- ئاسۆ جەبار، کۆمەڵگەی زیندو، دەسەڵاتی مردو، سایتی سبەی، ٢٠١١/٣/١٥ /

http://www.sbeiy.com/ku/newsDetail.aspx?id=34809&cat=1

٨٨- کاوە محەمەد، تووڕەییماڵیی ناکرێ، هەفتەنامەی (ئاوێنە)دا، گۆشەی پەنجەرە، ژمارە (٢٧٣)ی رۆژی ٢٠١١/٥/٣. .

٨٩- مایـــکڵ رۆبن/ بۆ خۆپیشـــاندەرانی ئازادیخوازی ســـەرای ســـلێمانی، ســـایتی لڤین، ٢٠١١/٤/٤/

http://www.lvinpress.com/newdesign/DrejeB.aspx?Jimare=470

٩٠- نەبەز گۆران، دەوارەکانی ئازادی، سایتی سبەی، ٢٠١١/٣/٦ /

http://www.sbeiy.com/ku/article_detail.aspx?ArticleID=4246&AuthorID=264

٩١- هەردی مەهدی، تفەنگەکان نانون، سایتی سبەی، ٢٠١١/٢/٢٥/

http://www.sbeiy.com/article_detail.aspx?ArticleID=4160&AuthorID=810

٩٢- د. یاســین سەردەشــتی، گەلان خوازیارن سیســتمێك ئاوا بکەن، ســایتی ســبەی، ٢٠١١/٢/٢٤

http://sbeiy.com/article_detail.aspx?ArticleID=4154&AuthorID=484

٩٣- جەمال حسێن، روداوێکی بەردەوام، سایتی خەندان، ٢٠١١/٣/١٦ /

http://xendan.org/drejaWtar.aspx?NusarID=220&Jmara=2660

# پێنجەم/ پاشکۆکان

## پاشکۆی ژمارە (۱)
## بەیاننامەی بزووتنەوەی گۆڕان
## بەیاننامەی بزوتنەوەی گۆڕان دەربارەی هەلومەرجی ئێستای کوردستان
## هاونیشتیمانانی سەربەرزی کوردستان

وەك هەمــوو بەچــاوی خۆتان ئەبینــن رۆژی کەوتنی رژێمە دیکتاتــۆرەکان لە زۆربەی وڵاتە ســتەمکارو داخراوەکانی دنیاو ناوچەکە دەســتی پێ کردووەو شــەپۆلێکی نارەزایی لەپێناو ئازادیو دادپەروەریدا جەمــاوەری وڵاتە جیاوازەکانی تەنیوە. هاوار لەپێناو ئازادیو دادپەروەریدا خەڵکی رژاندۆتە سەر شەقامو ترسی خستۆتە دڵی هەموو ستەمکاران، لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش پایتەختە گەورەکانی دنیا پێشوازی لەو گۆڕانە دیمۆکراتییە دەکەنو پشتیان کردۆتە ستەمکارو دیکتاتۆرەکان.

ئێمە لە کوردســتان لە کاتێکدا بە خۆشحاڵییەوە پێشوازی لەو شەپۆلی گۆڕانە دەکەینو ســات لە دوای ســات چاودێری پاشــهاتەکانی ئەکەین، لە هەمان کاتدا بــە نیگەرانییەوە دەڕوانینــە خەمســاردیی دەســەڵاتدارانی ئەمــڕۆی کوردســتان کە هیــچ هەنگاوێکی راستەقینەیان بەرەو دیمۆکراتیزەکردنی سیستمی فەرمانڕەواییو عەدالەتی کۆمەڵایەتیو دابینکردنی خزمەتگوزاریو پێداویســتیە ســاناکانی رۆژانەی خەڵکی کوردستان نەناوە، لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان چاوەڕێ بوون لە دوای راپەرینەکەی ۱۹۹۱وە جۆرێك سیستەمی حوکمڕانــیو دیموکراســی دابمەزرێنێ، کە هەمــوو ناوچەکە ناچار بە لاســاییکردنەوەی بکاتو گەلی کوردســتان ببێتە پێشــەنگی گۆڕان بەرەو دیمۆکرســیو دادپەروەری، بەڵام رووداوەکانــی دوای راپەریــن هەموو ئــەو چاوەڕوانیانەی لەناو برد. کوردســتان نەك هەر نەیتوانی ئەو نمونە دیمۆکراسـیە بێت کە شــوێنەکانی تر ناچار بکات لاســایی بکەنەوە. بەڵکو سیستەمێکی حوکمڕانی حیزبی پر لە ستەمکاری دروست کرد کە بووەتە نمونەیەکی خراپی لاساییکردنەوە.

**هاونیشتیمانانی سەربەرزی کوردستان**

دوای نزیکەی دوو ساڵ لە دەرکەوتنی ئەزمونی ئۆپۆزیسیۆنی پارلەمانی لە کوردستاندا خەڵکی کوردستان ئومێدیان وا بوو کە دەسەڵاتدارانی هەرێم بە خۆیاندا بچنەوەو دەرکەوتنی ئـەو ئەزمونـە بکەنە دەرفەتێك بـۆ دیمۆکراتیزەکردنـی فەرمانڕەوایـیو دامەزراندنی سیسـتەمێکی پارلەمانی راستەقینەو باشـکردنی گوزەرانی هاوڵاتیانو دابینکردنی هەلی کارو خۆپێگەیاندن بۆ گەنجانو بە نیشـتمانیکردنی مەنزومەی ئەمنیو بەرگریی هەرێمو جیاکردنەوەی دەسـەڵاتی حیزب لە دەسـەڵاتی حکومەت. بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانی خەڵکییەوە دەسەڵاتداران بە بەرنامە کار ئەکەن بۆ نابوتکردنی دەزگا نیشتمانیەکان لەسەرو هەموشیانەوە پارلەمانی کوردستان کە رۆڵی رەقابی خۆی بە تەواوی لە دەست داوەو ئەوە ساڵ ونیوێك بەسەر تەمەنی ئەم خولەی پارلەماندا تێ ئەپەڕێ تا ئێستا دەسەڵاتی ئەوەی نەبووە لێپێچینەوە لەگەڵ تاکە بەرپرسـێکی ئەم هەرێمەدا بکا، تەنانەت ئەو حکومەتەی کە شەرعییەتی لە پەرلەرمان وەرگرتووە ئامادە نییە ئیعتیراف بە دەسەڵاتی پەرلەمان بکاو وەڵامی پرسیارەکانی بداتەوە.

ئێمە لە بزوتنەوەی گۆڕان چەندین جار بە گوتاری نوسراوو زارەکی، چەندین جار لە رێگەی فراکسـیۆنەکانمانەوە لە کوردستانو بەغدا، دەسەڵاتدارانی هەردوو حیزبی فەرمانڕەوامان لە مەترسـیو پەرەسەندنی ئەم دۆخە ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام جار لە دوای جار رووبەڕوی خەمساردیی زیاترو بێباکیی زیاتر بوینەتەوە. بۆیە ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بزوتنەکەمان بە راشـکاویو بە ئـاگاداری ئێوە ئەم داواکاریانە پێشـکەش بە دەسـەڵاتدارانو هەموو هێزە سیاسـیەکانی کوردسـتان بکات وەك رێگەچارەیەکی راستەقینە بۆ کۆتاییهێنان بەم سیسـتەمە حیزبسالاریەو دامەزراندنی سەرەتایەکی تازەی حوکمڕانی کە جێی رەزامەندی ئێوەو شانازی هەموان بێت:

١- مەنعی سـەرکردایەتی پارتیو یەکێتی لە هەمو جۆرە دەسـتێوەردانێ لە کاروباری: حکومەتو دائیرەکانی، پارلەمان، دادگا، ئاسایش، پێشمەرگە.

٢- مەنعی دامەزراوەکانی ئاسـایش، زانیاریو پاراسـتنو پێشـمەرگە لـە هەمو جۆرە دەستێوەردانێ لە کاری سیاسـی خەڵكو چالاکیە جەماوەریەکان، گۆڕینی بەڕێوەبەرەکانی ئەم دەزگایانە بە کەسانی بێلایەنی پیشەیی.

٣- هەڵوەشـاندنەوەی حکومەتـە حیزبیەکـەی ئیسـتای یەکێتیو پارتـیو پێکهێنانی حکومەتێکی ئینتیقالی تەکنۆکراتی بێلایەن.

٤- هەڵوەشاندنەوەی ئەم پارلەمانەی ئێستا.

٥- ئامادەکردنی زەمینەی هەڵبژاردنێکی نەزیهی بێ تەزویر بۆ پارلەمانی کوردستان کە لە٣ مانگ تێ نەپەڕێ.

٦- گێڕانـەوەی موڵـكو ماڵـی داگیرکـراوی حکومەتو خەڵـك لە لایـەن حیزبەکانو کاربەدەستەکانیەوە.

٧- کێشـــانەوەی رەشنوسی دەستوری هەرێمو هەمو ئەو یاســـایانەی پەیوەندیدارن بە سیستەمی حوکمڕانی ولآتەوەو حەواڵەکردنیان بۆ پارلەمانی داهاتو.

ئێمە لەکاتێکدا ئەم خواستە جەماوەریە رائەگەیەنین:

داوا لە هەموو هێزە سیاسیەکانی کوردستان ئەکەین پشتگیری خۆیانی بۆ دەرببڕن.

داوا لە دەسەڵاتدارانی کوردستان ئەکەین کە لە ئاستی بەرپرسیارێتی مێژویی خۆیان دا بن بۆ جێبەجێکردنی.

**بزوتنەوەی گۆڕان**

**٢٩ ی ١ ی ٢٠١١**

**پاشکۆی ژمارە (٢)**

**بەیاننامەی هاوبەشی پ.د.كو ی.ن.ك**

**گەلی ئازادی خوازی كوردستان!**

لەكاتێكـــدا، ســـەرۆكی هەرێم، پەرلەمـــانو حكومەتی هەرێمی كوردســـتان، هێزەكانی ئیئتیلافی كوردستانی، لەگەڵیاندا، رای گشتی گەلەكەمانو رێكخراوو سەندیكاو خەمخۆرانی بەدیهێنانی ئامانجە بەدینەهاتووەكانی كوردســـتان، تێكڕا ســـەرقاڵی ئەوەین لە بەغدادی پایتەختـــی عیراقدا، دوای پێكهێنانی حكومەتی نوێی عیراق، بە ســـەرۆكایەتی بەڕێز نوری مالیكی، ئەو (١٨) خاڵەی لەســـەری رێكەوتوین، بەتایبەتی مـادەی (١٤٠)ی نـاوچە كێشـــە لەســـەرەكان، ئیتر باشتر بخرێنە بواری جێبەجێكردنو بەهۆی یەكڕیزی هێزە سیاسیەكانی كوردســـتانەوە، رێگە نەدەین چیكە جێبەجێكردنی داخوازییە دەستووریو سیاسییەكانمان، دوابخرێ. ئەمە ســـەرباری ئەوەی ســـەرانی گـــۆڕان، پوازێكی یەك لایەنەیـــان كوتایە ناو هاوسەنگەریو یەكڕیزی هێزە كوردستانیەكانو هەڵوێستی توندڕەوانەیان لە بەغداد نواندو ئیئتیلافی كوردســـتانیان جێهێشت، بەڵام سوربونمان لەســـەر داخوازیەكانو چەسپاندنیان لەگەڵ زۆربەی هێزە عیراقیەكان، دڵنیاییەكی سیاسی بۆ دروستكردوین. بۆئەوەی سیاسەتی تەفریقەی گۆڕانیش، كەمترین زیان بە هێزە كوردستانیەكانو گەلەكەمان بگەیەنێت، هەر سیاسەتێكی نەرممان بەرامبەر سەرانی گۆڕان نواندو پەیتاپەیتاش هەوڵیان لەگەڵ دراوە، كێشەكانیان لەگەڵدا چارەسەر بكرێ، بەڵام..

**ئەی خەڵكی بەشەرەفی كوردستان!**

وادیـــارە ســـەرانی گـــۆڕان، ئەم نەرمیەو ئەم سیاســـەتە پڕ لە هەســـتی نیشـــتمانیو نەتەوایەتیەیـــان بە خراپو بەلاوازی لێكداوەتەوە، بۆیە، ئەم ئێوارەیە، بەیاننامەیەكیان بۆ دژایەتی ســـەرۆكایەتی هەرێمو پەرلەمانو حكومەتی بەشەرعی هەڵبژێردراوی كوردستان دەركردووەو بەڕەســـمی، بەناوی ســـەرانی گۆڕانەوە، داوای هەڵوەشـــاندنەوەی پەرلەمانو حكومەتی كوردستان دەكەن، لە وەڵامی ئەم سیاسەتە نامەسئولانەیەی بەناو بزووتنەوەی گۆڕان، هەردوو مەكتەبی سیاســـی پارتی دیموكراتی كوردســـتانو یەكێتیی نیشـــتمانیی كوردستان، رایدەگەیەنین كەوا:

یەكەم: ســـەرانی گۆڕان، بـــە تاقی تەنها، ئۆباڵـــی ئەم بەیاننامەیەو ئەم هەڵوێســـتە سیاســـییەی دژایەتی شەرعیەتی پەرلەمانو حكومەتی كوردستان، تەحەمول دەكەن، هیچ لایەنێكی تر، لە هێزە كوردستانیەكان، لەگەڵیاندا نین.

دووەم: یەكێتیی نیشـــتمانیی كوردســـتانو پارتی دیموكراتی كوردستان، رایدەگەیەنین كەوا، بەتەواوی توانامان، توانای فراكســـیۆنەكەمان لە پەرلەمـــان، توانامان لە حكومەتی كوردســـتان، توانای حزبی، جەماوەری، سیاســـیو پەیوەندی نێونەتەوەییمان، دژی هەموو پیلانێكی ئاژاوەگێڕی دەوەســـتینو رێگە نادەین هێزێكـــی كودەتاچی، دۆخی ئارامی بازاڕو كاســـبی خەڵك، گوزەرانی خەڵك، ئاسودەیی خەڵك، خۆشبەختی خەڵك.. لەسایەی ئەزمونی

دیموکراسیو ئازادیو ئاسایشی کوردستان تێکبدەن.

سێهەم: بەرپرسیارێتی هەموو ڕووداوێکی گەورەو بچوکی کوردستان، لەناو خەڵك، لەناو دامودەزگاکان، بارەگاکان، بانکەکان، میوانو دۆستانی کوردستان، هەر ڕووداوێك، ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، ڕووبدات، یەکێتیو پارتی، ڕاستەوخۆ، سەرانی گۆڕان بە بەرپرسیار دەزاننو ڕووبەڕووی سزای یاسایی ئاشکرایان دەکەین.

**گەلی ئەزموندیدەی کوردستان!**

خۆتان شایەتن کە یەکێتییو پارتی، لە دەیان ساڵی ڕابوردوودا، بۆ بەدیهێنانی ئەم دەستکەوتانەی کوردستان، پشت ئەستور بە گەلەکەمان، چەند شەهیدی بەخشیوەو چەندیش بەرگەی ڕۆژگارە سەختەکانو سیاسەتی فاشیستەکانی گرتووە، بۆیە، دڵنیاین، گەلەکەمان، کە ئەنفالو کیمیابارانو نەهامەتیەکانی تەرحیل، تەعریبو تەبعیسیشی دیوە، هەرگیز ڕێگە نادات، تاقمێکی قین لەدڵی ئاژاوەگێڕ، ئەزمونەکەمان تێکبدات، بەدڵنیاییەوە، دڵنیاشتان دەکەین، شەرعیەتی پەرلەمان، حکومەت، هەروا ئاسایش، ئازادیو ئاسودەیی خەڵك، بەهیچ تاقمێکی ئاژاوەچی تێکناچێت، بەڵکو لەم پیلانەدا، بەئاسانی پیلانەکەیان تێکدەشکێت.

**جەماوەری دڵسۆزی کوردستان!**

سەرانی گۆڕان وادەزانن بەشێکی خەڵك، بۆ تێکدانی حکومەتی کوردستانو ئارامیو ئازادی خەڵك، لە هەڵبژاردندا دەنگی پێداون، نازانن تەنانەت بەشی زۆری لایەنگرانی خۆشیان لەسایەی ئەم حکومەتەدا، ئازادنو بەئازادی دەنگیان بەوان داوە، هەر لەڕێگەی پەرلەمانو حکومەتو گفتوگۆی دڵسۆزانەی هێزەکانی ئیئتیلافی کوردستانەوە، ئەو کەموکوڕیو گیروگرفتو کارە ناپەسەندانەی، جەماوەر لێی نیگەرانە، چارەسەر دەکرێنو بەدڵنیاییەوە چارەسەریشیان دەکەین، نەك بە ئاژاوەو لاساریو چەواشەکاری، بەهیواین کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وریابنو چەواشەنەکرێنو دۆخی وڵاتانی نادیموکراسو بەشمەینەتی خەڵك، بەهۆی سیاسەتی سەرانی گۆڕانەوە، بە کوردستانی ئازادو دیمکراسو ئاوەدانە بەراورد نەکرێنو دەستخەڕۆ نەبن، هەر ڕێگای دیالۆگو برایەتیو پەرۆشی پاراستنی ئەزمونەکەمانو پەرەپێدانی، ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکانە نەك ئاژاوەو ئاشوبە نانەوە لەناو خەڵکدا.

**- سەربەرزی بۆ شەهیدان.**

**- بژی جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان**

**- بێتەدی ئامانجەکانمان.**

**- تێکدەشکێنین پیلانی ئاژاوەگێڕان.**

**مەکتەبی سیاسی مەکتەبی سیاسی**

**پارتی دیموکراتی کوردستان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**شەوی ٢٠١١/١/٢٩**

## پاشکۆی ژماره (٣)
## راگەیەنراوی ١٩ حیزبی کوردستانی

**دەقی راگەیەندراوەکە:**

ئەمرۆ یەکشەممە ٢٠١١/١/٣٠ بە سەرپەرشتی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و ئامادەبوونی بەڕێزان سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکی حکومەتی هەرێم‌و جێگرانیان‌و سەرکردەو سکرتێرو نووێنەری هەموو هێزە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان، کۆبوونەوەیەك سەبارەت بەو بەیاننامەیەی کە دوێنێ بزووتنەوەی گۆران بڵاوی کردەوە ساز دراو لەسەر ئەم خالانەی خوارەوە رێك کەوتن:

١- ئێمە وەك حزب‌و لایەنەکان دووبارەی دەکەینەوە کە هەر هەولێك بۆ چاکسازی‌و گۆرانکاری دەبێت لە چوارچێوەی پرۆسەو شەرعیەتی سیاسی‌و یاسایی بێت،و پارێزگاری لەو دام‌و دەزگایانەش بێت کە دەرئەنجامی هەلبژاردن‌و ئیرادەی دەنگدەرانی کوردستانە. وە هەموو شێوازێك لە هەر لایەکەوە بێت رەتی دەکەینەوە کە ببێتە هۆی تێکدانی باری ئاسایش‌و هێمنی‌و بەیەکەوە ژیانی ئاشتی خوازانەی نێوان هێزو لایەن‌و سەرجەم پێکهاتەکانی گەلی کوردستان .

٢- جەخت دەکەینەوە لەسەر بایەخی نەتەوەیی‌و سیاسی‌و نیشتمانی‌و کارو تێکۆشانی هاوبەش لە پێناو پاراستنی دەستکەوتە نەتەوەیەکان‌و مەسەلە چارەنووس سازەکان‌و بە دی هێنانی ئەرك‌و ئامانجە نیشتمانیە بەدیهێنراوەکان.

٣- جەخت دەکینەوە لەسەر بایەخی سیاسی‌و نەتەوەیی بوونی موعارزەی یاسایی‌و ئاشتی خوازو پەرلەمانی لە هەرێمداو دانانی بەیەکێ لە دیاردە پۆزەتیڤەکانی ئەم قۆناغەی هەرێمی کوردستان .

٤- .بوونی کەم‌و کورتی‌و کێشەو گەندەلی‌و ناتەواوی لە بارو دۆخی هەرێمدا واقیعەو خوازیاری ئەوەین کە حکومەت‌و معارزەو کۆمەلگای مەدەنی‌و سەرجەم هێزەکان هەریەکەو لە پێگەی خۆیەوە بەشدار بێت لە بەرەو پێش بردنی رەوتی چاکسازی‌و کەم کردنەوەی کەم‌و کورتیەکان‌و باشتر کردنی ئاستی ژیانی هاولاتیانی هەرێم‌و پەرەپێدان بە ئەزموونە حکومرانی‌و دیموکراسیەکەی.

لە کۆتایی دا داوا لەسەرجەم هاولاتیان‌و هێزو لایەنەکان‌و نیشتمان پەروەرانی هەرێمەکەمان دەکەین پارێزگاری لە گیانی برایەتی‌و پێکەوە ژیانی نێوانیان بکەن‌و هوشیاری یاسایی‌و ئەخلاقی خۆیان بپارێزن هەروەها هاولاتیان‌و چاودێرو لایەنە پەیوەندارەکانیش دلنیا دەکەینەوە لە سەقامگیری باری سیاسی‌و ئاسایشی هەرێم.

**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**یەکێتی نیشتمانیی کوردستان**
**یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**
**کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان**
**حزبی شیوعی کوردستان**
**حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان**
**بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان**
**یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان**
**بزوتنەوەی دیموکراتی گەلی کوردستان**
**بزوتنەوەی دیموکراتی تورکمانی**
**پارتی کرێکاران‌و رەنجدەرانی کوردستان**
**حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان**
**بزوتنەوەی چاکسازیی تورکمان**
**لیستی هەولێری تورکمانی**
**ئەنجومەنی میللی کلدانی سریانی ئاشووری**
**پارتی بەیت نەهرێنی دیموکراتی**
**بزوتنەوەی دیموکراتی ئاشووری**
**پارتی دیموکراتی کلدانی**
**نوێنەری ئەرمەنەکان لە پەرلەمانی کوردستان**

## پاشکۆی ژماره (٤)
## راگەیەنراوی تۆڕی بەرگری لەمافو ئازادییەکانی خەڵك

**دەقی پەیامەکە**

پەیامی پیرۆزبایی بۆ گەلی تونسیو میسریەکانو ئاشتیو چاکسازی بۆ کوردستان

پاش چەند رۆژێکی کەم لە نارەزایەتی جەماوەریو هاتنەسەرشەقامی گەلی تونسو میسر دژ بە دیکتاتورەکانیان، سەرئەنجام دەسەلآتی ستەمکارو پرچەك لەبەرامبەر تورەبونو فشاری مەدەنیانەی خەڵك چۆکی داداو سەرۆکەکانیان شاربەدەرکرانو خۆری دەسەلآتی ستەمکاریان ئاوابوو،بێزاری خەڵك لە خراپی باری گوزەرانو نەبونی تەواوی ئازادییەکانو دەیان کێشەی تری ئابوریو کۆمەلآیەتی بە رادەیەك زۆربوو کە وەك رەشەبایەکی تورە دەسەلآتدارانی پێچایە وە.

ئێمە وەك بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان ،جگە لە پیرۆزبای گەرممان لەو سەرکەوتنە گەورەیەی گەلی راپەریوی تونسو میسر ،پشتیوان لە ئیرادەو داخوازیەکانی ئەوگەلەئەکەین .چونکە ئێمەی خەڵکی کوردستانیش دوچاری هەمان قەیرانی سیاسیو ئابوریو کۆمەلآیەتی هاوشێوەی میسریو تونسیەکان بوینەتەووە، گەر تەواو لێکچونێکیش نەبێت ئەوا بێشك خاڵی هاوبەشی پر لە مەینەتیو نەخۆشی سیاسی بەرۆکی ئەم دەسەلآتو حکومەتەی گرتوەتەوە.

**ئەی دەسەلآتدارانی هەرێمی کوردستان:**

لەسەروبەندی ئەم گۆرانکاییەگەورانەی کە رۆژهەلآتی ناوەراستی گرتوەتەوە، ئێمە وەك چالاکوانانی مەدەنیو خەڵکانی ئازادیخوازو خەمخۆری ئەم ولآتە هۆشداری بەپەلە ئەدەینە ئێوەی دەسەلآتدارو حکومرانی ئەم هەرێمە، کە هەرچی زوترە بکەونەخۆتان بۆ ئەنجامدانی چاکسازی ریشەیی لە تەواوی کایە سیاسیو ئابوریو کۆمەلآیەتیەکاندا. وە لەماوەیەکی زۆرکورتدا بەعەمەلی وەلآمی داخوازیو پرسیارە چارەنوسزازەکانی خەڵك بدەنەوە کە رۆژانە ئاراستەی دەسەلآتی حاکمو حکومەتەکەی ئێوەی ئەکەن . ئێوە دەبێت لەمەودوا کۆتای بە هەڵخەڵەتاندنو چەواشەکردنی خەڵك بهێننو بە بەڵێنی زارەکی خەڵك هیوا براونەکەن، ئەگەرنا کە شەپۆلی تورەیو بێزاری خەڵك هاوشێوەی تونسیو میسریەکان هەڵی کرد ئیدی هیچ هێزو پارتێك ناتوانێت خۆی لەبەری راگرێتو کار لەکار ئەترازێت. بۆیە دەپرسینو داوادەکەین کە ئەگەر هەرپارتو لایەنێك خەمی لەدەستچونی ئەم دەسەلآتە خودموختاریەو لە خەمی کوردوکوردستاندایە دەبێت هەرچی زوترە گۆرانکاری ریشەیی لەولآتدا بکاتو وەلآمی داخوازیەکان خەڵك بداتەوە.

**ئەی پارتو بزوتنەوە سیاسیەکانی کوردستان:**

خەڵکی کوردستان داوادەکات کە بەهۆی ململانێی حیزبایەتیو سیاسیانەی خۆتانەوە، هاوشێوەی رابوردوو خەڵك نەکەنە قوربانی دووبارە کوردستان نەکەنەوە مەیدانی شەرو

کوشــتار . وە داوادەکەیــن کە بــە ململانێی مەدەنـــیو دیموکراتیانە هەوڵــی ئالوگۆڕی دەسەڵاتو بەدیهێنانی ئامانجەکانتان بدەن. بۆیە ئێمە وەك چالاکوانانی مەدەنیو خەڵکانی ئازادیخـــواز پێتان را ئەگەیەنین کە چیتــر خەڵك لێتان قبوڵناکات تا دووبارە کوردســـتان بکەنە مەیدانی جەنگ .وە لەئەگەری روودانی هەر توندوتیژیەك ئێوەی دەسەڵاتدارو حیزبـو بزوتنەوە سیاسیەکان بەرپرسیاریەتی راستەقینەی تاوانو روداوە خوێناویەکان لە ئەستۆی ئێوەدا ئەبێت.خەڵکی کوردستانو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چیتر لێتان خۆشنابین .ئاشکراشە کە بە داوای لێبوردنکردن برینەکانی خەڵکی بەشمەینەت سارێژنابێت . بۆیە هیوادارین وە داواکارین کە بە شێوازی ناتوندو تیژی خەباتی سیاسی ومەدەنی خۆتان بەردەوامی پێبدەن . وە کۆتای بە هەرەشەو زمانزبری خۆتانو میدیاکانتان بهێنن .

**هاوڵاتیانی بەرێز:**

ئێمە وەك تـــۆڕی بەرگری لە مافـو ئازادیەکانی خەڵـــكو چالاکوانان مەدەنیو خەڵکانی ئازادیخواز بەهۆی سەرکەوتنی ئیرادەی تونسیو میسریەکان بەسەر دیکتاتورەکانیاندا، وە بۆ هۆشداری دانو بەخەبەرهێنانەوەی دەسەڵاتداران لە هەڵکردنی رەشەبای تورەی خەڵك لە سەر هەمان قەیران کە بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتوە، وە بۆ نەفرەت کردن لە جەنگو ئەگەری دوبارە دەســـتپێکردنەوەی شەری ناوخۆ لە ئەنجامی ململانێی حیزبەسیاسیەکانی کوردســـتان، رۆژی ٥ شەممە کاتژمێر ٢ ی پاشنیوەرۆ، بەرواری ١٧-٢-٢٠١١ لەبەردەرکی ســـەرای شاری ســـلێمانی، کۆبونەوەیەکی جەماوەری مەدەنی بۆ راگۆرینەوەو فشارخستنە ســـەر دەسەڵات وسەرجەم پارتە سیاسیەکان ســـازئەدەین. بەهیوای بەشداری مەدەنیانەو دوور لەتوندو تیژی هەموولایەکتان لە پێناو گەیاندنی ئامانجەکانمان بەدەسەڵات.

**تۆڕی بەرگری لە مافـو ئازادییەکانی خەڵك /سلێمانی**
**٢٠١١/٢/١٤**

## پاشكۆی ژماره ٥
## بەیاننامەی كۆمەڵێك رۆژنامەنووس

دەقی بەیاننامەكە

**خۆ سوتاندن رێگە چارە نیە**
**تكایە سەرۆكی هەرێم وەڵام**

دوای ئەوەی هەواڵی خۆسوتاندنی پێشمەرگەیەكی دێرینمان بیستو ئەوەی راگەیاندووە سبەینێ كاتژمێر چواری پاش نیوەڕۆ لە بەردەكی سەرای شاری سلێمانیدا خۆی دەسوتینێت، بە پێویستمان زانی ئەم بەیاننامەیە پێشكەشی سەرۆكایەتی هەرێمو لایەنە پەیوەندیدارەكان بكەین.

١، هەرچی زووترە رێگە لە هەرجۆرە كارێكی وەها بگیرێتو بە شێوەیەكی دور لە توندو تیژیو گوێ لە هاولاتیانی كوردستانو خواستەكانیان بگیرێتو بە دەم كێشە هەنوكەییەكانی هاولاتیانی كوردستانەوە بێن

٢، پێویستە هەردوو لایەنی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن رێگە نەدەن هێرشی راگەیاندن بۆ سەر یەكتری بەو رادەیە چڕ بكەنەوە كە دانیشتوانی هەرێم بیر لە دووبارە كردنەوەی سیناریۆكانی میسرو تونس بكەنەوە،

٣، هەرێمی كوردستان موڵكی هەموو دانیشتوانەكەیەتیو پارتی ویەكێتی كارێكیان كردووە كە خەڵكانێك لەم وڵاتەدا لە دەرەوەی ئەو دوو دەسەڵاتەوەن خۆیان بە ناومۆ دەزانن‌و بێ بەش كراون لە هەموو داهاتو سەرچاوەیەكی ئەم هەرێمە، دەبێت ئەو دوو هێزە رێگەچارەیەك بگرنە بەر كە هەموو هاوڵاتیان خۆیان بە هاونیشتیمانی ئەم هەرێمە بزانن،

٤، دەبێت لێكۆڵینەوە بكرێت بۆ كێشەكانی ئەو هاوڵاتیەو هەموو هاوشێوەكانیو رێگە نەدرێت بە هۆی جیاوازی حیزبایەتیو بیركردنەوەی سیاسیەوە قوتو بژێوی هیچ كەسێك ببڕرێت،

٥، لێپرسراوی یەكەم لە بەرامبەر هەر روداوێكدا كە لە كوردستاندا بكەوێتەوە هەر سێ سەرۆكایەتیەكەی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیرانو پەرلەمان ولایەنەكانی ئۆپۆزسیۆنەو دەبێت بە زوترین كات ئەو بارە گرژەی كوردستان كۆتایی پێ بێتو كار نەكاتە سەر ژیانی رۆژانەی خەڵكو پەكخستنی پرۆسەی سیاسی لە كوردستانو رێگەی توندو چەك نەگیرێتە بەر

١. كەمال چۆمانی(ڕۆژنامەنوس)
٢. عەلی سادق(ڕۆژنامەنوس)
٣. سالار جاف(رۆژنامەنوس)
٤. رزگار رەزا چوچانی(سەرنوسەری نوچەنێت)
٥. شەنكار عەبدولآ(ڕۆژنامەنوس)
٦. محمود یاسین كوردی(رۆژنامەنوس)
٧. پێشرەو حەمید(ڕۆژنامەنوس
٨. حسین لەتیف(نوسەرو رۆژنامەنوس)
٩. زمناكۆئیسماعیل(نوسەرو رۆژنامەنوس)
١٠. دانا سلێمان عەسكەری(ڕۆژنامەنوس)
١١. هاوكار نامۆ(سەرنوسەری گۆڤاری دەنگ)
١٢. زیرەك عەبدولڕەحمان(ڕۆژنامەنوس)
١٣. كۆچەر عەلی(ڕۆژنامەنوس)
١٤. شاخەوان كەریم(ڕۆژنامەنوس)
١٥. كاروان بەشان (ڕۆژنامەنوس)
١٦. محەمەد جەمال(فۆتۆگرافەر)
١٧. محەمەد دەربەندی(فۆتۆگرافەر)
١٨. سەرتیپ عوسمان
١٩. چۆمان شەمەیی
٢٠. ڕێكەوت مشیر(كامێرامان)
٢١. بەشدار
٢٢. ڕۆڤار سلێمان
٢٣. ڕێنوار نەجم
٢٤. سانا سلێمان
٢٥. ڕێبین ئەحمەد خدر
٢٦. دڵشاد هەرتەلی(ڕۆژنامەنوس)

## پاشكۆی ژماره ٦
## رونكردنەوەیەك لە پارێزگاری سلێمانیەوە

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**
**خوشكو برایانی بەڕێز...**
**هاوڵاتیانی شاری سلێمانی خۆشەویست...**

لە هەرێمی كوردستاندا بەپێی یاسا هەموو كەسو لایەنێك مافی خۆیەتی خۆپیشاندانو كۆبوونەوەی جەماوەریی ئەنجامبداتو داوای مافە رەواكانی بكات، هاوكات ئەركی حكومەتو لایەنە پەیوەندیدارەكانیشە بەدەنگ ئەو داواكاریانەوە بچنو هەوڵبدەن بۆ جێبەجێكردنیان،

ئێمەش لە پارێزگای سلێمانی بە هاوڵاتییانی خۆمانی رادەگەیەنین كە لەگەڵ خۆپیشاندانو مانگرتنو هەر چالاكییەكی تردایین، كە بەپێی یاسا دەبێت مۆڵەت وەربگرن تاوەكو ئێمەش هاوكاربین بۆ بەدیهێنانی ئامانجی خۆپیشاندانەكانو بتوانین كاری پێویست بكەین بۆ پاراستنی سەلامەتیی خۆپیشاندەران، بەڵام پێویستە خۆپیشاندانەكان هێمنانەو لەپێناو بەرژەوەندیی گشتیدا بن، هەروەها پێكەوە ئارامیو ئاسایشی شارەكەمان بپارێزینو بەهەموو لایەكمان رێگە نەدەین هیچ كەسێك ئاراستەی خۆپیشاندانەكان بەرەو كاری ئاژاوەگێڕییو مەبەستی تر بەرن، كە زیانی هەمووومانی تێدایە.

بەڕێزان...

ئەركی ئێمەیە سەروماڵتان بپارێزینو نەهێڵین بارودۆخی ئارامی شارەكەمان تێكبدرێت، لەبەرئەوەی كاریگەری خراپی دەبێت لەسەر باری گوزەرانی خەڵكو بازاڕ، كە ژیانی رۆژانەی دانیشتووانی ئەم شارە خۆشەویستەی پێوەبەندە.

بۆیە لێرەوە داوا لەهاوڵاتییانی شاری سلێمانیو رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیو سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەكان دەكەین، هاوكارمان بن تا بەردەوام بین لە بەرەوپێشبردنی پارێزگاكەمانو پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریی زیاترو پاراستنی ژیانی هاوڵاتییانو تێكنەدانی ئەوەی بەدەستمانهێناوە.

هەر شادو سەربەرزو سەركەوتوو بن....

لەگەڵ رێزدا.....

**پارێزگاری سلێمانی**
**٢٠١١/٢/١٧**

## پاشکۆی ژمارە ٧
## بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کوردستان

**جەماوەری خۆشەویست خەڵکی کوردستان**

ئەمڕۆ لەلایەن هەندێك حزبو ڕێکخراوی ناسراوەوە خۆپیشاندانێك لەناو شاری سلێمانی ڕێکخـــرا کە وەك لە داوای ڕێکخەرانی خۆپیشـــاندانەکە هاتبوو گوایە بۆ ئامانجی هەندێك خواستو پشتیوانی لە گۆڕانکارییەکانی تونسو میسر بووە کەچی ئاڕاستەی خۆپیشاندەران بە ڕێنوێنی هەندێك ئاژاوە گێڕ لە دژی بارەگای لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردســـتان گۆڕدراو لەناو خۆپیشاندەرانەوە چەکدار هەبوونو دوای بەردبارانکردنی بارەگاکەو پەلاماری بارەگای لقی چواریان داوە.

لەبـــەر ئەوەی دامـــودەزگا ئەمنییەکانی بەرپرس ڕۆڵی خۆیان وەك پێویســـت نەگێڕاوە، ئەو هێزە پاســـاوانە ئاسایشە بچوکەی کە بۆ پارێزگاری لق دانراوە ناچار بوون بەرگری لە بارەگاکە بکەن.

لە ئەنجامدا بەداخەوە ژمارەیەك پەلاماردەر بەرکەوتن.

ئەوەی شایەنی باسە ئێمە چەند ڕۆژە ئاگادارین جموجۆڵی گومانلێکراوانو ئاژاوە گێڕانین کە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پارێزگای سلێمانی دەکرێت.

لەنـــاو ئاژاوەگێڕەکاندا لایەنگرانی حزبو ڕێکخراوی ناســـراو هەنو ئەوەی جێگای داخە-هێزەکانی ئاســـایشو پۆلیسی ناو شـــاری ســـلێمانی هیچ بەرگرییان لە بارەگای لقی٤ی پارتیمان نەکردو لێگەڕان ئاڕاستەی خۆپیشاندانەکە بە حەزی ئاژاوەگێڕان بڕواتو کۆنترۆڵی ڕێڕەوی خۆپیشاندانەکەیان نەکرد.

هەروەك دیارە، بەپێی یاســـای ڕێکخستنی خۆپیشاندان نابێت خۆپیشاندەرانو ڕێکخەرانی لەدژی دامودەزگا رەســـمیو حزبییەکان بجولێنـــەوەو توندوتیژی بەکار بێنن کەچی ئەوەی ئەمڕۆ لە سلێمانی دژی بارەگای لقی ٤ی پارتیمان کراوە پێچەوانەی یاسایی ناوبراوە.

ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردســـتان داوا لە دامودەزگا فەرمییەکانی سلێمانی دەکەین ئەمنو ئاسایش بپارێزێتو بە ئەرکی خۆی هەڵسێت. هەروەها داوا لە لایەنە سیاسییەکانو جەماوەری خۆشەویســـتی ناوشاری سلێمانی دەکەین ئەرکی نیشتمانی خۆیان بۆ پاراستنی هێمنیو سەلامەتی دامودەزگا سیاسیو حکومییەکان بەجێ بگەیەننو نەیەڵن ئاژاوەگێڕانو گومـــان لێکراوان دژی بەرژەوەنـــدی وڵاتەکەمان پلانی خۆیان جێبەجـــێ بکەن. چونکە لە کۆتاییدا تەنیا سەروسامانی هاووڵاتیانو دامودەزگاکانی زیانمەن دەبن.

جەماوەری خۆشەویســـتی خەڵکی کوردســـتان پاراســـتی ئەمنو ئاســـایشو دەستکەوتە نەتەوەییـــە دیموکراتییەکانمان ئەرکی هەموو چینو توێـــژو حزبو ڕێکخراوە جیاجیاکانەو چاوەڕوانین جەماوەر بە ئەرکی خۆی هەڵسێتو بارەگای هەموو لایەنێکی سیاسیو پێکهاتە جیاجیاکانو دەزگا حکومییەکان بپارێزێت ڕێگا نەدات پشێوی بڵاو ببێتەوە.

ئێمــە لە پارتی دیموكراتی كوردســـتان داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردســـتان دەكەین لێژنەیەكـــی لێكۆڵینەوە پێكبهێنێـــتو بەزووترین كات ئەنجامەكـــەی بخاتە چاوی خەڵكی كوردستانو فیتنەگێڕان ڕووداوەكەی ناوشاری سلێمانی ئاشكرا بكاتو بیخاتە دەست یاسا.

هەروەهـــا هـــەوڵ دەدەین هەمـــوو توانای خۆمان بـــۆ كۆنترۆڵی وەزعەكەو پاراســـتنی دەسكەوتەكان تەرخان بكەینو یەكڕیزی میللەتەكەمان دەپارێزین.

**پارتی دیموكراتی كوردستان**

**٢٠١١/٢/١٧**

## پاشکری ژماره ٨
## رونکردنەوەیەك لە نەوشیروان مستەفاوە

پاش ئەوەی هەندێك لایەن خۆپیشاندانی ئەمڕۆی سلێمانیان ڕێکخست، کۆمەڵێك رووداوی ناخۆشـــی لێکەوتەوە. ئێمە لەکاتێکدا بە توندی ئیدانەی هەموو جۆرە پەلاماردانێك بۆسەر بارەگاو شوێنە فەرمییەکان دەکەین، ئەو راستییە دووبارە دەکەینەوە کە ئێمە بزووتنەوەیەکی سیاسی مەدەنینو بەهیچ شێوەیەك بڕوامان بە توندوتیژیو هێرشکردنەسەر هیچ بارەگاو شـــوێنێکی فەرمی نییەو پاراستنی ئاسایشو ئارامی وڵات بە یەکێك لە ئەولەویاتی خۆمان دەزانیـــن، لەمڕووەوە بزووتنـــەوەی گۆڕان ئامادەیی خۆی بۆ هـــاوکاری دەزگا فەرمییەکان رادەگەیەنێت.

داوا لە هاوڵاتییانی کوردستان دەکەین بە گیانێکی بەرپرسیارانەوە کاربکەنو ڕێگەنەدەن هەندێك کەسی گێرەشێوێن ئاسایشو ئارامی وڵات بخەنە مەترسییەوە.

**نەوشیروان مستەفا**
**٢٠١١/٢/١٧**

## پاشکۆی ژماره ٩
## ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر

دوای ئەوەی خۆپیشـــاندانەکەی ئەمرۆی شاری ســـلێمانی کە لە لایەن تۆڕی بەرگری لە ئازادییەکان بە مۆڵەتـــی فەرمییەوە بەڕێوەچو، بەڵام روداوی توندوتیژی بە خۆیەوە بینی، ئەوە بو لە لایەن چەکدارەکانی لقی٤ی سلێمانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، تەقە لە خۆپیشاندانەکە کرا، کە کوژراوێكو زیاتر لە٥٠ بریندارى لێکەوتەوە.

هەرزو قسەکەری بزوتنەوەی گۆڕان رایگەیاند، کە هیچ پەیوەندییەکیان بەو خۆپیشاندانە نەبوە، تەنانەت داواش لەئەندامو لایەنگرانی گۆڕان نەکراوە بەشـــداری لەو خۆپیشاندانە بکەن، هەروەك لەلایەن ســـکرتێری گشـــتی بزوتنەوەی گۆڕانیشەوە، ئەوە دوپات کرایەوەو داواشـــی لە گشـــت هاوڵاتیانی هەرێمی کوردســـتان کرد، کەوا بە گیانی هەســـتکردن بە لێپرسراوێتی لەئاست روداوەکە هەڵسوکەوت بکەن .

بەڵام بە پلانێکی پێشـــوەخت نەخشـــە بۆ کێشراو، گوشارخرایە ســـەر بارەگای ناوەندی بزوتنەوەی گۆڕان لە شـــاری هەولێر، لە کاتژمێر ٢ی پاشنیوەڕۆ وە هێزەکانی ئاسایش بە بیانوی پاراســـتنو پارێزگاریکردنەوە، بارەگای بزوتنەوەی گۆڕان ئابلوقە دەدەنو دواتریش لە کاتژمێر ٥ بە دواوە، لە بەرچاوی هێزەکانی ئاسایشەوە، لە لایەن ژمارەیەك ئۆتۆمۆبیلی مۆنیکای جام رەشو بە پشـــتیوانی هەوادارانی پارتی دیموکراتی کوردســـتانەوە، هێرش دەبەنە سەر بارەگای هەولێرو کەناڵی تەلەفزیۆنی گۆران، ئاگر لە ماتۆری کارەبا بەردەدەنو کەلوپەلو ئامێرەکانی بارەگاکە تێکدەشکێنن، لە ئاست گشت ئەو روداوانە بزوتنەوەکەمان داوای لە ئەندامو لایەنگرانی خۆی کرد ئارامی بپارێزنو بە شـــێوازێکی مەدەنیو دایەلۆگ کردن هەڵســـوکەوت لەگەڵ ئەو روداوە بکەن، بەڵام جێگای نیگەرانییە، کە ئەو سیناریۆیە لە شـــارۆچکەی ســـۆرانو کۆمەڵگەی بنەســـلاوەش دوبارە بۆوە، هەروەك لە زنجیرەی ئەو روداوانە بارەگای گۆڕان لە شاری دهۆکیش تالانکرا.

دیارە ســـوتاندن، تێکوپێکشـــکاندنی بارەگاو تالانکردنیان، بۆتە جێگای رەخنەو نارەزایی دانیشـــتوانی پارێزگای هەولێرو تەواوی خەڵکی کوردســـتان، ئێمە لـــە بزوتنەوەی گۆڕان هۆشیاری دەدەینە لایەنە بەرپرســـەکان، دەزگاکانی پۆلیسو ئاسایشو سەرجەم ئەندامو هەوادارانی حزبەکانی دەسەڵات، کەوا شێوازی توندوتیژیو دارشتنی سیناریۆی لەو جۆرانە، لە بەرانبەر داواکارییەکانی خەڵك زەمەنی بەسەرچوە، پێویستە رێز لە مافو داواکارییەکانی هاوڵاتیان بگرنو لەئەزمونەکانی ئەو دوایەی میسرو تونسو گەلانی ئازادیخوازی ناوچەکە پەندو وەربگرن، جارێکی تر داوادەکەین، بە هۆشـــیاریو هەســـتکردن بە لێپرســـینەوە لە بەرانبەر رەوشـــەکە هەڵســـوکەت بکەن، لێنەگەڕێن چیتر ئاڵۆزیو پەشـــۆکاوی لێدروست بێت.

بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر، لە لایەك هێرش بۆ سەر بارەگاو دامەزراوەکانی بزوتنەوەکەمان بە کارێکی ناشارستانو گێرەشێوێن دەزانێ، هەروەها ئەو هەنگاوە بە نوختە وەرچەرخانێکی ترسناك بۆ سەر پرۆسەی دیموکراسیو دەسکەوتەکانی گەلەکەمان دەبینێ، پێویستە بۆ هێورکردنەوەی رەوشەکە رێگەچارەی مەدەنیو یاسایی بگرنە بەرو تاوانبارانی ئەو تاوانو روداوانە ئاشکرا بکرێنو بدرێنە دادگایەکی بێلایەن، داواش لە رای گشتی کوردستانو نێونەتەوەیی دەکات لە بەرانبەر ئەو تاوانو روداوانەی کە دور لەپێوەرەکانی نێونەتەوەیی مافو ئازادییەکانی هاولاتی ئەنجامدەدەرێن، بێدەنگ نەبنو پشتیوانی داوا رەواکانی گەلەکەمان بکەن.

**بزوتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر**
**٢٠١١/٢/١٧**

**پاشكۆی ژماره ١٠**
**رونكردنەوەیەك لە وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕانەوە**

جەماوەری بەشەرەفی كوردستان
هاولاتیانی شاری هەڵمەتو قوربانی
پاش روداوەكانی دوێنێو دروستبونی باری نائارامیو گرژی لە سەرئەنجامی هەڵەشەیی و وەڵامدانەوەی خەڵكی سیڤیل بەچەكو لێكەوتنەوەی كوژرانو بریندارێكی زۆر، هەر دوێنێ هێزێكـــی چەكداری زۆری پارتی دیموكراتی كوردســـتان لە هەمو لاكانەوە بەرەو شـــاری سلێمانی هاتون.
دیارە كۆبونەوەی ئێوەی نیشتیمانپەروەرو ئاشتیخوازی بێ چەك بەشێوەیەكی ئاشتییانەو ســـەردەمیانە نیشـــانەی ئەوەیە كە گەلەكەمان لەبەكارهێنانی توندوتـــژی نارازییە، بۆیە داوامـــان لە ئێوەی بەڕێز ئەوەیە كە بەم شـــێوەیە ئارامی بپارێزنو دان بە خۆتاندا بگرن، چونكە ئەمە تەنها رێگای راســـتو دروســـتە بۆ گۆڕانكاری بەرەو چاككردنی بارودۆخەكەو خستنەسەر سكەی راستیو عەدالەتو بەرەو دیموكراتیو ئاشتی.
هاتنتان بۆ بەردەم گردی زەرگەتە كارێكی شەرەفمەندانەیەو مافی رەوای هەمو تاكێكی ئەم وڵاتەیەوە، كە بەرێگای ئاشـــتیو هێمنانەو ســـیڤیل داوای چاكسازیو ئازادیو بژێوی ژیان بكات، بەڵام دەبێ هەمو لایەك ئەو راســـتییە بزانین كە تەنها راگرتنی ئارامی بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەكانمان دەبات.

**محەمەد تۆفیق رەحیم، وتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان**
**٢٠١١/٢/١٨**

## پاشكۆی ژماره ١١
## بەیاننامەی مەكتەبی سیاسی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستان

هاولاتیانی بەشەرەفی كوردستان

دووای نیـــوەڕۆی ئەمـــڕۆ ٢٠١١/٢/١٧ ژمارەیەك لـــە هاوولاتیان لەبەردەركی ســـەرای ســـلێمانی كۆبوونەوەیەكیان ئەنجامدا كە پێشـــوتر لە ڕێی پارێزگاری سلێمانیەوە مۆڵەتی ئەو كۆبونەوەیەیان وەرگرتبوو كە شوێن‌و كاتەكەی دیاریكراو بوو، هەرچەندە هەر لەدوای دەستپێكردنی كۆبوونەوەكە ژمارەیەكی زۆر دروشمی توندوتیژو هاندان بۆ كاری تێكدەرانە بەرز دەكرایەوەو دەوترانەوە.

ســـەرئەنجام لە كۆتایـــی كۆبوونەوەكەدا ئاراســـتەو ئامانجی كۆبوونەوەكە لەشـــوێنی ڕێگە پێدراوی خۆی گۆڕدراو بەرەو گێرەشـــێوێنی‌و ئاژاوەگێـــڕی براو چوونە بەردەمی لقی ٤ ی پارتی دیموكراتی كوردســـتان‌و بینای مەكتەبـــی ڕێكخراوە دیموكراتیەكانی یەكێتیی نیشـــتمانیی كوردستان رەفتاری نامەدەنیانەو گێرەشـــێوێنانەیان نواند بەتایبەت بەرامبەر بارەگای لقی پارتی هاوپەیمانمان‌و هەروا ئەیانویســـت هەڵبكوتنـــە ناو بارەگاكەو ئازاری كادران‌و پاسەوانانی بدەن، پاسەوانانی لقیش ناچاربوون بەرگری لەخۆیان بكەن‌و بەداخەوە لە ئەنجامی پەرەســـەندنی ڕووداوەكەدا ژمارەیەك لەهێرشبەران بۆسەر لقی چوار بریندار بوون‌و خۆپیشاندەرێكیش گیانی لەدەستدا.

هاوولاتیانی خۆشەویست

بـــە لاڕێدا بردنـــی كۆبوونەوەی جەمـــاوەری مۆڵەتپێدراوو بردنی بەرەو گێرەشـــێوێنی‌و ئاژاوە، هەمیشـــە مەترســـی ئەوەی لێ دەكرێ كە وەك ڕووداوەكەی ئەمڕۆ كارەســـاتی لێ بكەوێتـــەوەو ئارامی‌و ئاسایشـــی ولات تێك بداو ژیان‌و كاســـبی هاوولاتیان بخاتە بەردەم مەترسییەوە، بۆیە پێویستە لەم ڕووداوەدا حكومەتی هەرێم بەپەلە لیژنەیەك پێك بهێنێ بـــۆ دۆزینەوەی ئاژاوە گێڕان‌و بردنیان بۆ بەردەم یاســـا، وەك چـــۆن داواش لە هاوولاتیان دەكەین لەم قۆناغەدا خۆیان لە هەر جۆرە كۆبوونەوەیەك‌و خۆپیشاندانێك بە دوور بگرن‌و هاوكاریی هێزە ئەمنییەكان بكەن بۆ دۆزینەوەی هەر دەستێك كە لەپشت گۆڕینی ڕێڕەوی كۆبوونەوەكەبێ.

هاوولاتیانی كوردستان

حزبـو لایەنە سیاسییەكان‌و ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی‌و دەزگاكانی راگەیاندن.

بەداخەوە كە بارودۆخەكە ئەم ئاڵۆزییەی بەخۆوە بینی، بۆیە داوا لە هەموولایەك ئەكەین، كە هۆشـــیارانەو كوردســـتان ویســـتانە، مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە هەســـتیارە بكەین‌و

هەموومان پێکەوە هەوڵ بدەین‌و بە گیانی پاراستنی یەکڕیزی گەلەکەمان‌و ئەزموونەکەی هاوکار بین‌و ڕێگە نەدەین بارودۆخەکە ئاڵۆزتربیێت‌و کارەسات‌و قوربانی تری لێبکەوێتەوە، با هەموومان بە گیانی کوردانەو بە پەرۆشـــەوە برایەتی گەلەکەمان بپارێزین‌و لەهەموو ئاکارو گوفتارێك دووربکەوینەوە کە رق‌و کینەو تووڕەیی لێ بەرهەم بێ.

**مەکتەبی سیاسی**
**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**
**٢٠١١/٢/١٧**

## پاشكۆی ژماره ١٢
## راگەیەنراوی كۆبوونەوەی مەكتەبی سیاسی یەكێتیو پارتی

جەماوەری خۆشەویستی كوردستان: رۆژی ١٧/٢/٢٠١١ ژمارەیەك ئاژاوەگێڕ لە شاری سلێمانی بۆ شێواندنو لە بار بردنی ئەو كەشو هەوایە هێمنەی كوردستانو دروست كردنی بارودۆخێكی نالەبار كە كاریگەری هەبێ لەسەر بواری كۆمەڵایەتیو ئاشتی كۆمەڵایەتی بخەنە مەترسییەوە، هەروەها بواری ئابوریو بازاری كوردستان بە شێوەیەك نیشان بدرێ كە ترسو دڵەراوكێ لە نێو بازرگانو وەبەهێنەران دروست بكات لە رووی سیاسییەوە ناسەقامگیری نیشانی ناوخۆو وڵاتانی بیانی بدەن، بە پیلانێكی پێشوەختە پەلاماری بارەگای لقی٤ی پارتی دیموكراتی كوردستانیان دا بە نیازی بێ حورمەتی پێ كردنو سووتاندنی كە بە داخەوە لە ئاكامی ئەم پەلاماری ئاژاوەگێڕان ژمارەیەك خەڵك لە ناو بارەگای لقی٤و سەر جادە كوژرانو بریندار بوون. لە روانگەی بە خەمەوە بوونو پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیانو بەرقەرار كردنی ئەمنیەت، داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین لێكۆلینەوەی وردو جدی لەم بابەتە بكاتو ئەوانەی پیلانیان داڕشتووەو ئەوانەی بۆنەتە ئالیەتی ئەو پیلانانەو ئەم ئاژاوەیان لە شاری خۆشەویستی هەڵمەتو قوربانی دروست كردو بوونە هۆی نارەحەتیو دڵەڕاوكێی جەماوەری كۆڵنەدەری شارەكە رادەستی یاسا بكاتو سزا بدرێن.

كۆبوونەوە جەختی لە هاوهەڵوێستیو یەك ریزی كردەوە بۆ ئەوەی لە سایەی ئەم هاوهەڵوێستیو یەك ریزیە ئاواتو ئامانجە رەواكانی گەلەكەمان بێتە دی، لە كاتێكدا كە بارودۆخی كوردستانو ناوچەكە لە بارە بۆ پاراستنی دەسكەوتەكانو بەدیهێنانی ئەو ئاواتو ئامانجانەی تا ئێستا بەدی نەهاتوون، دەبێ رێگا نەدەین رووداوەكان بە ئاراستەیەك دا بەرن كە بە زیانی گەلەكەمان بێت.

داواش لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین لە ئەدای بەرپرساتی دامو دەزگاكانی پەیوەندارەكان لێكۆلینەوە بكاتو ئیجرائاتی پێویست وەربگرێ.

داوا لە جەماوەری خۆراگرو كورد پەروەری شاری سلێمانیو هەموو كوردستان دەكەین هاوكاری دامو دەزگا ئەمنیەكان بكەن بۆ بەرقەراری ئەمنو ئاسایشی هاووڵاتیانو پاراستنی سەروەتو سامانیان.هەروەها جەماوەرو یەكێتی نیشتیمانیو پارتی دیموكراتی كوردستانو گشت لایەنی سیاسیو رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی رێگا نەدەن ناحەزانو پلانگێڕان درز بخەنە نێو یەك رێزیو تەبایی نێو ماڵی كوردستان. دەبێ پیلانگێڕان ئەوە بزانن بۆ پاراستنی ئەزمونو دەسكەوتەكانی گەلی كوردستان رێگەو شوێنی پێویست لەبەر چاو دەگیرێ.

**مەكتەبی سیاسی مەكتەبی سیاسی**

**پارتی دیموكراتی كوردستان یەكێتی نیشتیمانی كوردستان**

**١٨ی شوباتی ٢٠١١**

## پاشکری ژماره ١٣
## رونکردنەوەیەك لە مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانەوە

بەداخەوە گردبونەوە جەماوەریەکەی ئەمڕۆی بەردەرکی سەرای سلێمانی پاش سەعاتێك لــە کۆتایی هاتنی گردبونەوەکە ژمارەیەك کەســی گێرە شــێوێن بونە هۆی کەوتنەوەی توندوتیژیو هێرش کردنە سەر بارەگای لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستانو کوژرانو بریندار بونی ژمارەیەك هاولاتی لێ کەوتەوە.

ئێمە لە یەکگرتوی ئیســلامی کوردســتان لەکاتێکدا ئــەو روداوە ئیدانە دەکەین،و وەك رەوتو رەفتــاری هەمیشــەیی حزبمان دژی بەکارهێنانی هەر جــۆرە توندوتیژییەکین کە ئارامیو ئاسایشــی هەرێمی کوردستان تێك بداتو ببێتە هۆی شێوانی باری سەقامگیریو بێ حورمەتی بە دامودەزگا فەرمیەکانی هەرێم.

**مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**
**٢٠١١/٢/١٧**
**کوردستان – هەولێر**

## پاشكۆی ژماره ١٤
## بەیاننامەی مەكتەبی سیاسی كۆمەڵی ئیسلامی كوردستان

بەناوی خوای گەوره

له مەڕ ئەو ڕووداوانەی ئەمڕۆ له شاری سلێمانی هاته ئاراوه، وێڕای دەربڕینی نیگەرانیمان لەوبارەیــەوه، ئێمه هەموو لایەك ئــاگادار دەكەینەوه كه وەكو پێشـــتر ڕێنمایمان دابویه تەواوی ئۆرگانەكانمان كەهیچ جۆره بەشداریەكیان لەخۆپیشاندانەكەدا نەبێ .

لەگەڵ ئــەوەی بڕوامانوایــه خۆپیشـــاندانی مەدەنییانه مافی هــەر هاولاتییەكی ئەم هەرێمەیه، بەلام هەرگیز لەگەڵ كاری تێكدەرانەو هەڵكوتانه ســەر بنكەو بارەگا حكومیو حزبییەكاندا نینو سەركۆنەی ئەو جۆره كارانەش دەكەین كه داواكاری هاولاتیان به ئاقارێكی ناتەندروستدا دەبەن، هەروەك داواكاریشین حیزبو لایەنه سیاسییەكان بەرپرسانه مامەڵه له گەڵ ڕووداوەكاندا بكەنو به تەنگ پاراستنی گیانی هاوولاتیانەوه بن، لێرەشەوه پرسەو سەرەخۆشــی خۆمان ئاراســتەی كەسو كاری قوربانیان دەكەینو هیوای چاكبوونەوەی به پەلەش بــۆ بریندارەكان دەخوازین.و ئومێدەوارین هەمــوو لایەك هەوڵی هێوركردنەوەی بارودۆخەكەبدەینو بەتەنگ پاراستنی هێمنیو ئاسایشی كوردستانەوه بین.

**مەكتەبی سیاسی كۆمەڵی ئیسلامی**
**٢٠١١/٢/١٧**

**پاشكۆی ژماره ١٤**
**بەياننامەی سەرۆكی هەرێمی كوردستان**

ئەمەش دەقەكەيەتی:
بە ناوی خوای گەورە ومیهرەبان

وا دیاره ئەمڕۆ پێنج شەممە ٢٠١١/٢/١٧ هێرش كراوەتە سەر بارەگای لقی (٤)ی پارتی دیموكراتی كوردستان لە شاری سلێمانیو لە ئەنجامدا كوژراوو بریندارى لێ كەوتۆتەوە.
بێگومان ئەوەی روون وئاشكرایە كە دوژمنانی گەلی كوردستان بەردەوامن لەسەر نانەوەی فیتنە وئاژاوەگێڕی، بەڵام خەڵكی كوردستان هوشیارو بە ئاگانو گشت پیلان ونەخشەی گڵاوی ناحەزان پووچەڵ دەكەنەوەو لە پێناو پاراستنی ئەزموونو دەستكەوتەكانی هەرێمی كوردستان رووبەڕووی هەموو ئاشووب وهەڕەشەیەك دەبنەوە.
داوا لە هەموو لایەك دەكەین هێمنانە مامەڵە لەگەڵ رووداوەكە بكەنو ئارامیی كوردستان بپارێزنو داوا لە حكوومەتی هەرێمیش دەكەم بە زووترین كات لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە پێكبێنێ بۆ بەدواداچوونی رووداوەكەو دۆزینەوەی تاوانبارانو ئەوانەی لە پشت نانەوەی ئەم فیتنەیە بوون، بۆ ئەوەی بە زووترین كات تاوانباران بدرێنە دادگاو بە سزای عادیلانەی خۆیان بگەن.
هەروەها داوا لە گەلی كوردستانو حكوومەتی هەرێمی كوردستان دەكەم كە بە ئەركی سەر شانی خۆیان هەڵبستنو هێزە ئەمنییەكانیش كۆنترۆڵی تەواوی بارودۆخەكە بكەنو بارەگای سەرجەم حزبو هێزو لایەنەكانو دامودەزگاكانی حكوومەت بپارێزن، لە بەر ئەوەی بەهیچ شێوەیەك رێگا نادەین فەوزاو فیتنەو ئاژاوەگێڕیی لە كوردستان سەرهەڵ بداو ئەمن وئاسایشی هەرێمو ژیانو گوزەرانی هاوڵاتیانی كوردستان بكەوێتە مەترسییەوە.
لە كۆتاییدا دەڵێم كە تەبایيو یەكڕیزیی گەلی كوردستان مایەی بەدیهێنانی دەستكەوتی گەورە بوون، بۆیە ئەمڕۆ ئەركی هەمووانە ئەم یەكڕیزییە بپارێزن، راشیدەگەیەنین كە بە توندیش رووبەڕووی هەر هەڕەشەیەك دەبینەوە بیەوێ زەرەر بە كەشی سەقامگیری كوردستانو بەرژەوەندییەكانی گەلی كوردستان بگەیەنی.

**مەسعود بارزانی**
**سەرۆكی هەرێمی كوردستان**
**٢٠١١/٢/١٧**

**پاشکۆی ژماره ١٥**
**دەقی بەیاننامەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

رۆژی ١٧-٢-٢٠١١ لەشاری سلێمانی خۆپیشاندانێك سازکرا کە چەند لایەنێك تێیدا بەشدار بوون، بەڵام بەشێك لەگێرەشێوێنەکانی ناو خۆپیشاندانەکە بوونە هۆی ئەوەی رووداوی نەخوازراوی لێ بکەوێتەوەو لەمیانی خۆپیشاندانەکەدا بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو هێرشیان کردە سەر بارەگای لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان.

ئەگەرچی شوێنی دیارکراوی پێشوەخت بۆ خۆپیشاندانەکە بەگوێرەی ئەو مۆڵەتە رەسمییەی لەپارێزگای سلێمانی وەریان گرتبوو، بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی بوو، بۆیەشە لایەنە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم رێوشوێنی ئەمنیی پێویستیان لەشوێنی راگەیانراوی ئەو خۆپیشاندانە گرتە بەر، بەڵام بەشێك لەخۆپیشاندەرە گێرە شێوێنەکان هێرشیان کردە سەر بارەگای لقی٤ ی پارتی دیموکراتی کوردستانو لەئاکامدا کوژراوو چەندین بریندارى لێ کەوتەوە.


لەکاتێکدا حکومەتی هەرێمی کوردستان نیگەرانی توندی خۆی سەبارەت بەو رووداوەو ئاکامەکانی رادەگەیێنێت، داوا لەخەڵکی سەربەرزی کوردستانو بەتایبەتیش خەڵکی خۆڕاگری شاری سلێمانیو سەرجەم لایەنە سیاسییەکان دەکات، کە بەگیانی لێپرسراوێتیو بەئاراستەی هێور کردنەوەی بارودۆخەکە هاوکاری حکومەت بنو هەموو هەوڵەکانیان بخەنە گەڕ، تارێگە نەدرێت هەندێك خەڵکی گێرە شێوێن، لەژێر پەردەی خۆپیشاندانو (کۆبوونەوەی جەماوەریدا) گیانو ئاسایشو ئارامی هاووڵاتییان بخەنە مەترسیو ناوبانگی کوردو کوردستانی خۆشەویستیش لەکەدار بکەن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان دووپاتی دەکاتەوە کە خۆپیشاندانو ئازادی رادەربڕینو کۆبوونەوەی جەماوەریی لەچوارچێوەی یاساو بەشێوازی مەدەنییانەی دوور لەتوندو تیژی، مافی رەوای هەموو لایەکە،لەهەمان کاتیشدا حکومەتی هەرێم هەموو لایەك دڵنیا دەکاتەوە کە بەپشت بەستن بەیاساو بۆ پاراستنی ئەو سەقامگیرییەی لە کوردستاندا هەیە، سەرجەم دامودەزگا پەیوەندیدارەکانی راسپاردووە بەتوندی بەرپەرچی هەر هەوڵێکی گێرەشێوێنان بدەنەوە کە ببنە هۆی مەترسی بۆ سەر گیانوماڵی هاووڵاتییان، لەهەمان کاتیشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لێکۆڵینەوەی ورد لەم رووداوەی ئەمڕۆی شاری سلێمانی دەکاتو هەر گێرەشێوێنێکی بەرپرسی ئەم رووداوە رووبەڕووی سزای یاسایی توند دەکاتەوە.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**٢٠١١/٢/١٧**

**پاشکۆی ژمارە ١٦**

**دەقی بەیاننامەی ١٩ی شوباتی سەرای ئازادی**



داواکارییەکان

## پاشکۆی ژمارە ١٧
## بەیاننامەی بزوتنەوەی گۆڕان دەربارەی ڕووداوەکانی سێ ڕۆژی رابردووی کوردستان

لە سۆنگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی نیشتمانییەوە، ڕۆژی ٢٩/ ١/ ٢٠١١ بزوتنەوەی گۆڕان بەیاننامەیەکی حەوت خاڵی بۆ رای گشتی کوردستان بڵاوکردەوە، کە تیایدا پرۆژەی چاکسازیی بنەڕەتیی خۆی پێشکەش بە هێزە سیاسییەکانی کوردستان کرد. ئامانجی بزوتنەوەی گۆڕان لەو پرۆژەیە ئەوە بوو کوردستان لەو تەنگژە سیاسییە دەرباز بکات کە بۆ ماوەی چەندین ساڵە دووچاری هەرێمەکەمان بۆتەوە، لە کاتێکدا شەپۆلێکی گۆڕانی دیموکراتی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی بەگشتی تەنیوە.

ئێمە چاوەڕێی وەڵامی دوو حیزبە سیاسییە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان بووین کە ئەوانیش پرۆژەی چاکسازیی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە پێشکەش بکەنو لەسەر بنەمای پرۆژەی هەموان وتووێژێکی نیشتمانی جدیی دەستپێبکەین، بەڵام بە بەیاننامەیەکی لێوانلێو لە تەخوینو جنێو وەڵامدراینەوە. هاوکات هێزی چەکدارو دەبابەو زرێپۆشیان بە ئاراستەی بارەگای سەرەکیی بزوتنەوەی گۆڕان جوڵاند، کە نارەزاییەکی جەماوەری بەرفراوانی لێکەوتەوەو جارێکی تر بێئومێدی لای خەڵکی کوردستان دروستکردەوە لە هەبوونی نیازو ئیرادەی چاکسازیی لای دەسەڵاتدارانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان.

تەنها پاش نۆزدە ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکەی بزوتنەوەی گۆڕان، ڕاستی هەبوونی قەیرانی گەورە لە سیستمی سیاسی هەرێمی کوردستانو پەنگخواردنەوەی نارەزاییەکانی خەڵك بەدەرکەوتو چەند گروپێکی مەدەنی خۆڕسکانە خۆپیشاندانیان سازدا، بەڵام دەسەڵاتداران لەبری وەڵامدانەوەی داخوازیەکانی شەقام بەشێوەیەکی شارستانی، بە زەبروزەنگ، بەکارهێنانی فیشەك، لێدانی هاوڵاتیانی بێدیفاعو رەشبگیری وەڵامی خۆپیشاندەرانیان دایەوە.

لەکاتێکدا بزوتنەوەی گۆڕان ئیدانەی هەر جۆرە دەستدرێژییەك دەکات بۆ سەر موڵكو ماڵی گشتیو تایبەت، بۆ سەر هەر دامودەزگایەکی فەرمیو حزبیش... بەڵام هیچ پاساوێك لەبەردەم دەسەڵاتداراندا نییە بۆ سەرکوتکردنی هاوڵاتیان بەشێوەی خوێناویو بەکارهێنانی چەك دەرهەق بە خۆپیشاندەران. ئەوەی لە سێ ڕۆژی رابردوودا بینیمان پەنابردنی دەسەڵاتدارنی هەرێم بوو بۆ: تەقەکردنی رەمەکی لە خۆپیشاندەرانو شەهیدو بریندارکردنی دەیان هاوڵاتی بێدیفاع، رەشبگیریو راوەدوونانو تۆقاندنی هاوڵاتیان، بەخشینەوەی تۆمەتی بێبنەماو تەخوین بەسەر هێزە سیاسییەکاندا بە تایبەتی بزوتنەوەی گۆڕان، داگیرکردنو سوتاندنو تاڵانکردنی بارەگاکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە هەولێر، دهۆك، سۆران، بنەسڵاوەو شەقڵاوە... جوڵاندنی هێزی چەکداری سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەرەو شارو چەند ناوچەیەکی پارێزگای سلێمانی بەمەبەستی سەرکورتکردنو ترساندنی هاوڵاتیانو داگیرکردنی بارەگاکانی بزوتنەوەی گۆڕانو بەزۆر داخستنی کەناڵەکانی

راگەیاندنی کۆمپانیای وشە، بەتایبەتی کەناڵی تەلەفزیۆنی KNNو هێشتنەوەی ئەو هێزە جوڵەپێکراوانە لەناو شاری سلێمانیدا، کە بووە مایەی نیگەرانیو بێزاریی خەڵکی شارو فراوانکردنی بازنەی نارەزاییەکانیانو سەرهەڵدانی خۆپیشاندانی فراوانتر لە ١٩/ ٢دا.

لە کاتێکدا بزوتنەوەی گۆڕان پرسەو سەرەخۆشی خۆی ئاراستەی کەسوکاری کاکە ڕێژوانی تەمەن ١٤ ساڵ دەکات، کە یەکێك بوو لە قوربانیەکانی ١٧/ ٢، هیوای چاکبوونەوە بۆ سەرجەم برینداراانی ڕووداوەکانی سێ ڕۆژی ڕابردوو دەخوازێت. ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە پێویستە لەسەر دەسەڵاتداران دەسبەجێ هەموو هێماکانی گرژیی دۆخەکە هێور بکەنەوە، بە:

- کشاندنەوەی هەموو هێزە چەکدارە جوڵە پێکراوەکان بۆ بارەگاکانیان پێش ڕۆژی ١٧/ ٢.
- ئازادکردنی هەموو ئەو هاوڵاتیانەی کە زیندانیو دەسبەسەرکراون لە خۆپیشاندانەکاندا.
- دادگاییکردنی هەموو ئەو فەرماندەو چەکدارانەی کە تەقەیان لە هاوڵاتیان کردووە، یان فەرمانی تەقەکردنیان داوە.
- پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ بۆ بەدواداچوونی ئاشکرای ئەو دەستدرێژیانەی کرانە سەر بارەگا حزبییەکان لە هەر سێ پارێزگای سلێمانیو هەولێرو دهۆك.
- گوێگرتن بۆ داواکانی خۆپیشاندەرانو دەستکردن بە جێبەجێکردنی داواکانیان بێ دواکەوتن.

هەرچی پەیوەندیی بە بزوتنەوەی گۆڕانەوە هەیە، ئێمە بڕوامان وایە ڕووداوەکانی سێ ڕۆژی ڕابردوو دەرەنجامی قەیرانێکی سیاسی، ئابووریو ئیدارییە کە چەندین ساڵە کەڵەکە دەبێتو تا ئێستاش هیچ ئیرادەیەکی ڕاستگۆیانە لەئارادا نییە بۆ چارەسەرکردنی. ئێمە هەمان هەڵوێستی خۆمان دووپاتدەکەینەوە کە لە بەیاننامەی ڕۆژی ٢٩/ ١/ ٢٠١١دا ڕامانگەیاندووەو دەشکرێ هەموان پێکەوە دەرگای وتوێژێکی نیشتمانی بۆ ئەو مەبەستە واڵا بکەین لەپێناو گەڕانەوەی ڕێزو شکۆ بۆ دامودەزگا نیشتمانییەکان لە سایەی سیستمێکی پەرلەمانی ڕاستەقینەدا، لەپێناو دامەزراندنی حکومەتێکی خزمەتگوزارادا کە گوزارشت لە خواستی خەڵك بکات نەك خواستی دەسەڵاتداران، لەپێناو هێنانەکایەی هەرێمێکدا کە دەسەڵاتی یاسا لەسەروو هەموو دەسەڵاتێکەوە بێت، هەرێمێك کە چەك تەنها بەدەست هێزە نیشتمانییە یاساییەکانەوە بێت بۆ پاراستنی ئاسایشی خەڵكو پاراستنی سەرو سامانیان نەك ئاسایشی حزبو دەسەڵاداران بەتەنها. ئەم داواکارییانە بەر لەوەی داوای بزوتنەوەی گۆڕان بن داوای ڕەوای خەڵکی کوردستانەو بڕواشمان بە ئیرادەی خەڵك پتەوە کە دەتوانێ بە شێوازی مەدەنیو دیموکراتی، دوور لە توندوتیژی، خواستو ئیرادەی خۆی بەرجەستە بکات.

**بزوتنەوەی گۆڕان**

**١٩/ ٢/ ٢٠١١**

## پاشکۆی ژمارە ١٨
## بەیاننامەکەی ١٥ دەزگای راگەیاندن

دەقی راگەیاندنەکە:

کەناڵی تەلەفزیۆنو رادیۆی نالیا (کە کەناڵێکی سەربەخۆیە، بەرەبەیانی ٢/٢٠ لەسلێمانی لەلایەن ژمارەیەکی چەکداری زۆرەوە هێرشی کرایە سەرو لەئەنجامدا کەناڵەکە بەتەواوی سوتێنراو پاسەوانێکی بیناکەش بەسەختی بریندار کرا لەگەڵ دو کارگوزاری بیانی کە دوچاری هەناسە توندی بوبون بەهۆی دو کەڵی سوتانی بیناکەوە.

ئاشکرایە کوردستان بەگشتیو پارێزگای سلێمانی ماوەی چەند رۆژێکە بە بارودۆخێکی ناسروشتیدا تێپەڕدەبێتو رۆژ بە رۆژ ئەم بارودۆخە بەرەو خراپتر دەڕواتو دەستدرێژی بۆ سەر گیانو ژیانو ئازادییەکانی خەڵك لە پەرەسەندندایەو کار گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە سەرجەم ئەزمونی هەرێم کەوتۆتە بەردەم هەڕەشەیەکی گەورەوە. ئەوەی ئەو باردوۆخەشی بەرەو گرژتر بردوە دەستدرێژی هێزە چەکدارەکانە بۆ سەر مافە دیموکراسییەکانی خەڵكو دوا دەستدرێژیش هێرشکردنە سەر کەناڵی تەلەفزیۆنو رادیۆی نالیایە کە بەهەمو پێوەرەکان بەم دەستدرێژییە دەیانەوێت ئەو فەزا ئازادەی لەم شارەدا بۆ میدیای ئازاد هەیە، بەرتەسك بکەنەوە.

هاوکات ئەم روداوە وەرچەخانێکی مەترسیدارە لە ژیانی دیموکراسی ئەم هەرێمەداو دەستدرێژییەکی راستەخۆو ئاشکرایە بۆ سەر سەرجەم رۆژنامەنوسان بەئەهلیو حیزبییەوەو بۆسەر ئەو پەراوێزە ئازادییە رۆژنامەگەرییەی لەکوردستاندا هەیە.

ئەوەی جێگەی سەرنجیشە هێرشکردنە سەر ئەم کەناڵە ئیعلامییە لەلایەن هێزێکی زۆرو رێکخراوەوە کراوە کە هەمو ئاماژەکان ئەو راستییەمان بۆ ئاشکرا دەکەن، کە ئەو دەستەی بەو کارە هەستاون جێگەی پرسیارە کە چۆن لەناو ئەم هەمو هێزەدا ئەم کارە کراوە.

ماوەیەکی زۆرە رۆشنبیرانو رۆژنامەنوسانی کوردستان داوا دەکەنو کۆتایی بە دیاردەی ئەو هێزە نایاساییانە بهێنریت کە لە کوردستان هەنو هێزی حیزبنو لە دەرەوەی سیستەمی یاسایی حوکمەتەوەن، بەڵام ئەو داوایە پشتگوێخرا، ئێستا ئەوەتا لەم قەیرانەی ئەمڕۆی کوردستاندا دەبین کە ئەم هێزە چ دەورێکی نێگەتیفی هەیە لەژیانی خەڵکی کوردستاندا.

لەم هەلومەرجەدا ئەرکی حکومەتو دامودەزگاکانیەتی سەرجەم کەناڵو دەزگا میدیایەکانو گیانی رۆژنامەنوسان بپارێزێت.

بۆیە ئەم کەناڵانەی کە لەخوارەوە ناویان هاتوە ئەم کارە مەحکوم دەکەین:

١- مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

٢- رۆژنامەی ئاوێنە

٣- رۆژنامەی رۆژنامە

٤- رۆژنامەی چاودێر
٥- کەناڵی ئاسمانی پەیام
٦- دەزگای خەندان بۆ پەخش‌و وەشاندن
٧- کەناڵی ئاسمانی سپێدە
٨- گۆڤاری لڤین
٩- رۆژنامەی هاوڵاتی
١٠- تەلەفزیۆن‌و رادیۆی نالیا
١١- تەلەفزیۆنی کەی ئێن ئێن
١٢- سەنتەری میترۆ
١٣- لیژنەی داکۆکی لەمافی رۆژنامەنوسان
١٤- سایتی سبەی
١٥- راگەیانی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی

## پاشکۆی ژمارە ١٩
## بەیاننامەی یەکەمی گروپی زانکۆ

ئێمە وە خوێندکاری زانکۆی سـلێمانی، دەربارەی رووداوە خوێناویەکەی (١٧)ی شوباتی (٢٠١١) بەردەم لقی چواری پارتی دیموکراتی کوردستان لەشاری سلێمانی، هەست بەنیگەرانیەکی گەورە دەکەن لە تێکدانی ئەمنیەتی شارو داگیرکردنی شار لەلایەن چەکدارانی دەرەوەی جیهازی ئەمنی پارێزگای سلێمانییەوە. لەو رووەوە جگەلەوەی ئەمڕۆ «گروپی زانکۆ» وەك گروپێکی فشار رادەگەیەنین، هاوکات دەستەبەجێ داوا لە سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانی کوردستانو حکومەتی هەرێم دەکەین، بەپیر داواکارییەکانی خەڵکەوە بێنو گیانی خۆپیشاندەران بپارێزن.

داواکارییەکانی ئەم قۆناغەی ئێمە بریتین دەبن لە:

١- جگە لە هێزە ئەمنیە فەرمییەکانی سلێمانی، داوادەکەین هێزەکانی زێرەڤانیو هێزەکانی تری سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسنوری پارێزگاکە بکشێنەوە.

٢-راگرتنی هەڵسوکەوتی نامرۆڤانە، بەرامبەر خۆپیشاندەرانی سلێمانی، بەتایبەتی بەکارهێنانی گولەی زیندوو.

٣-هیچ کەناڵێکی راگەیاندن حەق بەخۆی نەدات تۆمەتی ناڕەوا بداتە پاڵ خەڵکی ئازادیخوازی سلێمانی وەکو تالانو بڕوو ئاژەوەگێڕ.

٤-داوا دەکەین خۆپیشاندەران گیانی ئاشتیخوازانەی خۆیان بپارێزنو رێز لەموڵكو ماڵی گشتی بگرن.

٥- هەموو کاردانەوەیەکی نەبەرپرسیارانە بەرامبەر رۆژنامەنووسان لە دەستبەسەرکردنو بریندارکرنو هەڵکوتانە سەرو ئازاردانیان، ئیدانە دەکەین. بەتایبەت سوتاندنی کەناڵی نالیاو بێسەروشوێنکردنی دوو خوێندکاری زانکۆو بریناداکردنی خوێندکارێکی راگەیاندنی زانکۆکەمان.

ئەم داواکارییانە لەکاتێکدا رادەگەیەنین کە بەتامەزۆییەوە چاوەڕێی وەڵامی داواکارییەکانینو لەئەگەری بەپیرەوە نەهاتنی، چالاکیو جموجۆڵەکان دەگوازرێتەوە شەقام.

**گروپی زانکۆ- ٢٠ی شوباتی ٢٠١١**

**پاشكۆی ژماره ٢٠**
**یاداشتی یەكەمی مامۆستایانی زانكۆ**
**یاداشتی مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی**

(یاداشتی یەكەم)

«هێڵی سوور، رشتنی خوێنی كوردە بەدەستی كورد»
- خەڵكی سەربەرزی كوردستان
- ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق
- سەرۆكایەتی كۆماری عیراق
- پەرلەمانی كورستان
- سەرۆكایەتیی هەرێمی كوردستان
- حكومەتی هەرێمی كوردستان
- ئەنجومەنی دادوەریی هەرێمی كوردستانو دەستەی داواكاری گشتیی
- لایەنە سیاسییو رێكخراوە مەدەنییە حكومییو ناحكومییەكانی كوردستان
- دەزگاكانی راگەیاندن
- رای گشتیی ناوەوەو دەرەوە

ئێمە وەك بەشێك لە مامۆستایانی زانكۆی سلێمانیو وەك بەشێكی دانەبڕاوو لەخەمو خواستو ئیرادەی خەڵكی كوردستان، بەبڕوابوونی پتەومان بەخەباتی مەدەنییو سەروەریی یاساو رێزگرتن لە ئازادییەكانی یەكتر، ناسۆریی خۆمان بۆ رووداوەكانی ٢/١٧و رۆژانی دواتری دەردەبڕین، خەمو پەژارەی خۆمان بۆ قوربانییەكان رادەگەیەنینو ئومێدی چاكبوونەوە بۆ بریندارکراوەكان دەخوازین، هەر توندو تیژییو سوكایەتیپێكردنێك بەهێزە سیاسییەكانو بارەگاو دامەزراوە حكومییو حیزبییو مەدەنییو مێدیاییەكان رەتدەكەینەوە، هەرترسو تۆقاندنو تەقەكردنو بارەگا سوتاندنو نائارامیی خستنەوەیەكیش لەلایەن هەر كەسو لایەنو هێزێكەوە بێت ئیدانە دەكەین. رشتنی خوێنی كورد بەدەستی كورد، بەهێڵی سوورو گەورەترینی حەرامەكان دەزانین، مافی رادەبڕینو كۆڕو كۆبوونەوەو خۆپیشاندانی مەدەنیانە، بەمافێكی سروشتیانەی هەر كەسو گروپێك دەزانینو ئامادەین هەموو تواناكانی خۆمان لەپێناوی یەكترقبوڵكردنو دیالۆگی جدییانەی بەرهەمدارانەی لە كرداردا بەرجەستەبووانەدا بخەینەگەڕو قەڵغانی پاراستنی هەر هاووڵاتییەكی كوردبین لەهەر شوێنێكی كوردستاندا بێت.

كوردستان بەقۆناغێكی هەستیاردا دەگوزەرێت، جیا لەهەر كاتێكی تر پێویستی بەتەباییو دڵسۆزییو كرداری دیموكراسیانەو مەدەنیانە هەیە، تا تێكەڵی زەلكاوی ئیستیبدادیەتو

خواستی پاوانخوازانەی دیکتاتۆریەتە هەڵوەریوەکانی ناوچەکەو دنیا نەبێت، داواخوازین هەموو لایەك بەگیانێکی بەرزی کوردانەی هەست بەبەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ بارودۆخەکاندا بکەنو لەبری سەروەریی رابردوو خەوی ئایندە، خەمێکی ئێستای هەرێمی کوردستانو هاووڵاتیانی کوردستان بخۆن، لەم روانگەیەوە داوادەکەین:

١. لیژنەیەکی بێلایەن بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو رووداوەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆك پێکبهێنرێتو رووداوو کارەساتی تریان بۆ زیادنەکرێت.

٢. دەستبەجێ هەر بارگرژییو هێزجولاندنو داگیرکردنێك رویانداوە کۆتاییان پێبهێنرێتو هەر هاووڵاتییەك لەسەر خۆپیشاندان دەستگیرکراوە ئازادبکرێت.

٣. پەرلەمانی کوردستان رۆڵی بەرپرسیارانەو مێژووییانەی خۆی بگێڕێتو خۆی لەڕووداوەکان بەدوور نەگرێتو هۆڵی پەرلەمان بکاتە سەکۆی دیالۆگو چارەسەرکردنی کێشەکانو دەستبەجێ لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەراندا کۆببێتەوەو داواکانیان بەهێند وەربگیرێن.

٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەرکی پاراستنی هەموو لایەك وەکو یەك جێبەجێبکاتو رێ نەدرێت بە پاساوی جیاجیا هەر لایەنێك بەویستی خۆی دەست بۆ هێزە چەکدارەکانی کوردستان بەرێت.

٥. شکۆمەندیی بۆ تاكو سەروەریی بۆ یاساو ماف بۆ زوڵملێکراوان بگەڕێنرێتەوەو سزای یاسایی بەسەر هەر کەسو لایەنێکدا جێبەجێبکرێت کە سەروەریی یاساو ئازادییەکانی تاكو هێڵی سوور لەم وڵاتەدا پێشێلدەکات.

٦. رێ لە هەر هێرشو پەلاماردانێك بۆ سەر کەناڵە جیاجیاکانی راگەیاندنو رۆژنامەنووسانو رۆشنبیران بگیرێت، کەلتوری یەکترتۆمەتبارکردنو زمانی نەشیاوی زۆرێك لە راگەیاندنەکان بگۆڕێت بە ئاراستەی شیاوی پاراستنی هێمنییو گەڕانەوەی ئارامیی بۆ تاكو خەڵکی کوردستان.

٧. چیتر لەژێر هیچ بەهانەو پاساوێکدا سوکایەتیی بەخەڵكو شاری سلێمانی نەکرێتو هەر کەسو لایەنێك زاتی ئەوەیانکردووە رووی راستەقینەی ئەم شارە بشێوێنن کە شاری زانستو زانکۆو رۆشنبیرییو تێکۆشانو راپەڕینو قوربانیدانە، پێویستە دەستبەجێ داوای لێبوردن لەم شارە شکۆمەندەو خەڵکە جوامێرەکەی بکەن.

**پاشكۆی ژماره ٢١**
**یاداشتی دووەمی مامۆستایانی زانكۆ**

**دەقی یاداشتەكە**
**یاداشتی مامۆستایانی زانكۆی سلێمانی**
**یاداشتی دووەم**
**خەڵكی سەربەرزی كوردستان**
**پەرلەمانی كوردستان**
**سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان**
**حكومەتی هەرێمی كوردستان**
**ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی كوردستانو دەستەی داواكاری گشتی**
**لایەنە سیاسییەكانو رێكخراوە مەدەنییە حكومیو ناحكومییەكان**
**دەزگاكانی راگەیاندن**
**رای گشتی ناوەوەو دەرەوە**

دوابەدوای یاداشتنامەی یەكەممان، ئێمە وەك بەرپرسیارێتی مێژوویی‌و ئەركی مەدەنیمان بەرامبەر كوردەواریی، بە پێویستی دەزانین لەم یاداشتنامەیەدا بەشێك لە نەخشەڕێگای چارەسەركردنی قەیرانەكانی ئێستاو لەمەودوای هەرێمی كوردستان لە چەند خاڵێكدا بخەینە بەردەم پەرلەمانو حكومەتی هەرێمی كوردستانو رای گشتی.

بۆ ئەم مەبەستەش نەخشەڕێگاكەمان دەكەین بە سێ بەشەوە:

بنەماكان، چارەسەرە هەنووكەییەكان، چارەسەرە ستراتیجییەكان.

**بنەماكان**

١- دووپاتی دەكەینەوە خۆپیشاندانو چالاكییە مەدەنییەكان لە مافە هەرە بنچینەییەكانی هاوڵاتیانن، ئەگەر ئەو چالاكییانەیش لە چوارچێوەی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەكان یان گروپو كەسانی سەربەخۆو دوور لە حیزبو رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنیشدابن.

٢- چیتر گەنجانو خەڵكی خۆپیشاندەر بە ئاژاوەگێرو تێكدەرو فیتنە تۆمەتبار نەكرێت.

٣- ئەركی حكومەتی هەرێمی كوردستانە گیانی خۆپیشاندەرانو سەروماڵی هاووڵاتیان بپارێزێت.

**چارەسەرە هەنووکەییەکان**

١- راگەیاندنـــی ئامـــاری راســـتەقینەی کـــوژراوو بریـــندارو بێسەروشـــوێنکراوانو قەرەبووکردنەوەیان.

٢- لەلایەن لیژنەیەکی بێلایەنو پیشـــەییەوە بەتایبەتی بەپشـــت بەســـتن بە دەستەی داواکاری گشتیی بەدواداچوون بۆ رووداوەکان بکرێتو هەموو ئەو کەسانە بدرێنە دادگا کە تەقەیان لە خۆپیشاندەرانی سیڤیل کردووەو ئەوانەشی کە فەرمانی تەقەکردنیان داوە.

٣- جگە لە هێزی پۆلیســـی چالاکییە مەدەنییەکان هیچ هێزێکی تر بۆ هیچ چالاکییەکی مەدەنی لە سەروشیانەوە خۆپیشاندان بەکارنەهێنرێت.

٤- هەڵپەساردنی یاسای خۆپیشاندان تا کاتی هەموارکردنەوەی یان هەڵوەشاندنەوەی.

٥- دانیشتنی بە پەلەی نائاسایی‌و بەردەوامی پەرلەمانی کوردستانو لە نزیکەوە بینینی خۆپیشاندەرانو شوێنی رووداوەکان.

٦- دەســـتەبەرکردنی مافـــی گەیاندنی هـــەواڵ□و زانیاریـیـــەکانو رادەبڕین لەرێگەی پاراستنی گیانی رۆژنامەنووسانو دامودەزگاکانی راگەیاندنەوە.

٧- پاراســـتنی ئیتیکـــی رۆژنامەوانـــیو دوورکەوتنەوە لـــە زمانی زبرو چەواشـــەکاریو شـــەڕانگێزیی لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنانەوەو بەتاوان ئەژمارکردنی هەواڵو زانیارییە هەڵبەستراوو درۆکان.

٨- داوا لە خۆپیشـــاندەرانی خەمخۆری چاکســـازییو نیشـــتمانپەروەر دەکەین لە پێناوی هێنانەدی داوا رەواکاندا لایەنی هێمنیو مەدەنییانەی پرۆســـەکە بپارێزنو بزانن کە ئێوە خاوەنی راستەقینەی ئەم وڵاتەن.

**چارەسەرە ستراتیجییەکان**

١-چالاککردنی پەرلەمانو دانانی میکانیزمێکی کارا بە هاوکاری یاساناسـانو کەسـانی پسـپۆر بۆ کاراکردنی دەسـتەی نەزاهەو رۆڵی داواکاری گشـتیو بە دامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢-بنەبڕکردنی گەندەڵیی بە هەموو جۆرەکانییەوەو لەسەر هەموو ئاستەکانو گێڕانەوەی موڵکی گشتیی بۆ خاوەنە راستەقینەکانی خۆیان.

٣-یەکخسـتنەوەی هێزە جیاوازەکانی ناوخۆو پێشـمەرگەی کوردسـتانو دروستکردنی هێزێکی حکومیی کە بەرپرس بێت لە پاراستنی هەرێمو سەروماڵی هاوولاتیان.

٤- کاراکردنی دەسـتبەجێی حکومەتو دەزگا بەرپرسەکان بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانەی سەرەوە لەچوارچێوەی بنەما دیموکراسیو مەدەنییەکاندا.

ئەگـەر لە ماوەیەکی خێـرادا وەڵامی جدی داواکارییـە هەنووکەییەکانمان نەدرێتەوەو بەڵێنی جێبەجێکردنی چارەسەرە ستراتیجییەکانمان پێنەدرێت، هەڵویستی مەدەنیانەی تر دەگرینەبەر.

**مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی**
**٢٠١١/٢/٢١**
**سلێمانی**

## پاشکۆی ژمارە ٢٢
## پەیامی د.مەریوان وریا قانیع، بۆ خوێندکارانو مامۆستایانو کادرانی زانکۆی سلێمانی

خوێندکارانو مامۆستایانو کادرانی بەڕێزی زانکۆی سلێمانی ئازیز،
من گەرچی لە زانکۆیەکی ئەورپیدا خوێندومەو لە زانکۆیەکی ئەوروپیدا مامۆستام، بەڵام تا ئێســتاش خۆم بە قەرزاری ئەو زانکۆ ئازیزە دەزانم کە لە سەرەتای هەشتاکانا قوتابی بوم تیایدا: زانکۆی سلێمانی.
سەرەتای هەشتاکان ئەم زانکۆیە شوێنی خەباتی ژێرزەمینی قورسو شوێنی پێگەیاندنی دیدی رەخنەیی نەوەی من بو، ئێمە لەناو فەزای ئەو زانکۆیەدا لەوە گەیشتین چ غەدرێکی گــەورە لە کوردبونی ئێمە دەکرێت، بەعس چ هێزێکی ترســناکە، مۆدێلی بەعســییانەی دەســەڵات چ هەڕەشــەیەکی گەورەو هەمەلایەنە بۆســەر مافو کەرامەتو ئینســانیەتی ئینســان. ئێمە ئەو رۆژە فێربوین بۆئەوەی ئینســانییەتی خۆمان بپارێزین دەبێت لەهەمو شتێکدا لە بەعس جیاوازبین. ئیتر لە خوێندنەوەی کتێبو نوسراوەوە بیگرە، تا بە شێوازی قوتابیبونو مامۆستابونو تەنانەت ئاهەنگ گێڕان دەگات.
بــەڵام بەداخەوە دوای تێپەڕینی زیاد لە بیســت ســاڵ لە کۆتایــی تەمەنی بەعس لە کوردوستاندا، هێشتا بڕێك لە ئاکارو رەفتاری بەعس لەناو زانکۆکانی ئێمەدا ماوە.
بەبۆچونی من ئەرکی ســەرەکی هەمو بزوتنەوەیەکی دیموکراســی خوێندکاریو هەمو مامۆستاو کادرێکی وشــیار لەناو زانکۆدا بریتییە لەسڕینەوەی تەواوەتی هەمو دەرکەوتو ئاکارەکانی بەعس لەناو زانکۆدا. ئەمەش مانای رێگرتن لەوەی حیزب دەستبخاتە ناو ژیانی ناوەکی زانکۆوە، دەستنیشــانی ئەوەبکات چۆن زانکۆ بەڕێوەببرێت، چۆن کاربکاتو کێ لە کوێو لەکام پلەو پایەی وەزیفیو زانستیدا ئامادەبێت.
لەســەروبەری دروســتبونی ئەو وزە سیاســییە نوێو عەقڵیەتە رەخنەییەی ئەمڕۆ لە کوردوستاندا ئامادەیە، پێویستە دروشمی یەکەمی خوێندکارانو مامۆستایانی زانکۆ هێنانە دەرەوەی تەواوەتی زانکۆ بێت لەژێر کۆنترۆڵو چنگی حیزبە سیاســییەکان. ســەندنەوەی هەمو ئیمتیازێك لە قوتابی حیزبیو لە ئەندامبون لەو رێکخراوانەدا کە حیزب بە مەبەستی کۆنترۆڵکردن لەناو خوێندکارانو زانکۆدا دروستیکردوە.

ڕەنگە ئەركێكی دیكەی ئەمڕۆكە بریتی بێت لە پێداچونەوە بە هەرەمی ئیداریو وەزیفی زانكۆداو سەندنەوەی ئەو پۆستانەی بە تەزكیەو ئینتیمای حیزبی بەخشراون بە كادرەكانی ناو زانكۆو بەخشینیان بە كەسانی شایستەو خاوەن توانا.

پێموایە داواكاری ژمارە یەكی قوتابیانو كادرانی دیموكراسی ئەم زانكۆیە پێویستە ئەم چاكسازییە ناوەكییەی زانكۆ خۆی بێت.

خوێندكاران بەر لەوەی ماڵی دەرەوەی زانكۆ چاكبكەن، پێویستە زانكۆ چاكبكەن. سەركەوتوبن.

**مەریوان وریا قانیع**
**زانكۆی ئەمستردام**
**هۆڵەند**
**٢٠١١/٢/٢١**

## پاشکۆی ژمارە ٢٣
## دەقی نامەی پارلەمانتارە سویدییەکان

### بۆ بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستانو سەرۆکی

هەرێمی کوردستانی عێراق

ماوەی دو مانگە بە بەرچاوی دنیاوە نارەزایی خەڵك دژ بەگەندەڵیو زوڵمو زۆر وڵاتەکانی باکوری ئەفریقاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە. بێکاری بەرفراوانو نزمی ئاستی ژیانی خەڵك چونەتەسەر باری گرانیو نەبونی ئازادیو زوڵمو زۆری دەسەڵاتداران، ئەوەش وای کردوە کەخەڵك لەو وڵاتانەدا چیتر بەرگەنەگرنو دەرژێنەسەر شەقامەکان بۆ دەربڕینی نارەزاییو گۆڕانکاری لەناوچەکەدا.

وا خۆپیشاندانو نارەزایی جەماوەر گەیشتە کوردستانی عێراقیش.

رۆژی ٢٠١١/٢/١٧ پلان وابو خۆپیشاندانێکی هێمنانە لە گۆڕەپانی سەرەکی شاری سلێمانی رێکخرابا بۆ دەربڕینی نارەزایی دژی گەندەڵی، پاش ئەوەی خۆپیشاندانەکە گەیشتەبەردەم بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان، زۆرێك لە گەنجەکان دەستیان کرد بە بەردگرتنە بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان کە یەکێکە لەحیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم، بەداخەوە چەکدارەکانی ناو ئەو بارەگایە لەباتی ئەوەی بەشێوەیەك لەشێوەکان هەوڵ بدەن کە کێشەکە گەورەنەبێتو گەنجەکان هێور بکەنەوە، بەدەستڕێژی گولە وەڵامی بەردی گەنجەکانیان دایەوە. ئەو روداوەش بەڤیدیۆ گیراوەو بەئاشکرا دیارە کە لەبارەگای پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستدرێژی گولە لە خۆپیشاندەران دەکرێت.

بەپێیی زانیاریەکانی رۆژنامە ئازادەکانی ئاوێنەو هاوڵاتیو لڤین، چەند گەنجێك کوژراونو زیاتر لە٥٠ کەسیش بریندارکراون بە گولەی چەکدارانی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێك لەو گەنجانە تەمەنی ١٥ تا ١٦ ساڵ بوە.

ئێمە ئەو زەبرو زەنگە زۆرە تاوانبار دەکەین، کوشتنو بریندارکردنی گەنجی خۆپیشاندەر مەحکوم دەکەین کە تاوانەکەیان تەنیا دەر بڕینی نارەزاییو بەرد گرتنە باڵەخانەیەکە کە بارەگای پارتەکەتانە.

داواتان لێدەکەین کە تاوانبارانی ئەو کارەساتەی کە لەبارەگای پارتییەوە دەستڕێژیان لە خەڵك کردوە بدرێنە دادگا، داوا دەکەین پارتی دیموکراتی کوردستانو حکومەتی هەرێم زامنی سەلامەتی خۆپیشاندەران بکەن.

خەڵك مافی خۆیەتی خۆپیشاندان بکاتو رای خۆی دەربڕێت لەپێناوی مافە گشتیەکاندا، دەبێت رێزیشیان لێبگیرێت لەلایەن پارتەکەتانەوەو حکومەتی کوردستانەوە.

ناوی پەرلەمانتارە سویدییەکان:
لارش ئولین سەرۆکی پارتی چەپو ئەندامی پەرلەمان
هێلێن لێکاندەر ئەندامی پەرلەمان
ئێڤا ئولۆفسۆن ئەندامی پەرلەمان
یان ليندهۆڵم ئەندامی پەرلەمان
یوسفين برینك ئەندامی پەرلەمان
یاکوب یۆنسۆن ئەندامی پەرلەمان
ئەنیکا لیلیەمێت ئەندامی پەرلەمان
هانز ليندە ئەندامی پەرلەمان
کێنت پێرسۆن ئەندامی پەرلەمان
ئەمینەکاکەباوە ئەندامی پەرلەمان
جەبار ئەمین ئەندامی پەرلەمان
بێنگت بێرگ ئەندامی پەرلەمان

**Torbjörn Björlund**

**Hillevi Larsson**

**Hillevi Larsson**

**Rossan Dinamarca**

**ستۆکهۆڵم ٢٠١١/٠٢/٢٠**

## پاشكۆی ژماره ٢٤
## دەقی بەیاننامەی ڕێکخراوی کوردۆساید

دوای خۆپیشـــاندانه مۆدێرنو هێمنانەکەی دوێنێی شـــاری ســـلێمانی که تۆری بەرگری لەمافو ئازادیەکانی خەڵك بۆپشتگیری لەراپەرینی تونسو میسر ئەنجامیان دا، بەشێك له خۆپیشاندەران بەتایبەتی گەنجانی شاری سلێمانی، بەرەو لقی ٤ پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕێکەوتنو بەردبارانی ئەو بارەگایەیان کرد، لەئەنجامدا بەرپرسو پاسەوانەکانی لقی ٤ زۆر نامرۆڤانه کوشتارگەیەکیان بۆ خەڵکی سلێمانی ئەنجام دا.

بۆیه لێرەدا دەڵێین:

١- لەکاتێکدا هیواخوازبوین خۆپیشـــاندەران بەهیچ شێوەیەك پەنایان بۆ شێوازی توندو تیژی نەبردایەو ڕێرەوی مەدەنیانەی خۆیان پەرەپێبدایه، هاوکات زۆر بەتوندی ئیدانەی ئەو کاره پڕ لەتاوانەی لقی ٤ پارتی دیموکراتی کوردســـتان دەکەین که بەو شـــیوازه هۆڤیانه مامەڵه ی لەگەل رەفتاری هەڵەی خۆپیشاندەران کردو کۆمەلکوژیەکی بۆ خەلکی قارەمانی شـــاری ســـلێمانی ئەنجامدا، کەتائێستا ئامارەکان به شـــەهید بونی گەنجێكو ٥٧ برینداری بـــاس دەکەن. چونکه بەپێی هەموو مافێکی مرۆیی هەمـــوو دام ودەزگا چەکداریەکان بۆ بڵاوه پێکردنی خۆپیشاندەران دەبێت تەقه بۆ ئاسمان بکەنو هەرگیز فیشەك به ئاراستەی شەهیدبونیان نەکرێت . تەنانەت ئەوا هەمووشمان لەمیدیاکانی جیهانی دەیبینین لەگەرمەی گەورەترین خۆپیشـــاندانی جەماوەری دژ به روخانی سیســـتەمه سیاســـیه دیکتاتۆرەکانی یەمەنو بەحرێنو لیبیا ئەو ژماره شەهیدو بریندارەی لەیەك رۆژدا لێ نەکەوتۆتەوە ؟

٢- پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام لەگەل هەر پارت وڕێکخراوێك کێشەو ئاڵۆزی تێ بکەوێت کەلتورێکی زۆر مەترســـیداری دژه دیموکراسی دەگرێته بەر، ئەویش لەڕێگای هەوادارانیو بەبەرچاوی دام ودەزگا حکومەیەکان بارەگا حزبەکەتالان دەکاتو دەســـوتێنێ . بۆیـــه ئێمه بەتوندی ئـــەو رەفتارانه ئیدانه دەکەینو داوا دەکەیـــن لێژنەیەکی بێلایەن لەدەرەوەی ئەم ٢ پارته بۆ بەدواچون بەرامبەر ئەو تاوانانه بێته ئاراوە .

لەکۆتایشـــدا پرسه وسەرخۆشـــی خۆمان ئاراســـتەی بنەماڵەی شـــەهیدڕێژوانی گەنج دەکەینو هیـــوای چاکبونەوەش بۆ بریندارەکان دەخوازینو هیوادرین خۆپیشـــاندەرانیش لەبڕی پەنابردن بۆتوندوتیژی به شـــیوازی مەدەنیانـــه خەباتی جەماوەری خۆیان پەره پێ بدەنو دەزگا ئەمنیەکانیش گیانی هاوڵاتیانی کوردستان بپارێزن.

**چاودێری کوردۆساید /چاك**

**٢٠١١.٠٢.١٨**

**پاشكۆی ژماره ٢٥**

**دەقی راگەیەنراوی یەكێتی لاوانی سۆسیال دیموكراتی سوید**

یەكێتی لاوانی سۆســیال دیموكراتی سوید، مەحكومی ئەو توندوتیژییە زاڵمانەیەی ١٧ شوباتی مەحكوم دەكات، لە كاتێكدا كە لاوانی خۆپێشاندەر لەلایەن چەكدارەكانی بارەگای سەرەكی PDK ەوە لە سلێمانی درانە بەر دەستڕێژی گوللە.

ئێمــە دژی هەر شــێوە توندوتیژییەكیــن كە لە هەر لایەكەوە بێــت، داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین كەشێكی دیموكراییانە بۆ گفتوگۆ فەراهەم بكات.

لاوان هێزێكــی بزوێنەری پێشــكەوتنی كۆمەڵگــەن‌و هەر لاوانن كە لــەزۆر بارودۆخدا كاردانەوەی خۆیان لەبەرانبەر بێكاری، هەژاری‌و گەندەڵیدا پیشاندەدەن.

كۆمەڵگەیەكی یەكســان، دەبێت هەمو تواناكانی خۆی بە لاوان ببەخشێت تاكو بتوانێت رۆڵ‌و كاریگەری خۆیان ببینن.

**Jytte Guteland**

**سەرۆك**

**Johan Buser**

**سەرۆكی نێونەتەوەیی**

**Mohamed Hama Ali**

**رێكخراوی سۆسیال دیموكراتی كورد**

**Sveriges Socialdemokratiska Ungdomsförbund fördömer det orättfärdiga våldet den 17 februari då unga demonstranter besköts med skarp ammunition från KDP,s högkvarter i**

**Sulaymaniyya. Vi motsätter oss våldsanvändning från alla parter och uppmanar de styrande i KRG-regionen att via demokratiska vägar skapa förutsättningar för dialog.**

**Ungdomar är en drivande kraft i samhällsutvecklingen och är ofta de första att reagera på utbredd arbetslöshet, fattigdom och korruption. Ett jämlikt samhälle måste ge unga möjlighet till inflytande på lika villkor.**

**Jytte Guteland**

**Ordförande**

**Johan Buser**

**Internationell ledare**

**پاشکری ژماره ٢٥**
**پەیامی هەڵسوڕاوانی خۆپیشاندانی خۆرسکەوە بازنەی هەولێر**
**سڵاو هاوڵاتیانی بەشەرەفی شاری هەولێری هۆلاکۆ بەزین**

دوای رووداوەکانی وڵاتانی جیهان‌و روخانی دیکاتۆرەکان، جەماوەری کوردستانیش هەڵی ئەوەی بۆ هەڵکەوت کە داوا لە دەسەڵاتدارانی بکات هەستن بە چاکسازی هەمەلایەنە، بەڵام بەداخەوە لەیەکەم دەرفەت گوڵەکان فیشەك باران کران‌و دەسەڵات خەریك بو پێشمەرگە قارەمانەکانی دوێنێ‌و میلیشیاکانی ئەمڕۆی بەگژ خەڵکی کوردستاندا بکاتەو جارێکی تر شەڕێکی ماڵوێرانە لە گەردنمان گرێبدات.

بۆیە وەك خۆپیشاندەرانی خۆرسك بەباشمان زانی لە نزیکترین دەرفەت لە بازنەی هەولێرش دەست بکەین بە چالاکی‌و شەرمەزاری بەکارهێنانی فیشەك بەرامبەر هاوخوێنەکانمان لە سلێمانی بکەین‌و رۆحی شەهید سۆران‌و سەردەشت‌و رێژوان‌و سورکێو ئاسودە بکەین، بە ئەنجامدانی خۆپیشاندانیك لە شاری قەڵاو منارە شارە سەربەرزەکەی هەولێر.

بۆیە تکامان وایە لە هەمو هاوڵاتیانی بەڕێز کە رۆژی هەینی سەعات ٢ ی پاشنیوەڕۆ رێکەوتی ٢٥-٢-٢٠١١ لەبەردەم (باخی شار) لەناو بازار واتە لەبەردەم (بازاری نیشتیمان) ئامادەبن.

تکایە هێمنی بپارێزن لەکاتی خۆپیشاندان
داواکاری چاکسازی ریشەیی ئامانجمان دەبێت

**بژی کورد بژی کوردستان**
**خۆپیشاندەرانی خۆرسك بازنەی هەولێر**
**٢٠١١/٢/٢٤**

## پاشکری ژماره ٢٦
## دەقی راگەیەنراوی ١٧ی رێکخراوو کەسایەتی هەولێر

دەقی راگەیاندراوەکە:

خۆپیشاندان مافی هاولاتیانەو ئێمە وەك چالاکوانانو رۆشنبیرانو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لە شـــاری هەولێر، دوای ئەنجامدانی کۆبونەوەو گۆڕینەوەی راو سەرنجو پێشنیار دەربارەی بارودۆخی کوردستان بە گشـــتیو شاری هەولێر بەتایبەتی، بەهۆی دروستبونی کەشـــێکی نائاســـایی لـــە هەولێـــر، وەك ئەرکێکی مەدەنـــیو نیشـــتیمانی بڕیارماندا بە دروستکردنی تۆڕێکی مەدەنی بەناوی (تۆڕی ئاشتی)، بۆ پاراستنی ئاشتیو روبەروبونەوەی هەر حاڵەتێکی لە ناکاو کە لە شاری هەولێردا.

١- پاڵپشتی بریارەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە لە ٢٤-٢-٢٠١١ بلاوکرایەوەو داوای دیاریکردنی کاتێکی دیاریکراو دەکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارانە ودەستپێکردنی چاکسازی راستەقینەو کردارییانە.

٢- دوای کۆبونـــەوەی پەرلەمان، چاوەڕوانبوین بارودۆخی ســـلێمانی هێور بێتەوە، بەلام پێچەوانەی ئەو حاڵەتە تێبینی دەکرێت بە جۆرێك هەولێریش پشێوی تێکەوتوەو قوتابیانی زانکـــۆ نێردراونەتەوە ماڵەوەو هاتوچۆ لە بازگەکانی هەولێر نا ئاســـایی بوە. لێرەوە داوای کردنـــەوەی زانکۆو پەیمانگاکان دەکەینو داوای ئاســـایی کردنـــەوەی هاتوچۆی بازگەکان دەکەین.

٣- خۆپیشـــاندان مافێکی سروشتی هاولاتیانە، ئێمە پشـــتیوانی هەمو خۆپیشاندانێکی مەدەنییانـــە دەکەیـــنو رایدەگەیەنین ئێمـــە وەك ریکخراوەکانی کۆمەڵـــی مەدەنی، وەك تیمێکی ئاشتیو هێمنی پارێز لە خزمەتی شاری هەولێردا دەبین.

٤- رەتکردنەوەی هەمو جۆرە توندوتیژییەك کە لە هەر لایەکەوە روبدات.

٥- ئەم تۆڕە کراوەیەوەو هەمو رێکخراوو کەســـایەتییەکانی شاری هەولێر دەتوانن بێنە ناویەوەو پشتگیری خۆیان دەرببڕن.

١- کۆمەڵەی خەڵك بۆ گەشەپێدان PDA

٢- سەنتەری گەشەپیدانی چالاکی لاوان

٣- کۆمەڵگەی لاوانی هەولێر

٤- ئەنستیتیوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

٥- سنەتەری رۆشنبیری راژان

٦- گروپی دارۆژ

٧- رێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیانی کوردستان

٨- ناوەندی ئاینده بۆ پرسەکانی گەنج

٩- سەلاح سدیق سەعید- مامۆستای کۆلیژی ئەدەبیات

١٠- هیوا حەمید باجەلان – چالاکوان

١١- هێمن ساڵح ئیسماعیل - یاساناس
١٢- رابەر تەڵعەت – چالاکوانی کۆمەڵگەی مەدەنی
١٣- عەلی مەحمود- چاودێری کوردۆساید
١٤- خەتاب عەزیز سلێمان- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
١٥- عەبدوڵا خالید- رۆژنامەنوس
١٦- سەنگەر یوسف- چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی
١٧- کارزان عەزیز – چالاکوانی کۆمەڵی مەدەنی

**٢٤-٢-٢٠١١**

**پاشکۆی ژماره ٢٧**
**راگەیەنراوی دوەمی گروپی سەردەشت عوسمان**

بەناوی ئازادی یەوە نیشتیمانتان کرد بە زیندان
بەڵێن بوو بن بە رووناکی کەچی رۆژتان لێمان تۆران
جاران سروودەکانی ئای خوایە وەتەن ئاوابێ چەنێ جوان بوو
گەرچی کوردستانمان نەبو، بەڵام ناو دڵی هەمومان کوردستان بو
ئەو ئالآیەی کە هەڵتان کرد ئێستاکە ئەشەکێتەوە
بەڵام لە ژێر ئەم ئالآشا نیشتیمان هەر ئەتلێتەوە

قوتابیانی خۆشەویستی زانکۆی صلاح الدین دیارە ئەم دەسەڵاتە گوێ بۆ هیچ داوایەکی شەقامو کۆمەڵگای خۆی ناگرێت وە لە کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستانیش ئەوەی باسی نەکرابێت خوێنی گەنجانی شـاری سلێمانیو چارەسـەر نەکردنی ناعەدالەتی بووە تەنیا کۆبوونەوەیەکـی بەپەلەی ئەمنی بووەو هیچی تر بۆیە داواتان لێ دەکەین رۆژی هەینی بێ گوێدانە دەوامی زانکۆو وەهەروەها بڵاوە پێکردنی هێزەکانی ئاسایشـی پارتی لە نێو خۆپیشـاندەرانو رێنموونی کردنیان بۆ دامرکاندنەوەی ئەو شۆرشـەی کە دروسـت بووە ئەمـە گەورەترین هەلە بۆ گەڕاندنەوەی مافە زەوت کراوەکانی هەولێرو گەڕاندنەوەی ئەو موڵکوماڵو سـەروەتو سـامانەی کە لە رێگەی زەوییەکانی ئەم شارە وەدەستیان هێناوە وە بە لایەنی ئۆپۆزسـیۆنیش دەلێین کە ئەمرۆ رۆژی ئەوەیە پشـت لە جەماوەر نەکەنو ئەنـدام پەرلەمانـەکان بێن لەگەڵ بەرەی گەل بکەون ئێمە بۆ ئـەوە دەنگمان بە ئێوەدا لەبەرئەوەی ئەم دەسـەڵاتە ماوەی بیست سـاڵە بە درۆ ئێمەی راگرتووە چیتر خۆمان پێ هەڵ ناخەڵتێت گرنگترین شـت ئەوەیە کە پشـتگیری خۆتان بۆ ئەم جەماوەرە دڵسۆزەی چاکسازی رابگەیەنن چونکە دەسەڵات پشتی بتەکانی خۆی گرتووە . دەنگی زوڵم لێکراوی شـاری هەولێر بە تایبەتی رووی لە بزووتنەوەی گۆڕانە تکایە وەرن ببنە پشـتو پەنا بۆ رۆژی هەینی لە بازاری ئازادی نیشتیمان . لێرەوە دەمانەوێ روومان لە مامۆستایانی ئاینی بکەین مامۆسـتایانی بەڕێز تکایە رۆژی هەینی لە وتاری هەینی بە خۆتانو موسـلمانانی مزگـەوت بچن بۆ بەردەم بازاری ئازادی نیشـتمان ئەمرۆ ئەرکی جوامێرانەی چاکسـازی ئێوەیە هەروەك چۆن خۆتان دەلێن پێشـڕەوی چاکسازین وەرن بۆ بازاری ئازادی نیشتیمان تـا گەنجانی زانکۆ بە قەڵەمکانیان مێژووی پڕ سـەروەری ئێوە بۆ تاهەتایە بینووسـنەوە باشترین مێژووی پڕ سـەروەری ئێوە بۆ نەوەی نوێی ئەمرۆ پێویستە تا بۆ سەدەیەکی تر پێشرەوی کردنی ئەم میللەتە بگرنە ئەستۆ

**بژی کوردو کوردستان**
**برۆن بۆ بازاری ئازادی نیشتیمان**
**تا رێگر بین لە خراپەکانی دژ بە ئەزموونی خەڵك کوردستان**

## پاشکۆی ژماره ٢٨
## دەقی راگەیەنراوی پ.د. عەلی قەرەداغی

**دەقی راگەیەنراوەکە**

الحمـد لله رب العالمين والعاقبه للمتقين ولا عدوان إلا على الضالمين والصلاة والسـلام على المبعوث رحمه للعالمين وعلى اله وصحبه اجمعين

لەنزیکەوە چاودێری خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی سنوری پارێزگاری سلێمانی دەکەمو زۆر نیگەران بووم بەو رووداوانەی لەکوشـتنی چەند گەنجێـکو برینداربونی دەیانی ترو زیان گەیاندن بەهەندێك شـوێنی تر روویدا. لەم روانگەیەوە لەئاسـتی هەست کردن بە بەرپرسـیارێتی خۆم بەرامبەر بەگەلەکـەم دەمەوێت لـەرووی ئامۆژگارییەوە دوو پەیام ئاڕاستە بکەم، یەکەمیان بۆ بەرپرسانو ئەو تریان بۆ گەنجانی خۆپیشاندەر.

**پەیامی یەکەمم بۆبەرپرسان:-**

پێویسـتە بەر پرسـان لەکوردسـتان بزانن کەجیهان گۆڕاوە، ئیتر هیچ شـتێك نەماوە کەلەگەنجان بشاردرێتەوە لە سامان ودارایی و جۆرەها شتی تر، ئێستا شتێك نەماوە کەگەنجان لێی بترسن، ئەویش بەهۆی ئازادیو تەکنیکی راگەیاندنی هاوچەرخو پێشکەوتوو، گەنجان دەیانەوێت بەهرەمەند بن لەئەو سـەروەتو سامانەی کە لەوڵاتەکەیاندا هەیەو بەشداربن لەچۆنیەتـی بەڕێوەبردنیدا، لەبەرئەوەی من داوا لەبەرپرسـان دەکـەم کەبەوپەڕی رێزو خۆشەویسـتیەوە گوێ بۆ داواکارییەکانی گەنجان بگرنو بەوپەڕی جدیەوە بۆیان جێبەجێ بکەن، هەروەها داوا لەبەرپرسان دەکەم کەپلانێکی ستراتیجی ورد دابڕێژن بۆ چارەسەری ئەو بارودۆخەی کەهەیە بەم شێوەیەیی خوارەوە:-

١- چارەسـەرکردنی گەندەڵی بەهەموو دەنگو شـێوەکانیو کۆتایی هێنان بەدەسـت وەردان لە کاروباری حکومەت لە لایەن حیزبەکانەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی سـامانی گەل بۆ گەل بێتو بەشێوەیەکی دادپەروەرانەش بەسەر خەڵکدا دابەشبکرێت.

٢- دانانی پلانێکی سـتراتیجیو قۆناغبەندی بۆ گەشـەپێدانێکی سەرتاپاگیری، ئەمەش بۆ ئەوەی پلانی راپەڕینێکی پیشەسـازیو کشـتوکاڵیو بازرگانیو گەشـتو گوزاری دەسـت پێ بکەین، بۆ پێش خسـتنی کوردسـتان و، دابین کردنی خۆش گوزەرانی بـۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان.

٣- جیاکردنەوەی تەواوی هەرسـێ دەسەڵاتەکانی یاسـادانانو جێبەجێکردنو دادوەری، هەروەها بنیات نانی دەسەڵاتی راگەیاندنی ئازادو سەربەخۆ.

٤- کەڵـك وەرگرتن لەهەموو توانا زانسـتیەکانو ئەزمونە سـەرکەوتوەکان، بۆ ئەوەی کوردسـتان بکەینە مێرگی ئارامیو ئاسایشو گەشەپێدانو پێشکەوتن. هەروەها بۆ ئەوەی کوردستان بکەینە ئەزمونێك کەخەڵکی تر چاوی لێ بکات لەهەموو بوارێکدا.

**پەیامی دووەمم بۆ گەنجان:**

من پشـــتیوانی لەداوا ڕەواکانتان دەکەم، لەگەڵتاندام لەخۆپیشاندان بەشێوەی ئاشتیانەو مەدەنیانەو شارســـتانیانە. خۆپیشـــاندان مافێکی شـــەرعیو ڕێگەپێدراوە. بەڵکو جۆرێکە لەبانگەوازو فەرمان کردن بەچاکە، بەمەرجێك لەچوارچێوەی ئاشتیانە دەرنەچێت.

بەڵام داواشـــتان لێ دەکەم کە ئێوە پێشەنگ بن لەرێپێوانێکی شارستانیانەدا، پارێزگاری لەئاسایشی کۆمەڵایەتیو پارێزگاری لەموڵكو سامانی گشتیو تایبەتی بکەن.

هەروەها هەردوولا لەدەسەڵاتو خۆپیشاندەران ئاگادار دەکەمەوە. کەخۆیان لەتوندوتیژیو ڕشـــتنی خوێنی یەکتر بپارێزن. چونکە مەترسیدارترین شـــت لەئیسلامدا ڕشتنی خوێنی کەسێکە بەناهەق. لەئیســـلامدا مرۆڤ بەنرخترین شتە لەبونەوەردا، کوشتنی مسوڵمانێك لـــەلای خوای گەورە گەورەترە لەتێکدانی کەعبەی پیرۆز. خوای گەورە دەفەرموێت{مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ اوْ فَسَادٍ فِي الارضِ فَكَانَمَا قَتَلَ النَاسَ جَمِيعًا } (٣٢) سوره المائده

واتە هەرکەسێك بەناهەق کەسێك بکوژێت یان گەندەڵی لەسەر زەویدا بڵاوبکاتەوە وەك ئەوە وایە هەموو دانیشتوانی سەر زەوی کوشتبێت.

هەروەهـــا دەفەرموێت:{وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُتَعَمِدًا فَجَزَيَوُهُ جَهَنَمُ خَالِدًا فِيهَا وَغَضبَ اللهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَاعَدَ لَهُ عَذابًا عَضيمًا} (٩٣) سوره النساو

هەروەها پێغەمبەری خوا لەفەرمودەیەکدا دەفەرموێت (لەناو چونی هەموو جیهان بەلای خواوە ئاسانترە لەوەی خوێنی کەسێکی مسوڵمان بڕێژێت).

لەکۆتایدا داوا لەهەموو لایەك دەکەم کەپارێزگاری لەئەو دەســـتکەوتانە بکەن کەگەلی کوردمان لەهەرێمی کوردســـتان بەدەســـتی هێناوە. پارێزگاری کردن لەم دەستکەوتانەو بەرەوپێش بردنیان ئەرکو بەرپرســـیارێتی هەموو لایەکـــە، هەروەها گوێ پێنەدانو زیان گەیاندن پێیان مەترسیە بۆ ئایندەیی هەمومان.

لەبەرئەوە داوا لەگەنجانو بەرپرســـان دەکەم کەگفتوگۆیەکی جـــدیو بنیاتنەر ئەنجام بدەن، چونکە تەنها گفتوگۆو لەیەکتر تێگەیشـــتنی شارستانیانە ڕێگەی چارەسەری گرفتو کێشەکانە، لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانین قەیرانەکان چارەسەر بکەینو بگەینە ئەو ئامانجانەی کەخزمەت بەگەلی کوردمان دەکات لەئێستاو ئایندەدا.

داوا لەخـــوای گەورە دەکـــەم کەگەلی کوردمان بپارێزێت لەهەموو ناخۆشـــیو قەیرانو بەڵایەكو خۆشـــیو ئارامی بگەڕێنێتەوە بۆ گشـــت لایەكو پشتیوانتان بێت بۆ گرتنەبەری ڕێگەی بەدەستهێنانی چاکســـازیو خۆشگوزەرانیو گێڕانەوەی ســـەربەرزیو کەرامەت بۆ گەلی کوردمان لە هەرێمی کوردستان.

**السلام علیکم ورحمه الله وبرکاته**

**برای دڵسۆزتان**

**پڕۆفیسۆر دکتۆر عەلی قەرەداغی**

**٢٠١١/٢/٢٣**

## پاشكۆی ژماره ٢٩
## بەیاننامەی لقی سلێمانی یەكێتی زانایانی ئایینی

ئەمەی خوارەوە دەقەكەیەتی:

١- كاركردن بۆ هێوركردنی بارودۆخەكە.

٢- گوێگرتنو جێبەجێكردنی سەرجەم داواكاریەكانی جەماوەری خۆپیشاندەر.

٣- ئازادكردنی ســـەرجەم گیراوەكان لە ناو خۆپیشـــاندانەكانو هەڵوەشانەوەی فەرمانی دەستگیركردن.

٤- قەرەبوكردنەوەی زیانلێكەوتوانو داوای لێبوردنكردن لێیان.

٥- گەڕاندنەوەی سەرجەم ئەو هێزانەی هێنراون بۆ سلێمانی. (لەلایەن پارتی دیموكراتی كوردستانەوە)

٦- دانانی لیژنەیەكی بێلایەن بۆ لێكۆڵینەوە لە رووداوەكەی ١٧ی شوباتو لێكۆڵینەوەكردنی ورد لەو بارەیەوە.

٧- جەماوەر بەشێوەی شارستانیو سەردەمیانە داواكانیان بخەنەڕو.

٨- دامو دەزگاكانی حكومەتو لایەنەكان بە هێمنی مامەڵە لەگەڵ رووداوەكاندا بكەن.

**بەیاننامەی لقی سلێمانی یەكێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی كوردستان**
**٢٠١١/٢/٢٠**

## پاشكۆی ژماره ٣٠
## دەقی بەیاننامەی ٦٨ زانای ئایینی شاری هەولێر

دەقی بەیاننامەكەو فەتواكەو ناوی زانایانی ئاینی:

بسم الله الرحمن الرحیم

حوكمی شـــەرعی خۆپیشان دان لەدرێژەی ئەم گۆڕانكاریانەی كە رۆژهەلآتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە، لەخۆپیشـــاندانو رادەربڕین دیارە كوردســـتانیش لەم رووداوانە بێ بەش نیە، دوای ئـــەوەی روداوەكانـــی ولآتانی تونس، میســـر، لیبیا بۆ هەموو جیهانی ســـەلماند كە ئەوەی كاریگەری زۆری لەســـەر چیـــنو توێژەكان هەیەوئاڕســـتەكان دەگۆڕێت، مەیدانی داواكاری حـــەق ومافەكان بەهێزدەكات، وا لەدەســـەلآتداران دەكات گوێ لە داخوازیەكانی گەل بگرن: حوكمی شـــەرعی زاناكان وتاری مامۆســـتاكانی ئاینین، بەپێ ی ئەوەی رێژەی زۆری بەشـــداربوانی خۆپیشنادەران خەڵكی موسوڵمانو زیاتر پابەندن بەفەتوای شەرعی، بۆئەوەی هەر هەڵوێســـت وهەنگاوێك بنێن لەچوارچێوەی شەرع بێ، ئەو رووداو وقەیرانو كێشە گەورانەی لەجیهانی نوێدا روودەدەن بەسیاسیو دەستوور تاڕادەیەك چارەسەر نابێت بۆیە پەنا دەبردرێتە بەر مامۆســـتایانی ئاینی بۆ چارەســـەر كردنیانو چارەسەرەكە دەبێتە مەڕجەع دواتر دەبێتە بەرژەوەندیەكی گشـــتی بۆ ســـەلامەتی هاولآتیان وخاك ونیشتیمان لەلایەك و، پشت گیری كردنی مەزڵوم وهەژارو بێ باوك وماف خوراوان لەلایەكی ترەوە.

### حوكمی شەرعی خوپشاندان

١. گومان لەوەدانیە لەهەر ســـەردەمێك نیشانەكانی خوای پەروەردگار دەبێ دەركەون ودووبـــارە ببنەوە بۆ قەبووڵ بوونی دووعای مەزڵومەكان ولەناوچوونی ســـتەمكاران، بۆیە لەڕوانگەی شەریعەتی خوای مەزن هەموو ستەملێكراوو ماف خوراوێك مافی خۆیەتی داوای مافەڕەواكانی خۆی بكات وهەوڵی لادانی ستەم بكات.

### حوكمی كوشتنی هاولآتی

٢.خوای گەورە بوونـــەوەری بۆ مرۆڤەكان رام كردووە ولەخزمەتی داناون لەبەر گەوریی وڕێزی مرۆڤ ،كەواتە مرۆڤ لەبوونەوەر گەورەترە ئەمەش وای كردووە كوشتن وئازاردانی قەدەغەو حەڕام بێ بۆیە رشتنی خوێنی تاكێك بەناهەق سزای بكوژەكە ئەمەیە:
پێغەمبەریـــش (صلـــی الله علیە وســـلم)دەفەرموێ: ئەبێ ســـزای ئەو بكـــوژە چی بێ كەكەســـێك لەسەرداوای رەوای خۆی بكوژێ ،بۆیەئێمە وەكو زانایانی ئاینی داوا لە برایانی ئاســـایش وپۆلیـــس وزێرەڤانیو ســـەجەم دام ودەزگاكانی حكومەت دەكەینو دەســـتیان

بەخوێنی گەلەکەی خۆیان سـورنەکەن‌و خۆیان دووچاری سـزای خـوا نەکەن . پێغەمبەر د.خ) فەرمووویەتی تەنانەت بە نیو وشـەش بەشـداری کوشتنی کەسێك بکەی مەحرومی لەرەحمی خوا.

٣-گەلی کورد بۆ ماوەی سـەدەیەکە کەوتۆتە ژێر داگیر کاری‌و زوڵم لێ کردن لەلایەن زلەێزەکانەوە وەك گۆشـتی خێر دابەش کراوە بەسـەر وڵاتانی دراوسـی بەدرێژایی ئەم سـەدەیە میللەتی کورد خەباتی کردوەو کۆڵی نەداوە تاگەیشـتووتە ئەم ماڵ‌و سـامان‌و بەرەەمە. بۆیە پاراسـتنی کەلو پەلو موڵکی گشـتی‌و سـەرجەم دام‌و دەزگا حکومیەکان پێویستە لەسەر هەموو تاکێکی ئەم وڵاتە.

لەکۆتاییدا: زانایانی ئایینی لەهەموو کاتو تەنگەشەکان خەمخۆری گەل‌و ولاتیان بوینەو پالپشتی هەموو ستەملێکراوێکیان کردووەو بەیانی حەقیان راگەیاندووە.

**کۆمەڵێك لەزانایانی ئایینی شاری هەولێرو دەروبەری**

ژمارە ناوی مامۆستاکان مزگەوتەکان

١ م.ملا حارس ابراهیم محمد امین عبدالله قوربانی

٢ م.ملا امیر زاهیر حمد باداوانی کۆن

٣ م.ملا بلال مەلۆ برخا سید قاسم

٤ م.ملا علی عبدالله خەتی احمد هەرنی

٥ م.ملا زرار محمد صادق حاجی عبدالله

٦ م.ملا نیزامەدین یونس عزیز حاجی یونس

٧ م.ملا نادر رەشید سمایل کانی کوردەیی خالید ی کوڕی وەلید

٨ م.ملا سید عدنان سید مەناف سید حسێن

٩ م.ملا عماد الدین فائز عبدالله شێخی چۆلی

١٠ م.ملا عبدالصمد بالیسانی گوڵستان

١١ م.ملا عبدالخاڵق محمد روناکی رۆناکی

١٢ م.ملا عیسا عبابکر عوسمان صحابە

١٣ م.ملا فتحی جرجیس زراری عوزێری

١٤ م.ملا خیرالله حسن حاجی جمال

١٥ م.ملا یوسف عزیز احمد گوڵستان

١٦ م.ملا سیروان کریم رشید خدر سوارە

١٧ م.ملا فواد علی عبدالله صلاح الدین ایوبی

١٨ م.ملا عبدالغفور عمر سلیم جاجی جوامێر

١٩ م.ملا نجم الدين حسن محمد دارەتوو
٢٠ م.ملا ئازاد محمد علی پەرکانە
٢١ م.ملا اسماعیل علی محمد دەێمات
٢٢ م.ملا ابراهیم حکیم حمە رەش حاجی عبداللە دەرمانەوەیی
٢٣ م.ملا زریان عزیز علی حاجی بەەجەت
٢٤ م.ملا عبیداللە عبابکر حمد امین نانەکەلی
٢٥ م.ملا عوسمان علی اسماعیل بەیداخ
٢٦ م.ملا زید صابر قادر دوستەپە
٢٧ م.ملا یوسف عبدالرحمان حوسێن حاجی صالح
٢٨ م.ملا باپیر شاکر ابوبکر حاجی جواد
٢٩ م.ملا عبدللە ابراهیم فرحان صحابە
٣٠ م.ملا حسن یوسف قادر حاجی خدر
٣١ م.ملا عبدالصبور شجیع رسول شامامەر
٣٢ م.ملا نامق خسرۆ محمد باوە خەلان
٣٣ م.ملا عادل خدر یوسف دۆڵی سماقولی
٣٤ م.ملا محمد صدیق اسماعیل شێخ بایز
٣٥ م.ملا ناصر عوسمان محمد باغەمرە
٣٦ م.ملا محمد عبدالوهاب یحیا قەتەوی
٣٧ م.ملا برهم ابراهیم عمر سومەریان
٣٨ م.ملا سامی شێرزاد حمید کۆڕێ
٣٩ م.ملا دەرسیم ابراهیم نوری حاجی سەعید
٤٠ م.ملا فرمان خرابەیی ماجیداوە
٤١ م.ملا یعقوب حسێن عبدالکریم عەتیەخان
٤٢ م.ملا زێوەر احمد صالح خەلیفان
٤٣ م.ملا کامەران سەلام رسوڵ خەلیفان
٤٤ م.ملا بڕوا عبداللە حسن بێستانە
٤٥ م.ملا زانا تەها احمد مەلا عبداللە
٤٦ م.ملا علی خدر حمد بێتواتەی تازە
٤٧ م.ملا محمد جبار میرزا امیر المومنین
٤٨ م.ملا ادریس کریم کاریتانی اللە اکبر
٤٩ م.ملا اسماعیل نجم الدین سوسەیی عوزرێری
٥٠ م.ملا موزەفەر زیاد علی سامی گەردی
٥١ م.ملا نامق محمد اسماعیل سەرکارێز

٥٢ م.ملا سليم شوشكەیی عبدالله دزەیی
٥٣ م.ملا فورسەت محمد موستەفا باتاس
٥٤ م.ملا خالید عومەر گەردی حاجی برایم گەردی
٥٥ م.ملا فتح الله رسول حسێن صلاح الدین ایوبی خەلیفان
٥٦ م.ملا سید مسلیم سید اسماعیل سێ بەردان
٥٧ م.ملا محمد شێخ عبدالله زیخانی حاجی لائقە
٥٨ م.ملا نوزاد ابوبکر رسول فیردەو س
٥٩ م.ملا قوربانی حمید محمد دوبرای مامزاوە
٦٠ م.ملا لوقمان مەلا بەهائەدین خەتەیی سید غریب
٦١ م.ملا فاتح سولێمان حمد حاجی یەحیا
٦٢ م.ملا عبدالوەهاب حسێ عبدالله دوبرا
٦٣ م.ملا صالح حسێن محمود ستریان
٦٤ م.ملا خدر حەمەد احمد حاجی احمد
٦٥ م.ملا یونس پیرداود رەسول باسرمە
٦٦ م.ملا رەوەند عبدالرحمان بلە
٦٧ م.ملا احمد محیدین خالید صابر علگە
٦٨ م.ملا شوان صالح عبدالله گوندی کۆڕێ

## پاشکری ژمارە ٣١
## دەقی کەمپینی رۆشنبیرانو رۆژنامەنووسان

**دەقی کەمپەینەکە:**

سزادانی مامۆستایانی ئاینی لەسەر دەربڕینی بیرورا، سزادانی هەمومانە

دوای پرۆتێستەکانی ١٧ی شوبات ئەمساڵ، مامۆستایانی ئاینی کوردستان بەشێوەیەکی بەرچـــاو پشـــتیوانیی خۆنیشـــاندەرانو داخوازیەکانیان بون. ئەمەش، لەلایەك، نیشـــانەی بەرفراوانی خۆنیشـــاندانەکانو لەخۆگرتنی داوا رەواکانیانـــە لەلایەن زۆرینەوە؛ لەلایەکی ترەوە، نیشانی دەدات کە مامۆستایانی ئاینی جێنەماون لە بەشداربون لە پرۆسەی کرانەوەی کۆمەڵو پرکردنەوەی کەلێنی نێوان خۆیانو چینو توێژەکانی تری کۆمەڵ.

وەستانی شانبەشانی مامۆســـتایانی ئاینیی لەگەڵ رۆشنبیران، رۆژنامەنوسان، گەنجانو هاولاتیانـــی تری کوردســـتان، وێنەیەکی جوانتری بە خۆنیشـــاندەرانو داخوازیەکانیان دا. ئێمـــە، ئەو جـــۆرە پێکەوەژیانو هارمۆنیـــە بە رویەکی گەشو نوێی کۆمەڵی کوردســـتان دەزانین. دڵشادیشـــین بەوەی کە مامۆســـتایانی ئاینی ناچنە ژێر رکێفی بەرژەوەندیەکانی دەسەلاتەوە.

ئێمە سەرەڕای راگەیاندنی پشتیوانیو هاوسۆزیی خۆمان بۆ مامۆستایانی ئاینیی، هاوکات دژایەتیی توندی خۆمان بۆ ئەو هەرەشەو ئازاردانو گرتنو لەسەرکارلادانانە رادەگەیەنین کە دژی مامۆستایانی ئاینی لە کوردستاندا ئەنجامدراونو دەدرێن.

لە باوەڕی قوڵمانەوە بە مافە ســـەرەتایەکانی مـــرۆڤ پێدادەگرین لەوەی کە نابێت هیچ کەسێك بە هۆکاری بیروباوەڕ یان بۆچونی جودا دەستبەسەر بکرێت یان ئازار بدرێت.

گوتارەکانی مامۆستایانی ئاینی، هێندەی ئێمەو کەسانی تریش ئاگادارن، بەهیچ جۆرێك ســـنوری دەربڕینی بیروڕایان نەبەزاندوەو هیچ هاندەرێك نەبون بۆ ئاشوبنانەوە. جا بۆیە هەمـــو ئەو مامۆســـتا ئاینیانەی کە دەستبەســـەرن، بەلای ئێمەوە بە هـــۆکاری بیروباوەڕ دەستبەســـەرن. ئەمەش دیارە دەسەلاتی کوردستان دەخاتە دوریانێکەوە؛ یان دەبێت ببێت بە دەسەلاتێکی هاوچەرخو بەشێك لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دیموکرات یان دەبێت بچێتە ریزی دەســـەلاتێکەوە کە لە گیانەلادایە لە چەشـــنی قەزافی، عەلی عەبدولا ساڵحو بەشار ئەسەد.

سەرباری ئەمانەش تەنیا کۆنتراکتێکی قانونی لەنێوان دەسەڵاتی کوردستانو خەڵکەکەیدا، دەستوری دەنگپێدراوی عێراقە. گەر دەسەڵاتی کوردستان مافە دەستوریەکانی خەڵك پێشێل بکات، شەرعیەتی لەدەست دەدات.

هەر پێشێلکارییەك کە بەرامبەر مامۆستایەکی ئاینی بکرێت لەسەر دەربڕینی بیروڕای جیاواز لەوەی دەسەڵات یان حیزبە دەسەڵاتدارەکان، پێشێلکارییە بەرامبەر هەمو هاولاتیەك، پێشێلکاریە بەرامبەر مافەکانی مرۆڤو ئازادیی رادەربڕین؛ پێشێلکردنی دەستوری عێراقە.

دەستبەسەرکردنی مامۆستا کامەرانو مامۆستا محەمەد نەسرولا، تەقەکردنو هەڕەشەکردن لە مامۆستایانی تر، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو هەڕەشەو تیرۆرکردنانەی لە چەند ساڵی رابردودا بەرامبەر رۆشنبیران، رۆژنامەنوسانو خەڵکانی ئازادیخواز ئەنجامدراون.

ئێمە فشارخستنە سەر مامۆستایانی ئاینیو هەمو توێژو برگەکانی کۆمەڵ بۆ وازهێنان لە داواکانی خەڵك، بۆ دەستبەرداربوون لە دەربڕینی بیروباوەڕی جیاواز یان ئەنجامدانی کۆڕو کۆبونەوە بە هەوڵی نەزۆكو مەترسیدار دەبینین لەسەر کۆمەڵی کوردستان، کە بەرەو ئاکارێکی نادیارو بگرە خوێناویشمان دەبات.

١. دکتۆر رێبوار فەتاح، بەڕیتانیا
٢. قادر نارد، سوید
٣. مەریوان وریا قانع، هۆڵەندا
٤. کەمال چۆمانی، هەرێمی کوردستان
٥. مەسعود عەبدولخالق، هەرێمی کوردستان
٦. شوان محەمەد، هەرێمی کوردستان
٧. ئاسۆس هەردی، هەرێمی کوردستان
٨. هەڵگورد سەمەد، فەڕەنسا
٩. سارا موکری، بەڕیتانیا
١٠. سالح میراودەلی، بەڕیتانیا
١١. هیوا ئەحمەد، بەڕیتانیا
١٢. بیلال سەید ئەحمەد، ئەمریکا
١٣. سیروان رەشید، هەرێمی کوردستان
١٤. هێمن لەۆنی، هەرێمی کوردستان
١٥. لوقمان حاجی کەریم، بەڕیتانیا
١٦. خانزاد رەشید، بەڕیتانیا
١٧. هەڤاڵ نەژاد، هەرێمی کوردستان
١٨. کامەران محەمەد، هەرێمی کوردستان

١٩. شوان رابەر، هەرێمی کوردستان
٢٠. سۆران عومەر، هەرێمی کوردستان
٢١. نەژاد جەلال، هەرێمی کوردستان
٢٢. گۆران دوکانی، ئەمریکا
٢٣. گۆران عوسمان، هەرێمی کوردستان
٢٤. موئمین زەڵمی، هەرێمی کوردستان
٢٥. محەمەد بەختیار، هەرێمی کوردستان
٢٦. بارام سوبحی، هەرێمی کوردستان
٢٧. دلشاد هەرتەلی، هەرێمی کوردستان
٢٨. ئیحسان مەلا فوئاد، هەرێمی کوردستان

## پاشکۆی ژماره ٣٢
## دەقی بەیاننامەی مامۆستایانی ئایینی هەولێر

دەقی یاداشتنامەکە:

دوای ئــەو بارودۆخەی لە کوردســتان رویــدا بە داخەوە لە بری ئــەوەی پەلە بکرێت لە ئەنجامدانی چاکســازیو بەدەمەوەچونــی داخوازیە رەواکانی خۆپیشــاندەرانو هاولاتیان، کەچی فشارەکان لێرەو لەوێ بەردەوامە بە تایبەت لە سەر مامۆستایانی ئاینیو وتاربێژان کــە هەردەم لەگەڵ خەمو ئــازارو داخوازیە رەواکانی خەڵکی کوردســتان بون، بەتایبەت لەم دواییانەدا چەند زانایەك لە ســنوری پارێزگای هەولێر لەسەر وتار لادراونو هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوەو لە مزگەوت دورخراونەتەوە... هتد.

بۆیــە ئێمە وەك ئەو زانایانەی ناومــان لە خوارەوە هاتوە ئەم یاداشــتنامەیە دەخەینە بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکانو رای گشتی.

یەکەم: پشــتگیری لە هەمو داخوازیە رەواکانی خەڵکی کوردستان دەکەینو داوای پەلە کردن لە جێبەجێ کردنیان دەکەینو هەمو جۆرە توندوتیژیەك رەت دەکەینەوە.

دوهــەم: ئیدانەی هەمــو توندوتیژیەك دەکەیــن بەرامبەر مامۆســتایانی ئاینی وەك (هەڕەشەی کوشتنو لادان لە وتارو دەستگیرکردنی نایاسایی).

ســێهەم: وێڕای پشــتگیریمان بۆ ئەو مامۆســتایانەی کە لادراون یاخود هەڕەشــەیان لێکراوە یاخود زیندانی کراون داوا لە بەرپرســانو لایەنــە پەیوەندی دارەکان دەکەین، کە بیانگەڕێننەوە بۆ شــوێنی خۆیانو رێگری بکەن لە دوبارە بونەوەی ئەو جۆرە توندوتیژیو سوکایەتیانە، بەپێچەوانەوە هەڵوێستو رێوشوێنی مەدەنیانەی تر دەگرینەبەر.

«إِنَّ فِي ذَلِكَ لَذِكْرَى لِمَن كَانَ لَهُ قَلْبٌ أَوْ أَلْقَى السَّمْعَ وَهُوَ شَهِيدٌ»

لە خوارەوە ناوی ئەو مامۆستایانە هاتوە کە واژویان لەسەر ئەم یاداشتنامەیە کردوە...

١- مامۆستا مەلا صابر صالح گەردی

٢- مامۆستا مەلا نادر رسول خضر

٣- مامۆستا مەلا انور محمد غفور

٤-.......

...........

...........

٢٠٠- مامۆستا مەلا حارس ابراهیم

٢٠١- مامۆستا مەلا زکی سیف الدین مەلا

## پاشکۆی ژماره ٣٣
## ڕاگەیەنراوی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە داواکاری خۆپیشاندەران

ئەمەی خوارەوە دەقی ڕاگەیندراوەکەی حکومەتی هەرێمە:

ڕاگەیاندراوێك لە نوسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە

دوای ئەوەی وەفدێکی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ (ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی) کە نوێنەرایەتی خۆپیشاندەرانی سلێمانی دەکەن کۆبووەوەو یاداشتێکی لە خۆپیشاندەران وەرگرت کە ئاڕاستەی پەرلەمانو سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە.

ئەمڕۆ دەقی ئەو یاداشتە درایە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانو بەڕێزی ئەم ڕاگەیاندراوەی خوارەوەی ئاڕاستەی خۆپیشاندەران کرد.

ئەمڕۆ دەقی ئەو یاداشتەی کە لەلایەن (ئەنجومەنی کاتی سەرای ئازادی) کە نوێنەرایەتی خۆپیشاندەرانی سلێمانی دەکەن بەدەستمان گەیشت، ئێمە بەگەرمی پێشوازی لە خواستە ڕەواکانی ناو یاداشتەکەتان دەکەینو ڕای دەگەیەنین کە خۆپیشاندانی مەدەنیانە مافێکی سروشتیو ئاسایی هەر تاکێکی ئەم کۆمەڵگایەیەو ئەم خۆپیشاندانو کۆبوونەوە جەماوەریانە بەسەرچاوەیەکی گرنگ دەزانین بۆ برەودان بە چاکسازیو مکۆمکردنی دامەزراوە شەرعیەکانی هەرێمی کوردستان، وە مەبەستمانە لەڕێگەی نوێنەرایەتی خۆپیشاندەرانەوە زیاتر گوێبیستی خواستو داخوازییەکانی خەڵك بینو پێکەوە بەشداربین لە داڕشتنی بەرنامەیەکی چاکسازی هەمەلایەن بۆ حوکمڕانیەکی باشتر لە کوردستان.

سەبارەت بەو داواکاریانەی لە یاداشتەکەدا هاتووە، هەندێکیان داواکاریی ئێستانو بەشێکیان پێویستی بەپلانو داڕشتنی بەرنامەی درێژخایەن هەیە، ڕای دەگەیەنین بەراوێژ لەگەڵ ئەنجومەنی خۆپیشاندەرانو لەڕێگەی دامەزراوە شەرعییەکانی هەرێمەوە بەجدی هەڵسەنگاندنی بابەتیانە بۆ هەموو داواکاریەکان دەکەینو خواستی هاوڵاتیانی کوردستان بەخواستێکی ڕەوا دەبینینو داواکاریەکانیان لە پەرۆشییو خەمخۆریان بۆ ئایندەیەکی گەشتر بۆ کوردستان دەخوێنینەوە، بۆیە خۆپیشاندەران بە خەڵکانی پەرۆش بۆ میللەتەکەمان دەزانینو داوایان لێدەکەین ڕێگە نەدەن دەستی ئاژاوە شێوازی مەدەنیانەی خۆپیشاندانو کۆبونەوە جەماوەریەکانیان تێك بدات.

ئێمە بە هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمان لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەمان پێکهێناوەو نامانەوێ پێش ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان بکەوین، بە دڵنیاییەوە ڕایدەگەیەنین ئەنجامی لێکۆڵینەوەی لیژنەکان دەبنە بنەمای سەروەرکردنی یاسا لەمامەڵەکردنمان لەگەڵ ڕووداوەکان، پێشتریش ڕامان گەیاندووەو دوپاتی دەکەینەوە ڕێگەنادرێ لە دەرەوەی بڕیاری یاسا هیچ کەس بەهۆی بەشداریکردنی لە خۆپیشاندانو هەر کۆبونەوەیەکی جەماوەری بخرێتە زیندانەوە، هەر کەسێکیش بەو هۆیانەوە دەستگیر کرابوون هەموویان ئازاد کراون وە هیچ هێزێکی ناپێویست لەو شوێنانەی پێشتر دانرابوون نەماونو گەڕاونەتەوە جێو ڕێی خۆیان.

سەبارەت بە بارەگای حیزبە سیاسیەکانی کوردستان لە ناو شارەکاندا، ئەوەی پەیوەندی بە موڵكو مومتەلەکاتی حکومەتەوە هەیە ئێمە بڕیارمان دەرکردووەو سەقفێکی زەمەنیمان دیاریکردووە بۆ ئەوەی هەر بارەگایەکی حیزبی لە بینایەی حکومیدا بیگەڕێننەوە بۆ حکومەتو بخرێتەوە خزمەتی وەزارەتەکان، کە بەشێکیان موڵکی پەروەردە بوونو دەبێ بکرێنەوە بە خوێندنگاو قوتابخانە.

دەربارەی چونمان بۆ پەرلەمان، کۆبونەوەی دەوری لە نێوان سەرۆکایەتییەکانو حکومەتو لیژنەکانی پەرلەماندا بەردەوام هەبووە، پێشتریش چوینەتە پەرلەمانو بەشی زۆری وەزیرەکان لەو دانیشتنانەی پەرلەماندا کە پەیوەست بووبێت بەوان بەشداریان کردووە، وە لە بڕیارە ١٧ خاڵیەکەی پەرلەماندا ئەم خواستەو بەشێکیتر لە داواکاریی خۆپیشاندەران هاتووە، ئەوکات رامان گەیاندو ئێستاش دەڵێین هەرکات پێویست بکات دەچینە پەرلەمانو مەبەستمانە پەرلەمان چاودێرێکی کارابێت بەسەر دامەزراوە حوکمڕانیەکانی هەرێمی کوردستانەوە.

دەربارەی ئەو نیگەرانیەتان لە هەندێ کەسو لایەنو کەناڵی میدیایی کە گوایە خۆپیشاندەرانیان بە گێرەشێوێنو ئاژاوەگێڕ ناوبردووە، ئێمە تەئکید دەکەینەوە کە خۆپیشاندانو کۆبونەوەی جەماوەری مەدەنیانە مافێکی سەرەکی هاوڵاتیانەو رێز لە خواستو داخوازیەکانتان دەگرینو بەخەڵکی پەرۆشو دڵسۆزتان زانیووەو دەزانین.

لە کۆتایدا رایدەگەیەنین بەدواداچون بۆ هەموو یاداشتەکانو خواستە رەواکانی هاوڵاتیان دەکەینو دەمانەوێ هەموومان پێکەوە ئەرکی چاکسازی ئیداریو حوکمڕانی وڵاتەکەمان بگرینە ئەستۆو پێکەوە بەشداربین لە پاراستنی یەکڕیزی خەڵکی کوردستانو گەشەپێدانی دیموکراسیو پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان.

**نوسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**٢٠١١/٣/١**

**سلێمانی**

## پاشکۆی ژمارە ٣٤
## ڕاگەیەنراوی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی

ئەمەش دەقی ڕاگەیندراوەکەیە:

ڕاگەیاندن:

پاش ئەوەی ڕۆژی ٢٠١١/٢/٢٨ وەفدێکی ڕەسمی پەرلەمانی کوردستان هاتنە مەیدانی ئـــازادیو کۆمەڵێك لە داواکاریــە هەنووکەییو بنەڕەتیەکانی جەمـــاوەری ناڕازی خەڵکی کوردســـتان خوێندرانەوەو تەسلیمیانکرا، ئەمڕۆ بەرواری ١/ ٣ کاتژمێر ٤:٠٠ ی پاشنیوەڕۆ وەڵامی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەندرا.

لەبەرئـــەوەی لە خاڵی ســـێهەمی داواکاریـــە هەنووکەییەکاندا هاتووە کـــە هەریەك لە حکومەتو پەرلەمانو ســـەرۆکی هەرێم بەڕەسمی بەهەندوەرگرتنی گشت داواکاریەکانی خۆپیشـــاندەرانو جێبەجێکردنیان ڕابگەیەنن، ئێمە بە باشی دەزانین چاوەڕێی هەڵوێستی پەرلەمانو ســـەرۆکی هەرێـــم بکەین تا هەڵوێســـتی کۆتاییو ئاشـــکرای ئەنجومەنەکە ڕابگەیەنین. ئەگەر چی حکومەت دەستپێشـــخەری کردووە لە دەربڕینی ســـەرنج لە سەر داخوازیـــەکان، بەڵام ئێمە وەك ئەنجومەنی کاتی مەیدانـــی ئازادی ڕایدەگەیەنین کە ئەو ڕاگەیاندنـــەی ســـەرۆکایەتی حکومەتی هەرێـــم وەڵامی داواکاریـــە هەنوکەییەکانی نێو بەیاننامەی ئەنجومەنەکە نییە.

کاتژمێـــر ٥ ی پاشـــنیوەڕۆی ٣/٢ دانراوە وەك دوا وادە بۆ وەڵامـــی کۆنکرێتیو عەمەلی حکومەتو پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێم. لە دوای ئەو وادەیەوە لە ڕاگەیاندنێکی فەرمیدا وردەکاری ڕاو ســـەرنجو هەڵوێســـتی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادیو شەقامی کوردی دەخرێتە بەردەم ڕای گشتی.

**ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی**
**٢٠١١/٣/١**

## پاشكۆی ژماره ٣٥
## راگەیەنراوی ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی

رونكردنەوەیەك لە ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی بۆ هاونیشتمانیانی كوردستان
رونكردنەوەیەك بۆ هاونیشتمانیانی كوردستان:

پـاش ئـەوەی ئەمـڕۆ ٢٠١١/٣/٢ كاتژمێـر ٥ پاشـنیوەڕۆ دوا وادە بو بۆ هەر سـێ سەرۆكایەتیەكانی حكومەتی هەرێم، پەرلەمانو سەرۆكایەتی هەرێم، ئێمە وەك نجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی رایدەگەیەنین:

١. سەرباری دەستپێشخەری سەرۆكایەتی حكومەتی هەرێم لە دەربڕینی چەند سەرنجێك، هیـچ یەك لە سـەرۆكایەتیەكان نەیانتوانی لە وادەی دیاریكـراودا وەڵامی كۆنكرێتی بە داواكاریە هەنوكەییەكان بدەنەوە. ئەمە تەنها بێڕێزی نیە بەرامبەر جەماوەری خرۆشـاوی كوردسـتانو خوێنی رژاوی لاوانی كورد بە دەست چەكدارەكانی حیزبە دەستەڵاتدارەكان، بەڵكو ئاماژەیەكی ئاشـكرایە بە ناكارایی هەریەك لەو سەرۆكایەتیانە لە مامەڵە كردنیان لەگەڵ قەیرانی سیاسیو هەلومەرجی كتوپڕ.

٢. ئێمە دەستەڵات ئاگادار دەكەینەوەو جەماوەریش دڵنیا دەكەینەوە كە بەردەوام دەبین لە نارەزایەتی دەربڕین .

٣. جەماوەری خرۆشـاوی كوردستان چۆن توانی قۆزاخەی بێدەنگی جەماوەریی بەرامبەر بە ناعەدالەتی كۆمەڵایەتیو قۆرخكردنی دەسـەڵاتو ئەم فۆرمە حیزبیە لە سیاسەتكردن بشكێنێت، بە هەمان شـێوە دەتوانێت فۆرمی جیاوازو تاكتیكی جۆراوجۆر بەكاربهێنێت بۆ بەردەوام بون لە داكۆكیكردن لە داواكاریە رەواكانی.

**خۆپیشاندان بەردەوامە**
**ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی**
**٢٠١١/٣/٢**

## پاشکۆی ژمارە ٣٦
## پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان

دەقی پەیامەکە:

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، گەلی کوردســتانی تێکۆشــەر، خوشــکو برایانی ئازیز، جارێکی تر سەرەخۆشــی خۆم ئاراســتەی کەسوکاری شــەهیدان دەکەمو تەمەننای شیفا دەکەم بۆ بریندارەکانو داوا لە دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم دەکەم هەرچی پێویست بێت بۆ موعالەجەکردنی بریندارەکان ئەنجامی بدەن.

من زۆر خۆشحاڵم گەنجەکانمان گەشتونەتە ئاستێك بەشێوەیەکی ئاشتیانەو شارستانیانە داواکانیان ئاراســتەی پەرلەمانو حکومەتو سەرۆکی هەرێمو هەمو لایەنەکان دەکەم، وە هەروەها پێشــنیاری زۆر چاکو بە قیمەت، ئەمەش دەلیلی پێگەیشتنی گەنجەکانمانە، کە ئەوپەڕی خۆشــیو شــادیە بۆ من. وە دڵنیابن کەس بە قەد من ئێوەی خۆش ناوێت. ئێوە رۆڵەی ئەم گەلەن، رۆڵەی ئەم نیشــتمانەن، ئاییندە لەسەر شانی ئێوەیە، وە ئەو ئامانەتە ئێوە ئەبێ بە ئەنجامی بگەیەنن بە سەرکەوتویی.

بەرێزان، خۆپیشــاندان مافێکی سروشــتیە، ئەبێ گەلی ئێمە ئازاد بێت لە خۆپیشاندان، لە رادەربڕینی ئێشو ئازارەکانی، من نامەوێت لە کوردســتانێکدا بژیم میلەتی کورد تێیدا ســەرفرازو ئازاد نەبێت. تەنها تکای من ئەوەیە، تکایەکی برایانە، بۆ پاراســتنی سومعەی خۆتان، وڵاتەکەتان، مەهێڵن ئەو خۆپیشاندانە توندوتیژی لێبکەوێتەوە. مادام دەرفەتی ئەوە هەیە هەرچی دەتانەوێت بیڵێن، هەرچی بیروڕایەك دەتانەوێت دەری ببڕن، ئومێدەوارن رێگە نەدرێت توندوتیژی بە هیچ جۆرێك روبدات بۆ پاراستنی سومعەی خۆتانو وڵاتەکەتان.

دەنگــم لەگەڵ ئەو دەنگەدایــە داوای چاکســازی دەکات، داوای عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکات.

خوشــکو برایانی بەرێز؛ دوای گەڕانەوەم دیراســەتێکی تــەواوی وەزعەکەمان کردوە، گەشــتمە ئەو قەناعەتە کە دەبێت موعالەجەیەکی ئەساسی بکرێت نەك بە موسەکینات، داوا دەکــەم لە پەرلەمانو حکومەت ئەو ١٧ خاڵەی پەرلەمان جێبەجێ بکەنو هەر خاڵێکی دیکەش پەســەند بکرێتو پێشــنیار بکرێت کە لە خزمەتی هەرێمی کوردســتانو خەڵکی هەرێمدا بێت.

دەبێت پرۆســەی چاکســازی، بەجدی حکومەت بەردەوام بێت لەســەری، وەداواکارم لە حکومەتو پەرلەمان هەرچی زوتــرە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامبدەنو لە ئێستاوە ئامادەسازی بۆ بکەن، بەڵام موعالەجەی ئەساسی بەرەئی من ئەوەیە بگەڕێنینەوە بۆ رەئی گەل، چونکە مەرجەعیەتی ئێمە خەڵکی کوردستانەو بەس.

من داوا لە پەرلەمان دەکەم لەگەڵ لایەنەکان مەشــورەت بکات دیراسەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی پێشوەخت بکات، وە میلەت رەئی خۆیو حوکمی خۆی بدات.

خوشکو برایان، من لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ داوای هەڵبژاردنم کرد، چونکە من ویستومە

ئێوە ئازادبن‌و ئێوە بڕیار لە چارەنوسـی خۆتان بدەن، سـەربەرزم بەوەی ڕۆڵم هەبوە لە چەسـپاندنی دیموکراسـی لە کوردستان، وە سیسـتەمێکمان داناوە کە نە سەرۆکی مەدا عومـری هەیە، نە حیزبی حاکمی هەیـە، نە پەرلەمانی دائیم هەیە؛ ئەمڕۆ میلەتی دائیم هەیـە، وە ئەو میلەتە مەرجەعمانە بۆیە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو مەرجەعیەتە، وە خۆی بڕیارو حوکمی خۆی بدات، والسلام علیکم.

**مەسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**٢٠١١/٣/٣**

## پاشکۆی ژمارە ٣٧
## بەیاننامەی روناکبیران ناوچەی باڵەکایەتی

دەقی بەیاننامەکە:

بۆ گشت چینو توێژەکانی هەرێمی کوردستان

هـــەر وەکو خۆتان دەزانن ناوچـــەی باڵەکایەتی قوربانییەکی ئێجگار زۆری بۆ شۆڕشـــە یەك لـــەدوای یەکەکانی نەتەوەکەمان داوە. ئێمە لەوە پەشـــیمان نین، چونکە بۆ ئازادیی خۆمـــان قوربانیماندا، ئێســـتاش ئامادەین بۆ ئازادیـــی خۆمان بجەنگێیـــن، گیانمان فیدا بکەین، دوای بەردەوامبونی خۆراگری جەمـــاوەری تێنوی ئازادیی دەڤەری باڵەکایەتیو بە تایبەت شـــارۆچکەی چۆمانی ســـەر بە پارێزگای هەولێر، بە پێویستمانزانی لە ڕێگەی ئەم بەیاننامەوە دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگتانو لە تەکتانو لە خەمتان بین. بەشداربونی گشت چینو توێژەکان لـــەم بەیاننامەیە کە بە ئیرادەیەکی پتەووە واژۆیانکردوە، گەواهی ئەوە دەدات کە رۆژێك لە رۆژان لە هەوڵی ئەوەدان دەرفەتی ئەوە برەخســـێت بە ئازادیی بێنە سەرشـــەقامو داوای ئەو مافانە بکەن کە بەدیهێنـــەری ئازادییو لە ناوبردنی تۆتالیتارین. هەر بۆیە ویســـتمان هەڵوێســـتو داواکارییەکانمان بۆ ئەو رەوشـــەی کە ئێستا هەرێمی کوردستان تێی کەوتوە بەم خاڵانەی خوارەوە بخەینەڕو:

١ـلەگـــەڵ هەمو خۆپیشـــاندانێکی هێمنانەیەن لـــە پاڵ ئازادییو شـــێوازی مەدەنیانە، ســـەرۆکی هەرێمو حکومەتی کوردســـتان ئاماژەیـــان بەم خاڵە داوە. بـــەلام کاردانەوەی دەسەلات پێچەوانەی ئەم شێوازە مەدەنییە بو. دەسەلات لەمەدا گوللەی بە تاریکییەوە نا. وەك چۆن لە بەردەم لقی چوارو شوێنەکانی تر بینیمان.

٢- کچو کوڕانی دەڤەری باڵەکایەتی بە هەمو شـــێوەیەك دژی هەڕەشەی دەسەلاتو فۆبیا مەترسییەدارییەکانیەتی کە لە ئیستا دا بونتە هەڕەشە بەسەر هەمو تاکێکی ئەم ناوچەیە.

٣- زۆربـــەی خەڵکی چۆمان بێزاربوە لـــەوەی کە هێزی دەرەکیو بیانـــی لە نێو چۆمان چاودێرییەکی توندیان داناوە لەسەر هاولاتییان بە سەیارەی بێ ژمارەو جام رەش، ئەمەش هێندەی دیکە ترسی خستۆتە دڵی هاولاتییان لە بەرامبەر روادنی توندوتیژی لەو ناوچانەی کە لە ژێر دەسەلاتی پارتیدان.

٤ـپێمان وایە دەســـەلات متمانەی خۆی لای خەڵکی کوردســـتان لە دەستداوە، لەو رۆژەی کە توندوتیژی بەرامبەر بە خۆپیشاندەران بەکارهات.

٥ـناوچەی باڵەکایەتی کە ڕێگیایەکی هەر گرنگو ستراتیجی بێدا تێپەڕدەبێت ئەویش ڕێگای (هاملتۆن)ــە، کە داهاتێکی زۆری بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە. بەلام لە بەرامبەر ئەو داهاتە کەمترین خزمەتگوزای پێویست کە لە ئاستی ناوچەکەماندابێت نەکراوە.

*(٤٦) لە روناکبیران ئامادەیی خۆیان بە واژۆکردن دەربری بۆ پشتگیری ئەم بەیاننامەیە.

## پاشكۆی ژماره ٣٨
## بەیاننامەی لاوانی بلێو بارزان

بەڕێزان خۆپیشاندەرانی گۆرەپانی ئازادی لە سلێمانی
مێژوو: ١٦ ئازاری ٢٠١١
بۆ:
- خۆپیشاندەرانو شۆرشگێرانی گۆرەپانی ئازاد
- كەناڵەكانی راگەیاندن
- سەرجەم خۆنیشاندەرانی شارو شارۆچەكەكانی كوردستان
- رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی
- ناوەندە رۆشنبیریەكان

بەرێزانو ئازادیخوازانی گۆرەپانی ئازادیو سەرجەم شارو شارۆچكەكانی كوردستان، ئێمە وەك گەنجانو لاوانی دەڤەری بارزان بە هەموو شێوەیەك پشتیوانیو پشتگیری هەوڵەكانتان دەكەین، ئێمە بەهۆی بارودۆخی سیاسیو كۆمەڵایەتی سنورەكەمان ناتوانین درێژە بەو شۆڕشە ئازادیخوازیەی ئێوە بدەین، بەڵام دڵنیاتان دەكەین كە ئێمە لەگەڵتانین، تكایە بمانبورن كە ناتوانین بە شێوەی ئاشكرا پشتیوانی خۆمان دەربڕین، چونكە تەنانەت دەركردنی ئەم بەیاننامەیە دەبێتە هۆی دروستكردنی مەترسی بۆسەر ژیانی لاوانو گەنجانی سنورەكە، بەڵام ئێمە لەروانگەی هەستكردنمان بە دۆخەكە گوێمان لە هەڕەشەو چاوسوركردنەكان نییە.

خۆشەویستانی گۆڕەپانی ئازادی ئێمە لە سەرەتای خۆنیشاندانەكانو بەهۆی ئەو توندوتیژیەی لە خۆنیشانداەكان كەوتەوە، وە بەهۆی ئەوەی راگەیاندنەكانی حیزبەكانی دەسەڵات لە حەملەیەكی راگەیاندنی چرو پردا دەستیان بە چەواشەكاری كرد، وایان لە ئێمە گەیاند كە گوایە ئێوەی ئازادیخواز دەستی ئێرانو شۆڤێنیو نەیارانی كوردتان لە پشتە!!

ئێمە لە سەرەتاوە گومانمان لەمە هەبوو، بەڵام دەرفەتی ترمان نەبوو تا لە نیەتو مەرامە ئاشتیخوازانەكانی ئێوە بگەین، تا ئەوكاتەی چەند دۆستێكی نزیك سەردانی مەیدانەكەیان كردو بەدروستی ئامانجی شۆڕشە مەزنەكەی ئێوەیان بە ئێمە راگەیاند، كە بە دروستی ئێوە خەمخۆری واقیعەكەنو ئێوەن پارێزەری ئەم ئەزمونە.

ئاشتیخوازانی گۆڕەپانی ئازادی ئێمە هیوادارین ئەم پەیامەی ئێمە لەرێگەی ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادییە میدیاكانەوە بخوێنرێتەوە تا بزانن كە ئێمە وەك گەنجانو لاوانی بلێو بارزان پشتیوانتانین، ئاواتەخوازین ئێمەش رۆژێك بتوانین وەك ئێوە بە ئازادی رایخۆمان دەرببڕین.

بەڕێزان دەمانەوێت ئێوەی خۆشەویست جیاكاریەك لەنێوان بارزانیەكانو ئەوەی هەندێك دەسەڵاتدار بەناوی بارزانیەكانەوە دەیكەن لە یەك جیا بكەنەوە، چونكە هەڵوێستو

بۆچونەکانـــی ئەوان تەعبیر لـــە بارزانیەکان ناکات، بەڵکو ئەوان بگرە لەســـەر قوربانیو مەینەتی بارزانیەکان گەیشتونەتە ئەو مستەوایەو ئێستاش جگە لە خۆیان بە خەمی هیچ کەسێکی ترەوە نین.

دەزانین رەنگە زۆر کەس پێیوا بێت کە ناوچەی بارزان کە زیاتر لە ٣٠٠ گوند لەخۆدەگرێت، ســـەرجەم پێداویستیەکانی بۆ دابینکرابێت،و خەڵکەکەی هیچ کێشەیەکی نەبێت! بەڵام لە راســـتیدا ئەمە وانیە، ئەوەی کـــە کراوە تەنیا بۆ ئەو گروپە بچوکـــەی بارزانیەکانە کە لە دەســـەڵاتدان لەگەڵ دەستو پێوەندەکانیان، تەرخانکراوە، ئێمە وەك چۆن قوربانی دەستی بەعس بوین، ئێستاش قوربانی دەستی ناوو ناوبانگی ئەتکراوی خۆمانین، کە ناوچەکەمان لەلایەن گروپێکەوە دەســـتی بەسەردا گیراوەو نەفەسی ئازادی لێبرێنراوە، ئەوەی کەبونی نیە لەم دەڤەرە ئازادییە، ئەوەی کە هەیە بریتیە بەعس بەڵام لە فۆرمێکی کوردیدا.

ئاشتیخوازانی گۆڕەپانی ئازادیو سەرجەم شارەکانی تر، ئێمە وەك گەنجانی بلێو بارزان زۆر لـــە شـــەهیدکردنو بریندارکردنی براکانمان لە ســـلێمانیو ناوچەکانی تر نیگەرانین، بەتایبەت ئەم کارە دڕندانە بە دەســـتی چەکداری کورد ئەنجامدراوە،و ئەو هێزەشـــی ئەم کارەی کردووە زۆر بێباکە لە ئاستی خوێنی لاوانی کورد.

ئێمە وەك نەوەی نوێ ی بارزانیەکان دڵنیاتان دەکەینەوە کە شۆڕشە مەزنەکەی ئێوە لە دڵی هەمووماندایە، بە پیرو لاوانو رۆشنبیرو جوتیارەوە رۆژانە چاودێری خۆپیشاندانەکانو چالاکیەکانی ئێوە دەکەین، ســـات بەســـات لەگەڵتانین، تکایە هەرگیـــز کۆڵمەدەن، تکایە ئەم شۆڕشـــە با دووبارە ئازادکردنەوەی گەلی کورد بێت لەدەســـت حوکمی گروپو تاقمی ســـتەمکاری کورد، کە تەنیا شـــتێك بەدەســـتیەوە مابێت کە بازرگانی پێوە بکات خوێنی ئێمەیە وەك نەوەی نوێ. ئیتر ســـەرکەوتوبنو خودای گەورە پشـــتیوانتانبێت لەم شۆڕشە پیرۆزەدا.

**گروپێك لە گەنجانی بلێو بارزان**
**کوردستان- بلێ**

## پاشكۆی ژماره ٣٩
## بەياننامەی گەنجانی ئامێدی

ئەڤە ژی دەقێ وێ بەياننامێ یە:

بەياننامە

ئــەم وەكو كۆمــەكا گەنجێن قەزا ئامێدیێ پشــتەڤانیەكا تەمــام ل هەمی داخوازیێن رەواییێن خۆنیشاندەرێن ســەرایا ئازادی ل باژێرێ سلێمانیێ دكەین، ژبەر كو ل بەهدینان ئەم نەشــێین ب ئازادانە هەلویســتێ خۆ دیار كەینو خۆنیشــاندانا بكەین ژ بەر فشارێن دەستهەلاتێ، لەورا مە ئەڤ بەياننامە دەركرو مە بڕیاردایە ئەڤ سالە پشكداریێ د جەژنو ســەیرانێت نەورۆزێ دا نەكەین وەكو دەربرینا خەمو پەژارەیا خۆ بۆ كەسو كارێن هەر ٨ شەهیدێن ئازادیێ وریز گرتن ل خوینا وان.

هەروەســان داخوازێ ژ دەســتهەلاتێ دكەین كو داخوازیێن خۆنیشاندەران ب جە بینیت، چونكە داخوازیێن وان یێن مە هەمی خەلكێ كوردستانێ نە، نە بتنێ یێن خەلكێ سلێمانیێ، بەلێ ژ بەر كاودانێت بەهدینان رێك ب مە ناهێتە دان خۆنیشاندانان بكەین.

خۆنیشــاندەرێن ئازادی خواز ل ســەرایا ئازادیێ ل ســلێمانیێ، ئەم ب دلو جان ل گەل هەوەداینەو هیڤی دارین هەر دبەردەوام بن ل ســەر داخوازیێن خەلكێ كوردستانێ هەتا سەركەفتن ب دەستڤە دهێت.

**كۆمەكا گەنجێن قەزا ئامێدیێ**

**٢٠١١\٣\٢٠**

## پاشكۆی ژماره ٤٠
## بەياننامەی گەنجانی هەريرو باتاس

ئەمەش دەقی بەياننامەكەيە:

ئێمە وەك كۆمەڵێك گەنجی هەريرو باتاس لەسۆنگەی هەستكردنمان بە بەرپرسياريەتی نيشتمانیو نەتەوەيیو ئەخلاقیو لەژێر دروشمی (ئێمەش ناژين بەبێ سلێمانی – گەندەڵی تلياكــی گەلانە) پشــتگيری خۆمان بۆ ئەو هەزاران دەنگە زوڵاڵــەی كە رۆژانە لەمەيدانی ئازادی سلێمانی خۆپيشــاندان ئەنجامدەدەن رادەگەيەنينو پێتان دەڵێين كە ئێوە بەتەنها نينو بەهەمو شــێوەيەك لەگەڵتاندايين چونكە ئازارمان يەكــە، ئامانجمان يەكە، ئاواتمان يەكە.

دڵمان لەگەڵ دڵتاندايە بۆ بناتنانی وڵاتێكی پر لەژيانو ئاشتیو خۆشگوزەرانی پڕ لەنانو ئازادی بەجۆرێك كەزۆرترين دادی كۆمەڵايەتی تێدا دەستەبەر بێت.

هاوڕاين لەگەڵتاندا كە ئيتر دەســەڵاتی گەندەڵو سەركردە هيچ پێنەماوەكانو سياسيە پيرەكان كە لەكاتو هەلومەرجو گۆڕانكاريە گەورەكانی دونياو دەوروبەر تێناگەن، چيتريش ناتوانن بەشــێوازو ميكانيزمو پێودانگە كۆنەكان سياســەتو حوكم بكەنو جڵەوی ئاينده بكەن.

لەگەڵتاندايين بۆ روبەڕوبونەوەی گەندەڵی لە هەمو جومگەكانی دەســەڵاتو قۆرغكردنی كاری سياســیو دزينی ســامانی گەلو مەحســوبيەتو بەرەنگاربونەوەی نادادپەروەریو دەسەڵاتی ملهوڕ.

وەبەتوندی تەقەكردنو كوشــتنی هاوڵاتيان بەدەستی ئەو دەسەڵاتەو حكومەت ئيدانەو مەحكوم دەكەين داواكاريشــين لە بەدادگا گەياندنی ئەو سياســيەيانەی كە رێگا دەدەن تەقە لەهاوڵاتيانو هاوتەمەنەكانمان بكرێت.

لە كۆتاييدا هيوادارين كە هەرچی زوە خۆری ئازادی لە هەمو شارەكانی هەرێم هەڵبێتو كۆتايی بە شەوەزەنگی گەندەڵیو ئەو دەسەڵاتە چەوسێنەرو تۆتياليتارە بێت.

**پاشکری ژماره ٤١**

**دەقی نامەی ٥٠ کەسایەتی کوردستانی ئێران**

# بەیانیەی ٥٠ کەسایەتی سیاسی وفەرهەنگی کوردستانی ئێران سەبارەت بە کوردستانی عیراق

## جەماوەری خۆشەویستی کوردستان

## بەرپرسانی حکوومی، حیزبی و لایەنە سیاسیە کانی کوردستانی عێراق

چەن رۆژێکە کە ئەزمونی سیاسی کوردستان و شەقامی گشتی لە هەندێک شار و شاروچکەی هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە پارێزگای سلێمانی شاهیدی خوپیشاندانی جەماوەری چین و توێژە جیاوازەکانی کومەلگای کوردستانە کە بەداخەوە هەندێک روودلو و تێکهەڵچوونی ناخۆشیی لی کوتوەتەوە و بوتە هۆی شەهید بوونی و بریندابوونی چەن هاوولاتی مەدەنی و پولیسی کورد.

گومان لەوەدا نیە کە خۆپیشاندان و رێپێوانی هێمنانە و ئاشتیانە بو رخنەگرتن لە شێوازی هەڵسووکەوت و دەرخستنی کەم و کورتیەکانی بەرێوەبردنی کومەلگا ماضی هەموو تاکێک و لایەنیکەو لە کاریگەرترین شێوازەکانی دەربڕینی بەشێک لە رای گشتیە و هەر حکومەتێک لە هەرکوی دونیادا بیەوێت ئەو ماضە رەوایە پێشێل بکات شەرعیەتی دەچێتە ژێر پرسیار و دەکەوێتە رێزی سیستەمە دیکتاتوریە کانی دونیاوە و تەمەنی بەرەو لێواری کۆتایی و نەمان دەروات.

بی گومان ئەزموونی حوکمرانی کوردی لە هەرێمی کوردستان کە بە دەریایەک لە خوێن و رووبارێک لە فرمێسک پێک هاتووە و بەرهەمی خەباتی سەدان سالەی گەلەکەمانە سەرەرای ئەو هەموو کەم و کورتی و ناتەبایانەی کە دەست لە یەخەی بەر نادات مولک و سامانی هەموو تاکێکی کوردە و هەموو لایەک بە حکومەت و حیزبەکان و خەلکی بێلایەنیشەوە ئەبێت تەواوی هێز و توانای خۆیان بۆ پاراستنی ئەم دەسکەوتە مێژووییە کە چەقلی چاووی دۆژمنانی گەل و دیموکراسیەتە بخەنە گەرو نەهێڵن بە هیچ شێوەیەک ئەم ئەزموونە مێژووییە بکەوێتە مەترسیەوە. لێرەدا ئەوەی بەر پرسیاریەتی مێژوویی زوورتری لە سەر شانە دەسەلاتدارانی کوردستانن هەر لە بەرێز سەرۆکی هەرێمەوە تا رێبەرانی هەموو حیزب و لایەنە سیاسیەکانی دەرەوە و ناوەوەی حکوومەتی هەرێم و هەروەها سەروک و هەڵسورێنەرانی بزوتنەوەی گۆڕان.

.

ئێمە وەک کۆمەڵێک لە مامۆستایانی کوردی زانکۆکانی ئێران و چالاکانی بواری مافی مرۆڤ، رۆژنامەنووسان و رۆشنبیرانی کوردستانی ئێران، وێڕای دەربڕینی هاوسۆزی خۆمان بۆ داواکاریە رەواکانی خۆپیشاندەران بە تایبەت بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و چاکسازی ئیداری و کۆمەڵایەتی هیوادارین:

١-هەموو لایەنەکانی ساحەی سیاسی کوردستان هەوڵ و توانای خۆیان بخەنە گەڕ بۆ هەرچی زووتر هێوەر کردنەوەی دۆخەکە و گەڕانەوە بۆ کەش و هەوایەکی دۆستانە و برایانە و بەر گرتن لە دروستبوونی مەترسی زیاتر بۆ سەر ئەزموونی حوکمڕانی کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندیە باڵاکانی گەلەکەمان کە بریتیە لە کیانی سیاسی هەرێم کە بەرهەمی خەبات و قوربانیدان و ئەنفال و کیمیاباران کردنی گەلەکەمانە و بە بەهای خوێنی دەیان هەزار رۆڵەی تێکۆشەری گەل بەدی هاتوە.

داوا لە بە رێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پارلمان و سەرجەم لایەنە پێوەندیدارەکانی دەسەڵات دەکەین  کە بە هانای خۆپیشاندەرانە و بێن و بە گوێ گرتن لە داواکان و جێ بە جێ کردنی خواست و ویستی رەوای هاوڵاتیانی کوردستان بەر پرسیاریەتی و دڵسۆزی خۆیان بۆ پاراستنی دەسکەوتەکانی گەل بسەلمێنن و بەر بە پیلانی ناحەزان دژ بە کیانی سیاسی کوردستان بگرن.

ئێمە بڕوامان وایە جێ بە جێ کردنی بە یانامە ١٧ خاڵیەکەی پارلمانی کوردستان کە بە کوی دەنگی پارلمانتارانی کورد پەسەند کراوە بە مەرجێک تەواوی لایەنەکان لە سەری رێک بکەون، ئەتوانێت هەنگاوێکی کاریگەری بێت بۆ چارەسەر کردنی زۆربەی کێشەکان و گەڕانەوەی هەموان بۆ سەروەری یاسا و پاراستنی ئارامی و ئاسایشی هەرێم.

٢-وێڕای دەربڕینی دووبارەی هاوخەمی خۆمان بۆ بنەماڵە بەرێزی قوربانیان و شەهیدان و هیوای سەلامەتی و چاکبوونەوە بۆ بریندارن بە گیانی پڕ لە برایی و دڵسۆزیەوە داوا لە خۆپیشەندارن دەکەین کە هێمنی و ئارامی کوردستان بپارێزن و پەنا بۆ توندوتیژی نەبەن و بە هیچ شێوەیەک هجوم نەکەن سەر بارە گای حیزبی و حکومیەکان و وەک هەمیشە بسەلمێنن کە گەلی کورد گەلێکی ئاشتیخواز و لایەنگری دیالۆگ و دیموکراسیەتەو جەماوەر و هاوڵاتیان و دەسەڵاتدارانی کوردستان لە یەک تێدەگەن و توانای ئەوەیان هەیە کە کیشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارە سەر بکەن و ریگەنادەن دوژمنانی کوردستان بۆ لە ناوو بردنی ئەزموونەکەمان پیلان بگێڕن، ئەو پیلانەی کە لەم چەن رۆژەدا لە رەفتاری لایەنە شوێنی و تیرۆریستەکان دژ بە کورد و دیموکراسیەت لە کەرکووک و ناوچەکانی دەوروو بەری سەری هەڵدا.

٢

احمد قاضی، دکتر ابراهیم یونسی، سالح نیکبخت، بهرام ولدبیگی، قطب‌الدین سادقی، بایزید مردوخی، جلال جلالی‌زاده، محمدعلی سلطانی، فریدون نوری، سید معروف سمدی، سید هاشم هدایتی، محمد کمانگر، عطا نهایی، کامبیز کریمی، احمد بحری، حاسل داسه، احمد شریفی، کامران محمد رحیمی، اردشیر پشنگ، عبدالله سهرابی،محمد رئوف قادری، پرویز حبیبی،

باقر ضیائی، بهزاد کردستانی، فاتح بادپروا، هاشم سلیمی، محمد سالح ابراهیمی، محمد رئوف توکلی، شمس برهان، اسلامیان، خالد توکلی، عطا قادری، رضا شجیعی، احمد طه، منوچهر کمری، سلیمان رضائی، همایون امینی، محمد یعقوبی، اسماعیل محمودی، عوسمان نوری، محمد کریمیان، آزاد حاجی آقائی، سید مسعود حسینی، مهران لیلانی، ادیب رستم پور، ایرج ورزی نژاد، محمد موفقی، ناسح محمودی، محمد حسینی، محمد رشید امینی.

۲۰۱۱/۳/۱ - ۱۳۸۹/۱۲/۱۰

## پاشكۆی ژماره ٤٢
## پرۆژەی ئۆپۆزسیۆن بۆ چاكسازی

پرۆژەی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆن بۆ چاكسازیی سیاسی لە هەرێمی كوردستان
بۆ بەڕێزان/ سەرۆكی هەرێمی كوردستان
سەرۆكایەتی بەرلەمانی كوردستان
سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
بابەت / پرۆژەی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆن بۆ چاكسازی سیاسی لەهەرێمی كوردستان
بفەرموون لەگەڵ پرۆژەی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆن بۆ چاكسازی لەهەرێمی كوردستان.
لەگەڵ رێزدا.

١. بزوتنەوەی گۆڕان
٢. یەكگرتووی ئیسلامی كوردستان
٣. كۆمەڵی ئیسلامی كوردستان / عێراق.

سلێمانی
٢٠١١/٣/٣

وێنەیەك بۆ :
١. بەڕێز مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان.
٢. بەڕێز مەكتەبی سیاسی یەكێتی نیشتیمانی كوردستان.

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
پرۆژەی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆن بۆ چاكسازیی سیاسی لە هەرێمی كوردستان
*****************************************

١.گێڕانەوەی رەشنوسی دەستور بۆ پەرلەمانی كوردستان بەمەبەستی پێداچونەوەو پەسەندكردنی بە تەوافقی نێوان فراكسیۆنەكانی پەرلەمان (ئۆپۆزسیۆنو كوردستانی) .
٢. پێك هێنانی كۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەكانی هەرێم لەكەسانی بێ لایەن بەسازانی نێوان فراكسیۆنەكانی دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن .
٣. پێك هێنانی دەستەی نەزاهەی هەرێم لەكەسانی سەربەخۆ بەسازانی نێوان فراكسیۆنەكانی نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆنو لێ پێچینەوە لەگەندەڵكاران .
٤. دەركردنی یاسایەكی تایبەت بە قەڵاچۆكردنی گەندەڵی .
٥. هەمواركردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆیی پەرلەمان بە تەوافقی نێوان فراكسیۆنەكان (ئۆپۆزسیۆنو كوردستانی)
٦. هەمواركردنەوەی یاسای خۆپیشاندان بە تەوافقی نێوان فراكسیۆنەكان (ئۆپۆزسیۆنو كوردستانی)

٧. یەکخســـتنەوەو بە پیشەیی کردنی هەردوو دەزگای ئاسایش بەجۆرێ دەسەڵاتی جێ بەجێ کردنی نەمێنێتو بگەڕێتەوە سەر وەزارەتی ناوخۆ .
٨. یەکخستنەوەو بە پیشەیی کردنی دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆ (وەزارەتی ناوخۆ) .
٩. یەکخستنەوەو بە پیشـــەیی کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دامەزراوەیەکی سەربازی نا حزبی .
١٠. چەسپاندنی بێ لایەنەیی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەریو پێداچونەوە بە پێکهاتەی ئێستای ئەنجومەنی باڵانی دادوەریو دادگای تەمیز .
١١. ئەکتیڤ کردنی دەزگای داواکاریو گشتیو جیاکردنەوەی لە وەزارەتی دادو گرێ دانی بە ئەنجومەنی باڵای داد وەری یەوە .
١٢. گێڕانەوەی موڵكو ماڵی گشـــتی کە حزبو لایەنو کەسانی دەست ڕۆشتوو دەستیان بەسەردا گرتووە .
١٣. گۆڕینی دەزگای (زانیاری + پاراســـتن + دژە تیرۆر) لە دەزگای تایبەتی حزبیەوەو بۆ دەزگایەکی ئاسایشـــی نەتەوەیی لەســـەر بنچینەی پیشەییو بێ لایەنی سەربەخۆی سەر بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بێت .
١٤. ڕێکخســـتنەوەی پەیوەندی نێوان حزبو حکومەت بەجۆرێ کە هەموو جۆرە دەســـت تێوەردانێکی حزبی بەکاروباری حکومەتو دەسەڵاتە دەستورییەکان کۆتایی پێ بێت .
١٥.گۆڕینی وەزیرو وەکیل وەزیرەکانی (پێشمەرگە + ناوخۆ + دارایی + سامانە سروشتی یەکان) بەکەسانی سەربەخۆو تەکنۆکرات .
١٦. چەســـپاندنی ســـەربەخۆیی زانکۆکانو ناوەندەکانی خوێندنی بـــاڵاو کۆتای هێنانی هەموو جۆرە دەست تێوەردانێکی حزبی .
١٧. ئاشـــکراکردنی سەرجەم ســـەرچاوەکانی داهاتو دابەش کردنەوەی بە شێوەیەکی عادیلانەو رونو تەواو لە بودجەدا .
١٨. هەموارکردنەوەی یاســـایی ئەنجومەنی پارێزگاکانو پێدانی دەســـەڵاتێکی زۆرتر لە ئەنجومەنی پارێزگا لە پێناو هێنانەدی سەرەتای لامەرکەزی ئیداری .
١٩.قەدەغەکردنی کاری حزبی بەهەموو شێوەیەکانیەوە، لەناو دامو دەزگاکانی وەزارەتی پێشمەرگەو ناوخۆ .
٢٠. بڕینـــی یارمەتی دارایی دامودەگا راگەیاندنەکانی حزبە دەســـەڵاتدارەکانو میدیای سێبەرو هەموو ئەو ڕێکخراوانەش لەژێرناوی کۆمەڵگای مەدەنیەوە سامانی گشتی بەفیڕۆ دەدەن .
٢١. لەمـــاوەی یـــەك مانگدا یاســـاو بڕیاری تایبـــەت بەهەریەك لەم خاڵانەی ســـەرەوە دەربکرێتو لەماوەی دوو مانگیشدا جێبەجێ بکرێن، لەڕۆژی راگەیاندنی ئەم پڕۆژەیەوە.
٢٢. لەحاڵەتی جێبەجێ نەبونی ئەم خاڵانەی ســـەرەوە لەماوەی دیاری کراودا کە لەخاڵی (٢١) دا هاتووە سەرۆکی هەرێم بڕیاری هەڵبژاردنی پێش وەخت رابگەیەنێتو حکومەتێکی

یەکێتی نیشتمانی سەرپەرشتی ئەو قۆناغەو هەڵبژاردنەکان بکات .

**١. بزوتنەوەی گۆڕان**
**٢. یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان**
**٣. کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان / عێراق**
**٢٠١١/٣/٣**

## پاشكۆی ژماره ٤٣
## پەیامی ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی

پەیامێك لە جەماوەری خۆپیشـــاندەری كوردستانەوە بۆ هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆنی ناو پەرلەمان

سڵاوی ئازادی وخۆڕاگری خۆپیشاندەرانی كوردستانتان لێبێت...

لای هەمـــوان ئاشـــكرایە كە زیاتر لە مانگێكـــە لەگـــەڵ روداوە خوێناوییەكانی ١٧/ ٢و رۆژانـــی دوایی جەماوەری كوردســـتان لە خۆپیشـــاندانی بەردەوامدایـــەو داواكارییەكانی پێشـــكەش بە دەســـەڵاتەكانی هەرێمی كوردستان كردوە، تائێســـتا پەرلەمانو حكومەتی هەرێمی كوردســـتانو ســـەرۆكی كۆمار وەڵامەكانیان بۆ داوای خۆپیشـــاندەران لە ئاستی وتاری پشـــتگیری زیاتر نییەو تا ئێســـتا هیچ هەنگاوێكی عەمەلـــی نەنراوە بۆ لانی كەم جێبەجێكردنی داواكارییە هەنوكەییەكان، لێرەوە ئێمە دوپاتی دەكەینەوە كە دەســـەڵات لە هەرێمی كوردستان شەرعیەتی یاسایی‌و نیشتمانی خۆی ئەو كاتە لەدەستدا كە هاوڵاتیانی لەسەر مافێكی سروشتی خۆیان كە خۆپیشاندانە دایە بەر دەستڕێژی گوللە. ناكرێ‌و ناشێت دەســـەڵاتێك كە بەرپرسە لەخوێنڕشتنی هاوڵاتیان بە نوێنەری شەرعی خەڵكی كوردستان دابنرێت، دڵنیایین كە هەمو مرۆڤێكی خاوەن ویژدان لە ئاست ئەو تاوانانەدا بێ‌هەڵوێست نابێت. لێرەوە ئێمە لەم قۆناغە مێژویە پڕبەرپرســـیارێتیەدا بانگەوازی نیشتمانپەروەریتان ئاراستە دەكەین كە وەك چۆن تائێستا پشتیوانی داواكاری خۆپیشاندەرانتان كردوە، بازنەی ئەم پشتگیرییەتان بە هێزترو فراوانتر بكەن ئەویش بە:-

١-هەڵپەســـاردنی ئەندامێتیان لە پەرلەمانی كوردســـتانو دەستلەكاركێشانەوەی هەمو ویژدان زیندوان كە هەر پۆستو وەزیفەیەكیان لەناو ئەم دەسەڵاتەدا هەیە.

٢- رەتكردنەوەی هەر دانوســـتانێك لەنێوان ئۆپۆزسیۆنو دەسەڵاتدا وەك هەڵوێستێكی نیشـــتمانی‌و مێژویی بەرامبەر بێباكی دەسەڵات لەمەڕ ئەم دۆخە مێژویەدا تا بەدیهێنانی داواكاریە هەنوكەییەكانی خۆپیشاندەران.

ئەمانەش وەك فشـــارێكی راســـتەقینە لەپێناو ملكەچكردنی دەسەڵات بۆ جێبەجێكردنی لانی كەمی داواكارییەهەنوكەییەكان كە دیارترینیان:

١- دادگایكردنی تاوانبارانی كوشتن‌و بریندارکردنی خۆپیشاندەران.

٢- گواستنەوەی هێزو بارەگا حیزبیەكان بۆ دەرەوەی شارو شارۆچكەكان.

٣- هەڵگرتنی ئابڵوقەی ســـەربازی‌و باری نائاسایی سەر شارو شارۆچكەكانی كوردستان بەمەبەستی دەستەبەركردنی مافی ئازادی رادەربڕین وداواكردنی مافە رەواكانیان.

ئەم هەڵوێســـتە لە لایەن ئۆپۆزســـیۆنەوە هاندەرێك دەبێت بۆ كەسانی ویژدان زیندوی نێو دەســـەڵات كە ئەوانیش هەنگاوی عەمەلی هەڵبگرن بۆ داكۆكیكردن لە داخوازیەكانی شەقامی ناڕازی لە كوردستان.

ئەو كات ئەگەر دەسـەڵات نەیەتە پای جێبەجێكردنی ئەم داواكاریە هەنوكەییانە، ئەوا خەڵك ناچار دەبێت دروشـمی بڕوخێ بەرزبكاتەوە، لەو كاتەشدا هەمو لایەنەێكی سیاسی لە بەردەم گەل‌و مێژوو یاسادا لێپرسراو دەبن بەرامبەر بەرئەنجامەكانی.

چاوەڕێی هیمەتی نیشتیمانیتانین

**ئەنجومەنی كاتی مەیدانی ئازادی**

**٢٠١١\٣\٢٦**

**پاشکۆی ژماره ٤٤**

**راگەیەندراوی کۆتایی کۆبونەوەی باڵای هاوبەشی هەر سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

هاوڵاتیانی سەربەرزی کوردستان

بۆ دەرچون لەو قەیرانەی ئێستا هەرێمی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، رۆژی ٢٠١١/٣/٣ هەر سێ لایەنی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستان پرۆژەیەکی هاوبەشی چاکسازییان لە (٢٢) خاڵدا راگەیاندو ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتو پەرلەمانو هەردو حیزبی دەسەڵاتداریان کرد. لە هەمان پرۆژەداو لە خاڵی کۆتاییدا ماوەی یەك مانگ بەدەسەڵات درابو کە وەڵامی فەرمیی ئۆپۆزسیۆن بداتەوەو یاساو رێسای تایبەت بە چاکسازیو ناوەڕۆکی پرۆژەکە دەربکات و، دو مانگیش بۆ جێ بەجێکردنی ئەو یاساو بڕیارانە دیاریکرابو.

ئێستاش دوای تێپەڕینی زیاتر لە مانگێكو وادەی دیاریکراو، بەداخەوە حیزبەکانی دەسەڵات لەو ماوەیەدا سەرەڕای ئاڵۆزیو گرژیی بارودۆخی کوردستان، وەڵامی فەرمیی ئۆپۆزسیۆنیان نەدایەوەو، هەنگاویان بەرەو جێبەجێکردنی خاڵەکانی پرۆژەکە نەنا بەڵکو ئەم پرۆژەیەشیان وەك هەمو پرۆژەکانی تر پشتگوێ خست.

ئێستاش دوای ئەو وادەیە هەر سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن کۆبونەوەو جارێکی تر بە بەندەکانی پرۆژەکەدا چونەوەو بە بێ جیاوازیی راوبۆچون لەسەر پڕۆژەیەکی هاوبەشو هەنگاوەکانی داهاتو بۆ چاکسازی پێکهاتن و، رێککەوتن لەسەر ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

١. پێویستیی هەڵوەشاندنەوەی حکومەت و، دامەزراندنی حکومەتێکی ئینتیقالی کە لەسەر بناغەی «توافق» پێکبێت.

٢. ئەرکی بنەرەتیی ئەم حکومەتە بریتی بێت لە:

• ئەنجامدانی چاکسازیی بنچینەییو هەمەلایەنە وەك لەخاڵەکانی (١ بۆ ٢٠) ی پرۆژەی هاوبەشی ئۆپۆزسیۆندا هاتوە.

• زەمینەسازکردن بۆ هەڵبژاردنێکی ئازادو پاكو بێگەرد لەسایەی بێلایەنیی حکومەتو دامودەزگا رەسمیەکانو رێگرتن لە هەمو شێوازێکی تەزویرو دەستێوەردانی نایاسایی کە دەرفەتی یەکسان بۆ سەرجەم لایەنە بەشدارەکانی هەڵبژاردن بڕەخسێنێت.

٣. لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن لەهەر دیالۆگێکی ئایندەدا لەگەڵ حزبە حوکمڕانەکان سەبارەت بەو پرسانەی لەم بەیاننامەیەدا هاتوە بەهاوبەشیو ئەجێندای هاوبەش بەشداری دەکەن.

ئەگەر چی ئەم داوایانە داوای ئێمەیە وەك سێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن، بەڵام لەهەمان کاتدا پێمان وایە کە داواکاری بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستانو شەقامی نارازییە، بەتایبەتیش هەمو ئەو هاوڵاتیانەی کە لەسەرای ئازادیی سلێمانیو شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان زیاتر لە (٤٥) رۆژە بێ پسانەوە لەپاڵ داوا هەنوکوییەکانیاندا داوای چاکسازی

سیاســـیو قەڵاچۆکردنی گەندەڵـــیو دابین کردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتیو باشـــترکردنی خزمەتگوزارییەکانو فراوانکردنی مافو ئازادیە گشتییەکانی خەڵکی کوردستانو پاراستنی کەرامەتی هاوڵاتی کوردستانی دەکەن.

هەرسێ لایەنیش دوپاتیانکردەوە کە بەدەمەوەچونی داواکانی جەماوەرو شەقامی نارِازی ئەرکی حکومەتێکی بەرپرسیارەو زەمینەی چارەسەرەکانیش سازتر دەکات.

**کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان یەکگرتوی ئیسلامیی کوردستان بزوتنەوەی گۆڕان**
**٢٠١١/ ٤/٥**

**پاشكۆی ژماره ٤٥**
**راگەیەنراوی یەكێتیو پارتی**

«بــەنـــاوی خوای گــەورەو میــهرەبــان
هاولاتیانی خۆشەویست:
رۆژی ٢٠١١/٤/٥ هــەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن لە كۆبونەوەیەكی هاوبەشیاندا رایانگەیاند كە:
* داوای هــەڵوەشـــاندنەوەی حـكومەتی هـەرێمو دامـەزراندنـــی حكومەتێكی ئینتیقالی ئەكەن لەسەر بناغەی تەوافق.
* پرۆژەی ٢٢ خاڵییەكەی پێشتریان بــۆ چاكسازی دوپات دەكــەنەوە.
* داوای هــەڵبژاردنی پێش وەخـت دەكەن بۆ پەرلەمان.
بۆ لێكۆڵینەوە لەو راگەیاندنەی ئۆپۆزســیۆن، هەردو مەكتەبی سیاسی ی.ن.كو پ.د.ك رۆژی ٢٠١١/٤/٧ كۆبونـــەوە، لە وەڵامی ئەو داخوازییە سیاســییانەدا، بە خەڵكی هەرێمی كوردستانو حیزبـو هێزەكانی كوردستانو گەلی عیراقو نەتەوەی كوردو كۆڕو كۆبونەوەی نێودەوڵەتیو چاودێران بە بارودۆخی هەرێمەوە رادەگەیەنین:
لە كاتی خۆیدا وەڵامی هەمان پێشنیارو ئەو خاڵانەمان داوەتەوە كە خۆی لە پابەند بون بە ١٧ خاڵەكەی پەرلەمانو بەرنامەی ســەرۆكی هەرێم وبڕیارەكانی ســەرۆكی حكومەت ئەنوێنێ، بۆ چاكســازیو چارەســەری كێشــەكان كە، ئێمە لامان وایە جێگەی رەزامەندی سەرجەم كۆمەڵانی خەڵكی كوردستانە.
لە گەڵ ئەوەشدا ئێمە ئامادەین لەسەر ئەم خاڵانە دانیشین تا ئیتیفاقی لەسەر دەكەین، بەڵام هەر رۆژەو زیاد كردنی داخوازییەكی دیكە لەلایەن ئۆپۆزسیۆنەوە مانای پەكخستنی دیالۆگە، چونكە دیارە مەبەست لای ئۆپۆزسیۆن مەرامی سیاسییە نەك چاكسازیی.
مەســەلەی هەڵوەشاندنەوەی حكومەتی هەرێمیش بەو شــێوەیەی ئەوان داوای دەكەن بە نایاســاییو ناشەرعیو نادەستوری دەزانین بۆیە پێكهێنانی حكومەتێكی ئینتیقالی رەت دەكەینەوە، چونكە هیچ پێویستییەكی سیاسیو یاساییو دەستوری نەهاتۆتە پێشەوە.
ئێمە هەمیشــە لەســەر بنەمای دیموكراتیو بە گیانی هەســتكردن بە مەســئولیەتی نیشــتیمانی ئامادەبوینە لە هۆڵی پەرلەمان كێشەكان چارەسەر بكەین بەڵام ئۆپۆزسیۆن هۆڵی پەرلەمانیان جێ هێشتووە كەوتونەتە چالاكی سەر شەقامو لەوێوە لەگەڵ پەرلەمانو حكومەت دەدوێن.
بە كۆمەڵانی خەڵكی كوردستان رادەگەیەنین كە هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن چاكسازییو پێشــكەوتنی كومەڵو ســەقامگیربونی ئاشــتیو ئارامییان ناوێ، بەڵكو مەرامی سیاسیی دوریان هەیە، ئەویش گەیشــتنە بە دەســەڵات كە دیارە هەر پارتو گروپێكی سیاســی، هەقی خۆیەتی چاوی لە گەیشتن بە دەسەڵات بێ، بەڵام بە رەچاوكردنی مەرجە یاساییو

دەستوریی‌و ئەخلاقی سیاسی‌و پەیماننامە نیشتمانییەکان، بە دەستوری عیراقیشەوە.

هاونیشتمانانی کوردستان:

١- بۆ گەیشتن بە دەسەڵات هەمیشە دو ڕێگا هەیە:

ا - ڕێگای شەرعی‌و ڕێزنان لە شەرعیەتی دەستوری‌و یاسایی کە لە ئەنجامی هەڵبژاردندا خۆی دەنوێنێ.

هەمولایەك ئاگادارن کە تا ئێستا لە هەرێمدا لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی هەرێم‌و پەرلەمان‌و ئەنجومەنی پارێزگاکاندا هەڵبژاردنەکان ئازادانە بەڕێوەچووە‌و حکومەتی هەرێمیش کە لە کەشوهەوایەکی ئازاددا متمانەی پەرلەمانی کوردستانی وەرگرتوە، بڕیاریشە لە ٢٠١١/٩/١٠ هەڵبژاردنی تازە بۆئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان بکرێت، ئەو کات مەیدانەکە کراوەیە بۆ هەرکەسێ بیەوێ پێشبڕکێی ئازادو ئەخلاقیانە بکات‌و بتوانێ بیباتەوە، هەربۆیەش دوپاتی دەکەینەوە کە پشت بە یاساو دەستورو متمانەی هاوڵاتیانی خۆشەویست، پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی حکومەت‌و دەزگاکانی دیکەش ڕەتدەکەینەوە.

ب - ڕێگەی دوەمی گەیشتن بە دەسەڵات ڕێگەی کودەتاو خوێنڕشتن‌و ئاژاوەو یاخیبونە لە شەرعیەت‌و دەستورو خواست‌و ئیرادەی خەڵکی خۆڕاگری کوردستان.

ئێمە لە پێناو پاراستنی مافی یاسایی خەڵك‌و دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات دور لە ڕێگەی سندوقی دەنگدان، بە توندیی ڕەتدەکەینەوە.

خەڵکی هەرێمی کوردستان‌و گشت عیراق‌و نەتەوەی کوردو رای گشتی نێودەوڵەتی ئاگادار دەکەینەوە، کە شێوەی جوڵانەوەی ئۆپۆزسیۆن لە هەفتەکانی دواییدا ئاڕاستەکان بەرەو توندوتیژیی زیاتر دەبەن.

بۆیە لێرەدا بنکەی حیزبەکانمان‌و هاوڵاتیان هۆشیارو وریا دەکەینەوە بەرامبەر بە مەترسیی داهاتوی نزیك، کە شوێن پەنجەی هەندێ لایەنی بیانی پێوەدیارە، ئەمەش لە کاتێکدایە هەوڵ‌و کۆشش چڕکراوەتەوە بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) کە ناتوانین هەندێ جموجۆڵی ئۆپۆزسیۆن لە نیازی هەندێ شوفێنیست جیا بکەینەوە.

٢- ئۆپۆزسیۆن تا ئێستا بە ناهەق بەردەرکی سەرای شاری سلێمانی پاوان کردوە، گوایە هەوڵدەدات ڕاپەڕین ڕێکبخات، لە کاتێکدا بەپێی یاساو بەرژەوەندیی گەل، ئەوان ئەو مافەیان نەماوە، چونکە هەرچییەکیان ویست گوتیان، دامودەزگاکانی هەرێمیش وەڵامی داواکارییە ڕەواکانی خۆپیشاندەرانیان داوەتەوەو چەندین بڕیاری پێویستیشیان داوە کە بەشێکە لە بەرنامەی کاری خۆیان.

بێگومان جادە موڵکی هیچ پارت‌و لایەنێك بە تەنیا نییە، خەڵکیش دیلی کەس نییە، هەر هاوڵاتییەك لە هەر شوێن‌و جێگایەکدابێ بەپێی یاسا ئازادە، ئۆپۆزسیۆن مافیان نییە ئارامی‌و ژیان‌و بژێویی خەڵك بشێوێنن، هەر بۆیەش دەڵێین خەڵك ئازاد بهێڵن، گەرنا دەسەڵات ڕێگەو شێوەو توانای خۆی هەیە بۆ پاراستنی مافی هەموان، بە مافی

خۆپیشاندەرانی ئۆپۆزسیۆنیشەوە.

٣- لە دونیای دیموکراسیدا دەسەڵاتی شەرعیو یاسایی مافێکی تەواوی هەیە بۆ بەرگری لە خۆیو دەزگاکانی ومافو ئازادیی خەڵك.

لێرەدا دەڵێین: هێشتا دەرفەتی لێکگەیشتنو ڕێککەوتنو پێکەوەکارکردن ماوە، هیوادارین هەمو لایەك بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی خەڵكو چەسپاندنی یاساو ئاشتیو ئارامیو چاکسازییو پەرەپێدانی دیموکراسی بەسەر کۆسپەکاندا سەرکەوین».

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان - پارتی دیموکراتی کوردستان**

**٢٠١١/٤/٧**

## پاشكۆی ژماره ٤٦
## نامەی فراكسیۆنەكانی ئۆپۆزسیۆن

لایەنە ئۆپۆزسیۆنەكانی كوردستان نامەیەكی ١٣ خاڵیان ئاراستەی جیهان كرد
بەڕێز/ پەرلەمانی یەكێتی ئەورپا
بەڕێز/پەرلەمانی وڵاتانی جیهان
بەڕێز/ ئەمنیستی ئینتر ناشناڵ
بەڕێز/ ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتوەكان.
بەڕێز/ كۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی
بەڕێز/ كۆمكاری وڵاتانی عەرەب
دوای سڵاو...

ئێمە لە كاتێكدا ئەم نامەیە ئاراستەی بەڕێزتان دەكەین، پرۆسەی دیموكراسی لە هەرێمی كوردستاندا ئاراستەیەكی پێچەوانەی وەرگرتوە، لە پێشلكردنی پرنسیبەكانی ئازادی بیروڕا، ئازادی خۆپیشاندان، سەروەری یاسا، بێ لایەنی داموو دەزگاكانی حكومەت لە ململانێ سیاسییو كۆمەڵاتییەكان، فەرامۆشكردنی بنەماكانی مافی مرۆڤ لە هەر مامەڵەیەكی داموو دەزگاكانی حكومەت لەگەڵ جوڵەی دیموكراسی هاوڵاتیاندا، كە بوەتە مایەی دروست بونی توندوتیژی ڕێكخراوو دامەزراوەیی حكومی بەرانبەر هاوڵاتیان، واتە پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی كوردستاندا خاڵی كراوەتەوە لە ناوەڕۆكی دیموكراسی، بۆیە ئەم ڕەوشە نێگەتیڤەی هەرێمی كوردستان پێدا تێپەردەبێت خوازیاری هاوكارییو هەماهەنگی دۆستانو خەمخۆرانی پرۆسەی دیمكراسیە، بە تایبەت لە سەردەمی جیهانگیریدا ئیرادەی دەولی ڕۆلێكی بناغەیی گرنگ دەبینێت لە نەخشەی سیاسی دەوڵەتانو هێنانەدی خەونی ئازادییو دیموكراسی گەلان.

بۆیە ئێمە پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمانی كوردستان ئەم ڕاپۆرتە ئاراستەی بەڕێزتان دەكەین، بە مەبەستی ئاگاداربونتان لە ڕەوشی سیاسی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی ڕۆڵو هیمەتو توانای خۆتان بەكار بهێنن لە هەرێمەكەماندا بۆ ئەوەی لەمە زیاتر پرۆسەی دیموكراسی بە ئاراستەی هەڵەدا نەبرێو هاوڵاتیانو كۆمەڵگەكەمان نەكرێنە قوربانی ویستە نادیموكراسیەكان.

ئەمەش چەند نمونەیەكە لە پێشلكاری یەكان:

١- لە ڕۆژی ٢٠١١/٢/١٧ دا لە پاش ئەوەی خۆپیشاندان دژ بە گەندەڵی كرا، لە بەردەم بارەگای (پ.د.ك) لە سلێمانی تەقە لە خۆپیشاندەران كراو منداڵێكی تەمەن ١٧ساڵان (ڕێژوان عەلی) كوژراو ٧٢ كەسیش بریندار بون هەندێك لە بریندارەكان برینیان سەختەو وە بە كەم ئەندامی دەمێنێنەوە.

٢- ژمـــارەی کوژراوەکان لە چەند رۆژی دواتر گەیشـــتە ٩ کەس کـــە زۆربەیان گەنجن، تا نوســـینی ئەم نامەیە زیاتـــر لە ٢٠٠ بریندار هەیە بەپێی راپۆرتی نەخۆشـــخانەکانی سلێمانیو شارو دێکانی دەوروبەری.

٣- ســـوتاندانی کەناڵی ئاســـمانی نالیا NRT، کە هەمو بەڵگـــەکان ئاماژە بەوە دەکەن دەسەڵاتی پارتیو یەکێتی لە پشتی سوتاندنیەوەن.

٤- هەڵکوتانە ســـەر خۆپیشاندەرانی بەردەرکی ســـەراو سوتاندنی چادرەکانیانو گرتنی زیاتر لە ٢٥ چالاکوان.

٥- لێدانی ئەندام پەرلەمانی لیســـتی گۆڕان (بورهان رشـــید گوڵە) بە قۆناغە تەفەنگ لەلایەن پاســـەوانەکانی ئەندام پەرلەمانی لیســـتی پارتی لە ناو بینـــای پەرلەماندا، ئەم کەیسە لە مێدیا لۆکاڵیو عەربیەکان ئاماژەی پێکراوە.

٦- ناردنی هەڕەشەی کوشتن بە SMS بۆ پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن لە لایەن دەزگاکانی دەسەڵاتەوە. ئەو ژمارە تەلەفۆنانەی هەرشەکانی لێوەکراوە زانراونو پۆلیسو دادگایان لێ ئاگادارکراوەتەوە.

٧- سوتاندنی بارەگای بزوتنەوەی گۆڕان لە ناوچەی هەولێرو دهۆکو سۆرانو شەقلاوە.

٨- لێدانو تۆقاندانی مێدیاکاران بە تایبەتی لە کەنەڵەکانی ئۆپۆزســـیۆن (knn، سپیدە، پەیام)

٩- داخســـتنی دەرگاو هۆڵی پەرلەمان بەســـەر پەرلەمانتاراندا بە شێوەیەکی نایاسایی لە لایەن ســـەرۆکی پەرلەمانەوەو پاش ئەوەی بەکارهێنانی هێزی چەکدار لەناو حەوشەی پەرلەماندا، بۆ ترساندنو هەڕەشە لە ئەندامانی پەرلەمانتارانی ئۆپۆزسیۆن.

١٠- لە بەرواری ٢٠١١/٣/٣١ لە قەزای کەلار ســـەر بە پارێزگای ســـلێمانی بە بەرنامە دارێژراو لەلایەن بەپرســـانی حزبو حکومەتی ســـەر بە (ی.ن.ك) دەزگا ئەمنیەکان لە ناو خۆپیشاندەراندا هێرش دەکەنە سەر پەرلەمانتارانی کوردستانو عێراقو ئەندام پەرلەمانێك بـــە ناوی (نەریمان عەبدولا قادر) بریندار دەکرێت، دەدرێـــت لە پەرلەمانتارێکی عێراق بە ناوی (سەردار عەبدولا) بە بەڵگە هەمو راستیەکان لە لامانە.

١١- ســـەرباری ئەمانـــە جێبەجێنەکردنـــی بڕیارەکانی پەرلەمانی کوردســـتان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە، کە لە دو کۆبونەوەدا لە ٢٠١١/٢/٢٣و لە ٢٠١١/٣/١٧ دران.

١٢- هەروەهـــا پەرلەمانـــی کوردســـتان بە دواداچونـــی نەکرد بـــۆ بڕیارەکانی هەردو کۆبونەوەکەی خۆیو، ئەو پێشـــێلکاریانەی لەلایەن دەزگا تەنفیزیەکانەوە کران، سەبارەت بە بڕیارەکان.

١٣- لەبـــری دەســـتگیرکردنی تۆمەتباران ژمارەیەك لە هەلســـوڕاوان خۆپیشـــاندەران مامۆستایان ئاینیو رۆشنبیران دەستگیرکران.

**فراکسیۆنی گۆڕان فراکسیۆنی یەکگرتو فراکسیۆنی کۆمەڵ**

**٢٠١١/٤/ ١٠**

## پاشكۆی ژماره ٤٧
## رونكردنه‌وه‌ی ئه‌نجومه‌نی كاتی مه‌یدانی ئازادی

رونكردنه‌وه‌ی ئه‌نجومه‌نی كاتی مه‌یدانی ئازادی سلێمانی سه‌باره‌ت به‌روداوه‌كانی دوێنێ ئێواره‌ی ٢٠١١/٠٤/١٧ له‌كاتێكدا له‌مه‌یدانی ئازادی شه‌سته‌مین رۆژی خۆپیشاندانه‌كانمان به‌رێده‌خست هێزێكی زۆری ئاسایش، پۆلیسی چالاكیه مه‌ده‌نیه‌كان، ده‌مامكداره‌كان له شه‌قامی پیره‌مێردو ده‌وربه‌ری مه‌یدانی ئازادی به‌چڕی كۆببونه‌وه‌و ئه‌و شه‌قامه‌یان به‌ته‌واوی كۆنترۆڵ كردبو، سیمای شارو ده‌وروبه‌ری مه‌یدانه‌كه میللیتاریزه كرابو، ئه‌مه‌ش بوه هۆی رودانی پێكدادان له‌نێوان به‌شێك له‌خۆپیشانده‌ران له‌گه‌ڵ ئه‌و هێزانه‌دا، ته‌قه‌كردنی هێزه چه‌كداره‌كان له خه‌ڵكی توڕه‌و ناڕازی، په‌لاماردانی خۆپیشانده‌ران توندوتیژی زۆری لێكه‌وته‌وه‌و سه‌ره‌نجام زیاتر له ٥٥ كه‌س به‌گولله‌و به‌ردو جۆرێكی تایبه‌ت له‌گازی فرمێسكرێژ برینداربون...

دواتر هێزه چه‌كداره‌كان هه‌روه‌كو چۆن به‌شێوه‌ی پێشو له‌هه‌وڵی داڕشتنی سیناریۆی جۆراوجۆر بون بۆ لێدانی مه‌یدانی ئازادی، رودانی ئه‌م پێكدادانه‌یان به‌فرسه‌تزانی بۆ هێرشكردنه سه‌ر مه‌یدانه‌كه‌و به‌ته‌قه‌كردن له خۆپیشانده‌ران، ته‌قه‌ی هه‌وایی زۆر له‌مه‌یدانی ئازادی نزیكبونه‌وه‌و بۆ نانه‌وه‌ی ترس، دڵه‌راوكێ، پشێوی چه‌ندین بۆمبی گازی فرمێسك رێژیان بۆ بلاوه‌پێكردن له دژی خۆپیشانده‌ران به‌كارهێنا، له‌ئه‌نجامدا توانیان پشێوی له‌مه‌یدانه‌كه‌دا دروستبكه‌ن، سه‌دان كه‌س به‌هۆی ئه‌و گازه‌وه له‌و شوێنه برینداربن، له‌نێویاندا چه‌ندین ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی كاتی ئازادی تیادایه...

روداوه‌كانی دوێنێ بۆ جارێكی تر سیمای ئه‌م ده‌سه‌ڵاته دزێوه‌ی به‌هاونیشتمانیانی كوردستان نیشاندا. بۆیه ئێمه بۆ جارێكی تر سوربونی خۆمان له‌سه‌ر خۆپیشاندان، كۆبونه‌وه له‌مه‌یدانی ئازادی دوپات ده‌كه‌ینه‌وه‌و بانگه‌وازی هاونیشتمانیان، هه‌مو خه‌ڵكی شاره‌كه ده‌كه‌ین كه‌سبه‌ینێ له‌مه‌یدانی ئازادی كۆده‌بینه‌وه‌و به‌رده‌وام ده‌بین.

هه‌روه‌ها داوا له ده‌سه‌ڵاتداران ده‌كه‌ین ده‌ست له‌میللیتاریزه‌كردنی شارو ده‌وروبه‌ری مه‌یدانی ئازادی هه‌ڵگرن، ئیستفزازی خۆپیشانده‌ران نه‌كه‌ن، وه‌ڵامی راسته‌قینه‌و دور له‌چه‌واشه‌كاری به‌خۆپیشانده‌ران بده‌نه‌وه، ده‌ست له په‌لامارو پێشێلكردنی مافه‌كانی هاونیشتمانیان هه‌ڵگرن...

**ئه‌نجومه‌نی كاتی مه‌یدانی ئازادی**

## پاشکۆی ژماره ٤٨
## راگەیەنراوی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی

دەقی راگەیەندراوەکە:

**فۆبیای دەسەڵات**

رۆژانی هەڤدەو هەژدەی نیسان دەسەڵاتدارانی هەرێم لە هێرشە یەك لە دوای یەکەکانیان بۆ ســەر خۆپیشاندەرانی کوردستان لە ســلێمانیو هەولێرو کەڵکە سماق، بۆ چەندهەمین جار ســەلماناندیان، کە ئەوان تەنها بە یەك زمانی پەیوەندیکردن ئاشــنان ئەویش زمانی توندوتیژیو نواندنی زەبرو زەنگە.

هێنانی هێز لە هەولێرەو ناوچەکانی دیکەی کوردستانەوە بۆ سەرکوتی هاونیشتمانیان لە سلێمانی باس لە شکستی بیست ساڵەی ئەم دەسەڵاتە دەکات. سوتاندنی سەکۆی مەیدانی ئازادی هەوڵی دەسەڵاتە بۆ خنکاندنی دەنگی ئازادی خەڵکی نارازی کوردستان، ئێمە ماوەی شەســت رۆژ لە هەوڵی ئەوەداین دەســەڵات فێری مەدەنیەت بکەین بەڵام ئەوان بێباکانە دەســتیان لە ســەر پەلەپیتکەی تفەنگەکانیان هەڵنەگرتو ســور بون لە سەر سەرکوتی دەنگە ئازادو ئازاکانی کوردســتان. سەرباری پێداگریمان لە ســەر داخوازییە رەواکانمانو کارکردن بۆ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی ئەو نەخشەڕێگایەی لە ٢٠١١/٠٤/١٠ خرایە بەردەم رای گشتی، ئێمە وەك خۆپیشاندەران بەردەوام دەبینو بانگهێشتی هاونیشتمانیانی خۆڕاگر دەکەین کە پەیوەست بن بەم بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە مەدەنیەوە لەپێناو گەڕاندنەوەی رێز بۆ هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە. تەقەکردن لە خۆپیشاندەرانی مەدەنیو رەشبگیری خۆپیشاندەرانو رشتنی غازی خنکێنەرو رێگری لە گواستنەوەی بریندارانی بۆ نەخۆشخانەو سوتاندنی ماڵو ســەیارەی بەشداربوان لە خۆپیشــاندانەکانداو دەستدرێژی کردنە ســەر رۆژنامەنوسانو ترساندنی شۆفێری پاسەکانی شارو شــارۆچکەکانی هەرێم بۆ نەگواستنەوەی هاوڵاتیان، سەرجەمیان پێشیلکاری مافەکانی مرۆڤەو هاونیشتمانیان لەم هەرێمەدا بڕیاریانداوە چیدی ئەم سوکایەتیانە قبوڵ نەکەن.

هەروەهــا بە پێویســتی دەزانین ئەو راســتیە دوبارە بکەینەوە کە ئەوە شــەقامە ئەم ئەنجومەنە بەڕێوە دەبات، بۆیە لێرەوە رایدەگەیەنین کە دوابڕیار دەگەڕێتەوە بۆ شــەقامو هەموان پێکەوە بڕیاری درێژەدان بە چالاکیە مەدەنیەکانمان دەدەین.

بژی ئازادی...بڕوخێ ستەمکاری

**ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی**

**٢٠١١/٠٤/١٨**

**پاشکۆی ژماره ٤٩**
**راگەیەنراوی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی**

ئەمەش دەقی روونکردنەوەکەیە:
روونکردنەوەی لیژنەی ئەمنی شاری سلێمانی سەبارەت
بەرووداوەکانی ئەمڕۆی سلێمانی
جەماوەری خۆشەویستی کوردستان
هاووڵاتیانی شەرەفمەندی شاری سلێمانی
هەمووتان ئەو راستیە باش دەزانن بۆ ماوەی دوو مانگە هێزەکانی پۆلیسی چالاکیە مەدەنیەکانو ئاسایشی ناوخۆو دەزگا پەیوەندیدارەکانی تر بەو پەڕی سنگفراوانیەوە مامەڵە لەگەڵ خۆپیشاندەرانی سلێمانیو هەندێ شاری تری دەوروبەری دەکەن، سەرەڕای نواندنی توندوتیژی بەرامبەر هێزەکانی پۆلیسو شەهیدکردنو بریندارکردنی ژمارەیەکی زۆریان، لەلایەن کەسانێك کە بەپێی بەرنامەیەکی دیاریکراو کار بۆ ئەوە دەکەن ئاراستەی خۆپیشاندانەکان بەرەو توندوتیژیو نانەوەی پشێویو ئاژاوە ببەن تائێستا دانمان بەخۆماندا گرتووە، بەڵام دیارە هەندێ کەس دەیانەوێت خوێنی گەنجو لاوی کوردو هێزەکانی پۆلیس باجی مەرامی گڵاوی ئەوان بێت.
بۆ رێگە گرتن لەنیازو بەرنامەی ئەوانەی دەیانەوێت لەپشت رژانی خوێنی خەڵكو تێکچوونی شیرازەی ژیانو گوزەرانی شاری سلێمانیو تەواوی کوردستان، دەسکەوتی سیاسی بچننەوەو مەرامی ئاگرینی خۆیان وەدیبێنن، بڕیارماندا بەهیچ شێوەیەك رێگە نەدرێت خۆپیشاندانی بێ مۆڵەت لەهیچ جێگەیەکی شاری سلێمانیو هەرشارو شارۆچکەیەك ئەنجام بدرێت، هەر کەسو لایەنێکیش بەپێچەوانەی ئەم بڕیارەو لەدەرەوەی قانوون هەڵسوکەوت بکات، ئەوا بێ دووڵی لەرێگەی قانوونو دادگاوە رووبەڕوی سزا دەکرێتەوە.
خەڵکی خۆشەویستی شاری سلێمانی
ئێوە خۆتان شاهیدی ئەو راستیەن کە بەدەستی ئەنقەست کار بۆ ئەوە دەکرێت ئارامیو ئاسایشی شارەکەتان، ژیانو گوزەرانو کاروکاسبیتان، سەلامەتی رۆڵەو کەسوکارتان بخرێتە بەردەم مەترسیو بکرێتە باجی ویستی گومانلێکراوی چەند کەسێك کەدیارە ئاشی بەرژوەندیان بەرژانی خوێنی رۆڵەکانی ئێوە دەگەڕێت، ئێمە بۆ رێگەگرتن لەو کەسە گومانلێکراوانە، بۆ پەکخستنی خەونی ئەوانەی چاویان بەئازادیو بوژانەوەی کوردستان هەڵنایەت، رێوشوێنی قانوونی یەکلاکەرەوە دەگرینە بەرو کۆتایی بەو دۆخە نالەبارە دێنین کە بەتایبەت بەرۆکی شاری سلێمانی گرتوەو نەك هەر گرفتو ئاستەنگی بۆ ژیانی ئاسایی هاووڵاتیانی دروست کردووە، بەڵکو خەریکە پێدەنێتە قۆناغێکی مەترسیداری پڕ لەتوندوتیژیو هێرشکردنە سەر هێزەکانی پۆلیس کەئەرکیان پارێزگاریکردنی ئەمنیەتو ژیانی ئێوەیە

هاوولاتیانی خۆشەویســـتی سلێمانی، ئەو کەسو لایەنە نەیارانە بەئازادیو ئارامی ئێوە، مەبەستیانە دۆخێکی وانالەبار بۆ ئێوە دروست بکەن، لەبری داواکردنی خزمەتگوزاری زیاترو بوژانەو ئاورلێدانەوەی خێراتر لەپێداویســـتیەکانتانو برەودان بەپرۆسەی چاکسازی، داوای ئاســـایشو سەلامەتی ژیانی خۆتانو منداڵو کەســـوکارتان بکەن کەئەمڕۆ لەکوردستاندا بەرقەرارەو پێویســـت بەباس لێوە کردن ناکات، هەر بۆ ئەم مەبەســـتە گومانلێکراوەشـــە دەیانەوێت بەلێشاو خەڵك لەشارو ناوچەکانی ترەوە بێننە ناو شارە ئازیزەکەی ئێوە، لەکاتێکدا ئەو خەڵکانەی بەپاس رەوانەی سلێمانی دەکرێن لەشارەکانی خۆیان خۆپیشاندنیان کردووەو ئازادیشن لەئەنجامدانی بەگوێرەی قانوون، بۆیە بەخاتری ئەوەی خوێنی ئێوەو رۆڵەکانتان، ســـەلامەتی خۆتان خێزانو کەسوکارتان لەسەرەوەی هەموو بەرژەوەندیو ئیعتیبارێکەوەیە، چیتر رێگە نادەین لەدەرەوەی قانون لەژێر ناوی خۆپیشـــاندانیدا کار بۆ تێکدانی ژیانی ئێوە بکرێت، لەهەمان کاتیشـــدا دووپاتی دەکەینەوە کەمافی خۆپیشاندانی هێمنانەو مۆڵەت بۆ وەرگیراو، مافێکی مســـۆگەری هەر کەســـێکەو بەهەموو توانایەکەوە بەرگری لێدەکەینو زەمینەشـــی بۆ دەرەخســـێنین، لەهەمان کاتـــدا جەخت لەجێبەجێکردنی ئـــەو رێنمایەش دەکەینـــەوە کەئەمڕۆ لەلایەن ســـەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردســـتانەوە دەرچووە بۆ پابەندبوونی هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش بۆ مسۆگەرکردنی ئازادی خۆپیشاندانی قانوونیو پارێزگاریکردن لەگیانی هاوولاتیانو بەرژەوەندی گشتی، کەدوور لەتوندوتیژیو تەقەکردنو لەچوارچێوەی قانوونو رێنمایە کارپێکراوەکان، بەرەنگاری هەر توندوتیژیەك ببنەوە.

**لیژنەی ئەمنی شاری سلێمانی**

**١٩ی نیسانی ٢٠١١**

## پاشکۆی ژمارە ٥٠
## راگەیەنراوی ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی

دەقی راگەیەندراوەکە:

تیرۆری هێزە چەکدارەکان:

ئەمڕۆ چەکدارەکانی هەردو حیزبی بنەماڵە پاش بە سەربازگەکردنی سلێمانی لە هەوڵی بێدەنگکردنی دەنگی ناڕازی خەڵکی خۆپیشاندەری کوردستان هێرشیان کردە سەر خۆپیشاندەرانو بە دەیەها هاوڵاتییان بریندارو دەستگیر کرد. بە سەربازگە کردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە لایەن هێزی کوردیەوە، نەك لە لایەن دوژمنانی کورد، تەنها یەك شیکاری هەڵدەگرێت ئەویش خیانەتی نیشتمانیە. لە بەرئەنجامی ئەم هێرشانە مەیدانی ئازادی کراوە بە مۆڵگەی چەکدارەکان، هاوکارانمان ڕێبین ئەحمەد هەردیو هەڵسوڕاوانی گروپی زانکۆو بە دەیەها خۆپیشاندەرانی مەیدانی ئازادی سوکایەتیان پێکراوەو دەستگیرکراون. ئێمە بە دەسەڵات دەڵێین بەم کردارانەتان تەنها باڵەخانەی تاوانەکانتان بەرزتر دەکەنەوەو هاونیشتمانیان لە خۆتان توڕەتر دەکەن، لێرەوە بانگهێشتی ئەو کەسانە دەکەین کە دەسەڵات کردونی بە پاسەوانی دەزگا سەرکوتکارەکانیان کە بکشێنەوە لە پارێزگاریکردنو پیادەکردنی سیاسەتە چەوتەکانی ئەم دەسەڵاتە شکستخواردوەو بەشداری بکەن لە ئازادکردنو پارێزگاریکردن لە ئاسایشو سەلامەتی هاونیشتمانیان. ئێوەش دەسەڵات دەست لەم جەورو ستەمو سەرکوتە هەڵبگرنو هێزە چەکدارە نا شەرعیەکانتان لە شارو شارۆچکەکان ببەنە دەرەوەو دەستگیرکراوەکان ئازاد بکەن، چەندمان دەکوژنو چەندمان دەگرن؟

ئێمە هەمو لایەك دڵنیا دەکەینەوە کە بەردەوام دەبین لە داکۆکیکردن لە ئازادیو سەروەری ئینسانی کوردو بە شێوازی جۆراوجۆر دژی ئەم ستەمکاریە دەجەنگین.

سەربەرزی بۆ دەنگی ئازادیخوازان

سەرشۆڕی بۆ دەسەڵاتی شکستخواردوی حیزبی بنەماڵە

**ئەنجومەنی کاتی مەیدانی ئازادی**
**٢٠١١/٠٤/١٩**

## پاشكۆی ژماره ٥١
## بەیاننامەی سێ لایەنەكەی ئۆپۆزسیۆن

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
هاولاَتیانی بەڕێزی كوردستان
هـەروەك رونە لە چەند رۆژی رابردودا چەندین رۆشـنبیرو زانـای ئاینیو رۆژنامەوانو چالاكوانی مەدەنیو مامۆسـتایانی زانكۆو خوێندكارانو كاسـبكارانو هاولاَتیانی مەدەنی لەلایەن دامودەزگا ئەمنیو چەكدارەكانی سـەر بە هێزە دەسەلاَتدارەكان دوچاری گرتنو ئەشكەنجەدانو پێشێلكردنی مافەكانیان بونەوە.
ئێمە لە ئۆپۆزسیۆن لەم دۆخەدا جەخت لەسەر ئەم خالاَنەی خوارەوە دەكەین:
١. كۆكردنەوەی هێزی سـەربازی لە شاری سلێمانیو شارو شـارۆچكەكانی تر جارێكی تـر ئەوەی سـەلماند كە ئەم هێزانە لەلایـەن یەكێتیو پارتیەوە بـۆ بەرژەوەندی خۆیان بەكاردەهێنـن، ئەو راسـتیەش دەردەخات كە ئەو هێزانە بێلایەن نیـن، بۆیە جارێكی تر دوپاتـی داواكانی ناو پرۆژە سیاسـیەكەی هەرسـێ لایەنی ئۆپۆزسـیۆن دەكەینەوە كە داواكرابو هێزەكان بكرێنە هێزی نیشتمانی نەك هێزی حیزبەكان.
٢.پێویسـتە سـەرجەم ئەو هێزانەی هێنراونەتە ناو شارو شـارۆچكەكان بگەڕێندرێتەوە شـوێنی خۆیانو دۆخی سـەپاوی رانەگەیاندراوی لە حالَەتی لەناكاو كۆتایی پێبێتو رێز لە مافە سیاسـیو مەدەنیەكانی هاولاَتیانو لەوانەش مافی ئازادی رادەربڕینو خۆپیشـاندان، بگیرێن.
٣. پێویسـتە سـەرجەم ئەو كەسـانەی تاكو ئێسـتا لە زیندانەكاندا ماونو لە سۆنگەی پێشـێلكردنی مافی خۆپیشـاندانەوە دەسـتگیركراون، بەربدرێنو لێپێچینەوەی یاسایش لە هەمو ئەو بەرپرسو كەسـانە بكرێت كە لە پشت ئەشكەنجەدانی هاولاَتیانەوەنو قەرەبوی مادیو مەعنەویش بكرێنەوە.
٤. ئێمە دوپاتیدەكەینەوە كە بە سەربازگەكردنی شارەكانو هێز كۆكردنەوەو بەكارهێنانی توندوتیژی دژ بە هاولاَتیانو ئاماژە بە هەڕەشەكردن دژ بە هێزە سیاسیەكان دۆخی كوردستان بەرەو ئالَۆزی دەباتو ئەگەری دەرهاویشتەی خراپو توڕەكردنی زیاتری جەماوەری لێدەكرێتو هەرچیش لەم روەوە روبدات ئۆبالَی دەخەینە ئەستۆی هێزە حوكمڕانەكانی كوردستان.
٥. سەبارەت بەو دەنگۆیانەی باس لە دەستدرێژیكردنە سەر بارەگاو دەزگاكانی راگەیاندنو بەرپرسو چالاكوانانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەكان دەكات، ئێمە پاراستنی ئاسایشی سەرجەم ئەو شوێنو كەسانە دەخەینە ئەستۆی دەزگا بەرپرسەكانو دەستدرێژیش بۆ سەر هەر لایەنێكیان دەستدرێژیە بۆ سەر لایەنەكانی تر وە بەرپرسن لە هەر كاردانەوەیەكو پەرچەكردارێك.

**لیژنەی هەماهەنگی ئۆپۆزسیۆن**
**٢٠١١/٤/٢٠**

## پاشکۆی ژماره ٥٢
## بەیاننامەی ژمارەیەك دادوەری پارێزگای سلێمانی

دەقی ڕاگەیەندراوی دادوەرەکان:
بۆ رای گشتی جیهانو هەرێمی کوردستان
بەرێزان: سەرۆکی هەرێمی کوردستان
سەرۆکی پەرلەمان
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری
سەرۆکی دادگای تێهەڵچونەوەی ناوچەی سلێمانی

سەبارەت بەو روداوانەی لە ٢٠١١/٢/١٧و دواتر لە ناو شاری سلێمانیو چەند شارو شارۆچکەیەکی پارێزگای سلێمانی رویاندا، لەو کاتەوەو تائێستا ئەوەی بە زەقی بەسەر کەشی ژیانو رێزگرتنی یاساوە دیارە بریتیە لە هەڵکشانی بێشوماری بەکارهێنانی هێزی سەربازیو توندوتیژیو پێشێلکردنی کەرامەتی مرۆڤی کورد بە چەندین شێوازی نایاساییو نامرۆڤانەو بێبایەخکردنی یاساو رۆڵی دادگا لە کێشەکاندا.

ئێمە وەك دادوەرو پیاوانی چەسپاندنی یاساو پەرۆشی بنیاتنانی دەوڵەتی یاساو بەرجەستەکردنی دادپەروەی، سەبارەت بەو روداوە نەخوازراوانەو پاڵپشت بە بنەما نێودەوڵەتیەکانی مافەکانی مرۆڤو یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم سەبارەت بە قەدەغەکردنی دەستگیرکردنی تۆمەتباران بەبێ بڕیاری دادگاو قەدەغەکردنی هەمو شێوەیەکی توندوتیژی دەرونیو جەستەیی، بە ئەرکی خۆمانی دەزانین رای گشتی کوردستانو دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان لە هەمو ئەو پێشێلکاریانەی بەرامبەر هاوڵاتیان دەکرێتو لە ئاراستەی روداوەکان بەرەو دۆخێکی مەترسیدار، ئاگادار بکەینەوە. هەروەها لە رێزگرتن لە یاساو بێلایەنی دادگاکانو دورخستنەوەیان لەوەی بەکاربهێنرێن وەك بەشێك لە درێژەدان بە بارودۆخی ئێستا، ئەویش بە چاوپۆشینی دەسەڵاتداران لەو هەمو بێڕێزیەی بەرامبەر دادگاو دادوەران دەکرێت، کە دیاریترینیان بریتین لە دەستگیرکردنی نایاساییو ئەشکەنجەدانی هاوڵاتیانو جێبەجێکردنی ژمارەیەکی بڕیارەکانی دادگاو جێبەجێنەکردنی ژمارەیەکی تریان واتە جێبەجێکردنی بڕیارەکان بە شێوەیەکی ئینتیقائی. ئێمە ئەم روداوانە بە پێشێلکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤو یاسا کارپێکراوەکانو بێڕێزی بەرامبەر یاساو دادگاکان دەزانینو لەم روەوە هەڵوێستی نیشتمانیو یاسادۆستی خۆمان لەم خاڵانەدا رادەگەیەنین:

١-رێزگرتنی یاسا لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەو رادەستکردنی تۆمەتباران بۆ دادگاکان، جگە لە دادگاکان هیچ لایەنێك بۆی نەبێت لێپرسینەوە لە هیچ کەسێك بکات.

٢-رێز گرتن لە بڕیارەکانی دادگاو جێبەجێکردنیان بەبێ جیاوازیو لەکاتی خۆیدا.

٣-وازهێنان لە دەستگیرکردنی هاولاتیان بەبێ بڕیاری دادگا، لەکاتی دەسگیرکردنی لە تاوانی بینراودا دەبێت راستەوخۆ بدرێتە دادگای لێکۆڵینەوە.
٤-بەکارنەهێنانی ئەشکەنجەدانو شێوازی تری توندوتیژی بەرامبەر دەستگیرکراوان.
٥-رێزگرتن لە یاسای خۆپیشاندان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ خۆپیشاندسەرانو تەنها هێزی پۆلیس بۆی هەبێت سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکان بکات وەك لە مادەی (حەوتەم/ سێهەم) لە یاسای خۆپیشاندەکاندا هاتوە.

**دادوەر کەمال رەزا ئەحمەد**
**دادوەر سەروەر عەلی جەعفەر**
**دادوەر سۆان ئیبراهیم عارف**
**دادوەر تەها عمر رەشید**
**دادوەر ئیسماعیل عومەر ئەحمەد**
**دادوەر تۆفیق نامق**
**سلێمانی ٢٠١١/٤/٢١**

## پاشكۆی ژمارە ٥٣
## چوار بریارەكەی سەرۆكی هەرێم

# بریارە چوار خاڵیەكەی سەرۆكی هەرێم

كۆماری عێراق
هەرێمی كوردستان
سـەرۆك

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
الرئيـس

بريـــار
ژمارە ( ٢٣ ) ساڵی ٢٠١١

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان- عیراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو، بریارماندا بە:

یەكەم: ئەو كەسانەی كە لە دادگاكانی هەرێمی كوردستان بریاری دەستگیركردنیان بۆ دەرچووە ، و ئەوانەی كە بریاری سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان ژمارە ٤ ساڵی ٢٠١١ دەیانگرێتەوە لە رووداوەكانی مانگەكانی شوبات – ئایار پێویستە رادەستی دادگاكان بكرێت .

دووەم : هیچ لایەنێك یان كەسێك بۆی نیە داواكراوێك داڵدە بدات وە بەپێچەوانەوە بەرپرس دەبێت بەرامبەر یاسا .

سێیەم : پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران وە لایەنی پەیوەندیدار ئەم بریارە جێبەجێ بكات لە رۆژی دەرچونیەوە .

مسعود بـارزانـــی
سەرۆكی هەرێمـــی كوردستان

هەولێـــر
٢٠١١/٨/٢٧

---

كۆماری عێراق
هەرێمی كوردستان
سـەرۆك

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
الرئيـس

بريـــار
ژمارە ( ٢٢ ) ساڵی ٢٠١١

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان- عیراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو، بریارماندا بە:

یەكەم: نابی هیچ كەسێك لەدەرەوەی رێوشوێنە یاساییەكان بگیرێت وە دەبێ لەكاتی لێكۆڵینەوە پارێزەری هەبێت و كەس و كاری ئاگاداربكرێت لە گرتنی وە ئەو كەسەش كە تۆمەتی یاسایی دەدرێتە پاڵی دەبێت لە ماوەی ( ٢٤ ) كاتژمێر رادەستی دادگای تایبە ئەمەند بكرێت بۆ دیاریكردنی چارەنووسی .

دووەم : ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەری رادەسپێرین بۆ دەركردنی رێنمایەكی یاسایی بۆ جێبەجێكردنی خاڵی یەكەم .

دووەم : پێویستە لەسەر لایەنی پەیوەندیدار ئەم بریارە جێبەجێ بكات لە رۆژی دەرچونیەوە .

مسعود بـارزانـــی
سەرۆكی هەرێمـــی كوردستان

هەولێـــر
٢٠١١/٨/٢٧

---

كۆماری عێراق
هەرێمی كوردستان
سـەرۆك

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
الرئيـس

بريـــار
ژمارە ( ٢٥ ) ساڵی ٢٠١١

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان- عیراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو، بریارماندا بە:

یەكەم: بەردەوام بوون لە خەرجكردنی سلفەی دارایی حزبەكانی بەشداربووی پەرلەمانی كوردستان – عیراق ، سلفە داراییەكان بەو شێوەیەدەبێت كە ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان بریاری لەسەردابوو .

دووەم : پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان ئەم بریارە جێبەجێ بكات لە رۆژی دەرچونیەوە .

مسعود بـارزانـــی
سەرۆكی هەرێمـــی كوردستان

هەولێـــر
٢٠١١/٨/٢٧

---

كۆماری عێراق
هەرێمی كوردستان
سـەرۆك

جمهورية العراق
إقليم كوردستان
الرئيـس

بريـــار
ژمارە ( ٢٦ ) ساڵی ٢٠١١

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە بەپێی یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان- عیراق ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەمواركراو، بریارماندا بە:

یەكەم: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی كوردستان رادەسپێرین بە پێكهێنانی لیژنەیەك بۆ چارەسەركردنی رێكارە نایاساییە كارگێریەكان دەربارەی سزادراوە سیاسیەكانی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆن .

دووەم : پێویستە لیژنەی ناوبراو كۆتایی بەكارەكانی بهێنێت لە ماوەی سی (( ٣٠ )) رۆژدا لە مێژووی پێكهێنانی .

مسعود بـارزانـــی
سەرۆكی هەرێمـــی كوردستان

هەولێـــر
٢٠١١/٨/٢٧

## پاشکۆی ژمارە ٥٤
## چوار بڕیاری سەرۆکایەت ئەنجومەنی وەزیران

# چوار بڕیارەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم

